دیوانی

شێخ ڕەزای تاڵەبانی

دیوانی

شێخ ڕەزای تاڵەبانی

ساغکردنەوە و شەرحی

شوکور مستەفا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

شوكور مستەفا
دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی
كتێبی ئاراس ژمارە: ٩٩٩
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ:١٥٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٦٠٤ - ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: كارزان عەبدولحەمید . ئاراس ئەكرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: ناسح ساڵح
پیت لێدان: ڕۆشنا ڕەشاد
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل . فەرهاد ئەكبەری . ئومێد بەننا
ڕێنووسی یەكگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

پێڕست

پێش وتار ١١

بەشی کوردی ١٣

(١) ستایشی حاجی ئەسعەد ئاغا ١٥

(٢) عەشرەتی جاف ٢٠

(٣) دلبەری بێ وەفا ٢٥

(٤) بۆ مودیری قزڵجە ٢٨

(٥) بۆ مەستی ئەفەندی ٣١

(٦) هەجوی قازیی کۆیە ٣٣

(٧) هەجوی شێخ محەمەد عەلی... .... ٣٤

(٨) لە فیراقی قادری وەستا خدر ٣٥

(٩) دەردی حەبیب ٣٨

(١٠) ئێسترێکی ڕووت و قووت ٤٠

(١١) تەخمیسی شێخ ڕەزا لەسەر... .... ٤٢

(١٢) مودیری تەحریرات ٤٥

(١٣) ئەم دەغڵە ٤٦

(١٤) سەرگوزەشتەی خۆی و... .... ٤٧

(١٥) لە باسی باب و باپیری... .... ٥١

(١٦) کەش و فش کردنی بەگ ٥٣

(١٧) سەرو و نەی ٥٤

(١٨) ستایشی ئەحمەد پاشای... .... ٥٥

(١٩) ئازاییی عەشرەتی تاڵەبانی ٦٣

(٢٠) هەیتوێکی سنەیی ٦٥

(٢١) هەجوی کاکەیی ٦٧

(٢٢) کێر کە هەستا ٧٨

(٢٣) چووینە ئۆجاغ ٧٩

(٢٤) ستایشی شێخ ستار ٨٠

(٢٥) ئەگەر جارێکی تر بچمەوە... .... ٨٢

(٢٦) هەجوی شوکری ٨٤

(٢٧) من بە ئاشووبم ٨٥

(٢٨) ئالی بەبە ٨٦

(٢٩) شێخ عەلیی تاڵەبانی ٨٧

(٣٠) کچی حەسەن کەنۆش ٨٩

(٣١) ئەو سادەڕوخانە ٩٢

(٣٢) شین بۆ سەرداری ئاکۆ ٩٢

(٣٣) سولەیمانی کە دارولولکی... .... ٩٥

(٣٤) لە وەختی زەرفێن ٩٧

(٣٥) نینۆکی شێخ ڕەزا و... .... ٩٩

(٣٦) پاسی تازە ١٠٠

(٣٧) دڵبەرانی کۆیە ١٠١

(٣٨) هەجوی ماینە کوێت ١٠٤

(٣٩) هەجوی شێخ غەفووری مامی....... ١٠٥

(٤٠) هەجوی شوکری ١٠٧

(٤١) کەڵەشێری نەقیب ١٠٩

(٤٢) کاکە حاجی کوڕی... .... ١١٠

(٤٣) دەوڵەمەندی ساحێب پارە ١١٤

(٤٤) ماڵ مودیری ١١٥

(٤٥) سمایلی مەلا خالید ١١٦

(٤٦) هەجوی دەروێش ئەفەندی ١١٨

(٤٧) هەجوی حەمەی وەستا فەتاح ١١٩

(٤٨) عیللەتی قائیممەقام ١٢٠

(٤٩) هەجوی شوکری ١٢١

(٥٠) ئەهلی سنە ١٢٢

(٥١) شێخ هۆمەر ١٢٢
(٥٢) واقە واقی دڵ ١٢٣
(٥٣) بەغدا ١٢٤
(٥٤) ژنەکەی مەستی ئەفەندی ١٢٥
(٥٥) موسەممەت ١٢٦
(٥٦) کەڵەشێرێکی کرماشانی ١٢٧
(٥٧) ستایشی کاك ئەحمەدی شێخ ١٢٨
(٥٨) سوحبەتی شێخ ١٢٩
(٥٩) حەوشە ڕەش ١٣٠
(٦٠) شەڕی جەباری و داودە... .... ١٣١
(٦١) برازا عەزیزەکەم ١٣٥
(٦٢) ماینەکەی کوێخا عەلی ١٣٦
(٦٣) بۆچی ئەترسم ١٣٨
(٦٤) خادیمی سەججادە ١٣٩
(٦٥) ئێستری زیندوو یا مردوو؟ ١٣٩
(٦٦) تەخمیسی قەسیدەیەکی... .... ١٤٠
(٦٧ تا ١١٠) چوارینەکان ١٤٣
(١١ تا ٢٣١) تاکەکان ١٧١

بەشی فارسی ٢٢١
(١) والی زورا ٢٢٣
(٢) تل ٢٢٦
(٣) در مدح ناصر الدین شاه ٢٢٨
(٤) در مدح حمدی پاشای بابان ٢٣٠
(٥) در هجو شکری ٢٣٢
(٦) در هجو دختر مفتی بغداد ٢٣٥
(٧) کشتی گرفتن شیخ رضا با... .... ٢٣٧
(٨) مدح توفیق بك میر آلای ٢٤٠
(٩) روز رسیدن متصرِّف کمالی... .... ٢٤٢
(١٠) تعزیتنامه برای ذهنی... .... ٢٤٣
(١١) مخَمس بر شعر حافظ در... .... ٢٤٦
(١٢) در مدح أحمد پاشای بەبە ٢٤٨
(١٣) عجم ٢٤٩
(١٤) در مدح شاه نقشبند ٢٥٠
(١٥) در مدخ محمد بك قائممقام... .... ٢٥١
(١٦) برای أمین فیضی ٢٥٣
(١٧) در مدح بگ زادەء جاف ٢٥٣
(١٨) مخَس بر شعر حافظ... .... ٢٥٤
(١٩) در وقت که والی برای... .... ٢٥٧
(٢٠) مسیح ٢٦١
(٢١) در مدح أحمد ناظم بگ... .... ٢٦٢
(٢٢) در ستایش شیخ أمین... .... ٢٦٦
(٢٣) برای أمین فیضی ٢٦٨
(٢٤) عشق حضرت حسین ٢٧٠
(٢٥) در ستایش مرحوم... .... ٢٧٢
(٢٦) در ستایش پیرگیلانی ٢٧٣
(٢٧) در هجو حافظ افندی ٢٧٤
(٢٨) در وقت صلح در بین... .... ٢٧٥
(٢٩) سپاسنامەء ناظم بگ... .... ٢٧٧
(٣٠) در سپاس فرستادن تماکو ٢٧٩
(٣١) در تفسیر معنی بیت... .... ٢٨٠
(٣٢) در وقت شطرنج بازی ٢٨٤
(٣٣) تخمیس غزل مسیح ٢٨٥
(٣٤) در مدح حضرت غوث ٢٨٨
(٣٥) آل علی ٢٩٠
(٣٦) در هجو حاجی مصطفی ٢٩٢
(٣٧) خادم سجاده ٢٩٥

(٣٨) در ستایش ناظم بگ وشکرانه ٢٩٧
(٣٩) در شکایت از زمانه... ....٣٠٠
(٤٠) لشکرنامه ای بجناب... ....٣٠٣
(٤١) تخمیس غزل حافظ ٣٠٨
(٤٢) در تاریخ تعمیر جامع... ....٣١٠
(٤٣) در ستایش مرحوم احمد... ....٣١١
(٤٤) احمد مختار ٣١٥
(٤٥) بریفکان ٣١٦
(٤٦) در مدح محمد بگ جاف ٣١٩
(٤٧) در این دیدار (رضا) را ٣٢٢
(٤٨) در مدح غوث گیلانی ٣٢٣
(٤٩) شیخ ٣٢٥
(٥٠) در مدح نقیب الاشراف ٣٢٦
(٥١) شیخین وشیر لا فتی ٣٢٩
(٥٢) در مدح عبدالله پاشای... ....٣٣٠
(٥٣) صدر اعظم ٣٣٣
(٥٤) قدّ موزون ٣٣٦
(٥٥) کب بود یارب ٣٣٨
(٥٦) برای امین فیضی ٣٣٩
(٥٧) در مدح ناظم بگ ٣٤٠
(٥٨) در ستایش مغفور ... .٣٤٤
(٥٩) برای یونس خان بانه ٣٤٩
(٦٠) امیر المؤمنین ٣٥٠
(٦١) باب همایون ٣٥١
(٦٢) در ستایش تحسین پاشا ٣٥٢
(٦٣) در مدح سلطان عبدالعزیز... ....٣٥٥
(٦٤) برای خودش ٣٥٩
(٦٥) شیخ حسام الدین طویله ٣٦٠
(٦٦) در ستایش حفیدان... ....٣٦٦
(٦٧) برای امین فیضی ٣٦٩
(٦٨) مناجات از درگاه قاضی... ....٣٧٠
(٦٩) در مدح کمالی پاشا ٣٧١
(٧٠) در تاریخ وفات شاکر افندی ٣٧٢
(٧١) غوث ثانی ٣٧٣
(٧٢) جنگ طالبانی وزنگنه پاشا... ......٣٧٤
(٧٣) جنگ کردن زنگنه وهموند... ....٣٨١
(٧٤) ترجیع بند در نعت سرور... ....٣٨٦

مقطعات

مقطعات ٣٩٦
(٧٥) دو شیر مرد ٣٩٦
(٧٦) نقیب غوث ٣٩٦
(٧٧) سجّاد ٣٩٧
(٧٨) سیِّد برزنجه ٣٩٨
(٧٩) ابن ملجم ٣٩٨
(٨٠) ابو جمیل ٣٩٩
(٨١) تشطیر شعری از حافظ در... ....٤٠٠
(٨٢) عزم سفر ٤٠٠
(٨٣) کیر ٤٠١
(٨٤) بلباس و خوشناو ٤٠٢
(٨٥) دروغ ٤٠٣
(٨٦) غوث الثقلین ٤٠٣
(٨٧) ابن مفتی بغداد ٤٠٤
(٨٨) این قحبه نه مریم است ٤٠٥
(٨٩) به وجود تو بنازد ٤٠٥
(٩٠) گر بلرزد به چه ارزد ٤٠٦
(٩١) رشید پور عمم ٤٠٧
(٩٢) دفتردار ٤٠٨

(٩٣) قائممقام شهر گلعنبر ٤٠٨
(٩٤) خر نر ٤٠٩
(٩٥) شكم ٤١٠
(٩٦) ميل پهلوانان ٤١٠
(٩٧) وحدك لا شريك لك ٤١١
(٩٨) سگ اصحاب كهف ٤١١
(٩٩) اصطبل خرابات شده ٤١٢
(١٠٠) اژدها برگشته ٤١٣
(١٠١) شاه رسالت ٤١٤
(١٠٢) عبد الغني البغدادي ٤١٤
(١٠٣) شيخ على طويله وشيخ عمر... ....٤١٥
(١٠٤) مطلب همه شاه و قلندر ٤١٦
(١٠٥) قحط الرجال ٤١٧
(١٠٦) ملا رسول ٤١٨
(١٠٧) به سر استرمنش ٤١٨
(١٠٨) حلاَّل مشكل ٤١٩
(١٠٩) خاندان قادرى ٤٢٠
(١١٠) سر زلف وجيم ٤٢٠
(١١١) سافل را عالى مى كند ٤٢١
مفردات ٤٢٣
(١١٢) ايوان كسرى ٤٢٣
(١١٣) سلمان پاك ٤٢٤
(١١٤) مستى ٤٢٤
(١١٥) خر عيسى ٤٢٥
(١١٦) پير مغان ٤٢٦
(١١٧) جنَّة الفردوس ٤٢٦
(١١٨) كون حاجى مصطفى ٤٢٧
(١١٩) بابى سگباب ٤٢٧
(١٢٠) زهاوى زاده ٤٢٧
(١٢١) ترك تدبير ٤٢٨
(١٢٢) تواضع ٤٢٨
(١٢٣) سادات ٤٢٩
(١٢٤) محمد بگ جاف ٤٢٩
(١٢٥) امين فيضى ٤٣٠
(١٢٦) كركوك و بغداد ٤٣١
(١٢٧) نظام العلماء ٤٣١
(١٢٨) صداى ناقوس ٤٣٢
(١٢٩) صدر شان پشت است ٤٣٢
(١٣٠) چرخ ٤٣٣
(١٣١) چوب خشك ٤٣٣
(١٣٢) خليفهء خر ٤٣٤
(١٣٣) حشمت سلطان محمود ٤٣٥
(١٣٤) شيخ على ٤٣٥
(١٣٥) مؤذن بچه ٤٣٦
(١٣٦) كون مخروط ٤٣٧
(١٣٧) صاحب تاريخ ٤٣٧
(١٣٨) قاب قوسين ٤٣٨
(١٣٩) ناپاك ٤٣٨
(١٤٠) بازوى پيل ٤٣٩
(١٤١) رفيقان نديم ٤٣٩
(١٤٢) مقابل به شعر كيفى ٤٤٠
(١٤٣) جواب كيفى مقابل به شيخ ٤٤١
(١٤٤) الامام الاعظم ٤٤١
(١٤٥) بز هندستانى ٤٤٢
(١٤٦) كردم به قاآنى ٤٤٢
(١٤٧) چشم ما ٤٤٣

(١٤٨) كير ما ٤٤٣
(١٤٩) كون موين ٤٤٤
(١٥٠) ممتاز ٤٤٤
(١٥١) بضاعتى ٤٤٥
(١٥٢) هر جا شكرى ٤٤٥
به شى توركى ٤٤٧
(١) موصل واليسى حقنده ٤٤٩
(٢) قولجى ٤٥٠
(٣) كركوك نائبى ٤٥١
(٤) رشوت ٤٥٥
(٥) عزَّت ٤٥٧
(٦) جميل زاده ٤٥٨
(٧) بابان زاده مجيد پاشا حقنده ٤٦٠
(٨) سلطان عبد الحميد ٤٦٤
(٩) آل جميل ٤٦٦
(١٠) سجاده تأريخى ٤٦٨
(١١) پيغمبر ٤٦٩
(١٢) سر عسكرى مختار بگه ٤٧٠
(١٣) مفلسك عطسه سنه ٤٧٢
(١٤) باقه لم كيم ضرر ايلر ٤٧٣
(١٥) بهرام پاشانك هجويه سى ٤٧٤
(١٦) باغده مى يوقسه داغده در ٤٧٧
(١٧) حمزه پاشا ٤٧٩
(١٨) باش قوماندان ٤٨٠
(١٩) حضرت گيلانى حقنده ٤٨١
(٢٠) نقشبنديلر ٤٨٢
(٢١) أربيللى كوچك ملا حقنده ٤٨٤
(٢٢) يوزدخى ٤٩٠
(٢٣) قوماندان فلاطون تدبير ٤٩١
(٢٤) توفيق بگ مير لوا ٤٩٢
(٢٥) أهل عراق ٤٩٤
(٢٦) سلطان عبد الحميد... ....٤٩٥
(٢٧) حمزه پاشا ٥٠٠
(٢٨) در مدح عبداللّه پاشا ٥٠٢
(٢٩) مدحة ٥٠٦
(٣٠) أهل توحيد ٥٠٧
(٣١) حمزة پاشا هجوى ٥٠٩
(٣٢) طريق چمچمال ٥١٠
(٣٣) طبيب عزت بگ ٥١١
(٣٤) خرم او دم ٥١٢
(٣٥) كنز راز ٥١٥
(٣٦) نعيم ٥١٦
(٣٧) إحدى الرَّاحتين ٥١٧
(٣٨) بولهدى ٥١٨
(٣٩) پاچەچى إبراهيم منيب ٥١٩
(٤٠) پير مغان ٥٢٠
(٤١) صاچمه سپانى ٥٢١
(٤٢) بغداد ٥٢٢
(٤٣) بغداد حمامى ٥٢٣
(٤٤) شكايتنامه ٥٢٤
(٤٥) در مدح مهدى چلبى ٥٢٦
(٤٦) رائف پاشا ٥٢٨
(٤٧) چايچى كل وزير ٥٢٩
(٤٨) حازم بگ ٥٣١
(٤٩) يوسف پاشا ٥٣٣
(٥٠) حاجى حبيب ٥٣٥

(٥١) سجّادەء شریفە ٥٣٦
(٥٢) جوهرلی تأریخ ٥٣٧
(٥٣) سالکان قادری ٥٣٨
(٥٤) دفتردارك هجوی ٥٤٠
(٥٥ تا ٧٢) دوردلوكلر ٥٤٦
(٧٣ تا ٩٩) بیرلیكلر ٥٥٩
پاشکۆیەکی چکۆلە ٥٧٤

پێشوتار

شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەپێی چامەیەك کە لەمەڕ بنەچەکە و ڕەگەمای خۆی و بنەماڵەی خۆی فەرموویە، کوڕی شێخ عەبدوڕەحمان کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ مەحموودی زەنگنەیە. هێندێك دەڵێن، خانوادەکە، بەڕەچەڵەك دەچنەوە سەر کاکە سووری کوڕانی شێخ مووسا و شێخ عیسا و لە هۆزی زەنگنە نین واتە شێخ مەحموود بەڕەچەڵەك لە نەوەی کاکە سوورییە و باوی نێوی یووسف ئاغایە و خزمایەتییان لە کیژی میر سمایل بەگەوە سەری هەڵداوە و شێخ مەحموود لە ساڵی ١١٣٠ك. دا لە قەراخ، چاوی بەدنیای ڕوون هەڵێناوە.. بەڵام ئەم قسانە سەرلەبەر، بەشایەتیی شێخ ڕەزا خۆی، بەڕای بەندە دەپووچێتەوە و بنەماڵەکە خۆیان بەزەنگنە دەزانن. لە تەزکەرەی ئەعلادا کە بەبڕوای بەندە کۆنترین دەساوێزی ئەهلی هەقە. باسی سەیدایەتیی بابانەکان لە حەسەن بەگەوە دەکا و لەوێشدا، شێخ مووسا و شێخ عیسا هاتوونە ناو ناوانەوە. ئەمن کارم بەسەر ئەوەوە نییە، کە شێخ مووسا و شێخ عیسا بەچەند پشت دەچنەوە سەر بابا تایەری هەمەدانی، بابان، یا کاکییەکان یا هەر تیرەیەکی دیکە سەیدن یا سەید نین، وەلێ هەرگیز لەوەدا دوودڵ نیم، کە سەرلەبەری کوردی ئەم بەر و ئەو بەری چۆمی سیروان، لە سەرچاوەوە بگرە تا دەگاتە خوارێ، بەپێی ئەو نەخشەیەی ″ئیڤان″ دایناوە، تێکڕای ئەهلی هەق بوون و کاکەییەکانی ئەمڕۆ پاشماوەی ئەوانن. بەندە بەپێویستی نازانم لەمەڕ بۆچی بوون بەئەهلی هەق، درێژە بەقسان بدەم؛ ئەمە جێی خۆی هەیە..

شێخ ڕەزا لە ساڵی ١٨٣٦-١٨٣٧ز. دا، لە گوندی ″قرخ″ی سەر بە بازیان لە دایك بووە. شیعری شێخ ڕەزا، ئەوەی ماون و لە چاپ دراون بێ گومان هەڵەیان تێ کەوتووە و ڕەنگە زۆریشی لێ لە ناوچووبن. هۆی ئەمەش زۆر و جۆراوجۆرە. بەش بەحاڵی هەڵە، نەمازا، شیعرە کوردییەکانی، نەخوێندەواری و دەسکاریی بەئەنقەست، دەوری زۆریان گێڕاوە. بەداخەوە، شێخ ڕەزا، تا ئەوڕۆش لە نێو خەڵکدا، وەك بێژی، تەنها وەك شاعیرێکی فڕاوێژ و جنێوفرۆش لە قەڵەم دراوە..

ئەمەش کەم سەلیقەیی و کەم زانی و لە بابەتی دیکەی شێخ ڕەزا بێ سەرەودەرییە، دەنا شێخ ڕەزا، لە سەرلەبەری بابەتەکانی شیعردا، سوارچاکە و بەشایەتیی لە شیعرزان و پسپۆڕان شاعیری چاکە و چ گومان لەوەدا نییە...

ئەمن لەم کارەمدا، بۆ ساغکردنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا، واتە ئەو شیعرانەی کە لە چاپ دراون، یا لە بەیازێك، لە کەشکۆڵێکدا نووسراون، پشتم بە لە خۆم شارەزاتر و لێزانتر، حەکایەتهایەك، کە دەماودەم، لە دۆست و دوژمنانی شێخ ڕەزاوە دەگێڕدرێنەوە، بەشێوەی نووسین، بەکێشی عەرووز و قافیە و هتد... بەستووە. ئەوەندیم سەر لێ دەرچووە، خۆمم پێوە ماندوو کردووە، هیوادارم کارەکەم شتێکی نوێی تێدا بەر چاوی لە خۆم خوێندەوارتر بکەوێ، ئەگەر پێکابێتم، دوعای خێرم بۆ بکەن، ئەگەرنا، خوێندەواران با بفەرموون، هەڵەکانم ڕاست کەنەوە. زۆر سپاسی کاك محەمەد عەلی قەراخی دەکەم. زۆری بەیاز و دەستنووسی بۆ فەراهەم کردم.

شوکور مستەفا

بەشی کوردی

(١) ئەلف

ستایشی حاجی ئەسعەد ئاغا*

تۆ کەم نەزەری دەرحەقی من ئێستەکە ئاغا
من ماوە هەوای سوحبەتی تۆم هەر لە دەماغا
تا ڕۆژی قیامەت بە خودا زیندووە نامرێ
بابێ کە بمێنێ کوڕی وەك تۆی لە وەجاغا
بۆ تووتنەکەی بێشەمەیی (شاور) و (شێتنە)[١]
شێت بووم و نەهات وەختە دڵم دەرچێ لە داغا[٢]
جاران چ بە جاغ و چ بە بار بۆت دەهەناردم
نانێری ئەمێستا نە بار و نە بە جاغا[٣]
ڕێی نەوتەکە باجگیری ئەگەر زۆرە دەفەرمووی
ڕێی خاسە بە شەو خاڵییە با بێ بە بلاغا
نەمزانی فەلەك گۆیەنی هەر بۆمنە یاخۆ
سەد دەستی وەکو دەستی منی کردووە بە زاغا
یا ڕەب گوزەران کا بە سەفا وەختی عەزیزت
پەیوەستە لە دەوری چەمەن و گەردشی باغا
بۆ چوونە تەوافی حەرەمی شاهیدی مەقصوود[٤]
عالەم هەموو مەئزوونە (ڕەزا) هەر لە یەساغا

....

(١) بێشەمەو: (ت ، م)، بێشەمەیی: (م . م) بێشمەو (هـ . ق) بەواوی عەتف بێ وادەگەیێنێ بێشەمە و شاور و شێتنە هەرسێکیان سێ جۆرە تووتن بن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە، بێشەمە، جۆری تووتنەکەیە و شاور و شێتنە دوو شوێنن کە بێشەمەیان لێ دەچێندرێ، بۆیە دەبێ ئیزافە بکرێتە باڵ (شاور و شێتنە).

(٢) دەچێ:(ت . م)، ڕەش بێ: (خ).

(٣) بەجاغا: (ت . م)، لە جاخا: (خ).

(٤) مامۆستا خاڵ سەرواکانی بە (خ) نووسیون، ڕاستییەکەی دەبێ (غ)بن. بەقەرینەی

(ئـاغـا)، كـورد نـاڵـێ (ئـاخـا) لـه چـه‌ند بـه‌یـازمدا بـه (غ) دیوه و بـه (خ) زمـانزه‌دی نه‌خوێنده‌وارانه.

(*) كێش: هـه‌زه‌ج موسه‌ممه‌ن ئه‌خره‌ب مه‌كفووف مه‌حزووف

(مفعول مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)

وه‌ك "دردی كه مرا هست به مرهم نفروشم

ور عافیتش صرفه دهی هم نفروشم"

كه‌م نه‌زه‌ر (ع . النظر): كه‌م لوتف، كه‌م چاودێری، كه‌م مشوورخۆری. ئامێته‌یه‌كی وه‌سفـیـیـه. سیفـه‌ت پێش مـه‌وسووف كـه‌وتـووه، كـه ده‌كـاتـه "النَّعت السَّببی"یـا" صفة جاریة لغیر من هي له" ده‌رحه‌ق: (ف . در)، (ع . الحق): ده‌رهـه‌ق، له‌باره، له هـه‌ق (مقابل). ئێسته‌كه (ك): ئێستاكه، نها، نهۆ، وێستاكه. هـه‌نووكه، نووكه، ڤێ گاڤێ... ئاغا (ف . آغا): خاتوون، بیبی، بیگم، خانم، ژن، حه‌ره‌م. ئه‌مه ناوێكه، كه له نوای یا له دوای نێوانه‌وه دێ و بـه‌نۆكه‌ری حه‌ره‌مسه‌را ده‌گوترا. بـه‌زۆری ده‌شخه‌سێندران وه‌ك "حه‌ره‌م آغاسی" و "ایشیك آغاسی" بـه‌توركی و "مبارك آغا" و "آغا الماس" و ئی دیكه بـه‌فـارسی... بـه‌ڵام بـه‌كوردی بـه‌مـانـای "آقـا"ی فـارسی ده‌كـارده‌بـرێ، واتـه گـه‌وره و سه‌روه‌ر و هـتـد... بـه‌فـارسی هـه‌ر "آغـا"یـه‌كـه بـوو، بـه‌ڵام بـۆ لـه مـانـایـه‌كـه‌ی دیكـه هـاوێركردنی، به "آقا"ی ده‌نووسین و به "آغا"ی ده‌ڵێن: چونكه (ق) ده‌كه‌نه (غ) و (غ) ده‌كه‌نه (ق). غه‌یری فارس عاره‌بی جبوور و ئی شوێنی دیكه‌ش هـه‌ر وا ده‌كه‌ن... سه‌روا "قافیه"ی ئه‌م چامه‌یه (غ)ه. جا هـه‌ر بۆیه "ده‌ماغ" و "وجاغ" و "داغ" هتد... هـه‌مووی هـه‌ر (غ)ه، نه‌ك یه‌كێكیان (خ) و یه‌كێكیان (غ)؛ چونكه ئه‌گه‌ر بگوترێ، هـه‌ر وه‌كو گوتراوه، "وه‌جاخ"، "ده‌ماخ"، "داخ" له‌گه‌ڵ (ئاغا)دا رێك ناكه‌ون، بـه‌ڵام ئی وه‌ك شێخ ڕه‌زای "شاعـیـری چـاك" هـه‌ڵـه‌ی وا نـاكـا... بـه‌هـه‌شتـی شێخ مـحـه‌مـه‌دی خـاڵ. هـه‌مووی كردوون بـه (خ)، كه گۆیا ئه‌لفبێتكه‌ی كوردی (غ)ی تێدا نییه... هـه‌وا (ع. الـهـوی): مـه‌یـل ئـاره‌زوو، خـۆشه‌ویستـی و ئـیـدی.. سوحـبـه‌ت (ع. الـصُّحـبـة): هـاوده‌میكردن، تێكه‌ڵی، ئاخاوتن، گاڵته‌كردن و ئیدی .. ده‌ماغ (ع. الدِّماغ): لووت، كه‌پوو، كونه كه‌پوو، برناخ. شێخ ڕه‌زا یا له وه‌ڵامی حاجی ئه‌سعه‌د ئاغادا، وه‌ك بیستوومه، گله‌یی لێ كردووه، ده‌ڵێ: "تۆ كه‌م نه‌زه‌ری، بێ لوتفی.. یا ڕه‌زا بۆ خۆی گازن له حاجی ده‌كا، ده‌ڵێ: "ئاغا جاران ده‌رهـه‌قم زۆر به‌لوتف بووی، كه‌چی ئێستا وا نیت، به‌ڵام من مه‌یل و ئاڵهای هاوده‌می و ئاشنایه‌تیی تۆم هـه‌ر له ده‌ماغدا ماوه...

وشەی دەماغ (دەماخ) لە کوردیدا بەمانای دیکەش هاتووە: دەڵێن: فڵانە کەس زۆر بەدەماغە، واتە: زۆر کەیفسازە، یا زۆر لووت بەرزە، یا دەماغی هەڵپێکاوە، دەمامکی کردووە و هتد... وەجاغ (ت. اوجاق): کوانوو، ئاگردان، دوودمان، خانەدان، بنەماڵە (بەکوردیش و بەفارسی)ش بنەماڵەی نامیٚ و بەناووبانگ. قیامەت (ع. القیامة) هەڵستانەوە، لە پاش مەرگ زیندووبوونەوە. مانەوەی کوڕ لە وەجاغدا، وەجاغ ڕوونی، منداڵ مانەوەی مەبەستە. ئەگەر کورد کوڕی هەبیٚ، دەڵێن: وجاغی ڕۆشنە، ڕوونە... ئەوەی هەر کچی هەبیٚ، یا هەر هیچی نەبیٚ، وەجاخ (وجاغ) کوێری پیٚ دەگوتریٚ. مەبەستی پەستیی حاجییە و دەڵیٚ بابی حاجی دەبیٚ شانازی بەحاجییەوە بکا، کە فرزەندی وەکی وی هەیە... عارەب دەڵێن: "لا تقل اصلی وفصلی ابدا/ إنما اصل الفتی ما قد حصل" و "الولد علی سر ابیە" و هتد... بێشەمە (ك): بێشەما، تووتنی بۆندار، جۆرە تووتنێکی تایبەت. شێتنە و شاور: هەرتك نێوی دوو شوێنن، تووتنی چاك و بۆنداریان لیٚ دەچێندریٚ، ڕەزا گلەیی لە حاجی دەکا، وەکو جاران لوتفی دەگەڵدا نییە و تووتنی بێشەمەی بۆنداری شاور و شێتنەی بۆ نانێریٚ و هەر وەختە شێت بیٚ و دڵی لە داخان دەرچیٚ. جاخ (ك): دەسکیٚ لە گەڵا تووتن، توورەکە، یا کیسکەی تووتن، کە جگەرەکێش دەگەڵ خۆیدا هەڵی دەگریٚ و بەبەری پشتێندیدای دەکا، هێندیٚ جار بە "بەرماغ"، هێندیٚ جار بە "سیغار"ی بافرەی دەکێشیٚ. شێخ ڕەزا لە وشەی "جاخ"دا دەسکە گەڵا و توورەکەشی مەبەست بووە، واتە: دوو نیشانی بەتیریٚ ئەنگاوتووە. ئەمێستا: ئێستا. لە ئەم و ئێستا هاتۆتە گۆڕیٚ. بۆ زێدە پیٚ لەسەرداگرتنە. وشەی "بە" بۆ زەرفییەت و بۆپێناویش دیٚ. واتە: بەهۆی جاخ و بارەوە، کە نیاز لە "جاخ" و "بار" دەفر نەبیٚ، یا لە نێو جاخ و باردا، کە نیاز دەفر بیٚ. لە حاڵەتی زەرفییەتدا کە "بە" بەمانای "لە"بیٚ، وەك: پارەکەت بەپیرۆتدا بۆ دەنێرم، واتە دەگەڵ پیرۆتدا.. یا ئەگەر "دەگەڵ" بیٚ "ا" و "دا" دێنە پێش دەفرەکە و ئاوەڵەوە، بەڵام ئەگەر بەمانا "بەهۆ" یا "عەیارە" بیٚ، هەنگین "ا" و "دا"ی ناویٚ. بار: ئەوەی لەسەر پشتی وڵاخ دەئێخریٚ. بەبارست، زۆر. شێخ ڕەزا لە دەکاربردنی کاری "دەهەناردم"دا یا کێشی شیعرەکە ناچاری کردووە بێژیٚ "دەهەناردم"، یا ویستوویە لاسایی خەڵکی ناوچەی "ئاکۆیان" بکاتەوە؟.. بەدووری نازانم ئی یەکەمیان ڕەنگە پتر بەئەقڵەوە بچیٚ. دیارە شێخ ڕەزا گلەیی لە حاجی دەکا و دەڵیٚ جاران بەتوورەکە و بار، یا بەدەسکە گەڵاو بە بارست تووتنی بێشەمای شاور و شێتنەت بۆ دەناردم،

بەڵام ئێستا بۆم نانێری. باجگیر (ف. ك. باج، باژ، پاژ): وشەی باج، پارسی (فارسی)ی کۆنە و بەماڵ و سامانێ دەگوترا کە پادشایان لە ژێردەستانی خۆیانیان وەردەگرت. گومرگ، پیتاك، خەرج، ئەو پارەیەی کە پیاوی میری بەباج لە خەڵکی دەستێنێ. ″باجگیر″، ڕشتی فارسییە. بەکوردی ″باجگر″ە، واتە: باج ئەستێن. ڕێی نەوتەکە: ئەو ڕێگایەی کاروانی بەری کۆیە و شوان و ″شێخ بزەینی″ «شێخ بزنی» و ئەولاتریشی پێدا بۆ کەرکووك دەهاتن. بۆ خۆم لە بیرمە جارێکیان لە ٤٢دا، چوومە کن خاڵە سابیرم، لە کەڵوڕی ماڵە سەید ئەحمەدی خانەقا، سەپان بوو، شەوێ دەگەڵ کارواندا بەوێدا بۆ کەرکووك وەگەڕام، هەر لە قات قاتەکان ئاودیو دەبی، چراخان و مەشخەڵانی باوەگڕگڕ دنیا دەکا بەڕۆژی نیوەڕۆیێ.. ڕێی خاسە: خاسە (ع. الخاصّة): بەمانای مڵکی دەوڵەتە. لە دەستاوێز و بەڵگەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بە ″خاصّە تیماری″ هاتووە. ″تیمار″ بەو زەویوزارە دەگوترا، کە سوڵتان بەمیر و بەگلەکانی دەبەخشی و دەیەکی داهاتیان بەدەوڵەت دەدا، بەمەرجێ، هەر کاتێکی دەوڵەت داوای لێ کردن لە تاڵان و بڕۆیەکانیدا هاوبەشی بکەن. ئەمن بەبیرم دێ. بەری ڕۆژهەڵاتی ″خاسە″ سەرلەبەر ″خاصّە تیماری″ی پێ دەگوترا، بێ گومان ڕێگای کومپانیا لە هاتوچۆ پاوان کرابوو و کاروان دەبوا، بەتایبەت بارە تووتن و شمەکی دیکە، باجی لەسەر دابا، ئەو سەردەمە ″عەلوە″ نەبوو، خەڵك شمەك بۆ ″عەلوە″ بێنێ و باجی خۆی بدا. باجگر (تحصیلدار) و جامباز بەپیریی کاروانییانەوە دەچوون، پێش وەی بگەنە شار، باجیان لێ دەستاندن. باج لە زۆر شتان وەردەگیرا، تەنانەت لە هێلکە و مریشکیش، لە بارە کا و دار و دەوەن و پەڵۆشەش وەردەگیرا، چ جای گەنم و جۆ و تووتن و خوری و ڕۆن و سپیایی و ئی دیکە... هێندێ کاو، باجگر و جامبازی جلخواری کەرکووك فێڵیان لە کاروانیی کوردی هەناسە سارد دەکرد، باجیان بێ قۆچان لێ وەردەگرت. زۆر جار جامباز خۆی لە کاروانی دەکرد بەباجگر، هێندێ جاریش باجگر خۆی لێ دەکرد بەجامباز، چوزانم ئیدی هەر گەلەکۆمە بوو و لە کوردی بەستەزمان دەکرا. شێخ ڕەزا دەفەرموێ: بەڕێی خاسەدا وەرە، واتە: بەبەری ئەم بەردا وەرە، با باجگر و ماجگر نەتگرن، کەم ڕێیان دەکەوێتە ئەوێ، خاڵییە، بەبڵاغدا بێ. بڵاغ (ت. بولاق): کانییەکە لەم بەری ڕۆژهەڵاتی کەرکووك، واتە: بەری تەکیە و ئاخوڕ حوسێن ″أخي حسين″ هەڵکەوتووە. کانیاوێکە لە بن کەنیشتی عیسەوییانی کلدانی کەرکووك، شوورەدرابوو، موسڵمانان دەستنوێژیان تێدا دەگرت،

وسڵیان دەکرد... گەڕەکێك بەلای خوارێدا هەیە، بەنێوی "بلاغ"ەوە نێونراوە. دیارە "سابلاغ" (ساوجبلاغ ـ صغوق بولاق)یش، کەواتە: کانیی سارد، هەر لەوەڕا هاتووە. گوندێکیش لە ناوچەی قەرە حەسەن هەیە بەنێوی "خدر بلاغ"ەوە لە نێوان لەیلان و باداوادا بوو، ئەو ناوە سەرلەبەر ئەنفال کراون و کەسی تێدا نەماوە... پێش ئەنفال کران، خەڵکەکەی بلاوەیان لێ کرد، هاتنە باداوا، بیستمەوە یەکێ لە تاڵەبانییەکانی باداوا، شێخ نەجمەدین ناوێ پەنای لەوێ دان و حەوانەوە... سەگیان زۆر بوو، دەگەڵیان نەهاتن. دوای چەنانێك، لە برسان هەموویان تۆپین... فەلەك (ع. الفلك): هەر یەك لە بەشەکانی (حەوتەوانە، یا نۆیەوانە)ی ئاسمان، کە خولگەیەکی گەردوونە، ستێرناسانی کەونارا بڕوایان وابوو، لە پێنحەمیانە. بەکوردی، "گەردوون"ە... کورد هەرکە تووڕە دەبێ بەر تووك و نزای دەدەن، پێیان وایە ئەو هەموو مەینەتی و دەردی سەریی دنیایە هەموو لە بن سەری گەردوونی چەپگەڕدایە... لە شیعری فارسی و کوردی و تورکی و عەرەبیدا نێوی زۆر بەگلی و گازن لێکرانەوە هاتووە... فەلەك زەدە و مەفلووك، واتە: بەرشەقی زەمانە کەوتگ... گۆبەند (ك): بۆ بەزمی شایی خڕبوونەوە. ڕستەی گۆی خشڵ، گۆڵمەز، گەڕ، لەوان بابەتن. "گۆڤەند"ی زاری کرمانجی تەنێ بەمانای شادی "شایی" دەکاردەبرێ. کورد بەمانای هەرا و گەڕ و گۆڵمەز و چەرمەسەرێی دەکاردەبەن. "کاورا" گۆبەنی نایەوە، بشێوی، هەرای نایەوە، بەزمی نایەوە... "(ف. ك): یا، یان. زاغ (ف. زاگ): عارەب کردوویە بە "زاج" کەسك و سپی و ڕەش و شینی هەن. بۆ قایمکردنی شتی لەق و شل و شەوێق دەکار دەبرێ. بۆ دەرمان و هەتوانی برینان بەکاردێ. کورد دەڵێ: "زاخاوی مێشکی دا، کینایەتە لە خۆشگوزەراندن، تیژکردنەوە، خەنجەر تیژکردنەوە... "دەستی بەزاخا کردم" فریوی دام، گەزەندی گەیاندمێ... شێخ ڕەزا، لە فەلەك تووڕەیە و زۆر جاری دەست بەزاخدا کردووە، نامرادی کردووە. گەردش (ف. گردش): گەشت و گەڕان. سەفا (الصَّفاء): ژیان و گوزەرانی بێ خەوش و مەینەتی، ڕەنگە سەفا و مەرواشی مەبەست بێ. پەیوەستە (ف. پیوستە): هەمیشە. بێ ناوبڕ. تەواف (ع. الطَّواف): بەدەوری کابەدا خولانەوە، زیارەت. شاهید (الشَّاهد): یار. مەقسوود (ع. المقصود): مەبەست. یەساغ (ت. یساق): قانوون. شتێکی بێ فەرمانی میری لە کردن نەهاتگ وا دیارە شێخ ڕەزا لە دیدەنیی حاجی ئاغا بەرەوبڕیی لێ کراوە.

(٢) ئەلف

عەشرەتی جاف

در وصف عثمان بەگ جاف*

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا[١]
مـێرووڵـە نـەچـێ چـاکـە بـە گـژ قـوڵـڵـەیـی قـافـا
کـێ بـێ لـە دڵـێرانـی عـەشایـر کـە نـەچـووبـێ[٢]
وەك تیری ئەجەل نووکە ڕمی جافی بە نافا[٣]
خـوێـنـرێژ و شەڕەنگێز و عـەدوبـەنـد و تـەنومـەند
کـامـی کـە گـەنـە شێرە لـە مـەیدانـی مـەسافـا[٤]
چونکی ڕەسەنن ورد و درشتیان هەموو جەنگین[٥]
مەی سارییە نەشئەی چ لە دوردا چ لە سافا[٦]
وا بـێ غـەم و پـەروا دەچـنـە عـەرسەیـی هـەیـجـا
تـۆ نـاچـیـیـە سەر دۆشەکـی بـووکـێ لـە زەفـافـا
(یـأتـون الـی الأمـر صغـاراً وکـبـاراً[٧]
یسعـون الـی الـحـرب ثـقـالاً وخـفـافـا)
وەسمـان بـەگـیـان ئـامیرە، وەختـێ کە بڵـێ دەی!
دێنـە جـەوەلان هـەروەکـو حـاجـی لـە تـەوافـا
خـواهـم زخـدا آنـکـه شود دشمـن جـاهت[٨]
کـۆتـی لـە دەسا، دەس لـە مـلا، مـل لـە تـەنـافـا
لـوتـفـێ بـکـە بـا (شێخ ڕەزا) بـێتـەوە گوفـتـار[٩]
حـەیـفـە بـڕزێ تـیـغـی مـوجـەوهـەر لـە غـیـلافـا

....

(١) خزمینە: (ت، م)، خەڵقینە: (خ).

(٢) عەشاییر: (ت، م)، زەمانە: (خ).

(٣) ئەجەل: (ت، م)، قەزا: (خ).

(٤) کامی کە گەنە: (م. م)، گەندیان هەموو وەك: (خ)، کامیان کە گەنە: (ت)، کامیان کە گەنن: (م).

(٥) چونکی ڕەسەنن: (م. م)، چونکە بەڕەسەن: (خ). چونکە ڕەسەنن: (ت، م).

(٦) دڵ دا: (ت، م)، دوردا: (خ).

(٧) یأتون: (خ)، یبغون: (ت، م)، یصغون: (م، م).

(٨) بکە (رچا) (ت، م).

(٩) لوتفیێ: (ت، م)، ڕەحمیێ: (خ).

(*) کێش: هەزەج موسەممەن ئەخرەب مکفووف مەحزووف

(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)

وەك: "هەرگز نبود سرو بەبالا کە تو داری

یا مە بە صفای رخ زیبا کە تو داریێ"

خزمینە، خزم (ك.): قەوم، هاوخوێن. ئەم وشەیە ئی وەکو کوڕینە و هەتیوینە و کچەتیمینە و خەڵکینە و هتد... بەکوردی زۆر بەکاردێن .. بۆ خۆی لە ئیعرابدا، "منادی"یە، واتە: هۆ خزمینە، ئەی خزمینە. "ین" کەی پاشگر نییە، بۆ زۆر مانا هاتووە، وەك نێرینە، کەمینە، قوڕینە، دارینە وهتد... لێرەدا بۆ نیسبەت دەکار براوە، واتە: نیسبەت وەباڵ خزم دراوە. "ە"یەکەش ئەوە بۆ (ندا)یە، وەك : "کورە"، "سەگە" و هتد... لە زاری کرمانجیدا "ۆ"یە وەك "کوڕۆ" "لاوۆ". جاف (ك.): بەڕای مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی ئەم ناوە لە "جافان"ەوە کەوتۆتەوە. بەهەشتی د. مستەفا جەواد، کە مێژووی "جاوان العشیرة الکردیة المنسیة"یەی نووسی، یارمەتییەکی زۆری ڕاستیی ئەم بیروبۆچوونەی ڕۆژبەیانیی مامۆستامانی داوە. بێ گومان "جاوان" "گاوان" بووە. عەرەبی عێراقی "گ" و "ق" دەکەن بە "ج" بە "بیك" دەڵێن "بێجات" وەك بێجات تکریت. بە "باب الشرقی دەڵێن باب الشرجی"، بەگرەی ژێر دەمی هەتاو دەڵێن "شەرجی"، بە "قدر" (بەڕۆش) دەڵێن "جدریە" هێندێ جاریش جبووری لای مووسڵ، دەیکەن بە "غەین"، بە "دالغە" دەڵێن "دالقە" بە "غیرك" دەڵێن "قێرك" وهتد... دوور نییە "گاوان" بووبێ بە "جاوان". لە نێوان گوندی مەملی (مەنمی؟) و کەوەڵەی گوندەکەی شێخ عەبدوڵڵای بەهەشتیی کوڕی سەید عومەری خانەقادا، گوندێك هەبوو "جافان"یان پێ دەگوت، هەموو جافی ڕەوەند بوون، ئەوجا بەدووری نازانم، جاران وشەی "جاف"بە کۆ "جافان" یان گوتبێ و ئەو "جافان"ە بووبێ بە "جاوان" بەڵام ئەمە بەڵگەی لە مێژینەشی گەرەکە .. هەروا وشەی "جوانڕۆ"ش دوور نییە لە "جاوانڕود" کەوتبێتەوە. وەك ڕۆژبەیانی دەفەرموێ جوانڕۆیەکانیش هەر جافن: لە

ئەحمەد ئاغای پشتدەرێی بەهەشتیم بیستەوە کە لە پشت بەرگی کتێبێکی کۆندا نووسراوە: شێخی سەعدی بەرەچەڵەك جوانرۆیی بووە. ئەحمەد ئاغا یەك دوو جار بوو بەنمایندەی پشدەرێ، خەزووری شێخ مستەفای شێخ باقییە، کە دەکاتە برای مەلا مەحموودی مەزناوێ "مەزن ئاوا". ئەحمەد ئاغا فارسیزانی چاك بوو، ئەدەب دۆست بوو، شیعری سەعدی و حافزی زۆر لە بەر بوون. باوەجانییەکانی جوانرۆ، کە تیرەیەکن لە جاف، لە جوانرۆ دادەنیشن. جافی مرادیی کەلار و هەڵەبجە (ئەو نێوە سوڵتان مرادی چوارەم ـ ئەگەر هەڵەم نەکردبێ ـ پێی بەخشیون). بەهەموو تیرەکانیانەوە بەجاف لە قەڵەم دەدرێن (بڕوانە کتێبەکەی بەهەشتی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، بابی د. حەسەن و بەهەشتی مستەفا بەگ و عەلی بەگ و فەتاح بەگ و حەمەمین بەگ (مینە جافی شاعیر و حەبە خانم و زێبا خانمی خێزانی حەمە سەعید بەگ و ئیقباڵ خانمی خێزانی سالار بەگی شەهید..) بەڵام عەباس عەزاوی لە کتێبی "العشائر الكردية"دا جافەکانی مرادی دەباتەوە سەر "سەید ئەحمەد"ێك، کە بەئەسڵ عارەبو بووگە؟! باوەڕ ناکەم. جافەکان، تەنانەت هۆزی "بۆرەکەیی"یش هەر بەجاف دەزانن.. جورجی زەیدان لە کتێبی "المدنية الاسلامية"دا لە هۆزێکی گەورەی تورکمانان دەدوێ، کە لە سەردەمی دوامین خەلیفەی عەباسییاندا، موستەعسیم لە پاش بەیات و چەند هۆزێکی دیکە هاتوونە عێراقێ، نێوی "جەف" بووە. هێندێ پێیان وایە جاف سەروکاریان بەو "جەف"ەوە هەس؟ باوەڕ ناکەم .. هۆزی جاف، هۆزێکی گەورەی کوردە و دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران زۆریان لە دەست وەزاڵە هاتبوون! هێزی بڕبڕەی پشتی کوتەك وەشێنی بابان "باوەکانی کاکەیی ـ ئەهلی حەق" جاف بوون. جاف تا ئەم چەنانەش، هەر ڕەوەند بوون، هەموو کوردستانیان بەمولکی خۆیان دەزانی، گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، نێرم دەویست دە بەرابەریاندا بکۆخی.. ئێستاش هەر سەرکێشن.. داود بەگ و برایانی دەگەڵ شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمردا، لە دژی ئنگلیز بوون، شەڕیان بۆ کرد. حەمە پاشا. بەدەستی تورکی عوسمانی، بەدەست کەرەم وەیسییەکانی تیرەیەك لە تیرەکانی جاف لە ناو چوو، هەمەوەند لەسەر ئەوە جاف قڕی کردن.. کاك خوسرەو جافی میعماریی زۆر زیرەك و ئەدیب و شاعیری دۆستم، ئەو ڕووداوەی کردووە بەماکی داستانێکی زۆر جوان و لەبار، بەسەر دێڕی (پاشایان کوشت). زۆریش سەرکەوتووە و لە ڕوویی مێژوویینەوە لە ڕاو و بۆچوونەکانی د. حەسەن جاف، گەشتەکەی ریچ و

زۆر ژێدەرێن دیکەی سوود وەرگرتووە. کاك خوسرەو، نووسیارێکی تایبەکاری کوردە، مۆرك و شەقڵی زمانی کوردیی خۆی هەیە زۆر کەم لە ئی خەڵکی دیکە دەچێ، نوسخەی ڕەسەنی خۆیەتی. هونەرمەندە، هەست و بیر ناسکە، کەم کەسم دیوە هێندەی ئەو کەلەڕەق و لەسەر حەق و بێ پەنا و پەردە بێ، بەڵام ئاخ و سەد ئاخ... خۆزگەم لە کوردستانی ئازاددا، لە پەنای کوڕە کوڕەی بارزانییاندا پشووی دابا... جاف کەڵەمێردی وەك مەحموود پاشای بلیمەتی هەبووە، کە ترکی عوسمانی و عەجەمی ئێرانێی هێنابووە زاڵە، کە پیر بوو، ئنگرێز، ویستیان ختووکەیەکی بدەن، گوتی.. "تا توانیم نەمزانی، تا زانیم نەمتوانی". ترك دەڵێن.. "دورنەیی گوێزندن أورماق"، کە کینایەتە لە دەست ڕاستیی تیر هاوێژان، عارەویش دەڵێن "أصابه من عینه" خوێنڕێژ (ف. ك. خونریز): پیاوکوژ. شەڕەنگێز (ك.): جنگن، ئاژاوەگێڕ، شەڕهەڵایسێن. ئەم دوو وەسپە بۆ پەسنکردن دەکاربراون، نەك بۆ فراوێتن و داشۆرین. عەدوبەند (ف. ع. ك.): دژمن دەست و پێ بەست، دژمن ترێن. تەنومەند (ف. تنومند): چوارشانە و داروپەردوو ڕوختە. بەخۆوە، توانا، بەزەبر. گەن (ك.): خراپ، بێ پایە، مەیدان (ع. المیدان): لە "ماد ـ یمید" بەمانا فرەوان بوونەوە هاتووە. کورد بۆ ئەوە گۆڕ دەڵێن: "چ لە گۆڕێدا نییە"، "لەو گۆڕە". مەساف (ع. المصاف) (ف. ك): ریز، ریزی لەشکر. لە جەنگەی شەڕێدا، شەڕ. (ص)ەکە بەعەرەبی بەشەددەیە، ئەوە بۆ کێشی شیعرە. چونکی (ف. ك چواینکە، زاینکە): لەبەر ئەوە، چونکە، چوکە، چون، لەورا. جەنگی (ف. ك) شەڕانی، وازلەشەڕ. ساری (ع. الساري) "سری ـ یسري" بەمانای سیرایەت کردن، تەشەنەکردنە، بەشەو ڕۆیشتن دودە (ف. درد): تڵپە، بەو شتە دەگوترێ دەبن هەر شتێکی شلدا خەست بێتەوە و ببێ بەتڵپە.. وەك تڵپی شەراب، شەربەت، خۆشاو. ساف (ع. صاف)، " صفا ـ یصفو" بێ خەوش، بێ تڵتە، زوڵاڵ، ڕەوان. لێرەدا شاعیر ئەم تیرەی جافەی بەماکێکی ڕەسەنترین بێ خەوش و تڵپە لە قەڵەم داوە، چ گەن و بێ خێر، چ پاڵەوان و شێریان... واتە وەك مەی بێ غەل و غەشن، سافەکەشی و تڵپەکەشی پیاو مەست دەکا... گەنەکەشیان و پاڵەوانەکەشیان کەسیان دەبەرخۆ ڕاناگرێ. (تەشبیهەکە بەئیستیلاحی بەیان، زیمنییە... ڕەنگە بۆ (حسن التعلیل)یش بشێ...

لا تنكري عطل الكريم من الغنى
فالسيل حرب للمكان العالي

ئەتۆ پیاوی خواردە و دڵاوات لە کن وانەبێ، لێ کەوتووە و ئیدی دەستی ناڕوا، ئەدی نابینی سێڵاو بەدوند و ترۆپکانەوە خۆ ڕاناگرێ؟ ئەم جۆرە (حسن التعلیل)ە هێندێك بەقیاسیشی دادەنێن... غەم (ع. الغمّ): خەم. پەروا (ف. ك پروا) باك، ترس، سڵکردن، پرینگانەوە، کۆکردنەوە. عەرسە (ع. العرصة): مەیدان، هەیجا (ع. الهیجاء): شەڕ، گەڕ، جەنگ (شەڕ و گەڕ بەیەك مانان. گەڕناس ، لە شەڕزان، گەڕم پێ مەکە، شەڕم پێ مەفرۆشە، بەشێوە ترکیی قازاخی، (ژڕ، جڕ) دەگوترێ. دۆشەك (ف. تشك): ڕایەخێکی نەرم کە لۆکە و خوریی تێ دەئاخندرێ. دەگەڵ لێفەدا دەگوترێ: لێفە و دۆشەك. تەنانەت جلخوار بەکوردی ژێر دەستیان دەڵێن: "کرد أشك، نەبیلیر یورغان دوشك"؟ بووك (ك. ئار): وەوی. لە زۆر زمانە ئارییەکاندا هەیە... زەفاف (ع. الزفاف): بووك وەگواستن. ئەم لێکچوواندنەی چوونە بەر مەیدانی شەڕ و بووك وەگواستنەوە (تشبیە)یکی (تمثیلی)یە... واتە لێکچوواندنی دوو شتی لێك دووفاق: یەکێکیان پڕ مەترسی و ئەوی دیکەیان پڕ ئارەزوو و خۆشییە .. مەبەست ئازایەتی و چاونەترسیی شەڕکەری کورە ـ کورە جافی ئازایە. بەیتی دووەمی کە بەعەرەبییە، بۆ خەستکردنەوەی مانای ئەو ئازایەتی و بێ پەرواییەیە... دەڵێ: جاف هێندە ئازان، مل لە هەموو کارێکی گچکە و گەورە دەنێن و لە شەڕدا بەقورسیش و بەسووکیەوەش لە دوژمن هەڵدەکەن .. لێرەدا "تناظر"ێك هەیە... (ثقالاً) بەرابەر، بە الصغار" و "خفاقاً» بەرابەر بە "کباراً"، واتە: بۆ شتی بێ مایە خۆیان شپرزە ناکەن و بۆ شتی گرینگ و گەورە، سەریان پێوە نییە واتە: وەك موتەنەبی دەڵێ: "وتعظم في عین الصغیر صغارها/ ویصغر في عین العظیم العظائم"، لە بەیتی دوایەدا دیسان دوو دیمەنمان بەرچاو دەکەوێ: یەکێکیان دەکاتێکدا وەسمان بەگی سەرکردەیان، دەیان لێ دەکا و دەڵێ کوڕگەل ڕۆژ ڕۆژی مەردایەتییە و لە منەونەکەون، هەڵمەت بەرن، دووەمیان دیمەنی حاجییان لە کاتی بەدەوری کابەدا خولانەوە بۆ تەوافە. لێرەدا نێو بەندی (مشبە) و(مشبەبە) شتێکی پیرۆزە و لەسەر هەموو موسوڵمانێك، بەجێی بێنێ، ئەو لە دژمن هەڵکردنەش بەو سەنگ و تەرازووە، وا پێویست و ناچارییە. کۆت (ك.): ئەم وشەیەم بەفارسی نەدیتەوە، بەفارسی (کندە)یە. واتە داری ئەستووری قاچی زیندانی. بەڵام لە کن مەنگۆڵ و چینییەکان لە دار دروست دەکرا و هەردوو دەستی زیندانییان پێوە دەبەست و لە ملیان دەکردن. کەچی شێخ ڕەزا (کۆت)ی لە دەستی کردووە و لە ملی شەتەك داوە و ملیشی لە تەناف داوە... دیارە (کۆت)ەکە لە ملیدا دەبێ... نەك پێیدا؟!

گوفتار (ف. ك گفتار): وتار. ئەوە (ئیسمی مصدر)ە، وەك (رفتار)كە بەقیاس دەبێ ″رەوتا″ر بێ وەك بڕیار و كردار و (كشتار) كوشتار و هتد... ماناشیان هەروەك مانای (مصدر) وایە، واتە گوتی، ڕۆیشت و بڕی و كوشتی... موجەوهەر (ع. المجوهر) دەبان ″ بەگەوهەر. تیغ (ف. ك): كێرد. سیكارد، شیر... لێرەدا مەبەست شیری بڕایە. غیلاف (ع. الغلاف) كالان، كێلان، كێلوون، كیفكی شیر. دیارە لێرەش هەر دوو وێنە هەن: یەكێكیان زمانی شێخ ڕەزا و دووەمیان شیری گەوهەردار، دەبان. ″شیری دەبانە لە كالاندا ناوەستێ″، ″شیری میسرە لە كالاندا ناوەستێ″ چون هەردوك بۆ دەكاربردنە... ئەمەش وەڵامی شێخ ڕەزایە، لە لایەن حاجی سەلیم خانەوە:

نەتبیستووە چەند ساڵێ لەمەوبەر لە مەسافا
هەر (جاف)ە چووە، نووكی ڕمی (موكری)ی بە نافا
تیپی (عەدو) وەك پۆلی (قولنگ)، ئەو وەكو شمقارِ
تێكی دەشكاند یەك یەكە، ئەیخست لە مەسافا
(شێخ) بێ خەبەرە لەم قسە: مەشهوورە لە ئافاق
(حەربە) و (ڕم)ی ئەم بوو، كە بە جێ ما لە غیلافا
هەر ئەو (كوڕە جافە)یش بوو، لە بەر چووپی دلێران
ناڵینی دەهات، هەر وەكو (بووك)ێك لە زەفافا
زۆر كەس لە جەوانانی ئەوان بوو، بە ئەسیر هات
دەست بەستە وو تەن خەستە وو گەردن لە تەنافا
چاك وایە، نەكا مەتحی ئەوان، نەك بڵێ مونسیف:
ئەم مەتحە كە فەرموویەتی (شێخ)، لاف و گەزافا
بۆ مەدحەتیان، كافیە (شێخ)، بێت و نەزەركا
مەعلوومە، كە مەعنای لە لوغەتدا هەیە (جافا)

(٣) ئەلف

دلبەری بێ وەفا*

ڕۆژێ نەبوو ئەم دلبەرە بێ ڕەحمە وەفاكا
جارێ نەبوو ئەم كافرە شەرمێ لە خودا كا

حـەیـرانـن ئـەتـیـبـا لـە عـیـلاجـی مـەرەزی مـن
لـوقـمـانـی ویسالت مـەگـەر ئـەم دەردە دەواکـا
کـاریٚ کـە خـەم و دەردی فـیـراقت بـە مـنـی کـرد
سەرمـا بـە هـەتـیـو، بـا بـە دەواری شڕی نـاکـا
دێوانـەیـە شەخسیٚ کـە لـە غـەیـری لـەبـی لـەعـلـی
وەك شاهـی سکـەنـدەر تـەڵـەبـی ئـاوی بـەقـاکـا
تـاب و تـەبی ئاتـەشکـەدەیی هیجری وەکو شەمع[1]
نـەزدیـکـە مـنـیش واریـدی سەحـرایـی فـەنـاکـا
لـەم ڕێگـەیـە تـەقـدیـری ئـەزەل وابـوو کـە ئـێمـە[2]
پـامـاڵـی جـەفـا بـیـن و ڕەقـیـب سەیـر و سەفـاکـا
ڕۆح و دڵ و دین هـەرسیٚ دەکەم بەزل و نەساری
کـامـی دڵـی مـن گـەر لـە لـەبـی لـەعلـی ڕەواکـا
سەردانـی لـە ڕێی عـەشق (ڕەزا) لازمـە عـاشق
بـۆ یـار سەر و مـاڵـی سوپـەری تـیـری قـەزاکـا

---

(١) ئاتەشکەدەیی: (م)، ئاتەشگەدەیی: (ت).

(٢) تەقریری: (ت، م).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەمەن تەخرەب مەکفووف مەحزووف

(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)

وەك "گر خلق بدانند کە من عاشق ومستم

آوازە درست است کە من توبە شکستم"

وەفا (ع. الوفاء): بە پەیمان و گفت و بەڵێن پابەندبوون و بەسەر بردن. وەفا کا: وەفای هەبیٚ، یا هەر وەك فارس و عارەب دەڵێن: "وەفاکند"، "یفی". دلبەر (ف. ك دلبر): دڵبەر، گراوی، ماشقە، ڕوحم (ع. الرحم، الرحمة): بەزە، لوتف، کافر (ع. الکافر): ناخودا، بیٚ باوەڕ، باوەڕ بەخودانەبوو. حەیران (ع. الحیران، الحیرة): سەرسوڕ، واقوڕ. ئەتیبا (ع. الاطباء): بژیشك، نۆشدار. عیلاج (ع. العلاج): چارە، چارەسەر. مەرەز (ع. المرض) دەرد، نەخۆشی، ناساغی. لوقمان (ع. لقمان): بژیشکێکی

حەبەشستانی بووە، لە سەروبەندی داووددا ژیاوە. ویسال (ع. الوصال): بە یار و ماشقە گەیشتن، بەدیداری گراوی گەیشتن. فیراق (ع. الفراق): جودایی. هەتیو (ع. الیتیم): سێوی، هەتی. یەتیم. دەوار (ك): پارچەی سیامال، تاوڵ، ڕەشماڵ، کۆن، کوێن. لێرەشدا دوو دیمەن بەرچاو دەکەون، یەکەمیان حاڵی شاعیر بەدەست جەزرەوەی جودابییەوە دە بەرابەر دوو دیمەندا: حاڵی هەتیوی بێ بەرگ بەدەست سەرماوە، حاڵی دەواری شڕ بەدەست باوە. نێو بەندیش شڕ و شیپڕێوی و مەینەتیی هەر دوو وێنەکەیە... نالی دەڵێ:

هەر چەندە کە ڕووتم بە خودا مائیلی ڕووتم

بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە

لەب (ف. لب): لێو لەعل (ف. ك لعل): لاڵ، بەردێکی بەقیمەتە. سکەندەر: ئەسکەندەری مەکەدۆنی، کە لە گۆمەلیلە داریوشی بەزاند و ئیمپراتۆریی خەهەخامەنشییانی تێکوپێك نا. ئیزافەی ″شاهـ″ ئەبال سکەندەر، وەك شاهی نەقشبەند، پاشای کۆر، شاحوسەین. دە شێوەی (عطف بیان)دایە... تەڵەب (ع. الطلب): داوا، خوایشت، خواست. بەقا (ع. البقاء): مانەوە، نەمری، جاویدانی، ئاوی بەقا. واتە: ئاوێکی کە هەر کەسێ وەیخوا هەتا هەتایە دەژی و نامرێ. دەڵێن تەنها حەزرەتی خدر وە نسیوی بووگە. سکەندەر گۆیا، کە دەستی داوەتە جیهانگوشایی، لە دووی ئاوی حەیات گەڕاوە. مەبەست لەم دوو وێنەیە: داواکردنی غەیری لێوی سووری ماشقە و لە دوو ئاوی حەیات گەڕانی سکەندەری مەکەدۆنییە. واتە لێوی سووری ئەو وەك ئاوی حەیاتە... کێی دەگاتێ. تاب (ف.) تاو، گەرمی. تەب (ف. تب): تێ، تا، گەرماییەك کە دە ئاکامی بزووتی خوێن لە لەشی مرۆدا، بۆ دەگەڵ میکرۆبدا ململانێ دێتە گۆڕێ. واتە، تین و تاو. ئاتەشکەدە (ف. آتشکدە): ماڵی ئاگر. ئەو جێی زەرتوشتییان ئاگری تێدا دەپەرستن. وشەی کەدە (کدە) بەزازایی ـ دملی: (کەی)یە. کە دەڵێن کابان، کەیوانۆ، کوێخا: واتە: (کدبانو، کدخدا) خانمی ماڵێ، خێوی ماڵ، خانە خوێ، ماڵخۆ... هیجر (ع. الهجر): جودایی کردن، دووری، فیراق، خۆ لە ئاشقە نەبان کردنی ماشقەی... خولێ بەدوور گرتن. نەزدیك (ف. ك. نزدیك): نزیك. وارید (ع. الوارد): گەیشتوو، گەییك. واتە بمگەیەنێت. سەحرا (ع. الصحراء): چۆل، بیابان. فەنا (ع. الفناء) نەمان. ئاشقان زۆر بەدەستی هیجرەوە دەناڵن... لێرەدا (مبالغة، اغراق)ێکی زۆر خەست هەس. دووریی یار ئاورخانەیەکی بەتاووتێ و گەرمی وایە، کە وەك شەم هەر وەختە

شاعیر بەرەو بیابانی فەنا، نەمانێ ببا... بەجارێ تەفروتونای کا. موبالەغەکە لە دوو سەرەوەیە: یەکەمیان تاو و گەرمیی ئاتەشکەدەی دووری، کە وەك شەم وایە وەختە لە ناوی ببا. دووەم: ئەو شەمعە، کە ماشقەیە هەر دەڵێی جەهەنەمی ئاتەشکەدەیە... تەقدیر (ع. التقدیر): چارەنووس. ئەزەل (ع. الازل): بێ سەرەتا، هەوەڵی نییە... پامال (ف. ك پایمال): پێخوست، پێشێل. جەفا (ع. الجفاء): ستەم، جەور، زوڵم، زۆرداری، ڕقیب (ع. الرقیب): مونافیس پێشبڕك، کێبڕك، ڕەقیب، دژمن، ناحەز، نەیار، سەیر (ع. السیر): ڕۆیشتن. بەکوردی بەمانا تواشا کردن و رابواردن و چوونە گەشت و گەڕان و سەیرانە. سەفا (ع. الصفاء): کات بێ خەم و پەژارە بەسەر بردن، دڵ و مێشك سافکردن. بەڕابواردن و سەیرانکردن زاخاودانی مێشك. شاعیر گازن لە حاڵی خۆی دەکا، کە چۆن ئەو هەمیشە هەر ستەمدیتە و نەیار و ڕەقیب دە سەیر و سەفا و ڕابواردندان. بەزل (ع. البذل): دەهەندەیی، دەسبڵاوی، دڵاوایی، نەسار (ع. النثار): بەسەردا باراندنی پارە، زێڕ و گوڵیان بەسەر بووکدا، پاشادا باراند. کام (ف. ك کام): ئارەزوو، مراد، مەبەست، کامی دڵ: بەمراد گەیشتن دەگەڵ یاردا. ڕەواکا (ع. الرَّواء): تێراوکا، یا وشەی "ڕەوا" بەکوردی بەمانای ڕایی، بەجێهێنان، یا بەمانای شیاو و جائز. سوپەر (ف. ك سپر): مەتاڵ، قەڵغان. کۆن. لە چەرمی کەرکەدەن دروست دەکرا، شەڕکەر خۆی پێ لە نووکەنێزە و مەودای شیری نەیار بپارێزێ. قەزا (ع. القضاء): قەدەر، ناگەهان، چاوەنۆڕ نەکراو.

(٤) ئەلف

بۆ مودیری قزڵجە*

لە تەرەف کێرەوە بەریدی سەبا
بۆ مودیری قزڵجە نامە دەبا
بۆ جەنابی موقەڕڕەبولخاقان
میرم عەلی بەگ، لە ئەنجەبی نوجەبا
میرم، ئایا چلۆنە عیللەتەکەت
باز بە خارشتە بن گونت عەجەبا
ئیحتیاجت بنووسە، عەیبی چییە؟
مەحرەمی ڕازی تۆم بە عەهدی سەبا

سەد تـرِت دا بـە كـوودەكـی لـە گـونـم
ئـەی تـرِت رِەعـدو وەی تست رِەشەبـا
دوودمـــانـتـــان چـرووكـە بـونـيـادی
(بـو قـبـاحت بـنـم دگـل هـە بـەبـا)
عەبدوورِەحمان بەگی برات فەرمووی
كـە عـەلـی بـەگ بـووە بـە دێڵـەبـەبـا
(هـــذه إرثـــكـــم اخـــاً وابـــا)[١]
خاڵە كوێرەش بە سەراحەت ئەی گوت
كـە عـەلـی بـەگ بـووە بـە دێڵـەبـەبـا
لـە ئـەبـانت ئـیـبـا مـەكـە مـیـرم
ئـابـرِووی خـانـەدان عـەلـی دەیـبـا
گـەر بـەداری قـزڵـجـە تـێر نـاخـۆی
وەرە بـــا شێخ رِەزا بـــە رِەشتـــا بـــا[٢]

(١) دەبا: (هذا) بلێ.
(٢) وەرە تا: (ت)، سا وەرە: (م)، وەرە با: (خ). (شێخ رِەزا) (ت).
(*) كێش: بەحری خەفیف، موسەددەس مەخبوون مەحزووف
(فعلاتن مفاعلن فعلن)
وەك: "آه ازین زنـدگی ناخـوش من
وز دل و خاطر مشوَّش من"
تەرەف (ع. الطرف): لا، لایەن. بەرید: (بەعەرەبی كراوی) "برید"ە و لە "بوریدو"ی ئەكەدی و بابلی كەوتووەتەوە، نامەبەر، چەپەر، سەبا (ع. الصبا): بە بایەك كە لە باكووری رِۆژهەڵاتەوە هەڵدەكا، دەگوترێ. فێنك و خۆش. شوعەرای عەرەب زۆریان باس كردووە: "الا یا صبا نجد متی هجت من نجد؟" بای سەبا بەنامەبەری ئاشقان نامێیە. لەبەر فێنكی و ناسكی ئەو كارەیان بەوی ئەسپاردووە. "پەیكی یاران"ە.
قزڵجە (ت. قزلجە): قزڵ: بەتوركی بەرِەنگی سوور، بەزێرِ دەگوترێ، وەك قزڵ ایرماق، قزڵ تەپە، قزڵ ئۆردە و هتد... (جە)یەكەی دەبێتە پاشبەندی وشان و مانای "شوێن"

دەدا، وەك (ئاوا) "ئاباد" و (ستان) و (ان) لەم جۆرە بابەتانە... یەنگیجە، "ینیجە (هەڵەبجە) "البجە" واتە (الب ئاوا) چاملیجە، (چام ئاوا)، یا (چام جاڕ)، وەك کانی جاڕ و هتد... بەدووری نازانم نێوەکە وەك (البجة) کە ڕەنگە بەناوی (الب ارسلان)ەوە ناونرا بێ، ئەمیش بەناوی (قزڵ أوردە)وە نێونرا بێ. لە کوردستان ناوی داگیرکەرانی دوابڕاوی وەك تەیمەڵزاوا کە تەیمەز، تەهماسب ئاوایە، قەرە چاتان، قەرەتاموور (قەرە تەیموور، قەرە تاغموور، بای حەسن، قزقاپان، قوڵ دەرەسی، (بابا گلدی) هتد... زۆرن. قزڵجە گوندێکە لای پێنجوین. وەك مام هەژار لە هەمبانە بۆرینەدا نووسیویە بەعسی کاولیان کرد. گوندێکی دیکەش بەم ناوەوە لای مەهاباد هەیە. ئەنجەب (ع. الانجب) ئیسمی تەفزیلە. بەمانای خێوی خەسیەت و ئاکاری بەرجەستە و پەسەندتر. نوجەبا (ع. النجباء): نەجیبان. مانای (ئەنجەبی نوجەبا) وای لێ دێتەوە: بەڕێزی بەڕێزان. چلۆن (ك. ع. چلون): لە چ + لون پێك هاتووە. (چ)یەکە ئامرازی پرسیارە، لۆن (ع. لون) ڕەنگ، تەرح، جۆر. بەکوردی ئەو (چ)یە دەگەڵ واژەی دیکەشدا دێ، وەك: چتۆ، چما و هتد.. هەر بەمانای (چۆن)ە. باز (ف. باز): دیسان، هەروەك جاران. خارشت (ف. ك. خارش): خوران. ئەم وشەیە لە هێندێ ناوچەی کوردەواریدا بە (خوارشت، خورشت)یش دەگوترێ. بەفارسی مەسدەری شینیی پێ دەگوترێ. لە فارسیدا نیشانەی مەسدەرییەت هەر (شین)ەکەیە، وەلێ لە کوردیدا، (شت)ە، وەك: بڕشت (برست)، ئاڵشت (گۆڕینەوە) ماڵشت (پەرداخ کردن)، ئارایشت (دەم و چاو هەڵگرتن). گون (ك. گون): باتوو، خایە، کینایەیە لە کونی قوون. عەجەبا (ع. عجباً): مەفعوولی موتلەقە، فیعلەکەی حەزف کراوە، واتە (أعجب عجباً)، بەڵام بەکوردی و تورکی تەنانەت بەعەرەبیش و فارسیش بەئامرازی پرسیار دەکار دەبرێ، وەك: ئاخوا، ئایا، گەلۆ و هتد... ئیحتیاج (ع. الاحتیاج): پێویست. عەیب: (ع. العیب): فهێت، شوورەیی. ئەم پرسیارە دە شێوەی (استفهام انکاری)دا هاتووە، واتە: عەبەس نییە. مەحرەم: (ع. المحرم): کەسێکی بەهۆی دۆستایەتی و خزمایەتییەوە لە ڕازی یەکێکی دیکە ئاگا و باخەبەر بێ، هاوڕاز. ڕاز (ف. ك. راز): نهێنی، سڕ. کورد (ڕازونیاز) دەڵێن. عەهد (ع. العهد): سەروبەند، (صباء): ئەگەر بەهەمزەت درێژ کردووە، دەڵێن (صباء). بەڵام ئەگەر گوێ نەدەیە سەرواکان، کە سەبا، دەبا، نوجەبا، عەجەبا و هتد، دەبێ بە (ع. صبا)ی وەخوێنی. تڕ (ك): بایەکی کە بەدەنگەوە لە قوون دەردێ. کوودەك (ف. کودك): منداڵ. تڕی دا لە گونی، واتە کابرا

بەرگەی کاکە لاسی شێخی نەگرتووە و لە تاوان سەد ترِی لە گونی داوە... ئەوجا کە کورد دەڵێن، ترِت بەگونم، یا دەستت بەگونم، یا بەگونتەوە، یا بەگونی بارگینمەوە و هتد... ئەوانە هەموو کینایەتی تەمسیلین و وێنەی بەرچاو دەنوێنن. ڕەعد (ع. الرَّعد) هەورەتریشقە، دەنگ و تریشقەی هەور. تس (ک.): بایەکی کە بێ دەنگ لە قوون دەردێ و بۆنێکی ناخۆشی هەیە. باوبژی زگ، تس. ڕەشەبا (ک.) بایەکی توندی ڕۆژاوا، بای دەبوور. شاری سلێمانی بەم بایە نامێیە. دیارە لێکچوواندنی (ترِ) بەڕەعد و (فس) بەڕەشەبا، بۆ موبالەغەیە... و تا بێژی کوردەوارییانەیە. وەجهی شەبەهـ لە یەکەمیاندا، دەنگ و لە ئی دووەمدا گرماندنە... دوودمان (ف. دودمان): فامێلیا، خانوادە. چرووك (ک.) قەڵب و بێ نرخ، قرپۆك. بونیاد (ف.): بنیات، بنەما، بنواشە، بنیچە، بناخە، تەمەڵ، بو (ت. بو): ئەمە. قەباحەت (ع. القباحة): دزێوی، کاری ناشیرین، خەتا، هەڵە، سووچ، گوناهـ. هەبەبا (ک. ت): ئامرازێکە بۆ وریاکردنەوە و تەوکیدکردن دەکار دەبرێ. ها کورە، ها کچێ، وانەکەی، دەنا.. بەبە(ک): بابە. شێخ بەتورکی دەڵێ: بابە ئەوە خەتای من نییە... سەراحەتەن (ع. الصراحهً): بەڕاشکاوی، ڕاستەوخۆ، یەکڕاست. دێڵ (ک.): نێوی مێیەتی کە پێش ناوی جانەوەر دەکەوێ: (دێڵەسەگ، دێڵە دێو). بەبا (ک.): مێی نێرخواز، دەڵەوەبا. ئەبان (ع. الاب): بەکوردی و فارسی کۆی (ئەب)، باو، باوك، واتە: باوکانت، ئیبا (ع. الاباء): ئیمتیناع، خۆلێ بە بەرزگرتن، تەرەففوع... (هذه ارثكم اخا واباً): واتە ئەم پیشەیەتان بەبرا و بابەوە، بۆ ماوەتەوە. ڕش (ک.): قوون، قنگ ، کوون.

(٥) ئەلف

بۆ مەستی ئەفەندی*

دەستێکی هەیە (مەستی) ئەفەندی لە کەرەمدا
میهمانی عەزیزی هەیە دائیم لە حەرەمدا
ئەلحەق ژنەکەی موشفیقە دەرحەق بە غەریبان
سەد گانی بە ڕۆم دا وو هەزاری بە عەجەم دا(١)
هێند کێری هەتیوانی بە کوزدا چووە داکی(٢)
دەستێکی شکابوو بە مناڵی لە شکەمدا

بـەر زەربـەتـی کـام کـێری قـەوی کـەوتـووە ئـاخـۆ
بەو دەردە چووە ساعیدی (مەستی) لە ڕەحەمدا[٣]
حـەقـقـا کـە (مـەجـیدی) کوڕی زۆر تـەبـعی جەوادە
سەد گـانـی بـەیـەك لـەحـزە بـە بـێ پـوول و درەم دا
گـەوودا و تـەرەس، مـولـحـید و بـێ دین و مـونـافـیق
مـورتـەددە، نـیـیـە مـیسلـی لـە مسقـۆف و عـەجـەمدا
بۆ سەددی ڕەهی (مەستی) وەکو تەپڵی سکەندەر[٤]
ئـاوازی دەهـۆڵـی کـوزی داکـی لـە حـەرەمـدا
ئەو کێرە زلەی کێ بوو لە کێلانی فەتاح بەگ[٥]
مشتـێکـی کـوتـایـە کـوزی، مشتـێکـی لـە دەم دا

(١) (ت، م) صەد گانی بەڕۆم و دوو هەزاری بەعەجەم دا: (خ).

(٢) بەکوزیا: (ت، م)، بە (ق)ی داکیا چووبوو (خ)، بەکوزدا (ف، م.م). هەتیوان کە (ح ـ ن).

(٣) دەبوا: ڕەحیم بڵێ، بەڵام لەبەر کێشی سەروا وای لێ کردووە.

(٤) بۆ سەددی ڕەهی وەك تەبڵی سکەندەر: (ت)، بو سەددی ڕەهی (١) وەك تەپڵی سکندر (م)، بۆ سەددی ڕەهی قافڵە: (خ).

(٥) کێلانی: (ت، م)، گەیلانی: (ج).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)
وەك: "اندوه تو شد وارد کاشانەام امشب
مهمان عزیز امده در خانەام امشب"

میهمان (ك. ف): میوان. کەرەم (ع. الکرم): دەهندەیی، بەخشش. ئەلحەق (ع. الحق): ڕاستی، بەڕاستی. موشفیق (ع. المشفق): بە بەزە، بە ڕەحم دەرحەق (ف. ع.): لە هەق، دەربارەی. غەریبان (ع. الغریب): بیانی، بێگانە. ڕۆم (ك): تورك. عەجەم (ع. العجم): ئێرانی، غەیری عەرەب. هەتیو: (ع الیتیم): هەتیو و مەتیوی مەبەستە. کوز (ك.): زێ، خەمشە، قوز، جێ شەرمی مێیینە. شکەم (ف.) زگ، سك، منداڵدان. زەربەت (ع. الضربة) زەبر، ساعید (ع. الساعد): لە ئانیشك بەرەوژوور تا شان. قۆڵ. ڕەحەم (ع. الرَّحم):

منداڵدان. بەعەرەبی (الرَّحِم، الرَّحم)ە. حەققا (ع. حقّاً): ئەوژی مەصدەری تەوکیدە لە بۆ فیعلێکی نادیار: تەبع (ع. الطبع): سریشت، سروشت، تەبیات، خۆڕسک، زگماک. جەواد (ع ـ الجواد): سەخی، دەهندە، دلاوا. گان (ك): نێوی کاری خێرە. پێم وایە لە (گیان) کەوتووەتەوە. کە دەڵێن "با گانێ بکەین" واتە: با گیانێ دروست بکەین (؟) یان هەر (گاییدن)ە. پوول (یۆ. O,bolos): پارێك لە زێڕ، زێو، مس، یا هەر مەرتاڵێکی دیکە، کە لە لایەن دەوڵەتێکەوە لێ درابێ. درەم (یۆ. Draxme) یەکانەی دراوی زێو، درهەم. بەرامبەر بەچل و هەشت دنك، یا چل و هەشت جومیانەیە. گەواد (ع. القواد): کەسێکی پێناویی شەهوەترانیی یەکێکی دیکە بکا، جاکەش. دەویت (الديُّوث)، قوڕمساغ. تەرەس ت. Teres: دەویت، ئەو وشانە بۆ جنێو دەکار دەبرێن. مولحید (ع. الملحد): خوا نەناس. مونافیق (ع. المنافق): دووڕوو. مورتەدد (ع. المرتدّ) : لە ئاین وەرگەڕای. میسل (ع. المثل): وەك، مانەند، مینان، مسقۆف (دوو. مەسکڤا): مۆسکۆ. ڕووس، مۆسکۆیی. سەدد (ع. السد): گرتن، بەستن. ڕەهـ(ف. راه): ڕێ، تەپڵ (ع. الطَّبل): دەهۆڵ: گەورکی جاڕدانی شەڕ. سکەندەر (یۆ. ئەلیکساندەر): ئەسکەندەری مەکەدۆنی. حەرەم (ع. الحرم): خانووی جێگەی ژنانی ماڵ. کێلان (ك): کالان، کیف. مشت (ف. ك مشت). مست، کوڵەمست، تۆڵەمست" درێوشە لە کوڵەمشت دەگەڕێتەوە"

(٦) ئەلف

هەجوی قازیی کۆیسەنجەق*

شێخ ڕەزا بێت و لەسەر تۆ هەجوی قازیی کۆی بکا
سەیری کە چیی پێ بکا، دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بکا
چونکە غەدری کرد لە (لامیع) شەرتە قازی وا بگێم
هەر گەن و گوویێ لە زگیایە بە جارێ ڕۆی بکا

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: "هرکە چیزی دوست دارد جان و دل بر وی گمارد
هەر کە محرابش تو باشی سەر ز خلوت بر نیارد"
هەجو (ع. الهجاء): فڕ، داشۆرین. کۆی (ت. ك. ف کوی): گوند، دێ، ئاوایی، گەڕەك،

تـاخ. لـێرەدا كـراوە بـەنـێوی شارە خـەڵك زیـرەك و ئـەدەب دۆست و زانـاپـەروەر و خەباتگێڕەكەی حاجی قادری كۆیی و مەلای گەورە، جەنابی مەلا محەمەدی جەلی زادە دە كـتـێبـەكـەی فـۆن هـامـەر، لـە مـەڕ دیرۆكی عوسمـانـی، نووسراوە، كویە لـە سەردەمی عیسەوییەكاندا نێوی (نوویییە) بووە، واتە: پەیامبەر؟ دۆم (؟) دۆمی، كاوەلی، قەرەج، قەرەجی، تیرەیەكی گەڕۆكە. بەكلاش و چەقۆ و تەشیە و كەمۆڵە و پنە و كەوچك و شتی لەم جۆرە بابەتە دروست كردنانە بەنامێن. دۆم كلاش لە زوێڵ و تیلماسكە پەڕۆ و پاتاڵە كۆن دروست دەكەن. هەورامان بەو جۆرە كلاشە زۆر بەناوودەنگە.. مەبەست ئەوەیە، كە دۆمی كلاش بۆ خۆی چێتر دروست دەكا. شێخ ڕەزا وا دیارە قازیی كۆیەی بە ئی خۆ زانیوە و نفرێكی بۆ وی بكا، وەك ئەوە وایە دۆمی كلاشی بۆ خۆ بكا و لامیع: (ع. اللاّمع). درەخشان نازناوی شێخ ڕەزایە. غەدر (ع. الغدر): خراپە دەگەڵ یەكێكدا كردن، زوڵم كردن. شەرت (ع. الشَّرط): گرەو، گرێو، گرۆ، پەیمان، بەڵێن، گفت. لێرەدا گفت و پەیمان مەبەستە.

(٧) ئەلف

هەجوی شێخ محەمەد عەلی كەڕە*

سا بێ زگی خۆت هەڵمەدڕە و مەمرە لە داغا
ئەم قەومە هەموو مردن و تۆ مای لە وەجاغا
لـەولاوە پـەلـێكت لـە زەهـاو پـەل ئـەوەشێنـێ
لـەم لاوە ڕەگـێكت لـە كـنـی ساوجـبـلاغـا(١)

---

(١) ڕەنگە بڵێی ساوجبلاغەی گوتبا خۆشتر بوو: بەلام كێش و سەروا ئەوەی گەرەكە. لە سەرێكی دیكەشەوە ئەگەر (ساوجبلاغ) بكەی بەزەرفی (پەل وەشاندن) ئەوە ئیدی زۆر ڕوونە.

(*) كێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەكفووف مەحزووف
(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)
وەك: "آن را كـه خدای از قلـم لطف نگـارد
شاید كه بر او زحمت مشاطه نیارد"

سا (ك): ئەوجا، جا، ئینجا، ئەوجا وەرە، جاوەرە، خۆت مەكوژە، جاوەرە داكی لە كەر مەكێشە...

قەوم (ع. القوم): نەتەوە. وەجاخ (ت. اوجاق): كوانوو، بنەماڵە، خانوادە. پەل (ك.)! لاق و دەست. لك، تیرەیەك لە هۆزی پیل" هەر پەلێكی ها وەدەست یەكێكەوە "لە پیلی نەوی" پیلی لە بن دەرێنا" مەبەستی تیرەیە. پەل وەشاندن: هەڵپەكردن، جوولانەوە. مانایەكی دیكەی ئەوەیە كە لاقی بەدەست یەكێكەوەیە و بۆی تێ خستووە و لە تاوان خۆی پێ ڕاناگرێ و هەر لاق دەوەشێنێ. ساوجبلاغ، (صغوق بولاق): ساوجبلاخ، مەهاباد. ڕەگ (ك.): كن (ك.): كن، لا، كونی قوون، قنگ. جاران "كون" بەڕێنووسی كۆن (كن)یش دەنووسرا .. كەواسا، وە هەردوو مانا دێ. ئەدی نابینی شێخ ڕەزا لەم بەیتەشدا دەڵێ:

ڕقی هەڵسا سنەیی دێ لە سولەیمانی ئەدا

ئافەرین ئەهلی سنە ئەم ڕقەتان هەر لە "كنە"

دیارە: "ئەم ڕەقەتان هەر لە كونە"ش دخوێندرێتەوە. بەڕواڵەت، لە (پەل) تیر و لە (ڕەگ) خزم و كەسانی شێخ محەمەد عەلییە كەڕەی مەبەستە.

(٨) بێ
لە فیراقی قادری وەستا خدر*

بۆ نەسووتێ جگەرو بۆچی نەبێ دڵ بە كەباب
بۆچی نەڕوا لە تەنم ڕۆحی ڕەوان میسلی شەهاب(١)
بۆ لەسەر چاوەیی چاو هەڵنەقوڵێ ڕەشحەیی خوێن
بۆچ لە فەووارەیی موژگان نەچكێ قەترەیی ئاب(٢)
بۆ لەبەر ناڵەی نەبێ حەلقەیی حەلقم بە سروود
بۆچ لەبەر گریە نەبێ چەشمەیی چەشمم بەسەراب
مونیسی ڕۆژ و شەوم باعیسی ئارامی دڵم
ڕۆیی و من لە غەمی كەوتمە نێو بەحری عەزاب
بە وقووعی سەفەری قادری وەستا خدرم(٣)
خانەیی عەیشمی تاڵ كرد فەلەكی خانەخەراب

چەنگ و نەی لێ مەدە موتریب کە لەبەر فیرقەتی ئەو

ڕەنـەکـی ڕۆحـە لـە گـوێم نـەغـمـە وو ئـاوازی ڕەبـاب(٤)

ساغـەری مـەی مـەدە ساقـی! کـە لـەبـەر دووریـیـی ئـەو

تـاڵـە وەك ژەهـری هـەلاهـیـل لـە مـەزاقـم مـەیـی نـاب

کـاری کـردن نـەبـوو ئـەم کـارە کـە گـەردوونـی دەنـی

کردی، ڕووی ڕەش بێ وەکو بەختی من و پەڕڕی غوراب

ئـەی ڕەزا! ڕەنـگـە لـەبـەر فـیـرقـەتـی ئـەو مـوئـنـیـسە تۆ

قـەت نـەبـی خـاڵـی وەکـو کـوورە لـە سۆزی تـەب و تـاب

....

(١) غوراب (دیوان) شەهاب.

(٢) نەچکێ: (ت. م)، نەتکێ: (خ).

(٣) وەستا خدر: (ت)، استاد خدر (م). بە ئوستاد خدریش بەیتەکە لەنگ نابێ.

(٤) زەنەکی روح دێت: (م) ڕەنەکی ڕۆحە لە گوێم: (ت)، نەفحەیی: (ت، م)، نەغمەیی: (خ).

(*) کێش: ڕەمەڵ موسەمەن مەخبوون مەقسوور

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان)

وەك: "امشب ان نیست کە در خواب رود چشم ندیم

خواب در روضەء رضوان نکند، اهل نعیم"

ڕەوان (ف.): ڕۆح. ڕۆحێك کە لە لەش جیا دەبێتەوە و دەڕوا. دیارە مرۆ بڕوای بەدەرچوونی ڕۆح هەبووە و هەیە و بەنەمری دەزانێ. تەنانەت کە خەونان دەبینێ پێی وایە ڕۆح لە لەش دەردەچێ و وە گەشت و گوزار دەکەوێ و شتانێك دەبینێ، یا هەر نەیدیوە و تازە دەیانبینێ... ڕەنگە بیروباوەڕی دۆنادۆن (تناسخ)، کڵێشە گۆڕی هەر لە مەڕا هاتبێ. ئەهلی هەق باوەڕیان وایە. ڕوحی خوا چووەتە کڵێشەی ئیمامی عەلی و پیران و باوەکانی وەك سوڵتان سوحاق و سەرلەبەری باوەکانیانەوە... میسلی (ع. المثل): وەك، مینا، چون. غوراب (ع. الغراب): قەلەڕەش، پەلەوەرێکە بەنیشانەی شوومی و خراپی لە قەڵەم دەدرێ. ڕەشحە (ع. الرشحة) تەڕاوشت، فەووارە (ع.الفوارە): بەتەوژم بەرەو باڵا چوونی ئاو، کوفارە، فیچقە. نافوورەشی پێ دەگوترێ (ئەدی شەدروان شەتڕەوان چییە؟). موژگان (ف. مژگان)! برژانگ، بژۆڵ. چکین (ك.): تکین، دڵۆپان. ئاب (ف. آب): ئاو، ئاڤ. ناڵە (ك.): هاوار، ناڵین، ناڵان ـ

ناڵ. حەلقە (ع. الحلقە): ئاڵقە، بازنە. حەلق (ع. الحلق): گەروو، گەڵوو، قورگ. سروود (ف. ك): گۆرانیی نیشتمانی.نەشید، گریە (ف. ك) گریان، گرین. چەشم (ف.): چاو، چەو، چەعڤ. سەراب (ع. السراب): تەڕاویلکە، تراویلکە. ″کسراب بقیعة یحسبها الظمآن ماءاً ـ ئایەتی قورئانی پیرۆز″ زریێ درۆزنە... موئنیس رع. المؤنس): هاودەم. باعیس (ع. الباعث): هۆ، مایە، سۆنگە. ئارام (ف. ك): هێمنی. کورد ئەم وشەیە و وشەگەلی وەك ″توانا″ و ″ئاگا″ بەهەڵەی باو دەکار دەبەن. ئەمانە وەسفی فاعیلین. یەژین دنیا ئارامە، کاورا توانایە، تۆ ئاگای: نەك دنیا بەئارام و کاورا بەتوانایە و تۆ بەئاگای. چاك وایە (ئارام) بۆ شتەکەی خۆی (توانا) بۆ ئینسانەکە بگوترێ. ئەگەر ویستت بێژی کاورا ئاگای لە هەموو شتێکە، ئەوێ بێژی ″ئاگاییی لە هەموو چشتێکە ″یا ئەگەر ویستت بلێی فلانەکەس بەتوانایە ″دەبی بلێی″ بەتوانایییە، یا بەتوانە یا بەتوانستە″ و بۆ (ئارام)یش ئەوێ بێژی ″بەئارامی سەرم نایەوە″ ″ئارامیی دڵم، نەك ئارامی دڵم″. بەحر (ع. البحر): دەریا، زەریا، زریێ. عەزاب (ع. العذاب):ئازار و ئێش، دەرد. وقووع (ع. الوقوع): ڕوودان. ئەم بەیتە کەمێ لەنگە. دەبێ بۆ لە لەنگی خۆ بواردن نەختێ (وەستا خدر) بەگرانی بخوێنییەوە عەیش (ع. العیش): گوزەران، ژیان بەسەر بردن. فەلەك. (ع. الفلك): گەردوون. خانە خەراب (ف. ك): ماڵ وێران. چەنگ (ف. چنگ): ئەمرازێکی ژێدارە، حەوت دانە ژێی پێوەیە. نەی (ف. ك): قەمیش، موسیقای بلوێری قەمیش. موتریب (ع. المطرب): سازندە، گۆرانیبێژ. فیرقەت (ع. الفرقة): جودایی. ڕەنەك ″ك″: ئامێرێکی ئاسنی وەك دەوی هەڕە واسە، وڵاخی بەرزەی پێ دەڕنن و پێی پاکژ دەکەنەوە. نەغمە (ع. النغمة) ئاواز. ڕەباب (ع. الربابة): ئامێرێکی سەرەتاییی ژێداری چۆلگەڕانە تاکە ژێیەکی هەس... ساغەر (ف. ساغر): پیاڵە، جامی شەراب، ساقی (ع. الساقي) مەیگێڕ. هەلاهیل (ف. هلاهل): گیایەکی یەك ساڵەییی ژهراویی لە تیرەی ئالاڵان (هەڵاڵان) گوڵووکی ورد و ساق و پۆپی هەیە و لە گوێ چۆم و جۆگەلان دەڕوێ. هەڵاڵە: بەگوڵی زەردی بۆن خۆشیش دەوترێ. ″سۆسن و هەڵاڵە و بەیبوون تازە بۆنیان خۆش دەبێ ″مەزاق (ع. المذاق) چەش، چێژ، چەشتی. ناب (ف. ناب): لە خەوش و دورد و تڵپە بەدەر. ساف، سویل، زەلال. دەنی (ع. الدنئ) پەست، ئەدی وشەی (دنیا)ش هەر لەمەڕا نەهاتووە، واتە: نزم و پەست و نەوی. سیفەتی مێیە. بۆ نێر (الادنی) دەگوترێ. سیفەتی موشەببەهەیە. لەسەر وەزنی (أفعل ـ فعلی). پەڕ (ف. ك، پر): پەڕی پەڕەوڵ، پەلەور، پەلەوەر. غوراب

(ع. الغراب): قەلەڕەش. پەلەوەرێکە بەنیشانەی شوومی و خراپی لە قەڵەم دەدرێ. کووره (ف. ك، كوره): جۆرێ لە ئاگردان، وەجاغ، کوانووی سەرداخراو بۆ گەرمایی ئانینە گۆڕێ. کوورەی ئاسنگەر کوورەی خشت سوورکردنەوە و هتد... تەب وتاب (ف. تب وتاب): تاو و تێن، گەرمی.

(٩) بێ

دەردی حەبیب*

دەمکوژێ حوکمە دەزانم بە خودا دەردی حەبیب
وەرە سا بەعشقی خودا دەس لە یەقەم بەردە تەبیب
وەرە دەستێ بخەمە گەردەنی بللوورینت
تا وەکو سفرە لە داخا بدڕێ ورگی ڕەقیب
تالعم نەحسە دەترسم کە بە ئازاری فیراق
بمرم و ڕۆژێ نەبێ دەوڵەتی وەسڵم بە نەسیب
چاوی فەتتانی ئەتۆ ساحیرە یا جادووگەرە[١]
کە بە عیشوە و ناز ئەدا عابیدی سەد ساڵە فریب
تا لە تۆ دوورە دڵی غەمزەدە ئەی ڕاحەتی گیان
مەشریق و مەغریبە مابەینی لەگەڵ سەبر و شەکیب
بێ فەراز نابێ نەشیب، ئەم قسە تەحقیقە وەلێ[٢]
من لە ڕێی عەشقی تۆ نەمدی بە خودا غەیری نەشیب[٣]
قەیدی زوڵفە لە سەر و سەفحەیی ڕووت سابیتە، یا
شێخ دەگۆڕێتەوە گەر چاوی بە زوڵفەت بکەوێ
خیرقە وو سەبحە بە زوننار و چلیپاو و سەلیب
تاقەتی تاق بووە بێچارە لە ژێر باری فیراق
بکە ڕەحمێ بە (ڕەزا) چاکە تەرەححوم بە غەریب
تیبەت و تیبە کە مەمزووجە لەگەڵ زینەت و زیب

---

(١) جادووگەرە یان (دیوان).

(٢) تەحقیقە: (ت، م)، ڕاستە: (خ).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەقسوور

(فاعلاتن، فعلاتن فعلاتن فعلان)

وەك: "از پی تو ز عدم ما بەهـ جهان آمدەایم

نیز برای طرب و لهو و فغان آمدەایم"

حوکم (ع. الحکم): حوکم، ڕەت ناکرێتەوە. حەبیب (ع. الحبیب): یار، خۆشەویست، ماشووق، بەشق (ف. ع. بەعشق): بە ئەوین، بەخۆشەویستی. یەخ (ت. یاقا): بەرۆك. بلوور (یۆ Beryllos): جۆرێ لە شووشەی لە ئاوێتەی سیلیکاتی دوو پۆتاسیۆم و سیلیکاتی دوو پلب دروست دەکرێ. ئاوێنەی ساف و دیوەدەر. بللورین نیسبەتە وەبال (بلور). ڕەقیب (ع. الرقیب): ئەو کەسەی کە هەمیشە لە داخان چاوی لە هەڵسوکەوتی دوو ئەویندارە، خەنیم. تالع (ع. الطالع): بەخت. نەحس (ع. النحس): شووم. فیراق (ع. الفراق): جودایی، لێك دابڕان. وەسڵ (ع. الوصل، الوصال): بەیەك گەیشتن. نەسیب (ع. النصیب): قسمەت، بەش، نسیو . فەتتان (ع. الفتان): مایە فیتنە، فیتنە ئەنگێز، بشێونە. ئاژاوەگێڕ. ساحیر (ع. الساحر): سحر باز. جادووگەر (ف. ك): بەکەسێ دەگوترێ بەخوێندنی هێندێ وردە دوعا بەسەر هێزی شتاندا ڕابگا. ئەفسوونکار. عیشوە (ع. العشوة): کر و ڕەفتارێکی تایبەت کە ژنێك (وەك ناز و غەمزە و چاوداگرتن و زەردە) بۆ ڕامکردنی پیاوێك دەیکا. عابید (ع. العابد): بەندە، کەسێکی بەنوێژ و ئاینداری بەندەگیی خۆی لە خوا ڕاگەیەنێ. فریب (ف.فریب): خاپاندن، هەڵخەڵەتاندن (ف. ع. غمزدە): بەرپێخوستی خەم کەوتگ. سەبر (ع. الصبر): بوردەباری، سەورگرتن. شەکیبر ف. ك. ولی): بەڵام، بەڵان، بەرام، لێ. لە (لکن)ی عەرەبیرا هاتووە. قەید (ع. القید): پێوەند، سەفحە (ع. الصفحة): لا. ئال، ڕووپەڕە. سابیت (ع. الثابت): چەسپ، پایەدار. تینەت (ع. الطینة): قوڕ، هەش، هڕی. تیب (ع. الطیب): بەرامە. مەمزووج (ع. الممزوج): تێکەڵ، ئاوێتە. زینەت (ع. الطینة): هەر شتێکی کە ماشووق خۆی پێ جوان کا. زیب (ف. زیب): جوانی. خیرقە (ع. الخرقة): پەڵاس، جلکی شڕ، پەڕۆ و پاتاڵ. سەبحە (ع. السبحة): تەزبیە، زوننار (ع.الزنار): پشتێنی عیسەوییان، ڕەنگی سوورە. چلیپا (ئارا. صلیبا): ئەو دارە چەپ و ڕاستەی حەزرەتی عیسایان پێ چوارمێخە کێشا. چەپراز. سەلیب (ع. الصلیب): تاقەت (ع. الطاقة): توانایی، بەرگە گرتنی وشار یا باری ماددی یا سۆزەکی. تاق (ك.): تاق

بوون، جیابوونەوە. تاقەت نەمان، کزبوون، تەرەححوم (ع. التّرحم): بەزەیی، دڵ پێ سووتان، ڕەحم پێ کردن.

(١٠) تێ
ئێسترێکی ڕووت و قووت*

میر بە سەد میننەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت
دەست و پا سست و سەقەت ئەندامی هەروەك عەنکەبووت
خاوەنی نالێم کە ئالیکی نەداوە موتڵەقا(١)
داویەتی ئەمما وەکو بیستوومە قووتی لایەمووت
پووش لەلای حەڵوایە حەتتا گەر پەڵۆشەی چنگ کەوێ
بای ئەدا، لوولی ئەدا، قووتی ئەدا مانەندی حووت
گەرچی ناتوانێ ببزوێ هێند لەڕ و کەم قووەتە
دەنکە جۆیێکی نیشان دەی، تا قیامەت دێ لە دووت
پشتی ڕێش و شانی زامدار و جدەو بوو، ناعیلاج
چەند قورۆشێکم هەبوو بۆم دا بە نەوت و عەنزەڕووت
مەسڵەحەت وایە هەتا نەیخواردووم بینێرمەوە
زۆر ئەترسم دەفعەیێ قووتم بدا بمکا بە قووت
سەی فەتاحی مەیتەرم ڕۆژێ بە حوججەت لێی نەوی
کلکی دەرهێنا لەبن، ئەمجا بە ئاستەم گوێی بزووت(٢)
گەر قەڵەو بێ ئەم ئەجنەنە نێرە تەسخیر ناکرێ
غەیری چەند دەروێشی ڕەففاعی بە زەبری جەلجەلووت
ئەم مەتاعە چاکە هەر لاییق بە حاجی ئەحمەدە
جووتی پێ بکا تاوەکو چۆن هەردوو لنگی بکا بە جووت(٣)
لاییقی شانی من و شایانی شەئنی تۆ نەبوو
چاوەکەم چیت پێ بڵێم چارم نییە غەیری سوکووت

---

(١) پێی: (ت، م، خ). خاوەنی ئالیکی نالێم پێ نەداوە موتڵەقا (ت، م، خ).

(٢) ئەم ئەجنە نێرە لێرە تەسخیر ناکرێ: (ت)، ئەم ئەجنە نێرە: (م)، ئەم ئەجننە نێرە: (خ).

(٣) هەروەکو جووت: (ت)، هەروەکو تۆ : (م)، هەروەکو خۆت: (ج)، هەروەکو جووت: (خ).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەقسوور

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)

وەك: "دوش دور از رویت ای جان جانم از غم تاب داشت

ابر چشمم بر رخ از سودای دل سیلاب داشت"

میر (ع. الامیر): ئەمیر، فەرمانڕەوا. میننەت (ع. المنَّە): منەت. هەناردن (ك.) ناردن، شاندن، ڕەوانەکردن، ڤڕێکرن. سەقەت (ع. السَّقط): پەککەوتە، ئیفتادە، کەنەفت. عەنکەبووت (ع. العنکبوت): جاڵجاڵۆکە، کاکڵەمووشان، پس پسە، پیرۆشك. ئالیك (ع. العلیقة): خوری وڵسات. موتڵەقا (ع. مطلقا): هەر بەجارێ، هەرگیز. قووتی لایەمووت (ع. قوت لایموت): خوری نەمر و نەژی. حەڵوا (ع. الحلوی): هەڵوا، لە شەکر و شیرنی چێکری. پەڵۆشە (ك.): سووتەنییەکی دڕکنە، پۆلووی لێ دەکەوێتەوە، ڕەنگی ڕەشە. مانەند (ف. مانند): وەك، مینا، مینان. حووت (ع. الحوت): نەهەنگ. لەڕ (ك. ف.): لاواز، لەغەر، فارسییەکەی "لاغر"ە. ڕێش (ف. ریش): بریندار، ڕووشاو. عەنزەڕووت: بەعەرەبیکراوی ئەنزەرووتی یۆنانی. ئەنزەڕووت، ماددەیەکی بنێشتەکییە، سوور و زەرد و سپیی هەن. تامی تاڵە. لە درەختێکی دڕکاوی دەردەهێندرێ. ڕەنگە کەتیرە بێ و لە گوێنی گەوەن دەربهێندرێ. مەسڵەحەت (ع. المصلحة): چاك، پێویست، قازانج. دەفعە (ع. الدَّفعة): کەڕەت، جار. قووت (ع. القوت): ئەوهەندە خورەی نەمر و نەژی پێی بژیەی. مەیتەر (ف. ك. مهتر): خزمەتکاری ئەسپ و ماین. حوججەت: تەوژم، نهێم. ئاستەم (ك.): کەمۆکەك، بەحاڵ. ئەجننە: جندۆکە، دێو. تەسخیر (ع. التَّسخیر): دەستەمۆ، دەساژۆ کردن. ڕەفاعی: ئۆلێکی دەروێشیی عەرەبانە. دەروێشیان سەریان گەرمە و مار و دووپشك و ئاور دەخۆن. جەلجەلووت: جەلجەلووتییە. دوعای بەپرتەپرتی جادووگەر و کوڵەنانی. لە دیوانەکاندا "تەسخیر ناکرێ" نووسراوە. ئەگەر بەم جۆرە بێ صیغەکە دەبێ (مبنی للمجهول) و فاعلی ناگەرەکە، بەڵام لە غەیری چەند دەروێشی ڕەففاعی، لە ئیعرابدا وەك نەحوییان دەڵێن بەبێگانە دەمێنێتەوە و مانای نابێ؛ "تەسخیر ناکرێ" دەبێ کێ تەسخیریکابێ" مەتاع (ع. المتاع): کەلوپەل، شمەك. لاییق (ع. اللائق): شیاو، شایان، شایستە، لێوەشاوە، لنگی پێ بکا بەجووت: بیتۆپێنێ. یا... شان (ع. الشَّأن): ئەمر،

شکۆ، گەورەیی. سوکووت (ع. السکوت): کڕبوون، بێ دەنگ بوون.

(١١) تێ

تەخمیسی شێخ ڕەزا لەسەر غەزەلی حافز

بۆ هەجوی مەلا مەعرووف کاتبی بیدایەت*

مەعرووفی بێ دیرایەت گووت کردە ناو بیدایەت
چیت پێ بڵێم قوڕمساغ هەردوو گونم بە دایەت
گونمی بە تڕ شەهید کرد کێرم ئەکا ریعایەت
(زان یار دلنوازم شکریست با شکایەت
گر نکتەدان عشقی خوش بشنو این حکایت)
مەعرووف کە حیزی وەك خۆی نەبوو لە نەسلی ئادەم[١]
ئازاری مەقعەدی بوو، بۆم ڕاکشا لەسەر دەم
مردم ئەوەند سواربم، خۆم کوشت ئەوەندە پیا دەم[٢]
(بی مزد بود و منت هر خدمتی کە کردم
یارب مباد کس را مخدوم بی عنایت)
خاشاکی دەوری دوبری لێم بوون بە ماری هەیجا
کێرم بە سەد مەشەقەت ڕۆیی، گونم نەگونجا
کێرم لە پەشمی پاشی دانەی گونی ترنجا
(در زلف پر شکنجش ای دل مپیچ کانجا
سرها بریدە بینی بی جرم و بی جنایت)
ڕووم کردە سەمتی سمتی، یەعنی مەکانی مەعهوود
ئەرزێکی پڕ نەجاسەت دەشتێکی شەهوەت ئالوود
ڕانیم فەرەس چەپ و ڕاست ڕێگەم نەبردە مەقسوود
(از هر طرف کە راندم جز وحشتم نیفزود
زینهار ازین بیابان وین راه بی نهایت)
دەرمانە سمتی ئەمما نەرمانە وەك بەری دەست
هەر مەنزڵێکی سەد میل، هەر میلە سێ سەد و شەست

(ایــن راهــرا نـــهـــایت صورت كــجـــا تـــوان بست
كش صد هـــزار مـــنـــزل بـــیش است از بـــدایت)
بـاوكی پیاوێكی چاك بوو، دایكیشی زۆر موقەددەس[٣]
خـۆی پـوشت و داكـی خـۆگـێ هـەتـا خـودا بـڵـێ بـەس[٤]
بـۆ نـەخـتـێ ئـاوی شەهـوەت جـەرگـی بـووە بـە قـەقـنـەس
(رنـــــدان تشنـــــه لب را آبـــی نـــمـــی دهـــد كس
گـــویـــا كـــه دل شنـــاسان رفـــتـــنـد ازیـــن ولایت)

....

(١) حیزی وەك ئەو: (ت. خ)، حیزی وەك خۆی: (م).

(٢) مردم ئەوەند سواربم و: (ت)، مردم ئەوەندە بیگێم: (م)، مردم ئەوەند سواربم: (خ). ئەوەندە پیادەم:

(م) ئەوەند پیادەم: (ت، خ).

(٣)باوكی پیاوی چاك بوو: (ت، م)، باوكی پیاوێكی چاك بوو: (خ)، پیاوی چابوو: (م..). زاتێكی: (ت)، دایكیشی: (م).

(٤) خۆی پوشت و: (ت)، خۆی حیز و: (م، م. م)، پوشت و: (خ).

(*) كێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن موخەللەع

(مستفعلن فعولن مستفعلن فعولن)

وەك: "ای كامكار سلطان انصاف تو بە كیهان

مسعود شـهریـاری خورشید تـاجـداری"

دیرایەت (ع. الدارية): زانستن، دەرككردن. ئاوەز، فام. دەویت: گەوواد. گون: خایە، باتوو. ڕیعایەت (ع. الرِّعاية): دڵ ڕاگرتن، بەتەنگەوەهاتن. زان یار دلنوازم و هتد... دەڵێ: سپاسی ئەو یارە نازی دڵ ڕاگرەم بەسكاڵاوە دەكەم. ئەگەر وردزانی ئەشقی ئەم حیكایەتە باش بزانە: لەبەر وەی دڵ گری بۆیەت سپاس دەكەم، بەڵام هەر وەك لە دێڕی دووەمدا بەدیار دەكەوێ، مەبەستی ئەوەیە، كە. لە سۆنگەی وەی هیچ جۆرە خزمەتێكی لەبەر چاو نییە، قەدری هیچ خزمەتێكی ناگرێ، گازنی لێ دەكەم، ئەگەر لە وردەكاریی ئەوین دەگەڕێی، ئەم حیكایەتە باش ببیە" چونكە سپاس و سكاڵا و گازن دوو وشەی لێك دووفاقن، ئەو (ی)ەی لە "شكریست"دایە، لە بۆ تەنكیرە، نەك لە بۆ وەحدەت. واتە سپاسێكی سپاس ئاسایی نەك یەك سپاس. دیارە

هاوپێوەندیی شێخ ڕەزا دەگەڵ مەعرووفی بێ دیرایەتدا وەك هاوپێوەندیی ئاشق و ماشووقێك لە قەڵەم دراوە و ماشووق قەدری ئەو هەموو بۆ تێخستن و بۆ تێبڕینە لەبەر چاو نییەو نانکوێرە و لە کاتی گایینیدا ڕەحمی پێ نەکردووە و گونی بە تڕ شەهید کردووە، کەچی ئاشق خاتری وەبان چاو گرتووەو کێری دڵە ناسکەکەی ئەوی ڕاگرتووە و لە کاروانە نەکەوتووە... حیز: ترسەنۆك، ژنی داوێن تەڕ، هەتیوی قووندەر، دوودەکی. تەنیا کورد و تورکمان دەیڵێن لوڕ و فارس بە ″خیز″ی دەڵێن. بە ″هیز″یش دەگوترێ، وەك ″هیزە″ وریابە، هیزە نەکەی... نەسل (ع. النَّسل): بەرە، ڕەچەڵەك، تیرە. ئادەم (ئا. ع. آدم): باوە ئایەم، یەکەم بابی سەرلەبەری هەموو مرۆی دنیایە. خوداوەند، هەروەکو دینی کوردان (مسحەفێ ڕەش، جیلوە، تەزکەرەی ئەعلای ئەهلی هەق، کە ئەوانە بەبیر و بڕوای کوردان نووسراون، خودا لە گڵی حەوت کێوانی ڕسکاند. کاتێ خوداوەند فەرمانی بەدروستکردنی حەزرەتی ئایەم فەرموو، نە حەزرەتی جبرائیل، نە حەزرەتی میکائیل، نە حەزرەتی ئیسرافیل، چتاقیان ئەو گڵەیان پێ نەهات، دەستیان بۆ گڵی هەر کێوێ لەو کێوانە دەبرد، هاواری لێ هەڵدەستا: هیزە نەکەی، نامەوێ لە گڵی من قوڕی حەزرەتی ئایەم بگرنەوە، دەزانم ئاکامی بە چ دەگا .. هیزە نەکەی .. ئەوژی لە تاو هاوار و فیغان لێی دەگەڕێ. تا نۆرە دێتە سەر حەزرەتی عیزرائیل، ئەو چوو، گڵی هەر حەوت کێوانی هێناو چ گوێی بە هاتوهاواری کێوان نەدا، ئەوەبوو پەروەردگار، لە پاشان کردی بە گیان کێش، قابیزی ئەڕواحی سەرلەبەری تیرەی مرۆی دنیایە. مەقعەد (ع. المقعد): قوون. قنگ ئەوەند: هێند، ئەوەندە. بی مزد بود و هتد... واتە هەر خزمەتێکی کردم، بێ مز و پاداشت مایەوە، خوایە، کەس ئاغای بێ سەلیقەی نەبێ .. واتە خودایە کەس گەورەی بێ ئیرادە نەبێ، یا کەس مەخدوومی بێ پەرۆش نەبێ، واتە کەس مەخدوومی قەدر نەزانی نەبێ .. بەڵام خەیام دەفەرمووێ ″نە خادم کسی و نە مخدوم کسی...″ خاشاك (ف. ك. خاشاك): خاشاڵ، چیلکە و چاڵ، پڕوپووش. دوبر (ع. الدبر): کونی قوون. هەیجا (ع. الهیجاء): ئەگەر وشە عەرەبییەکەی نیاز بێ، ئەوە بەمانا ″شەڕ″ە، بەڵام پێم وایە حەزیا، ئەژدەها، ماری حەوت سەری مەبەستە... مەشەققەت (ع. المشقَّة): سەختی و ئاستەنگ. مەبەست لە گون نەگونجان: نەیتوانیوە بۆی بەرێ. پەشم (ف. پشم): خوری، چۆغەی بووزوو. لێرەدا پیاو وێنەی شەکە بەرانێکی دێتە پێش چاو، کە دووگێکی زەلامی هەبێ:

ترنجان: چوونە نێو شتێ بەگێرە و کێشە و زەحمەت. در زلف و هتد... واتە: ئەی دڵ بەپێچ و تاوی ئەو یارە، کە زوڵفی وەکو کەمەندە، مەگەڕێ، چونکە لە پێچ و تاوی ئەو زوڵفەدا سەری هەزاران بێ گوناه و بێ تاوانان دەبینی. واتە ئەوەی بەو گوزەرەدا بگەڕێ، با لە سەر و گیانی خۆی خۆش بێ .. نەجاسەت (ع. النَّجاسة): پیسی. شەهەوەت ئالوود (ف. شهوت آلود): شەهوەتاوی، خڵتانی شاوەت، بەشاوەت پیس بوو. فەرەس (ع. الفرس): ماین. مەقسوود (ع. المقصود): مەبەست. از هر طرف و هتد... واتە: لە هەر لایەکی دۆڵی جودایی یا ئەشق گەیشتم، جگە لە نامۆیی و هەراسان ی چیی دیکەم زێدە نەکرد، ترس و هەراسانیم زیادی کرد .. هیزە لەم چۆل و ڕێگا بێ سەروبەرە وریابە .. جووت بەقێی هەردوو وێنەکە ئەوەسا: کە ناو بۆشاییی قوونی مەعرووف و دەشتی کاکی بەکاکیی ئەشقی وەکو یەکدی لە قەڵەم داوە .. کوڕە ئەو ڕەزا نارەزایە، چیی کردووە .. پیاو کوو خۆی بەو جۆرە لە هەموو بەندوا رییەك ئەوها ڕەها دەکا؟! ئەمن پێم وایە ڕەزا لە عوبەیدی زاکانیی زۆر بەولاوەترەوە بردووە... مەنزڵ (ع. المنزل): قۆناخ، هەوار، ئەو جێی کاروانی تێ دەهێورێ .. این راهراو هتد... واتە: کوو دەکرێ تەسەووری کۆتاییی ئەم ڕێگایە بکرێ، کە ئەوە هەر لە سەرەتاوەی لە سەد هەزار قۆناخ پترە. مەبەستی ڕێگای ئەشقە و ئەوە ڕێگایە کە ئاخری نییە و کەسی ناگاتێ "کە عشق آسان نمود ولی افتاد مشکلها". شێخ ڕەزا لێرەدا دوو وێنەی پێکەوە شەتەك داون: یەکەمیان ڕێگای بەدوا قۆناخ گەیشتنی ڕێگای ناو قوونی مەعرووف کارێکی هەستەمە و لە کێش و توان بەدەرە. دووەمیان ڕێگای بەدوا هەوار گەیشتنی ڕێی ئەشقە. ئەتۆ لەم گاڵتە بازاڕییە بڕوانە و پێ بکەنە... ئەمن پێم وایە ڕەزا بڕوای بەهیچ شتێك لەم خەیاڵ بازاڕییەی ئەشق نەبووە. بەڵام سەیر ئەوەیە، کە سەرلەبەری لە دنیا ناهومێد و تەمبەڵ، خەونیشیان بەدوا مەنزڵەوە دیتووە و هەر نەشیگەیشتوونێ ..

(١٢) تێ
موديری تەحريرات*

گــــزر دوائـــــر أقــــلامـــــی ارقــــەسنــــدە دوات
مــــدار أهــــل قــلــــمـــدر مـــديـــر تــحـــريـــرات

نـگـفـتـمت کـه حـذر کـن ز تـیـغ نـاطـقـه‌ام
فـــإنَّ نـــاطـــقـــتـــی آفة مـــــن الآفات
لەبەر عەبا کە جەبەم کردی ئەی فەقیری خودا
ئەوە عەباکەتە کێرم بە قنگی خۆت و عەبات

....

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون ئەصڵەم
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لن)
وەك: "بە خاك پای عزیزت کە عهد نشکستم
ز من بریدی و با هیچ کس نپیوستم"
گزر (ت.): دەگەڕێ. دەخولێتەوە. دوائر (ع. الدوائر): جغز. أقلام (ع. الاقلام): خامە، قەڵەم. دوات (ع. الدوات): مەرەکەبدان. دەڵێ: مەرەکەبدانی لە دووی جغزەکانی قەڵەم دەگەڕێ، واتە قوندەرە و قوونی هەمیشە بەدەور و خولی کێردا دەخولێتەوە. مدار (ع. المدار): خولگە، سوورگە. أهل قلم (ع. أهل القلم): خاوەن قەڵەم، دیارە خاوەن کێر مەنزوورە. مدیر تحریرات (ع. مدیر التحریرات): باشکاتبی موتەسەڕیف. دەڵێ مودیری تەحریرات سوورگەی خاوەن قەڵەمە، واتە قوونی بەدەوری کێری خاوەن قەڵەماندا دەخولێتەوە، کەلام لەسەر حەزفی موزافە، واتە: بەدەوری کێری خاوەن قەڵەمدا .. ئەو مەجازە، وەك "واسأل القریة"، واتە "واسأل أهل القریة" وایە .. نگفتمت: پێم نەگوتی. کە حذر کن: کە وریابە. ز تیغ ناطقەام: لە تێخی زمانم. فإنَّ ناطقتي آفة من الآفات: زمانم بەڵایەکە لە بەڵایان. جەب (ك.): بەخشین، لێ بووردن. لە کن فارس "جباکردن" بەمانای لە ڕووی دۆستایەتییەوە، قاوەیێ، جگەرەیەك بەیەکێ لوتف کردنە .. خۆت و عەبات: خۆت و عەبایەکەت، یا وەك هێندێ شێوەزاری کوردی دەیڵێ: خۆت و ئەبات" .. ئەوجا "عەبات"، واتە: "بابت"

(١٣) جیم*

ئەو دەغڵە کە تەسلیمی دەکا شێخ بە هەجیجی
نوقسانی دەکات هەر لە تەغارێ دە کەویجی
ئەسڵ و نەسەبت دۆمە لە من بووی بە هەجیجی
بێ مروەت و ئینساف و حەرامزادە و بیجی

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)
وەك: "گر دست دهد خاك كف پای نگارم
بر لوح بصــر خط غباری بنگارم"

دەغڵ(ع.): دەسکەوتی گەنم و جۆ. هەیجیجی: جۆرە کوردێکی کوڵەبنەی کۆسەی ناوچەی هەورامانن، بەرەزەوانی و بەسەر پردی لە تووڵە مێو ڕاهێڵکراوی باریکدا هاتوچۆکەر نامێن، زۆر زیرەکن، تا بێژی موسڵمانن. هێندێ دەڵێن: نێویان لە "حەجیج"ەوە کەوتووەتەوە، کە کۆی "حاج"ە. تەغار (ت. طغار): بەدەفرێکی درێژووکە لە سواڵەت دەگوترێ، کە ماست و دۆی تێ ڕۆدەکەن. تێ دەکرێ. یەکانە پێوانەیەکە هەمبەر١٠کیلۆ (ئەمەش بەپێی یاسای قازان خانی مەنگۆڵ)... دیارە ئەمەی پاشین مەبەستە. لە موکریان ٤ تەنەکەیە، لە کوردستانی عیراق ٦٤ تەنەکەیە، واتە: سی قسناغە... کەویج: عارەب کردوویە بە "قفیز"، کەویز، کەویژ. بەڵام ئەمە بەدرێژاییی ڕۆژگار پێوانەکەی گۆڕاوە٩٠ڕەتڵی عیراقی دەکا ٨ مەکووکە و هاوکێشی ٢٤ کێلەیە. ئەسڵ و نەسەب (ع. الاصل والنسب): بنەچەکە و ڕەگەما. دۆم: هۆزێکی گەڕۆکی کوردە. هەمیشە بەفێڵبازی نامێن. مروەت (ع. المروءة): جوامێری، پیاوەتی، ویژدان. ئینساف (ع. الإنصاف): لە وشەی "نصف"ی عەرەبیرا کەوتووەتەوە، بەمانا: نیوە. لە ئیمامی عومەریان (د.خ) پرسی: عەدل و داد مانای چەس؟ فەرمووی: "إنصاف"، گوتیان: "إنصاف" چەس؟ فەرمووی "دوونیم کردن". گوتیان: "دوونیم کردن چە؟" فەرمووی: "خەڵك" دوونیم کردن. واسە ئەگەرەکە خەڵکەکەت کرد وە دوو بەشەوە، بەشێکیانت پێ قایل کریا، تۆ عادلی، وە دادی، وە ویژدانی، وە ئینسافی... حەرامزادە (ع. ف. حرامزاده): بەچکەی ناشەرعی، مرۆی بەحەرام لە داك بوو، وە حەرام لە (داڵك) زا. بیج (ت.): بیژوو، بیژی، کەسێکی وە حەرامی لە داڵك و باو بوو.

(١٤) دال

سەرگوزەشتەی خۆی و هەجوی شێخ غەفوور*

ئــەو ڕۆژە کــە تــۆرام و لــە کــەرکــووك سەفــەرم کـرد
مــانــەنــدی عــەقــاریب لــە ئــەقــاریب حــەزەرم کـرد

گـەردوون سنـكـی كـردم و هـێنـامـیـیـە كـۆیـە[١]
مـیـوانـی لـە كـن مـامـە غـەفـووری لـەجـەرم كـرد[٢]
ویستـم كـە بـڕۆم بـۆ سەفـەری ڕۆم بـە سیـاحـەت[٣]
نەیهێشت و دوو سەد ئەهلی عەمامەی لە سەرم كرد
دانـیشێ، نـەچـێ مـن كـچـی خـۆم مـارە دەكـەم لـێی
ئـەو تـالـیـبـی دونـیـایـە ئـەوا مـوعـتـەبـەرم كـرد
چـورسا لـە بـەرم جـوبـبـە وو فـیسا لـەسەرم فـێس
نـێ فـێسی لـەسەر نـام و نـە جـوبـبـەی لـە بـەرم كـرد[٤]
شەش مانگێ بەم ئەفسانە گلی دامەوە لای خۆی[٥]
نـەمـزانـی مـلـم بشكـێ تـیـاچـووم، زەرەرم كـرد
وەڵـڵاهـی دەكـەم دەرحـەقـی ئـەو بـەڵـكـو زیـاتـر[٦]
ئـەو كـارە كـە دەربـاری ڕەشیـدی پسەرم كـرد
كـارم تـەڕ ئـەبـێ ئـەمـوت ئـەگـەر لـوتـفـی ببـێ مـام
ئـەی لایـقـی ڕیشی بـە خـودا كـاری تـەڕم كـرد[٧]
بۆ مەجتەهیدان گەرچی مورەخخەس نییە تەقلید[٨]
مـن مـوجـتـەهـیدم، هـاتـم و تـەقـلـیدی كـەرم كـرد[٩]
ئـەی گـووی خـلـە بـەو لوتفـە كە ئـەو كردی لـەگـەڵ مـن
لـەم مـەرحـەمـەت و لـوتـفـە ئـەوا مـن گـوزەرم كـرد
سەد دەفعە گوتم وەختێ كە دیم نەخوەتی قەلبی[١٠]
یـاڕەب كـە لـەگـەڵ شێخ عـەلـی بـۆچـی شەڕم كـرد[١١]
هـەر دەچـمـەوە لای گـەرچـی بـڵـێ هـاتـەوە دیسان
ئـەو خـوێڕیـیـە بـێكـارە كـە مـن لـێرە دەرم كـرد
هـەرچـەنـدە (ڕەزا) بـاعـیسی بـەدنـامـیـیـە عـەودەت[١٢]
لـەم سووكـی و بـەدنـامـیـیـە سەرفـی نـەزەرم كـرد

(١) كۆی: (ت، م)، كۆیە: (م. م)، كۆیە: (خاڵ). سەبوكی: (ت). كۆیە (كش. مەلا ئەحمەدی دەكە).

(٢) لەچەر (دیوان). لەجەر (کش. مەلا ئەحمەدی دەکە).
(٣) خوستم: (ت)، ویستم: (م).
(٤) نە فێسی لەسەرم ناو: (ت، م)، نەفێسی لەسەر نام و: (خ).
(٥) شەش مانگە (دیوان). مانگێ (کش. مەلا ئەحمەدی دەکە).
(٦) زیاتر (دیوان). زیادتر (کش. مەلا ئەحمەدی دەکە).
(٧) تەڕم کرد: (ت)، ترم: (م)، ترم: (خ). تر: بەئیملای کۆن بۆ (تڕ) و (تەڕ)، هەردووکیان هەروا دەنووسران... (تڕ) بەم شێوەیە بنووسرێ لەتافەتەکەی تێدایە.
(٨) جەوازی (دیوان). مورەخخەس (کش. مەلا ئەحمەدی دەکە).
(٩) هاتمەوە (کش. مەلا ئەحمەدی دەکە).
(١٠) نەخوەت نجلی (کش. مەلا ئەحمەدی دەکە).
(١١) یارەبی لەگەڵ شێخ من بۆچی شەڕم کرد: (م. م) یارەب، کە لەگەڵ شێخ بۆچی شەڕم کرد: (ت)، یارەبی لەگەڵ شێخ عەلی بۆچی شەڕم کرد: (م).
(١٢) لکن (کش. مەلا ئەحمەدی دەکە).
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعول مفاعیل معاعیل فعولن)
وەك: "اندوه تو شد وارد کاشانەام امشب
مهمان عزیز آمده در خانەام امشب"
تۆرام: زیز بووم، تۆریان، کەسێ لە ماڵە باوی، خزمێکی وەدەرکەوێ و نەگەڕێتەوە... ئەم وشەیە لە " تار" هوەش نزیکە، "تەرە" دەگوترێ... "تار"ە کە بەمانای پەرەوازە، هەج بووە. تەرە بووە: ئاوارە بووە... دەگەڵ "طریدة"ی حارەبانیش ڕەنگە خزم بن... خوا بۆ خۆی دەزانێ. مانەند (ف. مانند): وەك، چون، مینا، مینان. عەقاریب (ع. العقارب): کۆلاژدم، دووپشك، کوژدمە. ئەقاریب (ع. الأقارب): نزیکان، خزم و خوێش. حەزەر (ع الحذر) سڵ، کۆ، پرینگانەوە، ترس. گەردوون (ف. ك گردون): ئەو هەموو ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ و شتانەی لەو کائیناتە بێ سەر و بێ بنە، کە بێ وچان دەگەڕێن و ناسرەون. کوردیش وەك زۆر خەڵکی دیکە بەخاوەنی هەموو هێزێکیان زانیوە و تا ئێستاش بەحیسابی وان نەگەڕاوە... سنك: سەمەندۆك، دار ڕستەی ملی سپە. لەجەر (ك.): لاواز، بنێس، لەغەر، کز. ڕۆم: ولاتی ئەنادۆڵ، ولاتی یۆنان و کورد و چەندین نەتەوەی جۆراوجۆرە. سیاحەت (ع. السَّیاحة): گەشت و گەڕان. ئەهلی عەمامە (ع.

أهل العمائم): سەر سپی، مێزەر بەسەر، مەلا و شێخ. موعتەبەر (ع. المعتبر): خاوەن وەج و ئیحتیبار. چورسا: چرووسا: ڕزی، چرووسایەوە. ئەم وشەیەم نە لە هەمبانە بۆرینەی هەژار و نە لە فەرهەنگی (کوردستانی گیوی موکریانی)دا، دیتەوە... جوبە (ع. الجبة): ئەوەی مەلا لەسەر بەرگەوەی لەبەردەکەن، لە گەرمیان زۆر لەسەر زارە... خیسا: خووسا، شەی هەڵێنا، گلدانەوە: هێشتنەوە، لە کنە خۆ هێشتنەوە. تیا چووم، زیانم کرد... کورد دەڵێ لە مازییان تێداچووە بەسیچکان تێی دێنێتەوە... چەند ڕێکن، یەکیان بۆ زەرەر و زیان ئەوی دیکەیان بۆ (تعویض)ی مام حارەبە. بەزەرەر (ع. الضرر): زیان، تیاچوون... ئەمەکارە؟! دیارە شێخ ڕەزا هەر بۆ خۆی دەزانێ چییە... ڕەشیدی پسەر (کوڕی مامی شێخ ڕەزا): تەڕ: باش، چاك، پا.. ئەگەر ئی دووەمیان بە (تڕ) بخوێنییەوە، مانایەکەی ئەوەیە کە شێخ لە کارەکەی پەژیوانە و نەدەبا بیکا. واتە وەك تڕێکم کردبێ وام بەسەرهات، شەرمەسار و خاکەسەر... ئەوها خۆیندنەوەش، (لایقیی ڕیشی) شایەتیی بۆ دەدا. موجتەهید (ع. المجتهد): مەلای چاك، کە بۆخۆی ئەحکامی شەرع لە قورئان و فەرمایشتی پێغەمبەر (د.خ) هەڵدێنجێ، بەقسەی ئەم و ئەو ناکا، لاساییی کەسی دیکە ناکاتەوە... لە کن هەر چوار مەزهەبە سوننییەکان بابی ئیجتیهاد دوای پێغەمبەر داخراوە... لە بری (اجتهاد) کە تاکە کەسێکی تێدا سەرپشکە، ژمارەیەك لە مەلای چاك و شەرعزانی پسپۆڕ بۆ هەر گرفتێ، بۆ هەر وەرامێکی شەرعی، کۆ دەبنەوە، یا هەموو لەسەری ڕێك دەکەون، ئەوجا ئەوشتە بەرەوا، بەحەلاڵ دەزاندرێ... بەڕاستی ئەمن ئەوەی سوننی مەزهەبانم پێ سەلامەتترە، دیموکراسییانەیە... هەڵەی کەمتر ڕێ دەکەوێ... بەڵام برایانی دوازدە ئیمامی، لەسەر "اجتهاد" مەرجەعیەت، ویلایەتی "فەقیە" دەڕۆن، "لکلٍّ وجهةٍ هو مولیَّها..." "دیارە "اجتهاد" مەرجی خۆی هەیە من موجتەهیدم و هتد... دەڵێ ئەمن دوو هەڵەم کرد: یەکێکیان موجتەهید بووم و تەقلیدم کرد، کە موجتەهید نابێ تەقلید بکا، دووەم تەقلیدی نەزانم کرد... خلە: کورتەی خەلیلە. گوزەرم کرد: دەستم لێ شت، خۆم لێ بوارد، تێ پەڕیم. نەخوەت (ع. النَّخوة): لووت بەرزی، شانازی بەخۆوە، خۆ بەگەورەزانین، نەفس بڵندی. قەلب (ع. القلب): دڵ. شێخ عەلی: برای شێخ ڕەزا. خوێڕی: بێکارە و نامەرد. تورك وشەی (خۆرلاماق Horlamak) بەمانا تەحقیر کردنی یەکێکی دیکە بەکاردێنن، بەنموونە: بەچاوێکی کەم لە کورد دەڕوانن. Hor gozle bakmak، بەچاوی تەحقیر نواڕین... بەدووری نازانم لە وشەی (خوار)ی کوردی و فارسی کەوتبێتەوە... چونکە بەکەم تواشاکردن، بەخوار تواشاکردنە...

باعیس (ع. الباعث): هۆ، سۆنگە، دنەدەر، بەدنامی (ف. بدنامی): نێوخراپی، بەدناوی، نێوبۆسۆیی. عەودەت. (ع. العودة): وەگەڕان. سەرفی نەزەر: وازهێنان.

(١٥) دال

لە باسی باو و باپیری تا ئەگاتە خۆی*

خودا وەختێ کە حەزکا بەندەیێکی خۆی بکا خۆشنوود
لە ڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بەپێی خۆی شاهیدی مەقسوود
لە هندستانەوە شەش مانگەڕێ تا خاکی کوردستان
خودا شێخ ئەحمەدی هندیی ڕەوان کرد بۆ مەلا مەحموود
مەلا مەحموودی زەنگنە یەعنی قوتبی دائیرەی ئیرشاد
لە دەوری مەرقەدی هەردەنگی یاهوو دێت و یا مەعبوود
لە پاش ئەو ئەرشەدی ئەولادی شێخ ئەحمەد لە جێی دانیشت
بیعەینیە وەك سولەیمان جێنشینی حەزرەتی داوود
ئیلاهی سەد هەزار ڕەحمەت لە قەبری والید و مەولوود
بە ڕەحمەت چوون ئەوان، با بێینەوە سەر باسی ئەوڕەحمان
فیدات بم ئەی نەتیجەی دوودمانی ئەحمەد و مەحموود
نەتیجە مەقسەدە تالی و موقەددیم شەرتی تەحسیلە[١]
ئەوانەی بۆیە ئیجاد کرد خودا تا ئەم ببێ مەوجوود
ئەمێستاش شێخ عەلی نەجلی کەبیری ساحیب ئیرشادە[٢]
ئەمیش وەك باب و باپیری لە زومرەی ئەولیا مەعدوود
ڕەزاش لەو نەسلەیە بیبەخشە یاڕەب چونکە قەت نابێ
گوڵی بێ خار و بەحری بێ بوخار و ئاگر بێ دوود

(١) تالی و موقەددیم: (خ)، تالی موقەددەم: (ت)، تالی وقدم (م).

(٢) کە پیری ساحێب ئیرشادە (خ).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″درخشان عاشق آن باشد کە شب با روز پیوندد

ترا گر خواب می گردد نە صاحب درد عشاقی″

خۆشنوود (ف. خوشنود): دڵخۆش. شاهیدی مەقسوود (ع. الشاهد المقصود): پیر، یار، زەنگنە: هۆزێكی كوردە، لە كوردستانی عیراق لە دەوروبەری كفری و ئەم بەری سیروان نیشتەجێن، خان ئەحمەدیان نامێ بوو، وەخت بوو لە شەڕی گڵەزەردەدا بەسەرخانە پاشای بەبەدا زاڵ بێ... بە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕوخانەشەوە هەن... خۆی گوندی (خان) هەر لەو ناوەیە... تاڵەبانی زەنگنەن. قوتب (ع. القطب): هەریەك لە دوو كۆتاییی خولێنكی گۆ، تەوەرە. هەمە كارە، هەرخۆی حسێو، خاوەن فەرمان. دائیرە (ع. الدائرة): جغز. ئیرشاد (ع. الارشاد): ڕێنوێنی، ڕێبەدێیی، ڕێنمایی. ئەرشەد (ع. الارشد): كوڕە گەورە. ئەڵبەت (ع. البتة): بەقەتعی، بێ گومان، بێ سێ و دوو. فرزەند (ف. فرزند): كوڕ، ئەولاد. والید و مەولوود (ع. الوالد والمولود): باو و كوڕ... نەتیجە (ع. النتیجة): نەتیژە، نەویرە، دەسكەوت، دوودمان (ف. دودمان): بنەچە، بنەما، ماك، بن ماكە. نەتیجە (ع. النتیجة): ئەو ئاكامەی بەپێی مەنتیقی ئەرەستوو، لە دوو ڕستە (قضیَّة ـ تەرح، تێز، كێشە، جێی بگرە و بەردە، یەكلانەبووەوە) پێك دێ، كە بەتێز (قضیَّة)ی یەكەم، بەرایی (مقدَّمە)ی یەكەم گچكە (صغری) و بەتێزی دووەم، بەرایی (مقدَّمە)ی دووەم و گەورە (كبری) دێتە گۆڕێ... تالی (ع. التالي): لەو تێزەی كە لە پاش مقدَّمەوە دێ. وەك: نەوزاد مرۆیە، هەموو مرۆیەك قسان دەكا، نەوزاد مرۆیە... ″نەوزاد مرۆیە″ تەرحێكە هێشتا گریمان ساغ نەبووەتەوە، پێشی دەگوترێ: ″مقدَّمە″ی گچكە، ″هەموو مرۆیەك قسان دەكا″ پێی دەگوترێ ″مقدَّمە″ی گەورە. هەر ″نەوزاد مرۆیەكە″ بۆ خۆی دەبێتە نەتیجە... بەڵام ئەمە چ كارێكی بەرهەمهێن نییە: چونكە ئەتۆ بورهانی شتێكی دەكەی كە پێویستی بەبورهان نییە، واتە نەزاندراوێك بەزاندراوێك، یا دوو زاندراو دەردەست ناكەی؛ هەر لەبەر هەندێكەشە، بە مەنتیقی ئەرەستوو، مەنتیقی فۆرمالیزم ″ڕواڵەتكاری″ چاوشاركێ كاری، بێهوودە، ئەستێور، دەگوترێ... بەڕاستی ئەم مەنتیقە بەدەوراو پشتی شتی زاندراوی پێویست بەبورهان نەكرددا دەخولێتەوە. واتە: ″تەحسیلی حاسڵ″ە .. وەك بێژی ″ئاو بۆ ئاوە؟″ چونكە ئاوە. ″مرۆ بۆ مرۆیە؟″ ″چونكە مرۆیە.″ هتد..... بەڵام مەنتیقی مادە گەراییی دیالەكتیك وا نییە؛ ئەو مەنتیقە شتان لە هەموو سەرێكەوە لێك دەداتەوە، لە نیشانە ڕواڵەتەكانی، لە نیشانە جەوهەرییەكانی شت بەداوێن درێژییەوە، بەرەگ و ڕیشەوە، لێك دەداتەوە،

واته نیشانه "خواص"ە سەرەکییەکانی شت بەتەجرەبەی هەست و خوست و پاشان بەئەقڵ، بەکردەوە لێك دەداتەوە، ئەوجا ئاکامگریی لێ وەچەنگ دێنێ... قانوونی "نە لەنەکردن بەکار دێنێ" لە نەکردن لە شتێکەوە بۆ دروستبوونی شتێکی بەڵگەنەویست، تازە و نرت و نوێ هەڵدەکشێ، نەك لە شتێکی ئاشکرا و ڕواڵەت و بەدیهییەوە بۆ شتێکی بەدیهیی دیکە... ئەوتۆ بەئەزموون بۆت ساغ بووەتەوە، کە مرۆ بەئاوەز و کاربەخەرج دان و شت دروستکردن لە گیانلەبەرێکی دیکە هاوێر دەکرێ .. ئەوە چ پێویست بەوە دەکا، هەر ئەوە بۆ خۆی ساغ بکەیەوە، ئەوە بۆ خۆی ساغ بۆتەوە... ئەتۆ ئازاری لە شتێکی "نیس" (منفی) شتێکی "هەس" (مثبت) دەردەست بفەرمووی... خار (ف.): دڕوو، سترِوو، دڕك. دوود (ف. دود): دووکەڵ.

(١٦) دال

کەشوفشکردنی بەگ*

لــە بــەگ وا بــوو کــە مــن مــاتم کشی کـرد
کــە مــن هــەســتــام و ئــەو دامــا و فشی کرد
گەهێ سەیرانی سەر گون بوو گەهێ کێر
حــەقــیــقــەت مستــەفــا بــەگ گــەردشی کـرد
دەبــوو بــاوکــی سەگــی نــاو نــایــە ئــەمما
بــەگــی نــاونــا قــورمساغ یــاغــنـیشی کرد

....

(١) کە ڕوانی ماتە خۆی داما و فشی کرد: (خ)، کە من هەستام و ئەو داما و فشی کرد: (ت)، کە من هەستام و ئەو مات فشی کرد: (م).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف
(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)
وەك: "چنان در قید مهرت پای بندم
کــه گویی آهوی سر در کمندم"

مات (ع. مات): مرد، وشەیەکە بۆ لە کارکەوتنی شای شەترەنجی دەڵێن. واتە: لاچۆ، دەنا، دەتخۆم. داما: نەیزانی چ بکا. فشی کرد: خۆی بەدەستەوە دا (لە شەترەنجدا). گەهـ (ف. گه): گا، جار، کاو. گەردش (ف. گردش): مەسخ بوون، گەشت و گەڕان کردن.

مەبەستی ئەوەیە، ماکی خۆی ترازاندووە، لە باوی ناچێ. قورمساغ: جاکەش، گەوواد، دەویت. یاغنیش (ت. یاغنش): هەڵە. ئەوە بەتورکمەنی و ئازەرییە. بەتورکیی ئەنەدۆڵێ ″Yanliş″ە.

(١٧) دال

سەرو و نەی*

سەرو و نەی چین، کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد
شەکەری خواردووە نەی، سەرو سەری داوە لە بەرد
گەر دەلیلێ وەکو نوقتەی، دەهەنت نەبوایە
منیش ئینکارم ئەکرد وەك، حوکەما جەوهەری فەرد
لێی دەپاڕێمەوە ئەی ڕۆحی ڕەوانم تو خودا
چییە دەرمانی دڵم، پێم دەڵێ، لاچۆ دڵەدەرد

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەقسوور
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)
وەك: ″امشب آن نیست کە در خواب رود چشم ندیم
خواب در روضــەء رضوان نکند اهـل نعـیم″
نوختە (ع. النقطة): پنت، خاڵ. دەڵێ: زاری هێند گچکەیە، هەر دەڵێی نوختەیە، پنتە، خاڵە. سەرو (ف. ك.): داری سەرو، دارێکی ڕاست و بێ بەر و گەڵادەرزییە. نەی (ف. ك. نی): قەمیش. نەبەد (ف. ك. نبرد): شەڕ، کارزار، ڕەزم. شەکەری خواردووە و هتد... دوو مانای هەس: یەکیان ئەوەیە، کە قەمیش شەکری لێ دروست دەکرێ. وەك شەکری خواردبێ وایە. دووەمیان، واتە: ناماقووڵییە، با لە داخان بڕوا سەری خۆی لەبەرد بدا. دەهەن (ف. دهن): زار، دەم، دەو. جەوهەری فەرد: فەیلەسووفانی کۆن لایان وا بووە کە هەموو شتێ دواییی دێ .. ئەم باوەڕەش دە ڕۆژگارێکدا بووە، کە هێمان زانست هێند پێش نەکەوتبوو، کە ئەوڕۆ بەئەقڵ سەلمێندراوە: هیچ شتێ کۆتاییی نایە .. قسەی ″الجزء الّذي لا يتجزّأ″ ڕاست نییە .. مەبەستی ئەوەیە کە مەسەلەی جەوهەری فەرد ڕاستە. دیارە ئەمەی هەر لە بەرچاوی کاڵی ماشووقی

فەرمووە، دەنا زانست ئەمەی لەمێژە ساغ کردووەتەوە، کە وەو تەرحە نییە. دڵەدەرد: دڵ ئێشە.

(١٨) رێ

ستایشی ئەحمەد پاشای بابان*

ڕۆژی یەکشەممە کە مەشهوورە بەڕۆژی پازار
من بە غار کەوتمە دومبالی کوڕێکی بوڵغار
کوڕ چ کوڕ لێوی وەکو لالەیی حەمرا ڕەنگین
کوڕ چ کوڕ چاوی وەکو نێرگسی شەهلا بیدار
ئەهلی ئینساف بەخودا ڕەنگە چەنەی بشکێنێ
گەر کەسێ بێت و بکا قامەتی تەشبیهـ بەچنار
لە هەمووی سەرفی نەزەر، سمت و سورینێکی هەبوو[١]
نازك و نەرم و لەتیف، میسلی تەڵای دەست ئەفشار
خڕ و مەخرووت و مودەوەر سپی و و نەرم و دوونیم
هەروەکو کۆمەڵە بەفرێ کە شەقی کەی بە مشار
کە بەدیققەت نەزەرم کردە سورێن و کەفەڵی
هەردوو چاوم پەڕییە تەوقی سەرم وەك سەگی هار
دەمەنم گرت و وتم: (مرحمت ایت ألماسم!
بویلە یاندرمە بنی آتش عشقك ایلە زار)
(چشم جادوی سیاهت همە بنداست و فریب
همە نازاست و گرشمە همە خوابست و خمار)
(بنی صید ایتدی سنك دیدەیء آهو روشك
ای سنك دیدەلرك آهوکبی شیر شکار)
ساعەتێ چاك لەسەر و سوورەتی نەحسم فکری
پێی وتم: (حاجی بابا گیت ایشینە یاغمەمی وار!
صاچمە، لاقردیلرك حاصلی یوق، گیت ایشینە
آقچەسز ایتمە صاقن آرزوی بوس و کنار

من که یەك پارەیی جلّقم لە ئەزەل شك نەدەبرد[٢]
پێم وت: ایشتە کمرمدە دولودر یوز دینار
بن بیوك ذات شریفم، وکلا خواجە سییم[٣]
طانیور بندەکزی جملەء شاە و خونکار[٤]
ئەلغەرەز هێندە درۆم کرد و فسوونم بۆ خوێند[٥]
کەوتە دووم هەروەکو دووی گورگ بکەوێ بەرخی هەژار[٦]
موختەسەر خۆشە قسە بردمە مەنزڵگەهی خۆم
گرتم و خستم و لێم برد و گونم کرد بە چوار[٧]
مۆڵەتم ساتێ نەدا ئەوشەوە تا وەختی سەحەر[٨]
کاری خێرم بە مەزەندە گوزەری کرد لە هەزار
وەختی سبحەینێ کە داوێنی فەلەك ئەتڵەسی بوو
هەر لەجێ ڕاستەوە بوو دامەنی گرتم وەکو خار[٩]
چنگی وەك پەنجەیی شاهین لە یەقەم قایم کرد
دەستی کردە جەزەع و ناڵەوو هاوار هاوار
زەبتییەی ئەهلی مەحەللە هەموو جەم بوون لە سەرم[١٠]
پرسیان: مەلخەبەر ئەی زاهیدی سالووس شیعار
پێم وتن لەم کوڕە بوڵغارە بپرسن کە لە من[١١]
چیی دەوێ بۆچی دەناڵێنێ وەکو هەوری بەهار
چاکی کرد پەردەیی نامووس گوتی: ″سیکتی بنی،[١٢]
ویرمدی پارەسنی بویلەمی قانون کبار؟″
دەیدیلر: ″حاجی افندی چوجوغك آقچەسنی ویر
سر کە فاش اولدی دها فائدە ویرمز انکار
یوقیسە آقچەك اگر مهلتك اوچ گون اولسون
حقنی اوچ گونە دك ویرملیسین أی غدار″
ئەمە دوو ڕۆژە کە حەیران و پەریشان دەگەڕێم[١٣]
کێم هەیە غەیری وەلی نیعمەتی فەرخوندە شیعار[١٤]

یـەعـنـی هـەمـنـامـی نـەبـی حـەزرەتـی ئـەحـمـەد پـاشا
فەخری دین، کانیی حەیا، بەحری کەرەم کۆهی وەقار[١٥]
مـەدحـی ئـیحسانـی بکـەم، عـەدلـی بکـەم فـەزڵی بکـەم[١٦]
بـە خـودا خـاریـجـە ئـەوسافـی حـەمـیـدەی لـە شومـار
کـەفـی زەرپـەخشی کـەوا مـەنـبـەعـی دوڕ و گـەوهـەرە
مـیسلـی بـەحـرێ کـە نـێ ساحـیـلـی هـەبێت و نـە کـەنـار[١٧]
تـەبـعـی جـەوواد و کـەریـم هـەروەکـو قـائـانـی دەڵـێ
(زر بـە قـنـطـار هـمـی بـخشد و اشتـر بـە قـطـار)
تـا وەکـو دەورە بـکـات و بـگـەڕێ چـەرخـی فـەلـەك
تـا فـەلـەك دێت و دەچـێ، بێت و بـچـێ لـەیـل و نـەهـار[١٨]
بـە مـورادی بـگـەڕێ شەمس و قـەمـەر، چـەرخ و فـەلـەك
زەفـەر و فـەتحی قـەریـن، بـەخـتـی مـوعین، تـالـعـی یـار
ڕەئـیـی تـۆ بـاعـیسی تـەنـزیمی ئـومـوراتـە بـەڵـێ[١٩]
بـۆ کـورەی عـالـەمـی ئـیـمـکـان بـووەتـە قـوتـبـی مـەدار

....

(١) سرین و سرون هەردووکی بەفارسی هەن، بەمانای زل و ″ضخیم″ و گۆشتی ″ضخیم″ دەگوترێ. بەڵام لە چوارپایاندا بەمانای (کفل)ە.

(٢) لیرەیەکم...(کش مەلا ئەحمەدی دەکە).

(٣) خواجم سیم: (ت، م). تورکی ئەستەمبۆل (خواجە سییم) دەڵێن. (خواجە سیم: خواجە سییەم) شێوەی تورکمانی کەرکووك و ئازەرییە.

(٤) بیلوریر(کش. مەلا ئەحمەدی دەکە)

(٥) بۆ خوێند (دیوان). (کش).

(٦) گورگ نەکەوێ .. (ك).

(٧) بردم و گرتم و لێم خست و گونم کرد بەچوار (کش، مەلا ئەحمەدی دەکە).
گرتم و خستم و لێم برد و گونم کرد بەچوار (دیوان).

(٨) موهلەتم (کش، مەلا ئەحمەدی دەکە).

(٩) وەك خار: (ت، خ)، وەکو هار: (م).

(١٠) زەفتییە (ر).

(١١) لەو (کش، مەلا ئەحمەدی دەکە).

(١٢) گوتی (کش، مەلا ئەحمەد دەکە).

(١٣) ئەمە سێ ڕۆژە کە سەر گەشتە وو حەیران دەگەڕێم (دیوان).

(١٤) تەبار (کش، مەلا ئەحمەدی دەکە).

(١٥) فەخری دین کاتبی بەحر و کەرەم و کۆهی وەقار (کش، مەلا ئەحمەدی دەکە).

(١٦) مەدحی ئیحسانی بکەم، عەدلی بکەم، عیلمی بکەم (کش، مەلا ئەحمەدی دەکە).

(١٧) میسلی بەحرێکە نە ساحلی بێت و نە کنار: (ت، م)ن، میسلی بەحرێکە نێ ساحیلی ببێت و نە کەنار: (خ)، میسلی بەحرێ کە نە وەك ساحیلی بێت و نە کەنار: (م. م).

(١٨) چەرخی فەلەك: (م)، چەرخ و فەلەك: (ت، خ) ئەمەیان باوترە هەرچەندە بەئیزافە ڕاستترە، تا فەلەك دەورە بکات بگەڕێ شەمس و قەمەر (کش، مەلا ئەحمەدی دەکە).

(١٩) دوور نییە (دەڵێی) بووبێ کە دەبێ بەتشبیهـ بەڵام بەئیستیدلال دەبێ بەمەدح لە سوورەتی زەومدا. وەلێ (دیوان).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصڵەن موسەببەغ.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)

وەك: "دوش وقت سحر از غصّه نجاتم دادند

واندر آن ظلـمت شـب حـیاتم دادند"

پازار (ت. Pazar): پشوو، ڕۆژی یەکشەمە، دیارە لە بۆ چوونە بازاڕ و حەسانەوەڕا هاتووە. دومبال (ف. دمبال): دوا، دوو، لالە (ف. لالە): ڕەبەنۆك، مێلاقە. حەمرا (ع. الحمراء): سوور، ئاڵ. شەهلا (ع. الشَّهلاء): ژنی چاومەڕ، چەم مێش، ژنێك کە چاوی ڕەشێکی شین ئاماڵ و جوان بێ. بیمار (. بیمار): نەخۆش، وەك چاوی نەخۆش. سورێن (ف. سرین): کەفەڵ. تەڵای دەستەوشار: زێڕی دەست وشار. دەڵێن: خوسرەوی پەروێز، چنگێ زێڕی نەرم و نیانی هەبووە، گوشیویە زێڕ لە نێوان پەنجەکانیەوە فیچقەی کردووە و بەسەر خەڵکیدا بەشیوەتەوە، کورد بەمەسەل دەڵێن: کاورا تەڵای دەستەفشاری هەس، هەزێنەی لە بن نایە. لێرەدا مەبەست نەرم و نیانیی سمت و کەفەڵی هەتیوە بوڵغارییەکەیە... لە ئابی ساڵی ١٩٦٩دا سەندیکای مامۆستایانی عێراق لە بەغدایێ، دەلەگەیەکیان لە مامۆستایان پێك هێنا، بەدەنگی بانگهێشتی کۆماری بوڵغارستانەوە بچین، ئەمنیش بە ١٧٠ دیناری خۆم بەگەڵ دەلەگەی

ماموٚستایان کەتم، هەر لە بەغدارا شەرواڵ و مرادخانییەکم لە مەلا عومەری مەلا ڕەشید خواستەوە، مشکییەکی بازگی زەلامم بەسەرەوە بەست، هەر دەتگوت خانی دزڵیم .. بەفڕۆکە لە بەغدارا فڕیین چووینە بێرووت، هەر ئەویٚ ڕۆژیٚ لەوێرا چووینە ئەستەمبوٚڵ. پاش دوو ڕۆژ باڵیوٚزخانەی بولغارستان بەشەمەندەفەری ئەورووپا بەڕێیان کردین. بوٚسبەینیٚ سەعات ٧:٣٠ گەیشتینە سوٚفیا. نماینەیەکی زوٚری دەزگا پەروەرشتەکان و هونەرەکان بەپیریمانەوە هاتبوون و پێشوازییان لیٚ کردین. بردینیانینە تالارێکی گەورە و لەویٚ میواندارییان لیٚ کردین، نزیکەی ٣٥ کەس دەبووین، هەشت ـ نوٚ مێینگەشمان دەگەڵدا بوون... ژنە نیوە فارس و نیوە حارەبیٚ فرە شوٚخمان دەگەڵدا بوو، ئەمنیش هەر لە ڕێوە، بەفارسییە شڕەی خوٚم، خوٚم تیٚ هەڵسوی، زوٚری پیٚ خوٚش بوو، چاوێریی بکەم، نێوی ئوم سەلام بوو، تا بێژی بەحورمەت بوو... بەڵام ئاخرییەکەی لە ڤارنا بەزوٚر و بەخوایشت دانسێکم هەر دەگەڵدا کرد بەڵام لەشەرمان پێوپلی لێك دەئالاٚ... زوٚر جێیان گەڕاندین، کارخانەی ئاسنسازی نەما، دیمتروٚفی مومیاکراو نەما، ماڵەکەی و کتێبەکانی نەما، مەزرا نەما، لێڕەواری دار هەزار ساڵ تەمەن نەما، سەیرانی ئەسپ و چارەویٚ نەما، گوندی سەر جادە و شاڕێیان نەما، خوٚلاسە بوٚ زوٚر شوێنیان بردین... هاتینە ڤارنا، دە تالارێکی گەشتوگوزاری سەر دەریای ڕەشدا دامەزراین، ژن بەجیا، پیاو بەجیا، ئەو تالارە ئی سەندیکاکانی کارگەران بوو. پارە و دەسکەوتی بوٚ خوٚیان دەمایەوە. قەڵتاخێکی فەلەمان دەگەڵدا بوو، ئەو دیلمانمان بوو، ئنگرێزییی خاس دەزانی. ئەمنیش باکم بەهیچ نەبوو، لە هەموو شوێنیٚ تورکێکی بولغارستانیم وەگیر دەکەوت، مەمەدم هەر لە ساڵی ١٩٥٥وە لە وارشوٚوە دەناسی، دیتمەوە .. زوٚری ڕێبەدێیی کردم. کیٚ سەرپاڵامانە؟ جەعفەر مەتەر، برای، ئاموٚزای، ڕەشید مەتەر. کوڕی چا بوو، ڕوٚژێکیان گوتیان مەهداوی تەشریفی هێناوە، بەزوٚر ڕەپێچەکیان داین، ئیلکەم و بیلکەم دەبیٚ بەپێشوازییەوە بچین. ئەمنیش نەمکردە نامەردی، چ هەوەسم بەوە نەبزووت، مانم گرت، گوتم ئەمن نایەم .. هەتیوێکی چەقوٚکێشی گەڕەکی بابوششێخم لیٚ ڕاپەڕی:

ـ لیش ما تجي؟

ـ کێفي.

ـ ماکو کێفەك.

ـ لعەد آني أروح لغير مكان...
قسەیەك لە من، قسەیەك لەو، بوو بەشەڕمان. ئەمنیش چوومە کن "کانێف"ی جووی بولگارستانیی چاوساخمان، پێم گوت، لەو برادەرانەم قوتارکە .. مانێفیش جوامێرانە، وەی گەڕاندمە تالارە زەرد. هەر یەکسەر تەلەفۆنم بۆ مەمەد کرد:
ـ وەرە، فریام کەوە، مام حارەب خەریکن دەمخۆن... مەمەد هات، گوتم ئەگەر پێت دەکرێ سەردانێکی دەلی ئۆرمانم بۆ ڕێك ئێخە، زۆر تامەزرۆی ئەو ناوچەیەم، کە شێخ بەدرەددینی کوڕی قازیی سیماڤنا، شۆڕشی لێ لە دژی سوڵتان محەمەدی چەلەبی هەڵایساند .. دەشمەوێ بزانم ئەو بوڵغارانە چییان بۆ تورکی بوڵغارستان کردووە؟ مەمەد زۆری پێ خۆش بوو. بۆ سبەینێ دەگەڵ وەزیری هونەر و ڕۆشنبیریدا ڕێك کەوتبوو، ئوتومبیلێکی مەرسیدسی ڕەشیان دەگەڵ شۆفێرێکی تورکیزانی گاگاوزدا بەگەڵ ئێخستم، نزیکەی ٧٠٠ لیڤایان دامێ... بەڕێ کەوتین بۆ دەلی ئۆرمان. ئەم ناوچەیە، نازم حیکمەتی شاعیری تورکیش گەشتێکی چاکی تێدا کردبوو، داستانی شێخ بەدرەددینی بەهەوای وێندەرێوە نووسیوە. وڵاتێکی سەیر بوو. جووشی زۆر لێ بوون .. حەکایەتی گوندییە دەروێشەکەی شێخ بەدرەددین و بوێرکلوو مستەفا و تۆرلاق کەمال و عەرەب شا و عاشق پاشازادە و نەشری و ئیدریسی بدلیسی و دۆکاشی مێژوونووسی یۆنانی و سوڵتان محەمەدی چەلەبی و بایەزید پاشا و چوارمێخەکێشانی بوێرکلوو مستەفا و شێخ بەدرەددین و هاوەڵانیم سەرلەبەر، وەك داستان لە خەڵکەکە بیستەوە .. دیارە سەرهەڵدانەکەی شێخ بەدرەددین وەك لە کتێبی "واردات"مدا خوێندووەتەوە جۆرە سۆسالیزمێکی سەرەتاییانەی سەدەی ٨ی کۆچییە. شتێك بووە لە گوێن "هەقە"ی کن خۆمان .. بڕوای بەزیندووبوونەوەی ڕۆح هەبووە، دەگەڵ مووسەوییەت و عیسەوییەتدا مۆزاییکێکی سەیری پێك هێناوە. بوێرکلوو مستەفا، مەسیحی و تۆرلاق کەمال جووبوون.. نازم حیکمەت ئەم سەربووری شێخ بەدرەددینەی کردووە بەداستانێکی شیعری، بەندە کە وەختی خۆی لە حەفتایەکاندا کردوومە بەکوردی، تابلۆی زۆر جوانی عابدین دینۆی کورد، ڕازندوویەتیەوە. کۆمۆنیستانی توندڕۆی تورکی ئەو سەروبەندە، لە نازم کەوتوونە لیچ و لێوخواردکرنەوە، گۆیا: تووشی بیروبڕوای نەتەوەگەراییی بەرتەسك هاتووە. خوێندەی بەرێز، پێت وا نەبێ بەندە زۆرم کەیف بەنازم حیکمەت دێتەوە، ئەمن بۆ خۆم دیتوومە، لە ساڵی ١٩٥٥دا لە وارشۆ، لە

فێستواڵی لاوانی جیهاندا لەگەڵ جەنابی مام جەلالمدا دیت .. شیعرەکەی مام هەژارم لەگەڵ د. نوورەددین زازا و قەدری جاندا لە شام کرد بەتورکی، دامێ. زۆری کەیف پێ هات... مام هەژار گوتوویە:

کوردێکم دەوێ چاپك و پتەو
سەفەرێك هەیە بۆم بکا بەشەو
نەهێڵێ تورك و عەجەم بزانن
داگیرکەرانن لە کوردستانن

نازم حیکمەت خوێندیەوە، گوتی: تورك کوردستانی داگیر نەکردووە، ئەوە حوکومەتی تورك داگیری کردووە... بەڵام پاشان بۆم ساغ بووەوە کە حوکومەت بەدەستی کێ و بەچەك و بۆمبا و ئاوری کێ کوردی کوشتووە و دەکوژێ؟ ئەدی ئەوە سەدان ساڵە کوردی بێ تاوان بەدەستی خەڵکی گوندیی تورك و عارەب ناکوژرێن؟ ئەدی ئەوە سپای عێراق، خۆ چەپپیشیان تێدا زۆر بوون، بۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان مانێکیان نەگرت؟ جارێکیان لە کەربەلا بە د. ڕەحیم عەجینەم گوت: لۆ بە ئەفەسەری هەواخوازانی حیزبی شیووعی ناڵێن، لە دژی ئەو مەرگەساتە مان بگرن؟ فەرمووی ئەمە مەترسیی بۆ "کیانی سپای عێراق هەیە!". کابرایەك دەناسم، خزمی وەسفی تایەر و زەکی خەیریی مەندەلاویی زڕە تورکمان بوو، ئەفسەر بوو، گوارەی کیژۆڵە کوردی لە نێو ژێلەمۆی ئاوری ناپاڵم هەڵگرتبووەوە، دە گوێی کیژەکانی خۆی کردبوون، گوتم، ئەوە چییە؟ گوتی، مال کراد، فۆلکلۆر.... بەڵێ، ئەو برایانە کوردیان بەشایی و ڕەشبەڵەکی کوردان و لەبەن ئەربیل و هاوینە هەوارەکانی کوردستاندا بەبیر دەهاتەوە... مەرحەمەت ایت الماسم (ت. مرحمت ایت): ڕەحمێکم پێ بکە، ئەڵماسەکەم! بویلە یاندرمە بنی و هتد... واتە: بەو جۆرەم بەئاوری ئەشقەوە مەسووتێنە، هاوارم بگاتە کاکێشانی فەلەك. بەند (ف. بند): زنجیر، قەید. فریب (ف. فریب): فریو، خاپاندن، فێڵ کردن. گریشمە (ف. گریشمە): ناز، غەمزە. خواب (ف. خواب): خەو. خومار (ع. الخمار): کەسێ کە مەست بێ و چاوی وەك چاوی خەواڵوو بچێ. بنی صید ایتدی: ڕاوی کردم. سنك دیدەی آهو روشك: دیدەی مامز ڕەفتاری تۆ. ای سنك دیدەلرك هتد... واتە: ئەی ئەو کەسەی کە چاوەکانت وەکو ڕاوکەری شێرانە. نەحس (ع. النَّحس): شووم، بەدووم. فکری: بیری کردەوە. کیت: بڕۆ. ایشتە جاجی بابا یاغمەمی وار؟ چما حاجی بابە تالان و بڕۆیە؟! خۆ بە بەلاش نییە.. صاچمە لاقردیلرك: قسەی بێ سەر و پێ بڵاو مەکەوە، قسەی بێ سەروبەر هەڵمەڕێژە. حاصلی

یوق: بێ هوودەیە. آقچە کتیر: پووڵ بێنە. آقچەسز ایتمە صاقن هتد... بێ پارە و پووڵ، وریابە، ئارەزووی ماچ و خۆ تێ هەڵسوین مەکە. جەلق: قەڵب. ئەزەل (ع. الأزل): بێ سەرەتا، هەر هەبوو. ایشتە کمرمدە هتد... واتە: ئەوەتا پشتێنەکەم پڕە، سەد دیناری تێدایە. وکلا خواجەسییم هتد... واتە مامۆستای وەزیرانم. طانیور بندەکزی هتد... واتە سەرلەبەی شا و سوڵتانان بەندە دەناسن. ئەلغەرەز (ع. الغرض): خولاسە، مەبەست، درێژەی نەدەمێ. فسون (ف. فسون): سیحر. موختەسەر (ع. المختصر): بەکورت و کرمانجی. مەنزڵگە (ف. ع. المنزل): ماڵ، خانە. هەردوو گونی کرد بەچوار: کاکە لاسی لە قون ڕاکردووە و هەردوو گونی هەتیوەکە و گونی خۆی بوو بەچوار. مۆڵەت (ع. المهلة) مۆڵەت: دەرفەت، ساتێ: سەعاتێ. سەحەر (ع. السَّحر): بەرەبەیان، تاریك و لێڵە. کاری خێر: جووتبوون. گوزەری کرد: تێ پەڕی، داوێنی فەلەك ئەتڵەسی بوو: ڕۆژ بووەوە. کینایەتێکی جوانە. بەڵام تەرجەمەی تورکییە. دامەنی گرتم وەك خار: لێم ڕاپەڕی وەك دڕووی نووسنەك بەداوێنمدا نووسا. چەنگ: چنگوڕك. یەقە: بەرۆك. جەزەع (ع. الجزع): نیگەرانی دەربڕین. زەفتییە: (ع. الضَّبطيَّة): پۆلیس. باڵباز، حەیتە. ئەوانەی شیرازەی بەند و نەزمان لە نێو شاری دەپارێزن. جەم بوون: خڕبوونەوە. مەحەللە (ع. المحلة): گەڕەك، تاخ. ما الخبر (ع. ما الخبر): چ باسە، چ هەرایە، چ خەبەرە. زاهید (ع. الزَّاهد): لە دنیا دەستبەردار. سالوس شیعارە: درۆشم و نیشانەی ڕیایی، دووڕوو، مونافیق. چاکی کرد: دای دڕی. سیکتی بنی: گامی. ویرمدی پارەسنی: پارەی گانەکەی نەدا. بویلەمی قانون کبار؟ چما قانون ئەوهایە، مەزنینە. دیدیلر: گوتیان. چوجغك حقنی ویر: هەقی منداڵەکە ئاداکە، پووڵەکەی بدەیە. سر کە فاش اولدی: سڕ کە ئاشکرا بوو. دها فائدە ایتمز انکار: ئیدی پێ لێ نەنان کەڵکی نییە. یوق ایسە پارك مهلتك اوج گون اولسون: ئەگەر پووڵت نییە، مۆڵەتت سێ ڕۆژ بێ. حقنی اوچ کونەدك ویرملیسك ای غدار: هەقەکەی دەبێ تا سێ ڕۆژی دیکە بدەی. سەرگەشتە (ف. سرگشتە): تووشی سەرە خولی هاتگ. فرخندە شعار: درۆشم پیرۆز، مبارەك. وەلی نیعمەت (ع. ولي النعمة): کەسی نان بدە، ئەوەی مافی بەخێوکردنی بەسەر یەکێکەوە هەیە. هەمنام (ف. همنام): هاونێو، نێو وەك یەك. نەبی (ع. النبی): پەیامبەر. ئەحمەد پاشا: ئەحمەد پاشای بابان. کان: کانگا، سەرچاوە. کوە (ف. کوە): کێو، چیا. مەدح (ع. المدح): پەسن، وەسپ. احسان (ع. الاحسان): چاکە و پیاوەتی. علم (ع. العلم): زانست. فەزڵ (ع. الفضل): ئەوەی لە

خەڵکی دیکەدا نییە، زێدە، ئەردەو. خاریجە لە شومار: لە حەد بەدەرە، لە عەد بەدەرە، لە ژمارە نایە. ئەوسافی حەمیدە: ئاکارە پەسندەکانی. کەف (ع. الکف): بەری دەست. زەرپەخش (ف. زربخش): زێرپەخش، مەنبەع (ع. المنبع): سەرچاوە، کانی. مثل (ع. المثل): وەك. مینا. بەحر (ع. البحر): دەریا. ساحیل (ع. السَّاحل): قەراخ، گوێ، ڕۆخ. تەبع (ع. الطبع): تەبیات، زگماك، خۆڕسك. جەواد (ع. الجواد): دڵاوا، دەهندە، سەخی تەبع. قائانی: میرزا حەبیب موتەخەللیس بەقائانی، لە دەوروبەری ساڵی ١٢٢٢ی مانگیدا، واتە لە سەروبەندی فەرمانڕەوایەتیی فەتحعەلی شا، لە شیراز لە دایك بووە. باوی، میرزا محەمەد عەلی شاعیر بوو نازناوی گوڵشەن بوو. بەبنەچەکە لە تیرەی زەنگنەن، کە لە عیراق و فارس هەن. قائانی یەکەم شاعیرێکی ئێرانییە کە فەرنسزیی خوێندووە لە دوای سائیب، ناسراوترین شاعیرانی سەروبەندی سەفەوی و قەجەرە. شیعری بەوەسفی خۆڕسك دەست پێ کردووە:

"بنفشه رسته از زمین بطرف جویبارها
و یا گسسته حور عین ز زلف خوش تارها
ز سنگ اگر ندیداست چسان جهد شرارها
بە برگهای لاله بین میان لالەزارها
که چون شراره می جهد ز سنگ کوه سارها"

قنطار (موعە. یۆنانی): پۆستی گای، کە لە زێڕ تەژە کرابێ. ١٢٠٠ ئوقییەیە .. یا ١٢٠ ڕەتڵ. اشتر (ف. ك. اشتر): حوشتر، وشتر، قەتار (ع. القطار): ڕیزی بارەبەر، قافڵە وشتر، کاروان، قەتار، هەمی بخشد: دەبەخشێ. لەیل و نەهار (ع. اللیل والنَّهار): شەو و ڕۆژ. زەفەر (ع. الظَّفر): سەرکەوتن، زاڵبوون. فەتحی قەرین: وڵات گریی دەگەڵدا جووت بێ، سەرکەوێ. بەختی موعین: بەختی هەمیشە یاریکار بێ. تالعی یار: یەغباڵی یار بێ، خۆی پیادە و بەختی سوار نەبێ. تەنزیم: ڕێکخستن. ئوموورات: حاڵ و باڵی دنیا. کوڕەیی عالەم: گۆی زەوین. قوتبی مەدار: تەوەرەی خولگە.

(١٩) ڕێ
ئازاییی عەشرەتی تاڵەبانی*

بارەکەڵڵا ئافەرین ئەی عەشرەتی نوسرەت شیعار
مەردی مەیدان شێری جەنگاوەر هوزەبری کارزار

چـوار عـەشیـرەت: کـاکـەیـی و وەنـد و جـەبـاری و داودە
ئـیـتـتـیـفـاقـیـان کـرد و هـاتـن چـوار سەد و پـەنجا سوار
هەر بە ئەووەڵ حەملە چەندتان کوشت و چەندتان سەربڕی
چەندی کەیشیان لێ بەجێ ما، بوونە توعمەی موور و مار
ئـێستـەکـەش لـەو دەشتـە شەڕیـانـە لـەسەر لاشەی ڕزیـو[١]
کـەرگـەس و شاهین و گـورگ و مـامـەڕێوی و کـەمـتـیـار
بـەیـنـی بـەیـنـەڵـلا عـوبـەیـدی فـیـلـەتـەن کـارێکی کرد
هـیـچ کـەسێ نـایکـا مـەگـەر حـەیدەر بـەزەربـی زولفقـار[٢]
هـــەر سوارێ فــیــرقـــەیــێکــی ڕاڕفــانــد و دایــە پــێش[٣]
کـەوتـە سەر کـوێخـا مـەخـۆڵ عـەبـدولـوەهـابـی نـامـدار
لێی خوڕی وەك شێری غوڕڕان، سا مەڕۆ، ڕاوەستە بۆم[٤]
ئـــەی تـــڵـــیشی دایــــە ڕێزاورت بـــە ڕیشی "یــادگـــار"[٥]
چـەکـمـەیـێ سووری لـە پێدا بـوو بـە جـارێ زەردی کـرد[٦]
تس لـە مـلـیـۆن تـێ پـەڕی کـرد تـڕ گـەیشتـە سەد هـەزار[٧]
یـەك لـەیـەك ئـازاتـرن تـەعـریـفـی کـامـێکـتـان بـکـەم!
دەك فــیــدای دەست و تــفــەنـگت بم سولالــەی شێخ ستــار
شاسوارێکــی وەکــو تــۆمــان هــەبــا بــاکــمــان چـیـیـە[٨]
تــۆش لــە حــەقـقــەتـدا سوارێکـی وەکـو ئـەسفـەنـدیـار
ئـەم قسانـە گشت مـەجـازن گـەر حـەقـیـقـەتـتـان دەوێ
بـەزلـی نـان و هـیـمـمـەتـی پـیـرانـە بـۆتـان کـەوتـەکـار
جـائـیـزەم مـەتـڵـووبـە ئـەم مـەدحـەم بـە خـۆڕایـی نـیـیـە
هــورتمانــیش بــێ (ڕەزا)م گــەر هـیــچ نــە نـێرن یــا ستــار!

---

(١) ئیستەکەش (دیوان) وێستەکەش (کش).

(٢) نای کا (دیوان) ناکا (کش).

(٣) ڕاڕفاندو (دیوان) ڕاڕفاندوو (کش).

(٤) غوڕڕان (دیوان) غوڕڕە (کش).

(٥) ئەی تلّیشی دایە ڕێزبارت یاریکار (کش).

(٦) بە جاریَ (دیوان) بە جارێك (کش).

(٧) تس لە ملیۆن دان: تڕ گەیشتە سەد هەزار (کش).

(٨) شەهسوارێکی وەکو تۆم هەبا باکمان چییە.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەقسوور.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان).

وەك: "باز بـــالای تو مـا را در بلا خـواهد نهاد

دود زلفت آتشی در جان ما خواهد نهاد"

بارك الله: خودا پیرۆزتان کا، مبارەك بیَ، بەرەکەتتان تیَ ئێخی. ئافەرین: بترەژم، دەسخۆش. نوسرەت شیعار: دروشم هەمیشە سەرکەوت. هوزەبر (ف. هزبر): شێر. کارزار: شەڕ. حەملە (ع. الحملة): هەڵمەت. کەلەش: کەلاك، لاشە. توعمە (ع. الطُّعمة): چەشکە، چەش، خۆراك. کەرگەس: سیسارکە کەچەڵە، سەرگەڕ. حەیدەر: ئیمامی عەلی (د.خ). زولفەقار: شیری دووفلیچقانەی ئیمامی عەلی. غوڕڕان: بەنەعرەتە لێدان. تلّیش: پارێکی دادڕاو، پارچەیەك. ڕێزوار: لە پیرە مێیینەکانی کاکەییانە. چەکمە: جزمە، پێڵاوی تا ئەژنۆ. وشەکە تورکییە. زەردی کرد: لە ترسان گووی بەخۆدا کرد و چەکمەکەی زەرد کرد. تس: فس، بایەکی کە لە سۆنگەی باوبژی زگەوە لە قوونڕا دێتەدەر، بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەس .. تڕ: براگەورەی تسە. ئەسفەندیار: پاڵەوانی نامێی ئێران. واتە: بەپیرۆزی ڕسکاو. کوڕی گوشتاسب، پادشای کەیانییان. بەزلی نان: نان بدەیی. یا ستار! یا واتە یا شێخ ستار، یا هەڕەشەیە، واتە خوا هاوار!

(٢٠) ریَ

هەتیوێکی سنەیی*

دوێنیَ شەو بۆ دەفعی حاجەت چوومە حەممامی غەفوور
سادەڕوویـێکـی تـیـا بـوو سمت و ساقـی وەك بـلـوور
جێبەجیَ هەر وەك موهەندیس دامە بەر مەددی نەزەر
هەر لە تەوقی سەریەوە تا نووکی پەنجەی خوار و ژوور
وەك سەگی برسی بەحەسرەت سەیری دووگی مەڕ بکا
سمتی سیمینیم بەچاوگرت تێی فکریام دوور بەدوور[١]

عـاقـیـبـەت شەوق و هـەوەس پـەردەی حیـجـابـی پـارەکرد
خـۆم کـوتـا دێوانـە ئـاسا بـۆ سەراپـەردەی حـوزوور
هـەر کـە فـەرمـووی مـەردمـی شاری سنـەم، یـاربـابـلـم
هـاتە گەردش بێ تەوەققوف وەك عەموودی لەندەهوور

....

(١) تێی فکریم (ت). فکریام: سنەییانە و گەرمیانانە و جافانەیە...

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەقسوور.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)

وەك: ″من ز گوش او بدزدم حقلەء دیگر نهان

تا نداند چشم دشمن ور بداند گو بدان″

دەفع: پاڵ پێوەنان، لابردن. واتە: دەست بەئاو گەیاندن و سەراوکردن. حاجەت: پێداویست. کینایەتە لە دەست بەئاو گەیاندن. حەممام: گەرماو. سادەڕوو: لووس، بێ تووك. سمت: لاقوون، ئەستوورایی بەر کەمەر. ساق: بەلەك، لە موکریان بەپووزەوانە دەگوترێ، پووز. بللور: وشەیەکی لە یۆنانیڕا بەعەرەبی کریاگە. جۆرە شووشەیەکە، لە ئامێتەی سلیکاتی دوو پۆتاسیۆم و سلیکاتی دوو پلەمپ پێك هاتبێ، ئەینکی ساف و بێ گەرد. موهەندیس: ئەندازە گر، دەڵێن: ئەم وشەیە لە ئەندازەی پەهلەویڕا هاتووە، بەمانای پێوانە، میقیاس، میعیار، عەیارە، یا هەر شتێکی وەك گەز، مەتر، میل، فـەرسەخ و هـتـد... هـاتـووە و عـەرەب ″هندسة″ی لـە ئـەنـدازە وەرگـرتـووە... یـا بەپێچەوانەوە؟! مەددی نەزەر: هەتەری چاو، مەودای دیتن. تەوقی سەر: تەپڵەسەر، نووك، دوا پنتی هەر شتێکی وەك ڕاستە و هێڵ و نووکی قەڵەم، نووکی نێزە، نووکی ڕمب و هتد... خوار و ژوور: سەراپا. حەسرەت: عەزرەت، ئەڵها، تاسە، حەز، تامەزرۆ. دووگ: دونگ، دمی مییەر، مەڕ، مێش، مێشن. سەمت: لا، ئال، تەرەف. حیجاب: هەر شتێك کە ببێ بە لەمپەر لە دیتنی شتێکی دیکە، پەردەدار. پارەکرد: لەت لەت کرد، دادڕی. شەوق و هەوەس: ئارەزوو. خۆم کوتا: تەکانم دا. دێوانە ئاسا: وەك شێت، سەراپـەردە: دیـوانـخـانـەی فـەرمـانـڕەوا. حـوزوور: لـە حـەرەمسەرادا حـازر بـوون، بەحوزوور گەیشتن. مەردم: خەڵك. یاربابل: ئەوەی جوان نییە ناوی بێری. گەردش: بزووت، هەرەکەت. تەوەققوف: وەستان. عەموود: ئەستووندەك، مرۆی درشت ئەندام و کەتە و باڵابەرز.

(٢١) ڕێ

هەجوی کاکەیی*

بـابـان بـاشنـدە بـر بـاطـمـان یشیـل وار
إمـــام الـــقـــوم في تـقسیـم شلـوار
هــەتــانــە هــەروەکـو بـیستـوومـە بـەزمـێ
لــە سالــێکــا شەوێ یــارانــی دیــنــدار
دەبـەستن حـەلـقـەیـێ وەك عیـقدی پـەروین
لـە جـێگـایـێکـی خـاڵـی لـەیسە دەیـار
بـە چـۆکـا دێ قـوتـەی مل نێرکـە کـاردوو
وەکـو بـولـبـول ئـەخـوێنـێ وەعز و گـوفـتـار
دەخوێنێ مـەرسییـەی مـالۆسی مـەحرووم
یەکانەی گون ڕەش و گاحوولی شاخدار
وەکـو بـاران بـەکـلـکـی پـیـرە سەگـدا
بـە ڕیشیـدا دەچـۆڕێ ئـەشکی خـوونـبـار
لە پاش ئیکمالی ڕەسم و ماتەم و شین
وەڕین دەس پێ دەکا وەك کەلبی هەوشار
مـەعـازەڵـڵا، دەڵـێ: "یـاأیـهـا الـقـوم!"
درۆیـە حـەشر و نـەشر و جـەنـنـەت و نـار
لە گوێ مەگرن قسەی ئاخوندی سووننی
بـە ئـاشووبـن مـەلای سەر لـنگـەدەستـار
غـەرەز لـەم جـرت و پـرت و فـاکوفـیکـە
ئـیتـاعـەی ئـەشقیـا بـۆ دەفعی ئـەشرار[١]
حـولـوولی مـەزهـەبێکە بـێ گرێ و قـۆرت
تـەنـاسوخ ڕێگـەیـێکـە ڕاست و هـەمـوار
بـیحـەمدیللا نـەما کاك ئـەحمـەدی شێخ
زەهاوی مرد و گۆڕی گوم بوو چاومار

ئـەگـەر بـێ شێخ عـەلـیش دەفـعـولبـەلابێ
ئـیـتـر دنـیـا دەبـێتـە عـەیـنـی گـوڵـزار
بـمـێنـێ یـا نـەمـێنـێ چـیـی لـەدەس دێ
بـە تـەنـهـا شێخ ڕەزاکـەی هـەرزەگـوفـتـار
ئـەگـەر مشتـە و مشاریش بـێ زمـانـی
عـیـلاج ئـەکـرێ بـەمشتێ پڕ لـە دیـنـار
بـە دیـنـاری عـیـلاج کـەن یـا بـە سمـتـی
بـلـووریـن کـوودەکـێکـی سادە ڕوخسار
عـەزیـزان مـەزهـەبـی یـارانـی جـەم جـەم
لـەسەر سێ ڕوکـنـە: ئـەووەل تـەرکـی ئـازار
دووەم ئیکرامی زەیف و شەرتی سالیس
لـە هـەردوو عـومـدەتـر کـیـتـمـانـی ئـەسرار
ئەمانەش جوملە پەشمن، ئەسڵی مەقسەد
چـوارن پـێت بـڵـێم ئـەی پـیـری هـوشیـار
شکستەی جەوز و تووڵی سەوز و کەڵبەی
بـەرازی بـۆز و کـەڵـبـەی خـووگـی مـردار
ئـەگـەر دەرچـێ لـەسەر ئـەم دیـنـە ڕۆحت
دەچـێتـە قـاڵـبـێکـی شۆخ و نـازدار
زەعـیـف بـێ خوا نـەخواستـە ئـیعـتیـقـادت
بـە ئـایـن و بـە ئـەرکـان و بـە ئـەتـوار
نـەکـەی تـەرسێ بـە ڕیشی خـەلـفـە بـاپـیر
نـەدەی گـانـێ لـە ڕێگـەی بـاوە یـادگـار
شیـاکـەی گـاوی حـوول نـەگری لـە ڕیشت
نـەچـیـتـە ژێر کـولـێنـی دایـە ڕێزوار
قـەپـۆزت دانـەپـۆشێ بـەرسمـێڵت
بـەسەر ملـتـا نـەیـێ وەك یـاڵـی کـەمتـیـار

لـە قـیـبـلـەی (مـوسـتـەفـا) ڕووو وەرنـەگێڕی
لـە ڕێگـەی شەرعـا نـەمـری گـونـاهـکـار
لـە پـەشمـی ریـخـنـاکـی بـەر سمـێڵت
نـەڕێسن سەرکـەلـە و دەسبـەند و هـەوسار
کـە مـردی نـەقـڵ ئـەکـا ڕۆحـی خـەبـیـست
لـە ئـیـنسانـی دەچـێتـە شکـڵـی سەگسار
وەرن یـاران شەوی مـیـعـادە ئـەمشەو
لـە پـێ دەرپـێ فـڕێ دەن یـار و ئـەغـیـار
شەواڵی زەرد و سوور وەك خەرمەنی گوڵ
لەسەر مافووری زەڕ ڕۆکەن بە خەروار(٢)
شەواڵـی خـامـەك و زەربـەفت و خـارا
لـەسەر یـەك دابـنـێن وەك مـاڵـی توجـاڕ
کـەنـیـز و خـانـم و خـاتـوون و خـادیـم
فـەقـیـر و مـونـعـیـم و دەروێش و سالار
نـەدیـم و نـۆکـەر و ئـاغـا و ئـەفـەنـدی
لـە دەوری دانـیشن وەك خـەتـتـی پـەرگـار
لـە نـەزمـی بـەزمـی جـەم ساقـی بگـێڕێ
شەراب و لـێ بـدا مـوتـریب لـە مـیـزمـار
نەبیز و شەربەت و نوقڵ و مەزە و مەی
دەف و تەمبوور و ساز و بەربوت و تار
دەبـێ ئـەم بـەزمـە هـەر بـەم نـەزمـە بـڕوا
هـەتـا دوو حیسسە ڕابـووری لـە شەوگـار
کـە دنـیـا بـوو بـەڕووی قـەیمـاسی زەنگی
سرەی بـەشکـردنـی شەڵـوارە ئـەمـجـار
بە قورعەی مەعدەلەت یەکسان بەشی کەن
مەپرسن ئەقرەبا و قەوم و کەس و کار

مەپرسن دایك و پوور و خوشك و خوارزا
لەژێر کورکەی بەرن بێ قەول و گوفتار
بــە قــەولــی بــاوە بــاوە و مــیــرە مــیــرە
میسالی کێر و گون هەروەك کون و مار
بــە شەرعــی مــەزدەك و ئــایــنــی بــابــەك
دوخــوولــی جــائــیــزە ئــیسمــی کــونــادار
فــهــبــوا سادتــی لــلــوطء والــنَّــیك
لــقــد عــلَّــمــتــکــم تــقسیــم شلــوار
چــرا پــف لــێ کــەن و شێرانــە هــەستــن
شەقێ هەڵدەن لە پەردەی عیسمەت و عار
سەرو دەرپێ بــەرن بــێ فــەرق و تــەمــیــیز
مەپرسن ئەقرەبا و قەوم و کەس و کار
شەواڵی هەرکەسێ بەر هەرکەسێ کەوت
ئــیــتــر فــەرقــی نــەکــا بــیگــرێتــە بــەرکــار
کــە ئــەم وەعــزەی تــەواوکرد پیرە ئــاخوند
ئیتر هەریف لە شەمعە و تف لە حەیتار
ئیتر هەر ئەتکی دین و کەسری ناموس
ئیتر هەر تەرکی شەرم و عیففەت و عار
ئــیــتــر هــەر کــێر دەبــێتــە بــاسکی هــەوجــاڕ
ئــیــتــر هــەر گوومــەزەی سمــتــە دەسووڕێ[٣]
بە سوورەی سەرخڕا وەك چەرخی دەووار
ئــیــتــر هــەر لــێبــڕیــن و لــێخــوڕیــنــە
بــەرەو ژوور و بــەرەو ژێر و بــەرەو خــوار
ئــیــتــر هــەر دایــکــە پــیــرە و هــەڵــئــەنــیشێ
بــە کــەلــلــەی کــێرەوە وەك ورچــی سەردار
ئــیــتــر هــەر پــاوەنــەی زیــوە و زڕەی دێ

لـەبـەر كـوت پـێوەدان دەخشێ لـە دیـوار
ئـیـتـر هـەر خـەپـڵـەیـە وەك جـاوی گـازر
بـە مـەتـرەق دەیـكـوتـن ساداتـی ئـەبـرار
ئیتر هەر جێگە ماچە و خوێن ئەوێستێ
لەسەر گۆنای سپی وەك سێوی خونسار
ئـیـتـر هـەر نـاوگـەڵـی خـووبـانـی بـیـكـرە
لە خوێندا سوور دەبێ وەك بەرگی گوڵنار
ئـیـتـر هـەر كـێرە وەك پـەیـكـانـی گۆشتین
بـە ژێر بـنـیـا دەچـێ وەك پـەڕی سووفـار
ئـیـتـر یـا خـوا نـەسیـبـی دژمـنـت بـێ
بـریـنـی نـێزە وو نـووزەی بـریـنـدار
عـەمـوودێكـم هـەیـە وەك تـووڵـی داوود[٤]
كـوتـامـە ژێر بـەلـۆكـەی دایـە ڕیـزوار[٥]
تسێكـی كـەنـد بـە ڕیشی سەی بـراكـە
تـڕێكـی دا بـە یـادی بـاوە یـادگـار
لـە وەسفـی كـاكـەیی گەر سەرفی عومرم
بكـەم، نـاكـەم بـەیـانـی عوشری میعشار

(١) ئیتاعەی ئەشقیایە و دەفعی ئەشرار: (ت)، ئیتاعەی ئەشقیا بۆ دەفعی ئەشرار: (م). دوور نییە پیاو ئیتاعەی ئەتقیای بەبیردا بێ، بۆ دەفعی تناقض كە لە نێوان ئەشقیا و ئەشراردا هەیە، بەڵام شێخ ڕەزا مەلاوشێخی سوننیی بەزمانی كاكەییەوە بە ئەشقیا داناوە، كە واتا وای لێ دێتەوە هەرچییەكی دەیكەن لەوە دەچێ ئەشرار بە ئەشقیا دەفع بكەن.

(٢) لەسەر هۆڕ و بەرە ڕۆكەن بە خەروار (م)، لەسەر مافووری زەڕ ڕۆی كەن بە خەروار: (ت).

(٣) گومبەد: (ش).

(٤) ئەم دێرە و سێ دێرەكەی دوایی لە هەردوو چاپەكەدا لە سەرەتای قەسیدەكەوە لە پاش

چوارەم دێڕەوە هاتوون... هێنانە ئێرەشیان وە نەبێ بەپێی بەڵگەیێك بێ...

(٥) کوڕکە (م).

(*) کێش: بەحری هەزەجی موسەددەس مەقسوور

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل)

وەك: "بیا ای مونس جانهای مستان

ببین اندیشه و سودای مستان"

بابان باشنده بر باطمان یشیل وار: باتمانێ سەوز وەسەر باوەتەوە هەس. امام القوم فی تقسیم شلوار: لە دابەشکردنی شەرواڵاندا خۆی سەرپشکە. بەزم: شادی و کەیف. توولی داوود: داوود پاڵەوانی جوهوودانە، بەقۆچەقانییەك جالووتی زەبەلاحی کوشت. توول: شووڕك، شووڵ، تێڵا. کوڕکە: قیتکە، میتکە، بەلۆکە، جووجەڵە، نێوەر، چیلکە، ماشەڵڵا نێوی زۆرن... دەڵێن: حارەب بۆ شتان نێویان زۆرە، جا چ بوو، وەك بیستوومە لە هیندستان بەمیلیۆن خەمشەپەرست و یاربابل پەرست هەن! کاکە سەرچاوەی گووران و ڕسکانە، لۆ سەر دەلەقێنی؟! دایە ڕێزوار: یەکێکە لە پیرانی مێیینگەی کاکەییان. مامە جەلالەشیان هەس... قەورەکەی باوەم لە قەورسانەکەی خەلیفە باپیر نێژریاگە .. بۆ خۆی خەڵکی گەرەکی سەرشەقامە. داڵکیشم خەڵکی باوەمەردەی خوار سلێمانییە، نەوە و نەویرەی خاڵوانم لەوێ زۆرن .. عیقدی پەروین: کۆ، سورەییا، تەشبیهێکی فرە نازدارە .. لیس دەییار: قسێکی حارەوییە، ئەسڵەکەی لیس فیها دەییارە .. واتە کەسی تیا نیس. ئەم وشەیە لە قورئانی پیرۆزدا، بەمانا: ساکن، نیشتەنی هاتووە... بەچۆکا دێ: چۆك، تورك فیعلی (چوکمك)یان لێ داتاشیوە. بەڵام وشەکە کوردییە، واتە ئەژنۆ، بەچۆکدا هاتن، ڕوکووع بردن، بەسەر ئەژنۆدا هەڵکورمان. قوتە: زرنگ و وریا و سڵۆك. مەبەست ئاخوندی کاکەییە. مل نێرکە کاردوو: کینایەتە لە ڕەپ و زۆپی و ڕەش و مۆریی ملی ئاخوند. وەعز: پەند و ئامۆژگاری دادان. گوفتار: وتار، ئامۆژگاری. مەرسییە: شیننامە، سەربوورەنامە. مالۆس: بەرازی مێینگە. مەرحووم: خودا لێخۆشبووگ. مەبەستی دایە ڕێزوار و پیرانی مێینگەی کاکەییانە. یەکانە: کەڵە بەراز، نێرە بەراز. گاحوول: حوول: سوور، سورخن، ئاماڵ سوور .. وەختی خۆی سامیری گاحوولێکی لە زێڕ دروست کردبوو، داوای لە جوهوودان کردبوو، ئەو گاحوولە بپەرستن، لە قورئانی پیرۆزدا باسی هاتووە... ئەو ڕۆژگارە حەزرەتی مووسا (د.خ) بۆ میسر چووبوو، کە گەڕایەوە، لە

سامیریی پرسی ئەو زێڕەت لە کێندەر هێنا؟ گوتی لە پڕیشکی ناڵی ئەسپەکەی حەزرەتی جبرائیل. پێی گوت ئەوە بەتاڵە، وازی لێ بێنن. دەبێ ئیدی لەمەوپاش "ئەدونای" بڵێن، نەك "یەهوا". ئەدونای بەمانای گەورە، عەزیزە. تەنانەت، فەرمووشی: ئەو ئەدونایە خواوەندی هەمووانە.. دیارە لەو سەروبەندەدا "ئەخناتوون" لە میسر جارێ یەك خواپەرستیی دابوو. میسرییەکان لەپێشدا بڕوایان بەفرەخودایی هەبوو، تەنانەت نەیاندەزانی هۆی منداڵ لە پسدانی دایکدا گووران چییە؟ هەر لەبەر هەندێ ئەو هەڵۆیەی کە بەسەر دارعاسای پیرۆزی فیرعەونەوە چەقێندرابوو و وەك تیمسال بەسەریەوە هەڵکورمابوو، هەڵۆیەکی مێینگە بوو، لایان وابوو، با دەچتە بیلامانێ فەرجیەوە و ئەوجا هێلکە دەکا و جووجەڵە هەڵ دێنێ... هەر بۆیەش خواوەند لە قورئانی پیرۆزدا لە مەڕ حەزرەتی مریەمی پاکیزەی فەرمووە: "ونفخنا فیها من روحنا" .. ئەوە دیاردییەکە بۆ ئەم بیروباوەڕە. خوا بۆ خۆی دەزانێ. نەك هەر ئەوە، بگرە بەدرێژاییی سەدەکانی پێش لەدایکبوونی عیسا، لە بابلستان، لە ئیلام، لە کن هتیت، میتانی، خۆری، لیدی ئۆرگاریت و زۆر نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی مەدیتەرانە، دەبوا کیژی نەسمڕاو، بچتە خزمەتی مووبەدەکانی پەرستگایەکان، لەپێشدا ئەوان لەگەڵیدا جووت بن. کچی هەناسە ساردی وا هەبوون، وارویۆخیان سەرلەبەر دەپێچایەوە دەهاتن، لە پەنا دیوارەکانی ئەشتەرووتدا، بەمانگ، بەساڵ چاوەنۆڕیان دەکرد، تا گەورەی مووبەدان نۆرەیان بداتێ و دەگەڵیاندا جووت بن و ڕێی مێردکردنیان بداتێ. ئەوجا کە مێردیشیان کرد، دەبوا چووبان بۆ یەکێ لە پەرستگایەکان، چەند شەوێکی لێ مابانەوە، تا ماری پیرۆزیان لە خەوندا دەگەڵ دروست با و زگیان پڕبا .. ئاوەزیان بەوەدا نەدەشکا کە هەر جووتبوون دەگەڵ مێرددا ئەوە یۆ خۆی هۆی پس لە پسداندا گوورانە .. ئەوەش لەوەڕا هاتووە، کە مرۆ باوەڕی وا بووە، کە هەرچی کر و کردەوەی مرۆ و مار و مێروو و ئەرز و ئاسمان هەس، گش وە دەس بتە و هێزی نەپەنی و پێوارە .. ئەدی فرۆید لە چیڕا هەرچی شتی درێژووکە، ئافرەت لە خەونیدای ببینێ، بەنمای ئارەزووی جۆنبووتی لە قەڵەم داوە.. هەروەها هەرچی شتی خڕ و گرۆڤەری وەك باڵکۆن و کووپە و مەشکە و کوندە و شتی هەڵمساو لە خەونیدا ببینێ، بەنمای ئارەزووی دەگەڵ مێینگەدا جووتبوونی نێرینە لە قەڵەم داوە و پێی وایە بنەمای ژیان، نە ئابوورییە و نە کۆمەڵە، بگرە زایەندە و هەر کۆششێکی مرۆ لە ژیاندا بەخەرجی دەدا، هەمووی لە پێناوی زایەنددایە و بۆ

پاراستنی درێژەپێدانی توخمی مرۆیە... کوڵەنانی و فاتە بیجەڕێنە و فاڵگرەوە و بەختگرەوە و چەندین جۆرە شەعبەکاری ئەوڕۆ، کە ڕەنگە تا ئەوڕۆش لە کوردستان هەر مابن و بۆ زاوا بەستران، بۆ سك پڕبوونی ژنان، بۆ مێردکردن، بۆ دڵی مێرد بەژنەوە ڕاگرتن، بۆ ناحەزی لە نێوان ژن و مێرددا پەیدا کردن، درێژاییی ئەو جۆرە بیر و باوەڕانەن کە تا ئەم ڕۆژگارەش دە مێشکی نەگۆڕاوی خەڵکدا ماونەوە .. خۆ ئەگەر لە عیبارەتی "خذ بهن أبيك" ورد بییەوە بۆت بەدیار دەکەوێ، کە حەزرەتی ئیبراهیم (د.خ) لە کاتی سەرەمەرگیدا کە داوا لە حەزرەتی ئیسماعیل دەکا دەست بەهەنیەوە بگرێ ئەوجا سوێندی بۆ بخوا، وەسیەتەکانی بۆ بەجێ دێنێ، گرینگیی زایەندت بەتەواوی بۆ ڕوون دەبێتەوە... پیرە سەگ: کینایەتە لە ئاخوندی کاکەییان. ئەشکی خونبار: فرمێسکی خوێناوی. ماتەم: تازیەمانە و سووگواری، پرسە. وەڕین: حەپین. کەلبی هەوشار: هەوشار وڵاتیکە لە کوردستان. سەگی هەوشار، سەگی چاکی کوردەواری . کاك فوئاد عارف، لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە، کە وەختی خۆی چۆن سەگێکی هەوشاری بۆ مەلیك غازی لە پشدەرێرا پەیدا کردووە و دەگەڵ سەگێکی ئاڵمانیدا بەشەڕ هاتووە و هەر وەخت بووە بیخوا. مەعازەڵڵا: پەنا بەخوا، خوا بمان پارێزێ. یا ایها القوم: قەومینە. حەشر (ع. الحشر): خڕکردنەوەی خەڵك، یا خڕکردنەوەی هەر گیانلەبەرێ، بۆ هەق و حەساو لەگەڵدا کردن. نەشر (ع. النَّشر): بڵاوە پێکردن. جەننەت (ع. الجنَّة): بەهەشت. نار (ع. النَّار): ئاور، ئاگر. ئاخوون: مەلای شیعە و کاکەییان. ئاشووب: ئاژاوە، بشێونەیی. لنگە دەستاڕ: تا بەرداشی دەستی. کینایەتە لە مێزەری سەری ئاخوند. غەرەز: مەبەست. جرت و پرت: جرپ و جۆپ، جرت و فرت، هەڵبەز و دابەزی بێهوودە. فاك و فیك: حیلە و حەواڵە. ئەشقیا: یاغی. ئەشرار: نەگریس و پیاو خراپ. حولوولی (ع. الحلولية): باوەڕ بەکڵێشەگۆڕی، دۆناودۆن، دۆن بەتورکی جلك و پۆشاکە. بەتایبەت بەدەرپێش دەگوترێ. "شەیتان دۆننە گیرمك": چوونە کڵێشەی شەیتانەوە .. واتە: مرۆ پاش وەی دەمرێ، گۆیا ڕۆحی دەچێتە لەشی مرۆیەك، گیانلەبەرێکی دیکەوە. بەعەرەبی (تناسخ الارواح)ی پێ دەگوترێ. ئەم بیروبڕوایە ئی ئەوڕۆ نییە مرۆی سەرەتایی بڕوای بەمادییەتی ڕۆح وەك سێبەر، خوێن، هەناسە و شتی لەم جۆرە بابەتانە هەبووە. ئاین لای وایە ڕۆح نامرێ و لە پاش ئەوەی کە لە قاڵب جوێ دەبێتەوە، سەربەخۆ لە دنیایەکی دیکەدا هەتا هەتایە دەمێنێتەوە و دەگەڕێ. ڕۆح لە فەلسەفەی ئایدیالیزمدا دەگەڵ سروشتە

جۆربەجۆرەکانی ئایندا یەك دەخریێ. پلاتۆن ڕۆح بەدیاریدەیەکی نەمری هەتا هەتایی لە قەڵەم دەدا. هیگل، بەشتێکی وشیار و بەکاری دەزانێ و دەڵێ سەروکاری دەگەڵ مادەدا هەیە و ڕەنگدانەوەی سرووشە و لە نەویترین پلەی دۆکتۆرینە دوالیستەکان (ئەوانەی پێیان وایە هەموو شتێ لە جەوهەردا دوو شتە: تاریکی و ڕووناکی، ئاهورا و ئەهرەمەن. (الثنويَّة) لایان وایە ڕۆح سەربەخۆیە، بەڵام شتێکە دەگەڵ لەشدا پەیدا دەبێ .. دێکارت، سپنسەر، وند جێمس، ماتریالیزمی پێش مارکسیزم (ماتریالیزمی میتافیزیکی دیمۆکریتۆس) ڕۆح بە هاوسەروکاری لەش دەزانن، بەڵام لەچاو لەش، بەدووهەمی دادەنێ و چالاکیی ڕۆح دەخەنە ئاستی جۆرەکانی ″ئەلەمینتار میکانیك″ میکانیزمی سروشتان، یا ″فیزیکۆ ـ شمیك″ کیمیای فیزیکی. فەیلەسووفانی ماتریالیزم زۆر جار مەیلیان بەلای ئەوەشدا بزووتووە کە ڕۆحێکی جیهانگر هەیە. (مطلق، خوا...) ″هیلۆزۆئیزم ز″. کێشەی ڕۆحی مرۆ بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی زانستانەی ڕاستەقینانە لە لایەن فەلسەفەی دیالێکتیك ماتریالیزمەوە، هەرچی لێکدانەوەی زاتی و زیهنی و خەیاڵی هەیە پووچ کراوەتەوە. لە ئاکامی لێوەکۆڵینی بابەتەکیانە، هەرچی چەمکی لە زانست بەدەر هەس، سەر لەبەری پووچاندووەتەوە. بڕوانە: (سێچێنۆڤ، پاڤلۆڤ). ڕاستیی حولوول لە ″الملل والنَّحل″ی شهرستانی و ″الفصل فی الملل و الاهواء والنَّحل ″ی ئیبن حەزمدا، بە لك و پۆپەوە باس کراوە... هەموار: بێ گرێ و کۆسپ، خۆش. چاومار: مفتی سلێمانی. هەرزەگوفتار: قسە قۆڕ، قسە بێهوودە. مشتە: ئامرازی چەرم کوتینەوەی پینەدۆز (ع. المنشار): هەڕە. مشت: مست. لە کوردیدا ″ش″ و ″س″ لە زۆر وشەدا لە جێی یەکدی هاتوون: بڕست، بڕشت، ئاسیاو، ئاشی ئاو، مستەکۆڵە، مشتەکۆڵە. جەم جەم: کۆبوونەوەی پیرانی ئەهلی حەق، کاکەیی. ڕوکن (ع. الركن): سیلە گۆشە. ئیکرامی زەیف (ع. إكرام الضَّيف): میوان پەزێری، میوان دۆستی. عومدە (ع. العمدة): کۆڵەکە، سەرەکی. کیتمانی ئەسرار (ع. كتمان الاسرار): پەنام وەشێردن، نهێنی ئاشکرا نەکردن. پەشم: قسەی قۆڕ. ئەسڵی مەقسەد (ع. أصل المقصد): ناوکرۆکی مەبەست. جەوز گوێز: قۆز، گرتکان. توول: شووڵ، شووڕ. کەڵبە: کەڵپە. بۆز: شینی سپی ئاماڵ... ئەم وشەیە تورك بەتورکیی دادەنێن″ هەر بۆیەش خەڵکانی ناوچەی دەشتیان بە ″قرە أولوس″ و نیشتەنییانی زورگ و هەڵەتیان بە ″بۆز أولوس″بەش کردووە .. بەڵام کورد وشەی ″بازگ″ی، بەمانای سپی، وەك ″سەگە بازگ″، ″سپە بازگ″ هەیە. خووگ: بەراز،

گاحوول. تەرس: گووی یەکسم: خەلیفە باپیر: پیری کاکەیی، قەورەکەی لە گوندی مامەشەیە. قەورسانەکە لەسەر سێ گردە .. باوەم، حەمەی برام قەومەکەم گش لەوێ نێژریاگن. شیاکە: ڕیخ، گووی تەڕی یەکسم. کولێن: کوڕکە، بەلۆکە. قەپۆز: دم، بێڤل. یاڵ: ئەو مووەی بەملی ئەسپ و ماییینەوەیە .. "بژ": ئی تەوقە سەریە "یاڵ" ئی ملی. مستەفا: محەممەدی پەیامبەر (د.خ). پەشم: خوری. ڕیخناك: ڕیخاوی، ڕیخن. سەرکەللە، بەشی سەرەوەی ڕێشمە کە بەدەوری سەر و ژێری تەنگەی یەکسمدا دێ، پێشپەندی یەکسم، دەسەجڵەو. هەوسار: پەت، ئەوی بەملی گۆرە و بزن و هتدەوە... دەبەستریێ. چوستی: خێرایی، یەکسەر. سەگسار: بە سەر سەگ و بە لەش مەیموون .. گیانلەبەری وا هەیە .. کورد، فارس: "گامێش، سەگسار، مارماسی "مار و ماسی" مریشە و ماسیشە. میعاد: وادە، ژووان. دەرپێ: شەواڵ. تنبان. ئەغیار (ع. الغیار): بیانی خەرمەن: خەرمان، کۆ. مافوور (ع.المحفور): جۆرە فەرشێکە، سەججادە، خاڵی، قاڵی. زەڕ: زێڕ. خەروار (ف. ك. خربار): کەربار، خەلاڵ، خەرار. خامەك: زەڕبافت، لە ڕیسی وەك تاڵی زێڕ بافت تەون کریاگە، خام، قەنەوز، سەوز، سوور، بنەوشەیی، زۆری ڕەنگ هەس، ژنان وە سوخمەی ئەکەن. خارا: پارچە قوماشی بەنرخ. خەتتی پەرگار: مەبەست بەڕێکوپێکی لە دەور دانیشتنە. میزمار: (ع. المزمار) بلوێر، زوڕنا... ئەو وشەیە چۆتە نێو کوردیش و عارەبیشەوە، "زمێر" بەکوردیی باکوور بە سروود دەگوترێ. زمێری داوود، سروودی داوود. ئەسڵەکەی: ئارامی ـ سوریانییە. ئەفەندی (یۆ): گەورە. نەبیز (ع. النَّبیذ): شەرابێك کە لە ترێ دروست دەکرێ. نوقڵ: شیرینی. مەزە: سووکە خۆراکێك لە گوێن زەلاتە و شتی دیکە دەگەڵ مەی و شەرابدا دەخورێن. تەمبوور: بەئارەوی کراوی تەنبووری پەهلەوییە. لە جوور ژێبەندێل دم درازەس .. ساز: ئامێری مووزیك، بەژێدار و فووییینەوە .. بوربوت: (پ. یۆ) (Borbut): یەکێ لە باوترین و گرینگترینی سازەکانی سەروبەندی ئێرانییان و ئارەوە، لە عوودێکی چکۆلە دەچێ: تار: (ف. ك.): داوێکی درێژی زۆر باریك لە موو و ئارمووش و لۆکە و تەونی جاڵجاڵۆکە بۆ ئامێری مووزیك بەکار دەبرێ. حیسسە (ع. الحصَّە): بەش. قەیماس (ت. قایماز): کەنیزەی ڕەش و پیس. زەنگی (ف. زنگ): ڕەش پۆست. سرە ت (ت. صرە): ڕیز، نۆرە. قورعە (ع. القرعة): پشك هاوێشتن، پشك بەشینەوە. مەعدەلەت (ع. المعدلە): عەداڵەت، یەکسانی، داد. باوە باوە، میرە میرە: پیران و گەورە پیاوانی کاکەیی. مەزدەك (پ. مزدك ـ مزدك): کابرایەکی نەسایی بوو،

دەڵێن لە ئەستەخرێ بووە. دوو سەدە لە پێش مەزدەك پیاوێ بەنێوی زەرتوشتی بوندە ″بوندی″ کوڕی خەرکان، کە خەڵکی یاسا ″فاسا″ کە مانەوی بوو، ئاینێکی بەنێوی ″دەریست دین″ەوە هێنایە گۆڕێ، خەڵکێکی زۆر بەدوو مەزدەك کەوتن، کاورا پیاوێکی کارگوزار بوو، ئەم ئاینەی وە برەو ئێخست. بابەك: بابەکی خوڕەمی، عەبدوڵڵا بابەك، لە لاوێنیدا لە خزمەت گوندییەکدا بەنێوی جاویدان، بەکوشتوکاڵەوە خەریك بووە، لە سەروبەندی مەئموونی عەبباسیدا سەری هەڵدا و پەیڕەوانێکی زۆری لە ئازەربایجان لە خۆ خڕکردەوە، شەڕوشۆڕێکی زۆری لە دژ خەلیفە و هەمەکارانی هەڵایساند. لە ساڵی ١٠١ەوە تا ساڵی ٢٢٢ی کۆچی ، خەڵکێکی زۆری لە سپاییانی غەلیفە قڕکرد. دەگەڵ مازیاری فارسدا هاوکار بوو. خەیزەری کوڕی کاوسی بە ئەفشین ناسراو، لە لایەن غەلیفە موعتەسیمەوە چووە سەر و بەتەڵەکە دەسگیر کرا و هێندرایە خزمەت موعتەسیم. موعتەسیم فەرمانی دا بەشێوەیەکی هەر سەخت و دڕندانە و ناپیاوانە بیکوژن، بەڵام بابەك تا دوا هەناسەی، هەر جنێوی بە غەلیفە دا. کونادار: هەرچی کونی هەبێ. هبُّوا (ع.): یاڵڵا، دەی، هەیدێ .. للوطء (ع.): بۆ قوون گاین. والنَّیك: هەر هەمان مانای پێشوو. عیسمەت (ع. العصمة): داوێن خاوێنی. عار (ع.): فهێت، عەیب. شوورەیی. تەمیز: تەمیس. شەمع (ع. الشَّمع): شەم، مۆم. حەیتار: لە حەیدەر، حەیدارەوە هاتووە .. مەبەستی کاکەلاسە. تف لە حەیتار کینایەتە لە حازرکردنی حەیتار بۆ تێخستن. ئەتك (ع. الهتك): سووکایەتی و پەردەی حەیا دڕین. کەسر (ع. الکسر): شکاندن. ناموس: قانوون، یاسا، حەیا. عیففەت (ع. العفَّة): دەست و داوێن پاکی. لینگ: لنگ، لاق بوون بە لام ئەلف لا: هەردوو لینگی ئافرەت بەرز کەیەوە. دیارە وەك (لا)ی لێ دێ: باسکی هەوجاڕ ئەوەندە دارەی کە لە کەلەمەی هەوجاڕەوە بەمژانەوە دەبەسترێ. ئیتر هەر کێرە و هتد... سمت و کەفەڵ وەك گومەز وایە و وەك چەرخ بەدەوری کێردا دەخولێتەوە و چەرخ و فەلەك پێك دێنێ. لێ بڕینە: ئەم ڕستەیە لە حاڵی ئیعرابی (مەحکی)دایە، دەنا دەبوا ″لێ بردنە″بێ. دیارە کێشی شیعر ناچاری کردووە. ڕەنگە لەبەر خاتری ″لێ خوڕینە″ش بێ .. هەڵئەنیشێ و هتد... تەشبیهێکی تەمسیلیی دەگمەنە. خەپلە: کولێرە. گازر: جلشۆر، خمکەر، بەن ڕەنگکەر. مەترەق (ع. المطرقة): گڵاوکوتك، کوتەك. ساداتی ئەبرار: لە نەوە و نەتیژەی پاکی پەیامبەر (د.خ). کاکەییەکان زۆریان خۆیان بەسەید دەزانن، سەیدییەکەشیان بەلای خۆیانەوە لە بابای عوریانەوە بۆ هاتووە. خووبان (ف.): ئافرەتی شۆخ و

جوان. بیکر (ع. البکر): کونی کوزی نەگایریاگ. بەرگی گوڵنار: پەڕی گوڵهەنار. بەمانای گڕی ئاوریش دێ. پەیکان: تیر، گۆشتین. پەڕی سووفار: جێیەك لە تیر کە ژێی کەوانی لێ گیر دەکرێ. نێزە: کێری مەبەستە.

(٢٢) شین*

کێر کە هەستا نە لە بێگانە دەپرسێ نە لە خوێش
گورزی خۆی هەر دەوەشێنێ چ لە پاش و چ لە پێش
هەمە کێرێکی قەوی، هێند بە کونی تەنگا چووە
سەروچاوی هەموو زامدارە، پەراسووی هەموو ڕێش
تا ملی غەرقە لە چەرما، وەکو سیواکی مەلا
پرچی ئەفشانە لەسەر پشتی ملی وەك دەرویش
پاڵەوانێکی قەوی قۆڵە لە میلبازیدا
مەحکەمە ڕیشە وو بێخی وەکو شاخی گامێش

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون موسەببەغ
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)
وەك: "دوش وقت سحر از غصّه نجاتم داند
واندر آن ظلمت شب آب حیاتم دادند"

خوێش: خزم و خوێش، نزیك. گورز: ئامێرێکی سەرئەستووری دەسکداری شەڕە، لە پەڕۆ و پاتاڵی لێك بادراوی ڕەق بۆ کایەکردن و شەڕ دروست دەکرێ. کینایەتە لە کێر. لە پاش و لە پێش: کیایەتە لە کوز و قوون. پەراسوو: دەنە. ڕێش: بریندار، ڕووشاو. وەکو سیواکی مەلا: تەشبیهی کێر بەسیواکی مەلا، هەرچەندە زۆر بێ ئەدەبانەیە، تەشبیهێکی دەگمەنە .. ئەفشان (ف. افشان): بڵاو، بژ، قەوی و قۆڵ، دەست و بازوو ئەستوور. میلبازی: پاڵەوانبازی .. پاڵەوانانی سەردەمانی کۆن بۆ وەرزشت کردن، میلبازییان دەکرد. ئەمن بۆ خۆم لە بیرمە، تا چلەکانیش جێژنان لە جێ سەیرانەکەی بن قەڵای کەرکووك، لە ئاخوڕ حوسێن، لە حەمامە کۆنێکدا شوکور پاڵەوان و فەخە، میلبازی و زۆرانبازییان دەکرد .. کابرایەکی سوورەی درێژی

قەڵاییش هەبوو، تەپڵی زۆرانبازیی لێ دەدا. زۆر چاکی لێ دەزانی. ئەو تەپڵ لێدانە، ئێستا، ناوە ناوە لە ڕادیۆ تارانەوەم بەشانامە خوێندنەوە گوێ لێ دەبێ. ڕیشە: ڕەگی ورد. بێخ: بن.

(٢٣) غەین*

شێخ محەممەد عەلی وو چەند نەفەرێ چوونە ئۆجاغ
گشت بەکەیف و بەنەشات و بەسورووڕ و بەدەماغ
گەرچی چەند ڕۆژێ بوو تەعلیمی تفەنگبازیی بیجاغ
هەرکە ئەنگاوتی وتم دەك دەس و بازووت نەڕزێ
هەرکەسێ پێت نەڵێ ڕۆستەم تەرەسە و قوڕمساغ

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)
وەك: "از تو جز درد دل و خون جگر حاصل نیست
چە کنم جان کە جز این هیچ دگر حاصل نیست"
ئۆجاغ (ت. أوجاق): نێوی شوێنێکە لە ڕێگای لەیلان، پێش ئەوەی بگەیە تەرجیل .. خەڵکی بۆ چاوکرانەوە و زگ پڕبوونی ژنان، بۆ مراز، دەچنە سەری. بەهاران، بۆ سەیرانیش دەچنە سەری. ئەوە ئی کاکەییان بووە.
بیستوومە تورکێکی دەسڕۆی کەرکووکی هەمووی کڕیوە .. بەدەماغ: کەیفساز، شادمان. تفەنگبازی: تفەنگ تەقاندن و نیشان شکێنە. ئاسا: وەك. پارێز: لە نزیکەوە دەرفەت لە نەخچیر هێنان. بیجاغ: (ت. تیللی باجاق): لاق بەتێلی زیڕ و زێو ڕازاوە. ئەوە پەڕەوڵێکە کورد تیتروا‌سکی پێ یەژن، زۆر خنجیلانە و جوانە، لاقی درێژە، هەر دەڵێی مەرجانی سوورە .. هێندەی کۆترە باریکەیەك دەبێ.
ڕەنگی کەوە و بازگە، کە دەخوێنێ، دەڵێ: تی تتیتتی، تی تتیتتی. هەمیشە لە گوێ ئاوی بەستان دەژی، ماسیش دەخوا. ئەنگاوتن: نیشانە پێکان، نەخچیر ئەنگاوتن.

(٢٤) قاف

ستایشی شێخ ستار*

سپـای غـەم دەورەیـان دام دەس بـە مـەتـرەق
لـەپـاش تـەشریـفـی تـۆ دامـیـانـە بـەر شەق
تــەعــالــەڵــلا، لــە جــەلــلادی فــیــراقت
دەڕێژێ بـێ مـوحـابـات خـوێـنـی نـاحـەق
مــەپــرسە بــۆ لــە هــیــجـرانت نــەمــردم
کە من سەگ مەرگم و گیان سەخت و دڵڕەق
کـە زیـنـیـان خستـە پشتـی مـایـنـە ڕەشکوێت
گـەڕا چــاوم لــە تــاوان زەرد و ئــەبـڵــەق
لـە شەوقــی تـۆ وەکـو مـەنسووری حـەلـلاج
خـەرووسی تـەبـعـی مـن ئـەیگوت: (انا الحق)
لــە بــەزمــی خــوسرەوانــدا یــەك زەمــانــێ
مـورەخـخـەس بووم وەکو دەستووری موتڵـەق
ئـەمـێستـاش تـاقـەتـم تـاقـە و پـەرێشان
خـەرووسم ئـەخـرەسە و حـاڵـم مـوفـەششەق
لـەبـەر هـەیـوانـی مـزگـەوت ئـێستـە بـێ تـۆ
وەهــا دێم و دەچــم وەك حــاجــی لــەقـلـەق
ئــیـلاهــی عــومـر و جـاهت بـەرقـەرار بـێ
عەدووت هەر سەرنگوون بێ، خۆت مووەفەق
سمـێڵــی شێخ ستــار حـەبـلـولـمـەتـیـنـە
کــەلامــی شێخ ڕەزا وەحــیــی مــوسەددەق

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەقسوور
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل).
وەك: ″در آن مجلس که جام عشق نوشند
کجـا پــند خــردمندان نیوشــند″

تەعالەڵڵا: قسەیەکە لە گوێن سبحان الله، معاذ اللّه واتە: خوای لە هەموو مانەند و شێوە بەدەر. یا خوا لە شەڕی شەیتانمان بپارێزێ، پەنا بەخوا. جەللادی فیراق: فیراق، لێك جوێبوونەوە، ئیزافەی جەللاد ئەباڵ فیراق یا ئەوەتا بەئیدیعای ئەوە کە فیراق بووە بەسوڵتان و جەللادی هەس، یا فیراق هەر خۆی جەللادە .. موبالەغەی تێدایە .. موحابا: بەلایەکدا داشکاندن، خاترگرتن. بێ عەداڵەتی. هیجران: یار خۆ لە ئاشق تۆراندن و تەرککردن. هەجرکردن .. سەگ مەرگ: کەسێکی کە لە سەرەمەرگدا بێ و لە گیانەڵای سەختدا بێ. وەك دەڵێن: "ڕۆح لە جێی سەختە و دەرناچێ"، بەڵام بیستوومە، مرۆ پێش وەی بمرێ خوای میهرەبان تووشی حاڵەتێکی دەکا، هەست بەئازاری گیان کێشان ناکا. بەئیستیلاحی بژیشکان "چۆکی"پێ دەڵێن. ڕەش کوێت: سووری ڕەش ئاماڵ، ڕەشی سورخن. مەنسووری حەللاج: حوسەین کوڕی مەنسووری حەللاج، عارفی نامێ. بەتۆمەتی بیروباوەڕی لە ئیسلامەتی بەدەر دەستگیرکرا و بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە کوژرا. تۆمەتەکەی ئەوەبوو کە لە کاتی حاڵ لێهاتن و جەزبەدا هاواری دەکرد، دەیگوت "أنا الحق" خەرووس: (ف. خروس): کەڵەشێر. مەبەست لە خەرووسی تەبع، بانگی ئاشکرای وەك بانگی مەنسووری حەللاج، کە لە حاڵ لێهاتندا "انا الحقّ" دەگوت. بەزمی خوسرەوان: مەجلیسی شەراب و ڕابواردنی شا و پادشایان. شێخ ڕەزا وا دیارە، دیاردیی بۆ سەردەمێ کردووە کە لە هەرەتی جەوانی و لاوێنیدا بووە و دەسڕۆ و هەر خۆی حسێو بووگە و هەر شتێکی ئارەزوو لێ بووە کردوویە و وەك شای خاوەند هەموو دەسەڵات و دەستووری ڕەها، چیی پێ خۆش بووگە، کردگیەسی.. ئەخرەس: لاڵ، بێ زوان. موفەششەق: شڕوشپڕێو. وا دیارە شێخ لە پاشان هەرەتی لاوێنیی لە دەست داوە و پیر بووە و دەستی نەڕۆیشتووە و شێخ عەلیی برای و بریکارانی وی بەرەوبڕیی زۆر شتیان لێ کردووە و کەڵەشێری لە کەو چووە و حاڵی شڕ و پەرێشان بووگە. گلەیی لە زەمانە دەکا. تاقەت تاق: تاقەت چوو، تاقەت یەك لۆ بووەوە، بێ هێز. هەیوان (ف. پ. ك.): بەعەرەبی کراوی "ایوان". پێشگا، ژوور، دالآن. حاجی لەق

لەق: باڵندەی نامێ، لەك لەك. جاهـ (ع. الجاه): وەج، حورمەت. عەدوو (ع. العدو): دژمن، نەیار. سەرنگوون (ف. سرنگون): دەمەوڕوو، دەمەوقلّپ. موەففەق (ع. الموفّق): سەرکەوتگ، کارڕاست. حەبلولمەتین (ع. حبل المتین): گوریسی ئەستووری مەحکەم. مەبەستی شێخ ستارە، کە خاوەنی گفتی خۆیەتی. سمێڵ کینایەتە لە نیشانەی بەڵێن بەجێ هاوردن. کورد دەڵێ: ئەم کارەم لە سوێڵەکەی تۆ گەرەکە. سوێل نمای پیاوەتی و جوامێرییە. وەحی (ع. الوحي): سرووش، ئەوەی کە خوداوەند دەیێخیتە دڵی پەیامبەر و پیاوچاکانەوە. موسەددەق (ع. المصدّق): تەسدیق کرای، بێ لام و جووم، ڕاست و بێ ئەمسەر و ئەوسەر ..

(٢٥) کاف

ئەگەر جارێکی تر بچمەوە کەرکووک*

بەم حاڵە ئەگەر جارێکی تر بچمەوە کەرکووک(١)
مەعلوومە بە مەردی نەڕوواوە لە سەرم تووك
بۆچ بچمەوە کەرکووکی قوڕمساغ کە لەگەڵ من
ئەهلی هەموو ناسازە وەکی ئاوی حەمامووك(٢)
پێم خۆشە لەبەر جەوری براو لۆمەیی ئەقوام
سەد جار لە غەریبی بکەوم موفلیس و مەفلووك
ڕۆژێ بەمورادی منیش ئەڵبەت دەگەڕێ چەرخ
ئەم میچە قەراری نییە، گاهێ جگە گەهـ بووك
شاهی کە نەبێ ڕادەبوێرین بە گەدایی
بۆ ئەهلی قەناعەت لە پلاو خۆشترە داندووك(٣)
شەش مانگە زیاتر کە لەپاش مەرگی پدەر من(٤)
مەغدوورم و مەزڵووم و جەفادیدە وو مەهتووك
تا ساکینی کۆی مامە غەفوورم وەکو فەغفوور
کیسەم پڕە دایم لە زەڕو لیرەیی مەسکووك

پـاپـەنـدی خـەلایـق نـیـیـە تـەبـعـم وەکـو خـەڵـکـی
بـێ کـولـفـەتـم و ڕەنـدم و سەیـیـاحـم و سالـووك
مـن خـواجـەیـی ئـەحـرارم و ئـامـێزشی دنـیـا
هـێشتـاکـە نـەمـیـکـردووەتـە بـەنـدەیـی مـەمـلـووك[٥]
وەك (لامـیـع)ی شاعـیـر نـیـیـە ئـێستـێ لـە جـیـهـاندا[٦]
شیرین سوخەن و قانیع و خۆش تەبع و (ڕەزا) سووك[٧]

....

(١) بەم هەیئەتە گەر دەفعەیێ تر بێمەوە کەرکووك (نوسخە).

(٢) بە حەمامۆك مەشهوورە، لەبەر قافیەکە وامان نووسیوە.

(٣) داندۆك دەگوترێ، دیارە هەر لەبەر قافیەکە وامان نووسیوە. بەئیملای کۆن ئەم بانێکە و دووهەوایە ڕووی نەدەدا، گرفتەکە بەخوێندنەوە چارەسەر دەکردا...

(٤) شەش ساڵە زیاتر کە لە پاش مەرگی پدر من مەغدوورم و مەزڵووم و جەفا بردەم و مەهتوك (کش مەلا ئەحمەدی دەکە).

(٥) هێشتاکو (کش مەلا ئەحمەدی دەکە).

(٦) ئێستا (کش مەلا ئەحمەدی دەکە).

(٧) قابیل (کش مەلا ئەحمەدی دەکە).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.

(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)

وەك: "گر دەست دهد خاك كف پای نگارم

بـر لوح بصــر خطّ غبــار بنـگارم"

ئاوی حەمامۆك: نێوی ئاوێکی نامێیە لە کۆیە. لەومە (ع. اللَّوم): لۆمە، تانووت. ئەقوام (ع. الأقوام): نەتەوەکان، خزم و خوێش. موفلیس (ع. المفلس): بێ پووڵ و پارە. مەفلووك (ع. المفلوك): فەلەك زەدە، زەمانە پشت تێ کردگ. چەرخ (ف. ك. چرخ): گەردوون، فەلەك. میچ: جگ، جوو، قاپ، باری لەسەر پشت کەتنی جگ لە جگێندا. بـووك: بك، شاهـی: پـووڵ، پـادشایـی داندووك: داندۆك، دۆینـە. لـە هـێندێ ناوچەی کوردەواریدا، ترخێنەشی پێ دەگوترێ. پدەر (ف. پدر): باب، باو، باوك. مەغدوور (ع. المغدور): غەدرلێکراو، بەش لێ زەوت کراو. مەزڵووم (ع. المظلوم): زۆر لێکراو. جەفادیدە: مەینەتی و جەفادیدە. مەهتووك (ع. المهتوك): پەرێشان، ڕووت و

ڕەجاڵ. فەغفوور: نازناوی پادشای چین و ماچین. مەسکووك (ع. المسكوك): لێدراو، پارەی لێدرای. خەلائیق (ع. الخلائق): خەڵکان. کولفەت (ع. الكلفه): ئەرك و ئورك، بارگرانی. ڕەند: زۆرپیاو و جوامێر، بێ پەروا، بێباك. سەییاح (ع. السَّیاح): گەڕۆك. سالووك (ع. السالوك): هەژار، دەروێش. ئەحرار (ع. الاحرار): ئازاد و سەربەخۆ. ئامێزش (ف. امیزش): دەگەڵ دنیادا تێکەڵ بوون. مەملووك (ع. المملوك): کڕراو، خەریدە. لامع: نازناوی شێخ ڕەزا. ئێستێ: ئێستا. سوخەن (ف. سخن): قسە. خۆش تەبع: سەلیقە ڕەوان. قابیل: بە بەهرە. ڕەزاسووك، دوو مانای هەس: یەکێکیان ئێسك سووك، دووەمیان شێخ ڕەزا. مەبەستی بارسووکییە، "کەر کوڵ و بار سووك".

(٢٦) میم
هەجوی شوکری*

پووره شوکری بەسیە با نەتگێم و سمتت لەق نەکەم
دایکە کێرخۆرت هەواڵەی سووری سەرئەبڵەق نەکەم
نییەتم بوو دەفعەیێ خۆمت پیادەم باز وتم
نەقسە بۆ ئەمسالی من با گوێ لە هەر ئەحمەق نەکەم
من کە شەهبازی شکارئەندازی شاهیم پێ دەڵێن
حەیفە با ئاهەنگی جەنگی سەرگەڕ و لەقلەق نەکەم
تۆ بەجارێ وەك ژنی فاحیشە پێت لێ هەڵبڕی
نەء، وتم خەیری نییە، چاوێکی گەر لێ زەق نەکەم
حیزە ساخۆت بگرە، تا بۆت بێمە مەیدانی مەساف
شەرتە هیچت پێ نەڵێم تا بن گونت نەستەق نەکەم
کۆنە حیزی شاری بەغدا لێم حەرام بێ شاعیری
گەر کوزی خۆشکت وەکو ئەیوانی کیسرا شەق نەکەم
هەروەکو مەستیم بە فەردێ گا خوا ڕۆحم بەرێ
مولحیدی کافرمەزەب گەر تۆش بە ئەو مولحەق نەکەم
من دەزانم کێ لە خشتەی بردویی ئەمما چ سوود
سەیدە سەید قسەی سووکی دەبێ دەرحەق نەکەم

پێی بڵێ با مونتەبیهـ بێ، تۆش گەن و گووم بەس بخۆ
بـا سلـێمـانـی بـەجـارێ کـافـری مـوتـڵـەق نـەکـەم
عـەهـدە کـردوومـە لـە خـزمـەت شێخ ڕەزادا ورچـە کـوێر
نـەیـخـەمـە نـاولـنـگـی دایکت، تـا لـە تـۆی ئـێرەق نـەکـەم

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: "یاد می داری کە با من جنگ در سر داشتی
رای رای تست خواهی جنگ و خواهی آشتی"
پـوور: خـوشکـی دایك و بـاوك. بـەپـوور نـێوبـردنـی شوکـری فـەزڵـی بـۆ فـراوێتـن و داشۆردنە.. شەمە لەق بوون: ڕۆژی شەمە کە لە کن جووان ڕۆژێکی پیرۆزە، شێوان، چ بـەئـاورکـردنـەوە یـا بـە هـەر کـارێکـی لـەو ڕۆژەدا، کـە جـوو نـابـێ بـیکـا، کـارێکـی ناشەرعییە.. دیارە جووتبوونیش لەو ڕۆژەدا هەر شەمەی پێ لەق دەبێ .. سووری سەر ئەبڵەق: کاورای سەرخڕ... هەرامە، وانێك، هینە. باز وتم: هـەمدیس گوتم. شەهباز: بازی سپی، باشووکەی سپی. ئەوە نێوە، بۆ پیاوان. شکار ئەنداز: نەخچیر ئەنگێو. ئاهـەنگ: بەزم و ڕابواردن. سەرگەڕ: سیسارکە کەچەڵ. فاحیشە: ژنی داوێن تەڕ، گاندەر. مەساف: شەڕ. نەستەق کردن: جووتکردن. ئەیوانی کیسرا: تاقسەرایەکە لە پاشماوەی ساسانییان، لە تەیسەفوون "مەدائین"، لە گوێ چۆمی دیجلە. دیاردیی بۆ ئەوە کردووە، کە پەیامبەر (د.خ) بەئەنگوستی پیرۆزی شەقی کردووە. مەبەستی: مـەستی ئـەفـەندیی مـەسرەفـە. فـەرد: تـاکـە بـەیـتـی شیعر، بـەمـانـای تـاکـە کـەوشیش هـاتووە. مولحید (ع. الملحد): ناخوا، خوانەناس. کافر مەزەب: بێ مەزەب، مەزەبی، مەزەبی کافرانە. مولحەق (ع. الملحق): پاشکۆ، وەپاڵ دراو، لە خشتە بردن: خـاپـاندن، هـەڵـخـەڵـەتـاندن، فریودان. مونتـەبیهـ (ع. المـنتبـە): ئـاگـا، وریـا. ئێرەق: ڕەق، کێر هەڵستان، کێر ڕەپ بوون.

(٢٧) **نون***

مـن بـە ئـاشووبـم، بـە جـارێ خـان و بـانـووتـان ئـەگێم[١]
ئیبنی مەشهوورتان دەیووس و (پیاوی) بەدخووتان ئەگێم

هەر لە کوڕ تا کچ لە ساڵی سەد هەتا دووتان ئەگێم
یەك بەیەك هەمسایەکانی دەوری خانووتان ئەگێم
حەوشە وو کوڵان و بیر و دار و پەردووتان ئەگێم
شەرتە هیچی دەر نەکەم تاکو کەنووتانیش ئەگێم
باوکی مەعلوومت نییە لەعنەت لە زاتت هەی تەرەس
گوو بەگوێی دایکت چوزانم دایە بەرکێ پێش و پەس

....

(١) ئومێد کاکە ڕەش، ئەم شیعرە بەهی شێخ ڕەزا نازانێ، (ڕەنگە ئی شوکری فەزڵی بێ)... بڕوانە ئومێد کاکە ڕەش، ل: ٢٥٥).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فاعلان)
وەك: ″هر کە چیزی دوست دارد جان و دل بر وی گمارد
هر کە محرابش تو باشی سر ز خلوت بر نیارد″

ئاشووب: ئاژاوە. بانوو: کیژ. دەیووس: دەویت، گەوواد. هەمسایە: هاوسێ، داروسێ. پەردوو: هەڵاشی بان. ئەوەی لە بن قامیشەوەی دادەنێن. تەرەس: دەویت. کەنوو: کەندوو: کواڕ.

(٢٨) نون

ئالی بەبە*

سائیل بە غینا نائیل ئەکا بەخششی کەمتان
ئالی بەبە یاخوا نەڕزێ دەستی کەرەمتان
هەرچەند بەمەسەل خەنجەری ئەڵماسە زبانم
نابڕێ قەد سەری موویێ لە ئەدای شوکری نیعەمتان
گیرفانی گەدای کردووەتە کانی جەواهیر
ئیکسیری نیساری زەڕە شاباشی درەمتان
ئێوەن بەحەقیقەت مەلیکی میللەتی کوردان
شایانە زیارەت بکرێ خاکی قەدەمتان

ئینکاری حوقووقیان لەسەر ئەم میللەتە ناکرێ
ئابائی فەرەیدوون فەڕ و جەمشیدی حەشەمتان

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفوف مەحزووف
(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)
وەك: "هرگز نبود سرو به بالای تو داری
یا مه به صفای رخ زیبا که تو داری"
سائل (ع. السائل): خواستار. غینا (ع. الغنی): دەوڵەمەندی. ئەڵماس: (پھ. یو Ooamas): یەکێ لە بەردە بەنرخەکان، کە لەبەر سەختی و رەقی و درەوشانەوەی و دەگمەنی لە سەرلەبەری بەردە بەنرخەکانی دیکە لە پێشترێیە و کاربۆنی بێ خەوشە. کێشی تایبەتی ٢.٥ تا ٣.٦ و پلەی سەختی ١٠یە. ئەڵماس بەیەکانەی کێشی قیرات دەکێشرێ. ئیکسیر معر. یو. Xerion گەوهەرێکی شت توێنەوەیە و چییەتیی تەن دەگۆڕێ و تەواوتری دەکا بەنموونە جیوە دەکا بە زێو و مس دەکا بە زێڕ. هەموو شتێکی بە کەڵك و دەگمەن. شاباش: ئەو پووڵەی کە بۆ پێدا هەڵکوتن لە شاییدا بەچاوەشان دەدرێ.

(٢٩) نوون

شێخ عەلیی تاڵەبانی*

بێگانە هەموو ساحیبی جاهـ و جەبەرووتن
بێچارە برای شێخ عەلی موفلیس و ڕووتن
ئەی شێخ عەلی وا چاکە وسووقت بە برابێ
باوەڕ مەکە بەم خەڵقە کە وەك توولە لە دووتن
قەومێ کە لە عەهدی پدەرت حەلقە لە گۆش بوون
تەحقیق بزانە بەخودا جوملە عەدووتن
ڕەحمیان نییە دەربارەیی تۆ خزم و ئەقاریب
موشفیقترە بێگانە لەمانە کە عەمووتن
نادان و قوڕمساغ و نەزانن کە ئەمانە
گاهێ لە سەما، گاهێ لە سەیری مەلەکووتن

ئـەم تـەكـيـەنشيـنـانـە، چ دەروێش و چ سۆفـی
هەرچەندە بە دڵ موشتەغیلی زیکر و قونووتن
وەك حاجیی مابەینی سەفا و مەروە بە تەعجیل
بۆ لوقمە ئەمانیش بە مەسەل یوونس و حووتن
جـومـعـانـە بـڕاوە بـە خـودا مـوفـلـیسە لامـیـع
نـیٚ پـوولـی حـەمـامـی هـەیـە نـیٚ پـارەیـی تـووتـن

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ معولن)
وەك: "اندوه تو شـد وارد کاشانەام امشب
مهمان عزیز آمده در خانه ام امشب"
نیٚ: نە. جەبەرووت (ع. الجبروت): توان، توانست، توانایی. وسووق (ع. الوثوق): متمانە. توولە: توولە سەگ. حەلقە بەگۆش (ع. ف. حلقە بگوش): ئاڵقە لە گویٚ. کینایەتە لە بەندەگی و کۆیلەیەتییان. موشفیق (ع. المشفق): شەفەقەت، بەزەی باوك. عەموو (ع. العم): مام. نادان (ف. نادان): نەزان. سەما (ع. السَّماء): ئاسمان. مەلەکووت (ع. الملکوت): گەورەیی، شان و شکۆ. تەکیەنوشین: تەکیەنشین. قونووت: دوعای سەفا و مەروە: ئەو جێی حـەزرەتـی هـاجـەر، لـە بـۆ ئـاو ئـەمسەر و ئـەمسەری کـردووە و ئـەورۆ حاجییان، هەر بەهەمان دەستوور ئەو یادگارە بەیاد دەکەنەوە. تەعجیل (ع. التَّعجیل): بەلەز، بەهەڵەداوان. یونس و حووت: حەزرەتی یونس و قووتدرانی لە لایەن نەهەنگەوە. جومعانە: مووچەیەك بوو. خەڵك و خوا بەفەقیٚ و دەروێش و مەلایان دەدا، هێندیٚ جار فەقیٚ بۆ خۆی گوندان دەگەڕا، سا ئەوەی خوا بەقسمەتی کردبا، لە گەنم و جۆ و خوری و هەر شتێکی دیکە، کۆی دەکردەوە، بژێوی خۆی پیٚ بەڕێوە دەبرد. ئەمن بۆ خۆشم کردوومە. دەگەڵ کاك مەلا سددیقی ئیلینجاغیٚ، پێکەوە لە ٤٥دا جارێکمان جومعانە کردووە.

(٣٠) نوون

كچی حەسەن كەنۆش*

حـــەسەن كـــەنـــۆشەن، حـــەسەن كـــەنـــۆشەن
ئـــيـــنـــە كـــنـــاچـــەی حـــەسەن كـــەنـــۆشەن
كـــەلـــلـــەش شڵـــەقـــيـــاو نـــاوگـــەڵش بـــۆشەن(١)
كـــونـــای قـــيـــريـــنش دايـــم وە جـــۆشەن
كـــورِكـــەش دێوانـــەی كـــەڵپـــووس نـــە دۆشەن(٢)
بـــەلـــۆكـــەش لـــۆلـــۆن چـــوون گـــەدەی مـــێشەن
هـــەر لـــۆيـــێ جـــەوێش چـــل كـــێر نـــە تـــۆشەن
دەلـــۆن هـــەر لـــۆيـــێ سەد كـــێر نـــە تـــۆشەن(٣)
وێنـــەی هـــەر وە فـــاڵ هـــەر وە خـــرۆشەن
پـــەی كـــێر قـــەوی خـــەيـــلـــێ پـــەرۆشەن
بـــۆس و كـــەنـــار و خـــەڵـــوەتش خـــۆشەن

....

(١) كەڵەش شلەقياو ناوگەڵش بۆشەن (كش).

(٢) كورکەش ديوانەی كەڵپۆس نەدۆشەن (ديوان). كورِكەی ديوان كەڵپۆس نەدۆشەن (كش).

(٣) وەخۆش يەكێ ناو گەلش فۆلۆشەن.

هەر لۆيی گش چل كێر نە تۆشەن (كش مەلا ئەحمەدی دەكە).

بۆ زێدە زانياری بروانە ئومێد كاكە رەش. ل: ٢٥١

(*) كێش: بەحری رەجەز مورەببەع مورەفەل

(مستفعلاتن مستفعلاتن)

ئەم شيعرە كێشەكەی دە برگەييی وەك سەرلەبەری شيعرەكانی مەولەويی بەهەشتی و بێسارانيی نەمر، كە لە گوێن: تەرلان تەوارێ تەرلان تەوارێ ـ يە...

ئينە (كۆ.): ئەمە. كناچە: كچ، كەنيشك، كەنی. كەلە: سەر. شڵەقيا: شڵەقاو. ناوگەڵش: ناوگەڵی. بۆشەن: بۆشە. كونای قيرينش: كونی وەك قيری رەشی: هەميشە بەجۆش و خرۆشە. كورِكەش: ميتكەی. دە لۆن: دە لۆيە. نەتۆشەن: تێدايە. وەفاڵ: بەتەڵەب.

وا باوە کە پیرۆزی کچی حەسەن کەنۆش بەم شیعرانەی وەڵام داوەتەوە؟!

ڕەزا وە زەفتم ڕەزا وە زەفتم
هیچ کەس نەکەردە وە تەعدا زەفتم
دەمت وە مابەین چاڵ ئەشکەفتم
بچێ وە چاوتا بەکۆکی چەفتم
ترم تەمیرە تسم سازت بۆ
گوزم هەفتاوەی دستنمازت بۆ
ئانە چەند وەقتەن ئەحواڵت پرسم
لووتت وە (کون)م دەمت دەمت وە کوسم
وەی عابای دڕیای لا شانتەوە
وەی ماین شێ یاڵ پانتەوە
دشمن سابیقین بۆ خوا بوون شایەت
شەرعمان بکەون وە عورف و عادەت
ڕەزا لەی کارە پەشیمان بوێوە
بە ڕشی ڕەزا بە هاوە کوێوە
هەر لە مناڵی تا ئێستە بویتە
کەلەش خۆت وەبان چەند کێرێ دیتە
ئیسلامان بۆ خوا، بوون شایەت
شەرعمان بکتەن وە ڕەسم عایەت
بزانن ئێمە دوشمن سابیق نین
سەبەب ئەی ئەشعار بەد فەڕش پەی چین
یەقین جە شوبهـ دەرد هاریەن
ڕەوشت زشت و مەرد ئازاریەن
بوینۆن وە حەق، خەتا جە کامەن
مەعلووم ڕووسیای خەواس و عامەن
ئەومان (پەساو پەس) سواری هەر کەرەن
(خۆڵ و دۆ ڕێز) و لە شار وەدەرکەن

ئەی شێخ دین خاس ئەی شێخ دین خاس
حــکـــاك دانـــا پسپـــۆڕی ئـــەجـــنـــاس
سەگـــی دنـــدان گـــیڕ، ئـــاشنـــا نـــەنـــاس
پـەی چـیـیـەن دووریـی، جـە ڕاوڕەسمـی ڕاس
تــایـــەفـــەی شمـــر شووم ئـــەلـــخـــەنـــنـــاس
گــەمــاڵــی گــەورە، جــەكــێ مــەكــەی پــاس
یــازووخــەن، تــۆ كــوڕ (شێخ ئـەوڕەحـمـان)ی
ڕیش چـو گـەنـدە مـووی (بـەر)ی (سۆزانـی)
حـــەیـــات نـــەهـــێڵا پـــەی تـــاڵـــەبـــانـــی
وەهـــەر (چـوار مـــەزەب) لایـــیـــق نـــەمـــانـــی
ئـــــای بـــــۆ دەلاكـــــێ سەرت بـــتـــــاشێ
ڕیشت قـــوت بـــكـــا چـــون كـــلـــكـــی جـــاشێ
ڕەزا، لـــــەی كـــــارە پـــــەشیـــمـــــان بـــێوە
بـــــزانـــــی ڕەزای خـــــوا هـــــا وەكـــــوێوە
بـــەخشمـــەت وە خـــوا، وەرنـــە مـــەتـــوانـــم
كــەلــلــەت بــنــێمــە نــاو جــفــتــەی ڕانــم
وێنـــەی سەگ هـــار تـــا نـــەتـــخـــنـــكـــێنـــم
عـــەهـــدەن، كـــەلـــلـــەتـــی لـــێش دەرنـــەهـــێنـــم
مـــن تـــەقـــیـــیـــەی (شێخ عـــەلـــی) ئـــەمـــگـــرێ
ئـــەرنـــا عـــیـــلاجـــی (ڕەزا)م پـــێ ئـــەكـــرێ
مـــەعـــلـــوومـــەن (ڕەزا) كـــونـــای ئـــەخـــورێ
هـــەر بـــەم ڕەوشتـــە، لـــە خشتـــە ئـــەورێ
دەستـــە لاوێكـــی ئـــەنـــێرمـــە تـــەك
(كـــون) و (كـــیس گـــون)ش بـكـــەرۆن وە یـــەك
تـــابـــوێتـــە پـــەنـــد، لـــەی كـــارە لاچـــێ
پـــەی (شێخ عـــەلـــی)یـــەن دەسم تـــێش نـــاچـــێ
(شێخ عـــەلـــی) تـــۆ شێخ نـــەی شارەی چـیـیـە؟
(ڕەزا) نـــامـــووس و حـــەیـــای لا نـــیـــیـــە

عـــالـــەم جـــە (ڕەزا) دەروون پـــڕ ئـــێشەن
تـــەحـقـیـق تـۆش جـە ئـەو دڵت وە ڕێشەن
سەرش پـــانـــكـــەرۆ، چـــون مـــار ژاردار
پـــەنـــد پـــێشیـــنـــەن، شەرع مـــار وە دار

(٣١) نوون

ئەم سادەڕوخانە*

ئـەم سادەڕوخـانـە لـە مـەلاحـەت كـە تـەمـامـن
دەورت كە دەدەن، تەفرە مەخۆ، قەت مەڵێ ڕامن
گەهـ دۆست و وەفـادار گەهـێ دوژمنی خونخوار
دڵ نـەرم دەبـن گـاهـ و گـەهـێ سەخت كـەلامـن
عـاجز مەبە، نەك بۆ تۆ، وەفـایـان نییە بۆ كەس
مەعلوومە كە ئەم تاقمە وەك تاسی حەمامن

....

(*) كێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەكفووف مەحزووف.
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن).
وەك: "هر گز نبود سرو بە بالا كە تو داری
یا مە بە صفای زیـبا كە تو داری"
سادەڕوخ (ف. سادە رخ): لووس. مەلاحەت (ع. الملاحە): جوانییەكی مەزەدار. تەمام (ع. التَّمام): تەواو، بێ عەیب. تەفرە: فریودان، خاپاندن. ڕام (ف. رام): كەوی، ماڵی، فێر. سەخت كەلام: قسەڕەق. تاسی حەمام: مەبەست بێ بارییە . تاقم (ت. طاقم): دەستە، گرۆ.

(٣٢) واو

شین بۆ سەرداری ئاكۆ*

ڕووخـانـدی گـەردشی گـەردوون لـە هـەرجێ ئـاستـانێ بـوو
سوتاندی چەرخی دوون پەروەر لە هەر كوێ ئاشیانێ بوو

وەکو تەیی سجیللی لیلکوتوب پێچایەوە گەردوون
لەهەر میهمانسەرا ئاساری سفرە و نان و خوانێ بوو
بە حاتەم گەر بکەی تەشبیهی ئەم ئاغایە، بێ عەقڵی
کە فەرقی ئەم لە گەڵ ئەو ئاسمان و ڕێسمانێ بوو
دریغ بۆ خانەدانی مارف ئاغای سەروەری ئاکۆ
کە جێگەی عەیش و عوشرەت، مەنبەعی ئەمن و ئەمانێ بوو
لە جوود و بەخشش و ئینعامی خۆی و قەوم و ئەتباعی
وەکو شانامەیی ڕۆستەم لە هەرجێ داستانێ بوو
کەیومەرسی دووەم، جەمشیدی سانی، خوسرەوی سالیس
سولەیمانی زەمان، ئیسکەندەری ساحێبقرانێ بوو
شەوی وەك زوڵفی یار و ڕووی حەسوود و بەختی من تاریك
لەگەڵ دەیجووری یەلدا وا حیساب کە تەوئەمانێ بوو
بەنامەردی شەهیدیان کرد، وەکو حەمزە و عومەر دوژمن
موراد ئاغا کە ڕۆژی جەنگ و دەعوا قەهرەمانێ بوو
کەسێ ئەم سەروی ڕەعنایەی لە پێ خست گەردنی بشکێ
چ زیبا سوورەتێ یارەب، چ شیرین نەوجەوانێ بوو
(موراد)یان بۆیە ناو نابوو لە وەختی بەخشش و ئینعام
لە بۆ بانی موراد دەستی کەریمی نەردەبانێ بوو
لە حەق شێخ و مەلا و دەروێش و سۆفی و سائیل و سەییاح
وەکو حاتەم، شەفیق و دڵنەواز و میهرەبانێ بوو
ئیتر نەتبێ لە موڵکی ڕۆم ڕەزا ئومیدی ئاسایش
لە پێش ئەم کارەدا هێشتا ئومێدی پارچە نانێ بوو

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).
وەك: "دلا یارا دگر جوستی بدین کار از تو خوشنودم
تو از یاری بیاسودی من از خواری بیاسودم"

گەردشی گەردوون (ف. گردش گردون): سوڕو گوڕی چەرخ. ئاستان (ف. آستان): هاسانە، سەردەرانە. ئاسانە. دوون پەروەر: هەمیشە هەر پەست و نامەرد پەروەر، حیز و گەواد و ئاڵچاخ پەروەر. ئاشییان (ف. آشیان): هێلانە، هێلوون. تەییی سیجیل لیکلوتوب (ع. طيِّ السِّجِّل للكتب): وەك كتێب پێچانەوە، لە دەفتەردا: لە تۆماردا. میهمانسەرا (ف. مهما سرا): میوانخانە. ئاسار (ع. الآثار): ئاسەوار، شوێنەوار. سفرە: خوان. حاتەم: کاورایەکی دڵاوا و دەهندەی عەرەو بووگە. ئاسمان و ڕێسمان: دوو وشەن بۆ لێك دووفاقیی دوو شتان دەگوترێ، دەنا هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نییە.. هەر لە دەنگدا هاوکێشن. جود (ع. الجود): سەخاوەت، دەهندەیی. ئینعام (ع. الإنعام): بەخشش دان. شانامە نێوی بڕێ کتێبی پەخشان و هەڵبەستی لیریکین، کە سەربوورەی شایانی ئێرانیانی تێدا باس کراون. شانامەی فیردەوسی لە هەمووان نامێترە. لە دەوروبەری ساڵی ٣٧٠ـ٣٧١ڕۆ. م.دا، دەست بەهۆنینەوەی کراوە. فیردەوسی شانامەی بەنێوی سوڵتان مەحموودی سەبوکتەکینی غەزنەوییەوە داناوە. نزیکەی شێست هەزار بەیت دەبێ... کەیۆمەرس (پ. ف. کیومرث): زیندووی فانی، زیندوویەك کە لەناودەچێ و نامێنێ.. بەپێی نەقڵی زەرتوشتیان یەکەم مرۆ، حەزرەتی ئایەمە. بەپێی نەقڵی شانامەی فیردەوسی، یەکەم پادشای ئێرانیانە.. گیومەرز، گیو مەرد، گیومەرس، بەم هەموو ناوانەوە هاتووە. ساحێبقران (ع. صاحب القران): کەسێ کە لە کاتی نوتفە پەیدا بوون، لە کاتی لەدایکبووندا بەیەك گەیشتنێك لە نێوان ستارە گەڕۆکەکاندا ڕوو دەدات، ئەوە بەکاتی ئیقباڵ و دواڕۆژی خۆش لێك دەدرێتەوە.. شەوی وەك و هتد... شەوی وەك زوڵفی یار و ڕووی حەسوود و بەختی خۆی چواندووە. جەمسەر لێکچواندنەکەش ڕەشی و تاریکییە. دەیجوور (ع. الدَّيجور): شەوەزەنگ، تاریك. یەلدا (سو. یلدا): درێژترینی شەوی ساڵ، شەوی یەکەمی پشکی بزن، شەوی چلەی گەورەی زستان. وشەکە بۆ خۆی لە زمانی سوریانیدا بەمانای لە دایك بوونە. لەبەر وەی شەوی یەلدایان دەگەڵ لەدایکبوونی عیسای مەسیحدا جووت گرتوون، بەو نێوەیان نێو ناوە.. یەلدا ناو، لە ناو فەلاندا زۆرن.. تەوئەمان (. التَّوأمان): جمرانە، دووانە. مراد ئاغا: لە ساڵی ١٢٩٣ی ك. دا تەقیەدین و عومەر پاشای دیاربەکر هۆزی ئاکۆیان تالان کرد، مراد ئاغای فارس ئاغا و محەمەد ئاغای عەبدوڵڵا ئاغایان گرت و دە زیندانیان هاویشتن. مراد ئاغا لە زیندانی کەرکووکدا مرد. لەسەر خواستی قادری وەستا خدر، شێخ ڕەزا ئەم چامەیەی بۆ گوتووە. ڕەعنا (ع. الرَّعناء): بەمانای ئەحمەق و خۆپەسند و گەمژە و حۆل هاتووە.

بەڵام بەکوردی و فارسی بەمانای گوڵێکی جوانە. لە پێ خستن: لە ناوبردن. گەردن: ئەستۆ. زیبا (ف. زیبا): جوان، نەوجەوان (ف. ك. نوجوان): تازە هەڵچوو و لاو. نەردبان(ف. نردبان): قاڵدرمە، پەیژە، پلیکانە.

(٣٣) واو

سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو*

لە بیرم دێ سولەیمانی کەدار و مولکی بابان بوو
نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپیی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر رێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقە و نەقـقارە تا ئەیوانی کەیوان بوو
درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو رۆژە
کە مەیدانی جریدبازی لە دەوری کانی ئاسکان بوو
بە زەربی حەملەیێ بەغدایی تەسخیر کرد و تێی هەڵدا
سولەیمانی زەمان ڕاستت ئەوێ باوکی سولەیمان بوو
عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن، ئەمما
سەلاحەددین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو
قوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان پڕ لە ڕەحمەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەك هەوری نیسان بوو
کە عەبدوڵڵاهـ پاشا لەشکری والیی سنەی شڕکرد
ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تیفلی دەبستان بوو

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).
وەك: "تو از هر در کە باز آیی بدین خوبی و زیبایی
دری باشد کە از رحمت بە روی خلق بگشایی"

دارولمولك (ع. دار الملك): جێی فەرمانڕەوایی. بابان: بەبنەچە دەچنەوە سەر بابا، باوەکانی ئەهلی هەق. دوا بەرەیان لە دارەشمانە، سەریان هەڵداوە... عوسمانی بەنازناوی هەر بەناو پاشا ئاوڕێکی لێ داونەوە، بەڵام نازیان لەلایەن سوڵتانەوە کەم دەگیرا. پاشایەکانی بەغدا کە هەر یەکە لە تیرەیەکی خوبزەی وەك ئەرمەنی و بۆسنەیی و گورجی و هەرسەکی و کۆسۆڤۆیی و پۆماك و لاز و ئەنجاز و چەرکەس و تەختەچی و یۆنانی و مەکەدۆنی و مۆنتی نیگرۆیی و کورویش و ئەڕنەووت هتد..ی بەزۆر سورمانکراوی عوسمانی بوون، هەمیشە، لە دژیان بە بڕوبیانوو و گزی و فزی بوون، خانە بەگ و عەبدوڕەحمان پاشا و خالید پاشا و مەحموود پاشایان نامێ و هەڵکەوتە بوون... لە ئاکامی دەست لە کاروبار تێوەردانی ئێران و عوسمانی، هەمیشە برا دەگەڵ برا و مام دەگەڵ برازادا، لە کێشە و هەراو دووبەرەکی و لێك خەفتاندا بوون.. لە سای دوژمنی هەردوو لا ، لەشکر لە یەکدی کردن و کورد بەکورد کوشتن، میرنشینی باوان، تەنانەت بۆ یەکسەر دەگەڵ بەغدادا بەڕەسمی هاوپێوەند بوونیش ڕێگە نەبوو، دەبوا جڵەویان بەدەست کۆنە عیسەوییەکانی وەکە ماڵی جەلیلی زادانەوە با. ئەوەی عەبدوڕەحمان پاشا بۆ بەغدای کرد، نەتورکێ نەعارەبێ، بۆی نەکرد. خۆ ئەو نەبا، عارەبی ئەحسایی لە مێژ بوو ئەسڵەن هەر نێوی عیراقیش لەسەر نەخشەی ساختەی ئینگلیز نەدەما، سەیر ئەوەیە لە کاتی قەیرانی بێ پاشاییی بەغداییدا، چەنانێ قسە لەوە دەکرا، عەبدوڕەحمان پاشا ببێ بەپاشای بەغدایێ، بەڵام عارەبی بەغدا و کۆنە عەجەم و بەهەزاران پەت پسێنی لە بەغدا مۆڵ خواردوو، گوتیان کورد پادشاییی لێ ناوەشێتەوە.. ئەدی عەبباس مەحموود ئەلعەققادی بەڕەگەز کوردیش ئەوە نییە فەرموویە: هێندێ جار پیاوی گەورە لە نەتەوەی هەرچی و پەرچیی وەك سەلاحەددینی کوردیش هەڵدەکەوێ... ئەی لەمنت کەوێ، کوڕە باوکلاڤەدەزوو فرۆشەکە بۆ خۆت و هەستی خۆ بەکەم زانینت... سوخرەکێش: بەبێگار کارکەر. ئالی عوسمان: بەرەی عوسمانەکەی بیابانی تورکستان. گردی سەیوان: گۆڕستانەکەی شاری سلێمانی. جریدبازی: بەسوارییی ئەسپ قاشوانێ. کانی ئاسکان: ئێستا گەڕەکێکی زۆر گەورەی ناوشاری سلێمانییە. باوکی سلێمان: واتە عەبدوڕەحمان پاشای باوان. ئەفزەل (ع. الأفضل): چاتر. سەلاحەددین: سەلاحەددین یووسف، نازناو: بە الملك النَّاصر کوڕی نەجمەددین ئەییووب کوڕی شادی کوڕی ئەیووب بەکونیەی ئەبولموزەفەر ناسراو، دامەزرێنی

زنجیرەی فەرمانڕەوایانی ئەییووبییان. لە ساڵی ٥٣٢ڕۆ. م.دا لە تکریت لە دایك بووە. بەڕەچەڵەك کوردە و زێدی باو و باپیرانی گوندی "دوێن"ی لای ڕۆژهەڵاتی هەولێرە. هێندێ دەڵێن: مەبەست لە "دوێن" ئەوەکەی لای ئازربایجانە.. سەلاحەددین پیاوێکی زۆر لە خوا ترس بووە، ئەو نەبا شیعەی فاتیمی بڕستیان لە سوننی مەزەبی میسر و جەزائیر و مەغریب و توونس و لیبی و سوریە و لوبنان دەبڕی. ئەو نەبا خاچپارێزان وڵاتی شام و فەلەستینیان لە مێژ بوو داگیر کردبوو. با عارەب نانێ بخوا و یەکێ بەسەدەقە سەری ئەو کوردە بکا، کە ئابڕووی لە بۆ کڕینەوە.. ئەوجا هەر سەلاحەددین؟ ئەدی سەرلەبەری وڵات گرتنەکانی عارەب و تورك بەدەستی کوردی ئازا و مل لە تێخ سوو سەرویەر نەنراوە.. کورد باب "الأبواب"ی بۆ عارەب وەسەر پشت نەئێخست، کورد گراڤی قەندییە و کریت و قیبرس و بۆسنە و هەرسەك و کۆسۆڤۆ و ئەرنەوتستان و کورویشستان و سربستانی بۆ سوڵتان داگیر نەکرد.. تەنانەت لە شەڕی عارەب و یەزگوردا لە مەدائین کورد لە تاو بۆگەنیی ڕژێمی ساسانی، شەڕیان بۆ شای ساسانی نەکرد. یەزگورد تا بۆ خۆراسان چوو و وەگەڕا، کار لەکار ترازابوو... تفلی دەبستان: قوتابییی سەرەتا.

(٣٤) واو

لە وەختی زەرفێندا*

ئەی مەلا تۆ قەت تۆ لە زەرفێندا وەها خێرا نەبووی
یا لە حیزیی بەختی من یا مۆرەکەت مووی پێوە بوو
حاڵ لە سێ حاڵی نییە تو خودا بەڕاستی پێم بڵێ
مووی سمێڵت یا بەرت یا کلکی یابووی پێوە بوو
وا دەزانم مووی ڕزیوی پێستی دەبباغخانە بوو
چونکە ئاساری کەتیرە و جەوت و مازووی پێوە بوو
پەشمی پاشت بۆ مەزەندە چونکە وەختی ڕۆژهەڵات
دیققەتم کرد دەور و پشتی زەرفەکان گووی پێوە بوو
مووی سەگی گڕوێش وەها نابێ بەتەخمین سەد هەزار
ڕشك و ئەسپێ و کێچ و کەهلە، کرم و کڕنووی پێوە بوو

ئـەلـغـەرەز دوو پشكـی ڕۆحـم چـوو لـە تـرسان ئـەو شەوە
هـێنـدە دووپشك و هــەزارپــێ و مــار و مـێرووی پـێوە بـوو
قـاوەچی ڕووی سینـییـەكـەی هـەرچـەند بـەنینۆك هەڵكڕاند
قـەلـعـی ئـاساری نـەكـرد هـێشتـا بـەشی تـۆی پـێوە بـوو
زۆر نــەمــا بــوو بـۆنــی سەرگـیـن بمكـوژێ، وا تــێ دەگـەم
تـووكـی بـن كـلـكـی كـەر و بـارگـیـری مـردووی پـێوە بـوو
داوەكـەی مــوویـیــن و گـڕوێـنت بــەكــاری هـیــچ نـەهــات
گەرچی هەرلایێ دووسەد ئەفسوون و جادووی پێوە بوو

....

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: گل اگــر یــك دم بكـــام بلبل شیدا شود
كام دل نگرفته خاری در میان پیدا شود"

زەرفێن: یاریی سینی و زەرف. ژمارەیەك زەرف لە فنجانی زەرد دروستكراو لە سەر سینـییـەك دادەنێن، خـەڵكێكی لـە دەور خڕدەبـنـەوە، دەبـن بـەدوو دەستـەوە. یـەكێك گوستیلكێك دەبن یەكێ لە زەرفەكاندا وەدەشێرێ. دیارە ئەو كاری گوستیلك دەبن یەكێ لە زەرفەكاندا وەشێردنە، لە ژێر پەردەیەك و لە پەناوە سەروبەر دەنرێ. ئەوجا یەكێك لە دەستەی بەرابەر كە لە زەرف هەڵێناندا زۆر شارەزا و لێزانە، دەكەوێتە مـەزەنـە لـێدان و بـیـركـردنـەوە و ڕەنگ و ڕوو خـوێندنـەوەی وەسـتـای بـەرابـەر، كـە گوستیلكەكەی وەشێردووە قامكی كەڵەی بەبن زەرفێك لە زەرفە دەمەوڕووەكاندا دەگرێ زەرفەكانی دیكە زڕ، هەموو هەڵدەڕێژێ و گوستیلك لە بن ئەو زەرفەی قامكە كەڵەیدا دەمێنێتەوە و كایەكە بەم ڕەنگە دەباتەوە.. یا زۆرجار ئەو كارە دووبارە و سێبارە دەكرێتەوە و گوستیلك دەبن زەرفێكی دیكەدا بەدیار دەكەوێ و نابرێتەوە.. ئەو كایەیە لە مانگی ڕەمەزاندا دەكرێ.. موو بەمۆرەوە بوون: شێوانی مۆرەكە مـەبـەسـتـە. یـابـوو: بـارگین، بـارگیر. كـەتیرە: ئـەو بـنێشتـەی كـە لـە گوێنـی، گـەوەن دەردەهێندرێ. جەوت: قەپێلكە بەڕوو. مازوو، مازی، مازگ. گڕوێ: گەر. تەخمین: (ع. التَّخمین): لێكدانەوە، هەڵسەنگاندن. ڕشك: گەرای ئەسپێ. كەهلە: كڕنوو، جۆرە

ئـەسپـێیـەکـی چـنـگـورك تـیـژە، لـە جێگـای تـووكـنـی وەك بـەر و شوێـنـی لـەم جۆرە بـابـەتـانـەی مرۆ دەدا.. دیارە ئەوە لە ئاكامی پیس و پۆخـەڵیی لەش پەیدا دەبێ.. كەسێك كرنوو لێی بدا، بۆ حەوتوویەك ـ دوو، تووشی كەم خوێنی دەبێ. كورد وەك هەر شتێكی دیكەی خراپ كرنوو لە لەشدانیش بەنیشانەی هات و نەهات و تەخت و بەخت نابووت بوون و لەناوچوون لە قەڵەم دەدا. ئەگەر كرنوو سەربەرەژێر لە مرۆ بدا، ئەوە نیشانەی نەگبەتی و نەهامەتییە، ئەگەر سەربەرەژوور لێی دا، ئەوە نیشانـەی تـەخت و بـەخـتـی چاكە... ئـەلـغـەرەز (ع. الـغـرض): مـەبـەست، خـۆلاسە. دووپشك: كولاژدم. كوژدم، ئەقرەو. قەلع (ع. القلع): هەڵكەندن، هەڵقەناندن. ئاسار (ع. الآثار): ئاسەوار، شۆپ، شوێن. سەرگین: شیاكە. موویین و گوویین: مووای و گووای.

(٣٥) واو

نینۆكی شێخ ڕەزا و كلكی حەسەن هەمزە*

حەسەنی هـەمزە لەسەر "شەم" كە چییە تەفسیری
دەست بـەشمشێر لـەگـەڵم ساحیبی دەعوا دەرچوو
مـن وتم نـاخـوێنـی شێر. ئـەو وتـی كـلـكـی شێرە
لەسەر ئەم لەفزە بەسێ شوورش و دەعوا دەچوو
گـرەوم كـرد لـە گـەڵـی، چـووم و كـتـێبـم هـێنـا
نـاخونی من نـەبوو كلكی حـەسەن ئـاغـا دەرچوو

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)
وەك: "صنما مردەء آنم كە تو جانم باشی
می دهم جان كە مگر جهانم باشی"
تەفسیر (ع. التَّفسیر): لێكدانەوە و شرۆڤەكردن. ساحیبی دەعوا: خاوەند كێشە و داوخواز. ناخوێن: نینۆك، نووخان، ناخوێن.

(٣٦) هێ

پاسی تازە*

دەنگی بەزم و سازە ئەمڕۆ تێم گەیێنن چی بووە
وا توجارِ و نەوکەر و ئاغا دەماغیان گرتووە
کاتیبانی دائیرە و مەئموورەکانی زی شەرەف
زۆر بەکەیفخۆشی ئەبینم خەڵقە چیتان بیستووە
بێ عەبا شان داچەقاو ملحیزەکانی مەملەکەت
وا دەڕۆن و دێن نازانم چییان لێ ون بووە
چوونە کن خواجە مووشێ و و خۆی و ئەتباعی بەکەیف
حەزرەتی مەبعووسی ئەکرەم دەستی یەکیان گرتووە
فایقی تاپۆ، حەمەد بەگ با مودیری تانجەڕۆ
مەزبەتەی ناموسی خۆیان بۆ حوکوومەت ناردووە
حاکمی سوڵح، غەفوور ئاغا، جەنابی بابلێ
فرسەتە هاوار ئەکەن وا پاسی حیزی دەرچووە
ناگەهان جارچی نیدای کرد ئەی ئەهالیی موعتەبەر
بێنەوە وا مۆدەیەکی تازەتر پەیدا بووە

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن).
وەك: "یاد می داری کە روزی جنگ با من داشتی
رای رای تست خواهی جنگ و خواهی آشتی"
دەماغ گرتن، دەماغ کردن: بەمانای کەپوو هەڵپێچانە. دیارە شێخ ڕەزا بەمانای "کەیفیان ساز بووە" دەکار بردووە. توجار: بازرگان. نەوکەر: نۆکەر. ئەم وشەیە بەڕەچەڵەك مەنگۆڵی ـ تورکییە. تەنێ بۆ پیاو بەکاردێ. بەمانا نۆ کەریش دێ. قسە قسان دێنێ: کوردێکی لە فێرگەکانی حوکوومەتی ئینگلیس دامەزرێنی عیراقدا میزاج کوردەواری شێواو، وشەی "نۆکەر"ی بەزمانی حارەبی، بە "تسعة زمایل" وەرگێڕابوو... ئەدی "وکبا بە الدهر"؟ یەکی دی لەو کوردی وحارەبییە سێ

زەردێنەزانانە، ئەم عیبارەتەی بەکەبابی نازانم چی ″تەرجەمە کردبوو... زی شەرەف: خاوەن شەرەف، وشەکە (ذو، ذا، ذی) لە ئەسمای سیتتە، یا خەمسەن... وەك (ذو مال، ذا ما، ذی مال)... ملحیز: مل چەوت. وشەی حیز بەمانای ترسنۆك، ژنی سووك، پیاوی چاوباز دێ. لە فەرهەنگە فارسییەکانمدا نەدیتەوە... بەتورکیی ئەنەدۆڵیش ئەم وشەیە نییە. زێتر لە نێو کورد و تورکماندا باوە، تەنانەت کوردی لوڕ و کەلوڕیش دەیڵێن. وەك ″داڵك حیز″ بەڵام (ح)یەکە دەکەن بە (خ)... تورکمانی کەرکووك، لە ٣٠ ـ ٤٠ کاندا، دیارە لە نێو هەرزەکار و منداڵاندا، ڕکیان لە یەکێك با، لەسەر دەرکەیان دەنووسی: (حیز ٥٨)، واتە پەنا بەخوا، لە هەردوو سەرەوە... حیز ـ بە کوردی: چاوحیز، کوز حیز، ژن حیز، خوشك حیز، داك حیز، زلحیز و هتدمان هەس... بەڕاست بەبیرم هاتەوە، وشەی ″زلهێز″، هەرچەند ئەمەم گوێ لێ دەبێ، یەکسەر ″زلحیز″م بەبیردا دێ... ون بوون: گوم بوون. خواجە، خواجا: نازناوێکە بۆ جوولەکە و گاوری دەوڵەمەند، بۆ مەلا و مامۆستا و پیاوی خەسێنراو، گون دەرهاتگ وەکار ئەورێ، خاوەن مام. با مودیری: دەگەڵ مودیری. تانجەرۆ: بەستێکە لە خوار سلێمانییەوە... ئاوی سەرچناری پێدا شۆڕ دەبێتەوە. مەزبەتە: عەرزوحاڵی دەستەجەمعی. پاس: ئیجازە، ودم، وشەیەکی فەڕەنگانە... بەمانای ئیجازەدان بەگوزەرکردن. ناگەهان: لە ناکاو، لە پڕ. مۆدە: بەند و باو. حەکایەتی ئەم موزاهەرەیە زۆر نامێیە، ئێرە جێی نییە باسی بکەم، حوکومەتی ئەو سەردەمە ویستوویە، خەڵکی سلێمانیی هەمیشە ئازا و زیرەك، ڕێسەکەیان لێ بەخوری کردوونەوە...

(٣٧) هێ
دلبەرانی کۆیە*

شاری کۆیە کە لەبا لەب لە بتی غونچە لەبە
گەر فەلەك لێی بگەڕێ مەنبەعی عەیش و تەرەبە
دلبەرانی بەمەسەل هەر وەکو ئەشعاری منن
کامی لێ ئەگری ئەبێژی ئەمەیان مونتەخەبە
غارەتی عەقڵی منی کردووە زیبا سەنەمێ
عاریزی ڕەشکی قەمەر، قامەتی نەخلی ڕوتەبە

نەوزەرئاسا و و فەرەیدوون سیفەت و سەلم ڕەوش
شێرمانەند و سیاوەش وەش و خوسرە و لەقەبە
عاریز و غەبغەب و ڕوخسار و زەنەخدان و لەبی
نازك و تورفە وو زیبا وو بەدیع عەجەبە
دلبەر و زەڕکەمەر و جیلوەگەر و عیشوە فرۆش
سەروی سیمین بەدەن و شاهید و شیرین لەقەبە
زاڵم و دڵ شکەن و دۆست کوژ و خەسم نەواز
عیسەوی دین و موغ ئاین و فەڕەنگی مەزەبە
سێوی داناوە لە ژێر لێو، کە ئەمەم گۆی زەقەنە
زیوی خڕ کردووە وەك گۆ، کە ئەمیشم غەبەبە
خواستی لێی ماچێ ڕەزا کافرە نەیدا و وتی
ئەی خودا لەم کوڕە شێخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن).

وەك: ″ هرگزم نقش تو از لوح دل و جان نرود

هرگز از یاد من آن سرو خرامان نرود″

لە بالەب: لێواولێو، پڕ. بوت: هەر شتێکی لە شێوەی ئایەم بپەرسترێ. نۆش لەب: نۆش لێو.. لێوان نۆش دەکا، مەجازێکی ئەقڵییە. واتە شاری کۆیە پڕە لە بتی نۆش لێو. عەیش (ع. العیش): ژیان و ڕابواردنی خۆش. تەرەب (ع. الطَّرب): لە ئاکامی گوێ لە ستران و موزیك گرتن، حاڵەتی هەست بەخۆشی کردن. دلبەرانی بەمەسەل و هتد... تەشبیهـ کردنی دلبەرانی کۆیە بەشیعری شێخ ڕەزا: پەسنی هونەری شێخی تێدایە... وەجهی شەبەهـ ″نخبە″یەتییە، هەڵوژێردایەتییە... واتە: هەموویان جوانن. غارەت (ع. الغارة): یەڵغار، بەسەر دوژمندا دان. زیبا سەنەمێ: سەنەمێکی جوان، کیژێك کە وەك سەنەم جوانە.. جوانیی سەنەم، بەباوەڕی سەنەم پەرستان، پیرۆزییەکەیەتی. عاریز (ع. العارض): ڕوومەت و زڵف. ڕەشك (ف. رشك): ئێرەیی، حەسوودی. قەمەر (ع. القمر): مانگ. قامەت (ع. القامة): بەژن، باڵا. نەخل (ع. النَّخل): دارخورما. لە بیرمە

جارێکیان سوعاد سەباح، شاعیری کووەیت، بەدارخورمای عێراقیدا هەڵدەگوت، خۆزیی بەوە دەخواست، شووی پێ کردبا؟ دیارە لەبەر چی، ڕوتەب (ع. الرُّطب): فەریکە خورما، خورمای تەڕ. وەجهی شەبەهـ لە نێوان ڕوومەت و مانگدا، شکڵی وەك داسوولکەییی هەرتکانە و لە نێوان بەژن و دارخورمادا، بڵندی و ڕێکوپێکی و شووشییەت. نەوزەر: ناوی کوڕی مەنوچەهر، پادشای پێشدادی، کە لە پاش وی بوو بە پادشا و بەدەستی ئەفراسیاب گرفتار بوو و بەزی و سەرانی لەشکر کوشتیان. فەرەیدوون: یەکێ لە مەزنانی داستانی هاوبەشی نەتەوە ئارییاییەکانی هیند ـ ئێرانی، لە داستانە ئێرانییەکاندا بەیەکێ لە پادشایانی پێشدادی لە قەڵەم دراوە. فەرەیدوون لە نژادی تەهمووری دێوبەند بوو، کاوێك فەرەیدوون هێمان شیرەخۆرە بوو، زوحاك، ئەستیاك، بابی کوشت. ″فرانك″ی دایکی، کوڕی خۆی هەڵگرت، هەڵات، چووە مێرگوزارێك، لەوێ منداڵەکەی بەشیری چێڵ بەخێوکرد. چون ئەستیاك لە ستێرناسانی بیستبوو کە بەدەستی فەرەیدوون لە نێو دەچێ، هەمیشە لە دووی دەگەڕا و منەییی دەکرد بیکوژێ.. داکی فەرەیدوونیش لە ترسی ئەستیاك کوڕەی هەڵگرت، پەنای بۆ چیای ئەلبورز برد. ڕەگ و ڕەگەمای خۆی، لە داکی پرسی. فرانك داستانی جەمشید و ئەستیاکی سەرلەبەر، بۆ وەگێڕا، گوتی: ستێرناسان بەئەستیاکیان گوتبوو کە بەدەستی کوڕێك لەم حاڵە، لەم تەورە، کە فەرەیدوونە، لە ناو دەچێ، ئەستیاك باوی کوشتی و ئەمنیش بە دزییەوە تۆم بەخێوکرد.. ئەستیاك هەمیشە بیری لە فەرەیدوون دەکردەوە، ڕۆژێك بەگەورە پیاوانی وڵاتی گوت: ئەمن دژمنێکم هەس، کە هێمان زارۆکە. جا بۆ لە مەترسی بەدوور بوون، قۆچانێك، قەواڵەیەك بنووسن، کە لە کاری چاك بەولاوە چیی ترم نەکردگە. هەمەکاران لە ترسان ئەستیاك چیی ویست وایان بۆ کرد. پیر و جوان شایەتییان بۆ دا و مۆریان کرد. لەم هەنگامەیەدا کاوەی ئاسنگەر پەیدا بوو، ڕاپەڕی گوتی: ئەمە چتۆ عەدالەتێکە کە تۆ ئیددیعای دەکەی؟ من هەژدە کوڕم هەبوون، تا ئێستا حەڤدەیانت دەرخواردی مارەکانت داون و ئێستەکەش هەژدەمینیان گرفتاری دەستی تۆیە و دەتەوێ ئەوژی بکوژی؟ گوناهی من چییە؟

″یکی بی زبان مرد آهنگرم ز شاهـ آتش آید همی بر سرم″

زوحاك کوڕەکەی بەرهەڵدا کرد، گوتی: وەرە ئەم قۆچانەم بۆ مۆر کە و شایەتیم بۆ بدە.. کاوە پڕی دایە تۆماری قۆچانەکە دڕی و لەتوپەتی کرد و چووە دەرێ. خەڵکەکەی لە دەور کۆبوونەوە و لە چەرمی بەروانکی ئاسنگەر درەوشی کاوییانیی

دروست کرد. خەڵکەکەی وەدوو کەوتن و چوونە ئەلبورز و فەرەیدوونیان بەپادشایی هەڵبژارد. فەرەیدوون هەڵی کردە زوحاك و نەڕاندی: دەست و لاقی وەبەستن... لە کێوی دەماوەندی زیندان کەن. فەرەیدوون سێ برای دەبن، بەنێوی سەلم و توور و شەیدە و ئێرەج. وڵاتی خۆی بەسەریاندا دەبەشێتەوە.. وەجهی تەشبیهـ لە نێوا نەوزەر و فەرەیدوون و سەلم و توور و شەیدە و سیاوەش و خوسرەودا هەر یەکە خەسیەتێکە لە جوانترین خەسیەتەکانی مرۆ... بەڵام ئەگەر فەرەیدوون فارس بێ، چ سەروکاری بەکوردەوە هەس و بۆچی کراوە بە کاوەی ئاسنگەر؟ مێژووناسان ئەمە بەهەڵە دادەنێن. ئەژدەهاك پاشای ماد بووە و فەرەیدوون کورشە... غەبەب: گۆشتی ژێر چەنەی مرۆی قەڵەو. زەنەخدان (ف.): چاڵی چەناگە. لەب (ف. لب): لێو. نازك: ناسك. ترفە (ع. الطرُّفة): موتورفە. زیبا (ف. زیبا): جوان، بەدیع، لە خواسایی بەدەر. عەجەب (ع. العجب): سەیر و سەمەرە، واقوڕهێن. دلبەر: دڵڕفێن. زەڕکەمەر: پشتێند زێڕ. جیلوەگەر: بەناز و لەنجەولار. عیشوە: ڕەوشتی نازەنینان بۆ وەی دڵی ئاشقان کەمەندکێش کەن.. گریشمە: ناز، غەمزە: سیمین: زیوین. شاهید: مەحبووب، ئەویندار. لەقەب: نازناو. دڵ شکەن: دڵ شکێن. خەسم نەواز: دژمن نازڕاگر، نەیار لاوێن. عیسەوی: مەسیحی. موغ: کەشەی ئاتەشکەدەی زەڕتوشتییان. گۆی زەقەن: غەبغەبە، بۆ ناچاری کێشی شیعرەکە "غەبەب"ی گوتووە.

(٣٨) هی

هەجوی ماینەکوێت*

مـایـنـە کـوێت جـاران دەتـوت ڕەوتـی ڕەوتـی ئـاهـووە
ئێستـە هـەستـانـی لـەسەر ئـاخـوڕ بـە یـاهـوو یـاهـووە
قـەت لـە یـەك قسنـا غ کـەمـی جـۆ نـادەمـێ هـێشتـا لـەڕە
ساڵ دوانـگـزەی مـانگ سواری نـابم و هــەر مـانـدووە
عومقی چاڵی مەقعەدی بێ شك مەسافەی قەسر ئەبێ
درزی دەروازەی کـوزی لـۆچ لـۆچ بـەسەر یـەکدا چـووە
گەر بەئاوزەنگی پەراسووی ئەم سەر ئەو سەر هەڵدڕم
هــێنــدە نــابــزوێ بــزانم مــاوە یــاخــۆ مــردووە

خـاوەنـی پـێشووشی نـازانـێ کـە تـەئـریـخ و سەنـەی
چـەنـدە ئـەمـمـا مـن لـە پـیـرانـی قـەدیمم بـیستـووە
وەختـێ نـادر شا هـوجوومـی کردە سەر ئیقلیمـی ڕۆم
تـازە گـۆیـا ئـەو لـە کـوز دایکـی خـورووجـی کـردووە

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعیلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: "باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش
بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش"
کوێت: ئەسپ و ماینی ئاماڵ سوور، سورخن. ڕەوت: تەرزی بەڕێوە ڕۆیشتن. کورد دەڵێن، ئەسپەکەم ڕەوتی خۆشە. ڕەهوانە. ئاهوو: مامز، ئاسك. یاهوو: وتەی دەم پێ فێر بووگی دەروێشان. مەبەست خوایە. قەسناغ (ت. قاسناق): دەفرێکی پێوانەیە، کـەویـژ، تـەنـەکـەیـەك، بـاتمانێك، شەش وەقـە. لـەڕ: لـەغـەر، لاواز. عومـق (ع. العمـق): قووڵایی. مەقعەد (ع. المقعد): قوون، ژێر قنگ.. سەنە (ع. السَّنة): ساڵ، دوازدە مانگ.. خورووج (ع. الخروج): دەرچوون.

(٣٩) هـێ
هـەجوی شێخ غەفووری مامی*

مـــامــەکـــەم قـــەحـــبـــەژنـــە دەوڵـــەتـــی شەددادی هـــەیـــە
تـــالـــعـــی ڕەهـــبـــەر و بـــەخـــتـــێکـــی خـودادادی هـــەیـــە
دوو سێ دێی داوەتـێ سوڵـتـان بـەئـیـتـعـامـی تـەعـام(١)
هـــەر یـــەکـێکـی بـەقـەدەر خـەزنـەیـێ ئـیـرادی هـەیـە(٢)
چ فـــــرووش و چ زورووف و چ زەیـــــاع و چ عـــــەقـــــار(٣)
لـە هـەمـوو جـیـنسە مـەتـاعـێ سەد و هـەشتـادی هـەیـە
ئـەم هـەمـوو گـەنـج و خـەزێنـەی هـەیـە هێشتاکو تـەرەس
نــە هــەوای جـوود و نـە مـەیـلـی کـەرەم و دادی هـەیـە
ڕەسمـــی ئـــابـــائـــی کـــیـــرامـــی بـــووە ئـــاساری سەخـــا
نـــە لـــە ئـــابـــائـــی حـــەیـــا وو نـــە لـــە ئـــەجـدادی هـــەیـــە(٤)

گەر سەر و ڕیشی پیاوانەیە باوەڕ مەکە پێی
باتینی جوولەکەوو زاهیری زوهادی هەیە
خۆی بەهەر سوورەت ئومێدی کەرەمم پێی هەیە لێك
ڕقی زۆرم لە ڕەشیدی کوڕی گەووای هەیە
ڕەنگی کەر، دەنگی بەقەر، هەیئەتی سەگ، خوویی چەقەڵ
چاوی کوێر، مەخزەنی کێر، مەقعەدی پڕ بادی هەیە
زیکر و ئەورادی لەسەر کێر و زەکەر مونحەسیرە
سەیری ئەو حیزە قوڕمساغە چ ئەورادی هەیە
تف لە کوز داکی لەلای خۆی کوڕی هێناوەتە دەر
گوو بەڕیش بابی لە کن خۆی ئەمیش ئەولادی هەیە[٥]
ئەمە گشت باوکی سەرمەشقی لەبۆ داداوە
سەربەخۆ سالیکی ڕەهڕەو نییە ئوستادی هەیە
لە گرووهی حەرەما کارەکەر و دایك و خوشك
فاتم و عاسم و ئامان و پەریزادی هەیە
شەو و ڕۆژ چەپڵە بە کوز لێ دەدەن و هەڵدەپەڕن
فەرجیان تاب و تەبی کوورەیی حەددادی هەیە[٦]
بێ حەیان جوملە خوسووسەن ژنە سووزانییەکەی
ڕەووشی دێڵە سەگ و قەحبەیی بەغدادی هەیە[٧]
من لە کەرکووکەوە دێنێتە کن ئەم قەحبە ژنە
لەگەڵم خەسمە فەلەك نییەتی بێ دادی هەیە
کوونی وو حیز بووە مانەندی ڕەشید تەبعی ڕەزا
هێند لەبەر جەوری فەلەك خاتری ناشادی هەیە

---

(١) تەمام: (ش). یەك دوو دێی داوەتێ سوڵتان پەی ئیتعامی ئەنام (دیوان).
(٢) هەر یەکێکیان (کش. مەلا ئەحمەدی دەکە).
(٣) چی (کش، مەلا ئەحمەدی دەکە).
(٤) جوولەکەیە (کش، مەلا ئەحمەدی دەکە).

(٥) باوكی (دیوان).

(٦) تاب و تەپی (ت).

(٧) یا: (ل).

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: "شرط مردان نیست در دل عشق جانان داشتن

پس دل اندر بند وصــل و بند هــجران داشتن"

شەدداد: بەپێی بەند و باو، "عاد" پادشای عەرەبستانی باشوور، دوو كوڕی هەبوون: شەدداد و شەدید، پاش مەرگی شەدید، شەدداد بوو بەجێنشینی. شەدداد، بەهەشتێكی هەبوو، "ئیرەم"ی پێ دەگوترا. ئیراد (ع. الإیراد): دەسكەوت. فرووش: فەرش، ڕایەخ. زورووف: دەفر و ئامان. زەیاع: مەزرا و كێڵگە. عەقار: خانوو و موڵك. زوههاد: لە دنیا دەسبەردار. ئەوراد: نزا و دوعا. مونحەسیر: پاوانكراو. سەرمەشق: ڕاهێنان. ڕەهڕەو: ڕێبوار. تاب و تەب: تێن و تاو. حەدداد: ئاسنگەر. سووزانی: ژنی بێ شەرم و سەلیتە. كوونی: قووندەر.

(٤٠) هێ

هەجوی شوكری*

شوكــری لــە داخت ئــەمــە ساڵــێكــە وە یــا دووە
كــێرم نــەخــۆشە، حــاڵــی پــەرێشانــە، كــەوتــووە
جــارێ بـپـرسە مـوخـلـیسەكـەت چـۆنـە، چۆن نییە؟
مــەحسووبــە كــۆنــەكــەت، عــەجــەبــا مــاوە، مـردووە؟
كـوشتــەی فـیـراقـی تـۆیـە، عـیـلاجی ئـەگـەر نـەكـەی
ئـۆبـاڵـی بــەو مـلــەت كــە دەڵـێی نـێركـە كـاردووە
عــەمـدەن ئــەڵـێم نــەخـۆشە، موراعـاتـی تـۆ دەكـەم
وەرنــە دەمـێـكــە ڕۆحــی بــەجــەنــنــەت سپــاردووە
گــەر مــن درۆ ئــەكــەم ئــەوە دایـكت بـپـرسە لـێی
یــایــە بــەدەستــی خـۆی كـفـن و دفـنـی كـردووە

شانە و خەنە و حەممامی حەرام کردووە لە خۆی
پاش ڕەحمەتی، حەرامە لە من، سوێندی خواردووە
ئێستەش کراسی چڵکنە، ناولنگی کوڵکنە
وەك دێوەڵووکە تووکی بەری بستێ هاتووە
یایە ئەگەر سەگرمە بەژێر کورکەیا بچێ
هەر وا دەزانێ لاقە مەلێکی پیا چووە
یایە کە مەعبەری دوبری و دیهلیزی کوزی
یاتاغی ئەشقیایە، گوزەرگاهی ئۆردووە
شیعرێ کە تۆ بەچاکی دەزانی شیاکەیە
نەزمێ کە تۆ بەیانی دەفەرمووی گەن و گووە
هەر وەك تسێ کە جەوهەری خۆی دەربخا بە با
نامووسی خۆت بەشیعری سەفیهانە بردووە
بەم شیعرە بێ فەڕانە نابییە شێخ ڕەزا
زەحمەت مەکێشە ئائینە کاری ئەرەستووە

....

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەتوی ئەزلەل.
(مستفعلن مستفعلن مستفعلن فعل).
نموونەم بۆ ئەم شیعرە دەست نەکەوت.
مەحسووب: دۆست، کەسێکی لەسەر یەکێکی دیکە حسێو کریاگ. ئۆباڵ (ع. الوبال): سەختی، ئازار، گوناهـ. موراعات: (ع. المراعاة): ریعایەت کردن، دڵ ڕاگرتن. وەك چۆن شوان چاوی لە گەلەکەیەتی ئەوژی وسان... وەرنە (ف. وەرنە، اگر نه): ئەگەر نا، دەنا، ئەگینا. ڕۆحی بەجەننەت سپاردووە: مردووە. یایە: خانمی بەڕێز. وەك کە بە بەهەشتی، دایکی کاکە حسێن و کاکە حەمە و مریەم خانمی بەهەشتیی دایکیانمان دەگوت.. هەزار ڕەحمەتی خودا لە گۆڕێ پاکیان. داك: دایك، داڵك. کفن (ع. الکفن): پۆشاکی مردوو. دەفن (ع. الدفّن): ناشتن، مردوو ناشتن. کوڵکن: تووکن، کوڵك تیسکی لە تووك درێژتر و پڕترە. موو: بۆ سەر، بۆ ڕدێن بۆ ئەندامی دیکەی لەشی مرۆ دەگوترێ. ″کورك″یش دەگوترێ. هەرچی لەسەر پێست بڕوێ. کوڵکی لووا، کوڵکی فەروە، کوڵکی تەپلە و هتد... دێوەڵووکە جندۆکەی کورتەبنەی لەش کوڵکن. سەگرمە چیایەکە کەوتووەتە

ڕۆژهەڵاتی باکووری کەرکووکەوە. لە کتێبە تورکییەکاندا :سگرتمە" نووسراوە. مەل: پەڕەوڵ، باڵدار. مەعبەر (ع. المعبر): شوێنی پەڕینەوە، ڕێڕەو. دوبر (ع. الدُّبر): پاش، قوون. دەلین: وشێکی بەعەرەبی کراوە، دالان، ڕێڕەو. یاتاغ: مۆڵگە، مەکۆ. وشەیەکی تورکییە (یاتاق).. گوزەرگا: تێپەڕگە. ئۆردوو: لەشکر، قوشوون، قۆشەن. شیاکە: ڕیخ، تەپاڵە. هەر وەك تسیٚ کە دیار بێخی (تس بۆخۆی بایە) و بەشیعری سەفیهانەی ئابڕووبەر خۆ ئاشکرا کردن، شتی خراپ بەشتی خراپ چارەسەرکردنە.

(٤١) هیٚ
کەڵەشێری نەقیب*

ئەو بە هەیئەت کەڵەشێرە کە بەهەڵمەت شێرە[١]
کەرەمت کردووە بیستوومە دەسا بینێرە
دوو مریشکیشی لەگەڵدا کە فریشکی نەکەویٚ
خرتی چەند ساڵەیە ئەڵبەتە بەمریشکان فێرە
بارەکەڵڵا حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغا
کەفی فەییازە، دڵی واسیعە، چاوی تێرە
نە وەکو شاری سولەیمانییە، کۆیە بە کەرەم
نە وەکو تاووق و کەرکووکە نە وەك هەولێرە
ئەو هەموو شیعرە کە ناردم کەڵەشێرێکی نەنارد
جەددی ئەعلایە، نەقیب زادەیە، خۆی بیٚ خێرە
دۆستان ئەم کەڵەشێرە وەکو تەعریفی ئەکەن
بۆ ڕەزا لازمە ئەم نێرەکەیە، ئەو نێرە
هەدیەییٚ گەر لە تەرەف دۆستەوە بیٚ شوکری دەکەم[٢]
پێی ڕەزامەندم ئەگەرچی تەرەفێکی کوێرە
قافیەی تەنگە نەزیرەی مەکە شاعیر زینهار
ئەوی لەم قافیە بۆت ماوەتەوە هەر کێرە

---

(١) شێخ ڕەزا جارێك داوای کەڵەشێرێك لە نەقیب زادە ئەکا، بۆی نانێریٚ. لەو وەختەدا

خەبەر بۆ شێخ ڕەزا دەچی کە حەسەنی مەحموود ئاغا کەڵەشێرێکی چاوکوێری لەگەڵ دوو مریشکدا حازرکردووە، ئەیەوێت بینێرێت، ئەمجا شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بۆ ئەنووسێ.

(٢) هەدیەیێ کە (نوسخە).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن).

وەك: ″از تو با مصلحت خویش نمی پردازم

همچو پروانه می سوزم و در پروازم″

فریشك: مەلاژك، مەلاشوو. خرت: شەکەنێرێ، کە سێ بەهاری دیتبێ. شاعیر کەڵەشێرەکەی بە شەکە نێر چوواندووە. ئەڵبەت: هەڵبەت، بێ گومان، کەف: بەری دەست. فەیاز: بەفەیز، بەسەرشاری، بە لێڕژان. واسیع: هەراو، بەرین، فرەوان. نێرەکەی: کەی بەمانای خاوەن و کوێخاش دێ. نەزیرە: شێخ ڕەزا بەچامەی هاوکێش و هاوقافییەی چامەی شاعیرێکی دیکە بەرتەك دانەوە ئەم شیعرەی دەرهەق حەسەنی مەحموود ئاغا گوتووە، کە کەڵەشێریکی کوێری بۆ ناردووە.

(٤٢) هێ

کاکە حاجی کوڕی کەریم ئاغا*

شیرین وەکو خوسرەو پسەری هورمزە جافە(١)
چاو مامزە، لێو قرمزە، ئیمانسزە، جافە
چاوی ڕەشی فەتتانی وەکو شب ڕەوی عەییار
دین و دڵ و ئیمانی دزیوم، دزە، جافە
بورهانە لەسەر قودرەتی حەق ئایەتی حوسنی
بۆ دەعوەیی ئیسباتی خودا موعجیزە جافە
ئاشووبی جەهان، فیتنەیی ئافاقە نیگاهی
یەك نەفسە، جەهانێ لە دەسی عاجزە، جافە
بۆ کەشمەکەش و عەربەدە موژگانی سیاهی
وەك لەشکری تەیموور و سپای جنگزە، جافە

تـەنـیـا نـە ڕەزا بـۆی بـووەتـە بـەنـدەیـی فـەرمـان
فـەرمـانـی لـەسـەر شـاهـ و گـەدا نـافـیـزە، جـافـە

....

(١) خەسرەو (نوسخە).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.

(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن).

وەك: "گر خلق بدانند کـــه من عاشــق مستم

آوازه درست است که من توبه شکستم"

خوسرەو: خوسرەوی پەروێز. شیرین و خوسرەو لێرەدا بۆ (ئیهام)ە. پسەر: نێرینە، کوڕ. وشەی پس بەزاری کوردیی باکور بەهەمان مانا بەکار دەبرێ، پسمام، کوڕی مام. قرمز: سوور، ئاڵ. (ت. ایمانسز): بێ باوەڕ، کافر، مەبەستی زۆر بێ ڕەحمییەتی.. جافە: مەبەستی ئەوەیە کە جاف زۆر کەللەڕەق و سەرشەق و بێ باکن. فەتتان: زۆر ئاژاوەگێڕ، بشێونە. شەب ڕەو (ف. شبرو): بەزۆر مانا هاتووە: شەوڕۆیی، ئەسپێك کە بە شەو چاك ڕێ بکا. عەییار: تەڕدەست، فێڵباز. دزە، جافە: گۆران هەمیشە جاف بەدز و ڕێگر و تالانکەر دەزانن. دیارە دووفاقیی نێوان دوو کۆمەڵگا، یەکێکیان کۆچەری و ئەوی دییان نیشتەنی و گوندنشین، یەکێکیان پێناو و ئامرازی ڕەنێوهێنان زۆر پاشکەتە و ئەوی دیکەیان لەوان پێشکەوتووتر، ئەمیان هەمیشە بەرهەڵداو بێ بەندوبار و بێ کەوشەن و سنوور، ئەویان خاوەن مڵك و زەویوزار و بەسەرحەد و سنوور، شتێکی ئابووری ژیانەکییە و هەمیشە دووفاقییەکە گەیشتووەتە ڕادەی لێك هەڵەنگوتن و شەڕوشۆڕ و دوژمنکاری... تا ئەم دووفاقییە ئابوورییە ژیانەکییە یەکلا نەبووەتەوە نەیاریی جاف و گۆران هەمیشە هەر درێژای کێشاگە. بەڵام پاش بڕانەوەی ژیانی کۆچەرایەتیی جاف و گوندنشین بوونیان و بوون بەخێوی زەویوزار و مڵك و پێناوی نوێی ڕەنێوهێنان، کێشە چینەکییەکە وردە وردە بڕاوەتەوە.. لە بارەی حەز لە چارەی یەکتر نەکردنی جاف و گۆران. با ئەم نەقڵەتان بۆ بگێڕمەوە: د. حەسەنی کوڕی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف بۆی گێڕامەوە، مستەفا بەگی بەهەشتیی برا گەورەی، جارێکیان لە بەغدا دەبێ، ئوتومبیلەکەی لە شەقامی "قەنات"ەکەی بەغدا، پەکی دەکەوێ، ناچار دادەبەزێ، سا بەڵکو یەك دوو کەسێکی فریاکەون، پاڵێکی بۆ پێوە بنێن، ئەنواڕێ، بڕێ باخەوان، لەوناوە کاردەکەن،

بانگیان دەکا بێن پاڵی بۆ پێوە نێن. کابراکان لە پاڵ پێوەناندا، یەکێکیان زوانی ئەسووتێ، بەهەورامی یەژێ: "بەنذینی نەماوە"، مستەفا بەگ کە گوێی وەم "بەنذین"ی هەورامییە دەزرینگێتەوە، ئیمان لە کەللەیدا نامێنی: ناکاتە نامەردی، لێیان ڕادەپەڕێ: هەورامی زوان پس لێرەیش پەیابوون؟ قاویان ئەدا... بەعوزر خوازییەوە بۆ برایانی گۆرانم، کە لە هەموو کوردێ ڕەسەنترن..) بەڵێ پێوەندییە خێڵەکییەکە لە بواری سیاسەتدا هەر بەردەوامە و ماوە... واتە: سەرکۆماری جاف، کە لە ناو کۆمارە ڕەشماڵەکانیدا پشتماڵە و بەرماڵەی هەبووە، کە پاشان بووە بەگوندنشین و خێوی زەویوزار، ئەمجا بووگە وە "بەگ"، دەسەڵاتەکەی دەگەڵ خۆدا ڕاگوێزتووە، جاران پێوەندییەکە خزمایەتیی خوێن بووە، ئێستا پتر پێوەندیی براگەورەی گوند، فیوداڵ، شێخ، و ئاغا و فەلا و وەرزێرە.. وتە: بنەما سەرخانەکەی کۆچەرایەتی کە درێژای پێش هۆز سازبوونە و تا ڕادەیەك پێناوی ڕەنێوهێنانی هاوبەشە، هەر ئەوە بۆ خۆی بووە بە ماکی سەرخانی نیشتەنیەتی؛ لەبەر ئەوە دەبینی ئاغای گوند، ڕەنگ و ڕووی کۆچەرایەتییەکەی هەر پێوە ماوە... ئاکار و ڕەفتاری سەرکۆماریەتی، تا ئەندازەیەك هەر ماون و بگرە شانازیشیان پێوە دەکرێ، بەڵام وردە وردە ڕوو لە نەمان و لەناوچوونە و بارودۆخی ناچارەکیی کۆمەڵگای شارۆکە و شارستانی گەورە: چەرچی، دووکاندار، بازرگانی گەورە، پیشەگەر، وردە وردە پێوەندییە کۆنەکانی ڕەنێوهێنانی دەگۆڕێ و پێناوی دیکە لە جێیان دێنە گۆڕێ.. ئیدی سەرخانە کۆنەکەش دەگۆڕێ و سەرخانی نیوە فیوداڵ و نیوە سەرمایەدار جێی دەگرێتەوە. بورهان (ع. البرهان): بەڵگە. حەق (ع. الحق): خوداوەند. دەعوە (ع. الدعوة): دەعوا، کێشە، موعجیز، موعجیزە (ع. المعجزة): پەرچوو. جافە: وشکە. ئاشووب (ف. آشوب): ئاژاوە. فیتنە (ع. الفتنة) بشێونەیی. ئافاق (ع. الآفاق): هەموو کائینات. یەك نەفەسە (ف. يك نفسه): هێندەی یەك پشوو، بەجارێ. نیزامی گەنجەوی دەڵێ: "لالە گهر سودەء فیروز گل يك نفسه لالە و يكروزە گل" یا وەك شێخی سەعدی دەفەرموێ: "کە مارا در ان ورطەء يكنفس ز تنگ دو گفتن بفرياد رس". کورد دەڵێ: "یەك پشوو. کەشمەکەش (ف. کشمکش) کێشمەکێش. عەربەدە (ع. العربدة): بەد خوویی، ڕەوشت و ئاکار بەدی. موژگان (ف. مژگان): بژانگ، بژۆڵ. تەیموور (مغ. ت): تاغمور، ئاسن، سەردار و پادشای مەزنی مەنگۆڵ (لەدایکبوون و کوژرانی: ٧٣٩ك. مانگی.. چوونە سەر تەختی پادشایی ٧٧١ ـ ك. مانگی ١٣٦٩ز. بەرابەرە بە ٨٧٠ك.

مانگی/١٤٠٤ز) کوڕی ئەمیر تەرغای بوو و لە تورکستان و نێوان تیرەی بەرلاسدا پەروەردە بوو و لە سوار چاکی و تیرهاوێژیدا دەستوبردی وە دەست هێنا. لە لاوێنیدا فەرمانڕەواییی شاری (کش)ی بەرەوڕوو کرایەوە. پاش مارەکردنی کیژی خانی کاشغەر، نێوی کۆیرەکان (کورکان) زاوای لێ نرا. لە شەڕی والی زیستاندا چەند برینێکی کەوتە جەستە و دوو ئەنگوستی دەستی ڕاستی پەڕین و پێی ڕاستی زەبرێکی وای بەرکەوت، کە تا دوادوای تەمەنی، هەر دەلەنگی و لە بەر هەندێ بەتەیمووری لەنگ نێو دەبرا. لە شەڕی ئەنقەرەدا سوڵتان بایەزیدی بەزاند و دە قەفەزی زێڕی ئێخست، دەڵێن کە چووە حوزوور، تەیموور دایە قاقای پێکەنین، بایەزید زۆری لەبەر گران بوو، گوتی، ڕێ و ڕەسمی پادشایان ئەمە نییە، تیز بە پادشایانی دیکە بکا... تەیموور لە وەڵامدا گوتی، تەوهینت ناکەم، بەم دەور و دووکانە پێ دەکەنم، کە ئەو دنیایە لەنگێکی وەك من و چاو خێلێکی وەك تۆ بەسەری ڕادەگەن... دیارە بایەزید، چاوێکی نوقسان بووە... تەیموور زۆر زاڵم و خوێن ڕێژ بووە، بەڵام لەو فەرمانی پەیمان پێدانەدا. دیرۆکنووسی نامێ میرخواند لە ڕەوزە توسسەفادا، زۆری لەسەر بەتاندا چووە... دەگێڕنەوە یەکێ لە دیرۆکنووسانی هاودەمی، نازانم نێوی چ بووە، ڕۆژێکیان دەگەڵیدا دەچێتە گەرماو. تەیموور، کە پەشتەماڵی گەرماو بە بەرەوە دەگرێ، لێی دەپرسێ: بەچەندم هەڵدەسەنگێنی؟ ئەوژی د بەرسڤدا دەبێژیتێ: بەبایی پەشتەماڵەکەی گەرماوێ. تەیموور دەداتە قاقای پێکەنین، دەڵێ ئەو قسەیەت لە هەموو قسەکانی دیت ڕاستترە... تەیموور زۆر زیرەکیش بوو، بەرەی شێخ و مەشایەخی تەریقەتی سۆفیانی لاواندووە و نوازشتی کردوون و زورناژەنی بێدادی و تالآن و بڕۆیەکانی بوون: جنگز (مغ. چنگیز): بەمانای بەهێز و گەورەیە. نێوی تمووجین و کوڕی یەسووکای بەهادور، سەرۆکی تیرەی ″فیات″ لە تیرەکانی مەنگۆڵ بوو (لە مەنگۆلستان، لەسەر تەخت ٦٠٠ ـ فارسی ٦٢٤ك. مانگی). پاش مەرگی باوی بەسەر قەویلەی کەرائیتدا زاڵ بوو و نازناوی چنگیزخانی وەرگرت. لە پاشان نەتەوەی ئویغووری قڕ کرد و لە ساڵی ٦١٦دا هەڵی کردە سەر وڵاتانی خوارەزمشاهیی ئێران و لە مەودای دوو ساڵدا شارەکانی ئێرانی داگیر کرد و لە ساڵی ٦١٩دا بۆ مەنگۆلستان گەڕایەوە و لە ساڵی ٦٢٤دا مرد. مەئموون بەگی بەگ بەگ لە یادداشتەکانی ساڵی ٩٤١ك. دا، کە بۆ سوڵتان مرادی سێیەمی نووسیوە، دەڵێ (ئەردەڵان = عادلان)، باپیرە گەورەی ئەردەڵانییان، لە سەروبەندی تالآن و

بڕۆیەکانی چنگیزدا لە کوردستانی ئەنەدۆلێڕا، بەرەو کوردستانی باشوور کۆچی کردووە و بنەماڵەی ئەردەڵان (عادیلان)ن، ئەردەڵانی دەباتەوە سەر عەشەرەی موبەشەرە، ڕۆحم بەگوریان بێ! ئەو کتێبە لە لایەن مامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و بەندەی کولێرە خۆرەوە، لە حەفتاونۆدا کراوە بەعەرەبی.

(٤٣) هێ

دەوڵەمەندی ساحێب پارە*

خەبەر چوو بۆ میرە سوورە
قوربان شێخساڵح مەغدوورە
خۆشی خۆشیی پێ کەوت، وتی:
(ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە)
کەسی فەقیری بێ چارە
گەر عەیبی هەبێ دیارە
دەوڵەمەندی ساحێب پارە
سەد عەیبی هەبێ مەستوورە
ئاگر ئەگەر لە ماڵی چێ
دەڵێن ئاگر نییە، نوورە
نەنوورەیلێ، نەموورەیلێ
شاپڵیتەیلێ، دەرقوونەیلێ
قسەی جوولەکەی مەشهوورە

....

(*) کێش: بەحری موجتەس مورەببەع مەخبوون
(مفاعلن فعلاتن)
نموونەم بۆ ئەم شیعرە نەدۆزییەوە.

(٤٤) هێ

ماڵ مودیری*

ماڵی مودیری کە خەڵکی هەولێرە
هەروەکو مووییی خایە بێ خێرە
سوورەت و سیرەتی لە پیاو ناچێ
ئەو قوڕمساغە مێیە یا نێرە؟
من بەمەخفی کە چووم و تێی فکریم
بەزمی غەوغایە، مەقعەدی کێرە[1]
دیم حوسێن کردی قەسدی قەتڵی فەتاح
وەکو یوونس کە دەس بەشمشێرە
حەرەمی موحتەرەمی لەعلی خان[2]
خەرمەنی عیسمەتی گەرای کێرە
ڕاوی ڕێوی هەموو لە بۆ کەوڵە
گورگ لە بۆ بەرخە دێتە ناو بێرە
بەحری ئاودانی مەزرەعەیی فەرجی
جووتە گون جۆگەیە، کێریش ئاودێرە[3]
وتم، ئەی بێ حەیا تۆ ناترسی؟
لە خودای ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە
وتی، یا شێخ ئەمان، مەکە مەنعی
ئەهلی قوونیان بەقوونی ئەو فێرە
نییە باکم گەر ئەو خەبیسە بڵێ
ئەوە ئەشعاری (لامیع)ە کوێرە[4]

---

(١) بەزمی غەوغایی (نوسخە).

(٢) موحتەرەمی (نوسخە).

(٣) جووتە (نوسخە).

(٤) (لامیع)ی: (د).

(*) کێش: بەحری خەفیف مەخبوون ئەصلەم.

(فاعلاتن مفاعلن فع لن)

وەك: "آتشی از تو در دهـــام دارم

لێك صد مهر بر زبان دارم"

ماڵ مودیری: ڕشتێکی تورکییانەیە، واتە: مودیری ماڵ. هەولێر: ئەربیل، پێتەختی فەرمانڕەواییی کوردستانی باشوور، کە لە ١٩٩٢ڕا دامەزراوە و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بە سەرۆکایەتیی کاك مەسعود بارزانیی کوڕی مەلا مستەفای بارزانیی نەمر سەرکردایەیی دەکا. شارێکە زۆر کۆنە، تەمەنی بۆ ٤ هەزار ساڵ دەچێ. شەڕی دارای هەخامنیشی ئێران و ئەسکەندەری مەکەدۆنی لە نزیك ئەم شارە دێرینەیە ڕووی دا و ئەسکەندەر دارای بەزاند و ئیمپراتۆریەتی هەخامنشیيانی لەناوبرد. دەڵێن: شوێنەکەی "گۆمەلیلە"ی لای هەولێرە. خایە: گون، باتوو. قورمساغ: جاکەش، دەویت. مەخفی (ع. المخفي): پەنام، پێوار. غەوغا: هەراوزەنا. گەرا: هێکی باتوو. بێرە: ئەو جێی دوور لە گوند ئاژەڵی لێ دەدۆشرێ. بەحری ئاودانی و هتد... تەشبیهی جووتە گون بەجۆگە و کێر بە ئاودێر لە تەشبیهە سەیرەکانی شێخ ڕەزایە! قوونیان: کوونی، قووندەر. لە گەرمیان بەقووندەر دەڵێن: "قوینە"، دیارە قوینە بە نەسمەڕاویش دەگوترێ... کاك ئومێد کاکە ڕەش بەمانای خەڵکی "قۆنیە"ی لێك داوەتەوە... وەجهی تەفسیرەکەیم نەزانی.. لامیع نازناوی شێخ ڕەزایە.

(٤٥) هێ
سمایلی مەلا خالید کە لە سەفەر هاتەوە
شێخ ڕەزا ئەمەی فەرموو*

هـاتـەوە ئـاشووبـی دەوران، مـەردی مـەیدان هـاتـەوە

شێر یـەزدان، لـەنـدەهـووری ئـیـبـنـی سەعدان هـاتـەوە

بـۆ قـڕانـی لـەشکری ئـەعدا لـە نـاکـاو مـیسلـی بـەرق

ئـاسەفـی ساحێبقـران، لـەعلـی بـەدەخشان هـاتـەوە(١)

هەوری میحنەت، باڕەشی غەم، سەیلی ماتەم بوو تەمام

بەرقی تابان، میهری ڕەخشان، ڕەعدی غوڕڕان هاتەوە

پـاڵـەوانـی پـایـی تـەخـتـی سەفـدەری شێرزاد خـان
تاج بەخشی کیشوەری مەغریب ئەڵب خان هاتەوە[٢]
سەعدی سەفدەر، مالیکی ئەژدەر، هوزەبری پڕ هونەر
بیژەن و گیو، تووس و نەوزەر، پووری دەستان هاتەوە
حـەمـد و لـیـلـلاهـ بـاز لـە بـۆ قـەتڵـی سەری تـوورانـیـان
ڕۆسـتـەمـی مـازەنـدەران، سامـی نـەریمان هـاتـەوە
ژێردەستـی ئـەسعـەد ئـاغـا بـووین وەکو مـووری زەعیف
بـۆ خـەلاسیـمـان سمـایـل وەك سولـەیمان هـاتـەوە
دۆستـان لـەب تـەشنـە بوون نـاگاهـ لـە فـەیزی لوتفی حـەق
جۆیی نیل، دەریایی قولزوم، بەحری عوممان هاتەوە
پێی ئەکا ئەتك و سیاسەت هەرکەسێ خۆی حەز بکا
قـاتـڵـی ڕۆحـی حـەمـە و جـەلـلادی وەسمـان هـاتـەوە
(لامیع)ی شاعیر بەهەر مەجلیس بچێ، خەڵکی دەڵێن
بـولـبـولـی دەستـان سەرا، مـورغـی غـەزەلخوان هـاتـەوە

---

(١) ئاسەفی ساحێبقڕان (نوسخە). ئەسغەری ساحێبقڕان (کاکە ڕەش).

(٢) ئالوب خان: (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: ″هر زمان زین سبز گلشن رخت بیرون می برم
عالـمی از عالـم فکـرت به کـف می آورم″

ئاشووب: ئاژاوە، بشێوی. لەندەهوور: زەلامی کەتەی زەبەللاح. ئیبن سەعدان: ئەم نێوەم لە فەرهەنگی لغتنامەی ″دهخدا″ و چەند فەرهەنگێکی دیکەدا چاو پێ نەکەوت. بەڵام بۆ لەندەهوور: بەشی ″أعلام″ی فەرهەنگی فارسیی د. محەمەدی موعین، نووسیویە، دەڵێ: پادشازادە و میرێکی هندستانی بوو، کە فرە کەڵەگەت و چەتەوڵ و بەهێز و تەنومەند بووە، تێڵایەکی زەلامی لە شەڕدا بەکاردێنا. ئەم واژەیە بەشێوەی خەڵکی ڕەمەکی بەسیفەتی بەکاردێنن. قڕان: (ت.): ئەم وشەیە لە

زمانی کوردیدا بەمانای شکاندن و بەزاندن و لە ناوبردن و قڕکردن و دوا بڕینەوە بەکاردەبرێ. بەرق: برووسکە. صاحێبقڕان: واژەیە کە لە واژەی ″صاحب″ خاوەن و ″قران″ی عەرەبیڕا کەوتووەتەوە، واتە کەسێکی کە لە کاتی بوون بەنوتفەدا، یا لە کاتی لەدایکبووندا، دەگەڵ یەکدیدا جووتبوونی ئەستێرە گەڕۆکەکان چاوی بەدنیای ڕۆشن هەڵێنابێ. دیارە ئەمەش بەنیشانەی بەختەوەری دادەندرێ. مەبەست: بنەماڵەیەکی نامێی سنەیین، کە دەچنەوە سەر باپیری هەردوو شاعیری گەورەی کورد، کوردی و سالمی ساحێبقڕان. خەفتان: بەمانای جۆرە بەرگێگ بووە کە لە شەڕدا دەبەر دەکرا.. مەبەست ئەوەیە، کە لە شەڕدا بەرگی بە لال ڕازاوەی دەبەر کردووە. لەعل، بریتییە، لە بەردێکی بەقیمەت کە لە یەك سیلیکات و ئیدرانەی ئەلەمینیۆم و مەنیزیۆم پێك دێ، ڕەنگی بەپێی ئەو ماددانەی کە تێکەڵی دەکرێن، دەگۆڕێ و تا بێژی سەخت و ڕەقە.. ڕەنگیشی زۆرن. کاکە ڕەش لەجیاتیی ″ئاسەف″ ″ئەسغەر″ی نووسیوە، ڕێی تێ دەچێ... ئا لە بیرم نەبوو، ئەمن زێتر بەلای ″لەعلی بەدەخشان″دا دەلەنگێم، تۆ بێژی ″ئاسەفی ساحێبقڕان لەعلی بەدەخشان هاتەوە″ نەبێ؟! ئەمەیان باشترە... میهری ڕەخشان: خۆری درەخشان. غوڕڕان: نەعرەتە کێش. سەفدەر: لەشکر شکێن، دڕ بە ڕیزی لەشکردەر. موور: لەب تەشنە (ف. لب تشنە): لێو تێنی. قوڵزوم: دەریای قەزوین.

(٤٦) هێ

هەجوی دەروێش نەفەندی*

تحت تــوقــيــفــە آلـــنـــدی قـــوی آلـنسون کـرتـە
خـلـق ايـچـون چـاهـی قـزان چـاهـە دوشر الـبـتـە
حــبسە الـــقـــا نـــە ديمك، بـــصرەيـــە سورمك لازم
بـصرەدن بـومـبـەيـە مِـنْ بـومـبـە إلـی کـلـکـتـە
نـــاسە عـبـرەت اولـيـور إتملـيـدر وقـعـەنـويس
تـــرسن تـــرجـــمـــەيـــی حـــالـــنـــی ثـــبتِ غـــزتـــە
ئـاهـ چ خـۆشە بـە چـەقـۆ گـوێی لـە بـنـا خشت بـبـڕن
ڕيشی قوت کەن بە مەقەس بيکەنە مەيموونە قوتە(١)

بـــە دەف و دائـــیـــرەو و زەمـــزەمـــەوە دووی بـکـــەون
لــێ بــدەن چــەپــڵــە بــڵــێن بــێنــەوە کـورگــەل ئــەمــەتـە

....

(١) بیکەیتە: (م، ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن فولاتن فعلاتن فعلن).

وەك: "هر کە در کـوی خرابات مرا یار دهد

بە کمال و کرمش جان من اقرار دهد"

تحت توقیفە آلندی کرتە: ئەو دەویتەیان هێنایە گیروداری گرتن، با بیهێنن. خلق ایچون چاهی قزان چاهە دوشر البتە: ئەوەی چاڵ لە بۆ خەڵك هەڵکەنێ بۆ خۆی دەکەوێتە چاڵەوە. حبسە القا نە دیمك، بصرەیە سورمك لازم: زیندان و گرتنی یانی چی؟ پێویستە بۆ بەسرەی ڕەهەندە کەن. بصرەدن بومبەیە من بومبە الی کلکتە: دەبێ لە بەسرەشیەوە بۆ بەمبە و لەوێشەوە بۆ کەلکوتتەی ڕەهەندە کەن. ناسە عبرت اولمەلی، ایتملیدر وقعە نویس: دەبێ بۆ خەڵك ببێ بەپەندی زەمانە و مێژوونووس دەبێ بینووسێ. ڕۆژنامە سەربووردەی ئەو تەرەسەی سەبت کردووە، چەسپاندووە. خشت: ڕێك، گردەبڕ.

(٤٧) هێ

هەجوی حەمەی وەستا فەتاح*

هـــەزار ئـــەفسوون و جـــادووی پـــێوە ئـــاویـــزانـــە ئـــەم ڕیشە
عـــیـــلاجـــی گـــەر بـــبـــێ یـــا گـــووزە یـــا گـــوێزانـــە ئـــەم ڕیشە(١)
بـــە تـــەحـــریـــکـــی تـــەڵـــێکـــی سەد هـــەزار نـــەفسی بـــەکـــوشتن دا
ڕەئـــیـــسی حـــیـــلـــەکـــاران شای قـــومـــاربـــازانـــە ئـــەم ڕیشە
بە بـای سەرسەرِ لە شوێن خۆی نـاجمێ ڕیشی ئەمەند سەختە
بـە بـێ حـیـکـمـەت نـیـیـە گـەر جـار بـەجـار لـەرزانە ئەم ڕیشە
بـــەزاهـــیـــر سافـــە وەك زیـــوی سپـــی، ئـــەممـــا لـــە بـــاتـــیـــنـــدا
ڕەش و پـــیس مـــولـــووەس وەك بـــنـــی قـــازانـــە ئـــەم ڕیشە

بــه مــەکــری ئــەمــڕەتــێنــێ حــەزبــکــا هــەر لــێره تــا مــوکــری
پـــەنـــاهـــم دەی خـــودایـــا خـــاوەنـــی زۆرزانـــە ئـــەم ڕیشه
کــە سەیــرم کــرد دەزانـم شێخ لــە مــن مــەسرووره یــاعــاجـز
حــەمــەی وەستــا فــەتــاح بــۆ حــاڵــی مــن مــیـزانــە ئـەم ڕیشه
هــەزار هــەوسار و دەسبــەنــد و گــوریسی لــێ دروست ئــەکــرێ
بــەسەد بــاتمان خــوری گــەر بــیــکــڕی هــەرزانــە ئـەم ڕیشە(٢)

---

(١) بكا (نوسخه).

(٢) دەس کەوێ: (م، ت).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سال.

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).

وەك: "تو از هر در که باز آیی بدین خوبیُ زیبابی

دری باشد که از رحمت به روی خلق بگشایی"

ئاوێزان: هەڵاواسراو. گووز: تڕ. تەڵ: تاڵ، داو. ناجمێ: نابزوێ. لەرزان: سیفەتی موشەبیەهەی "لرزیدن"ی فارسییە، واتە ئەوەی کە لەرزانە دەکا. باتین: ناوەوە. قازان: (ت.): مەنجەڵ، بەرۆش. ئەمڕەتێنێ: لە گەرمیان ڕەتاندن بەمانای تەکان پێدان و بەملاوئەولادا ڕاڕفاندنە، عەلیی حسێن بەگ، "ئەمرفێنێ"ی پێ ڕاسترە. موکری: موکریان. هەوسار: ئەوەی لە ملی گوێرەکە و وڵسات دەکرێ، پەت. دەسبەند: دەستەجڵەو. گوریس: ورس. باتمان: تەنەکەیەك، شەش وەقە.

(٤٨) هێ

عیللەتی قائیممەقام*

ڕەببی قـەت تـووشمـان نـەهـێنی عیللەتی قـائیممەقام
ئـێمـە تـابـی حـەرب و زەربـی کـێری پـاشامـان نـیـیە
هــەرکـەسێ بیگـێ دەڵـێ ئـەی ئـافـەرین سەد ئـافـەرین
دوژمــنــی ساداتــە قــەت بــاکــی لــە دان و مــان نــیــیە
دوو هـــەزار کــێری پــیــا ڕۆیــی نــەخــارا مــەقــعــەدی
ئـێمـە مـیـرم مـەتـرەقـی وەك سەنـگـی خـارامـان نـیـیە

بـیـکـوژن کـێرخـۆره نـامـووس و حـەیـای کـوردانـی بـرد
قــەت لــە کــوردانــا دەڵـێی پــیــاوێـکــی ئــازامــان نــیــیــە

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: "زلف سرمستش چو در مجلس پریشانی کند
جـــان اگـــر جـــان نیـــندازد گرنجانی کند"
تات (ف. تاب): تاو، زەبر. ئافەرین (ف. آفرین): وشەی دنەدان و تەحسینە. بە کوردی "بترەژم" دەگوترێ.. دان و مان مانای هەس: دان "گاندان" یا دانی گەنم و خۆراك. خاران: لە کارڕاهاتن. مەقعەد (ع. المقعد): قوون. مەترەق (ع. المطرق): کوتك. خارا: بەردێکی سەخت و ڕەقە.

(٤٩) هیٚ

هەجوی شوکری*

حـیـزێك کـە ئـەگـەر قسە ببـەستـێ بـە ڕەزاوە(١)
بــێ شك بــە حــەڵاڵــی لـە کـوزی دایـکـی نـەزاوە
بێ حیکمەت و بێ قیمەت و بێ جێ نییە شیعری
عــومــری لـــە هـــەوەڵ تــا ئــاخــری تـێدا ڕزاوە
شوکری گەن و گووخۆری سولەیمانییە ئەموت
هــەر چـەنـدە کـە ئـەمـدی وەکـو لـۆتـی دەگـەڕاوە

....

(١) حیزێکی ئەگەر: (ڕ).
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن مەکفووف مەحزووف.
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن).
وەك: "گر خلـــق بدانند کە مـــن عاشم مستم
آوازة درست است کە من توبە شکستم"

(٥٠) هێ

ئەهلی سنە*

سوپــەری ئــەهــلــی سنــە بــۆ شەڕی بــێگــانــە تــنــە
خـۆ بـەخـۆ شەڕ دەکـەن و ئـەسلـەحـەیـان هـەر بـەتـنە
ڕقــی هـــەڵسا سنـــەیـــی دێ لـــە سولـــەیمانـــی ئـــەدا
ئـافـەریـن ئـەهـلـی سنـە ئـەم ڕقـەتـان هـەر لـە کـنـە
ئـەهـلـی ئێمـە کـە چـووە شاری سنـە، حـوکمـە، ئـەکـا(١)
بـە دوو شاهـی و قـەرەپـووڵـێ ژنـی کـامـیـان مـەزنـە

....

(١) حوکمە ئەکا: (م. ح). حوکمە ئەگێ (ل).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن).

وەك: "بە خرابات برید از در این خانه مرا

کـە دگـر شراب آمـد و پیـمانە مرا"

سوپەر: سەنگەر. تن: قوون. شوەی "تنبان" کە تورکمان بەمانای دەرپێی دەکاردەبەن، لە تنەوە هاتگە... ئەدا: لە خەڵك ئەدا، یا گان دەدا. ئەمە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی هەردوو واژەی "ڕق" و "لە کن" کە جاران بە "ڕق"یش و "کن"یش و "کون"یش دەخوێندرایەوە، هەردوو مانایەکە بگەیەنن.. واتە: ئەم ڕقەتان، ئەم کێنەیەتان، هەر لە کنە، کە لێ ئەدا مانای لە خەڵك دان بی و یا ئەم ڕەقەتان، ئەم دەعبایەتان، هەر لە کونە، کە دەدا بەمانای قووندان بێ... والله أعلم بالصَّواب. شاهی: ئەو دراوەی کە بەنێوی شاوە لێ دراوە. قەرە پووڵ: فلسێکی خوێڕوو..

(٥١) هێ

شێخ هۆمەر*

هـــەر لـــە نـــاکـــاو زرمـــەیـــێ هـــات، کـــێی کـــورە؟ شێخ هـــۆمـــەرە
شێخـــی چـــی مـــردووت مـــریێ، بـــۆچت نـــەگـــوت جـــاشەکـــەرە

دەردی لـوقـمـەی گـرت لـە نـاکـاو شێخـە تـوهـمـەت کـارەکـە
ئـەو قـیـافـەت حـیـزەکـەی هـەیـئـەت وەکـو کـەمـتـیـارەکـە
قۆخ وەهای لێ کرد، لە جێی قۆخ کاشکی پۆخی خواردبا(١)
شێخـەکـەی، دەم چـەوتـەکـەی، لـچ گـێڕەکـەی، لـێوخـوارەکـە
کـوردە بـێ نـامـووسەکـەی، گـۆرانـە قـوڕمساغـەکـەی(٢)
حـیـزەکـەی، بـێ دیـنـەکـەی، کـەربـابـەکـەی بـێ عـارەکـە

....

(١) پۆخی دخوارد: (ت، م).

(٢) کوردە بێ نامووسەکەی گۆرانە قوڕمساغەکەی: (م)، کوردە بی نامووسەکەی گۆرانە قوڕمساغەکەی: (ت). هەر لە ناکاو زرمەیێك هات و وتی شێخ هۆمەرە (ك).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: "صاحبا گر بندەرا تشریف خاصت از رواست

تا بـدان دامن ز جـیب آسـمان برتر کشد"

لوقمە: نەساغیی گرفت. پۆخ (ت. بوق): گوو. گۆران: کوردی زۆر ڕەسەنی هەورامان، کـە هـەر لـە کۆنـەوە، سەبـارەت بـەوە، کـۆچـەر نـەبـوون و گـونـدنشین و لـە کـۆچـەر پێشکەوتەتر بوون، دەگەڵ ڕەوەنداندا هەمیشە لە کێشەو هەرای خۆ لە گەڕی جاف و ڕەوەند پاراستندا بوون. خوا یار بێ، کاتێ کۆمەڵگای کوردەواریش وەکو خوا پێداوان پێش دەکەوێ و پێناوەکانی ڕەنێوهێنان و پێوەندییەکانی ڕەنێوهێنان بەنوێتر دەگۆڕێن، هەنگین ئەم مشتومڕە بەسەر دەچێ..

(٥٢) هێ
واقەواقی دڵ*

هـەر واقـەواقـی دڵـمـە بـەدەسـتـی فـیـراقـەوە
وەك ڕێویـیـێ کـە هـەردوو گونـی بـێ بـەفـاقـەوە
ئیمان لە تەوقی سەرمەوە وەك واشە دەرپەڕی
سمـتـی کـە دەرپـەڕانـد و سەری نـا بـەتـاقـەوە

موتریب لە عەشقی یاری عیراقی بەحەسرەتم
بـۆم هـەسـتـە وردە وردە لـە پـەردەی عـیـراقـەوە

....

(*) کێش: بەخری ڕەجەز مەخبوون مەقسوور مەحزووف.
(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فعل).
نموونەم بۆ ئەم شیعرە وەگیر نەکەوت.
ئەم کێشەم لە شیعری فارسیدا نەدیتەوە. واتە: مستفعلن بەخەبن بووە بە (مفاعلن)، مفاعلن بە، قەسر بوو بە (فاعلء = فعولن)، فعولن بەحەزف بووە بە (فعل). کە شتی وا لە کێشی دەکاربراوی مەشهووردا نییە.. واقەواق: قیڕ و هۆڕ. فاق: تەڵە. پەردەی عیراق: مەقامێکە لە موزیك و گۆشەیەکە لە "نەوا" کە لە ئەفشاری و ماهووردا دەکار دەبرێ. لە عیراقدا پلەی چوارەمی گامی نەوادا نۆتی شاهیدە. پلەی سێیەمی "فا" نیو پەردە ژوور هەڵدەکشێ و دەبێ بە دێز، بەڵام لە کاتی نشێوبوونەوەدا دەگەڕێتەوە سەر حاڵەتی ئەسڵیی خۆی. بەڕاستی مەقامی عیراق لە نەوادا لە بنجی "سۆڵ"ی گەورە لێ دەدرێ (خالقی. موزیك ١٠، ٧ص. ١)

(٥٣) هـێ

بەغدا*

گـەر بڵێم بـەغدا لـە جـەنـنـەت خـۆشترە هـێشتـا کـەمـە
چونکە سوکنای غەوس و کەرخی و ئیمامی ئەعزەمە
ئەی برادەر شاری بەغدا، بێ حەسادەت، بێ هەمە
زۆر ئەمین بە لەم حیسابە پێت بڵێم کورتە و کەمە
لـەم وڵاتـە هـیـچ وڵاتـێ هـەر وەکـو بـەغـدا نـیـیـە
حاکمی عەدل و عەدالەت زۆر ئەمین و بێ غەمە

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: "هرگزم نقش تو از لوح دل و جان نرود
هـرگزم یاد من آن سرو خرامان نرود"

غەوس: سۆفی و عارفی گەورەی نامیٚ شێخ عەبدولقادری گەیلانی (قدّس سرُّه العزین). کەرخی: شێخ مەعرووفی کەرخیی سۆفی و عارفی نامیٚ. ئیمام ئەعزەم: ئەبو حەنیفە، نوعمان کوڕی سابیت کوڕی زووتی لە پێشەوایانی گەورەی ئیسلام (ز. کووفە ٨٠ك.م./٦٩٦م. ـ ف. بەغدا ١٥٠ك.م./٧٦٧). بە ڕەگەز ئێرانییە. زووتیی باپیری لە کابوڵ و بە قەولیٚ لە نەسا بووە. ئەبو حەنیفە لە بەراییی تەمەنیدا بە زانستی کەلامەوە سەرقاڵ بووە و دەگەڵ زانایانی کەلامدا دەمەتەقێی زۆری بووە. لە سەرێکی دیکەوە لەبەر وەی کوتاڵفرۆش بووە سەروکاری دەگەڵ کاروباری کردەنیی کۆمەڵدا خۆش بووە و لە ڕاستینی بارودۆخی ئابووری و بازرگانیدا ئاگا بووە. وێڕای وەی پشتی بەکوڕانی عەبباس ئەستوور بووە، بەڵام لە ژێرەوە هەواخوازی عەلەوبیان بووە. ئەبو یووسف لە شاگردانی وی بووە. ئەبو حەنیفە لە قبووڵکردنی فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا سەختگیربووە. تەنانەت ١٧فەرمایشتی پێغەمبەری قبووڵ نەبوو. لەبەر ئەوە زێتر خەریکی "قیاس" و "استحسان" بووە. ئەبو حەنیفە دامەزرێنی یەکەم ئۆلی شەریعەتی سوننیی ئیسلامە. حەوت ساڵم لە پاڵ ئارمگایەکەیدا، لە ئەعزەمییە. لە بەغدا، لە کوللیەی شەریعەم خوێند. بیٚ هەم: بیٚ خەم.

(٥٤) هیٚ

ژنەکەی مەستی ئەفەندی*

لێرە گایان ژنەکەی مەستی ئەفەندیی بەسرە
ئێستە بۆ بەسرە دەچیٚ بەعدە خەرابولبەسرە
هێندە گەوواده گەر ئەولادی لە پێش چاوی بگێی
ڕیشی ڕادەگریٚ کە ها کێر و گونی پیٚ بسڕە
عەینی بەغدایە بە خۆی، چونکە لەبەر ئاوی مەنی
مەقعەدی بەحرە، گونی قاییغە، کێری جسرە

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم.
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن).
وەك: "صنما مردەء آنم کە تو جانم باشی
من دهم جان کە مگر جان جهانم باشی"

مەنی شاوەت، ئەو تۆماوەی کە لە چووکی پیاوەوە دەچێتە منداڵدانی ژنەوە. قاییغ: بەلەم.

(٥٥) هێ

موسەممەت*

قەومەکان بەو زاتە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەڕە
بەرخە نێرێ گەر نەنێرێ هەرکەسێ خاوەن مەڕە
دێم بە گژیا ئەیدڕم، گەر فیلمەسەل شێری نەڕە
با نەقەومێت وا نەزانن ئەم هەموو شوور و شەڕە
گشت لەسەر بەرخێ شەل و کاوڕێ لەڕ و بزنێ گەڕە

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: "هر زمان زین سبز گلشن رخت بیرون می برم
عـالمی از عـالم فکـرت به کـف مـی آورم
بەحر: دەریا، زەریا. بەڕ: بەژ، وشکان. فیلەمەسال: بە مەسەل. موسەممەت بە بەیتێك دەگوترێ، کە بکرێتە چوار بەشەوە و دوایی سێ بەشەکەی یەکەم شاعیر پەیڕەویی "سەجع" بکاو لە بەشی چوارەمدا سەروایەك بێ وەك:
"ای ساربـان منـزل مکـن، جـز بـر دیـار مـن
تایك زمان زاری کنم بر ربع و أطلال و دمن
ربع از دلم پر خون کنم أطلال را جیحون کنم
خـاك دمـن گلگون کنـم از آب چشم خـویشتن"
هێندێ لەسەر موسەممەت کێشەیانە...

(٥٦) یێ

کەڵەشێرێکی کرماشانی*

کــەڵــەشێرێ بـــە ڕەزا لازمـــە، کــرمـــاشانـــی
ئــەژدەهــا سەوڵـەت دەم گـەرم و دڕ و شەڕانـی(١)
کـەڵـەشێرێ کـە قـەپـی گرت لـە بـناگوێی کەڵەشێر
پــڕ بــەدەم بـیـپـچـڕێ وەك سەگـی هــەورامــانـی
کـەڵـەشێرێ کـە ئـەگـەر شێری نـەڕی بێتـە مـەساف
ڕای ڕفـێنـێ بـە شەقـێ مـیسلـی کـەری تـاڵانـی
بـۆ حـەواڵـەی دوبـوری ئـەو کـەسە خـۆم ئـەیـزانم
دوو گونی پێوە هـەبێ وەك دوو جەڕەی لـەیلانی
بـەدرێژی وەکـو مـەولان بـەگـەکـەی میری بـەیـات
بـە جـەسامـەت وەکـو کـوێخـا زلـەکـەی بـیـبـانـی
جنسی خۆی جووتە مریشکێ بەری حەملەی بگرێ
نـەکـو سوێی بـێتـەوە بـێچـارە لـەبـەر بـێ گـانـی
ئـەی نـەقـیب زادە، بـنـێرە کـەڵـەشێرێکـی وەهـا
بـۆ ڕەزاکـەی سەگـەکـەی قـاپـیـیـەکـەی گـەیـلانـی

---

(١) ئەژدەها سەوڵەت و دەم گەرم و دڕ و شەڕانی (ن). زیرەك و چابوك (ڕ).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن).

وەك: "نـازنین عـیب نبـاشد که کـند نـاز ای دل

او همی سوزد از عشق و تو می ساز ای دل"

جەڕەی لەیلانی: بە گەورەیی مەشهوورە. بەیات: تیرەیەکە لە عێلی ئینانلوو، لە پێنج تیرەی فارس. هەروەها نێوی مەقامێکی زۆر بەربڵاوی موزیکە، بە "لا" دەست پێ دەکا و بە "لا" دواییی دێ. زۆری مەقامی دیکەی لێ دەکەونەوە.. هەروەها نێوی تیرەیەکیشە لە قەشقایی. لە عیراق بەیاتی تورکمان، عەرەو، کورد، هەن.. سوێ: سووی، داخ، عەزرەت.

(٥٧) یێ

ستایشی کاك ئەحمەدی شێخ*

مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی
ئەو قودرەتی ساداتە کە سوککانی سەماوات(١)
شەڕیانە لەسەر سەجدە ئەبەر مەرقەدی پاکی
ئەو مەرقەدی والایە کە وەك عەرشی موعەللا
مەحفووزە بە زوواری مەلەك دەوری شوباکی
بۆ دەست و عەسا نازەکەکەی داخە دەروونم
قوربانی عەسای دەستی دەبم، سۆل و سیواکی
دنیا لە دوای حەزرەتی شێخ زێر و زەبەر بێ
وەك تاجی کەی و جامی جەم و بەختی زوحاکی
دەرحەق بە حەفیدانی ئەدەب لازمە زینهار
قوربانی حەفیدانی دەبم بابی و داکی
بەم حاڵە پەرێشانەوە باز ئەشهەدوبیللاهـ
شیعرت تەرەب ئەنگێزە ڕەزا شاعیری چاکی

....

(١) سەماواتە: (م.ت).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.

(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن).

وەك: "انرا کە خدای از قلم لطف نگارد

شاید کە بر او زحمت مشّاطه ندارد"

مەربووتە (ع. المربوط): بەستراو، گرێ دراو، پابەند. حەیات (ع. الحیاة): ژیان، ژین. ئەحمەدی کاکی: کاك ئەحمەدی شێخ. قودوەت (ع. القدوة): پێشەنگ، نموونە، ئولگوو. سەجدە (ع. السَّجدة): کڕنووش. مەرقەد (ع. المرقد): ئارامگا، گڵکۆ. والا (ف. والا): بڵند کراوە، گوشاد. مەحفووز (ع. المحفوظ): پارێزراو. مەلەك (ع. الملك): مەلایەکەت. شوباك (ع. الشُّباك): پەنجەرە. عاسا (ع. العصا): دارعاسا، داردەست.

داخ: بەئاگر داخکراو. سۆل: سووکە پیڵاوی چەك. کەوشی سووکەڵەی بێ پانی. زێر و زەبەر: ژێر و ژوور. کەی: کەیخوسرەو: پادشای ئێران. جامی جەم (ف. جام جم): جـامـی جیهـان نما، جـامـی جیهـان نوێن. زوحـاك: ئـەستیـاك، ئـەژدەهـاك، پـادشای زۆرداری ماد. کە کاوەی ئاسنگەر کوشتی. حەفید (ع. الحفید): نەوە. زینهار (ف. زینـهـار): دوورکـەوە، وریـابـە. تـەرەب ئـەنگێز (ع. ف. طرب انگیز): خۆشی بزوێن، هـەوەس بزوێن.

(٥٨) یێ

سوحبەتی شێخ*

شێخ کە هام سوحبەتی شامار و نەدیمی حەمە بێ
شێخ کە دۆستی مچەڕێژاوی و و ئەحمەد جەمە بێ
شێخ لەبەر جەلبی دڵ و ئایشە کوڕانیی ژنەکەی(١)
شیـر بـکـێشێت و لـە ڕووی والـیدە دەستـەوقـەمـە بـێ
شێخ کـە قـودسیـیـەتـی پـیرانـی تـەریـقـەت لـە کنـی
هـەموو ئەفسانە وو ئەفسوون، هـەموو گاڵتە و گەمە بێ
شێخ کە گەووادی وەکو (خادیمی سوججادە) لە لای
سەیـدی حـوڕڕ لـە سولالـەی عـەلـی و فـاتـیمـە بـێ
شێخ کـە قـەسری حـەرەمـی گـەییـە مـەقـامـاتـی عولا
سەر بڵند کات و بڵێ، شێخ ئەمە وو قەسر ئەمە بێ
شێخ ئەوا گۆی هونەری بردەوە، کەشکەك سەڵەوات
شێخ ئـەوا جـێی پـدەری گـرتـەوە، دەستـی بـەمـە بـێ

....

(١) دڵی ئایشە کوڕانە (م. ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن).

وەك: "بە خرابات برید از در این خانە مرا
کە دگر یاد شـراب آمد پیمـانە مرا"

هام سوحبەت (ع. ف. هم صحبت): هاودەم: دەستەو قەمە: دەست بەقەمەوە. عولا (ع. العلا): بڵندی. گۆی هونەر بردنەوە: کینایەتە لە سەرکەوتن، لە یاریی قاشوانێدا گۆ بردنەوە. کەشکەك سەڵەوات: قسەیەکە بەتیز بۆ کەشکەك لێنان و بە بۆنەی خێری حوسەینەوە (د.خ) دەگوترێ.

(٥٩) یێ
حەوشە رەش*

حـەوشەیێکـم هـەیـە بـەقـەدەر لـەپـێ(١)
ڕۆژ عـیـلاجـی نـەکـەم بـەشەو ئـەتـەپـێ
مـەنـفـەز و درز و ئـاودزی هـەرچـەنـد
دەیـگـرم، دەیـکـوتم بـە دەست و بـە پـێ
شەو کـە دێم، دەم دەکـاتـەوە وەکـو هـار
وا ئـەزانـم سەگـە و بـە مـن ئـەحـەپـێ
سەر و ڕیشم پـــڕ لـــە ڕشك و سپـــێ
خـەمـی شاگـردەکـان زیـاتـر ئـەخـۆم
گەورە هەر چاکە، ئاخ لە دەس دەس و پێ
ژنـی وەستـاکـە بـۆ چ نـەگـێم تـوخـوا
ساق و سمت لـووس کـوز پـڕی دەرپـێ

---

(١) حوجرەیێکم (م. ت).
(*) کێش: بەحری خەفیف موسەددەس مەخبوون مەحزووف.
(عاعلاتن مفاعلن فعلن)
وەك: "گر کـنم در سـر وفات سری
سـهل باشد زیان مختصری"

لەپ: بەری دەست. ئەتەپێ: دادەڕووخێ. مەنفەز (ع. المنفذ): دەرەتان. ئاودز: لەبنەوە ئاو چوونە نێو شتێکەوە. ئەحەپێ: ئەوەڕێ. قسڵ: بەردی تایبەتی خڕ و بەستان دێنن، دەیبرژێنن، کە ئاوی پێدا دەکرێ خاو دەبێتەوە و وەکو گەچی لێ دێ و موو و پیوی

تێکەڵ دەکرێ، بۆ گونج و ئاودەست و سەرشۆرك و شتی لەم جۆرە بابەتانە چەسپاندن و لەحیمکردن بەکار دەهێندرێ. گەچ: ئەو بەردەی بۆ گەچ دەربرژێندرێ، وەك بەردی قسڵ نییە، نەرمە، زووتر دەبرژێ. لە کەرکووك قایەی پێ دەگوترێ. لە سلێمانی و کۆیە و کفریش هەر ئەو قایەیە بە گەچ دەکرێ. دیارە گەچ لە ماددەی کلس دروست دەکرێ. هەروەها لە لمی بیابانیش دروست دەکرێ. پەڵاس: جلوبەرگی شڕ و غاراو. ڕشك: گەرای ئەسپێ. دەس و پێ: خزمەتکار، دەست و پێوەند. پڕدەرپێ: خڕ و پڕ و قەڵەو.

(٦٠) یێ

شەڕی جەباری و داودە و کاکەیی و تاڵەبانی*

سێ عەشرەت بوون بەیەك تارپشەمان دەرکەن بە عێلجاڕی[١]
جەباری و داوودە و کاکەییەکانی دایە ڕێزواری
قەسەمیان خوارد بە ڕۆحی سەید براکە و گۆڕی خان ئەحمەد
بە کەللەی خووگ و شاخی گایی حوول و گۆشتی مرداری[٢]
دەبێ ئەمڕۆ بەجارێ قەتعی نەسلی تاڵەبانی کەین
تەق و تۆقیان کە هەستا گوللە هەروەك تەرزە داباری
سوارەی تاڵەبانی دەرپەڕین وەك ڕۆستەمی دەستان
فیراریان ئیختیار کرد سەیدەکانی باوە یادگاری
فیراری کاکەیی هەر نەیسە ئەمما گوێی فەلەك کەڕ بوو
لە جرت و فرتی ئاغای داوودە و ساداتی جەبباری

---

(١) سیە عەشیرەت (ت. م).

(٢) گاوی هۆل: (أ. ك).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: "بتی دارم کە گرد گل ز سنبل سایبان دارد
بهار عارضش خطی بە خون ارغوان دارد"

عێلجاڕی: عێل (ت. ایل): هـۆز،خێڵ. جاڕ (مەغو. ت. جار): بانگەواز ″اعلان″، ″ انفیر″، واتە: بە دەنگدانی خێڵ و هۆز، بە گەلەکۆمە. جەباری: تیرەیەکن بەچڕ و پڕی لە ڕۆژهەڵاتی باکور و باکوری ناوچەی قەرەحەسەن نیشتەنین. شێخەکانیان سەیدی بەرزنجەیین. مەڵبەندیان تەکیەی جەبارییە، لە پاشان لە جەوز و حەمك و چیمەن هەواریان گرت. بەهەشتی شێخ جەبار و شێخ حوسەینی سەید محەمەدی جەباری، لـە چلـەکـانـەوە لـە چـیـمـەنـیش دادەنیشتن. وەستا مستەفای باوکم، لە سلێمانی چەخماخساز بوو، لە سەروبەندی سەفەربەری یەکەمدا، سەید محەمەدی جەباری خوڵکی دەکا، دەچێتە خزمەتی، لە دێی حەمك دادەمەزرێ. وا دیارە ئەو سەروبەندە حەمك پێتەختی سەییدەکانی جەباری بووە. وەك لە براگەورەکەمم بیستووە، زۆری ڕێز لێ ناوە، باوکم پیاوێکی زۆر لە خودا ترس بووە. پێنج برابوون، ئەحمەد و حەسەن و فەتاح و مستەفا و عەلی. ئەحمەدیان لە شاری بەغدا گیرساوەتەوە و لە کارگەی چەك چاکردنەوە و چەخماخسازیدا کاری کردووە، بۆرە ڕوتبەیەکی سەربازییان داوەتێ، وێنەکەیم لە ماڵی ڕەفیق قامەچیی کوڕی دیت. پێنج کوڕی هەبوون: تۆفیق، ڕەفیق، نازم، عیزەت و شەفیق، لەم دواییانەدا بەماڵی قامەچی نامێ بوون. تۆفیقیان لە سەفەربەری یەکەمدا لە تورکیا نەگەڕایەوە، لە ١٩٥٦دا، چوومە خزمەتی لە ئەستەمبوڵ، وەجاخ کوێر بوو، زۆر سەر و ساختی دەگەڵ عیسمەت ئینونوودا هەبووە. ماڵی لە قار تۆپو سوقاق بوو، فەهیمە خانمی خوشکی خێزانی ئەمین شەن دۆغان هێشتا لە حەیاتدا مابوو. ئەمین شەن دۆغان خاڵی مەلا ڕەئووفی سەعاتچییە. دەگەڵ ماڵی د. ئەکرەم قەیماقچی و ئەنوەر قەیماقچیدا خزم بوون، کاك مەجید شەیتان، کە ئێستاش ماوە و لە بەغدایە، ئامۆزایانە. تۆفیق تا پلەی ئلبای، جەنرال هەوراز هەڵکشا، پیاوێکی لە خوا ترس بوو. حەکایەتی خۆی زۆر بۆ گێڕامەوە. ئەمین شەن دۆغان دوو کوڕی، جیهاد و نیهاد. هەرتکیان سەربازبوون. نیهادیان لە شەڕی کۆریادا هاوبەش کرد. ئەمانە لە خوشکێکی دیکەی تۆفیق بوون، ناوەکەیم باش لەبیر نەماوە، ئەمین شەن دۆغان کچێکیشی بەنێوی موزەففەرەوە لە ژنەکەی پێشووی، هەبوو. زۆرتر لە بەغدا گەورە بووبوو، تا ساڵانی شێستەکانیش هەر مابوو، لەو ساڵانەدا یەقەیان گرتم بیهێنم، بە قسمەت نەبوو.. هەرچی حەسەنیان بوو، دەچێتە حللە، لەوێ بەکاری چەخماخچیەتی و شتی لەو جۆرە بابەتانەوە خەریك دەبێ. دوو کوڕ و دوو کچی هەبوون، فەتحی و محێدین و حەمدە

و ئەوەکەی دیکەم نێو لە بیر نەماوە، کچە گەورەکەی دەدا بە ئیبراهیم ئەفەندیی ئەفسەری کورد، کە لە توێریج دادەنیشت، ئەوی دییان نەعیمەی دایکی لەیالی، خێزانی عەبدولخالیق زەنگەنەیە، نەعیمە خانم تا ئێستاش ماوە و لە بەغدا دەژی. لە سەرێکی دیکەوە، ئەم نەعیمەیە خوشکی باوکی سەبیحەلمودەڕیسی خوشکی عەدنانولمودەڕیس، کە هەرتکیان چەندین ساڵ وتارویژی ڕادیۆی بەغدا بوون. لە دایەرەی وەگێڕانەوەی مافی مەدەنیی ولاتیان بوو، لە ٥٥دا چوومە کنی بۆ وەگێڕانەوەی مافی مەدەنیم، کە ساڵێکیان لەسەر خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٥٩حوکمی هەموو ڕۆژێ چوونە شورتە و ئیمزاکردنیان دابووم، بردمی بۆ کن بەهەشتی عەبدوڕەحمان بەزازی مامۆستام، زۆر پیاوانە کارەکەی بۆ جێبەجێ کردم. دایکی فەتحی و محێدینی ئامۆزام، خزمی شێخ ڕەئووفی حەڵواچی بوو. لە سەرێکی دیکەوە خزمایەتیی لەگەڵ بەهەشتی مامۆستا تۆفیق وەهبی هەبوو. حەمەیەك هەبوو، لە بەنزینخانەکەی سلێمانی کارمەند بوو، زەلامێکی کەتەی زلە بوو. خزمی ویش بوو. باوکی لەیالی بەڕەچەڵەك، وا بزانم مەندایییە. لە حللەماڵی مودەڕیسیان پێ دەڵێن. ئێستاش ماوە. کوڕێکی بەگۆتاوەرۆیەکەی عەزیزی حاجی قولی لە چباییش لە ناو چوو. سەلاحەدینی نێو بوو، ئەندازیارێکی تازە هەڵکەوتوو بوو. وەستا مستەفای باوکم لە شەڕی شێخی نەمردا، شێخانی ناوچەی قەرەحەسەن سەر لەبەر دەدەنە پاڵ شێخی گەورەمان. ناخۆشی ئەکەفێتە نێوان شێخانی تاڵەبانی و شێخانەوە، گەلەجووتی یەکدییان بەر دەدا. شەو دزیان دەنارده سەر یەکدی و هتد... باوکم حەمە و فەرەج و حەپسە و ئاجیە و ئاسکۆڵی دەبن. عوسمانی حەمە و فەرەج بەڕەشبگر دەگرن، دەیاننێرن بۆ شەڕ... وەستا فەتاحی مامم ڕوو دەکاتە ڕەواندز، لەوێ چەند ساڵێك چەخماخسازی دەکا. دوو کوڕی هەبوون: بەکر و غەفوور. غەفووریان دەرەجەدار بوو، لە شەڕی بارزاندا کوژرا. بەکریان لە پاش سەفەربەری یەکەمدا ئینگلیزەکان بۆ هیندستانیان نارد فێرە ڕاکێشانی هێڵی تەلگرافیان کرد، چەند ساڵێك لە هەولێر کارمەندی تەلگراف بوو.. پاشان نەقڵی کەرکووك کرا. بەکریش و غەفووریش دوو خوشکی ئەحمەد ئاغای چایچییان هێنا، ئەمانە ئێستا لە کەرکووك ١٥،١٠خێزانیان لێ کەوتووەتەوە. کوڕ و کچیان زۆر بوون. زەکیەی کچی غەفوور شووی بەماڵە وەنداوییەکانی هەولێر کردووە. منداڵەکانی دەگەڵ کاك سبیح وەنداویدا ئامۆزا و ئامۆزازان، ناسیارییەکەیان لە حللەڕا دەستی پێ کردووە. غەفوور کوڕێکی بەنێوی شوکری، کە دەکا برای دایکی

فەتحی مەعسوومی زاوای بەهەشتی کاك عەزیز ئاکرەیی، هەبوو. ئێستاش هەر ماوە کوڕێکی زۆر موسوڵمانە.ماڵی ئەحمەد ئاغای چایچی بەخێویان کرد. کوڕێکی دیکەشی بەنێوی یوسف هەیە. کاك فەتحی مەعسووم لە دایکی عەلی شانازی باوکیەوە بابانە. خزمایەتیمان هەس.. مامە عەلیم هەر لە سلێمانی دەمێنێتەوە. لە ٣٨دا هاتە کەرکووك، بۆ ماڵی وەستا فەرەجی برام، ١٠فلسی دامێ. کچێکی هەبوو، بەنێوی عەتیە، دای بە مەلا ڕەئووفی سەعاتچیی باوکی عەتووف و لەتیف. دوایی وازی لێ هێنا، بیستمەوە شووی بە هەڵەبجەییەك کردووە، دەڵێن دوو سێ کوڕی لەم هەڵەبجەیە هەن، نایانناسم.. لە شەڕی شێخی نەمردا، شێخانی ناوچەی قەرەحەسەن سەرلەبەری دەدەنەوە پاڵ شێخی گەورەمان. وەك گوتم ناخۆشی ئەکەفێتە ناو تاڵەبانی و شێخانەوە، گەلەجووتی یەکدی بەردەدەن، شەو دزیان دەنێردە سەر یەکدی و هتد... سەید محەمەدی جەباری یەژێ، وەستا مستەفا، ئیدی ناتوانم بتپارێزم، چاك واسە، بڕۆی، بچیتە پەنای تەها بەگی ساڵەیی، ئاغای گوندی مامەشە (مەحمە شا)... نامەیەکی بۆ دەنووسێ، بار دەکا، دەچێتە دێی مامەشە. لە پاشان دایکم کە بە ئەسڵ لە تیرەی عابابازە و ڕەنگە کۆنە کاکەیی باوەمەردە و قوڵدەرەسی و باوەگێڵدی بن.. بەڵام کەوتبوونە ناوچەی باداوای ناوچەی قەرەحەسەن. باوکم لە ٤٨ی ك دا، دەمرێ. بەندە لە ٤٨ ك.دا لە دایك بووم. کەسوکارەکەم لەگەڵ ماڵی شێخ حوسەین و شێخ جەباردا زۆر تێکەڵ بوون، تەنانەت یەك دوو ساڵێ حەمەی برام لە مامەشەوە گواستیەوە بۆ دێی چیمەن، کە ئەوسا شێخ جەباری لێ بوو، براژنە نەجمەم کە ئەویش هەر عابابازە و خزمی مەلا عەلی فەتحوڵڵاو دایکمە، کولیچەی کەرکووکیانەی بۆ شاییەکەی شێخ حوسەین بردبوو، خێزانەکەی شێخ حوسەین کچی سەید ئینجەیە. هیوادارم، هەر مابێ و لەگەڵ کوڕەکانیدا، لە کەرکووك بەرقەراربن. ئازادی کوڕی دەناسم، کوڕێکی کوردپەروەرە. دەستیان شکێ کوڕێکی شێخ حوسەینیان لەناو برد. مامۆستا مەلا جەمیل زۆری هەوڵ بۆ دا، سەری نەگرت. دوا دیداریم لە ساڵی ١٩٩٢دا، شەوێك لە کەرکووك دەگەڵ لەتیفی مەلا مەجیدی گلدا بووم. بەڕاستی بەهەشتی زۆری باس و خواسی کەرکووك و ناوچەی قەرەحەسەن و ڕووداوی لەمێژینەی بۆ گێڕامەوە، کەمم لێ دەزانی. زۆرم لەم حەکایەتانە لە شێخ بیستەوە. بەهەشتی مامۆستا بوو... جەباری دێهاتیان زۆرە، تەکیە و جەوز و حەمك و بانگۆل و گۆلە مەو و چیمەن و عەلی مستەفا و ژاژ و نەورۆز

و تاوێربەرز و تەپە سەوز و وەسمانە لەکە و هتد... هەموو بە جەباری لە قەڵەم دەدران. خودا یاربیّ لە دەرفەتێکدا شتێك لەبارەی هۆزی جەبارییەوە دەنووسم.. داودە: هۆزێکن لە ناوچەی حەوت تەغار نیشتەنین. دارا بەگی نامیّ برا گەورەیان بوو. پیاوی چاك بوو. ناوبەناو تفەنگی بۆ کاکم دەنارد، بۆی چاك دەکردنەوە. لە بیرم نەبوو، لە پەنجایەکاندا، وەستا نووریی برازام بوو بەوەستای کاك عەریف حەمیدی بەڕێز، کاتیّ پێشمەرگە فیشەکی مەوجوودیان نەدەما، جیّ فیشەکی تفەنگەکانی بۆ دەگۆڕین، مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا حاجی ئیسماعیل دەیناسی، کە لە ڕووداوی دەسدرێژییەکەی بەغدادا بۆ سەر کاك ئیدریسی جوانەمەرگ، لێی خەفتان و بریندار بوو، وەستا نووری هات بۆ خزمەتی، زۆری خۆش دەویست. جارێکیان پار لە مەسیف، کاك عەریف حەمیدم دیت، بەداخەوە دەرفەت نەبوو، چاك و چۆنیی دەگەڵدا بکەم.. زۆرم بەکوڵەواری دیت. خوێندەی بەڕێز، ڕەنگە بەم درێژدادڕییەم سەرم ئێشاندبی، بمبەخشە، پیاو شتی چاك نابیّ لە بیر بکا.. سی کەسم لەو ناوچەی قەرەحەسەنە ئەنفال کراون. ئێستاش سەر و شوێنیان دیار نییە. کاکەیی تیرەیەکن لە ئەهلی هەق. سەیدەکانیان خۆیان بە سەیدی بەرزنجە دەزانن. پێتەختیان سەلاحییەیە، سەید فەتاح ئاغا زۆر پیاوی چاك بوو. جەمال ئاغاش پیاوی چاك بوو.ساڵێکیان، سەید فەتاح ناردمی ببم بە مەلای کاکەییەکان، وەك لە شوێنێکی دیکەدا باسم کردووە، سەری نەگرت... مەرقەدەکەی ئیمام ئەحمەد خان لە گەڕەکی موسەڵلایە، مەزاری ورد و درشتی خەڵکی کەرکووك بوو. بڕیّ کەسوکارم تا ئێستاش بە دەوروبەری مەرقەدەکەیەوەن. خووگ: بەراز. گاحوول: گای سورخن. دەستان: داستان. ئیختیار کرد: هەڵبژارد. فیرار (ع. الفرار): هەڵاتن. هەر نیسە: وتەیەکی تورکییە، واتە: هەر چۆنیّ بیّ.

(٦١) ییّ

برازا عەزیزەکەم*

ڕووم کـردە بــەزمــی خــاسی بــرازا عــەزیـزەکـەم
ئــەمشەو بــەسەد تــەوازوع و ئـیـخـلاس و سەرکـزی
ڕوانـیـم لـە درزی قـاپـیـیـەوە، خـۆی و تـابـیـعـان
دانـیشتـبـوون دوو ڕیـزە لــە دەوری خـلـەکـەزی

دەتگوت تەمێ کرابوو بە مەخسووسی قاپییەوان
خۆی کرد بەنێرە تورك و وتی: (کیم بیلیر سزی؟)(١)
پێم وت: "منم فلانەکەسم، مامەشێخ ڕەزام
تانمزمیسن (خمیس أفندی) مگر بیزی؟"
ئەم سەددی بابە بۆ منە ئیزهاری کە بڕۆم
یان مەرحەمەت کە، حیزە لە سەرما گونم تەزی
ئەمجا بە کوردی هاتە تەکەللوم، وتی: بەڵێ
تۆ شێخی حیلەساز و قومارباز و کەردزی(٢)
وەختێ کە لەم موعامەلە زانیم غەرەز چییە
دەرحاڵ گەڕامە پاشەوە، ئەمما بە عاجزی

....

(١) بیلورسزی: (ش) بە تورکی کۆن.
(٢) بۆ شێخی حیلە بازو (م. ت). شێخە قومارباز‌ەکانی (أ. ك): بەستەکە بەمە کەچ دەبێ.
(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەددەس مورەففەل
(مستفعلن مستفعلن مستفعلاتن)
وەك: "عمری تبە کردم بە عشق و آرزویی
چون سرمە در چشمان کشیدم خاك کویی"
تەوازوع (ع. التَّواضع): تەوازوو، بێ هەوایی . ئیخلاس (ع. الإخلاص): دڵسۆزی. کیم بیلیر سزی (ت.): کێن؟ (تەرجەمەی وشە بەوشە: کێ دەتانناسێ؟). تانمزمیسن خمیَّس افندی مگر بیزی؟: مەگەر ناماننناسییەوە خومەییس ئەفەندی؟ سەددی باب (ع. سدُّ الباب): دەرکە پێوەدان. تەکللوم (ع. التَّکلُّم): ئاخاوتن.

(٦٢) یێ
ماینەکەی کوێخا عەلی*

کێ چوزانێ کووچەڵەی سمتی شکاوە یا ملی
وا لە حاڵی حەلوەلادا ماینەکەی کوێخا عەلی

چووم بزانم ماوه، یاخۆ مردووه وەختێ کە دیم
شادەماری سستە نابزوێ ڕەگی قاچ و قولی
دام بە سەر خۆمدا گوتم وا حەسرەتا بۆ ماینە کوێت
دەك بەمیراتم کەوێ دەسبەند و هەوسار و جلی
نەبز و قارووروەی ئەگەر سەدجا تەماشا کا حەکیم
دەردی نازانێ چییە تاکو نەکا بێنی سلی
گەر ئیمامی عەسکەری نوێژی لەسەر کا لایقە
چونکە موشتاقە بە وەسڵی ناڵەکانی چوار پەلی
کەسری ئەنفی دوشمنان و جەبری کەسری دۆستان(١)
هەر بمێنێ چاکە بەخوا شێخ ڕەزا و کێری زلی

---

(١) عونقی (م. ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: "شرط مردان نیست در دل عشق جانان داشتن

پس دل اندر بند وصل و بند هجران داشتن"

کووچەڵە: چاڵاو. حەلوەلا: پەلەقاژێ لەسەر تۆپین. وا حەسرەتا (ع.): حەیف، مخابن. دەسبەند: دەستەجڵەو. هەوسار: ڕێشمە. جل (ع. الجلّ): فەقێ بووم، ئەو میسالە لە کتێبە نەحوەکاندا، بە "الجلُّ للفرس" بۆ مانای موڵکییەت دانی "ل" کە حەرفی جەڕە، دەهێندرایەوە. زۆرم لا سەیر بوو، باسی (جل) و ماین، چما میسال قات بوو؟! ئەو جلە لەبەر سەرما بەسەر پشتی ئەسپ و مایندا دەدرێ. نەبز (ع. النَّبض): دڵ لێدان. قارەورە (ع. القارورة): شووشەی دەرمان، هەر دەفرێکی وەکو گۆزەڵە بچێ. حەکیم (ع. الحکیم): بژیشك، ئەو وشەیە مام هەژار دای هێناوە.. "بژیشکەکەی مام هەژار زۆر لە بارە: چونکە سەروکاری بە "ژین"ەوە هەس.. واتە ئەو کەسەی سەروکاری بەژینی مرۆوە هەیە. ئەحمەدی خانی لە مەم و زیندا واژەی "نۆشدار"ی بەکارهێناوە، پێم وایە، ئەوە زێتر ئەو مانایەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە واژەی "حەکیم" سەروکاری بە "نۆش"ی گیانەوە هەیە. ڕەنگە لەپێشدا ئەو واژەیە، زێتر سەروکاری بە

دەرمانسازییەوە بووبێ، بە فارسی: "نوشدار"ە. واتە دەرمانێك نۆشی گیان بێ، بێنی سل: بۆنی تەرس. ئیمامی عەسکەری: ئیمام حەسەنی عەسکەری (د.خ). کەسری ئەنف (ع. کسر الأنف): لووت شکاندن. لە لووت بەرزیی کەسێك شکاندن. جەبری کەسر (ع. جبر الکسر): شکست گرتنەوە، تێهێنانەوە.

(٦٣) یێ

بۆچی ئەترسم*

دەرحەقی بۆچی ئەترسم بەخودا تا ئەمرێ
چی لە دەس نایە، مەگەر بێ گونی ئەسپم بگرێ
لە خەبیسی نییە میسلی کە وەکو جەوهەری گوو[١]
مەگەسی پێوە بنیشێ وەکو سەگ پێی دەوەڕێ
پێی بڵێن بەو تەرەسە گەر لە عەلەیهیم بدوێ
بە فەویێ عەزلی ئەکەم، نابێ لەوێدا بتڕێ
پەدەری نێرەکەر و مادەری وەك ماچەخەرە[٢]
کێ دەڵێ ئادەمە، کەربابە، وەکو کەر دەزەڕێ
وەرە لادە لە شەڕی ئالەتی مەعهوودی ڕەزا
موقتەزای گرتنە تەبعی بەخودا پێت ئەگرێ

....

(١) دا: بە خەبیسی (ن).

(٢) ماچە کەرە (م. ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: "هەرگزم نقش تو از لوح دل و جان نرود

هرگزم از یاد من ان سرو خرامان نرود"

خەبیس (ع. الخبیث): پیس، گەمار. مێش: مەگەز. تەرەس: دەویت، جاکەش، گەوواد. عەلەیهی (ع. علیه): لە دژ. بدوێ: باخێوێ. ماچەخەر: ماکەر. ئالەتی مەعهوود: کاکە لاس. موقتەزا (ع. المقتضی): هۆکار، بەپێی.

(٦٤) یێ

خادیمی سەججادە*

خــــادمـــــی سەجـــادەه پـــێغــمــبـــری
کشتـــــی جـــود و سخــــارا لـــنـــگـــری
أغــنــیـــا خـــواهـــنـــد از انـــعـــام تـــو
سیـنـیـیێ شەکـراو، پـلاو دوو لـەنـگـەری
ئەو کەسەی خوانی لە بۆ دێ سوبح و شام
چـیـی لـە ئـێمـە زیـاتـرە غـەیـرەز کـەری

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: "یشنو از نی چون حکایەت می کند
وز جـــدائیـــها شکـــایت مـی کند"
خـادمـی سەجـادە: بنـەمـاڵـەیەکن، لە کەرکووك دادەنیشن. کەشتی جود و سخـارا لەنگری: ئەتۆ بۆ کەشتیی دەهەندەیی و سەخاوەت لەنگەری، ئەو قورساییەی کە کەشتیی پێ لە نێو دەریادا ڕادەگرن.. سوبح و شام: بەیانی و ئێوارە..

(٦٥) یێ

ئێستری زیندوو یا مردوو؟*

ئێستری زیندوو، بڵێم بۆم چاکە، یا مردووم دەوێ
ئـیـحـتـیـاجـم زۆرە خـانم، بـا بـڵـێم هـەردووم دەوێ
بێچووەکانم سەر لە سبحەینێ هەموو دەورم دەدەن
ئـەم ئـەڵـێ پـوولـم نـەمـاوە، ئـەو دەڵێ بێچووم دەوێ
بـا وجـوودی ئـەم هـەمـوو تـەکلیفـە گێژیـان کـردووم
کوڕ خەیاڵی ژن ئەکات و کچ دەڵێ من شووم ئەوێ

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″شرط مردان نیست در دل عشق جانان داشتن

پس دل اندر بند وصل و بند هجران داشتن″

بێچوو: پارەیەکی کەمی کۆن، لە هندستان (پێسە)ی پێ دەگوترێ. شوو: مێرد.

(٦٦) یێ

تەخمیسی قەسیدەیێکی غەزەلی

مستەفا بەگی کوردی*

دڵــی بــردم بــە نــاز و عــیشوە دیسان شۆخــی عــەیـیــارێ
فریبی دام بە سیحری چاوی خۆی مەحبووبی سەححارێ
لـە هـیـجـرانـا تـەقـم کـرد ئـەی ڕەفـیـقـان کوا مـەدەدکـارێ
(ئـەمـان مـردم عـیـلاجـێ، سا لـە ڕێی پـێغـەمـبـەرا چـارێ
ویسال، یا قەتڵ و یا تەسکین، لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ)
بـە دەوری نـێرگسی مـەستـی کـەسێ نـەیماوە مـەیلـی مـەی
لـە بـۆ شەهـدی لـەبـی لـەعـلـی دەنـاڵـێنـێ دڵـم وەك نـەی
لـە تـابـی ئـاتـەشی عـەشقـی بـکـەم داد و فـیـغـان تـا کـەی
(ئـەوەنـد سووتـاوم ئـەسڵا تـابـی فـەریـادم نـەمـا سا دەی
ڕەفـیـقـان نـیـوەسووتـن ئـێوە، نـامـەرد عـەرزە هـاوارێ)
لـە ڕێگـەی عـەشقـدا نـایـانـە پـێم زنجیـرە مـەجـنـوونـی
لـە دەستـم چـوو ڕومـووزی دانش و فـەهـمـی فـەلاتـوونـی
وەکـو شەخسێ کـە زاری کـا لـە جـەوری دوژمـنـی خـوێنـی
(لە کونجی سینە دەنگی ئای و ئۆیی دڵ دێ بە مەحزوونی
وێران بـێ نـەمـدی ساتـێ لـێی نـەیـێ نـاڵـەی بـریـنـدارێ)
کە چاوی ساحیری دەستی بە غەمزە و ناز و ئیما کرد
مـەتـاعـی عـەقڵ و هـۆش و دەرکـمـی تـاراج و یـەغـمـا کرد
کـەسێ نـەیگـوت درێغـا کـێ ئـەتـۆی وا شێت و شەیـدا کرد

(ئەلای هەرکەس دەچم مەنعم دەکا، خۆت بۆچی ڕسواکرد
دریّغ کوا حالّزانیّ ڕەببی تووشم بێنی بیماریّ)
گوتم وەك سورمەیە بۆ چاوی عاشق خاکەکەی ژێر پێت
لە ئولکەی حوسندا گەر لافی شاهی لیّ بدەی لێت دێت[1]
گوتی مەیخانە بیّ داییم بە یادی چاوی مەستم جێت
(سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من بپرسن لێت
بڵیّ کێشاویەتیە مەیخانە چاوی بێچووە عەییاریّ)
سەری جەنگی هەیە داییم لەگەڵ من چەرخی دونپەروەر
نە بەختم یار، نە چەرخم یاوەر و نە تالعم ڕەهبەر
ئەوەند بیّ ڕەحم و ساحیب کینەیە دەرحەق بە من دلبەر
(لە نەزعا پێی ئەڵێم، قوربان جەفا بەسیە، دەڵیّ، کافر
ئەریّ چیت دیگە تۆ سەگ مەرگ کارم ماوە پێت جاریّ)[2]
نەماوە ڕەونەقی بازاڕی عەقڵ و دانیش و وردی
بە پوولیّ نایکڕم لەم عەسرەدا عیلمی (ئەبی وەردی)
لە ئەشعاری ڕەزا پەیدایە ئاساری جەوانمەردی
(دوڕو یاقوت دەباریّ لەم کەلامی شیرنی ˝کوردی˝
خوا ساکوا لە دنیادا قەدرزانیّ، خەریداریّ)

---

(١) کەسرەیەکی موختەلەسە بخە ژێر (ن)ی (حوسن).

(٢) کەسرەیەکی موختەلەسە بخە ژێر (گ)ی (مەرگ).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).
وەك: ˝دلا یاری دگر جستی بدین کار از تو خوشنودم
تو از زاری بیاسودی من از خواری بیاسودم˝

شۆخ: جوانی ڕێکوپێك. عەییار: زیرەك، تەڕدەست. تەقم کرد: شەقم برد. مەدەدکار: فریاڕەس، یاریکار. سا لە زمانی کوردیدا بۆ ئامرازی هاوار، فریا، وەك ˝استغاثة˝ی عەرەبی وایە، یا وەك ئامرازی (ألا)ی ˝استفتاح˝ واسە.. وەك: ألا یا ایها الساقي.... شەهد:

هەنگوین. لەبی لەعل: لێوی لال. کینایەتە لە سووری. تاب (ف. تاب): تاو، تێن، توان. فەریاد: هاوار. نیوەسووت: نیوەسووتاو. واژەی سووت، لە شیعری نالیدا هاتووە:

سەهم و نەصیبی ئەصڵییە   بەحتی گیاهـ و گوڵ نییە
"تووتنە خەرجـــی سووتنە   مۆدنە مـاچی لەب دەکا"

مـەجـنـوونـی: شێتـی. ڕومـوز: ڕەمـز، نمـا، نـیشانـە. دانش: کـورد بـەمـانـا ژیـری و فەلسەفەی بەکاردێنن. فەهم (ع. الفهم): تێگەیشتن. فەلاتوونی: وەك ئەفلاتوون. مەحزوون: خەمناك. زاری کا: بگریێ. کونج: سووچ، قوژبن. نووسیاران (الإیمان)ی عەرەبی بەمانا بەچاو، یا هەر ئەندامێکی دیکەی لەش، جگە لە دەست، ئیشارەت کردن، بەکاردێنن. بەڵام کورد واژەی نما، نوێنی هەس.. تاراج: یاغمە، تالآن و بڕۆ. درێغا: مخابن، حەیف، درێغ. ئەم ئەلفەی درێغا، وەك گوتم بۆ هاوار و نودبەی عەرەبی، کورد دەکاری دەبەن. یا بۆ نزا، وەك: خدایا، حضرتا، سرورا، کە لە فارسیدا بەکار دێ، کورد لە شێوەی "خودایە"دا بەکاری دەبەن. سورمە: کل. ئۆلکە: واژەیەکی تورکییە، واتە: وڵات. لێت دێ: دەوەشێتەوە. نەزع (ع. النَّزع): گیانەڵا، سەرەمەرگ. ئـەبی وەردی: مـحـەمـەد کوڕی ئـەحـمـەدی ئـەبـیـوەردیی کـووفـنـی. کـووفـنـی یـەکـێ لـە گـونـدەکـانـی ئـەبـیـوەردە. یـاقـوتـی حـەمـەوی یـەژێ: ئـەبـولموزەفـەر، مـحـەمـەد کـوڕی ئەبولعەبباس، ئەحمەد کوڕی محەمەد، ئەبولعەبباس، ئەحمەد کوڕی ئیسحاق کوڕی ئەبولعەبباس، محەمەد ئەلئیمام کوڕی ئیسحاق، کوڕی حەسەن، ئەبولفیتیان، کوڕی ئیبن ئەبو مەرفووعە، مەنسووری کوڕی عوسمان کوڕی عوتبە کوڕی ئەبو سوفیان، سەخری کوڕی حەرب، کوڕی ئومەییە کوڕی عەبد شەمس، کوڕی عەبد مەناف. یاقوت دەڵێ ئەم زنجیرە ڕەچەڵەکەم لە دیرۆکی مەنووچەر کوڕی ئەسەرسیان کوڕی مـەنـووچـەر نـەقڵ کردووە و ئـەمـەش دمـەیـەکە لـەسەر کـتێبـی وەزیر ئـەبو شوجـاع نـووسراوە. کـاتـێ بـە بـاس و خـواسی ئـەبـیوەرد گـەیشتووە، گوتـوویـە: ئـەو خـەڵکی ئـەبـیـوەردە و سەرجـەڵـەی نـێوبـراو بـۆ وی ساغ نـەبـووەتـەوە و ئـەو لـە خـزمـەت مـوئـەیـیـەدولمولك کـوڕی نـیزامـولمولکدا دەژیـا و ئـەو سەروبـەندە بـووە کـە گـوندی کووفنیی نەخشە کێشاوە. کووفن (یا کوفن) گوندێکە لە نێوان نەسا و ئەبیوەرددا هەڵکەوتووە. کاتێ ئەبیوەردی نامەیەك بۆ خەلیفە دەنووسێ، بەسەردێڕی (الخادم المعاوی"... بڕوانە: لغتنامەی دهخدا، ل: ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧و٦٨ حەکایەتەکە دوور و درێژە...

چوارینەکان

(٦٧)*

شێخ سەعید سەرداره، شێخ مەعروف هەتا حەزکەی نەجیب
بۆ جەوانمەردی و شەجاعەت بەینی بەینەڵڵا نەقیب
گەر ڕەقیب نەبوایە کەی مابەینی ئێمە تێك دەچوو؟
کێر بەکوز داکی موفەتتین، گوو بەڕیش بابی ڕەقیب

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: ″آن که نقشی دیگرش جایی مصور مـی شود
نقش او در چشم ما هر روز خوشتر می شود″
موفەتتین: بشێونە، ئاژاوەگێڕ.

(٦٨)*

ئەهلی عیبرەت بێنەوە با سەیری ناسرشا بکەین
دوو لە دوو سی کەم شەهیی کرد و کشێکی ڕێ نەهات
هاتی وا، سەیری نەهاتی کەن کە صەد تیپ و سوپا
پاسەوانی بوو لە نێو بەستا پیادەی کرد و مات(١)

....

(١) ئەم چوارینەیە لە باسی (ناصر الدین شا)دا لە بەرگی دووەمی مێژووی ئەردەڵاندا ئایەتوڵڵای مەردۆخی بەناوی شێخ ڕەزاوە نووسیویە. میرزا ڕەزای کرمانی کوشتی. ئەم چوارینەیە لە چاپەکاندا نییە.
(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: ″یاد می داری که بـــا من جنگ در سر داتی
رای رای تست خواهی جنگ و خواهی آشتی″

ناسر شا: ناسیروددین شای قاجار. کوڕی محەمەد شای قاجار و چوارەمین پادشا لە زنجیرەی قاجارییە. لە شەوی شەشەمی مانگی سەفەر، ساڵی ١٢٤٧دا لە دایك بووە و لە ساڵی ١٢٦٣دا لە تەوریز جێی باوی گرتەوە. نزیکەی پەنجا ساڵ فەرمانڕەوایی کرد. لە ٦٦ ساڵیدا بەدەمانچە بەدەستی دەروێشێك بەناوی میرزا ڕەزا کرمانی لە ڕۆژی هەینیی ساڵی ١٣١٣ی ك. م.دا لە حەزرەتی عەبدولعەزیم، کوژرا. هەر لەم جێگایەدا نێژرا. لە سەرەتای سەروبەندی فەرمانڕەواییدا، بەیاریکاریی میرزا محەمەد تەقی خانی گەورە (أمیر کبیر) دەستی دایە زنجیرەیەك لە وەلات چاکردنەوەی هیمەکی و بنەڕەتانە. چەند سەفەرێکی بۆ وڵاتانی ڕۆژاوا کرد. بەهائییەکانی قڕکرد. شایەکی زۆر زاڵم بوو. دوو لە دوو سی کەم شەهیی کرد کشێکی ڕێ نەهات: واتە: پەنجا ساڵی فەرمانڕەوایی کرد و کەس کشی لێ نەکرد، بەرهەڵستیی نەکرد.. مەبەست لە "دوو لە دوو سی کەم" بەپێی ئەبجەد، "دو" کە جاران وەك فارسی بە یەك (و) دەنووسرا، دەکا ١٠ و لە دوو سی، کە ٦٠ە کەم کەیەوە، ٥٠ی دەمێنێتەوە، کە دەکا مەودای حوکمڕانیی ناسروددین شا. بەندە ئەم حیسابەم، لە پەراوێزێکی کتێبێکی قامووسچەی دەسخەتی ئەختەریی پەڕپووتی کۆندا بەم جۆرە دیتبوو: "دە لە دوو سی کەم"، بەڵام ئەمە فێڵی شاعیرانەی تێدا نییە، ئومێد کاکە ڕەش چاکی هەڵێناوە، ئافەرین! دیارە مەبەست لە "کش کردن" وەك زاراوەیەکی کایەی شەترەنج، شا بەگیرهێنانە و خواردنیەتی... ئومێد کاکە ڕەشی بەڕێز سووکە باسێکی میزا ڕەزا کرمانیی فەرمووە، حەز دەکەم، بۆ زێدە زانیاری ئەم نەقڵەی لغتنامەی دهخدا، عەرز کەم: میرزا ڕەزای کرمانی ناسیروددین شای لە ڕۆژی هەینیی ڕێکەوتی ١٧ی زیقەعیدە، ساڵی ١٣١٣، لە حەرەمی حەزرەتی عەبدولعەزیدا بە شەش گوللە کوشت. کرمانی کوڕی مەلا حوسەین و لە پەیرەوانی توندڕۆی سەید جەمالوددینی ئەفغانی بوو. بۆ خۆی خەڵکی کرمان بوو و لە تاران خەریکی شمەك بە دەستفرۆشی بوو. چەندین ساڵ بەتۆمەتی درۆ و دەلەسەی بەهائییەت بوونی، لە سیاچاڵاندا بەسەر برد.. ئەو دەنگ و باس و هۆیانەی کە بۆ کوشتنی ناسیروددینی دنە دا، بەدەم دادگایی کردنیەوە، بەهۆی خۆی و هاوپێوەندانیەوە کە هەمووی لە ژمارە نۆهەمی ڕۆژنامەی حەوتووانەی "صور اسرافیل"، ڕێکەوتی ٢٨ی (جماذی الاخرة)ی ١٣٢٥ەوە تا ژمارە ١٧ی ڕێکەوتی ٢٤ی شەووالی هەمان ساڵدا و بەشی لێپرسینەوەی خۆشی بەتەواوی لە مێژووی

″وریابوونەوەی ئێران″، نووسینی بەهەشتی میرزا کازمی کرمانی و تەرجەمەی ئینگلیزیی وی لەو کتێبەدا کە بەسەردێری ″انقلاب ایران″ نووسینی ئەدوارد براونەوە نامێیە ڕوون کراونەوە و لە چاپ دراون. پاش هاتنە سەر تەختی پادشاییی ناسیروددین شا بە دوو مانگ و چەند ڕۆژێك، میرزایان لە سبەینێی پێنج شەمەی دووەمی مانگی ڕبیعول ئەووەلی ساڵی ١٣١٤، لە مەیدانی مەشقی تاراندا لە سێدارە دا و دوو سێ ڕۆژێکیش هەر بەسێدارەوە مایەوە و خەڵك لە هەموولاڕا بۆ سەیرکردنی دەهاتن و لە ژێر چاودێریی قەرەوڵاندا، لە دوایی یەکەوە تواشایان دەکرد. پرسە و چلەیان بۆ نەگێڕا. شەوی چلە و ساڵ وەرگەڕانی لە لایەن حاجی شێخ هادی نەجم ئابادی و دوو سێ کەسەوە، بەنهێنی بۆ گێڕدرا. میرزا، کوڕێکی بەنێوی تەقییەوە هەبوو، لە پاش مەرگی باوی، لە دووکانی نانەوایەکاندا نانی تەفتوونیی شاتریی دەکرد.. خەڵك دەستە دەستە دەهاتن، بەنێوی کوڕی بکوژی شاهی شەهید بەیەکدییان نیشان دەدا. تەفتوون: جۆرە ئەستورکێکی ئێرانییانە، لە کەربەلا و نەجەف و کازمییە، ئێستاش هەر ماوە. مەسەلەی کورد بوونی میرزا ڕەزای کرمانی، بەندە بەش بەحاڵی خۆم لە سەرچاوە فارسییەکاندا چاوم پێ نەکەوتووە. کتێبێکم، لە ئەبوو سۆران، کوردی خزمی ئەمیر نیزام گەڕووسی و کتێب فرۆشی بەغدا وەچەنگ کەوت، نزیکی یەکێ لە پەیڕەوانی بەهائەڵڵا کتێبێکی بە ئینگلیسیی نووسیوە و کراوە بەفارسی، ناوەکەیم باش لە بیر نەماوە، لەو کتێبەدا میرزای کرمانی بەفارس لە قەڵەم دراوە. ئەو تاکە شیعرەش کە کاك ئومێدی بەڕێز، ئەباڵی داوە، جێی گومانە.. ئەم جۆرە شیعرە، بۆ زۆر کەس گوتراوە. بەعەرەبی، بەتورکی هەیە.. تەنانەت زۆر مانای لەم جۆرە بابەتەشم، لە هێندێ سەرچاوەدا لەمەڕ کەسانی نامێ بەرچاو کەوتوون. ئێرە جێی نییە باسیان بکەم.. مەبەست لە دوو بەیتەکەی ئەم پارچە شیعرە ئەوەیە، کە شا دەگەڵ ئەو هەموو هێزی خۆ پاراستنیدا نەیتوانی خۆی لە چەنگاڵی دوژمنانی بپارێزێ.. دیارە هەموو دیکتاتۆرێك سەرەنجامی هەر ئەمەیە.. دیارە کە جنێو بە حەمەی وەستا فەتاح بدا، جنێو بەژنی شێخ عەلیی برای دەدا.. کاك ئومێد کاکە ڕەشیش دیاردیی بۆ ئەمە فەرمووە.

(٦٩)*

گوو بە ڕیشی تەنكی عەوڕەحمان بەگی قائیممقام
ئەو كە بەینێك بێ زیان بوو، بازیان مەغرووری كرد
تاڵەبانی بوو، كە سفرەونان و خوانێكی هەبوو
دای بە سەریا هەروەكو خەپلەی قنكی خاپووری كرد

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: "هر زمان زین سبز گلشن رخت بیرون می برم
عالمی از عالم فكرت به كف می آورم"
وشەی "عەبدوڕەحمان" دەبێ بە "عەوڕەحمان" بنووسرێ، دەنا بەیتەكە كەچ دەبێ...
بڕوانە ل: ٢٥٤، ئومێد كاكە ڕەش.

(٧٠)*

شێخ عەلی خوێت و منت ئاوارە كرد و دەربەدەر
چاكە هەجوێكت بكەم، ئەمما موفید و موختەسەر
بۆ حەمەی وەستا فەتاح ئێمەت هەموو ئاوارە كرد
ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایكت بەكێری نێرەكەر

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: "شرط مردان نیست در دل عشق جانان داشتن
پس دل اندر بند وصل و بند هجران داشتن"
لە بارەی ئەم شیعرەوە، كاك عەلیی حسێن بەگی جاف، ئەم نەقڵەی بۆ گێڕامەوە: ئەگەر ئەم چوارینەیە سەرپێییانە بخوێنینەوە، تووشی سەرسوڕمانێك دەبین، شێخ ڕەزا دەیەوێت هەجوی شێخ عەلیی برای بكا، كەچی جێنو بە حەمەی وەستا فەتاحی فەقیر دەدا! بەڵام لە نەریت و ئوسووڵی شێخایەتی و دەروێشیدا، هەموو دەروێشێك

بەژنی شێخ دەڵێ "دایە"، واتە: هەموویان ژنی شێخ بەدایکی خۆیان دەزانن. جا لەبەر ئەوەی حەمەی وەستا فەتاح دەرویشی شێخ عەلیی برای شێخ ڕەزا بووە، واتە ژنی شێخ عەلی دایکیەتی.

(٧١)*

قــوزی گــازێ ئــەگــەزێ کــێر وەکــو گــاز
بەری عەرسەی پانە وەك دەشتی حیجاز(١)
قیتکەیێکی هەیە وەك گردی دماوەند، ئەعلا
پڕ لە هێلانە کەو و قشقرەو و کۆتر و باز

(١) عەرەسەی پان وەکوو دەشتی حیجاز: (م .م). پیرۆز ژنی جەمیل سیدقی زەهاوییە. دیوان.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەخبوون مەقسوور.
(فعلاتن فعلاتن فعلان) بۆ دوو بەیتی یەکەم.
وەك: "با منت کینه و با جمله صفا است
این همه از طالع شوریده ما است"
دوو بەیتەکەی دواییان، کێشەکەی بەم جۆرەیە: ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەقسوور
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان).
وەك: "من نگویم کە مرا از قفس آزاد کنید
قفسم برده بە باغی و دلم شاد کنید"

گازێ: بە قەسەی ئومێد کاکە ڕەش، ژنێکی چاکەکار و خاوەن دیوەخانی سلێمانی بووە و گەرماوێکی بەنێوی خۆیەوە لە سلێمانی هەبووە. ئافرەتێکی یەکجار باڵا بەرز و جوان و پان و پۆڕ و شۆخ و شەنگ و سوور و سپیی چاوشین و موو کاڵ بووە. لە سۆنگەی وەی کە کوڕەکەی خاتوو گازێ یاریدەی شاعیرانی سلێمانیی لە دژی شێخ ڕەزا داوە، ئەویش ئەمەی بەسەر دایکیدا هەڵداوە. کوڕەکەی یەکێ لە نیشتمانپەروەران و ساماندار و کارچاکی سلێمانی بووە و لە سلێمانی و لە شۆڕشی شەشی ئەیلوولدا هاوبەش بووە و زیندان کراوە. بەڵام وا مەشهوورە، شێخ ڕەزا ئەم شیعرەی بەسەر پیرۆزی دایکی جەمیل سیدقی زەهاویدا هەڵداوە.. ئەگەر ئەم فەرمایشتەی کاك ئومێد

بەڵگەی هەبێ، کارێکی چاکی کردووە... تەشبیهی خەمشەی گازێ، یا پیرۆز. بەدەشتی حیجاز، هەرچەندە بێ ئەدەبییەکی تێدایە، موبالەغەیەکی سەیری تێدایە! دەبێ مەبەست لەم هەراوی و پان و پۆڕییە، ئەوەبێ کە ئەم ژنە دڵاوا و خانمە چاکە، هێندەی گان داوە، تا شتەکەی وەکو دەشتی حیجازی لێ بەسەر هاتووە. قەت باوەڕ ناکەم شێخ ڕەزا، قسەی وا بەخانمێکی وا پڕ و پوختە و «چاکەکار» بێژێ.. زێتر، هەر پیرۆزخانمی مەبەست بووە واللّه أعلم بالصَّواب.. دماوەند: «دنباوند»، دم (تەم ومژ، هەڵم) + اوند= وند، هەڵمدار بەتەم و مژ و بوخار و دووکەڵ. دیارە ئەوەش بەهۆی ئاورپژێنەوە.. کێوی دماوەند، چیایەکە لەزنجیرە چیایەکانی ئەلبورز و کەوتووەتە باکوری خاوەری تارانەوە و ترۆپکی بڵندترینی سەرلەبەری دوند و ترۆپکەکانی ئێرانە و ٥٦٧١ مەتر بەرزایەکەیەتی. کێوی دماوەند سەر بەچوارەم سەردەمی زەوین شناسییە و لە داوێنەکانیدا ئاوی گەرمی مەرتاڵ (مەعدەن)ی هەس. ئاوی گەرمی لاریجان لە هەموویان نامێترە. ئەم تەشبیهەش هەر لە جۆری موبالەغەکەی پیشەوەس.

(٧٢)*

شێخ ڕەزام و بە فەساحەت لە جیهاندا مەشهوور
پسەری پیری نەزەرکردەیی قوتبی لاهوور(١)
شیعری من وەهبییە، کەسبی نییە، هۆشیارەوە بە
خۆت لە من لادە لە سۆراخی قنگت بەم مەخموور

....

(١) تاڵەبانی و نەزەر کەردەیی پیری لاهوور (نسخە).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)

وەك: «دوش وقت سحر از غصَّە نجاتم دادند

واندر ان ظلمت شب آب حیاتم دادند»

نەزەر کەردە: بەر تەوەججوهـ کەوتوو. قوتبی لاهوور: شێخ ئەحمەدی هیندی. وەهبی: (ع. الوهبی):

زگماك، هەر لە خۆڕا، کەسبی نییە، هەر لە خۆڕسکراپە.. سۆراخ کون. «سلحفات» بەعارەبی کراوی «سراخپای»یە.. واتە نێو دەست کون کون..

(۷۳)*

رەشە رەششاشی کـــەری رەش بـــە رەشت
تـــا رەشت مـــاوە رەش و سوور بـــە رەشت
چـڵ و چـێوی چـەمـی رەشنـەش بـە رەشت
بە لەشت، هەم بە بەشت، هەم بە رەشت

....

(۱) مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانی لە دەفتەرەکەی مامۆستا خاڵدا نووسیویە: ئەم چوارینەیە لە لاپەڕە ۲۰ی دیوانی سالمدا سەروژێر نووسراوە و نیسبەت دراوەتە پاڵ شێخ رەزا. واتە بەم جۆرەی سەرەوە نووسراوە. بەڵام لای مامۆستای خاڵ بەم جۆرەی خوارێ نووسراوە:

رەشە رەششاشی کـــەری رەش بـــە رەشت
تـــا رەشت مـــاوە رەش و سوور بـــە رەشت
چـڵ و چـێوی چـەمـی رەشنـەش بـە رەشت
بە بەشت، هەم بە لەشت، هەم بە رەشت

ئەم چوارینەیە و چوارینەکەی دوای ئەمەش لە چاپەکانی پێشوودا نین. سەرواکان رێك نین. دەبێ پێش بە «رەشت» چوار جار دووبارە بووەتەوە، بەنموونە وشەی (هەش، بەش و هتد سێ جاران دووبارە بێتەوە...

(۲) (کش مەلا ئەحمەدی دەکە).

(*) کێش: بەحری رەمەل موسەددەس مەخبوون مەحزوون.

(فعلاتن فعلاتن فعلن).

وەك: «بی رخت چون بە چمن راه کنم
سوی گـــل بنـــگرم و آه کـــنم»

ئەم چوارینەیە، هەر وەك کاك کاکە رەش فەرموویە، دەبێ قافیەکانی هەروا بۆ نموونـە سەرلـەبـەر: رەش، هـەش، رەشنـەش، هـەش، بـن... لـە جـیـاتـیـی "رەششاش" "مەششاك"یش هەیە، بەڵام زۆری لێ گەڕام، نە لە لغتنامەی دهخدا، نە فەرهەنگی مـعین، نـە مـونجیدی عـەرەبی، هـیـچ سەرەودەرێکم لـێ دەرنـەکرد.. دوور نـیـیـە "رەششاش"ەکە بێ...

(٧٤)*

مـزەی ئـەوەنـدە نـەبـوو ئـاشەکـانـی جـێشانـەت
بـبـێ بـە قـووتـی شەوێکت ڕیـامـە جـێ شانـەت
بـەبـێ سەبـەب لـە سلـێمـانـی شاربـەدەر نـەکرای
نەکەوتە دەستی عەدووت مەکتەبە و کتێبخانەت

....

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبون ئەصلەم
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلاتن فع لن).
وەك: "بەخاك پای عزیزت كه عهد نشكستم
ز من بریدی و با هیچ كس نپیوستم"
ئەم چوارینەیە لە بەیازێکی بێ ناوەوەم وەگیر کەوتووە، کاك ئومێد کاکە ڕەشیش دیاردیی بۆ کردووە.. و گۆیا فڕی لە شێخ ئەحمەد ناوێك هاوێشتووە. وەك کاکە ڕەش دەفەرموێ، لە سلێمانی خێوی کتێبخانە بووە... مزە، مز: کرێ، ئەوهەندە گەنم و جۆیەی کە ئاشەوان لە باری ئاشی لە بری مزی وەردەگرێ.. لە بیرمە، لە سیییەکاندا کە لە کەوەڵەی شێخ عەبدوڵڵای سەید عومەری خانەقا بووم، زۆر جار باراشم بۆ ئاشەکانی خوار کەوەڵە دەبرد، زڕکوڕێکی ئەمینە فەندیی خەڵکی کەوەڵە ئاشێکی هەبوو، زۆرتر هەر بۆ وێندەرێم دەبرد، نێویم باش لە بیر نەماوە، زڕبرای عومەری پیاوی ماڵی شێخ عەبدوڵڵا بوو، عومەر و سابیر و عوسمان و شوکور لە شەمەی بنەماڵەی قالە جادر بوو، بەڕەچەڵەك وا بزانم عارەب بوون، دەستی چاوەشیشیان هەبوو، خوشکە زازایەکم شووی بە عوسمانی قادر جادر کرد... زۆر جارم باراش بۆ ئاشەکەی لەیلان و ئاشەکانی چەمی ڕۆخانەش بردووە. جێشانە: گوندێکە لە ناوچەی سەرچنار. جێ شانەت: ڕیشی مەبەستە.. دیارە "جێشانەت" و "جێ شانە"ت، دەگەڵ یەکەیدا هاو ئاهەنگی سەربەسەر و تەواون.

(٧٥)*

بۆم دەنێرێ نیسك و نۆك و سووتەنی و خاکە و خەڵووز
لازمـە بـۆ گـۆڕی حـاجـی هـەر بـخـوێنـم قـول ئـەعـووز

حـاتـەمـیش ڕاستت دەویٚ نـاگـاتـە حـاجـی بـۆ سەخـا
مـاهـی ئـەنـوەر کـەی دەبـێتـە نـەبـیـری عـالـەم فـرووز

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك "آن کـــە نقشـــی دیگرش جایی مصور مـــی شود
نقش او چـــشم مــــا هر روز خوشتر مـــی شود"
خەڵوون: زووخاڵ، ڕەژوو، ڕەژی. قول ئەعووز: "قُلْ أعوذ بربِّ النَّاس و قُلْ أعوذ بربِّ الـفـلـق.." دوو ئـایـەتـی قـورئـانـی پـیـرۆزن. بـۆ خـۆ لـە شەڕی شەیـتـان پـاراستن دەخوێندرێن.. حاتەم: نێوی عارەبێکی بە دلاوایی و سەخاوەت نامیٚ. نەبیر: ئەستێرە، خۆر. عالەم فرووز: جیهان هەڵگیرسێن، جیهان ڕوونکەرەوە.

(٧٦)*
هـەروەکو ئـەشکم بـەڕەنگی سووری خویٚ خوێنینە کوز
داستـانـی شاهـنـامـەی خـوسرەو و شیـریـنـە کـوز
ئـیـنشیـقـاقـی هـەروەکـو کـاڵـەك لـەبـەر شیـریـنـە کـوز
هـەر کـەسیٚ نـەیـچـەشتبیٚ نـازانیٚ چـەند شیریـنـە کوز

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: "باغبان گر پنج روزی صحـبت گل بـاید
بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش"
ئەشك: فرمێسك، ڕۆندك. سوور: سوور، سوێر. ئینشیقاق (ع. الإنشقاق): شەقبوون، شکان. "سوور" و "سوێر" بەیتەکەی نالیم بەبیر دێتنێتەوە کە دەفەرمویٚ:
"هەر جۆگەو و جۆیباریٚ کەوا سوور و سوێر بیٚ
جـیٚ جـۆششی گـریـانـی مـنـە خـویٚ نـەڕژاوە"
کە "خویٚ نەڕژاوە" یا "خوێنەڕژاوە" بۆ سوێریی خوێش و سووریی خوێنیش دەست دەدا.

(٧٧)*

شۆخـێ بـەئـیـنـابـەت چـووە لای زوهـد فـرۆش
بـۆ ئـەخـزی تـەریـقـەت بـەدڵـی پـڕ لـە خـرۆش
خۆش هـاتـە جەواب و وتی حەقتە وەلێ من(١)
ساڵـێکـە فـرۆشتـوومـە ئـیـمـانم بـە قـرۆش

....

(١) خۆش هـاتـە جەواب و وتی تۆ هەقتە وەلێ من (دیوان).

(*) کێش: بەحری هـەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف ئەهتەم.

(مفعول مفاعیل مفاعیل فعول).

وەك: ″ ای فیض بیا که عزم میخانه کنیم

پیمان شکنیم و می بەپیمانه کنیم″

ئینابەت (ع. الإنابة): لە جیاتی، لەبری. زوهد (ع. الزُّهد): لە دنیا دەسبەرداری.

قرۆش: پووڵ.

(٧٨) سین*

کـەسێ بـێـبـێ حـەیـاو و شەرم و نـامـووس
ئـەبـەد نـاکـا ڕەفـیـقـیـی تـاقـمـی لـووس
ئـەگـەر سەد ساڵ بـدەی ڕەنـج و نـەیـانـگـێی
قسەی وات پـێ دەڵـێن خـاریـج لـە قـامووس(١)

....

(١) قسەی وات پێ ئەڵێ هیچ نەیگرێ قاموس: (م)، قسەی وات پێ ئەڵێن نەیگرێ قاموس: (ت)، قسەی واتە پێ دەڵێن قاමووس: (م. م).

(*) کێش: بەحری هـەزەج موسەددەس مەحزووف

(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)

وەك: ″ز بـاغ عافیـت بـوی نـدارم

که دل گم گشت ودلبویی ندارم″

(٧٩)*

ئەگەر بەرزنجەیی غەدریش بکەن هەر نەیسە ساداتن(١)
خدر ئاغای ڕەباتی داکی خۆگیٚ ئێوە بۆ هاتن
خەزوورەی شێخ حەمید ئاغای ڕەباتی کۆنە قەڵتاغ شڕ
لە ئەسڵ و مەعدەنا ئەجدادی ئێوە دۆم و خەڕڕاتن

....

(١) ئەگەر بەرزنجە غەدرێکیش بکەن هەر نەیسە ساداتن. (ن).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.

وەك: ″ واز هر در که که باز آیی بدین خوبی و زیبایی

دری باشد که از رحمت به روی خلق بگشایی″

بەرزەنجە زێدی ساداتی بەرەی شێخ عیسا و شێخ مووسا. نەیسە: قسەیەکی تورکییە، واتە: هەر چییەك بێ. قەڵتاغ؛ ئەو چەرمە ڕەقەی کە بە زیندا دەگیرێ. دۆم: تیرەیەکی بەکلاش دروستکردن نامێن، جۆرێکن لە قەرەچیی گەڕۆك: خەڕڕات. (ع. الخراط): قەرەچی و کەسانێك کە لە دار تەشی و کەوچك و کاسە و کەویڵ و تیرۆك و پنە خرت دەکەن، لە خرتی دەدەن، لێك و لووسی دەکەن. وشەی ″ المخروط″ بەعەرەبی ڕوونە. لێچوواندنی، باو و باپیرانی خدر ئاغای ڕەباتی بە دۆم و خەڕات بۆ تەوهینە.

(٨٠)*

گەرچی فەقیر و موفلیسە شێخ مامە ساڵحم
نەمدی کەسێ وەکو ئەو ساحیبی کەرەم
میوانی بووم، نان و کەرەیی نایە بەردەمم
ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کەرەم

....

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون مەقسوور مەحزووف

(مستفعلن مستفعلن مستفعلن فعل).

ئەم کێشەش هەر لەو کێشانەیە کە لە شیعری فارسیدام نەدیتەوە.. موداهەنە:

مانایەکەی بەڕواڵەت، دووڕوویی دێ بەڵام مەبەستی چەورییە. باشە کەرەی بێ چەوری هەیە؟ ڕەنگە تۆراخی بۆ دانابێ.

(٨١)*

یا ڕەسولەڵڵا، دەزانی تۆ کە (شەیتان)ە عەدووت(١)
هەم لە تۆ مەعلوومە، خۆ من، ئوممەتی تۆم هەر چی هەم
کەی ڕەوایە، سەروەرا بۆ تۆ کە (خەیرولئەنبیا)ی
دوشمنی خۆت شاد بکەی و، ئوممەتیشت دڵ بە غەم

(١) بڕوانە ئومێد کاکە ڕەش، ل ٢٥٨ .

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صبحت گل بایدش
بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″

سەروەرا: ئەم (ا)ی سەروەرا، بۆ بانگێشتن و نیدایە، بەکوردی وەك لە وشەی ″خودایە″دا دەبینی (ـە، ە) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ، وەك کیژێ فاتێ خەجێ...″ خەیرولئەنبیا″ چاترینی پێغەمبەران.

(٨٢)*

با بکەم هەجوی حیماری ڕەگی جەرگی ببڕم
هەروەکو جاوی نەشۆراو کوزی دایکی بدڕم
شەهوەتم هاتووەتە جونبوش وەکو دەریایی عومان
لازمە ماچەکەری میسلی حیماری بکرم

(*) کێش: ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن).
وەك: ″ هر کە در کوی خرابات مرا بار دهد
بە کمال و کرمش جان من اقرار دهد″

حیماری: هەمزە حیماری، شاعیر بووە.. چاو: شاڵی لە داوەڵووکە، جانگ. جونبوش: هەرەکەت و بزووت. میسلی (ع. المثل): وەکو ماچەکەر: ماکەر. بۆ ئێستریش دەگوترێ.

(٨٣)*

موتەلەووین و میزاجی گووناگوون(١)
موتەسەڕڕیف کێ دیویە بۆقلەموون
موتەسەڕڕیف جگارەکەی لە دەما
دێ و دەچێ وەك مریشكی چیللە بەقوون

(١) موتلەوین میزاجی گوناگون: (ن)، متلون مزاجی گوناگون: (م)، متصرف كە دیدە بوقلەموون: (ت)، متصرف کێ دیویە بۆقلەموون: (م).
(*) کێش: بەحری خەفیف موسەددەس مەقسوور.
(فعلاتن مفاعلن فعلان).
وەك: ″ نە خود اندر جهان نظیر تو نیست
کە قمـــر چون رخ منیر تو نیست″
موتەلەووین: زۆر ڕوو، بێبار. گووناوگوون: جووناوجوون، هەر جارە بەڕەنگێ .
موتەسەڕڕیف: پارێزگار.
بۆقلەموون: قەلەموون. وشەیەکی بەعەرەبیکراوی یۆنانییە، بۆیەی وا پێ گوتراوە؛ چونکە پەڕی هەر جارە بە زۆر ڕەنگان دەگۆڕێ. کە دیدە: کێ دیوە.

(٨٤)*

جەنگ گاهی جوکل و مەحموود بەگ شیروانە بوو(١)
ئافەرین مەحموود بەگ لەم جەنگەدا شێر وا نەبوو
وەختێ قاسید هات و لێم پرسی، چلۆن بوو ئەم شەڕە؟
وردە وردە بۆی بەیان کردم کەچی شێر وا نە بوو

(١) جێگە جەنگی (ن).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: " یاد می داری کە با من جنگ در سر داشتی

را رای تست خواهی جنگ و خواهی آشتی"

کاك عەلی حسێن بەگی جاف دەڵێ: لە بەیتی یەکەمدا " شێروانە بوو" واتە شێریش وا ئازا نەبوو، واتە لە شێر ئازاترە. لە بەیتی دووهەمدا کە دەڵێ " شیرِ وا نەبوو" من ئەویش هەر بە" شێر وا نەبوو» ئەزانم و ئەمەش جوانترە؛ چونکە شێخ ڕەزا بۆ کێش و قافیە دانەماوە. ئەگەر مەبەستی " شیرِ" بوایە ئەبوایە بەجۆرێك دای بڕشتایە، بیوتایە کەچی "شیرِ" شێر وا نەبوو نییە، ئەگینا هە شیرِی رووت بێ، شیری دوای گونجاو نییە و ئەو ئاشکراییەی تیادا بەدی ناکرێ.. چونکە ئەگەر شێخ ڕەزا مەبەستی "شیرِ" بوایە، ئەوەی پێشووی لەگەڵدا نەئەگونجان، چونکە وەکو وتمان بۆ قافییە دانەماوە. بەندە دەڵێم: شێروانەی یەکەم واتە: قەڵای شیروانە، بەدەلیلی جەنگگاه. شێروانە دەبێتە خەبەری جەنگگاه. خەبەریش بەمەنتیق دەبێ حەملی مەحموولی ئەباڵ مەوزووع ڕاست بێ. ناگوترێ جەنگ گاه شێر بوو، ئازابوو.. چونکە مەوزووع غەیرە عاقیل و مەحموول سیفەتێکە بۆ عاقیل دەگوترێ. شێر وا نەبووی دووەم، واتە شێریش لە ئازایەتیدا بەو جۆرە نەبوو. شێر وانەبوو: واتە شێر نەبوو؛ چونکە کە وردە وردە بۆی بەیان دەکا، واتە باسی ئازایەتی و پاڵەوانیەتیی خۆی دەکا درۆ دەکا (دیارە بەلای شێخ ڕەزاوە)... ئەگەر مانای شیعرەکە بەم جۆرە لێك نەدرێتەوە شێخ ڕەزای بلیمەت هیچی نەکردووە و قسەیەکە زۆر سارد و سڕە.

(٨٥)*

تف لە ئاب و هەوایی قەلعەدزە(١)

کە سەگیشی لە عومری خۆی وەڕزە

ملی ئەهلی لەبەر لەڕی و چرچی

هەروەکو کێری پیری پشت لە کوزە

....

(١) تف لە ئاب و هەوایی قەڵادزە: (م . م).

(*) کێش: بەحری خەفیف مەخبوون مەحزووف.

(فعلاتن مفاعلن فعلن).
وەك: ″آه ازين زندگی ناخوش من
وز دل و خاگر مشوّش من″
قەلعەدزە: قەڵادزێ. دز، بەفارسی دژ، بەکوردی قەڵایە، قەڵاش لە″ کەرك″، کەرخ″ ەوە هاتووە. دزدار: قەڵادار. تەنانەت ″ ڕەواندز″یش، ڕەنگە هەر ″ ڕەوەند دز″ بێ.

(٨٦)*

نابەکاری وەکو ئەم جووتە لەعینە لێرە
نەبووە قەت ئەمە موددێکی مەدید و دێرە
ئەو بە تڕ گوێز ئەشکێنێت و ئەمیش قنگ ئەدڕێ
هەردوو عاسین لەخودا، کێری من و ئەم کوێرە

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم.
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن).
وەك: ″ گرسر صحبت اين بی سر و پايت باشد
بر سـر و چشم من دلشده جايت باشد″
بەدکار: خراپکار. مودد: موددەت. مەدید: درێژ. دێر: کۆن.

(٨٧)*

تۆ کە خۆت مەیلی جنێوبازی دەکەی شێخ سالْح
بۆ دەکەی سەرزەنشی مـن کە ڕەزا هەجاوە؟
غایەتی بەندە جنێوم بەدوو سێ کەس داوە
تۆ هەتا ئێستە بەقوربان، بە هەزارت داوە

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل مەخبوون ئەصلەم.
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن).
وەك: ″صـنما مردەء آنـم کە تو جانـم باشی
می دهم جان کە مگر جان جهانم باشی″

هـەجـجـارو: هـەجـجـاء، فـڕئـاوێت، داشۆر. شاعـیر "ء" (هـەجـجـاء)ی لـەبـەر قـافـیـەی شیعرەکە بە "و" کردووە. بە هەزارت داوە: دیارە دوو مانا دەگەیەنێ یەکەمیان جنێوت بەهەزار داوە، دووەمیان: گانت بەهەزار داوە.

(٨٨)*

جەوهەری مەحزە لە هەردوو لاوە وەك تیغی دەبان
داك کچی پاشای ڕەواندز، باب کوڕی پاشای بەبان
شێخ ڕەزاش هەجوی بکا باز ئیعتیباری بۆ نییە
چاك خراپ نابێ بەشیعری شاعیرێکی قەڵتەبان

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەقسوور.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان).
وەك:" من ز گوش او بدزدم حلقەای دیگر نهان
تا نداند چـــشم دشمـن وربداند گو بدان"
مەحز: پەتی. قەڵتەبان: جاکەش، دەوێت، گەوواد.

(٨٩)*

بە ڕەمز قسەم پێ دەڵێ بەگی جافان(١)
بزن قنگی نەخورێ چی دەوێ لە نانی شوان
بەکێری گەورە بەرم، لە مەقعەدت تا بن
ئەگەر قووەت بدەیتە خۆت تڕت دەبێت دووان

(١) بڕوانە ئومێد کاکە ڕەش، ل ٢٥٦.
(*) کێش: بەحری موجتەس مەخبوون مەقسوور.
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلان).
وەك" دو چشم اگر بگشادی بە آفتاب وصال
بر آ بە چرخ حقائق دگر مگو ز خیال"

(٩٠)*

حەمەی وەستا فەتاح سەد بارەکەڵڵا لەم سەر و ڕیشە
کە گویدرێژێ بەتەنیا چۆن ئەبا ئەم بارە قامیشە
لە سەد باتمان خوری زیاتر نەبێ کەمتر نییە وەزنی
سەرت چۆنی هەڵئەگرێ من سەرم سوڕماوە لەم ئیشە(١)

---

(١) هەڵئەگرێ بە (هەڵەگرێ) بخوێنەوە.

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).

وەك:" اگر آن ترك شیرازی بدست آرد دل مارا

بخال هندویش بخشم سمرقند و بخارارا"

بارەکەڵڵا (ع. بارك اللّه): خوا فەڕ و پیتی تێ ئێخی.

(٩١)*

شێخ ڕەزا پیر بووە ڕووی مەجلیسی یارانی نییە
تاقەتی کەشمەکەش و گەردشی شارانی نییە
دەس بە گۆچان دەگەڕێ، ئێستە لەبەر زەعفی وجوود
مەترەقە سەر زلەکەی قووەتی جارانی نییە

(*) کیش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن).

وەك:" بە خرابات برد از در این خانە مرا

کە دگر یاد شراب آمد و پیمانە مرا"

کەشمەکەش: کێشمەکێش، بگرەوبەردە. گەردش: گەڕان.

(٩٢)*

شێخ موستەفا لە زومرەی ئەولادی مورتەزایە
هەرکەس کە خەسمی ئەو بێ دەیگێم، لەلام غەزایە
حاجی ڕەسووڵی زادە مەفعوولی شێخ ڕەزایە
ڕەزا بەناڕەزایی وەك ماری بێ ڕەزایە

....

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موخەللەع.
(مستفعلن فعولن مستفعلن فعولن).
وەك: ″ای کامکار سلطان انصاف تو به کیهان
مسعود شهریاری خورشید تاجداری″
زومره (ع. الزمرة): دەستە. مورتەزا: حەزرەتی عەلی (د.خ) خەسم (ع. الخصم): دژمن، نەیار. غەزا (ع. الغزو: شەڕی موسڵمانان دەگەڵ کافران. مەفعوول (ع. المفعول): کراو. بەڵام شێخ ڕەزا: (مفعول به) مەبەستە... دوو مانای هەس: یەکەمیان ئەوەیە شتێك کاری فیعلێکی لە فیعلی تێپەڕ (المتعدی) ڕا وەبەر کەوتبێ و بە ئیستیلاح ″بەرکار″ە. دووەم: بە قوونیەوە کرابێ... بە ناڕەزایی و هتد... واتە: ئەگەر بەگان ڕازیی نەکا وەك ماری بێ ئیجازە، بەڵایە...

(٩٣)*

تۆیچ لێمان بووگی بەشاعیر ئەی حەرامزادەی سنە(١)
بۆچە شانێ ناخەفێنی، مەسرەفی چەس ئەو تنە
عیززەت ئاهەنگی لە کوێ بوو ئەی کوڕی وەستا شەفێ
وردە ئاهەنگێ کە فەرمووت ها وەلای وەستاژنە(٢)

....

(١)تویش لە من: (ت) تویچ لێمان: (م).
(٢) هاوەلای وەستا ژنەوە کوردیترە.
(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: آن كە نقــش دیــگرش جایــی مصــور باشد

نقش او در چشم ما هر روز خوبتر می شود"

تۆیچ: تۆش... بووگی: بوویبت. تن: قنگ.

(٩٤)*

پیر کە کۆکی و نەتڕی دوورە لە مردن هێشتا

وردە ئاهـەنگی دوای کۆکە نیشانەی ئەجەلە

پیر کە کۆکی وو تڕی دەنگی وەکو بارەزەلە

شاهیدی موعتەبەرم عیززەتی مەئمووری تەلە

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن).

وەك: "گر مرا خار زند آن گل خندان بکشم

ور لبش جور کند از بن دندان بکشم"

وردە ئاهـەنگ: وردە تڕ بە تەشبیهـ... زەل: ئەوەی تەرکەی چیغی لێ دروست دەکرێ.

(٩٥)*

گـەرچـی ڕیشم چـەرمگ و دنـدانـەکـانـیشم کـەلـە(١)

کـێرەکـەی مـردوومـراوم ئـێستـەکـەش هـەروا بـەلـە

من سەدی وەك تۆم لە جێ گاوە کەچی ئێستا ئەتۆ

پـیـر و ئـیـفـتـادە (ڕەزا)یـە کـێرەکـەی بـۆ چـی شلـە

---

(١) د. کەمال فوئاد.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: " شرط مردان نیست در دل عشق جانان داشتن

علـمی عالــم فکــرت بــە کــف مــی آورم"

چەرمگ: سپی، مردوومراو: مردوو لێمراو. ئەمە مەجازێکی نەقڵییە، بە ئیعتیبار (باعتبار ما سیکون)ی شتێك بە نێوی شتێکی کە لە داهاتوودا ئەو نێوەی لێ دەنرێ، گوتن. وەك لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ "إني أراني اعصر خمراً" واتە "اعصر عنباً سیصیر مآلاً إلى الخمر".
بەل: ڕەب. کورد یەژێ: تەڕیەکەیت و بەلیە کەیت و وەخۆتیا ئەکەیت؟ " کەوچك. بەلۆکەش لەبەر بەلپی وای پێ گوتریاگە..

(٩٦)*

ئــەو مــریشك و کــەڵــەشێرە کــە وتم بــیــنــێرە
دووی لــە ڕێ مــرد و یــەکــێکــی بــە نــەخــۆشی لــێرە
شەو هەموو دەس بە دوعا بووین لە وەختی سەحەردا
کــەڵــەشێر ئــەمــری خــودای کــرد و وتم وای شێرە

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ.
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن).
وەك: " او نازنــین عیــب نباشد که کـــفد ناز ای دل
او همی سوزدت از عشق و تو می ساز ای دل"

(٩٧)*

هــەرکــەسێ نــاوی مــەلا عــەزیــزە
دایــیم بــن گــونــی هــەر گــیزەگــیزە(١)
بــەخــۆی گــەوواد و ژنــەکــەی حــیزە
خــواردنــی گــووە و شەربــەتــی مــیزە

....

(١) داییم لەبن گونی: (ت)، داییم بن گونی: (م . م).
(*) کێش: بەحری.
(مستفعلاتن مستفعلاتن).

وەك: ″زاهد چە سازم با چشم و ابرو
آن ناوك افكن اين سخت بازو″

(٩٨)*

ڕقی هەڵسا سنەیی دێ لە سلێمانی دەدا
ئافەرین ئەهلی سنە ئەو ڕقەتان هەر لە كنە
ئەهلی ئێمە لە سەفەر دەچنە ئەوێ حوكمە دەگێن
بە دوو پارە و قەرەپووڵێ ژنی كامیان تڕنە(١)

....

(١) لە دیواند نییە.
(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن).
وەك: ″ بە خرابات برید از در این خانە مرا
كە دگر یاد شراب آمد و پیمانە مرا″
لە سلێمانی دەدا: دوو مانای هەس، یەكێكیان لێدان، دووەمیان قووندان. (ڕقەتان)یش دوو مانای هەیە: یەكەمیان بەمانای ڕك و كینە، دووەمیان بەمانای (ڕەق)، واتە: كێر. (لەكن)یش هەر دوو مانای هەس، یەكەمیان ″ لە كن، لەلا″، دووەمیان ″ لە كون، لە قنگ″. دیارە ئەمە لە نووسینی كۆندا كە بە (ڕقەتان، لە كن) دەنووسرا، بە هەردوو جۆرەكەیان دەخوێندرایەوە.

(٩٩)*

حاجی عەبدوڵڵا لە ئادەم فیلترە(١)
باوجوودی مەرتەبەی پێغەمبەری
ئەم بە سەد شەیتان لە كۆیێ دەرنەچوو
ئەو بە شەیتانێ لە جەننەت دەرپەڕی

....

(١) حاجی كاكەولا: (م.م).
(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: ″ بشنو از نی چون حكایت می كند
وز جدائیـــــها شكـایت مـــی كند″

(١٠٠)*

زوبدەی مەتاعی حیكمەتە ئەم شیعری كوردییە
هـەرزانـە بێ موبالـەغـە حـەرفی بـە گـەوهـەرێ
جـامـەی حـەیـاتـی عـارییـەتـی كورتـە، زینـهـار
ئـالـوودە دامـەنـی مـەكـە بـۆ پـێـچـی مـێـزەرێ

(*) كێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون مەجبووب.
(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فعل).
نموونەم دەست نەكەوت.

(١٠١)*

وەعـدی مـن و تـۆ ئـەی ڕەمـەزان ڕۆژی جـەزا بـێ(١)
شەرعـی مـن و تـۆ لـە حـوزوور بـاری خـودا بـێ(٢)
ئـەم لالـەڕوخـانـە هـەمـوو ڕەنگ زەردی دەسی تـۆن(٣)
كـێ دیـویـەتـی شەقـایـق یـەرەقـانـی بـە سەرا بـێ

---

(١) دەڵێن ئەم چوارینەیە هی زێوەرە (م . م). وەعدی: (ك . ر).
(٢) دیوانی من و....: (دیوان).
(٣) سادەڕوخانە: دیوان.
(٤) كێ دیویەتی لالە...: (دیوان).
(*) كێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەكفووف مەحزووف.
(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن).
وەك: ″ آن كە خدای از قلـم لطـف نگــارد
شاید كە بر او زخمت مشاطە نیارد″

شێخ ڕەزا ئەم چوارینەیەی لەسەر سفرە و خوانی ماڵی مەحموود پاشای جاف لە مانگی ڕەمەزاندا فەرمووە. بڕوانە: ئومێد کاکەڕەش. ل: ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١.
ڕۆژی جـەزا (ع. الجزاء): ڕۆژی حـەشر و نـەشر و لـێپـرسینـەوە و مـەردم و سزای شایستەی خۆی تێدا بەرەوڕوو دەبێتەوەو چاکەکار بۆ بەهەشت و خراپەکار بۆ دۆزەخ و نـاری سەقـەر. حـوزوور (ع. الحضور): بـەرەوڕوو، نـەپـێوار. بـاری (ع. البـاری): ئەفراندکار، گوورێن، ڕسکێن. شەقائق (ع. الشقائق): گیایەکی یەك ساڵە، بەبڵندیی ٣٠ تا ٦٠سم، لە تیرەی خاشخاش، کە بەزۆری لە مەزرایاندا دەڕوێن. گوڵەکەی تاقانە و گەورە و جوانە و ڕەنگی سوور و دوو چاڵوێنە (کاسە) پەڕی هەس کە وەك خاشخاش زوو دەوەرن. چوار پەڕە گوڵی هەس بڕۆ پەرچەمی زۆرن و لە بنەوە پەڕەکانی پنتی ڕەش ڕەشیان پێوە هەس. بۆ چارەسەر نەخۆشی بەکار دەبرێن. جۆری بەژەکی پەخشان، بێستانی. ئەرمەنستانی هەیە. شەقائقی نوعمانیشی پێ دەگوترێ.

(١٠٢)*

یـابـا لـە گـەڵـمـان وا بـە غـەرەز بـێ
هـەمین نـانـەوا و خـەجـێ ئـاشپەز بـێ
ئـــەبـــێ شێخ ڕەزا لـــە بـــرسا بمرێ
لەگەڵ شێخ عەلی هەر بە دەغەز بێ(١)

....

(١) کاکە ڕەش.
(*) کێش: بەحری ڕەجەز مورەببەع مورەففەل.
(مستفعلاتن مستفعلاتن).
وەك" زاهد چە سازم با چشم و ابرو
آن ناوك افكن این سخت بازو"

(١٠٣)*

چـوومـە خـزمـەت یـاری مـومـتـازم، وتـی لاچـۆ دزی
پێم نیشان دا ئەسڵی مەقسەد، نایە بەر دەستم کوزی

چـەنـدە هــاوارم لـە کـێرم کـرد نـەکـەی فـیـلـە نـەکـەی
گوێی نەدامێ، خۆی هەوا دا کەوتە ناو قەعری کوزی

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فعلاتن فاعلن).
وەك" هر زمان زین سبز گلشن رخت بیرون می برم
عالمـــی از عـــالم فـکـرت به کـف می آورم"
قەعر: ناوەند. ئومێد کاکەڕەش دەڵێ ئەم پارچە هەڵبەستەم لە ساڵی سییەکانەوە لە مامۆستا مەلا فەتحوللای پاوەیی کە زۆر دۆستی شێخ ڕەزا و شوکری فەزلی بووە، وەرگرتووە. ئـەویش ئـەم هـەڵـبـەسـتـەی بـە وەڵامـەکـەیـەوە لـە زاری خـۆی شوکری وەرگرتووە. پارچە هەڵبەستەکە ئەمەیە:
"هەروەکو ماکەر فشی کرد و لە ژێرما قەوقەویچ – ئافەرین بۆ دایکی شوکری و چاوی وەك کارمامزی"
ئەمەش وەڵامەکی شوکرییە:

"خـۆت لـە گـوڵـچین گـێڵ نـەکـەیت و کـاتـی ئـاشکـاری دزی
هــەروەکـو دۆڵـکـەی تـەکـێی لـێ هـاتـووە دۆڵـکـەی قـوزی
مـێرمـنـاڵـی بـەرتـەکـێ ئـەو بـاڵـقـی کـردوون هـەمـوو
بــارەهــا کــێرم لــە قــوزیــا و بــۆ قـنـگـیشی هـەڵـخـزی
ئەهلی کەرکووك، کەس نەما لێی تێرنەبێ، ئەی کۆنە حیز
عــەیب و عــارت زۆرە، دایــنــاپــۆشێ ئـەشعــاری گـزی.
(دیوانی شێخ ڕەزا، ئومێد کاکەڕەش، ل: ۲۰۲، ۲۰۳).

(١٠٤)*

کــە تــەشریــفــی هـــات (ئـــەمین فـــەیـزی) بــە مـیـوانــی(١)
لـە عـوهـدەی شوکری دەرنـاچـم، مـەگـەر خـۆم کـەم بـەقـوربـانی
بە (خاتەم)کەی (سلێمانی)ی دەکرد وەك من (ئەمین) کەی بوو؟
(نـگین)ی مـن (ئـەمین)یشە لـە سای (فـەیـزی)ی (سلـێمـانـی)

....

(١) (بەیازی عەلییەفەندی).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).

وەك: " اگر آن ترك شیرازی بدست آرد دل مارا

بخال هندویش بخشم سمرقند و بخارارا

بەیتی دووەم ئومێد کاکەڕەش لە کەشکۆڵی محەمەد ئەسوەد و کەشکۆڵی مفتیی وەرگرتووە.

نگین (ف. ك. نگین): نقیم، گەوهەر و بەردی بەقیمەت کە دەکرێ بەنقێمی گوستیلك. سەدان بەیت بۆ تەشبیهی پەسندرای (مەمدووح) بە نگین، بەفارسی و تورکی گوتراون:

"گر انگشت سلیمانی نباشد

چەخاصییت دهد نقش نگینی"

(حافظ)

"سلیمان را نگین بود و و ترا دین

سکندر داشت آئینة تو آیین"

(نظامی)

نگین بەزۆر مانای دیکە هاتووە: زومرووت و پیرۆزە و هتد... کە دە کاری گەوهەر چەقێنیدا دە کار دەبرێ. بەمانای گوستیلکی سلێمان پێغەمبەر، بەمانای فەرمانڕەوایی و دەسەلات بەخشین و هتدە... خاتەم (ع. الخاتم): گوستیلك دوا ئاڵقەی زنجیرەی پەیامبەران. مەبەست گوستیلکی سلێمان پێغەمبەرە.

(١٠٥)*

بۆ شوورشێ ئەستۆم دەخورێ، شەڕ دەفرۆشێ(١)

با بێتەوە مەیدانی مەساف، گەر هەیە مەردێ

من داکی هەزاری وەکو تۆم گاوە بە فەردێ

نەتبیستووە، زەربولمەسەلە (سەد قەل و بەردێ)(٢)

(١) (د. کەمال فوئاد). ئەم بەیتە دراوەتە پاڵ مەلا مارفی مەستی.
(٢) ئەم بەیتە وەڵامی شێخ رەزایە: بڕوانە ئومێد کاکەڕەش ل: ٢٧٢.
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.
(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن).
وەك: ″آن را که خدای از قلم لطــف نگارد
شاید که بر او زحمت مشاطه نیارد″
فەرد: تاك، تاکە شیعرێکی دە لاشیپانەیی، تاکە کەوشێ. قەل و بەرد: دەست تەنگیی کەسێ کە بۆ پارە خەرجکردن دەستی بلەرزێ...

(١٠٦)*

وتم ئـەی شۆخـی پـەری چـیـهرە ئـەمـەت پێوە دەچێ؟
وتــی یــارایــی جــەوابم نــیــیــە خــۆت ئــەیــزانــی
وتم هەر تێت ئەخەم و لێت ئەبڕم، هەرچی بڵێی[1]
وتــی هــەر ئــەزیــەتــی گــیـانم مـەدە، خـۆت ئـەیـزانـی

(١) کوردی کەرکووك لە جیاتیی تێت ئەبڕم (لێت ئەبڕم)یش دەڵێن. تێت ئەخەم و لێت ئەبڕم.
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن).
وەك: ″گر دست دهد خاك کف پای نگارم
بر لوح بــصر خــط غباری بنگارم″
پەری چیهرە: ڕوخسار وەك ڕوخساری پەری.

(١٠٧)*

لـە خـەو هـەستـام خـورابـوو گـوێزەبـانـە
هــەڵــی دا ئــاگـری جـووعـم زەبـانـە
دەهــات دەنـگـی تـرم هـەروەك تـەرانـە
سەحەر گاهان کە مەخمووری شەبانە

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف.
(مفاعیلن مفاعیلن فعولن).
وەك: ″ نبایستی هم أول مهر بستن
چو در ل داشتی پیمان شکستن″
تەرانە: گۆرانی. شەبان: شەوپاسەوان. گوێزە بانە: تەوەقەترانە، گوێز: گوز″ ە، بەمانا ترە عوبەیدی زاکانی، کە ئەویش هەر لە گوێن شێخ ڕەزایە دەڵێ ″ مزگفت – ئەستەغفیروڵڵا – گوزگاه مسافران؟

(۱۰۸)*

دەوری وەسمان بەگ لە کۆیە ژن نەما نەی گێن بەبە
نیسبەتی کۆیە لەگەڵ من نیسبەتی ئیبن و ئەبە[۱]
ئەلغەرەز سووزانی وو زانی لە کۆیی چاترە

(۱) ئین و ئەبە: (ر).
(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش
بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″
ئیبن و ئەب: کوڕ و باو، واتە: هەموویان لەون. کونی : قووندەر.

(۱۰۹)*

هیجا مەزموومە، توخوا لێم گەڕێن با تۆبە نەشکێنم
(ولا تلقوا بایدیکم) غەرەز بۆ دەفعی ئیهلاکە
مەعاشی مانگی (کانون) و (شباط)م تا بەکەی نادا
کە ئازاری ڕەزا عەینی سمووم تەحسیلی تریاکە[۱]

(۱) کۆواری ڕەنگین، ژ: ۱۰۰، ۱۰۱.

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).
وەك: " بە می سجّادە رنگین کن گرت پیر مغان گوید
که سالك بی خبـر نبـود ز راه و رسم مـنزلها"
مادەر (ف. مادر): دایك. گێتی: جیهان.
مەزمووم (ع. المذموم): فڕێكرای، ناشیرن، خراپ. " ولا تلقوا بایدیکم" ئایەتێکە لە قورئانی پیرۆز کە دەفەرموێ: " وانفقوا في سبیل اللّه ولا تلقوا بایدیکم إلی التهلکة". ئازار: مانگی ئازار، یا ئێش. عەین (ع. العین): هەر ئەو، هەر هەمان. سمووم: ژەهری هەلاهیل. تەحسیلی تریاکە واتە: هەروەك تریاك دەرمانی ژەهرە، مووچەی مانگی ئازار، تریاکی ژەهری بێ پووڵیی ڕەزایە.

(١١٠)*

ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستە نەزاوی[١]
زاتێکی وەکو فەیزی ئەفەندیی زەهاوی
مومکین نییە ئیراکی حەقائیق بە تەواوی
مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

---

(١) ئەم چوارینەیە لە دیوانە چاپەکەی دواییدا هەردوو دێڕی بەجیا لە شوێنێکدا نووسراوە.
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)
وەك: " آن را که خـدای از قلم لطـف نگارد
شاید که بر او زحمت مشّاطه نیارد"

تاکە شیعر

(١١١)*

مـــاری ڕەشە خــنــکــاوە لــە گـێژاوی خــەلادا
کـێرمـە لـە قـنگی کـاکـە حـەمـەی حـاجی مـەلادا

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن).
وەك: " اندوه تــو شد وارد کاشــەنەام امشب
مهمان عزیزی مده در خانەام امشب"
خەلا. قوون.

(١١٢)*

لـــە بـــۆ مـــەغـــبـــووری و لـــێڵـــی دو سێ تـــێلآم لـــە زێ وەردا
وەکو شەخسێ کە چەند کێری لە سەرچەشمەی قوزێ وەردا[١]

....

(١) بڕوانە ئومێد کاکە ڕەش ل: ٢٥٦.
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).
وەك: " بە می سجادە رنگین کن گرت پیر مغان گوید
کە سالك بی خبر نبـود ز راەو رســم منزلها"
مەغبووری: تۆز و خۆڵاوی. لێڵ: لەیڵ، شلوێ، سەرچەشمە: سەرچاوە.

(١١٣)*

ئـەحـمـەقـم نـەمـکـرد هـەتـا ڕیشم نـەبـوو گـانێ بدەم
مستەفا بەگ چاکی کرد تا ڕیشی هات هەر گانی دا

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ گر دلم در عشق تو دیوانه شد، عیبش مکن

بدر بی نقصان و زر بی عیب و گل بی خار نیست″

(١١٤)*

یەهوودی بەچچەیێکم گرت و لێم برد و تیا خووسا

کە تێم نا چاوی نووسا بانگی کرد یا حەزرەتی مووسا(١)

(١) خەڵك بە زاری شێخ ڕەزاوە، بۆ لەتافەت بە (حەزرەتی مووشا)یان دەخوێندەوە (م . م).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).

وەك: ″ ألا یا ایُّها السّاقی أدر كأساً وناولها

متی ما تلق من تهوی دع الدُّنیا وأهملها″

(١١٥)*

هەر لە دەنگی کەڕەنا و شەیپووری جەنگیزخان ئەکا

وردە ئاهەنگی پیاوی پیر کە وەختێ گان ئەکا

(*) کێش: بەحری ڕەمەل مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ زلف سر مستش چو در مجلس پریشانی کند

جان اگر جان در نیاندازد گرانجانی کند″

شەیپوور: زوڕنای لەشکر.

(١١٦)*

عومرم گەیشتە هەشتا کێرم بەکارە هێشتا

تەسدیقی گەر نەفەرمووی هەستم بەرم بە ڕەشتا(٢)

....

(١) گەییە: (م). گەیی بە(س). تەسدیقی ئەگەر ئەفەرمووی (کاکە ڕەش).

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن موخەللەع.

(مستفعلن فعولن مستفعلن فعولن).

وەك: " ای کامکار سلطان انصاف تو بە کیهان

مسعــود شهریــاری خورشید تاجداری"

ڕەش: قوون. وەك ئومێد کاکە ڕەش دەڵێ شێخ ڕەزا ئەم تاکە بەیتەی لە وەڵامی (حەمادی)دا گوتووە، کە ئەم تاکەیە:

"دانەی دەمت نەماوە و لە گەف ناکەوی هێشتا

پیرە کــەری چەنەباز، ئەڵێم بکەم بـــە لەشتا"

(١١٧)*

مەیلی ئەشعارم هەیە، تیغی زبانم موو دەکا

هەرکەسێ جارێ کە بیگێم پڕ بەشارێ گوو دەکا

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك:" باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش

بر جفای خار هجران صبر بلبل باشدش"

موو دەکا: ئەوەندە تیژە موو دەبڕێ. ئومێد کاکەڕەش دەڵێ: شوکری فەزلی وەڵامی ئەم تاکە بەیتەی شێخ ڕەزای بەم چوارینەیە داوەتەوە:

" ئەو جمیلەی تێی ئەبردی و لات جەمیل و لێی ڕەزا

(شوکری) شوکرت بۆ نەکرد، گوڵچین لە باخڵیا خزا

عەیبە هێندە سپڵە بی، تۆ زاهیرەن شێخ و مەلای

شاپڵیتەی کێری من چەند جار بە دەر قوونا چزا"

(١١٨)*

کـافـی کـلك و کـافـی کـوون و کـافـی کـەر تێکـەڵ کرا
ئیسم و ناو و شۆرەتی کەرکووکی لێ تێکەڵ کرا(١)

---

(١) کەشکۆلی (ح . ق). مەبەست: هەولێرە.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صحت گل بایدش
بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″

(١١٩)*

دانەی دەمت نەماوە و لە گەف ناکەوی هێشتا
پیرەکەری چەنە باز ئەڵێم بکەم بە لەشتا(١)

حەمادی ئەم تاکەی زیاد کردووە.

(*) کێش: بەحری عەریز (هەڵگێڕاوەی تەویلە).

(مفاعلن فعلون مفاعلن فعولن).

وەك: ″ بیا بیاو باز آ بە صلح سوی خانە
مرو مرو پیشم کتف چنین مجنبان″

گەف: هەڕەشە.

(١٢٠)*

(کووپە) هەیئەت، ڕوو (قەرە)، (سینەك) سفەت (دینار) پەرست
(ئەسکەمل) مل، مەشرەب (ئوغلان) کاری (پاپاز)ی دەکا(١)

---

(١) بڕوانە ئومێد کاکەڕەش ل: ٢٥٧.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن سالم.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش

بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″

شێخ ڕەزا نێوی برێ کاغەزی یاریی قوماری لەم تاکەدا کۆکردووەتەوە.

(١٢١)*

پێم مەڵێن ئەم دوو ژنەت بۆچییە تۆ شێخ ڕەزا(١)

شوکری بۆ تەسك و تروسکی وو جەمیل بۆ زگ و زا

....

(١) دوو ژنەت بۆچییە تۆ (أ . ك). (جەمیلە) کاکە ڕەش.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك: ″گر مرا خار رند آن گل خندان بکشم

ور لبش جور کند از بن دندان بکشم″

(١٢٢)*

کێ دیویەتی شێخ عەلی! ماڵی خەزوور بۆ زاوا(١)

تۆ لە کوێ تەکیە لە کوێ بزنەگەڕی مەزناوا

....

(١) کێ دیویەتی ئەی شێخ عەلی.. کاکە ڕەش.

(*) کێش: بەحری بەسیت موسەممەن سالم.

(مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن).

وەك: ″ز عشق آن بی وفا افتادەام در بلا

هرگز نگوید مرا برخیز و یکدم بیا″

ئەم تاکە بەیتە لای کاکەڕەشیش و لە زۆر جێگەی دیکەمدا بە ″کێ دیویەتی ئەی شێخ عەلی ماڵی خەزوور بۆ زاوا دیوە، بەڵام ئەمانە هیچیان دەگەڵ ئەم کێشەدا ڕێك ناکەون... ڕاستییەکەی ئەمەیە: ″و″ کێ دیویەتی شێخ عەلی ماڵی خەزوور بۆ زاوا″.

(١٢٣)*

سێ ئیسم هەن بێ موسەمما هەروەکو ئابی بەقا

تەیری عەنقا، شاری جابولْقا، پڵاوی خانەقا

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: " یاد می داری که با من جنگ در سر داشتی

رای رای تست خواهی جنگ و خواهی آشتی"

ئابی بەقا: ئاوی حەیات، دەڵێن هەر کێ بیخواتەوە نامرێ.. گۆیا حەزرەتی (خدر) وە نسیوی بووگە.. ئەسکەندەری زولقەرنەینیش (ئەسکەندەری مەکەدۆنی) لە دووی گەڕاوە.. عەنقا: سیمرخ. نێوی هەیە و نێوەڕۆکی نییە. جابولْقا: پێشینان گوتوویانە: شارێکە بەرابەر شاری " جابولْسا"، یەکەمیان لە ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوین و دووەمیان لە ڕۆژاوای گۆی زەوین هەڵکەوتوون.. زانایان تا ئەوڕۆش لەبارەی بنیچە و بنواشەی ئەم دوو شارەوە بەئاکامێکی بنەبڕ نەگەیشتوون. سوورەوەردی، لە "حکمة الإشراق"دا " جابلق" و "جابرص" و " هورقلیا"ی لە ئیقلیمی هەشتەمدا جێ داونێ. هەرچی شارەزوورییە، لە شەرحی " حکمة الإشراق"دا هەرسێکیان بەناوی شارەکانی جیهانی "نموونە" دەزانێ و دەڵێ: جابلق و جابرص دوو دنیان لە جیهانی سریشتەکانی نموونە و "هورقلیا" لە جیهانی گەردوونەکانی نموونەیە.. عاریف و سۆفییانیش، هێندێ وتەیان لەم بارەیەوە هەس و خولاسە باسەکە دوور و درێژە... خانەقا: بەعەرەبیکراوی "خانگا"یە. بەهێورگای دەروێش و خوداناسان دەگوترێ. وەجهی شەبەهـ لە نێوان ئەم سێ شوێنەدا نەبوونە..

(١٢٤)*

دەمـــاری مــردووە کـێرم لـــە مـــاری مــردوو ئـــەکـــا

لە ساق و ساعیدی میهتەر نەسیمی جادوو ئەکا[١]

....

(١) نەسیم(ت).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن مەخرووم مەقبووز (ئەم کێشەم لە فارسیی لەباودا بەرچاو نەکەوت).
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن فاعلن).
میهتەر: مەیتەر، سایس.

(١٢٥)*

داخیلی فەوجە لەسەر قنگ کێر بەگون دەعوا دەکا[١]
نـانـی کـون مـاسی دەخـوات و پـاسی جـرتـاوا دەکـا

---

(١) زمانزەدی (کونە ماسی)یە، بەڵام بۆ وەزنی شیعرەکە (کون ماسی گوتووە).
(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: " آن کە نقشی دیگرش جایی مصـــور می شود
نقش او در چشم ما هر روز خوشتر می شود"
کـون مـاسی و جـرتـاوا: نـێوی دوو گـونـدن لـە شاربـاژێڕ. نـێوەکـە بـۆ خـۆی "کـونـە ماسی"یە، بەڵام بۆ کێشی شیعرەکە دەبێ بە "کون ماسی" بنووسرێ..

(١٢٦)*

چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا
بووەتە حەشری نێرەکەر لەم حوجرەدا

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: " بشنو از نی چون حکایت می کند
وز جدایـــها شکایت مـــی کنــــد"

(١٢٧)*

شێخ ستار ئێمەی بەزاند وا بۆ مەلای گون سەنگەلا(١)
دینی پێغەمبەر بەئاشکار خۆشە یا من یا مەلا

....

(١) بەزاندوا: واکە قورسە.... (م. م).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: " یاد می داری کە با من جنگ در سر داشتی
رای رای تست خواهی جنگو خواهی آشتی"

سەنگەلا: تایەکی سووك و تایەکی گران..

(١٢٨)*

کەلیماتی حیکمەت ئامێز لە جەنابی شێخ ڕەزاوە(١)
بە عەجایبی مەزانن کلکی تیایا ڕزاوە(٢)

....

(١) کەلامی (ت، م)، کەلیماتی: (م. م).

(٢) (ل) (کلك) کەسرەیەکی مەختەلەسەی دەوێ.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون.

(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلاتن).

وەك: " ملکا ذکر تو گویم کە تو پاکی و خدایی
نروم جز بە همان رە کە توام راهنمایی"

(١٢٩)*

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانی سیمینت
هەزار مارتین بەقوربانی تفەنگی لوولە چەرمینت

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).

وەك: ″ دلا یار دگر جوستی بدین کار از تو خوشنودم

تو از زاری بیاســودی من از خواری بیاسودم″

قـەڵـغـان (ت. قـالـقـان): تورس، مـەرتـاڵ. سیمین: زیوین. مـارتین: نێوی بـازرگـانـیی جـۆرێ تفـەنگ کە لـە سەروبـەندی قـاجـاردا، لـە ئێران بـاو بـوو. تفـەنگی مـارتـینـی. بەکوردی لە گەرمیان ″ماتلی″یان پێ دەگوت. تفەنگێکی زۆر خوێڕیلە بوو. لوولە چەرمین: کینایەتە لە کوز..

(١٣٠)*

ئەسپەکەت دەرکرد لە دەستم وای درێغ بۆ ئەسپەکوێت(١)

سنگـەکـەی مـاوە کـەریـم خـان پـێم بـڵـێ بـیکـوتمە کـوێت

---

(١) وا درێغ (دیوان).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ هر زمان زین سبز گلشن رخت بیرون می برم

عالمـی از عـــالم فکـــرت به کـــف می آورم″

وای درێغ: حەیف، مخابن، ئەفسووس. سنگ: گوڵمێخ، مێخسکە.

(١٣١)*

کێر ئەگەر مەیلی کونی کرد، سەرەکەی بگرە لە مشت

هــمــە جــا خــانــەء عشق است چ مسجـد چــە کـنشت

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەقسوور.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان).

وەك: ″ دارم از زلــف سیاهش گله چنــدان که مپرس

که چنان زو شده‌ام بی سر و سامان که مپرس″

مشت: مست. لە کوردیدا، هێندێ کاو ″س″ دەبێ بە ″ش″ و بە پێچەوانەوەش، وەك: بڕست

"برشت"، ئاش "ئاس" (ئاسیاو) و هتد... همه جا خانهء عشق است چه مسجد چه کنشت: هەموو شوێنێ جێی ئاشقێنییە، چ لە مزگەوت، چ لە کەنیسە.. تۆبە و ئەستەغفار.

(۱۳۲)*

خورووی نامرێ بە شیشی من تلّیشی ناوگەڵی داکت(۱)
بڵێم چی صەد هەزار لەعنەت لە خۆت و شیری ناپاکت

....

(۱) خووری نامرێ بەکێری من تلّیشن ناوگەڵی داکت (ئومێد کاکە ڕەش).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).

وەك: " تو از هر در که باز آیی بدین خوبیّ و زیبایی

دری باشد که از رحمت به روی خلق بگشایی"

خوروو: خورشت. شیش: کینایەتە لە کێر. تلّیش: کینایەتە لە کوز.

(۱۳۳)*

گەرچی میرانی خدر بەگ موددەتێ قورعەی نەدا
پار لە خۆشناو قورعەیان کێشا و گەلێکیان پێوەکرد(۱)

....

(۱) گەرچی میرامی خدر بەگ موددەتێك قورعەی ئەدا

پار لە خۆشناو قورعەیان کێشا و کلێکیان پێوە کرد

جاران وشەی (گەڵێکیان و کلێگان) وەك یەکتر دەنووسران؛ لەبەر هەندێ، وشەکە هەرتکان هەڵدەگرێ.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: " باغبان گر چند روزی صحبت گل بایدش

بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش"

گەلێکیان پێوە کرد: من ئەم وتەیەم بە " کلێکیان پێوەکرد" یش بیستووە، کە بەمانای " بزێکیان پێوە کرد"ە..

(١٣٤)*

حەیدەری کەڕڕاڕە یاخۆ خالیدی ئیبنی وەلید
ڕۆستەمێکە ڕۆژی دەعوا بەینی بەینەڵڵا حەمید

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: ″ یاد می داری کە بـا من جنگ در سر داشتی
رای رای تست خواهی جنگ و خواهی آشتی″
حەیدەری کەڕڕاڕ: حەزرەتی ئیمامی عەلی (د.خ). حەیدەر، بە مانای شێرە. کەڕڕاڕیش، بەمانای لە شەڕدا دووبارە و چەند بارە هەڵمەت بۆ سەر دژمن بردنە.. ″ مکرّ مفرّ مقبلٍ مدبرٍ معاً – کجلمود صخرٍ حطَّه السیَّل من علٍ″ حەمید: شێخ حەمیدی تاڵەبانیی گل.

(١٣٥)*

وەختێ ناجی ڕووت کرا وەك شێری نەڕ جەنگی دەکرد
گاهـ گاهێکیش لە ترسان وردە ئاهەنگی دەکرد

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فعلن).
وەك: ″ یاد می داری کە با من جنگدر سر داشتی
رای رای تست خواهی جنگ و خواهی آشتی″
وردە ئاهەنگی دەکرد: دەتڕی.

(١٣٦)*

قوربانی پەلی بم کە پولی هەمپەلی پەل کرد
خۆی و سەگەکەی هەردوو بەجارێ شەق و شەل کرد[1]

---

(١) دەڵێن ئەم فەردە هی مەلا عەبدوڵڵای جەلییە (م . م).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.

(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن).

وەك: ″ دردی کە مرا هست بە مرهم نفروشم

ور عافیتش صرفە دهی هم نفروشم″

هەمپەل: نێوی دوختورێکی فەلەیە.

(١٣٧)*

ئەم قنگە زلە حیزە کە موسەمما بە ڕەشیدە

بیگرە لە ڕەشی نێ لە ڕەشی بە لە ڕەشی دە(١)

---

(١) د. کەمال فواد.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون.

(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلاتن).

وەك: ″ همە کس را تن و اندام و جمال است و جوانی

وین هـمـە لـطف ندارد تو مـگر سرو روانی″

(١٣٨)*

چایەکەی مامە غەفوورم زەردە وەك میزی نەخۆش(١)

ئیحتیاج ناکا بە ئاگر هەر بەدوو تڕ دێتە جۆش

---

(١) بەئاگر بەدوو تڕ دێنێتیە جۆش (ت، م). بە ئاگر هەر بەدوو تڕ دێتە جۆش (م. م).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ یاد می داری کە با من جنگ در سر داشتی

رای رای تست خواهی جنگ و خواهی آشتی″

(١٣٩)*

صەد ساڵە ڕەنج ئەدەی وو هێشتا ڕووتتری لە سڵق(١)
کـێرێکـی سیس و دوو گـونـی چـرچ و قـنـگـێکـی فـلـّق

---

(١) ئەدەی هێشتا: (ت)، ئەدەیو هێشتا: (م. م).

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون مەقسوور.
(مستفعلن فاعلن مستفعلن فعل).
نموونەم دەست نەکەوت.

(١٤٠)*

هەر مەتاعێ کە تەڵەب کەی لە سولەیمانیدا
هەیە ئیللا کوزی بیکر و کونی ناموستەعمەل

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم.
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن).
وەك: ″ از تو با مصلـــحت خویش نمی پـردازم
همچو پروانه که می سوزم و در پروازم″
بیکر: نەسمڕاو.

(١٤١)*

بەم جووتە گونە کە دەڵێی عەنتەری نێرم
لێم لادە نەوەك بتخەمە بەر حەملەیی کێرم

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن).
وەك: ″ آن را که خدای از قلم لطــف نگارد
شاید که بر او زحمت مشّاطه نیارد″

(١٤٢)*

بەغەیرەز میهری تۆ گەر بێ لە دڵما[١]

زڕەی زنجیـری زاڵـم بـێ لـە مـلـمـا

....

(١) (مەلا عەبدوڵڵای قزڵجی).

(*) كێش بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف.

(مفاعیلن مفاعیلن فعولن).

(١٤٣)*

سەر پەتی، خۆی لێ پەتی كرد تا مووانی نایە سەر

قوڵەڕەش هێندەی گوشی تا ئاوی لێ هێنایە دەر[١]

....

(١) بڕوانە پەراوێزی (٤)، (ئومێد كاكە ڕەش) ل: ٢٥٠.

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش

برجفای خار هجران صبر بلبل بایدەش″

(١٤٤)*

تـڕی ئـەولادی ئـەم عـەسرە بـە كـێرم

كە من مردم مەگەر گوو بكەن بەخێرم

....

(*) كێش: بەحری هەزەج مەحزووف.

(مفاعیلن مفاعیلن فعولن).

وەك ″ ألا یـا خیـمگی خیـمە فروهل

كە پیشاهنگ بیرون شد ز منزل″

(١٤٥)*

موددەتێکە نێربازی و ئێستە مەیلی مێ دەکەم
ئارەزووی گانی کچێکی کوز پڕی دەرپێ دەکەم

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: " هر زمان زین سبز گلشن رخت بیرون می برم
عـــالمی از عالـــم فکـــرت بە کـــف می آورم"
کوز پڕی دەرپێ: کوزی پڕ بە دەرپێ بێ.

(١٤٦)*

موخالەفەم نییە من ساعەتێکی میقاتم[١]
غولامی حەلقە بگۆشی ڕەسوولی ساداتم

....

(١) یەکەمیان ئی شێخ ڕەزایە، دووەمیان ئی غەوسی گەیلانییە... (کش مەلا فەتاح).
(*) کێش: بەحری موجتەس مەخبوون ئەصلەم.
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن).
وەك: " بیا کە باسر زلـــف تو کـــــارها دارم
ز عشق روی تو در سر خمارها دارم"

(١٤٧)*

ئەم قەحبە، فەلەك لە داخی مردم[١]
مـوحـتـــاجـــی ڕەشی ڕەشیـدی کـردم

....

(١) فەلەك بە دڵی (قەحبە)یە؟
(*) کێش: بەحری ڕەجز مورەببەع مخبوون مورەففل.
(مستفعلاتن مفاعلاتن).

وەك: ″ هم صحبت دل خيال وصلش
هـم بزم جان نالـه و فراقش″
ڕەشيد: ڕەشيدی مەستی ئەفەندی.

(١٤٨)*

گـەلـێ سمتـی سپـیم دەس کـەوت و نـەمتـوانـی پیـاکێشم
درێغ بۆ تەمتوراقيی کێرەکەی چەند ساڵ لەمەوپێشم

(*) کێش: بەحری هـەزەج موسەممەن سالم.
(مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن).
وەك: ″ بتی دارم کە گرد گل ز سنبل سايبان دارد
بهار عارضش خطی بەخون ارغـوان دارد″
تمەتوراقی: تومتراق، تەمتەراقی: دەبدەبە وشکۆ و هـەيت و هووت.

(١٤٩)*

هــەر بـەتـەعريف و کينـايـەت لـە بنـی سنگت بـەم[1]
بـەگ ئـەفـەنـدی بـەسەراحـەت لـە کـونـی قنگت بـەم

(١) هێند بەتەعريف (کاکە ڕەش).
(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم.
(فاعلاتن فاعلاتن فعلاتن فع لن)
وەك: ″ از تو با مصلحت خويـش نمی پــردازم
همچو پروانه که من سوزم و در پروازم″
کينايەت: شتێکی بێژی و شتێکی ديکەت مەبەست بـێ، وەك: ″ پشتی ملی پانە″ واتە کەودەنە.

(١٥٠)*

نەجابەت کەی لە تۆدایە لە دوو چاڵی چەتیوت بەم(١)
حەمەی تووڵینە بەم تووڵە لە تووڵینەی هەتیوت بەم

....

(١) ئەم فەردە هی ڕەشیدی لاوەیە (شێخ محەممەدی خاڵ – گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق، دەستەی کورد ساڵی ١٩٨٩.

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).
وەك: ″ ترا در دوستی رایی نمی بینم نەمی بینم
مرا اندر دلت جایی نمی بینم نمی بینم″
چەتیو: کچە تیو، تووڵ: شووڕك، شووڵ. تووڵینە: قەرتاڵەی زۆر چکۆڵە.

(١٥١)*

ئەسبابی تەرەب زیر و بەمە ئەی بەگی جافان
بەزمێ بگرین چاکە لە من زیر و لە تۆ بەم

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن).
وەك: ″ گر خلق بدانند کە من عاشق و مستم
آوازە درست است کە من توبە شکستم″
زیر: ژێر، دوا ئاوازی پەیژەی موزیك، لە ″دۆ″ەوە، لە ″ڕێ″ەوە لە هەر ئاوازێکی دیکەوە، کە بەزاراوەی کۆن بەم و بە زاراوەی موزیك ″ ئۆکتاف″ (هەشتەم ئاواز)ی پێ دەگوترێ. بەڵام بەم حیسابە بێ شێخ ڕەزا کەوتووەتە ژێرەوە.... بەمەرجێ وشەی ″زیر″ بەمانای ″چووك″ نەبێ.

(١٥٢)*

پیر بووە ناجی ئەفەندی، بووە پشتی بە کەمان
چرچ و ژاکاو و مولەووەس وەکوو کێری پاش گان

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: ″ یاد می داری کە با من جنگ در سر داشتی
رای ای تســت خواهی جنگو خواهی آشتی″
کەمان: کەوان. مولووەس (ع. الملوّث): پیس، گەمار.

(١٥٣)*

وام نەزانی ئێوە ساداتن مەعاشتان نابڕن
داخی داخانم جەباری خۆ لە ئێوەشیان بڕی

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش
بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″
بڕی: مەعاش بڕین، تێ بڕین.

(١٥٤)*

تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زبان
فەرقی ئەم دوو تیغە هەروەك ئاسمان و ڕێسمان

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەقسوور.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فعلان).
وەك: ″ من ز گوش او بدزدم حلقەء دیگر نهان
تا نداند چشم دشمن ور بداند گو بدان″
ئاسمان و ڕێسمان: مەبەست دوو شت هەر لە ڕواڵەتدا لێکدی بچن..

(١٥٥)*

گەر نەکا مەخموور ئەفەندی تەرکی تریاکی لەعین
فێری سێ نەزمی دەکا پژمین و کۆکین و تڕین

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەقسوور.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فعلان).
وەك: ″ آخر از سوز دل شبهای من یاد آورید
همچو شمعم در میان انجــمن آورید″

(١٥٦)*

بەقوزێکی ڕەش و قنگێکی پەلید و گوویین(١)
خۆی لەمن کردووە یایە بە هەناری شیرین

....

(١) قنێکی گوییـن: (ت)، قوونێکی پەلید و گوییـن: (م. م). یایە خۆی لەمن کردووە بەهەناری شیرین (ت)، خۆی لە من کردووە یایە بەهەناری شیرین: (م. م). بەقوزێکی ڕەش و بە قنگێکی گوین (کاکە ڕەش).
(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ.
(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان).
وەك: ″ عمرها در پی مقصود بەجان گردیــدیم
دوست در خانە و ما گرد جهان گردیدیم″
پەلید: چڵکن، پۆخڵ.

(١٥٧)*

هەمەوەند لەشکری ڕۆم و عەجەمی داوە بەگان
بەری حەملەی دەگرێ لەشکری گاوان و شوان

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەقسوور.

(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان).
وەك: ″گسستی عهد دلها ما به خم بستیمشان
با هم اندر رشتهء زلف تو پیوستیمشان″

(١٥٨)*
دوو جانەوەر لە ئەسلی جانی ئیبنی جان
(ئەمین) حاجی کەریم و (ئەمین) بابە جان

....

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون مەقسوور.
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلان).
وەك: ″دو چشم اگر بگشادی به آفتاب وصال
بر به چرخ حقائق دگر مگو ز خیال″

(١٥٩)*
ڕەفیقم بوو جوانێکی (جوانڕو)[١]
که چوو (ماڵیم بەسەر خۆما جوانڕو)

....

(١) بڕوانە: ئومێد کاکە ڕەش، ل: ٢٥٩.
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس.
(مفاعیلن مفاعیلن فعولن).
وەك: ″الا یا خیمگی خیمه فروهل
که پیشاهنگ بیرون شد ز منزل″

(١٦٠)*
ئەی (مەلا)ی مل زەعیفی (خورماتو)[١]
(نەعرەیی برکش ای خرما تو)

....

(١) بڕوانە ئومێد کاکە ڕەش ل: ٢٥٦.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك: ″ روی بنمای که دیـــوانه شدم

رحمتی کز غمت افسانه شدم″

خر ما تو: کەری ئێمەی تۆ.

(١٦١)*

لازمـە بـۆ شێخ سبـەینـان گورگەخـەو
تـا بـڵـێن شێخ عـابیدە نـانوێ بـە شەو

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ عشق چون دل سوی جانان می کشد

عقل را در زیر فرمـــان می کـــشد″

(١٦٢)*

نـــان و دۆشاو بـــوو بـــە یـــاپـــراغ و پـــلاو[1]
بووی بەگەورەی ئەهلی (نۆدێ) کاکە لاو

---

(١) نان و دۆشاوی ئەمان بوو وا بوو بە یاپراخ و پلاو

بووی بەگەورەی ئەهلی نۆدێ کالە لاو (ئومێد کاکە ڕەش).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەقسوور.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فعلان).

وەك: ″ آخر از سوز دل شبهایی من یـــاد آورید

همچو شمعم در میان انجمن یاد آورید″

(١٦٣)*

سولـەیـمـانـی هـەتـانـە نـاوی نـابـەم وەك کـونـی بـێچـوو
وەکو داینیێ لەسەر بەرگی شەقاییق جێ سمی ئاهوو[١]

....

(١) لەسەر بەرگی شەقاییق دابنێتن جێ سمی ئاهوو: (م . م).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).

وەك: " اگر آن ترك شیـرازی بدست آرد دل مـارا

بخال هندویش بخشم سمرقند و بخارارا"

ئەم وێنەیە، بەتورکیی عوسمانی لە شیعرێکی نابیدا هەیە.

(١٦٤)*

شێخ عەلی مەحبووبمە و بینایی هەردوو چاومە[١]
بـێ قـەیـی بـێ، بـۆ تـەبـەڕووك تـاقـە جـارێ گـاومـە

یا:

گـاهـ گـاهـێ، جـار جـارێ، دەفـعـە دەفـعـە گـاومـە(٢)

....

(١) کۆواری ڕەنگین ژ: ١٠٠، ١٠١، س: ١٩٧٧.

(٢) کۆواری ڕەنگین ژ: ١٠٠، ١٠١ س. ١٩٧٧.

(١٦٥)*

قـامـەتـی بـێ شك نـەمـامـی عـەرعـەرە، یـا سەوسەنـە
دەك فیدای ناز و گریشمەت بم پەریزادەی سنە[١]

....

(١) بڕوانە: پەراوێزی (١) ل: ٢٥٠، ئومێد کاکەڕەش مەبەستی عادیلە خانمی وەسمان پاشای جافە.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ شرط مردان نیست در دل عشق جانان داشتن

پس دل اندر بندر وصل و بند هجـران داشتن″

(١٦٦)*

کـەنـێکـەی فـەقـێ قـادر چ ڕەعـنـا وو زەریـفـە

بـە تـاپۆ هـی حـەمیدە، تـەسـەڕڕوفـی لـەتیفـە[١]

....

(١) کانیەکەی فەقێ قادر چ ڕەعناوو زەریفە

بەتاپۆ هی حەمیدە تەسەڕڕوفی لەتیفە. بڕوانە کاکەڕەش ل: ٢٤٩.

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەقسوور.

(مفاعیلن مفاعیلن فعولن).

وەك: ″ دلم در جنبش آمد بار دیـگر

ندانم تا چە دارد باز در سر″.

(١٦٧)*

تۆ بـە تیری عـەشقی شۆخی جـەرگی پێکاوت هـەیە

نـاوزگت مـەجـرووحـە بـۆیـە زەردەلـیـکـاوت هـەیـە

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ ای بـە قـدّ برکـشیدە همـچو سـرو غاتفر

ای رخ خوب تو همچون ماە و از وی خوبتر″

زەردەلیکاو: نێوی گوندێکە لای کفری یان نەخۆشیی زەردەلیکاو..

(١٦٨)*

ئیددیعای (عیلم) و ئەم سەر و سەکوتە

سیکتری کەن، کە هەر بەشی سووکتە[١]

(١) بڕوانە ل: ٢٥٤، ئومێد کاکە ڕەش (کورد دەڵێن: سووکی پێوەدا).

(*) کێش: بەحری خەفیف موسەددەس مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن مفاعلن فعلن).

وەك: ″ چرخ از من قرار من بستد

تا ز دستم نگار من بستد″.

سیکتر (ت. سیکتیر): بە گانی دەن، بەکوردی وەلی کەن، دەری کەن.

(١٦٩)*

لووتی وەك مەمکە کەنوو، چاوی دەڵێی کوندەبوو

بەدفەساڵی وەکو نووری نەدەبێت و نەبووە

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.

(فاعلات فعلاتن فعلاتن فعلن).

وەك: ″ دست گیرید درین واقعە کافتاد مرا

کە نماندست کنون طاقت بیداد مرا″

نووری: سەید نووریی نەقیب.

(١٧٠)*

هەرکەسێ ئەسڵ و میزاجی فیتنەیی و بەدگۆییە

دەستی حیزیشی هەبێ ئەمجا بە تەحقیق کۆییە

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ هر زمان زین سبز گلشن رخت بیرون می برم

عالمی از عالم فکرت بە کف می آورم″

(١٧١)*

ژن یەکێ بوو من هەر ئەمگوت ئاخ لە دەس ئەم جادووە[١]

بـۆ چ قـوڕی عـالـەم بـەسەر خـۆمدا نـەکـەم ئـەمـجـا دووە

....

(١) مەبەست لە دوو ژن (جەمیل سیدقی) و (شوکری فەزڵی)یە.

کاکە ڕەش دەڵێ: شوکری بەم چوار باڵبیەی خوارەوە وەڵامی شێخ ڕەزای داوەتەوە:

شێخ ڕەزا وا دیـارە ئـەمـڕۆ مـەیـلـی گـانـدانت هـەیـە

حـازرم، تـۆش ڕێ و شوێنـی خـاسسی مـیـوانت هـەیـە

شیعرەکەت مەزموونی (عیجز)ی تیایە دیارە چاوەکەم

شەرتـە نـەیـهـێڵـم هـەچـی خـارشتـی نـاو ڕانت هـەیـە[١]

....

(١) بێ ڕانت. (بن ڕانت) (بەیازی عەلییە فەندی).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ آن کە نقش دیگرش جایی مصور مـــی شود

نقش او در چشم ما هر روز خوشتر می شود″

ئەم جادووە، یا ئەمجا دووە: دیارە بەدوو مانای دەتوانی وەخوێنی.. هەچی: هەرچی، لەبەر کێشی شیعرەکە وا دەگونجێ.

(١٧٢)*

کـــاکـــە قـــادرە بـــۆزە

دەستـی شکـانـدم بـە گـۆزە[١]

....

(١) بروانە: پەراوێزی (١)، ل: ٢٥١، (ئومێد کاکە ڕەش).

دەبێ کێشەکەی (مستفعلاتن فعلن) بێ. بەڵام، دێڕی دووەمی (مستفعلاتن فعولن)ە...

(١٧٣)*

لـە تـرسی ئـافـرەتـاکـانـی ئـەمـێستـە واقـی ورِە
حسێن ئەفەندیی دوکتۆر ئەڵێ مریشکی کرِە

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون مەحزووف.
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن).
وەك: ″ خوشا دلی که مدام از پی نظر نــرود
بەهر درش که بخوانند بی خبر نرود″

(١٧٤)*

شێخ حـەمـیـد گـەرچـی قـەبـیلـەی ئـێمـەیـە
ئەحمەد ئاغای یەعقووب ئۆغڵیی ئێمەیە

(*) کێش: بەحری رِەمەل موسەددەس مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: ″ تا نمودی عارض چون لالـەام
همچو بلبل با خروش و نالـەام″

(١٧٥)*

لەسەر شاهـ و گەدا ئەم فیعلە فەرزە
کەسێ ئەلفێکی بێ بینێ لە هەمزە(١)

(١) بـیـنـێ لـە هـەمـزە: (ت، م)، بـیـکـا بـە هـەمـزە: (م . م). مـەبـەست لـە هـەمـزە، (هـەمـزە حیمـاری)یە. هەمزە حیماریش بەشێخ رِەزای گوتووە:
رِەزا نییە و قەزایە
لەسەر کیرم دانایە
بۆ بەغدایەم هەڵدایە (م . م).
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف

(مفاعیلن مفاعیلن فعولن).
وەك: ″ دلم در جنبش آمد بار دیگر
ندانم تا چە دارد باز دو سر″
ئەلف: كێر. هەمزە: هەمزە حیماری.

(١٧٦)*

ئاخ لە دەس شۆربای سلێمان چاوەش و قاوەی بلە
ئەو دەڵێی ئاوی گەڕاوە، ئەم دەڵێی نەوتی گلە

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش
بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″
گل: ناوچەیەكە لە ڕۆژهەڵاتی قەرەحەسەن. وەختی خۆی گڵەسەریان لێوە دێنا. گەڕاوی گۆگرد و كانە نەوتێكی هەر لە بنارەكەدا هەس.. لە بیرمە تا سییەكانیش نەوتەكەیان كە بەسەر ئاوەوە بوو، دەگرت و دەیانكردە شووشەوە و بۆ قوتیلە چرای نەوت بەكاردەهێندرا. لە ئاواییی مامەشە تا چلەكانیش، زۆر ماڵ هەر قوتیلە چرا و نەوتی ڕەشیان بۆ ڕووناكی بەكاردەهێنا. بۆ خۆمان هەمان بوو. ماڵە دەوڵەمەند تازە فێرە بەكارهێنانی فانۆسی ئینگلیسی بووبوون. دیارە هەر لەو بناری گلە گەڕاویشی هەیە.. باوە قەتاڵیش هەیە.. هێتدێ دەڵێن پیرێكی ئەهلی هەق بووە. دەشڵێن: نێوەكەی ″ قەرتاڵ″ یا ″ قەمتاڵ″ بووگە.. لە كتێبی ″ منتهی الأرب″دا باسی كابرایەكی ″ قتال″ ناو هەس.. ئەم ″ باوە قەتاڵە″ خەڵكی بادار و نەخۆشی دەهاتنە سەر..

(١٧٧)*

هەتیوی لووس بێ تووكم لە عومری خۆم گەلێ گاوە(١)
لە سەمتی سمتی حەممادیم نەبرد ئەم حەسرەتەم ماوە

---

(١) بێ مووم: (ت، م)، بێ تووكم: (م . م).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).
وەك: ″ میـــان نعـــرەها بشـــناخت آواز مـــرا آن شه
که صافی گشته بود آوازم از انفاس حیوانی″
لە بەهەشتی مامۆستا مەلا عەبدولمەجیدی قوتبم بیستووە، کە حەممادی ناوێك وەڵامی شێخ ڕەزای بەم تاکە داوەتەوە:
″ ئەمێستاکە دەبێ تۆ دوودەکی بی لادە لێم یا شێخ
بڕۆ فەحلێ پەیا کە بیکوتێتە بن گونانت گوڵمێخ″
ئومێد کاکە ڕەشیش دیاردیی بۆ ئەمە فەرمووە.
قافییەی دێڕی دووەم ″ گوڵمێخ″ نەك ″ مێخ″ دەنا شیعرەکە کەچ دەبێ.

(١٧٨)*

گـیـر نـەبـوو دەستـم لـەبـەر لـووسی بـە سمـتـی خـڕتـەوە
زۆر نــەمــابـوو گــەردنم بشکـێ بـە گـون خـۆم گـرتـەوە

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش
بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″

(١٧٩)*

چاوی عیبرەت دانەوێنن هەر لە سورقاوشانەوە
ئاوی سووری ئێمەیە ئەڕژێتە ناو زێتانەوە(١)

(١) (ئومێد کاکە ڕەش لە کەشکۆڵی (ح . ق – ەوە).
(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: "باغبان گر پنج روز صحبت گل بایدش
بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش
زێ: منداڵدان، كوز، ڕۆخانە، چۆم، رووبار.

(١٨٠)*

كوڕەكەی قوتبە كە پشتی ملی دوو گەز پانە
جلەكەی لێی بە شكم من جلە یا كورتانە

....

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم.
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن).
وەك: " صنمـا مـرد و ینم كە تـو جانـم باشی
می دهم جان كە مگر جان جهانم باشی"
كورتان: لە هێندێ ناوچە "پالان"یش دەڵێن..

(١٨١)*

گەر لە نامووست ئەترسی های وە تەنگی تنتەوە(١)
وەختی بۆ تەكیە ئەچی دەس بگرە پشتی قنگتەوە

....

(١) شیخ رەزا ئەم بەیتەی لە وەڵامی (وەستا شەفێ)ی سنەییدا گوتووە.
(*) كێش: بەحری رەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: " یاد می داری كە با مـن جنگ در سر داشتی
رای رای تست خواهی جنگ و خواهی آشتی"
وە تەنگ: بەپەرۆش. تن: قن، قوون. ئومێد كاكەڕەش دەفەرموێ: شێخ ڕەزا ئەم تاكە بەیتەی لە وەڵامی تاكە بەیتێكی (وەستا شەفێ)ی سنەییدا داوەتەوە، كە ئەمەسە: "شەرم ئەكەم یا شێخ بڵێم هەی نامە ناو دوو لنگتەوە – مێكوتی گەورەم كوتایە دۆڵیانی "دنگ" تەوە"

(١٨٢)*

چەند هەتیو خۆی تاس و لووس دا چوون بە پیری شێخەوە
کـاشکـی مـوویـێ بـووایـەم مـن بـەکـیـری شێخـەوە(١)

....

(١) کاشکی: نەختێ قورسی بخوێنەوە. (بوومایە) (م. ت). موو بەکێرەوە نابێ، بەڵام رەدیفی (پیری) (کیری) دەوێ (پیر) (کیر)ی دەوێ.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: ″ ای بە قـدً برکشـیدە همچو سـرو غاتفر
ای رخ خوب تو همچون ماە و از وی خوبتر″

(١٨٣)*

بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن
سەیـری کـەن یـاران چ گـوبـەنـدێکـی گـێڕا ئـەم کـەرە

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فاعلن).
وەك: ″ ای بـە قدً برکشیـدە همـچو سر غاتـفر
ای رخ خوب تو همچون ماە و ازوی خوبتر″
ئەم کەرە: دوو مانای هەس، شێخ حەسەن و کەرەکە.

(١٨٤)*

مـن نـە نـانم خـواردووە ئـەمـڕۆ، نـە گـانـم کـردووە
وەك ژنـی سەر کـاسە یـاران بـۆچـی ژانم کـردووە(١)

....

(١) بۆیە ژانم کردووە (کاکە ڕەش).
(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ ای بە قدّ برکـــشیدە هــــمچو ســـرو غاتفر

ای رخ خوب تو همچون ماە و از وی خوبتر″

ژانکردن: مەشکەژەندن، مەبەستی لە خۆڕاییی کاروانە و هاتوچۆیە.

(١٨٥)*

شێخ عەلی! ئەتواری باوکت تێك مەدە

(قــل هــو الــرحـــمــن آمــنـا بــە)

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ آفتاب از کوە ســر بر مـــی زند

ماهروی انگشت بر در می زند″

(١٨٦)*

عەشرەت ئازاش بێ کە نامووسی نەبێ بێ هوودەیە(١)

عــەشرەتــی بــێ غــیـرەت ئــەمــڕۆ عــەشرەتــی داوودەیــە

....

(١) بێ فایدەیە (کاکە ڕەش).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ هر زمان زین سبرز گلشن رخت بیرون نی برم

عالمـــی از عالـــم فکـرت بە کـــف می آورم″

بێ هوودە: بێ فائیدە.

(١٨٧)*

ئـاشی سمتـی تۆ بـەئـاوی کێری ئێمـە نـاگـەڕێ

ئـاش بـەتـاڵـی بۆ بکـە گـەر تـاقـەتـی دانت هـەیـە

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ آن كه نقـش دیگرش جایی مصور می شود

نقش او در چشم ماهر روز خوشتر می شود″

دان (دوو مانای هەس): گاندان، دانی باراش.

(١٨٨)*

مـاڵـی مفـتـی لـەم بـەرە مـەعلـوومـە قـازیـیش لـەوبـەرە

مـن فـەقـیـرم، کـێ دەزانـێ لـەم بـەرم یـا لـەو بـەرم

....

(*) کێش: بەحری رەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: آن كه نقشی دیگرش جایی مصوّر می شود

نقش او در چشم ما هر روز خوشتر می شود″

لەم بەرم یا لەو بەرم: دوو مانای هەیە...

(١٨٩)*

هەتیوی خوبڕووو مەحبووبی سادە

کە دەستت کەوت سواری بە و پیادە

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف.

(مفاعیلن مفاعیلن فعولن).

وەك: ″ دلم در جنبش آمد بار دیگر

دانم تا چه دارد باز در سر″

خوبڕوو: ڕوخسار جوان. دیارە ″ سواری بە و پیادە″ دوو مانای هەس.

(١٩٠)*

حەرامزادە و داکی خۆگێ لە بەرتەکیە زۆرە
خلەو بلە و فشەگاڵتە و عەزە دەم بۆرە

....

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ.
وەك: (مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لن).
نموونەم نەبوو.

(١٩١)*

بەمارف بەگ بڵێن قەتعی مەعاشی من نەکا چاکە
زمانی من لە بۆ ئەعدا وەکوو مارێکی زوححاکە

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).
وەك: " ببوی نافەء کاخــر صبا ز آن طرَّە بگشاید
زتاب جعد مشکینش چە خون افتاد در دلها"
ماری زوححاك: ماری ئەژی دەهاك: نێوێکی دەسکاریکراوی دوامین پادشای ماد. بابلییان" ئەرشتی و ئیگە" یۆنانییان " ئیش تو ویگو"یان پێ گوتووە و لە کتێبە ئیسلامییەکاندا بە " ضحاك" نووسراوە. گۆیا دوو ماری بەسەر شانەوە بوون و بەمێشك خواردنی مرۆ خوارشتیان دامرکاوەتەوە... زێتر گۆیا مێشکی کوردانییان خواردووە. داستانی کاوە و کوشتنی وی نامێیە... بەڵام، کاوە کورد نەبووە، کەچی بوەگە وە کورد... ئەگەر مادیش کورد بووبن، ئەژی دەهاك، ئەستیاك پادشای کورد بووە.

(١٩٢)*

قازی ڕەئیسی ئەووەڵ تۆش موددەعیی عوموومی
ئەم کارە چۆن سەر ئەگرێ لەعنەت لە بابی ڕۆمی

....

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن موخەللەع.

(مستفعلن فعولن مستفعلن فعولن).

وەك: " در کـــوی نیکنامی مارا گذر ندادند

گر تو نمی پسندی تغییر کن قضارا"

ڕۆمی: تورکی عوسمانی.

(١٩٣)*

خانەقاهـ تەوبە لە سەید ئەحمەد و نان و خوانی

لــە تــەعــامــی شەلــەم و بــامـیــە وو بــایـنـجـانــی

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل مەخبوون ئەصلەم.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن).

وەك: " نازنـــین عیب نبـــاشد که کند نـــاز ای دل

او همی سوزدت ازعشق و تو می ساز ای دل"

سەید ئەحمەدی خانەقا، لە کەرکووك لە پیاوە مەزنەکانی کورد بوو، دەتوانم بێژم بەسیاسەتوانی و ئەقڵ و زیرەکی و نوکتەسنجی و مەجلیس ئارایی و دڵاوایی و دەسرۆییدا لە شێخ مەحموودی نەمر کەمتر نەبوو. حوکوومەتی بەغدا لە حەفتایەکاندا، هـەرچی گۆیـا سەیـدی کـورد هـەن، لـە خـزمـەت عیززەت دووریدای کۆکردنـەوە، کە هەریەکە قەواڵەی سەیدایەتیی خۆی بخوێنێتەوە، کە نۆرە دێتە سەر کاکە حوسەینی کوڕی سەیـد ئـەحـمـەدی خـانـەقـا، دەڵـێ، ئێمـە سەید نین و کـەسی واشمـان نـەمـاوە حوکوومەت سوودی لێ وەرگرێ. جا بەڕاستی پاش گەڕانەوەی کاکە حوسێن لە ئێران، لە بەغدایان دەسبەسەر کرد و ژیانێکی سا هەر چۆنێ بێ دەگەڵ ئەجیە خانی خێزانیدا دەژیان، ماڵەکەی بووبوو بە ڕووگەی هەرچی کوردی بەغدایێ بوو. زوو زوو لە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدایێ، سەردانی دەکردین. تەنانەت لەبەر ئەوەی، زۆر شارەزای ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی بوو، هاتە لیژنەی ئەدەبیاتی کۆڕەوە، لـیـژنـەکـەی بـەقسەی خـۆش و نـوکـتـەی زیـرەکـانـە بـۆ گـەرم دەکـردیـن، ڕۆژێکـیـان، دەمانویست وشەیەك بێرینەوە کە دوو (ز)ی تێدابێ، دەی وشەمان دەست کەوت، دەست

نەکەوت، کاکە حوسەین فەرمووی جارێکیان فەقێیەك لە خانەقا بوو، خەڵکی لای ئامێدی بوو، سەرمان کردە سەری، ئەگەر ئازای وشەیەکمان بۆ بێنەوە (ك)ی تێدا نەبێ، لە پڕ فەقێیەکە گوتی ″ كتك″، ئەندامانی لیژنە تێکڕا دایانە قاقای پێکەنین، یەکێکمان دەگەڵدا بوو، خۆی لە زانستی زمانەوانیدا بەسیبەوەیهی نەدەگۆڕییەوە، زەردەی نەکەوتە لێوێ.. پاش حەوتووی داهاتوو، کە لیژنە کۆبووەوە، هەر هێندەمان زانی، ئەو زانا بلیمەتە، بەقاقای پێکەنین خۆی بەژووردا کرد، گوتی، کوڕە ئەو فەقێیە زۆر دەبەنگ بووە، خۆ ئەو وشەیە، نەك هەر (ك)ی تێدا نییە، بگرە دوو (ك)یشی تێدایە... تمەز پاش حەوتوویەك لە نوکتەکە گەیشتبوو. جارێکی دیکەش، تەشریفی هاتە سەرەوە لە کۆڕ لە ژوورەکەی بەندە دانیشت. قەیرێکی پێ چوو، کابرایەکی سمێڵ بابڕی کەتەی جلوبەرگ پۆشتەی کەرەوێت لە ملی قیت و قۆز هەر دەتگوت وەکیل وەزیرە، لە پڕ هاتە ژوورەوە، سڵاوی کرد، ئەمنیش لەبەری هەڵستام، فەرموو، فەرموو، کابرا دانەنیشت، سەرم نا بەبناگوێی کاکە حوسەینەوە، قوربان ئەمە کێیە، گوتی ئەمە مێردەکەمە... تمەز شۆفێرەکەی بوو، کە ئەمنی عاممە بۆیان دانابوو... بەداخەوە ئەمڕۆ خانەقا وەك هەر ئاسەواریشی نەمابێ ئاوهای لێ هاتووە.

(١٩٤)*

مەکەن باوەڕ بەقەولی داکی خۆگێکانی کەرکووکی[١]
ئەگەر خەڵتێ بکەن وا بزانە گا قۆڕانی کەر کۆکی

....

(١) خەڵەتی بکەن (کاکە ڕەش).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).

وەك: ″ اگر آن ترك شیرازی بە دست آرد دل مارا

بەخال هندویش بخشم سمرقند و بخارارا″

(١٩٥)*

دوێنێ قەترەیێ خوێن بوویت و ئەمڕۆکە کەفێ خاکی[١]
بەنی ئادەم! کەری، گەر کەر نەبی بۆ چ هێندە بێ باکی

(١) (دوێنیّ) نەختیّ بەقورسی بخوێنەوە.
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).
وەك: " به می سجّاده رنگین کن گرت پیر مغان گوید
که سالك بی خبر نبود ز راه و رســـم منزلها"

(١٩٦)*

لـە سوورەی سەرخـڕم ئـاگر دەبـاری
کـوتـامـە ژێرگونی ئـاغـای جـەبـاری

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەقسوور.
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل).
وەك: " شب تاریك و بیم موج گردابی چنین هایل
کجا دانـند حال ما سبکـباران ساحلها"
سووره سەرخڕ: یارۆی نامیّ.

(١٩٧)*

لە سایەی دەهری دوون پەروەر ئەمێستە لەك لەك ئەدویّ[١]
بــەکـۆڵــیّ کـلـکـەوە ڕێوی لـەگـەڵ کـەوڵـی دەڵـەك ئـەدویّ

(١) (لەك لەك) کەمیّ بەقورسی بخوێنەوە.
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).
وەك: " الا یا ایــها الســاقی ادر کأسـاً وناولــها
که عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها"
دەهر: زەمانە. دوون پەروەر: پەست و ئاڵچاخ پەروەر. لەك: دە هەزار. لەك لەك: دە هەزار جار دە هەزار.

لەقلەق، دەڵەك: جانەوەرێكە لە ڕێوی گچكەترە، كەوڵی بەنرخە. ئەم بەیتە زێتر لەیەك مانا هەڵدەگرێ: زەمانەی هەمیشە پەست و ئاڵچاخ پەروەرو هیچ و پووچ لاوێن، لەجیاتیی بوڵبوڵی خۆشخوان حاجی لەقلەق دەخوێنێ. یا پیاوی ئەحمەق و گەمژە قسەی دەڕوا. ڕێوی بەكۆڵێ كلكەوە دەگەڵ كەوڵێكدا، داوای كەوڵی دەڵەك دەكا. واتە زەمانە زۆر ناخۆش و گرانییە. ئەمە بەمەرجێ وشەی كەوڵ بە ″كەوڵێ″ بخوێنییەوە. یا ڕێوی كە خۆی كۆڵێ كلكی هەیە و نرخەكەشی لە كلكیدایە، كەچی سەودا و مامڵەت دەگەڵ كەوڵی دەڵەكدا دەكا و كەوڵی خۆی باوی نەماوە. مەبەستی ئەوەیە شاعیر و زانا و لێزان بە كۆڵێ فەزڵەوە، دەبێ دەگەڵ لە خۆ كەمتردا زەمانە سازی بكەن. هەر ئەوەندەم لێ هەڵكڕاند.

(١٩٨)*

كە تەشریفی شەریفی هات ئەمین فەیزی بە میوانی

لە عوهدەی شوكری دەرناچم، مەگەر خۆم كەم بە قوربانی

(*) كێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).

وەك: ألا یاایــها الســَّاقی أدر كأســـاً وناولها

متی ما تلق من تهوی دع الدُّنیا وأهملها″

شوكری: سپاس، شوكری فەزڵی.. قوربان: بەلاوەگێڕ، نزیكبوونەوە بۆ تێخستن، زێتر مانای لە شوكری فەزڵی بردنی مەبەستە. ئەم بەیتە و بەیتێكی دیكە لە چوارینەكانیشدا هاتووە (ئومێد كاكەڕەش).

(١٩٩)*

مـن داكـی هـەزاری وەكوو تـۆم گـاوە بـە فـەردێ

نەتبیستووە زەربولمەسەلە (سەد قەل و بەردێ)[١]

(١)(زەربولمەسەل): (أ. ك). (زەربولمەسەلی): (ل).

(*) كێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەكفووف مەحزووف.

(مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن).
وەك: ″ آن را كه خـدا از قلم لطـف نگارد
شايد كه بر او زحمت مشّاطه نيارد″
فەرد: تاكە بەيتێ، تاكە پێڵاوێ، تاكە قرۆشێ. زەربولمەسەل: دە قافی خۆدا پەندی پێشینییان دە قساندا، هێنانەوە. قەلوبەرد: دژمن بەخوێڕوو ترسەنۆك و قزە زانین (هەمبانە بۆرینە). مەبەست لە دەست تەنگبوونی یەكێك بەجۆرێكی كە دەستی بەپوولێكەوە بلەرزێ (كوردستان: گیو) بەلای منەوە ئەم دوو مانایە، كە هیچیان سەروكاریان بەیەكدییەوە نییە، مانای بە مەزەندەن. ئەسڵی قسەكە لەوەڕا هاتووە كە تۆ هەرچەند نەیارت زۆر بن، چونكە تۆ دەسڕۆتری، هەر بەهوویەك دژمنانت لە كۆڵ دەكەیەوە، وەك ″ سەد قەل بەهاویشتنی بەردێك هەڵدەفڕێنی... بڕوانە چوارینەكان ل: ١٧٥.

(٢٠٠)*
ئەگەر حەملە بكەی مەدحت دەكەم من(١)
جـەزای قـەولـی درۆ بـا هـەر درۆ بـێ

....

(١) (د. كەمال فوئاد). (ئەگەر هجوم..)
(*) كێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەقسوور
(مفاعيلن مفاعيلن فعولن)
وەك: ″ زمان خوشدلی دریاب دریـاب
كه دايم در صدف گوهر نباشد″
حەملە: بەمانا ئاوسبوونیش هاتووە... بەڵام مەبەست لێرەدا ئەوەیە كە خەسم ناتوانێ حەملە بكا، چیی لە دەست نایە، كەواتە ئەمیش بە درۆ دەڵێ مەدحت دەكەم.

(٢٠١)*
مـەگەر وەختـێ مرادی من بـە جێ بێ(١)
زرنـگـەی پـاوەنـەی زیـوی خـەجـێ بـێ
بەڵێ فەیزی (لەجێ) بێت و (لەچێ) بێ(٢)

(١) ئی ئەمین فەیزییە.
(٢) وەڵامی شێخ ڕەزایە.
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف.
(مفاعیلن مفاعیلن فعولن).
وەك: ″ هر زمان خوشدلی دریاب دریاب
که دایم در صدف گوهر نباشد″

(٢٠٢)*

وەها مەشهوور بووە بەینەلئەهالی
هەتیوی تەکیەکەی خۆمانە والی

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف.
(مفاعیلن مفاعیلن فعولن).
وەك: ″ دلم در جنبش آمد بار دیگر
دانم تا چه دارد باز در سر″

(٢٠٣)*

ساغ لە دنیادا نەماوە گەر قسەی ساغت دەوێ
بێ هەزارت پێ نیشان دەم گەر قورمساغت دەوێ

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: ″ هر زمان زین سبز گلشن رخت بیرون می برم
عالمی از هالم فکرت بە کف می آورم″
قورمساغ: جاکەش، دەویت.

(٢٠٤)*

یەکتری دەعوەت ئەکەن ئەهلی دیانەت بە قوزی
کوڕی مفتی بە قنگی خانمی دایکی بە قوزی

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فعلن).
وەك: ″ هر کە در کوی خرابـات مرا بار دهـد
بە کمال و کرمش جان من اقرار دهد″
قوزی (ت. قوزو): بەرخ، شەك.

(٢٠٥)*

خواستم لە کوڕی حاجی بەکر کۆنە دوکانێ
بۆ تەجرەبە نەیدایە من و دای بە دیانێ

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)
وەك: ″ آن را کە خدای از قلم لطف نـگارد
شاید کە بر او زحمت مشَّاطه نیارد″
دیان: فەلە، ددان، داین، گاندان.

(٢٠٦)*

عومەرم دی، عومەری پێشووتریش گەر وابێ
گەردنی شیعە دووصەد دەفعە لە سەب ئازابێ

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم.
(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن).
وەك: ″ صنما مردەء آنم کە تـو جانم باشی
می دهم جان مگر جان جهانم باشی″

سەب (ع. السَّبّ): جنێو دژنام، جنێو.

(٢٠٧)*

ڕەگی کێر ها لە گونا هەر گونە ئەیبزوێنێ
مەسەلی کۆنە سەگ ئێسقان بەکەلك ئەشکێنێ(١)

....

(١) (کلك) تۆزێ بەقورسی بخوێنەوە.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم.

(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن).

وەك: " صنما مـردەء انم کە تو جانم باشی

مى دهم جان مگر جان جهانم باشى"

(٢٠٨)*

موسوڵمانان، موسوڵمانان، موسوڵمانی، موسوڵمانی
هەتیوێکم ئەوێ خەڵکی سولەیمانی، سولەیمانی

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن).

وەك: " من از آن حسن روز افزون کە یوسف داشت دانستم

کـە عشق از پردەء عصـمت بیـرون آرد زلیخارا"

سولەیمانی: خەڵکی سولەیمانی، یا وەك سلیمان.

(٢٠٩)*

سەیری کە زبل ئەسلی گووە گول ئەروێنی(١)
باوکی وەك ئەمینە بۆقە کوڕی وەك عەبەکە دینی

....

(١) (زبل)، (ئەڕۆینی): سەروکەسرەی موختەلەسە بخە ژێر (ب) زبل و (ر)ی ئەڕۆینی.
عەبە (دیوان).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.
(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن).
وەك: ″ اندوه تو شد وارد کاشەنەام امــــشب
مهمان عزیز آمده در خانەام امشب″

(٢١٠)*

هەمین نانەوا و خەجێ ئاشپەز بی
یایە لەگەڵمان با بەغەرەز بی

....

(*) کێش: بەحری تەویل موسەددەس مەخبوون.
(فعولن مفاعلن فعولن).
نموونەم دەست نەکەوت.
یایە: دایە گەورە، ژنی خانم و خاتوونی گەورە پیاوان.

(٢١١)*

گەر بێت و بەصەد دەریا بیشۆیەوە شێخ باقی
پاك نابێتەوە هێشتا پڕ گووی سەگە لوولاقی

....

(*) کێش: بەحری تەویل موسەممەن سالم.
(فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن).
وەك: ″ بەکویت شبی خفتم چ مویت بر آشفتم
ز دید گهــر سفتم غــم دل بە تــو گفتم″
شێخ باقی: باوکی شێخ مستەفای کەرکووك، برای مەلا مەحموودی مەزن ئاوایە.

(٢١٢)*

بەتییەی بەسرەیی وو مێزەری هیندیی من و تۆ

وەکو ڕەخت و شەقەبەندە کە لە گاجووتی بدەی

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن مەحزووف

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن فعولن)

وەك: ″ نمی بستی چـو بر فتراك اســتغنا سر مـا

چرا در خون کشیدی ای جفا جو پیکر مـا″

بـەتـیـە: پـارچـەیـەکـی نـاسکـە بـۆ عـەبـای هـاوینـە. ڕەخت: زەنبەری سەری ئەسپ. شەقەبەند: ڕەخت و ئەسپابی زین.

(٢١٣)*

ئـاوازی تـڕی، بۆنـی تسی حـەمزە حیمـاری

ئافاقی هـەموو گرتووە وەك هـەوری بەهـاری

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف.

(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن).

وەك: ″ آن را که خـدای از قلم لطـف نگارد

شاید که بر او زحمت مشّاطه نیارد″

(٢١٤)*

در جهان هر که میشود بـابی

مەترەقی کەر بە مەقعەدی بـابی

....

(*) بەحری خەفیف موسەددەس مەخبوون ئەصلەم.

(فعلاتن مفاعلن فع لن).

وەك: مست گـشتم ز لطف دشنامـش

یـا رب آن مـی بـه است یـا جـانش″

مـەترەق: كێر. مـەقعەد: قوون.

(٢١٥)*

حـەیزی كوزی حیز و دزی فـەیرووزە گوواوی

مـەعجوونی خـەنـە و وەسمـەیـە بۆ ڕیشی زەهـاوی

....

(*) كێش: بـەحری هـەزەج موسـەممـەن ئـەخرەب مـەكفووف مـەحزووف

(مفعولٌ مفـاعیلُ مفـاعیلٌ فعولن).

وەك: ″ گر دست دهد خـاك پـای نگـارم

بر لوح بصر خط غبـاری بنگارم″

فـەیرووزە: پیرۆزە خـانمی داكی جـەمیل زەهـاوی.

(٢١٦)*

بـەجێ مـا كـاكـە جـاف خۆی و كڵاوی

دەردی كرد، ئـافـەرین خدری گڵاوی

....

(*) كێش: بـەحری هـەزەج موسـەددەس مـەحزووف.

(مفـاعیلن مفـاعیلن فعولن).

وەك: ″ ألا یـا خیمـــگی خیمـــە فروهل

كـە پیشاهنگ بیرون شد ز منزل″

(٢١٧)*

سـەرداری لـەشكـر ئـەگـەر بـاوەل بـێ

كـێرم بـە قـنـگـی دەسا بـا وەل بـێ

....

(*) كێش: بـەحری ڕەجـەز مورەببـەع مورەففـەل

(مستفعلاتن مستفعلاتن).

وەك: ″ حدّ نداری در خوش بقایی

مثلی نداری در جان فزایی″

باوەل: باویل. ئی دووەم: بەمانای با سیکتر بێیە.

(٢١٨)*

چەرمی ڕووی هێند قایمە شمشێری میسری نایبڕێ

گەر بە کەوشی کەی دەمێنێ تا قیامەت نایدڕێ

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

وەك: ″ هر زمان زین سبز گلشن رخت بیرون می برم

عالـمی از عالم فکـرت بە کـف مـی آورم″

واتە: زۆر ڕووقاییمە، باکی بە هیچ تەوهینێك نییە.

(٢١٩)*

ڕەئیی ئەو باعیسی تەنزیمی ئوموراتە بەڵێ(١)

بۆ کورەی عالەمی ئیمکان بووەتە قوتبی مەدار

....

(١) وەلێ (دیوان).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن).

وەك: ″ گر مرا خار زند آن گل خندان بکشم

ور لبش جور کند از بن دندان بکشم″

قوتبی مەدار: تەوەری خولێنك.

(٢٢٠)*

نه تو هر پیش مریدان چو شکر شیرینی
بــه خـدا أی پسر شێخ تـۆ هــر جـا شکـری

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم
(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)
وەك: ″ صــنما مــردەء آنم که تو جـــانم باشی
مى دهم جان که مگر جان جهانم باشى″
هر جا شکرى: بەکوردى هەمیشە ″ جاشى کەرى″، بە فارسى هەمیشە هەر شەکرى.

(٢٢١)*

کەبابى گۆشتى بزن، فاکیهەى بەرى خڕنووك
لەمن بپرسە سەفاى شارە حیزەکەى کەرکووك

....

(*) کێش: بەحرى موجتەس موسەممەن مەخبوون ئەصلەم.
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن).
وەك: ″ بەخاك پاى عزیزت کە عهد نشکستم
زمن بریدى و با هیچ کس نپیوستم″
گۆشتى بزن بۆ کەباب نالەبارە، بێ چەورییە.

(٢٢٢)*

هەر لە تۆم بیستووە ئەى کوێرى لە یەزدان عاسى
زیـکـر و تـەهـلـیـلـە بـەخـورشیـدى و ئـەڵـڵاوەیسى

....

(*) کێش: بەحرى ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم.
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن).
وەك: ″ از تو با مصـلحت خویش نمى پردازم
همچو پروانە کە مى سوزم در پروزام″

تەهلیلە: دوعاخوێندن و لە خوا پاڕانەوە. خورشیدی و ئەڵلاوەیسی نێوی دوو مەقامی کوردین.

(٢٢٣)*

موخبیر خەبەری داوە لە سەر موفتیی کۆیێ
حەسرەت کەشی شیری سەگە بۆ کەوچکە دۆیێ

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووحف مەحزووف.
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن).
وەك: " آن را کە خدای از قلـم لطف نگارد
شاید کە بر او زحمت مشّاطە نیارد"
حەسرەت کەش: حەسرەت کێش. بەعەزرەتەوە بوو.

(٢٢٤)*

با جەردە بیبا کەوڵەکەی تاجی
بەهار هات جلی پێ ناوێ تاجی

....

(*) کێش: بەحری ڕەجەز مورەببەع مورەففەل.
(مستفعلاتن مستفعلاتن).
وەك: " زاهد چە سازم با چشم و ابرو
ان ناوك افکن این سخت بازو"
تاجی: نێوی کابرایەکە، یا تاژی، تانجی.

(٢٢٥)*

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانی سیمینت
هەزار مارتین بەقوربانی تفەنگی لوولە چەرمینت

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم.

(مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن).
وەك: ″ز فرزين بند آن رخ من چه شهماتم چه شهماتم
مكن اى شه مكــافاتم مكــن اى شه مكــافاتم″
قەڵغان (ت. مغو. قالقان): مەرتاڵ. سيمين: زيوين. مارتين: تفەنگى ماتلى. لوولە چەرمين: كوز.

(٢٢٦)*

بە سەگم وت عەجەبە خزمەتە حوسنى پاشا[١]
توورە بوو كلكى لەقاند و گوتى حاشا حاشا

(١) بە بەگم وت عەجەبە قومەت بە حوسنى پاشا.
(*) كێش: ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم.
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن).
وەك: ″نازنــين عــيب نباشــد كه كــند ناز اى دل
او همى سوزدت از عشق و تو مى ساز اى دل″

(٢٢٧)*

گەرچى من سەگم ئەمما بەخودا خۆم دەكوژم
نـاوى من بێنى لـەگەڵ ئيسمى خەبيسى پاشا

(*) كێش: بەحرى ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم.
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن).
وەك: ″نازنــين عيب نباشـد كه كــند نــاز اى دل
او همى سوزدت از عشق و تز مى ساز اى دل″
خەبيس: چەپەڵ، يا لە ″خميس″ەوە گۆڕاوە و نێوە.

(٢٢٨)*

ولـدت جـمـيـلاً أمّـه مـن دبـرهـا
فلذا نرى في وجهه أثر الخرا(١)

(١) أثر الخرى (كش. مەلا ئەحمەدی دەکە).
(*) کێش: بەحری کامیل موسەددەس.
(متفاعلن متفاعلن متفاعلن).

(٢٢٩)*

تـا بەکەی بێ دەنگ ببم، تـاکەی بکەم زەبتی زەبان(١)
حـەیـفـە گـەر هـەجوت نـەکـەم قـائـیمـمـەقـامـی بـازیـان

(١) (د. کەمال فوئاد).
(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف.
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).
وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش
بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″
بازیان: عەشیرەتی باسییان.

(٢٣٠)*

بەسە ئەم شیعرە لە وەسفی حەسەنەی ئەهلی بەیان(١)
سەگـە نـێریـان لـە دووە، دێڵـەبـەبـان، جـوملـە بـەبـان

(١) بەم ئیملایە نووسراوە:
″ بسە ام شعـرە لە وصف حســنی أهل بیان
سگە نیریان لە دون وك سگەمی جملە بیان″
(د. کەمال فوئاد).
جوملە: هەموو.

(٢٣١)*

وەسمان حەبەش و حەمە شین و ئەحمەدی حاجی
دەم دەم دەوەڕن وەك سەگ و تـــوولـــە و تـــانجی

....

(*) کێش: بەحری هەزەج ئەخرەب مەکفووف مەحزووف،
(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن).
وەك: ″ اندوه تو شد وارد کاشەنەام امشب
مهمان عزیز آمده خانـــەام امشب″

بەشی فارسی

۱

والی زورا*

(پیتی) ئەلف

روبم بەدیدە سجدە کنان خاك راهـ را
شکرانەء قدوم ولایت پناهـ را
ای والی ولایت زورا، خوش آمدی
بر زن بەجای برمکیان بارگاهـ را
رسم فرنگیان کلە از سر فگندن است
تعظیم چون کنند خداوند جاهـ را
من اکتفا بشیوەء ایشان نمی کنم
هم سر بە پایت افگنم و هم کلاهـ را
اقلیم بابل از قدمت یافت رونقی
کز ابر نوبهار درخت و گیاهـ را
از یمن مقدمت چە عجب گر رها شود
هاروت بابلی کە اسیر است چاهـ را
عزمت خط نفاق ز لوح عراق شست
چون سیل تو از دل مجرم گناهـ را
نقش است بر صحیفەء رأیت رموز غیب
حاجت بە گفتگو نبود دادخواهـ را
آسودە آنچنان بەوجود تو مملکت
کز دل بەلب هوای سفر نیست راهـ را
از بیم صولت تو کمان ابروان بدل
از دیدە افگنند خدنگ نگاهـ را
فرخ رخا، خجستە پیا، والیا، یکی
بشنو ز من شکایت بخت سیاهـ را

میراث مانده از پدرم کهنه تکیه‌ای
چون عمر نوح دید بسی سال و ماهرا
آنجا ز سالکان طریقت جماعتی
گسترده بر زمین عبادت جباهرا
شیخ و مرید دست بر آوردهء دعا
یا رب دوام عمر بده پادشاهرا
شاید شود به وجه توجه معیشتی
آینده و روندهء آن خانقاهرا
ای مظهر مجید، رضا را توجهی
تحصیل چو فرضست رضا الاهرا
یا رب همیشه مظهر نور خدا شوی
تا اقتباس نور ز مهر است ماهرا

(*) کێش: موجتەس، موسەممەن، مەخبوون، ئەصلەم، موسەببەغ
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لان)
وەك: ″ مرا هوای سحرگه پیام یار آورد
نسیم بوی بهشتی از آن دیار آمد″

روبم (میروبم): دەماڵم. سجدەكنان: بە كڕنووش بردنەوە. ئەم سیغەیەم لە پێكهاتەی ″ خوانەكەران″ بە مانا ″ خوانەخواستە″ بە شێوەی گەرمیانیش بیستووە. دەبێتە حاڵ بۆ فاعیلی روبم. راهرا: ڕێگا. ″ را ″ نیشانەی مەفعوول بیهیی ڕاشكاوە. مەبەست ″ راهشرا ″، واتە ڕێگای مەمدووح. شكرانە: سپاسداری، شوكرانەی بەجێ هاوردنی سپاس دەبەرابەر نیعمەتێك، چاكەیەكدا. دەتوانی بێژی ″ سپاسانە″. خێركردن بەهەژاران لە مزگێنی ڕووداوی دڵخۆشكەر. ولایت پناە: پەنای فەرمانڕەوایی، ئەو كەسەی فەرمانڕەواییی لە پەنادایە، دیارە ئەمە پەسنێكە زۆر پێوەنرانی تێدایە و وەك بێژی دەوڵەت لە پەنای ویدایە، نەك ئەو دەپەنای دەوڵەتدایە... شێخ دەفەرموێ: خاكی بەر پێی پەنای دەوڵەت و فەرمانڕەوایی، بەكڕنووش بردنەوە، بەبژۆڵی چاوان دەماڵم. بژۆڵ لە مانادا دەفامرێتەوە. وەك دەڵێن كەلام لەسەر حەزفی موزافە، ئەوە وەك:

«واسأل القرية» وایە چونکە نەبەچاوخاکی بەرپێ دەماڵدرێ و نەش لە گوند پرسیار دەکرێ. بەمە دەگوترێ مەجازی عەقڵی عەلاقەکەش مەکانییەتە. نێوهێنانی جێگایە بەنێوی نیشتەنییانی جێگایەکە. زەورا (ع. الزَّوراء): کەمێ خوار. ″ المدینة المدورە″ بەغدا کە مەنسووری عەبباسی ڕۆی ناوە، لەبەر وەی کەمێ لە قیبلەی لاداوە زەورایان پێ گوتووە. برزن: لێ دە، ڕۆنێ. بەجای: لە جێی. بەرمەکییان: کوڕانی پارماق. وشەکە بەبنیچە تورکییە. تورك دەڵێن: لە ڕەگەمای تورکن، دەچنەوە سەر فەزڵی کوڕی یەحیای بەرمەکی. رسم فرنگیان هتد.. ڕێوڕەسمی فەڕەنگان، لە کاتی پێشواز لە میوانکردندا، کڵاو لەسەریان دادەکەنن و بۆ بەرپێی میوانانی هەڵدەدەن. تعظیم چون کنند خداوند جاهرا هتد.. کاتێ ڕێز لە خاوەند وەج و مەزنی خۆ دەنێن. من اکتفا بشیوەء ایشان نمیکنم هتد... ئەمن بەوەندەی ئەوان دەیکەن داناکەوم، هم سر بە پایت افگنم و هم کلاهرا: سەریش و کڵاویش بۆ بەر پێت داوێم. رونق یافتن: وە ڕەونەق کەوتن، بریسکانەوە درەوشانەوە. دەڵێ: قەڵەمڕەوی بابل بەهاتنی تۆ وە رەونەق کەوت و درەخشایەوە. کزا ابر نوبهار درخت و گیاهرا: هەروەك درەخت و گیاوگۆڵ و بەبارانی نەوبەهار وە ڕەونەق دەکەون. تەشبیهێکی زیمنییە. از یمن مقدمت هتد.. چ سەیر نییە، ئەگەر هارووتی بابلی کە لەچاڵێکدا زیندان کراوە، بەبۆنەی پیرۆزیی هاتنەوەت ڕزگار بێ. عزمت خط نفاق هتد... زەبروزەنگت، عەزم و حەزمت هێڵی دووڕوویی و ناتەباییی لە دەپی عێراق سڕییە، هەروەك لاسامەی تۆبەکردن گوناهان لە دڵی تاوانباران دەسڕێتەوە. ئەم تەشبیهە لە تەشبیهە نایابەکانی شێخ ڕەزایە. نقشاست بر صحیفەء هتد... نما و نیشانەکانی پێوار لە سەر لاپەڕەی ڕاوتەکبیرت نەقشی بەستووە، خواستار چ پێویستی بە وتووێژ نییە. آسودە آنچنان هتد... وڵات بەبوونی تۆ هێندە سەراسوودەیە، کە ڕێگای ڕێگا ئاسایی ئارەزووی لە دڵەوە بۆ سەر لێوی نییە. ئەمە کینایەتی نیسبەتی پێ دەگوترێ.. دەشکرێ بەمەجازی مورسەلیش لە قەڵەم بدرێ؛ مەبەست ڕێبوارە کە بەڕێگادا دەڕوا. هاوسەروکاریی نێوان مەعنای حەقیقی و مەعنای مەجازی، زەرفییەت (حاللییەت و مەحیللیەت)ە.

از بیم صولت هتد... شۆخ و شەنگانی برۆ وەك کەوانان، لە هەیبەت و سامی تۆ تیری موژەی نیگا لە چاوانەوە دەگرنە دڵان. مامۆستایەکم فەرمووی: شێخ ڕەزا تەنانەت شۆخ و شەنگانیشی کردووە بەتیرهاوێژی والی و ئەوانیش دڵی حەسوود و ئێرەییبەران بەتیری موژەیان دەپێکن. فرخ رخا: هۆ ڕوو درەخشان. خجستە پیا: ئەی

پێ و قەدەم پیرۆز. والیا: وەلی ئەمر، خودان، فەرمانڕەوا. بسی: زۆر فرە. گسترده: ڕائێخستییە. زمین عبادت: کنایەتە لە مزگەوت و خانەقا و تەکیە و هەر جێیەکی خوداپەرستیی تێدا بکرێ. جباه گستردن: کڕنووش بردن، چوونە سوجوود. دەست برآوردەء دعـا: دەست بـۆ دوعــا لــە بـۆ ئـاسمـان بـەرزکـردنـەوە. آیـنـده و رونـده: هـاتـوچـۆکـەرانـی تـەکـیـە. مـظـهـر مـجـیـد: ئـەی ئـەو کـەسـەی گـەورەیـیـی سوڵـتـان عەبدولمەجید دەنوێنی. خوداش دەگرێتەوە؛ چونکە خودا مرۆی لە سوورەتی پیرۆزی خـۆی دروست کـردووە. رضـا را تـوجـهـی: لـوتـفـێ بـەڕەزا بـفـەرمـوو. بـەهـرە لـە خـوا وەرگرتن، ڕەزا! فەرزە، خوایە، تا مانگ ڕووناکی لە ڕۆژ وەرگرێ، هەمیشە ببی بەجێی شەوقدانەوەی ڕووناکیی خوا.

٢

تل*

(پیتی) ئەلف

ای تـل تـو نـیك واسطـهء داد خـواه را
واقـف کـنـی ز حـال گـدا پـادشاه را
در یك نظر بە یك حرکت چون شعاع شمس
طـی مـیـکـنـی مسافـهء صد سالـه راه را
فـرسخ بـریـدن تـو بـەقـدر پـریـدن است
صحـن دیـده تـا سر مـژدگـان نـگـاه را
تـا پـای تـخت خسرو گـیـتـی ستـان بـرو
از مـن بـبـوس خـاك در بـارگـاه را
بـر خـوان دعـای دولت و آنگاه عرض کن
شرح نـیـازمـنـدی ایـن بـنـده شاه را
آرایش اریـکـهء جـم، خسرو عـجـم
دارای مـلك ری شه گـیـتـی پـنـاه را
آن خسرو کـه (نـاصردیـن مـحـمـد است)
بـر خـلـق آیـتـی است ز رحـمت الاه را

از انجمش سیـــاه فـــزونـــتـــر بـــود ولـــی
آنجا کـه حـیـدر است چـه حـاجت سپـاه را
مــهــر ابــروی انــور شه مــیــکــنــد قــیــاس
آنــکس کـــه از سفــیــد نــدانــد سیــاه را
در شه کمال ذاتی و در ماه عارض است
فــرق است آسمـــان و زمین شاه و مـــاه را
بــازیــچــه نـیست مـنـقبت خسروان (رضا)
کـــی طـــاقت تحمـــل کـــوه است کـــاه را
یـــارب بـــهحـــق آل عـــلـــی پـــایـــدار کـــن
جـــاه و جـــلال و حشمت روحـــی فـــداه را

....

(*) کێش: بەحری ڕەجەزی موسەددەسی مورەففەل
(مستفعلن مستفعلن مستفعلاتن).
مـــــن رشته رشته روزهـــای زندگـــی را
کم کم بەدست خویش چون زنجیر کردم
ئـەم کـێشە لـە کـێشە کـەم بـەکاربـراوەکـانـی عـەرووزی فـارسییـە. نموونـەم بـەدەست نەکەوت.

تل: کورتکراوەی تەلگراف: نیك: باش. واسطە: (ع. الواسطە.): پێناو، هۆ، هۆکار. دادخـواه: دادخـوان، واقـف (ع، الـواقـف): وای لـیّ دەکـەی بـزانـیّ. کنی: دەکەی. گدا: دەرۆزەکەر، سواڵکەر، گەدا. دەڵێ: ئەی تەلگراف (کە لە سەرویەندی ناسرودین شادا، لـە ئـێران داهـێنـدراوە) تـۆ بـۆ کـەسێکی فـریـای بـەدەنگەوە هـاتـنی کەوی و داوای عـەدالـەتت لـیّ بـکـا، پـێنـاوێکی فرە خـاسی، چونکە پـادشا لـە حـاڵ و بـاڵی گـەدا و دەستەوسانـان زوو بـاخـەبـەر دەکەی. در یك نظر: بە نیگایەك، بە سرنجێك. چون شعاع شمس: وەك تیشکی ڕۆژ. طی میکنی: دەپێچییەوە، دەبڕی، کورت دەکەیەوە. مسافەء صد سالە را: دووریی سەد ساڵە ڕێ. فرسخ: بەعەرەبی کراوی (فرسنگ)، یەکانەی دووریی درێژی، کە موسڵمانان بە ١٢٠٠ گەزی لە قەڵەم دەدەن (٥٩١٩ مەتر). بریدن: بڕین. پریدن: فڕین. صحن دیدە: ئەو هەندەی چاو هەتەر دەکا. تا سر مژگان نگاهرا: تـا نووکی بژۆڵی چـاو. خسرو گیتی ستان: پادشای جیهان گر. برو: بڕۆ. از

من: لەلایەن منەوە.
ببوسن: ماچ کە. خاك در بارگاهرا: خاکی دەرکەی بارەگا، واتە بارگاهشرا، لەبەر رێز لێگرتن، بە زەمیر دیاردیی بۆ نەکردووە.. برخوان: بخوێنە. آنگاه: هەنگین. عرض کن: عەرز بکە. نیازمندی: پێویستی، ئاتاج. شاهرا: بۆ شا. آرایش: رازێنەوە. اریکە: تەخت، عەرش. جم: جەمشید، کوڕی ڕۆژ. یەکەم کەسێکی کە مەرگ بەسەریدا زاڵ بووە. بەسەر دۆزەخ ڕادەگا. ری: ناوچەیەکە، کۆن کە لە سەروبەندی هەخامەنشی لە نێوان دەربەند (دەروازەی دەریای قەزوێن) و دەریای قەزوێن و ماددا بووە، بە بەشێ لە مادی گەورە لە قەڵەم دەدرا. شە: شا. گیتی پناە: جیهان پەنا، شایەکی کە جیهان پەنای بۆ بردووە. آیت: نیشانە. دەڵێ: ئەو شایەی کە بۆ سەر خەڵك نیشانەیەکە لە بەزەی خوداوەندەوە. از انجمش: لە ئەستێرە. زەمیری (ش) لەبەر کێشی شیعرەکە لە دووی ″ انجم ″ هاتووە، دەبێ لە پاش ″ سپاە″وە بێ، واتە: سپاهش از انجم. فزونتر: زێتر. حیدر: حەزرەتی عەلی (سەلامی خوای لە سەر بێ). مهر: خۆر. روی انور شە: ڕووی بەتیشکی شا. دەڵێ: کەسێك کە قیاسی خۆر لە ڕووی درەخشانی شا بکا، ڕەش و سپی لێك هەڵناوێرێ، روحی فداە را: ڕۆحم بەفیدای، ڕۆحم گوریی وی بێ. ئەمە سیغەی دوعایە لە سەر حاڵی حیکایەت، واتە ئیعرابی مەحکی.. کمال ذاتی: بێ کەم و کاستیی لە خۆڕا، واتە کەسبی نییە. عارض: ڕەفتەنی، دێ و دەڕوا، پایەدار نییە. وەجهی شەبەهـ لێرەدا: ئەوەیە کە لە پێشەوە گوتی شانشینییەکە لە خواوە بۆ خەڵك هاتووە، بەڵام خواوەند بەکەمالی زاتیی ڕسکاندووە، مانگیش هەر خوا خۆی ڕسکاندوویە، بەڵام ئەم لە کوێ و ئەو لە کوێ، مانگ ڕووناکی لە ڕۆژ وەردەگرێ و زاتی نییە، ئەیرەتییە، بەڵام کەماڵی وی ئی خۆیەسی.. بازیچە: بووکەڵە، یاریی دەستی منداڵ. دەڵێ: بە شان و باهووی شایاندا هەڵگوتن یاریی زارۆکان نییە، کا، کەنگێ توانستی باری کێوی هەس.

٣

در مدح ناصرالدین شاه*

(پیتی) ئەلف

گــر شعـــاع خسرو انجم نــبــودی مـــاهـ را
مــاه مــی گـفـتـم جـمـال نـاصرالـدیـن شاهـ را

نــور مـــاه از آفــتـــاب و نــور شاه از خــويشتن
در حــقــيــقت فــرق بسيـــاراست شاه و مـــاه را
گــر نــه از خــط شعــاع مــهـر بـگـرفـتـی ضيــا
در فـــلك از شرم رويش كـــم نمودی مـــــاه را
كبك را از سايهء عدلش ز شاهين باك نيست
می زند هر دم بهگردون بانگ قاها قاه را
سرنـگـون أزطـارم نـيلـی فـتـادی بـر زمين[١]
هـمـچـو نـابـيـنـا كـه نـاگـه اندر افـتـد چـاه را
ايـن هـمـان شاهـيست كـز بـهـر عدالت گستری
شيـــررا گـــويـــد شبـــانم گـــلـــهء روبـــاه را
گـفـت بـا مـن ابـلـهـی كـوتـاهبين از روی كين
قـبـلـهء عـالـم تـوانـی گـفتن ايـن جـم جـاه را
گـفـتـم ای كوتـه نظر آخـر نـه اوظـل خـدا است
سرور عـــالـــم بـــيـــايـــد گـــفت ظــل الــلـــه را
اين همان شاه جهانداراست كزو خاقان چين
عـرضـه مـيـدارد كـه ديـريـن بـنـدهام درگـاه را
تـــا ابـــد ايـــن خسرو فـــيـــروز فـــرخ جـــاه بـــاد
گـردش گـردون بـكـام نـاصرالـديـن شاهـرا[٢]

....

(١)، (٢) ئەم شيعرانە لە ديوانە لەچاپدراوەكاندا نين.

(*) كێش: ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صحبت گل بايدش

بر جفای خار هجران صبر بلبل بايدش″

گر: ئەگەر. شعاع (ع. الشُّعاع): تيشك. خسرو: شا. انجم (ع. الأنجم): ستێران. نبودی: نەبايە، نەبا. ماهرا: لە بۆ مانگ.. واتە ئەگەر تيشكی شای ئەستێران، كە بۆ مانگ ڕۆژە، نـەبـا، واتـە: ئـەگـەر مـانگ ڕووناكـيـی لـە ڕۆژەوە وەرنـەگـرتبـا، بـەڕوخساری

ناسرەدین شام دەگوت مانگ .. نوور (ع. النُور): ڕووناکی. ماه: مانگ.. خویشتن: خۆ. بسیار: زۆر، فرە. واتە: ڕووناکیی مانگ لە رۆژەوەیە و ڕووناکیی شا لە خۆڕایە، لە ڕاستیدا فەرق لە نێوان شا و مانگدا زۆرە. گرنە: ئەگینا، ئەگەرنا، دەنا. کم نمودی: کەم دەبووەوە یا کز دەبووەوە. دەڵێ: ئەگینا ئەگەر ئەو ڕووناکیی لە هێڵی تیشکی ڕۆژەوە وەرگرتبا، ڕووناکیی لە گەردووندا، لە شەرمی ڕووی مانگ کەم دەبووەوە، یا کزی دەنواند. کبك: کەو. شاهین: شەهێن. باك: ترس. میزند: دەدا. بانگ قاەقاە: قا قا، خوێندنی کەو، کە دەڵێ: قەبقەبەقەب، قەبقەبەقەب... کز مهر: لەبەر عدالت گستری: دادپەروەری، داد بڵاوکردنەوە. از: لە. عدلش: دادی، دادیەوە. روباە: ڕێوی. دەڵێ: شا هێندە بەدادە، تەنانەت کەو لە سایەی دادپەروەریی وی باکی بە شەهێن نییە و لێی ناترسێ و هەمیشە بەگوێی گەردووندا دەداتە قاقای خوێندن و بە شێر دەڵێ، ئەمن شوانی گەلە ڕێویم. ابلە: ئەبلەهـ، گەمژە. کوتاە بین: کورتبین، بێ ئاوەز. از روی کین: لە ڕووی گاڵتە و تیزەوە. توانی گفتن: دەتواندرێ بگوترێ. جم جاە: وەج و پایەی وەك وەج و پایەی جەم، جەمشیدە. کوتە نظر: بیرکورت، کورتبین. ظل خدا: سێبەری خودا. ببايد گفت: دەبێ بگوترێ. جهاندار: خاوەن جیهان. کزو خاقان: کە خاقان لەو. عرضە میدارد: داوا دەکا، خوایشت دەکا. کە دیرین بندەام درگاهرا: کە بەندەی دێرینی دەرگام.

٤

در مدح حمدی پاشای بابان*

(پیتی) ئەلف

ورق از شهپر جبریل خواهد کلك انشارا(١)
کە در هر نامە نتوان برد نام حمدی پاشارا
وجود (معن) را (زائد) شمارد مشرب جودش
ز (حاتم) عارش آید فضلە خواند فضل یحیارا
بتبريك قدومش جان فشانم گر نيفشانم
ز شرم كم بهاى آسمان عقد ثريارا
تلى بايست زد ليكن ز نقدم دست كوتە بود
خجالت مى دهد پيويستە اين دست تهى مارا

کـجـا شد بـا مـنش آن مـهربـایـنـهـا نمی دانم
خـطـایـی رفت یـا از قـطـره استـغـنـااست دریـارا
سبب اینست یا خود ذره پروردن برفت از یاد(۲)
زطـالـع نـحسی مـن آفـتـاب عـالـم آرا را
چـنـان دانـد کـه بـال پشهٔـی بـخشد اگر بـخشد
بـکـمـتـر بـنـدهٔای از بـنـدهگـانش مـلك کسرا را
گر این دست و کرم دیدی نگفتی أی رضا، حافظ
(بـهخـال هـنـدویش بـخشم سمـرقـنـد و بـخـارارا)

---

(۱) بـاید (نوسخه).
(۲) یا زره: (ت)، زەرپروردن (م)، یانه ذره (م . م).
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: ″ همه کارم به خود کامی به بدنامی کشید آخر
نهـان کی مانـد رازی کـزو سازنـد محفلـها″

شهپر: شاپەڕ. جبریل: هەوەڵ مەلایەکەتێك کە خواوەند دروستی کرد. کلك: خامە، قـەڵـەم. انشا: نـووسین. دەڵـێ: کـاغـەزی لـە بۆ قـەڵـەمـی ئـینشا نووسین لـە شاپـەڕی حـەزرەتـی جـبـرەئـیـلـەوە پێویستـە. نتـوان بـرد: نـاتـواندرێ ببـرێ. معـن: (ع. معن): وشەیەکی عەرەبییە، لێرەدا نێوی دەوڵەمەند و دەهندەی نامێی عەرەب ″ معن بن زائدە″یە. واتە: سەخاوەتی حەمدی پاشای بابان، بوونی مەعن بە زیاد حسێب دەکا، لەچاو ویدا هەرچ نییە. شاعیر لێرەدا تەورییەی بەکارهێناوە.. ″ زائد″ دوو مانای هەس: یەکێکیان نزیك، کە بابی مەعنە و دووەم بەمانای ″ زیاد″ە. عارش آید: ئەگەر لە شانی وی ڕاگیرێ، بێزی دەبێتەوە، بەخۆدا دەشکێتەوە. فضلە خواند فضل خواند فضل یحیارا: فەزڵ و دەهندەیی فەزڵی کوڕی یەحیای بەرمەکی بەزیاد دەزانێ. شاعیر لێرەشدا وشەی ″ فضل″ی بەدوو مانا بەکارهێناوە: یەکێکیان نزیك، کە نێوی کوڕی نامێی یەحیای بەرمەکییە و دووەمیان بە مانا ″ زێدە″، ″ فەزڵ″ و بێ لزوومە.. جان فشانم: ڕۆح دەپرژێنم، ئەگەر ڕۆح نەپرژێنم ئەوە لە شەرمی کەم بەهاییی

ئاسمانە لە چاو تۆ. تلی بایست کرد: دەبوا تەلگرافێکم کردبا. لیکن ز نقدم دست کوتە بود: بەڵام دەستم لە ڕووی پووڵەوە کورت بوو. زەمیری (م) لەبەر کێشی شیعر بەدووی "نقد"دا هاتووە، دەنا جێی ئەوەیە، کە لە دووی "دست"ەوە هاتبا.. تهی دست: دەست کورتی. واتە: ئەم دەست کورتییە هەمیشە شەرمەسارمان دەکا. کجا شد: بۆ کوێ چوو، چیی بەسەر هات. مهربانی: لوتف و بەزەو نوازشت. خطایی رفت: خوا نەخواستە هەڵەیەك ڕووی دا؟ یا از قطره استغناست دریارا: یا دەریا پێویستی بە تنۆك نییە؟ دیارە لێرەدا شاعیر خۆی بەتنۆك و پەسندەی بەدەریا چوواندووە. سبب اینست: داخۆ ئەمەیە هۆی ئەم بێ لوتفییە؟ یا ذره پروردن برفت از یاد: یا ڕێزەپەروەریی لەبیر چووەتەوە. لێرەشدا شاعیر خۆی بە "ذرة"، "جزء" و پەسندەی بە "کل"، یا "ذرة" بەمانا: وردە مێروو چوواندووە.. طالع نحس: یەغباڵی ڕەش، بێ یەغباڵی، چارە ڕەشی. واتە: ئایا هۆکار ئەوەیە کە خێوی جیهان ڕازێنەوە "ذرە" پەروەریی لە بەختی ڕەشی من، لە بێ یەغباڵیی من لە بیر چووەتەوە؟ چنان داند: وا دەزانێ. بال پشەای: باڵی پەخشەیەك. بخشد اگر بخشد: ئەگەر ببەخشێ، دەبەخشێ. کمتر بندای: کەمتر بەندەیەکی. واتە ئەگەر ببەخشێ، بەکێهە بەندەی کە لە هەموو بەندەگانی کەمترە، مڵکی کیسرا دەبەخشێ.. گر این دست و کرم دیدی نگفتی ای رضا حافظ: ڕەزا، ئەگەر حافزی شیرازی ئەم دەست و کەرەمەی دیتبا، نەیدەگوت: "بخال هندویش بخشم سمرقند و بخارا را"، واتە: سەمەرقەند و بوخارام بەخالی وەك خاڵی ڕەشی کیژە هیندی دەبەخشم.. ی نەدەگوت.

٥

در هجو شکری*

(پیتی) ئەلف

صبا ز بندە کە هستم تهمتن شعرا
ببر سلامم بە شکری کە ای زن شعرا
گواهست زردی رویت بدان کە حاملەآی
ولی بگو ز کدامین قلم زن شعرا
اگر ز نطفەء من بخشدت خدا پسری[1]
نهادەکن لقبش أهریمن شعرا

عــجب مــدار کــه آن کــودك بــزرگ نــژاد
بــيك دو هــفــتــه شود شيــر ارژن شعــرا
تــرا بمحــكــمــی و سخـتــی کـمـر نــازم
کــه مــنــهــدم نشد از گــرز صد مــن شعــرا
سرت چـو کفّــهء مـيزان فرونشسته بـه‌خـاك
فــراز مــانــده دو پــايت بــگــردن شعــرا
ذخــيــره‌ای نــبــود از هــنــر در انــبــارت
بــه‌غــيــر خـوشه‌چــيــنــی ز خـرمــن شعــرا
دهــان کيسهء کـونت نــه آنچـنـان شده چـاك
کــه الــتــيــام پــذيــرد بــه‌سوزن شعــرا
دوبــاره حــاملــه‌ات مــی کـنـم اگـر نـزنـی
سلــيــطــه دست دخــالت بــدامــن شعــرا
بــه‌اتــفــاق سخــن گستــران قــافــيــه سنـج
سرآمــدی چــو رضا نــيست در فــن شعــرا

(١) پسر (ت)، پسری (م).

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن)

وەك: ″ خوشــادلی کــه مدام از پی نظر نــرود

بـه هر درش که بخوانند بی خبر نرود″

صبا: ئەی بای سەبا. زبندە: لە بەندەوە. کە هستم تهمتن شعرا: کە توهەمتەنی شاعیرانم. ببر سلام: سڵاو ببە. بەشکری: بۆ شوکری فەزڵی. کە ای زن شعرا: پێی بێژە کە ئەی ژنی شاعیران. گەواهیست: شایەتە: زەردی ڕویت. آن: لەسەر ئەوە. کە حاملە ای: کە ئاوس. واتە: ئەی بای سەبا، کە تۆ پەیکی ئاشقانی سڵاو لە منەوە کە پاڵەوانی شاعیرانم، بۆ شوکری فەزڵی ببە پێی بێژە، ئەی ژنی شاعیران، زەردیی ڕووت لەسەر ئەوە شایەتە کە تۆ ئاوسی. ولی بگذر کدامین قلم زن شعرا: بەڵام بمبەخشە کێهە قەڵەم ژەنی شاعیران. واتە بمبەخشە، نازانم کامین قەڵەمی شاعیران بەقووندا کراو.

اگر ز نطفـﺀ من بخشدت خدا پسری: ئەگەر خوا لە تۆماوی من کوڕێکت پێ ببەخشێ. نهاده کن لقبش اهریمن شعرا: نێوی لێ بنێ ئەهریمەنی شاعیران. عجب مدار که آن کودك بزرگ نژاد: لات سەیر نەبێ کە ئەو کوڕە گەورە نژادە. به یك دو هفته شود شیر ارژن شعرا: بەیەك دوو حەوتوو ببێ بەشیری لێدەری شاعیران. " اوژن" بەمانای خەنجەر، شیری لێدەرە. ترا به محکمی و سختی کمر نازم: ئەمن بەپشت مەحکەمی و پشت ئەستووری و قایمیی تۆوە دەنازم. که منهدم نشد از گرز صد منی شعرا: کە لەبەر گورز و گۆپاڵی سەد باتمانیی شاعیران نەڕووخا، بۆڕی نەخوارد. سرت چو کفەﺀ میزان فرو نشته به خاك: سەرت وەك تای تەرازوو نیشتووەتە سەر زەوی. فراز مانده دو پایت بگردن شعرا: هەردوو پێت بە حەواوە بەرزبووەتەوە بەسەر ملی شاعیرانەوە. ذخیرەای نبود از هنر در انبارت: زەوادێك، توێشەیەکت لە هونەر لە عەمباردا نەبوو. به غیر خوشه چینی ز خرمن شعرا: جگە لە وشی چنی لە خەرمانی شاعیران. وشی، هێشوو، هۆشە، لە خەرمان ناکرێ، مەبەستی سەرپەرێز و کێڵگەی گەنم و جۆیە. هەژاران لەوێندەر، دەسك لە دوو درەوەنییەوە دەکەن، لەوێ وشی دەچیننەوە. کورد، ئەگەر پەسنی دەست و دروێنەی درەوەنی بدا، دەڵێ: هێند لە دروێنەدا وەستایە، دەسکی لە دوو ناکرێ.. دهان کیسەﺀ کونت آنچنان شده چاك: زاری کیسەی قوونت بەجۆرێ دادڕاوە. کە التیام پذیرد بسوزت شعرا: کە برینەکەی سارێژ بێتەوە بەسووژنی شاعیران. پێم وایە: "نپذیرد"ە. هەنگین مانایەکەی وای لێ دێ: کە سارێژ نابێتەوە. دووبارە حاملەات می کنم اگر نزنی: دیسان ئاوست دەکەمەوە ئەگەر نەدەی: سلیطه، دست دخالت به دامن شعرا: دەستی دەخالەت بەداوێنی شاعیران. واتە ئەگەر ئەی زمان پیس، ئەگەر بۆ پاڕانەوە دەستەوداوێنم نەبی، دیسان زگت پڕ دەکەمەوە، ئاوست دەکەمەوە.. دیارە مەبەست ئەوەیە، کە کابرای کردووە بەتەشبیهـ ژن، دەنا نێرینە ئاوس ناکرێ. به اتفاق سخن گستران قافیه سنج: بەیەك ڕاییی قسە زانانی وەستای قافیە: سرامدی چو رضا نیست در فن شعرا: یەکێکی تری لەباوخۆشتر و لێزانتری وەکی ڕەزا لە هونەری شاعیراندا نابێتەوە، نییە. واتە: تۆ لە کوێ من لە کوێ...

٦

درهجو دختر مفتی بغداد*[١]

(پیتی) ئەلف

نشوید گر درآمیزی بآب دجله جیحونرا[٢]
ز شهوت دامن آلودهء فیروزه خاتون را
توانی یافت چون گردش کنی در کوچهء فرجش
عمود سام و رخش رستم و گرز فریدون را
جماع مفت اگر خواهی برو در خانهء مفتی
در آنجا قدر یك جو نیست صد خرمن، كس و كون را
ز خردل دانهای كمتر نماید گر دراندازی[٣]
بسوراخ فراخ خواهرش دریای هامون را
میان هر دو ران خواهرانش جنگلستانیست
كه آنجا خفته بینی صد هزاران خرس و میمون را
شكاف زیر ناف خانم فیروزه را نازم
كه در زیر نگین دارد تمام ربع مسكون را
سه چندان سپاه روس لوطی در عقب دارد
اگر خواهد به آسانی بگیرد ملك ژاپون را
بهشاخ كركدن تسكین نیاید خارش كونش[٤]
چه خواهد كرد جمیل پشت و مأبون را[٥]
اگر از هر یكی زان لوطیان یك پاره بستانند[٦]
باندك مدتی جمع آورند صد گنج قارونرا[٧]

---

(١) له دیوانی چاپكراودا (در هجو جمیل)ە...

(٢) درامیزد (ق).

(٣) زخم: (ت)، زخمی دل: (م).

(٤) كركدن راحت (ق).

(٥) كرد جمیل: (ت)، كرد میل من: (م).

(٦) دووپاره (خ).

(٧) جمع آورد (خ).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: "الا یـــا ایها الســاقی ادر کــاســا و ناولها

که عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها"

نشوید گر در آمیزد بەآب دجله جیحون را: ئەگەر ئاوی دیجلە تێکەڵ بەئاوی ڕووباری جەیحوون بکا نایشواتەوە. ز شهوت دامن آلودەء فیروزه خاتوونرا: لە شاوەتی داوێنی ملەوەسی پیرۆز خاتوون. واتە: پیرۆز خاتوون، هێندەی گانی حەرام داوە، داوێنی هێند بەشاوەتەوە ئالوودە و پیس بووە، ئەگەر هەردوو ڕۆخانەی دیجلە و جەیحوون دەگەڵ یەکەیدا تێکەڵ بکا، لەو پیسی و ملەوەسییەی ناشواتەوە، پاك ناکاتەوە.

توانی یافت چون گردش کنی در کوچەء فرجش: دەتوانی ئەگەر بگەڕێی بەکۆڵانی کوزیدا، عمود سام و رخش رستم و گرز فریدون را: ئەستوندەکی سام و ئەسپی ڕۆستەم و گورزی فەرەیدوون... دیارە، ئەستوندەکی سام و ئەسپی ڕۆستەم و گورزی فەرەیدوون، یەکیان لە درێژی و ئەوی دییان لە تەکان و تیژڕەویی و سێیەمیان لە قورسی و گرانیدا، وێنەیان نەبووە.. ئیدی شاعیرە و بەرز دەفڕێ و دنکە کونجییەك دەکا بەکێوێ.. جماع مفت اگر خواهی برو در خانەء مفتی: ئەگەر لە گانکردن دەگەڕێی بڕۆ بۆ ماڵی مفتی.. که آنجا قدر یك جو نیست صد خرمن کس و کون را: کە لەوێ سەد خەرمانی کوز و قوون بەهای دەنکە جۆیەکی نییە. زخم دل دانەء کمتر نماند گر درآندازی: برینی دڵ لە دانەیەك کەمتری نامێنێتەوە گەر هەموو دەریای هــامــوونــی دە کــونــی هــەراوی خــوشکــی ڕۆکــەی. مـیــان هـر دو ران خـواهـرش جنگلستانیست: نێوانی هەردوو ڕانی خوشکی لێڕەوارێکە.. که آنجا خفته بینی صد هزاران خرس و میمون را: کە لەوێدا سەدان هەزار ورچ و مەیموون دەبینی نووستوون. شکاف زیر ناف خانم فیروزەرا: قەڵشی ژێر نێوکی پیرۆز خانم.. که در زیر نگین دارد تمام ربع مسکونرا: کە سەرلەبەری چواریەکەی ڕووی زەوینی دە بن نگینداپە.. نگین: بەنقێم، قاشی گوستیلك دەگوترێ. مەبەستی نێوکیەتی.. تەشبیهێکی دەگمەنە.. سەچـنـدان سپـاه روس لـوطـی در عـقـب دارد: سێ ئــەوەنـدەی سپـای ڕووسی لـوتـی

بەدواوەیە... مەبەست لە لۆتی: قوون گێن... اگر خواهد بە آسانی بگیرد ملك ژاپۆنرا: گەر بیەوێ بە سانایی مڵکی ژابۆن بگرێ... مەبەستی ئەوەیە: ئەگەر بیەوێ مڵکی ژاپۆن، کە گرتنی زۆر سەختە، بگرێ، هێندەی سپای ڕووسی لۆتی لە دووە و زۆر بەئاسانیی دەگرێ. بەشاخ کرگدن تسکین نیاید خارش کونش: خارشتی قوونی بە شاخی کەرکەدەن ناهێورێ. چە خواهد کرد جمیل پشت و مأبوون را: جەمیل زەهاویی پوشت و قووندەر چیی پێ دەکرێ. مەبەستی ئەوەیە، ئەگەر پیرۆز خانم ئەوە حاڵی بێ، جەمیل چیی دەسەڵاتە، چۆن دەتوانێ ڕێی ئەمەی لێ بگرێ. اگر از هر یکی زان لوتیان یك پارە بستانند: ئەگەر لە هەر یەکێ لەم لۆتییانە فلسێ وەرگرن.. باندك مدتی جمع آورند صد گنج قارون را: بەمەودایەکی کەم سەد گەنجی قاروون خڕ دەکەنەوە.

٧

کشتی گرفتن شیخ رضا با شیخ ستار*

(پیتی) ئەلف

ستار آنکە هست بە نیر و تهمتنا
ایزد نیافرید چنو أهریمنا
دوش از درم درآمد، غرَّید: کای رضا
(انت الذی تصارعنی؟ قلت، أنا)
خندید قاە قاە کە روباە کی زند[١]
با شیر پنجە، تا تو زنی پنجە با منا
گفتم بەجای خود بنشین این قدر مناز
با گرههای ساعد و با میل گردنا
(هومان) کە پهلوان جهان بود عاقبت
دیدی چەسان ز پایش برانداخت بیژنا[٢]
گر تو بزور بازوی خود بودی من آن
غرندە اژدرم کە ببلعید ارژنا
چون این سخن شنید برآشفت از غضب
گردن فراخ زد بکمر عطف دامنا

دەستش دراز کــرد و گــریــبــان مــن گــرفت
تــا افــگــنــم بــخــاك مــن شیــر ارژنــا
هــر چــنــد سعــی کــرد تــن مــن تــکــان نــخــورد
از جــای خــود تــکــان نــخــورد کــوه آهنا
نــیــروی او چــو نــیــك بمن آشکــار شد
جستــم زجــای چــون پسر کــاوه، قــارنــا
مــانــنــد پــور زال گــرفــتــم کــمــرگــهش[٣]
بــرمــودمش ز خــاك چــو یك دانــهء ارزنــا[٤]
اورا ز روی خشم چــنــان بــر زمین زدم
کــز مــردنش هــنــوز دلــم نــیست ایمنــا
آواز جــرت و پــرت درونش بــلــنــد شد
از بــارگــاه مــقــعــدش افــتــاد شیــونــا
آهــی زدل کشیــد چــو نــادم بــهگــاه مــرگ
گــفــتــی: (حــیــاتــه ذهــبت، مــوتــه دنــا)
بــرقــوت و شجــاعت (لامــع) آنچــان بدل[٥]
اقــرار کــرد و گــفــت تــو مــردی و مــن زنــا

---

(١) چون زند(ت).

(٢) چه گونه اش بسر آورد(ت).

(٣) با پنجەیکی بگرفتم (ش).

(٤) برمودمش (ت).

(٥) چنان (م ، ت).

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەددەس متوی مەخبوون

(مستفعلن مفاعلن مفتعلن فعل)

وەك: ״ گرم قبول کنی بندەء کمین تو گردم

ورم بەتیر زنی ناظر کمان تو باشم״

نیرو: هێز. تهمتن: نێوی پاڵەوانێکی ئەفسانەییی ئێرانە. ایزد: خودا. نیاریدە: دروستی

نـەكـردووە، نـەيـڕسكـانـدووە، نـەيگـوورانـدووە. ئـەهـريمەن: خـواى خـراپـە لـە كـن زەرتـوشتـيـيـان. دەڵـێ: ستـار ئـەو كـەسەيـە، كـە لـە ڕووى هـێز و پـاڵـەوانيـەتـييـەوە توهمەتەنێكە، خواوەند ئەهريمەنى وەكى ويى دروست نەكرد. دوش: دوێ شەو. در: دەرگا. درامد: پەيدا بوو. غريبد: گوڕاندى. كاى رضـا: كە ئەى رەزا. أنت الَّذی تصارعنی قلته أنا: تصارعنی: زۆرانم دەگەڵدا دەگرى. واتە: دوێ شەوێ، لە پێش دەركەم پەيدا بوو، نەڕاندى، گوڕاندى، گوتى ئەى شێخ ڕەزا: " ئەتۆ زۆرانم دەگەڵدا دەگرێ؟ گوتم بەڵێ، ئەمن. خنديد: پێ كەنى. روباە: ڕێوى. چون زند: چون دەدا. با شير: دەگەڵ شێردا. دەڵێ: پێ كەنى، گوتى ڕێوى چۆن دەتوانێ پەنجە دەگەڵ مندا بدا؟ بجاى خود بنشين: لە جێى خۆت دانيشە. اين قدر مناز: ئەوەندە مەنازە. بەگرههاى ساعد و با ميل گردنا: بەڕەگ و گرێيەكانى پيل و بازووت و بەڕەگى ملتەوە، كە دەڵێى ميلن. هومان: نێوى پاڵەوانێكى توورانييە، براى پيرانى وەيسە لە سەركردەكانى لەشكرى ئەفراسيابە. لەشەڕدا بەدەستى بيژەنى كوڕى گيو كوژرا.. عاقبت: سەرەنجام. بيژەن: ناوى پاڵەوانێكى كۆنى ئێرانييە، نێوى وى و هەموو پاڵەوانانى باستانيى ئێرانێ، لە شانامەى فيردەوسيدا هاتوون. ديدى: ديتت. چمان: بە چ جۆرێكى. ز پايش: لە پێى. برانداخت: خست. بيژنا: بيژن. گر تو بە بە زور بازوى خود بيژن: ئەگەر تۆ بەهێزى بازووى خۆت بيژەنى. من آن غرنده اژدرم: منيش ئەو ئەژدەرە بە نەڕە و گوڕەم. كە ببلعيد بهمنا: بەهمەن هەڵلووشێ، قووتبدا. شنيد: بيست. بر آشفت: هەڵ چوو، تووڕە بوو. گردن فراخت: بە لە خۆبايى بوونێكەوە ملى بادا. زد بكمر عطف دامنا: شاقەلى داوێنى بەپشتيدا دا، چاكى لێ هەڵمالى. دست دراز كرد: دەستى درێژ كرد. گريبان من گرفت: يەخەى گرتم. تا افگند من شير اوژنا: تا منى شير ئەوژەن بئێخى، بە عاردمدا دا. هر چند سعى كرد: هەر چەندى كرد و كۆشا. تن من تكان نخورد: لەشى من نەبزووت، تەكانى نەخوارد. از جاى خود تكان نخورد كوه آهنا: كێوى ئاسن لە جێى خۆى نەجووڵا، هەر گوێشى لێ نەبوو. ئەمن پێم وايە شێخ ڕەزا لە زۆر لە وردە قسەى فارسى، ميتافۆرا ئاگا بووە. گردن فراختن، عطف دامن بە كمر زدن و تكان نخوردن و لەم جۆرە بابەتانە سەليقەى زۆر فارسى خوێندنەوەى دەوێ.. نيك: باش، چاك. جستم ز جاى: لێى ڕاپەڕيم. پسر: كوڕ. كاوە. قارن: مانند: وەك. پور زال: كوڕى زاڵ ڕۆستەمى مەبەستە. گرفتم كمرگهش: سێبەندەم گرت. بروبودمش: ربودم: ڕفاندم. (ب)يەكە بۆ تەوكيدە. چو: وەك. دانەء ارزنا: دنكە هەرزن. ز روى خشم: لە تووڕەييبيان.

چنان بر زمين زدم: وام بە عارديدا دا. كز: كە از. مردنش: لە مردنی. دلم نيست ايمنا: دڵنيا نيم. آواز جرت و پرت درونش بلند شد: دەنگی تڕ و تسی لە ترسان بەرز بووەوە. وز بارگاه مقعدش افتاد شيونا: لە بارەگای قوونيەوە بوو بەشين و شەپۆڕ. آهی بدل كشيد: ئاهێكی لە تەهی دڵڕا كێشا: چو نادم: وەك پەژيوان. بگاه مرگ. لە سەرەمەرگدا. گفتا: گوتی، حياته ذهبت موته دنا: ژيانی لە دەست دا مەرگی نزيك بووەوە. بر قوت و شجاعت لامع چنان بدل/ اقرار كرد و گفت تو مردی و من زنا: بەهێز و ئازايەتيی لاميعی بەجۆرێك ددان پێدا نا، گوتی تۆ پياو و من ژنم...

٨

مدح توفيق بگ ميرالای*

(پيتی) ئەلف

شمشيـــر بـــخـــون دشمـــن آلا
سالار سپـــاه و مـــيــــر آلا
تـوفـيـق بگ آنـكـه از تـواضع
پست است وعـلـى بـرتـبـه بـالا
ديـوان قـصائـدش مـرتَّـب
شعـر و غـزلش عـالـى و اعـلا(١)
هـر حـرف از او چـو درّ شهـوار
هـر نقطـهء چـو كوكبيست والا(٢)
شايـد كـه صحـيـفـهء بـيـانش
سازنـــد بـــه آب زرّ مـــحـــلاّ
استــاد سخـن بـه مـدح والـى
پـرداخـتـه مـدحـهـاى بـالا(٣)
در نامه چو نافهء مشك بيزاست
نـوك قـلـمش بـه گـاه امـلا
تـركـيب وجـود او بـديـع است
در عـالـم صورت و هـيـولا

گـر طـرد کـنـد و گـر نـوازد
هـرگـز نـکـنـم از او تـولاّ
بـر مسنـد عـزّتم نشانـده
شکـرانـهء مسنـد مُـعـلاّ
افـزایش عـمـر و مـال و جـاهش
خـواهـم ز جـنـاب حـق تـعـالـی
گـر اهـل دلـم بسان تـوفـیـق(٤)
تحصیـل کـنـد (رضا)ی مـولـی

....

(١) علی (ت).
(٢) لالا (خ).
(٣) والا (خ).
(٤) کو (ت).
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس ئەخرەب مەقبووز مەحزووف
(مفعولُ مفاعلن فعولن)
وەك: ″ عمری است کە از پی نگاهی
هر لحظە نشستەام بە راهی″
آلا: ئـاڵ، سوور. سالار: سەردار، سپـاسالار. مـیـرآلا (ع. ت. مـیـرآلای): ئـامیر لیوا، جەنەڕاڵ. تواضع: (ع. التواضع): تەوازوو، تەوازی، کەم هەوایی. پست: نەوی. رتبە (ع. الرتبە): پلە. بـالا: بڵند. دیوان: کتێبێك کە سەرلەبەری شیعری شاعیرێکی بەهەموو بابەتە شیعرەکان (غەرەز)ەوە و بەهەموو کێش و قافییە لەباوەکانی عەرووزی تێدا گرد کریاوێتەوە. هەر لەبەر ئەمە بەشاعیری ئەم جۆرە بابەتەیلە یەژن: شاعیری دیوان.. قصائد (ع. القصائد): قەسیدە: بە چامە، پارچە شیعرێك کە بەیتەکانی گش لەسەر یەك کێش بن و قافیەی دێڕی یەکەمی و سەرلەبەری بەیتەکانی یەك بن و قەسیدەکە لە غەزەل درێژترە و بەدرێژایی چامەکە یەك بابەتە و پەند و حیکمەت و پەسن و بابەتی کۆمەڵەکی و ئاینی و غەیری ئەمانەی دەبی تێدا بن و رەچاو کرێن. مرتب (ع. المرتب): رێك، سەرلەبەر، گش. علی و أعلا: بەرز و بالا. چو در شهوار: وەك دوری شاهانە، شایستە بە شا. کوکب (ع. الکوکب): ئەستێرە. والا: بڵند، بەرز. شاید:

ڕەنگە، دەشی، جائیزە، لە وانەیە. صحیفەء بیاش (ع. صحیفة البیان): ڕووپەڕەی یارای هونەرمەندانە مانادەربڕین. سازند: سازدەکەن. بە آب زر: بەئاوی زێڕ. محلا: جوانکراو. مەبەستی ئەوەیە، کە زیربافت کراوە. استاد سخن: وەستای قسەڕەوانی، دەوودوو پاراو. پەرداختە: مشت وماڵی کردووە، لیکولووسی کردووە، یا پەرژاوەتە سەر ئەو کاری هونەرمەندییە. بالا: بلند. نافەء مشك بیز: ناوکی میسك بیژەوە، واتە: نووکی قەڵەمی لە نامە دا، دە کاتی نووسیندا، میسك پرژینە. بدیع (ع. البدیع): لە شتــی خــواسایــی بــەدەر. صورت (ع. الصورة): وێنـە. هـیـولا (مـعـر. یۆ): بـەمـایـەی سەرەتاییی جیهان، کە هەمیشە لە وێنەدا هەستی پێ دەکرێ و هەر جارێ لە شێوە و شێوازێك و بارێکی جیاوازدا بەدیاردەکەوێ.. طرد (ع. الطَّرد): دەرکردن، قاودان. نوازد: بلاوێنێ، نوازشت بکا، دڵ ڕاگرێ. تولا (ع. تولّی): تەولا بوون. دیارە لە مانای عەرەبییەکەی لاداوە... مسند (ع. المسند): تەکیەگا، پایە. عزت (ع. العزَّة): گەورەیی، واتە لە سەر تەختی گەورەیی دانیشتاندووم. افزایش: زێدە بوون. بەسان: بەو جۆرە، بە ئاوها. تحصیل کند: پەیدای کا.

٩

روز رسیدن متصرٌف کمالی پاشا*

(پیتی) ئەلف

سالــهــا از سر إخــلاص دعــا مــی کــردم
کــه خـدایـا گـره از کـار ضعـیـفـان بـگشا
مـتـصرَف بـفـرست، اهـل دلـیـران تـوی
مـتـصرِّف بـهـمـه کون و مـکـان کـیـف یشا
مــژدەء آمـــدن آصف ثـــانـــی چـــو رسیـــد
شاعـران جـمـلــه فـتــادنـد بـفـکـر انشا
آرایوب بولدی (رضا) تام اولەرق تأریخی
(گلدی کرکوکە سلامتلە کمالی پاشا)

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: ″ از تو با مصلــحت خويش نمی پردازم

همچو پروانه كه ميسوزم و در پروازم″

سالها از سر اخلاص دعا می كردم: لە رووی دڵسۆزییەوە چەندین ساڵ بوو دوعام دەكرد. كه خدايا گره از كار ضعيفان بگشا: كه گری لە كاری بێ هێزان وەكە. متصرف بفرست، أهل دليران توی: موتەسەڕیف بنێرە، ئەتۆ ئەهلی دلێرانی. متصرف بەكون و مكان كيف يشا: كه بتوانێ تەسەڕوف لە هەموو كەون و مەكاندا بكا. مژدهء آمدن آصف ثانی چو رسيد: كه موژدەی ئاسەفی دووەم هات. شاعران جمله فتاند بفكر إنشا: شاعیران هەموو كەوتنە بیركردنەوەی ئینشا دانان. آرایوب بولدی (رضا) تام اولەرق تأريخی: (ڕەزا) لە مێژووی تەواوی گەڕا، دیتییەوە. (گلدی كركوكه سلامتله كمالی پاشا): (كەمالی پاشا) بەسەلامەتی هاتە كەركووك. كۆی ژمارەی پیتەكانی ئەم دێرە شیعرەی ناو كەوانەكە، بە حیسابی ئەبجەد دەكاتە مێژووی هاتنە كەركووكی كەمالی پاشا. مانای بەیتەكە: ڕەزا گەڕا، مێژووەكەی بەتەواوی دیتەوە (كەمالی پاشا بەسەلامەتی بۆ كەركووك هات).

١٠

تعزيت نامه برای ذهنی باشا متصرف كربلا به مناسبت صوت برادرش قادر بگ*

(پیتی) ئەلف

لــقــد اصيب حـبـيب الـقــلب وا أسفــا

وصار بــدر سمــاء المجــد مــنـخسفــا

دلــم بسوخت ز نــا وعـدهء مـرگ قـادر بگ

بــرادرت (غـفـرالـلــه ذنـبـه وعـفــا)

چـو ديـد تـازه نـهـالـی كشيـد سر بـفـلك

زمـانــه از بـن و بـيـخش بـرآورد بـه جـفـا

بـهفـضل و رحـمت خـود ايـزدش بـيـامـرزد

كـه اهـل جـود و خـداونـد عـفـو بـود و وفـا

تـو بـی جـهت بـتـصرف نـیـامـدی بـه زمین
بـــه کـــربـــلا کـــه خـــداونـــد زاده شرفـــا
چـــو یـــاد آوری از وقـــعـــهء امـــام حسین
چـگـونـه شمـر لـعـیـنش بـریـد سر ز قـفـا
کـنـی بـهحـال جـوانـان اهـل بـیت نـظـر
(لـهـم حـاسدهـم کـیـف اصبـحـوا هـدفـا)
جـمـاعـتـی نـگری سر بـرهـنـه سینـهزنـان
بمرگ تشنـه چـو بـیـمـار مـحـتـضر بشفـا
وفـــات بـــاب و بـــرادر ز یـــادت مـــی بـــرد[1]
دران مـــصیـــبت سادات و مـــاتم شرفـــا
هـــزار لـــعـــن بـــه أرواح قـــاتـــل حسین
ولـی چـو شیـعـه مـرو تـا صحـابـه و خـلـفـا
نـه اعـتـمـاد بـرافـراط، نـه بـر تـفـریـط
مـیـانـه جـو کـه هـمین است مذهب عـرفـا
زمـــان عـــمـــر تـــو ممدود بـــاد و درگـــذرد
بجاه، دولت و اقبال و عیش و ذوق و صفا
هـمـیشه تـا بـهوای (رضا)ی حق حـجـاج
گـهـی بـهمـروه تـکـاپـو کـنـنـد، گـه بـهصفـا

....

(۱) برد (م. ت).

(*) کێش: بەحری بەسیت موسەممەن سالم
(مفاعلن فعلن مستفعلن فعلن)
نموونەم دەست نەکەوت
لقد أصيب حبيب القلب وا أسفا وصار بدر سماء المجد منخسفا: مخابن، خۆشەویستی دڵان، تووش بوو، مانگی چاردەی شەوی ئاسمانی سەروەری گیرا. دڵم سووتا. ز ناوعدەء مرگ قادر بگ برادرت: لە ناوەعدەییی مردنی قادر بەگی برات. غفراللّە ذنبە وعفا: خوا لە گوناهی خۆش بی. چو دید تازە نهالی کشید سر بە فلك– زمانە از بن

و بیخ بر آورد بە جفا: زەمانە کە دیتی نەونەمامی سەری بەرەو ئاسمان بڵند کردووە، بە جەفا و مەینەتیی لە بن و بێخ دەرهێنا. بفضل ایزدش هتد... بەفەزل و رەحمەتی خوای خۆی، لە گوناهی خۆش بی. کە اهل جود و خداوند و هتد... چونکە خوا خاوەنی کەرەم و لێبوردنە بەوەفایە. تۆ بی جهت متصرف نیامدی بەزمین کربلا: ئەتۆ بی سۆنگە و سەوەو بەموتەسەڕیفی نەهاتوویە خاکی کەربەلا. کە خداوند زادە شرفا: کە خواوەند شەرەف و گەورەییی لەسەر شەرەف و گەورەییی دیی زێدە کردووە، یا وەك سیغەی دوعا، زێدەکا. چو یاد آوری از وقعەء امام حسین.... تا " هدفا" ... بۆ وەی رووداوی ئیمام حوسەینت وەبیر بێتەوە کە شمری مەلعوون چۆن سەری لە ملی جیا کردەوە. کنی بحال جانان اهل بیت نظر: چاوی لوتف بە حاڵی لاوانی بنەماڵەی پەیامبەر بفەرمووی. لهم حاسدهم کیف أصبحوا هدفا: چۆن حەسوودان و و ئیرەیی پێ بەرانیان بوون بە نیشانە. جماعتی نگری سر برهنە سینە زنان: چاوت بەگرۆیەك دەکەوی، سەرڕووت، لە خۆ دەدەن، سینە دەکوتن. بمرگ تشنە چو بیمار محتضر بشفا: وەك نەخۆشی لە سەرەمەرگدا تینووی شیفا و چابوونەوە. واتە لە پێناوی وان مل لە کێرد دەسوون، خۆیان فیدا دەکەن. وفات باب و برادر ز یادت می برد: مەرگی باب و برات لە بیر دەباتەوە. در این مصیبت سادات و ماتم شرفا: لەم نەهامەتیی سادات و پایەبڵیندانەدا. واتە: کۆستی سادات و پایە بڵندان هێند گەورەیە مردنی باو و برا لە بیر دەباتەوە. هزار لعن بە ارواح قاتلان حسین: هەزار نفر لە بکوژانی حسێن. ولی چو شیعە مرو تا صحابە و خلفا: بەڵام وەکو شیعە تا یارانی پەیامبەر پێی لێ هەڵمەبڕە و جنێوان مەدە. نە اعتماد بر افراط کن نە بر تفریط: نە پشت بەزۆرڕۆیی و نە پشت بە کەم رۆیی ببەستە. میانە جو کە همین است مذهب عرفا: لە مامنێونجی بگەڕێ، هەر ئەمەیە رێڕەوی عاریفان، خواناسان. زمان عمر تو ممدود با دو در گذرد.... تا: بصفا.. واتە زەمانی عومری تۆ تا حاجییان، بەشقی رەزای هەقەوە گا بەرەو مەروە، گا بەرەو سەفا، تەکان دەن، هەمیشە هەر بە شکۆ و دەوڵەت و دواڕۆژی خۆش و گوزەرانی و کەیفسازی و رابواردنەوە، درێژاییی هەبێ و بگوزەرێ.

١١

مخمس بر شعر حافظ در مدح حسام الملك*

(پیتی) ئەلف

مـن اگـر روان نسازم بـەپـیـامـبـری صبـارا
بـەحسام مـلك و مـلت كـە تـرحـمـی خدا را[١]
ز مـقـربـان خـاقـان كـە شود وسیلـە مـارا
(بملازمـان سلـطـان كـە رساند این دعـارا[٢]
كـە بـەشكـر پـادشاهـی ز نـظـر مـران گـدارا)
مـن اگـر چـە بـیـنـوایـم تـو وزیـر پـادشاهـی
من اگر چە در حضیضم تو بر اوج مهر و ماهی
ز مـیـان مـا تـفـاوت ز مـە است تـا بـەمـاهـی
(همە شب در این امیدم كە نسیم صبحگاهی
بـە پـیـام آشنـائـی بـنـوازد آشنـا را)
مـن اگر بـەحكم تـقـدیر شده روم جـایـگـاهـم
بـەهـوای مـلك ایـران بـە امـید قـرب شاهـم
شده رومـیـان ز هـر سو چـو رقـیب سد راهـم
(ز رقـیب دیـو سیـرت بـەخـدای خـود پـنـاهـم
مـگـر آن شهـاب ثـاقب مـددی كـنـد سهـارا)
تـو كـە آفـتـاب صبـحـی قـدحت ز نـور لب ریز
پـی ذرهـای نـاچـیـز كـرمت وسیلـە انـگـیـز
سحـر (رضا)ی خـود را بـە دهـن نـوالـەای ریز
(بەخدا كە جرعەای دە، تو بەحافظ سحر خیز
كـە بـوقت صبـحـگـاهـی اثـری بـود دعـا را)

---

(١) بەجناب صبحی پاشا (ق).

(٢) برساند (دیوان).

(٣) آشنایان (نوسخە).

(*) کێش: بەحری کامیل سالم

(متفاعلن فعولن متفاعلن فعولن)

نموونەم دەست نەکەوت.

من اگر روان نسازم بە پیمبری صبارا: من ئەگەر بە پەیامبەری، بای سەبا نەنێرم. بحسام ملك و ملت کە ترحمی خدا را: بە حوسامی، یا بە شیری ملك و میللەت سا بەشکو بەزەییەکی لە راهی خوا پێمدا بیتەوە. ز مقربان خاقان کە شود وسیلە مارا: کێ لە نزیکانی پادشاوە بۆ ئێمە ببێ بە پێناو. بە ملازمان سلطان برساند این دعارا: بە کەسی لەوانەی کە هەمیشە دەگەڵ سولتاندان، ئەم دوعایە بگەیەنێ. کە بە شکر پادشاهی ز نظر مران گدارا: کە بەسپاسی ئەوەی پادشای، دەگەڵ بێچارە و بێ نەوایاندا بێ رەحمی مەکە. واتە: بۆ ئەوەی کە بێ ئەدەبی نەبێ، هەر وا راستەوخۆ پەیام بە سوڵتان نەگا، پەیام بە نزیکانی سوڵتان بدا، تا بە سوڵتان بڵێن کە بە سپاسی ئەوەی پادشای، گەدا دەر مەکە. ئەم مانایە کە بە سوڵتان بدرێ لە سیاقی قسەدا پەنامە؛ چونکە بێگومان ئەوەی کە نابێ بە سپاسی پادشایی، گەدا لە لوتفی خۆی بێ بەش کا، سوڵتانە.. نەزدیکانی سوڵتان نین. من اگرچە بێنوایم تو وزیری پادشاهی: من ئەگەر چی بێ نەوام، بەڵام تۆ وەزیری پادشای. من اگر چە در حضیضم تو بر اوج مهر و ماهی: من ئەگەر چی، لە زەلکاو و پەستیدام، بەڵام ئەتۆ لەسەر ترۆپکی خۆر و مانگی. ز میان ما تفاوت ز مە است تا بە ماهی: فەرقی نێوانمان لە خۆرەوەیە تا مانگ. همە شب در این أمیدم کە نسیم صبحگاهی: هەموو شەوێ بە هەویای ئەوەوەم کە شنەیەکی بەرەبەیان. بە پیام آشنایی بنوازد آشنارا: بە پەیامی ئاشنایی، ئاشنا بلاوێنی. من اگر بحکم تقدیر شدە روم جایگاهم: من ئەگەر بە تەقدیری خوا وڵاتی رۆمیم بووە بە جێگا. بە هوای ملك ایران بە أمید قرب شاهم: بەخۆشەویستیی موڵکی ئێرانەوە و بە هەویای نزیکی لە شاوە خەون دەبینم. شدە رومیان ز هر سو چو رقیب سد راهم: رۆمیی نەگریس لە هەموو لایەکەوە وەك رەقیبی کۆسپی سەر ریمانی لێ هاتووە. ز رقیب دیو سیرت بەخدای خود پناهم: لە گەری رەقیبی ئاکار وەکوو ئاکاری دێو و درنج خۆم دە پەنای خودا خستووە. مگر آن شهاب ثاقب مددی کند سهارا: مەگەر ئەو ئەستێرە هەموو شت سمە بە فریای سوهاوە بی. سوها ″سها″ ئەستێرەیەکی نادیار و پەنامە، کە لە ورچی گەورەدایە، لە پاڵ ئەستێرەی عیتاق، لە ئەستێرەی ناوین، لە کچانە و بە بێ ئامێری زەرەبین، بە زەحمەت

دەبیندرێ، یەك لە حەوتەوانەیە. تو آفتاب صبحی قدحت ز نور لب ریز: تۆ خۆری ڕۆژیی و پیاڵەت لە نوور پڕاوپڕ و سەرڕێژ و لێواولێوە. پی ذرهای ناچیز کرمت وسیله انگیز: بۆ وەدەستهێنانی ریزەگەلی کەم بەها و هیچ و پووچ کەرەم و بەخششت، پێناو و هۆکارە، سحر (رضا)ی خودرا بە دهن نوالەای ریز: دە بوومەلێلدا پارووێك لە زاری ڕەزای خۆت ئێخە، دیارە " رەزا " بەمانای شێخ ڕەزاش و ڕەزامەندیی خواش دێ. بە خدا کە جرعەای دە تو بە حافظ سحرخیز: تو خودا قومێ بەحافزی دە بوومەلێڵەدا بە خەبەر هاتوو، بەخشش بفەرموو: بەمانای حافزی قورئانیش و پابەندی هەموو رەوشتی موسڵمانانیش و حافزی شیرازیش دێ. واتە: وەکو حافز کە شاعیریشە و سۆفیشە و لە خواترسیشە.. کە بە وقت صبگاهی أثری بود دعارا: بۆ وەی دوعا لە بەرەبەیاندا کە کاریگەرە، کاریگەر بێ.

١٢

در مدح احمد پاشای بەبە*

(پیتی) ئەلف

آصف جـــم صفت و داور اقــلــیـــم گشا
صاحب سیـف و قـلـم حـضرت احـمـد پـاشا
در گـــروه وکـــلا عـــارف و دانـــاتـــر ازو
هست، گفـتـم بـه خـرد، گفت نـه کلا، حـاشا
دهـر در طـاعت او (یـعـرفـه کـیـف یـریـد)
چـرخ در قـبـضـهء او (یـقـلـبـه کـیف یشا)

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)
وەك: "گر مـرا خار زند آن گـل خندان بکشم
ور لبش جور کند از بن دندان بکشم"
آصف جم صفت و داور اقلیم گشا: ئاسەفی خەسیەت جەم و داوەری ئیقلیم گر: پێشتر باسی ئاسەف و جەم کراوە. صاحب سیف و قلم حضرت أحمد پاشا: خاوەنی شیر و خامە، حەزرەتی ئەحمەد پاشا. در گروه وکلا، عارف و داناتر ازو: لە نیو گرۆی وەزیر

و هەمەکاراندا زاناتر لە وی. هست گفتم، بە خرد؟ گفت نە کلا حاشا: ئەگەر بە ئەقڵ هەس؟ گوتی، نەخێر، حاشا. دهر طاعت او (یصرفە کیف یرید): زەمانە گوێ بەفەرمانی وییە، چۆنی بوێ، وای دەگێڕێ.

١٣

عجم*

(پیتی) ئەلف

شکست سر أفسر کسرای عــــجـــــم را
بـربـاد فـنـا بـاد رگ و ریشەء جـم را
آورد شبـیـخـون مـدیـنـە بمدایـن
بگرفت ز شاهان عجم تاج و علم را
این عربده با آل عمر بهر علی نیست
بـا آل عـمـر کـیـنـە قـدیم است عجم را

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف

(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)

وەك: ″ اندوە توشد وارد کاشانەام امشب

مهمان عزیز آمدە در خانەام امشب″

بشکست سر افسر کسرای عجم را: شکا سەری سەر وەك تانجی کیسرای عەجەم. بر باد فنا داد رگ و ریشەء جم را: رەگ و ریشەی جەمی وەبەر بای نەمان دا. آورد شبیخون مدینە بمدائن: مەدینە شەو بە سەر مەدائینیدا دا. برفت ز شاهان عجم تاج و علم را: تانج و ئالای لە دەست شاهانی عەجەم دەرینا. این عربدە با آل عمر بهر علی نیست: ئەم هەموو هەڵەپاسی و وەڕینەیە بە عومەر لەسەر عەلی نییە. با آل عمر کینە قدیمست عجم را: رك و کینەتۆزی دەگەڵ بنەماڵەی عومەردا کۆنە و رەگ و ریشەی دووری هەیە. قسە قسە دێنێ، گرۆی ئەهلی حەق لایان وایە بابانەکان بە رەچەڵەك دەچنەوە سەر باوەکانی کاکەیی و خزمایەتییەکەشیان لەوەڕا هاتووە، گۆیا یەکێ لە باوەکانیان کیژی حەسەن بەگ ناوێکی هێناوە. حیکایەتەکەی لە تەزکەرەی ئەعلادا بە دوور و درێژی هاتووە.

١٤

در مدح شاه نقشبند*

(پیتی) ئەلف

قبلەء حاجت بود روی بهاءالدین ما
طاق محرابست ابروی بهاءالدین ما
تکیەء روحانیان است آستان حضرتش
منزل جانان بود کوی بهاءالدین ما
بوی بوبکرست، بویش درمشام سالکان
خوی پیغمبر بود خوی بهاءالدین ما
هر کسی آرام باید از پریشانی غم
در قرار تاب گیسوی بهاءالدین ما
پنجەء گستاخ دست منکران را بشکند
قوەء اقرار بازوی بهاءالدین ما
جستجو کردم بحمدالله در بحر (رضا)
یافتم لؤلؤ ز نو بوی بهاءالدین ما

(*) کێش: بەحری رەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: " باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش
بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش"

قبلەء حاجت بود روی بهاءالدین ما: رووی بەهائوددینی ئێمە رووگەی پێویستی جێبەجێکردنی مرادانە. طاق محر ابست ابروی بهاءالدین ما: برۆی بەهائوددینی مە تاقی میحرابە. تکیە روحانیان است آستان حضرتش: سەردەرانەی وی تەکیەی سۆفییانە. منزل جانان بود کوی بهاءالدین ما: کۆی بەهائوددینی ئێمە مەنزلی یارانە. بوی بوبکرست، بویش در مشام سالکان: بۆنی مبارەکی لە کەپووی دەروێشان بۆنی حەزرەتی ئەبو بەکرە. خوی پێغەمبەر بود خوی بهاءالدین ما: خووی بەهائوددینی ئێمە خووی پێغەمبەرە. واتە: ئاکار و رەوشتی ئاکار و رەوشتی

پیغەمبەرە. هر کسی آرام باید از پریشانی غم: هەموو کەسی لە پەژارە و پەریێشانی، با ئارام و سەراسوودە بی. لە کوی؟ در قرار تاب گیسوی بهاءالدین ما: لە هێورگای تاو و پێچی زلفی بەهائودینی ئێمەدا. پنچەء گستاخ دست منکران را بشکند: پەنجەی بی پەروایی دەستی ئەوانەی ددان بەئیسلام و پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەردا نانێن. قوەء اقرار بازوی بهاءالین ما: هێزی مل پیێ کەچکردنی بازووی بەهائودینی ئێمە دەیشکێنی، بە چی ؟. جستجو کردم بحمدالله در بحر (رضا): سپاس بۆ خوا لە دەریای (رەزا)دا هەڵپە و ئەمسەروئەوسەرم زۆر کرد. یافتم لؤلؤ ز نو بوی بهاءالدین ما: ئاخرییەکەی مرواریی بۆنی بەهائوددینم لە نوێوە، دیتەوە.

١٥

در مدح محمد بگ قائممقام رانیه*

(پیتی)ئەلف

شعار خویش مکن شیوەء هلاکورا
بجان من مرنجان رئیس آکورا
مخور فریب بحرف دروغ مدعیان
ز بنده بشنو، مشنو حدیث بدگورا
گرفتم آنکه بجرم عظیم متهم است
به ذیل عفو بپوشان جرائم اورا
بشکر آنکه خدا جاه و نعمتت داد است
علی الخصوص بتی نازنین دلجورا
بتی که در وصفش آورم به استشهاد
دو مصرع از غزل سعدی سخن گورا
(حصار قلعەء یاغی به منجنیق مگیر
ببام قصر افگن کمند گیسورا)

....

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون ئەصلەم
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لن)

وەك: ″ منم كە شهرەی شهرم بە عشق ورزيدن

منم كە ديـدە نيـالودەام بە بد ديدن″

شعار خويش مكن شيوەء هلاكورا: ئاكار و ڕەفتاری خۆت وەكو ئاكار و ڕەفتاری هـەلاكۆ مەكە. بجان من كە مرنجان رئيس آكورا: تۆگيانی من دڵی سەرۆكی ئاكۆيان مەڕەنجێنە. مخور فريب بحرف دروغ مدعيان: فريو بەقسەی درۆی ئيديعاكەران مەخۆ. ز بندە بشنو، مشنو حديث بدگورا: قسەی ڕاست لەمن ببيە، قسەی بەدگۆ مەژنەوە، مەبيە. گرفتم آنكە بجرم عظيم متهم است: وای دابنێ كە تاوانی گەورەی وە پاڵ دراوە. بە ذيل عفو بپوشان جرائم اورا: بەداوێنی بەخشين تاوانی وی داپۆشە. بشكرا او كە خدا جاە نعمتت داد است: لە سپاسی ئەوەی كە نيعمەتی دايتێ. علی الخصوص بتی نازنين دلجورا: نەمازا، ئەو جوانەی كە وەك بت وايە. بتی كە در وصفش آورم باستشهاد: ئەو بتەی كە لە وەسفيدا بەشاهيدی دێنمەوە. چی بەشاهيد دێنمەوە؟ دو مصرع از غزل سعدی سخن گورا: دوو لاشيپانە لە غەزەلی سەعديی قسە پاراو. ″ حصار قلعەء ياغی بەمنجنيق مگير – بام قصر بر افگن كمند گيسورا″: شوورەی قەڵا بەر مەنجەنيق مەدە، كەمەندی زلف بۆ سەربانی تالار هەڵدە. ياغی: زاڵم، وا بەديار دەكەوێ ″ياغی″ كە وشەيەكی توركييە، بەمانای نابەفەرمان و سەركێش دێ، بەڵام بە باغيش نووسراوە.

مەولەوی دەفەرموێ:

زانكـە انسان در غنی ياغی شود

همچو سيل خواب من ياغی شود

منجنيق: بەقۆچەقانيی گەورە دەگوترێ كە بە سەر دارێكی مەحكەمەوەی دەبەستن و بەردی زەلامی تێ دەخەن و بەديواری قەڵايدا دەدەن، قەڵای پێ دەشكێنن. مانای بەيتەكە: بۆ گەمارۆدانی دژمن پێويستت بە مەنجەنيق نييە، چون ئەگەر كەمەندی زلف بۆ كۆنگرەی سەربانی كۆشك هەڵدەی، بە سانايی بە سەر دەكەوی و دەيگری.

١٦

برای أمین فیضی *

(پیتی) ئەلف

ز اربـــاب دانش امـــیـــن فـــیـــضی را
امـــتـــیـــازیست کـــز فـــن ضیـــارا
نشانـــهـــاست بـــر اتـــحـــاد مـــن و تـــو
ز یك مـــایـــه گـــویـــی سرشتـــنـــد مـــا را
زیـــاد و کـــم از نـــام نـــامـــیت نـــبـــود
بـــرسم جُـــمَّـــل گـــر شمـــاری رضا را(١)

....

(١) جُمَّل دەخوێندرێتەوە، کە ئەسڵەکەی (جمَل)ە...

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەخبوون

(مفاعلن مفاعلن مفاعلن)

وەك: " فغان ازین جهان و ابتدای او

که ماندەام عجیب در بلای او"

ز ارباب دانش امین فیضی را – امتیازیست کز فن ضیارا – نشانهاست بر اتحاد من و تو: چەند نیشانەیەك کە شایەتیی یەکایەتیی من و تو دەدەن، سەربارێکە بۆ ئەمین فەیزیی خاوەن زانست، کە لە نیشانەیەك هونەری ڕووناکییەوەی بۆ ماوەتەوە. ز یك مایه گویی سرشتند مارا: هەر دەڵێی لە یەك مایەیان گووراندووین. زیاد و کم از نام نامیت نبود: هیچ کەم و کورتییەك لە نێوی نامی و بەناووبانگتدا نییە. برسم جمل گر شماری (رضا) را: ئەگەر بە حسابی ئەبجەدی (جمل) بۆ (رەزا) بژمێری.

١٧

در مدح بگ زادەء جاف *

(پیتی) ئەلف

حق شناسم ندهم کف دامن اوصاف را(١)
آل بـــرمك یـــافـــتـــم بـــگـــزادەهـــای جـــاف را

خواستم در مدح ایشان قطعه‌ای انشا کنم
خامه گفتا کی توانم شرح این اوصاف را
گر قیاس جودشان با (حاتم طائی) کنی
فرق بس باشد زلیخا تا بکوه قاف را

....

(١) أزكف دامن أوصافرا (ت).

(*) کێش: بەحری رەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: ″آن كه نقشی دیگری جایی مصوّر می شود
نقش او در چشم ما هر روز خوشتر میشود″

حق شناسم ندهم از كف دامن اوصاف را – آل برمك یافتم بگزاده‌های جاف را: ئەوەی حەق ناسە، ئەوە قوبووڵ ناكا لە داوێنی مەدحت كورت كەمەوە. بەگزادەكانی جافم وەك بەرەی بەرمەكییان دیت. خواستم در مدح ایشان قطعەی ای انشا كنم: ویستم لە پەسنیاندا پارچە شیعرێك دانێم. خامە گفتا كی توانم شرح این أوصاف را: قەڵەم گوتی كەی دەتوانم شەرحی ئەم وەسفانە بكەم. گر قیاس جودشان با (حاتم طائی) كنی: ئەگەر سەخاوەتیان دەگەڵ سەخاوەتی حاتەمی تائیدا بەراوردكەی. فەرق ئێكجار زۆرە، (زلیخا) لە كوێ و كیوێ قاف لە كوێ؟ ئەو لە یەمەن و كێوی قاف لە بنی دنیایێ.

١٨

مخمسی دیگر بر شعر حافظ
در مدح صبحی پاشای وزیر*

(پیتی) ئەلف

من اگر روان نسازم بە پیامبری صبارا
بەجناب صبحی پاشا كە ترحمی خدا را
ز مقربان خاقان كە شود وسیلە مارا
(بملازمان سلطان كە رساند این دعارا[١]

کـه بـه‌شکـر پـادشاهـی ز نـظـر مـران گدا را)
پـدر تـو سامـی پـاشا کـه بـه پـاکیش گواهـم
نظری به سوی من داشت تو نمی کنی نگاهم
سخـن رقـیب بـدمست مشنـو کـه خـیره خـواهـم
(ز رقـیب دیـو سیـرت بـخـدای خـود پـنـاهـم
مـگـر آن شهـاب ثـاقب مـددی کـنـد خـدارا)
پـدرت هـمـیشه بـرمـن ز کـرم دری گشودی
چـه کـریـم بـود إلـهـی مـارا هـمـی ستـودی
پـدر آشنـای خـودرا تـو ز لـوح دل ربـودی
(چه قیامت است جانا که به عاشقان نمودی
رخ هـمـچـو مـاه تـابـان دل هـمـچـو سنگ خـارا)
مـن اگـر چـه خـاکسام تـو قـریـن مـهر و مـاهـی
مـن اگـر چـه بـیـنـوایـم تـو وزیـر پـادشاهـی
زمـیـان مـا تـفـاوت زمـهـر تـا بـه مـاهـی
(هـمـه شب دراین امیدم که نسیم صبحگاهی
بـه پـیـام آشنـائـی بـنـوازد آشنارا)
تـو کـه آفـتـاب صبـحـی قـدحت زنـور لب ریـز
پـی ذرهـای نـاچـیـز کـرمت وسیـلـه انـگـیـز
سحری (رضا)ی خودرا به دهن نواله‌ای ریز
(بـخـدا کـه جـرعـه‌ای ده تـو بـحـافـظ سحـرخـیز
کـه بـوقت صبـحـگـاهـی أثـری بـود دعـارا)

---

(١) (برساند) (م . ت).

(*) کێش: بەحری کامیل

(متفاعلن فعولن متفاعلن فعولن)

نموونەم دەست نەکەوت.

من اگر روان نسازم به پیامبری صبارا: من ئەگەر بای سەبا وەك پەیك و پێناو

نەنێرم. بەجناب صبحی پاشا کە ترحمی خدرارا: بۆ خزمەت سوبحی پاشا، کە بۆ خوا بەزەیەکی پێمدا بێتەوە. لە هاودەم و نزیکانی خاقان کی دەبێ بە پێناومان. ئەم دوعایە لە جەنابی سوڵتان بگەیەنێ. خاقان نازناوی پادشای مەنگۆلە. دوعایەکە کێهەیە؟ لە شوکرانەی ئەوەدا کە پادشای، گەدا لە بەر دەرکەی ڕەحمەتت دەر مەکە. پدر تو سامی پاشا کە بە پاکیش گواهم: سامی پاشای باوت کە شایەتیی پاکیی بۆ دەدەم. نظری بسوی من داشت تو نمی کنی نگاهم: ئەو چاوێکی پێمەوە بوو، لوتفێکی دەگەڵم هەبوو، ئەتۆ چاوێکت لێم نییە، ئاوڕێکم لێ نادەیەوە. سخن رقیب بدمست مشنو کە خیر خواهم: قسەی ڕەقیب، نەیاری بەدمەست (ئەو ئارەق خۆرانەی کە ئارەق دەخۆنەوە و ئاکاریان وەك ئاکاری دڕندەی لێ دێ) مەبیە، ئەمن خێرخوازم. ز رقیب دیو سیرت بخدای خود پناهم: لە تاو نەیاری ڕەوشت دێو و درنجانە پەنا بۆ خوای خۆم دەبەم مگر آن شهاب ثاقب مددی کند سهارا: دەنا مەگەر ئەو ئەستیرە سمبەیە بەفریای سوها کەوی (سوها یەکێ لە حەوتەوانەیە لە پێشترێ شەرح کراوە). مەبەست لە سوها زۆر دوورییەتی. پدرت همیشە برمن ز کرم دری گشودە: بابت دەرکەیەکی زێڕ و زیوی بە ڕووی مندا هەمیشە کردبووەوە. چە کریم بود الهی مارا همی ستودی: خودایە چەند دڵاوا بوو، هەمیشە ستایشتی دەکردم، دەیلاواندم. پدر آشنای خودرا تو ز لوح دل ربودی: ئاشنای باوی خۆت لە دڵ ڕاڕفاند. چە قیامەت است جانا کە بە عاشقان نمودی: چ قیامەتێکە گیانە، کە دەرهەق بە ئاشقانت نواند. رخ همچو ماه تابان دل همچو سنگ خارا: ڕوخسار وەك مانگی تابان، بە تیشك و شەوق دڵ وەك بەردی خارا. بەردی خارا زۆر ڕەقە.. من اگر چە خاکسارم تو قرین مهر و ماهی: من ئەگەرچی هەش بەسەرم، بەڵام تۆ بەرابەری خۆر و مانگی، هاوتای ویی. من اگر چە بینوایم تو وزیر پادشاهی: من ئەگەر چی بێ نەوام، بەڵام تۆ وەزیری پادشای. ز میان ما تفاوت ز مە است تا بە ماهی: فەرقی نێوانمان، وەك فەرقی مانگ و ڕۆژ وایە. همە شب در این أمیدم کە نسیم صبحگاهی: هەمیشە بە ئاواتی ئەوەوەم کە شنەیەکی بەرەبەیان. بە پیام آشنائی بنوازد آشنارا: بەپەیامی، بە خەبەری ئاشنایی، ئاشنا بەسەر بکاتەوە. تو کە آفتاب صبحی قدحت ز نور لب ریز: تۆ کە خۆری بەیانی پیاڵەت لە ڕووناکی پڕ و سەرڕێژە. پی ذرهای ناچیز کرمت وسیلە انگیز: کەرەمی تۆ هۆکاری بەدوای زێڕ و زیوی هیچو پووچدا گەڕانە. واتە کەرەمی وی، نرخ و بەهای بە زێڕ و زیو بەخشیوە، دەنا زێڕ و زیو شتێکی هێندە بەنرخ نییە..

سحری (رضا)ی خودرا به دهن نواله ای ریز: له بەرەبەیانیکدا پارووییەك له زاری (رەزا)ی خۆ باوی... به خدا که جرعەای ده تو به (حافظ) سحر خیز: تو خوا مژێك مەی به حافزی له بەرەبەیاندا بۆ دوعاکردن هەڵستاو بده. که بەوقت صبحگاهی أثری بود دعارا: بۆ وەی له کاتی بەرەبەیاندا که دوعا کارییه، کاری بکا.

۱۹

در وقتی که والی موصل برای تفتیش بکرکوك می آید*

(پیتی) بی

خواب دیدم دوش کز مغرب بر آمد آفتاب
چیست گفتم بامدادان ای عجب تعبیر خواب
ناگهان از سمت موصل عازم کرکوك شد
آفتاب عالم آرا والی عالی جناب
چون شنیدم این خبر از بهر تبریك قدوم
ره نورد پارا پا نهادم در رکاب
تیز رفتاری چو عزم عالم بالا کند
ره بەمنزل می برد پیش از دعای مستجاب
برق کرداری چو از بالا جهد سوی نشیب
بهر صیدی از هوا گوئی فرود آمد عقاب
یك دو فرسخ ره بە استقبال بیرون تاختم
خیمەها دیدم ز هر جانب طناب اندر طناب
دشت گفتی قلزم است و جستخیز خلق موج
درمیان موج مردم خیمها همچون حباب
باز بگرفتم عنان تا موکب والی رسید
در زمان کردم بسوی موکب والا شتاب
خویش را ز خانەء زین بر زمین انداختم
جبهەء تعظیم را صد جا نهادم بر تراب

آصف خـاکـی نـهـادم چـون فـراز خـاك دیـد
کـرد در ساعت سرافـرازم بـه تـوجـیـه خـطـاب
آمـد از روی تـواضـع بـا مـن انـدر گـفـت و گـو
گرم گرم از وی سؤال و، نرم نرم از من جواب
تا شدم یك بارهگی سرمست صهبای حضور
عـندلیب آسا دریـدم پـردهء شرم و حـجـاب
کـردم آغـاز ثـنـاخـوانـی بـه آواز بـلـنـد
وز جـمـال شاهـد مـعـنـی بـرافـکـندم نـقـاب
خـیـر مـقـدم مـرحـبـا أی خسرو مـالك رقـاب
مـلك و مـلّـت شد بـتشریـف قـدومت فـیـضیـاب
هـم ز شادیّ قـدوم تست آخـر ایـن هـمـه
خـنـدهء بـرق و صدای رعـد و شابـاش سحـاب
بـر زبـانش گـر بـرانـد نـام عـزمت نـاخـدا
مـیـرود بـی امـتـنـان بـادبـان کشتـی بـر آب
کـار عـاقـل نـیست رفـتـن بـر خـلاف رای تـو
خـویش را رسوا کـنـد دیـوانـهء جِـنّـت مآب
در ولایت بـعـد ازیـن حـادث نـگـردد فـتـنـهای
تـا تـو بـاشی و فـهـیم پـاشا ترا نـائب مـنـاب
بعد ازین از این دوعقرب نَبْودم اندیشهای(۱)
چـون بـدیـدم اقـتـران مـاهـرا بـر آفتاب
اقـتـران ایـن دو نـیّـر مـایـهء آسایـش است
مـن چـنـیـن فـالـی زدم (والـلـه اعـلـم بـالـصواب)
از خدا خواهم که دارد در جهان این هر دورا
بـرقـرار و پـایـهدار و کـامـکـار و کـامـیـاب

---

(۱) بعدا زبن درعقرب بنودم اندیسهء.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: " هر زمان زین سبز گلشن رخت می برم
عالمی از عالم فکرت بە کف می آورم"

خواب دیدم دوش: دوێ شەو خەونم دیت. کز مغرب بر آمد آفتاب: کە لە ڕۆژاوەوە خۆر هەڵات. چیست گفتم بامدادان: بۆ سبەینێ چییە گوتم. ای عجب تعبیر خواب: داخۆ لێکدانەوەی ئەو خەونە چەند سەیربێ. ناگهان از سمت موصل عازم کەرکووك شد: لە ناکاو لە موسڵەوە بەرەو کەرکووك چوو. کێ؟ آفتاب عالم آرا والی عالی جناب: والیی بارەگا بڵندی وەکو خۆری جیهان رازێنەوە. چون شنیدم این خبر از بهر تبریك قدوم: هەرکە ئەم هەواڵەم بیستەوە، بۆ پیرۆزباییی تەشریف هێنان. رە نورد یارا پارا پارا پا نهادم در رکاب: ڕێی پارە پارەم وەبەرگرت و پێم لە ئاوزەنگی توند کرد. پارە پارە لای کفرییە. تیز رفتاری چو عزم عالم بالا کند: وەك تیژڕۆیەك کە بەرەو جیهانی سەروو هەڵکشێ: رە بە منزل می برد پیش از دعای مستجاب: کە پێش دوعا قوبووڵ بوون، ڕێ دەباتە مەنزڵ. هەرکەسێ عەزمی قایم بێ و بە دڵ نیازی بە مەبەست گەیشتن بێ، پێش ئەوەی دوعای قوبووڵ بێ، زووتر دەگاتە جێی مەبەست. برق کرداری چو از بالا جهد سوی نشیب: وەك بروسکەیەك کە لە سەررا بەرەو نشێو داکشێ. بهر صیدی از هوا گوئی فرود آمد عقاب: وەك هەڵۆ وایە کە بۆ نەخچیرێك لە ئاسمانەوە نشێو بێتەوە. یك دو فرسخ رە باستقبال بیرون تاختم: بۆ پێشوازکردن یەك دوو فەرسەنگە ڕێیەکم تاودا. خیمها دیدم ز هر جانب طناب اندر طناب: چیم دی، چەندین خێوەتم لە هەموو لایەکەوە دیت. دشتی گفتی قلزم است و جستخیز و خلق موج: دەتگوت دەشتێکی دەریای قەزوێن بزوێنە و جمجووڵی شەپۆلی حەشامات. در میان موج مردم خیمها همچون حُباب: خێوەتەکان لەنێو شەپۆلی خەڵکەکەدا وەك بڵقی سەرئاوابوون، تەشبیهێکی دەگمەنە.. باز بگرفتم عنان تا موکب والی رسید: دیسان جڵەوی ئەسپەکەم گرتەوە، تا والی گەیشت. در زمان کردم بسوی موکب والا شتاب: دەمودەست، بەرەو کۆڕەوی بە شکۆ و بڵند تاوم دا. خویش را از خانەء زین انداختم: خۆم لەسەر خانەی زینی ئەسپەکەم هەڵداشتە خوار. جبهەء تعظیم را صد جا نهادم بر تراب: هەنیەی ڕێزلێنان و گەورەکردنم لە سەد جێ وەسەر خاك ئێخست. آصف خاکی نهادم چون فراز خاك دید: والیی سیفەت خاکیی وەك سیفەتی ئاسەفی بەرخیای، کە لە سەر ئەرز

لە مەبەستم گەیشت. کرد در ساعت سر افرازم بە توجیە خطاب: دەمودەست بە قسە دەگەڵ کردنمدا سەربڵندی کردم. آمد از روی تواضع با من اندر گفتوگۆ: لە ڕووی بێ هەوایییەوە دەگەڵمدا وە وتوویژ کەوت. گرم گرم از وی سؤال و نرم نرم از من جواب: گەرم گەرم لەوەوە هەواڵپرسین و نەرم نەرم لە منەوە وەڵامدانەوە. تا شدم یك بارگی سرمست صهبای حضور: تا بە جارێ سەرمەستی شەرابی بە خزمەت گەیشتن بووم. عندلیب آسا دریدم پردەء شرم و حجاب: وەك بلبل پەردەی شەرم و حیجابم دڕی. کردم آواز ثناخوانی بە آواز بلند: بەدەنگی بەرز دەستم بە پەسندان و پێداهەڵگوتن کرد. وز جمال شاهد معنی بر افگندم نقاب: سەرپۆشم لە ڕووی جوانیی مەعنا هەڵماڵی. خیر مقدم، مرحبا ای خسرو مالك و رقاب: گوتم: بە خێرهاتی، پێ و قەدەمت بە خێر، مەرحەبا، سەرچاو هاتی، ئەی پادشای خاوەن سەر و ماڵی هەمووان. ملك و ملت شد بە تشریف قدومت فیضیاب: وڵات و خەڵکی وڵات بە تەشریف هێنانت سەرلەبەر فەیزیاب بوون، لە هەموو خواست و داواکارییەك سەرشار بوون. سێڵاوی بەرەکەتت هەموو دنیای تەژی کرد. هم ز شادی قدوم تست آخر این همە: هەروەها لە خۆشی و شادمانی تۆوەیە ئەم هەمووە. خندەء برق صدای رعد و شاباش سحاب: کەنینی بروسکە و ناڵەی هەورەتریشقە و شاباشی هەور. بر زبان گر می براند نام عزمت ناخدا: ئەگەر کەشتییەوان نێوی عەزیمەتت، بێرێ، میرود بی امتنان بادبان کشتی برآب: کەشتیی بێ منەتی بایەوان بە سەر ئاودا دەڕوا. کار عاقل نیست رفتن بر خلاف رای تو: سەرپێچی لە ڕای تۆ کاری پیاوی ئاقڵ نییە. خویشرا رسوا کند دیوانەء جِنَّت مآب: شێتی جندۆکە مەئاب، شێتی جندۆکە خانەی خۆی ڕیسوا دەکا، شێتی، جندۆکان گەرایان تێدا هەڵاوردبێ.. در ولایت بعد ازین حادث نگردد فتنەای: لەمەوپاش، لە ویلایەتدا ئاژاوەیەك ڕوو نادا. تا تو باشی و فهیم پاشا ترا نائب مناب: تا تۆ هەبی و فەهیم پاشا جێگری تۆ بێ. بعد ازین از این دو عقرب نَبْودم اندیشەای: ئیدی پاش ئەمە هیچ پەژارەیەکم لەم دوو دووپشکە نامێنێ. چون بدیدم اقتران ماه را بر آفتاب: کە وەختێ جووتبوونی مانگم لەگەڵ ڕۆژدا دیت "دوو مانای هەیە... والی و فەهیم پاشا دوو ئەستێرە یا دوو کولاژدمن بۆ پەسنیش و بۆ فڕیش دەست دەدا. اقتران این دو نیِّر مایەء آسایش است: بەیەك گەیشتنی، جووتبوونی ئەم دوو ئەستێرەیە، والی و فەهیم پاشا، مایەی ئاسایشن. من چنین فالی زدم واللّە أعلم بالصَّواب. ئەمن ئەوها فاڵێکم گرتەوە، ئەوجا خوا بۆ خۆی ڕاستییەکەی دەزانێ ئەوەش هەر بۆ دوو ئەگەران دەست

دەدا. از خدا خواهم که دارد در جهان این هر دورا: لە خوام دەوێ ئەم هەردووە لە جیهاندا. بەرقەرار و پایەدار و بەمرادی خۆگەییو و بە کامی خۆ ڕەسیو کا.

٢٠

مسیح*

(پیتی) بێ

مسیـح بـر فـلك و شاه انـبـیـاه بـەتـراب
دلم ز آتش این غصَّه بسیکه بود کباب(١)
سؤال کـردم ازیـن مـاجـرا ز پـیـر خـرد
چو غنچە لب بر تبسُّم برگشود داد جواب
کـە قـدر هـر دو بـەمـیـزان قـدر سنـجـیدند
کە چون گرانتر ازو بود در همەء ابواب
نشست کـفَّـەء مـیـزان مـصـطـفـی بـەزمین
بەآسمـــان چـــارم مسیـــح شد بـــەشتـــاب

....

(١) دلم زآتش ان غصه بسکه بود کباب (ت).

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون مەحزووف
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن)
وەك:" بە حسن و خلق و وفا کس بە یار ما نر
ترا در ایـن سـخن انکار کار ما نرسـد"

مسیح بر فلك و شاه انبیا بەتراب: حەزرەتی مەسیح لە حەلحەلەی ئاسمان و شای پێغەمبەران لە زەوین. دلم ز آتش این غصَّه بسیکه بود کباب: دڵم لە ئاوی ئەم خەمە بە جارێ بوو بەکەباب. سؤال کردم این ماجرا ز پیر خرد: ئەم ڕووداوەم لە پیری ئەقڵ پرسی. چو غنچە لب بەسخن بر گشود داد جواب: وەك خونچە لێوی بە قسە کردەوە و وەرامـی دایـەوە. کـە قـدر هـر دو بـەمـیـزان قدر سنـجـیدند: کە قـەدری هـەرتکیـان بـە تەرازووی قەدر و ڕێز هەڵسەنگاند. کە چون گرانتر از و بود در همە ابواب. لەبەر وەی ئـەو لـە بـابـەتـەکـاندا لـەو گرانـتر بـوو. نشست کفـەء مـیزان مـصطفـی بـەزمین: تـای

تەرازووی حەزرەتی مستەفا نیشتە زەوین. بە آسمان مسیح شد بشتاب: حەزرەتی مەسیح یەکسەر چوو بۆ ئاسمانی چوارەم.

٢١

در مدح أحمد ناظم بگ متصرف بغداد*

(پیتی) تێ

گـنـبـدی هست کـه نـامش کـفـل سیـمـیـن است
انـدرونش هـمـه بـا آب طـلا رنـگـیـن است[١]
عشق با ساده رخان از پی سمت است و سرین
نه رخ و زلف خم اندر خم و چین در چین است
آن دروغست کـه مـن شیـفـتـهء خـال و خـطـم
شیخ را هم غرض از ساده پرستی این است
ایها الناس چو من رخت به میخانه بکشید[٢]
نـه بـەمسجـد کـه درو زاهـدك بـی دیـن است
خود دو صد عیب نهان دارد و اغماض کند
داستـانش هـمـه از عـیب مـن مسکـیـن است
مـیـتـوانـم کـه کشم کـیـنـه ز دشمـن لـیـکـن
ای عـزیـزان چـەکـنـم سینـهء من بی کین است
چـه غـم آرد ز نـظـر اهـل ریـا زشت آید
خـلـقت مـن کـه بـەچشم هـمـه کس شیرین است
مـایـەام گـوهـر نـظـم است خـریـدارش نـیست
سالـهـا شد کـه ز خـرجـی تـهـیـم خـرجـین است
عـارم آیـد کـه نـویسم بـه کسی شرح نـیـاز
جـز بـه (نـاظـم) کـه ولـی الـنـعـم دیـریـن است
حـبـذا قـبـلـهء اربـاب هـنـر (نـاظـم بگ)
مـتـصرف بـه شرف چـون فـلـك پـرویـن است

عـزم او یـافت مـگـر یـاد، ز آن چـالاك است
حـزم او دیـده مـگـر کـوه ازان تـمـکـیـن است
خامەاش گر چە عبارت ز یکی شاخ نی است
لـیك در دیـدەء آعـدا بـە اثـر زوپـیـن است
بس بـود مـعـدلـتش مـایـەء آرایش مـلك
شهـر بـغداد چـە مـحـتـاج بـە شهـر آیـین است
خـنـجـر مـوعـظـە تـا قـبـضە بـە دل کـار کـنـد
گـرچـە شمشیـر بـدست خـطـبـا چـوبـیـن است
گـر نـدانـم سخـن از نـکـهت خـلـقش گـفـتـن
روزگـاریست کـە بـوی نـفسم مشکـیـن است
ای دبـیـری کـە بـەتحسین مـنت حـاجت نـیست
زانـکـە سر تـا قـدمت تـعـبـیـە از تـحسیـن است
پـایـەات بسکـە بـلـنـد است ز وصف خـجـلـم
چـنـد بـالا بـروم مـی نـگـرم پـائـیـن است
چـمـن عـمـر تـو از بـاد خـزان ایـمـن بـاد
تـا چـمـن پـر ز گـل و یـاسمـن و نسریـن است
تـا درایـن دیـر مسدَّس بـەلآلـی نـجـوم
پـیـکـر گـنـبـد فـیـروزە گـهـر آگـیـن است
ور بـەکـرکـوك فـرومـانـد (رضا) پـنـداری
در حـصاریست کـە دیـوا و درش رویـیـن است
دلم ز آتش آن غصبە بسی کە بود کباب (ت).

---

(١) از درونش (ت).
(٢) بکشید (ت).
(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: ″ عمرهـا در پی مقصـود بـه جـان گردیـدیم
دوست در خانـه و مـا گرد جهان گردیدیم″

گنبدی هست کە نامش کفل سیمین است: گومەزێك هەیە، کە نێوی سمتی زیوینە. از درونش همە با آب طلا رنگین است: لە ناوەوە هەمووی بە ئاوی زێڕ ڕەنگینە، مەبەست لە ″ ناوەوە″ دیارە شتەکانی ناوگەڵیەسی. عشق با سادەرخان از پی ساق است و سرین: ئاشقە لووسی لە بۆ پووز و سورێن و کەفەڵە. نە رخ و زلف و خم اندر خم و چین در چین است: نەك بۆ ڕوو و زوڵف و پێچ و تاو و چین لە سەر چینی پەرچەم و زوڵفە، چونکە ئەوانە هەموو بۆ جێی مەبەست ڕێبەدێیی دەکەم. آن دروغ است کە من شیفتە خال و خطم: ئەوە درۆیە کە یەکێ بڵێ (ئەوانە درۆن)، کە من هەڵوەدای خاڵ و خەتم. شیخ را هم غرض از سادە پرستی این است: مەبەستی شێخیش لە سادە پەرستی هەر ئەمەیە. ایها الناس چو من رخت بە میخانە کشید: ئەی خەڵکینە ئێوەش من ئاسایی تەخت بەرەو مەیخانە ڕاکێشن، واتە: هەر لەوێ بژین و بمرن.. نە بە مسجد کە دراو زاهد بی دین است: نەك بەرەو مزگەوت کە لە دنیا بە درۆ دەسبەرداری بێ دینی لێیە. خود دو صد عیب نهان دارد و إغماضٌ کند: خۆی دوو سەد عەیبی هەس و چاوی لێ دەپۆشێ، داستانش همە از عیب من مسکین است: کەچی داستان و حەکایەتی لە مەڕ عەیبی منی هەژارە. میتوانم کە کشم کینە ز دشمن لیکن: ئەمن دەتوانم دەگەڵ نەیاردا بیکەم بە کینەبەری. ای عزیزان چە کنم سینەء من بی کین است: بەڵام چ بکەم ئازیزان، سینەی من بێ ڕك و کینە. چە غم آرد ز نظر اهل ریا زشت آید: خلقت من کە بەچشم همە کس شیرین است: بەڵام ئێسك و سەروسوورەتی من لەبەر چاوی هەموو کەسێ شیرینە. مایەام گوهر نظم است خریدارش نیست: مایەی فرۆتەنیم گەوهەری شیعرە، بەڵام کڕیاری نییە. سالها شد کە ز خرجی تهیم خرجین است: چەندین ساڵە لە خەرجی خورج خاڵیم. هاوئاوازیی ″خەرجی″ و ″خورجین″ خۆشە. عارم آید کە نویسم بە کسی شرح نیاز: بە نەنگی دەزانم شەرحی حاڵی خۆمی بۆ بنووسم. جز بە ناظم کە ولیُّ النِّعم دیرین است: جگە لە نازم کە خێوی ڕۆزی و بژیوی کۆنمە. حبَّذا قبلەء أرباب هنر ناظم بگ: ڕووگەی هونەرپەروەران کە نازم بەگە، شایستەی پەسن و پێدا هەڵگوتنە. متصرِّف بە شرف چون فلك پروین است: موتەسەڕیف لە شەرافەت و و بڵندیدا هەروەك فەلەکی پەروینە. عزم او یافت مگر باد و زان چالاك است: با عەزمی ئەوی وەچەنگ کەوتووە، لەوەڕا خێرا و چالاکە. حزم او

دید مگر کوه ازان تمکین است: کێو حەزمی ئەوی وەگیر کەوتووە بۆیە هێند چەسپ و پایەدارە. خامەاش گرچە عبارت ز یکی شاخ نیست: قەڵەمی گەرچی بریتییە لە چڵە قەمیشێ. بلکە در دیدەء اعدا بە أثر زوبین است: بەلام لە کارکردندا بۆ چاوی دژمن نێزەی دوو سەرە. بس بود معدلتش مایەء آرایش ملك: داد و عەداڵەتی زۆرە و مایەی رازاندنەوەی مڵك و دەوڵەتە. شهر بغداد چە محتاج بە شهر آیین است: شاری بەغدا چ پێویستی بە یاسا و ئاینە. خنجر موعظە تا قبضە بدل کار کند: خەنجەری پەند و ئامۆژگاری تا مشتوو کار لە دڵ دەکا. گرچە شمشیر بدست خطبا چوبین است: گەرچی شمشێر بە دەست خودبەخوێنانەوە دارینە. گر ندانم سخن از نکهت خلقش گفتن: ئەگەر نەزانم قسە لە بەرامەی قسە ئاکاری پاراوی بکەم. دەمگوت خوایە، داخۆ ئەوە چەند رۆژە بۆ بۆی هەناسەم بۆنی میسکی لێ دێ. ای دبیری کە بە تحسین منت حاجت نیست: ئەی سەرکارێ، کە پێویست بە ئافەرین و بترەژمی من نییە. زانکە سر تا قدمت تعبیە از تهسین است: لەبەر وەی کە لە سەرترا تا ژێر پێت لە ئافەرین سەرشارە " تعبیە" مەبەست "موعەببەء": پایەات بسکە بلندا است ز وصفت خجلم: پلە و پایەت لەبەر وەی فرە بڵندە، لە پەسندان و وەسفت شەرمەزارم، هێچکی وەسفم بە گوریسی پێدا هەڵگوتنت ناگاتەوە. چند بالا بروم می نگرم پائین است: هەر چەندی بەرەو سەروو هەڵکشێم، دەنوارم هەر خوارێیە. چمن عمر تو از باد خزان ایمن باد: چیمەنی تەمەنت لە گەرِی بای پایز بە دوور بێ. تا چمن پر ز گل و یاسمن و نسرین است: تا چیمەن پڕ لە گوڵ و یاسەمەن و نەسرینە. تا در این دیر مسدَّس بەلآلی و نجوم: تا لەم گێتییە شەش پاڵووەدا بە مرواریی ئەستێران. پیکر گنبد فیروزە گهر آگین است: پەیکەری گومەزی پیرۆزە گەوهەر ئاخنە. ئەمانە وەك رستەی مەرجەکی پاش وەلآم کەوتوون. ور بەکرکوك فروماند (رضا) پنداری: ئەگەر لات وایە (رەزا) لە کەرکووك گیری خواردووە و چاوەنۆرە. در حصاریست کە دیوارو درش رویین است: لە حەسارێکدایە، کە دەر و دیواری پۆلآیە.

۲۲

در ستایش شیخ امین اربیلی
رئیس محکمهء جزای کرکوك*

(پیتی) تیٚ

گـفـتـم مـلك روی زمین شیـخ امین است
نـه‌نـه غـلـطـم صد مـلـکش مُـلك یمین است
کـوتـه نـظـری گـفت مـلك مـی نـتـوان شد
کـانـرا بـه‌فـلك مسکـن ویـن را بـه‌زمین است
گـفـتـم مـگـر ایـن ضرب مـثـل را نشنـیدی
ای خـواجـه کـه تشریـف امـاکن بـه‌مکین است
بـازار درایـن کـار درآمـد کـه مـلائك
ازنـور، بـنـی آدم بـیـچـاره ز طین است
مـاهـیت آن تـعـبـیـه از عـالـم انـوار
سرمـایـهء ایـن، قـطـره‌ای از مـاء مـعین است
بـا آن گـهـر پـاك بـرابـر نشود خـاك
صد پـایـه بـه‌میـزان خـرد آن بـه ازیـن است
گـفـتـم کـمـکـی بـاز بـکش خـواجـه عـنـانرا
اصرار مـکـن، عـفـو بـفـرمـا، نـه چـنین است
در بـارگـه لـم یـزل اقـدس یـزدان
بـنـیـاد فـضیـلت هـمـه بـردانش و دیـن است
مسجـود مـلائك شدن آدم خـاکـی
از سایـهء عـلـم لـدنـی و دیـن مـبین است
ای شیـخ اگـر مـحـکـمـه را مـعـدلـتـی هست
از رای زریـن تـو و از فـکـر مـتین است
جـبـریـل امـیـنت ز بـرای چـه نـگـویـم(۱)
صد بـار خـدا گـفت کـه جـبـریـل امین است

شیـریـنـتـر از اشعـار (رضـا) نـیست، بـلـی هست
أمـا نــه چـنین نـغـزو نـه چـنین نمكین است[٢]

....

(١) زبرای(ت).

(٢) چنین نقره (دیوان).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن مەکفووف مەحزووف

(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)

وەك: ″گر دست دهد خاك كف پای نگارم

بر لوح بصر خـط غبـاری بنگارم″

گفتم ملك روی زمین شیخ أمین است: گوتم گەردوونی ڕووی زەوین شێخ ئەمینە. نە نە غلطم صد ملكش ملك یمین است: نا نا هەڵەم کرد، صەد بەزێرکرِدراوی، کەنیزەی وییە. كوتە نظری گفت ملك می نتوان شد: گوتم کورتبینێك ناتوانێ بە مەلایەکەت ببێ. كانرا بفلك مسكن و وین بەزمین است: کە ئەویان ماڵی لە ئاسمان و ئەمیان لەسەر زەوینە. ای خواجه كه تشریف آماكن به مكین است: ئەی خواجە شەرەف و گەورەیی جێگا بە نیشتەنییەوەیە. بازاڕ دراین كار درآید كه ملائك – از نور بنی آدم بیچاره ز طین است: بـازاڕی زەمـانـە وای لـەم كـارەدا كـردووە كـە مـەلایـەكـەت لـە ڕووناکی و ئایەمی بێچارە لە قوڕە. ماهیت آن تعبیه از عالم انوار: چییەتیی ئەو لە جیهانی ڕووناکی ڕسکاوە. سرمایەء این قطره از ماء معین است: ماك و سەرمایەی ئەم دڵۆپەیە لە ئاوی ڕەوانە. با آن گهر پاك برابر نشود خاك: خاك دەگەڵ ئەو گەوهەرە پاکەدا یەکسان نییە. دەگەڵ یەکدیدا بەراورد ناکرێن.. صد پایە بەمیزان خرد آن بە ازین است: صەد پلە بە تەرازووی ئەقڵ ئەو لەم چاترە. گفتم كمكی باز بكش خواجە عنان را: گوتم خواجە نەختێ جڵەو بگرەوە. زۆر مەڕۆ.. اصرار مكن عفو بفرما نە چنین است: زۆری پێ لێ دامەگرە، ببەخشە کارەکە وا نییە. در بارگه لم یزل اقدس یزدان: لە بارەگای هەمیشە هەرهەبووی هەرە پیرۆزی یەزداندا: بنیاد فضیلت همه بر دانش و دین است: بنیاتی ئەردە و زێدەگەورەیی لەسەر زانست و دین ڕۆنراوە. مسجود ملائك شدن آدم خاكی: حەزرەتی ئایەمی خاکیی مەلایەکەت کڕنووش بۆ بردوو: از سایەء علم لدنی و دین مبین است: لە سایەی زانستی خوا خۆی و ئاینی

ڕوون و ئاشکراوەیە. ای شیخ اگر محکمه را معدلتی هەست: ئەی شێخ ئەگەر دادگا عەدالەتێکی بەرکەوتبێ. از رأی زرین تو و ز فکر متین است: ئەوە لە سای ڕای زێڕین تۆ و لە بیری پایەداری یان ڕێی تۆوەیە. دەتوانی (را) بە (ڕێ)یش مانا لێ دەیەوە. جبریل امنیت ز برای چه نگویم: بۆچی جبریلی ئەمین نەڵێم: صد بار خدا گفت که جبریل أمین است: خودا صەد جاری جبریل فەرمووە. شیرینتر از اشعار (رضا) نیست، بلی هەست: لە شیعری (ڕەزا) شیرینتر نییە؟ بەڵێ هەیە. أما نە چنین نغزو، نە چندین نمکین است: بەڵام نەك هێندە شیرن و جوان و نەش ئەوەندە سوێرمەزەیە.

٢٣

برای امین فیضی*

(پیتی) تێ

مشربت خوش و لهجه شیرین است
دهـــنت درج گـــهـــر آگـــین اسـت
فــکـــر بــکـــر تـــو بین بین الـــلـــه
نــغـز دوشیـزه نـیـگـاریـن است(١)
عـرش بـلـقـیس و فـرش بـراقش
در حـقـیـقت کـمـیـنـه کـابین است
این نه شعر است: رشتهء شهداست
این نه نظم است عقد پروین است
مــصرعــی از قــریــحــهء عــطــار
کــه عــجب آبــدار و رنــگین است
گـر بـهتـضمین بـیـارم چـه عـجب
یــکــی از فــنّ شعــر تــضمین است
بــهمــعــانــی گــران، نــظـم سبك
گـر بـود سهـل ممتـنـع ایـن است
تــا بــهضرب المثـل هـمـی گـویـند
کـــه دعـــا از بـــرای آمـین است

خــاطـرت شاد بـاد (امین فـیـضـی)

زان که دریای دانش و دین است

دشمـــنت خـــاکسار و زیـــر و زبـــر

زان که درخورد لعن و نفرین است

فـــضل را دانـــد از خـــدای (رضا)

نـــه ازان شاعـــران خـــودبین است

....

(١) نقرەء شیرەء (دیوان).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ

(فاعلاتن فعلاتن فع لان)

وەك: ″ بیش از این طاقت هجرانم نیست

برگ این دیـــدەء گریـــانم نیست″

مشربت خوش لهجە شیرن است: هاودەمیت خۆش و زارویلت شیرینە. دهنت درج گهر آگین است: زارت چەکمەجەی گەوهەر ئاخنە. فکر بکر تو بین بین اللّە: بیری نەسمراوی تۆ بەینی بەینەڵڵا: نغر و شیرین و نگارین است: کیژی نەسمراوی شیرن و نیگار نییە. عرش بلقیس و فرش براقش: عەرشی بەڵقیسا و فەرشی بەراقیش: در حقیقت کمینە کابین است است: بارەگای شا بەلقیساو فەرش و رایەخی بەراقیش بە ڕاستی مارەییەکی زۆر کەمە. بەڵقیس: قراڵیچەی شاری ″سەبەء″ هاوچەرخی سلێمانی کوڕی داوود، کە بۆ دیدەنیی چووە، بەپێی نەقڵان، بە هاوسەری سلێمان نامێیە. این نە شعراست، رشتەء شهد است: ئەمە شیعر نییە، ڕشتەی هەنگوینە. این نە نظم است، عقد پروین است: ئەمە هۆنراوە نییە، کۆی پەروینە. مصرعی از قریجەء عطار: لاشیپانەیەك لە قەریحەی عەتتار. مەبەستی شاعیری سۆفیی گەورەی ئێران، شێخی عەتتارە. کە عجب آبدار و رنگین است: کە عەجەب ئاودار و ڕەنگینە. گر بە تضمین بیارم چە عجب: ئەگەر بە ناواخنی شیعرمی بکەم، پێت سەیر نەبێ. یکی از فنّ شعر تضمین است: چونکە یەکێ لە هونەری شیعر، لە شیعری تر هەڵکێشانە. بە معانی گران، نظم سبُك: بە مانا گران، بە هۆن سووك. گر بود سهل ممتنع، این است: ئەگەر شتێ هەبێ سانا و لە کر بەدەر، ئەوە ئەمەس. آن بە ضرب المثل همە گویند: ئەوە بە مەسەل دەڵێن. کە دعا از برای آمین است: کە دوعا بۆ خاتری ئامینە. ″ ئامین″

یش و ″ ئەمین″یش دەگرێتەوە. خاطرت شاد باد (آمین فیضی): خاترت هەمیشە شاد بێ. زان کە دریای دانش و دین است: چونکە دەریای دانش و دینە. دشمنت خاکسار وزیر و زبر: دژمنت خاکەسار و ژێر و ژوور بێ. زانکە درخورد لعن و نفرین است: چونکە شایستەی لەحنەت و نفرە.. فضل را داند از خدای (رضا): شێخ رەزا فەزڵ و کەماڵ بە بەهرەیەك لەلایەن خواوەی دەزانێ. نە از شاعران خودبین است: نەك لەلایەن شاعیرانی بە فیز و خۆ بە زلزانەوە.

٢٤

عشق حضرت حسین*

(پیتی) تێ

لافت از عشق حسین است و سرت برگردن است
عشقبازی سر بەمیدان وفا افنگدن است
گر هواخواه حسینی ترك سر كن چون حسین
شرط این میدان بخون خویش بازی کردن است
از حریم کعبە کمتر نیست دشت کربلا
صد شرف دارد بران وادی کە گویند ایمن است
ای من و ایمن فدای خاك پاکش کاندرو
نور چشم مصطفی و مرتضی را مسکن است
زهرەء زهرا نگین خاتم خیرالوری
نطفەء پاك جناب حیدر خیبر کن است(١)
سنّیم سنّی، ولیکن حبّ آل مصطفی
دین و آیین من و آباء واجداد من است
شیعە و سنی ندانم، دوستم با هرکە او
دوست باشد، دشمنم آنرا کە با او دشمن است
حبّ آل و سبّ اصحاب نبی یا للعجب
از قبیل نام سبحان بردن و گوە خوردن است

(١) نطفه پاك جناب: (م)، زور و زهر مرتضاء: (ت).
(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش
بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″

لافت از عشق حسین است و سرت بر گردن است: لاف لە ئەشقی حەزرەتی حوسەین دەدەی و سەرت بە سەر گردنتەوەیە. واتە: بۆ ملپەڕین ئامادەنیت، بۆ شەهید بوون تەیار. نیتن عشقبازی سر بمیدان وفا افگندن است: ئاشقێنی ئەوەتا سەر لە مەیدانی وەفادا بەخت کەی. کر هوا خواهی حسینی ترك کن سر چو حسین: ئەگەر ئاشقە حەزرەتی حوسەینی، تۆش وەکو ئەو لە سەرت خۆش بە. شرط این میدان بەخون خویش بازی کردن است: مەرجی ئەم مەیدانە بە چاکی یا یاری بەسەرخۆ کردنە. واتە سەر لە پێناودا دانانە یا سەربەخت کردنە، ″باز″ ڕەگی فیعلی ″باختەن″ە. از حریم کعبە کمتر نیست دشت کربلا: دەشتی کەربەلا لە حەرەمی کەربەلا کەمتر نییە. صد شرف دارد بر آن وادی کە گویند ایمن است: صەد شەرەفی بەسەر ئەوەدا کە وادیی ئەیمەنی پێ دەگوترێ، هەیە. أیمن و أی من فدای خاك پاکش کاندرو: ئەیمەنیش و هەی منیش، واتە وادیی ئەیمەنیش و خۆشم بە گوریی خاکی پاکی بێ، کە لەوێدا. نور چشم مصطفی و مرتضارا مسکن است: ڕووناکیی چاوی مستەفا و مورتەزا (حەزرەتی عەلی)، مەنزڵیەسی. واتە: ئارامگای حەزرەتی حوسەین لە کەربەلایە. زهرەء زهرا نگین خاتم خیر الوری: ئەستێرە گەشەکەی حەزرەتی فاتیمەی گوستیلکی چاترینی هەموو خەڵکی دنیا. سنّیم سنّی ولیکن حبّ آل مصطفی: سونیم سوننی، بەڵام خۆشەویستیی بەرەی حەزرەتی مستەفا. دین و آیین من و آباء أجداد من است: دین و ئایینی من و باو و باپیرانمە. شیعە و سنّی ندانم دوستم با هر کە أو: شیعە و سوننی نازانم، دەگەڵ هەر کەسێکدا. دوست باشد: دۆست بێ، دشمنم آنرا کە با أو دشمن است: دەگەڵ هەر کەسێکدا دژمنی بێ، دژمنم. حب آل و أصحاب نبی یا للعجب: خۆشەویستیی بەرەی ئیمامی عەلی و جنێو بە یارانی پێغەمبەر، نامەخوا. أز قبیل نام سبحان بردن و گوە خوردن است: لە جۆری نێوی خودا هێنان و گوو خواردنە.

٢٥

در ستایش مرحوم حاجی

ملا عبدالله جلی زاده*

(پیتی)تیَ

عـیب در ذات تـو ای کـان هـنـر مـعـدوم است
مـگـر ایـن عـیب کـه لحم عـلـمـا مسمـوم است
عـلـم تـو در هـمـه جـا بـر هـمـه کشور ساری
شعر من در همه جا بر همه کس معلوم است(١)
مـی رود شعـر مـن و عـلـم جـهـانـگـیـر شمـا
هـر دو بـی فـائـده، تـا جـای اقـامت روم است
نـامـه بـنـویس بـه‌هـر طـرز دلت مـی خـواهـد
هـمـه سحـراست، اگـر نـثـر و اگـر مـنـظـوم است

....

(١) ازهر سو (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مشکول

(فعلاتُ فاعلاتن فعلاتُ فاعلاتن)

وەك: ″ عمـرهـا در پـی مقصـود بـه جـان گردیدیم

دوست من در خانه و ما گرد جهان گردیدیم″

عیب در ذات تو ای کان کرم معدوم است: عەیب لە زاتی تۆدا ئەی کانگای سەخاوەت و کەرەم، بوونی نییە. مگر این عیب کە لحم علما مسموم است: مەگەر هەر ئەوە بێ کە گۆشتی زانایان ژەهراوییە و لە خواردن نایە. و علم تو در همە جا بر همە کس معلوم است: هەروەکو زانستی تۆ کە لە هەموو شوێنێ دیار و زاندراوە. شعر من در همە جا برهمە کشور ساری: شیعری من لە هەموو شوێنێ دیار و زاندراوە. شعر من در همە جا برهمە کشور ساری: شیعری من لە هەموو لایەك، لە هەموو وڵاتێك وەك ئاوی ڕەوان دەڕوا. می رود شعر من و علم جهانگیر شما / هر دو بی فائدە تا جای اقامت روم است: شیعری من و زانستی جیهان شومولی ئێوە، تا جێمان وڵاتی ڕۆم بێ، بێ سوود بە بادی هەوا دەڕوا. نامەای بنویس بە هر طرز دلت می خواهد: نامەیەك

بنووسە، بەهەر شێوەیەك كە دڵت دەیەوێ. همە سحراست، اگر نثر و اگر منظوم است: هەمووی هەر سیحر و فسوونە، چ پەخشان، چە هۆنراوە.

٢٦

در ستایش پیر گیلانی*

(پیتی) تێ

کارم کە بەکامست نە از شاه و وزیراست
هر مایە کە دارم همە از سایەء پیراست
آن پیر کدامست، چە نام است مراو را
آن مهر جهان تاش و این ماه منیر است
آن پیر نە شیلی و نە معروف و جنیداست
اینها همە یك جلوه از آن پیر کبیراست
هر گربە کە پروردەء خوان کرم است
صیدش همە ببر است و شکارش همە شیراست

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)
وەك: "گر خلق بدانند کە من عاشق و مستم
ور عافیتش صرفە دهی هم نفروشم"

کارم کە بە کامست نە از شاه و وزیراست: ئەمن کارم بە مقصوودە، نە بە شا و وەزیر. هر مایە کە دارم همە از سایەء پیر است: هەر مایە و سایەیەکم کە هەس، هەمووی لە سای پیرەوەیە. آن پیر کدام است، چە نام است مر أورا: ئەو پیرە کێهەیە، مەگەر ئەو نێوی چییە؟ آن مهر جهان تابش و این ماه منیراست: ئەو خۆری هەتاو بە جیهان بەخش و ئەم مانگی ڕۆشنکەرەوەیە. شیبلی: لە شێخە مەزنەکانی تەسەوف و خەڵکی وراسان و قوتابیی جونەیدی بەغدادی و هاوپۆلی حوسەینی کوری مەنسووری حەلاج بوو. باوی پەردەداری گەورەی خەلیفەی عەبباسی و چەنانێ و بۆ مەودایەك بەسەر حوکوومەتی دماوەندا ڕادەگەیشت و پاشان بوو بە پەردەداری سەرکەوتووی

خەلیفەی عەباسی. هەنگین لە کاروباری دیوان دەستی هەڵگرت و ملی لە خواپەرستی نا. سەرەنجام لە مەجلیسی خەیر نەسساجدا کە لە مەزنانی تەسەوف بووە، تۆبەی کرد و بوو بە هاودەمی جونەیدی بەغدادیی. شیبلی جگە لە مەزرا و خانووبەرە، ٦٠٠٠٠ دیناری لە باوی بۆ بەجێ ما و سەرلەبەری لە ڕێی خوادا بەسەر هەژاراندا بەشییەوە. شیبلی لە محەممەدی کوڕی مەهدی بەسری فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی دەگێڕایەوە و گرۆیەك حەدیس لەوەوە ڕیوایەت دەکەن. شیبلی شیعری بە زمانی عەرەبی دەگوت. لە سۆنگەی برێ کەرامەت، خەڵك بە شێتیان دەزانی و چەندین جاریان بۆ نەخۆشخانە برد. ٨٨ساڵی تەمەن کرد. شێخ جونەید لە گۆڕستانی خەیزورانی بەغدایەی، ناشت. قسە و شەتەحاتی سۆفییانەی زۆری لە پاش بە جێ ماون. مەعرووفی کەرخی: ئەبو مەحفووز مەعرووف کوڕی فەیرووز کوڕی کەرخیی بەغدادی. لە ساڵی ٢٠٠ی ك. دا لە بەغدا مردووە. دەڵێن، دەربانی "عليُّ الرِّضا" (د . خ) بووە. جونەیدی بەغدادیی: ئەبولقاسم کوڕی محەممەد، عارف و زانای ئاینیی نامیّ. لە ٢٩٧ی ك. دا لە دایك بووە و لە بەغدا گەورە بووە. یەکەم کەسێ بووە کە لە بەغدا لەمەڕ زانستی یەکیەتیی خواوەند قسەی فەرمووە. آن پیر نە شبلی و نە معروف و جنیدا است: ئەو پیرە نە شێخی شیبلی و نەشێخ مەعرووفی کەرخییە و نە شێخ جونەیدە. اینها همە یك جلوە از آن پیر کبیر است: ئەمانە سەرلەبەر پرتەوێکن لەوی. هر گوربە کە پروردەء خوان کرم است: هەر گوربەیەك کە پەروەردەی سفرە و خوانی کەرەمە. صیدش همە ببر است و شکارش همە شیر است: ڕاوکردنی هەمووی بەورە و ڕاوچیی وی شێرە.

٢٧

در هجو حافظ افندی*

(پیتی) تێ

مرا بەخانەء پاشا بەضرب سیلی و مشت
حسین افندی زن قحبە راند و حافظ پشت
کدام بگچی و قائقچی و ترمپاچی
بەکون (حافظ افندی) فر و نبرد انگشت

زبسکــه حــیــز بــود هــمــچــو جسر بــغــدادش
هــمــیشه آب بـــــەزیـــــراست و آدمـــی بـــر پشت
بـــەدست ایـــن دو لـــعین کشتـــه شوم چـــه عـــجب
مـــگـــر حسین عـــلـــی را یـــزیـــد و شمـــر نـــکشت
نـــعـــوذ بـــالـــلـــه اگـــر ایـــن بـــود مسلـــمـــانـــی
جواب صواب دین یهود است و مذهب زردشت

....

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون مەقسوور
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلان)
وەك: ″ دو چشم اگر بگشادی به آفتاب وصال
بر آ به چرخ حقائق دگر مگو ز خیال″

مرابەخانەء پاشا بەضرب سیلی و مشت – (حسین أفندی) زن قحبه راند و حافظ پشت: حوسەین ئەفەندی و حافزی پوشت، بە لێدانی زللە و مشت، بۆ ماڵی پاشایان بردم: کدام بگچی و قایقچی و ترمپاچی – به کون حافظ أفندی فرو نبرد انگشت: کێهە پاسەوان و قایەقچی و تورومپاچی کلکیان وە قنگ حافز ئەفەندیدا نەکرد. زبسکه حیز بود همچو جسر بغداد – همیشه آب بەزیر است، آدمی بر پشت: ئەوەندە حیز بووە، هەروەکو پردەکەی بەغدا، هەمیشە ئاوی لە ژێردایە و زەلامێکی لە سەر پشتە. به دست این دو لعین کشته گر شوم چه عجب – مگر حسین علی یزید و شمر نکشت: ئەگەر بە دەستی ئەم دوو مەلعوونە بکوژرێم سەیر نییە، ئەدی حوسەینی کوڕی عەلی، یەزید و شمر نەیان کوشت؟ أعوذ باللّه اگر این بود مسلمانی – صواب دیـن یـهـود است و مـذهب زردشت: پـەنـا بـە خـودا ئـەگـەر ئـەمـە ئـایـنـی ئیسلام بێ، ئەمەڕاست و ڕەوان ئاینی جووە وئۆلی زەردوشتە.

٢٨

در وقت صلح در بین طالبانی و سادرت سلێمانی فرموده*

(پیتی) تێ

مـــاه رمـضـان چـون گـذرد نـوبت عـیـد است
پــیش از رمـــضـان آمدن عـیـد کـه دیداست

کـرکـوك چـرا بـر هـمـه آفـاق نـنـازد
امــروز کــه آرامـگـه ایـنسه حـفـیـد است
ز عـیـد غـرض صحـبت آن قــدوهء سادات
سردار گــروه شرفین (شیــخ سعــیـد است)
صد شکـر کــه مــقــدم آن یـار عـزیـزان
هر سال دو عید آمد امسال سه عید است
از سعدی آن (شیخ سعید است) که امسال
مـقـراض حـوادث سر مـویـی نـبـرید است
بـا آل نـبـی پـنـجـه زدن پـیشهء مـا نـیست
ایـن واقـعـه تـقـدیـر خـداونـد مـجـیداست
نسبت نـه کـنـونست بـدیـن درد (رضا) را
در روز ازل عاشق و درویش و مرید است

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)
وەك: "گر خلق بدانند که من عاشق و مــستم
آوازة درست است که من توبه شکستم"

ماه رمضان چون گذرد نوبت عید است: مانگی ڕەمەزان کە بەسەر چوو نۆرەی جێژنە. پیش از رمضان آمدن عید که دید است: پێش هاتنی رەمەزان کێ جێژنی دیوە؟ کرکوك چرا بر همه آفاق ننازد: شاری کەرکوك بۆچی بەسەر هەموواندا نەنازێ؟ امروز که آرامگه این سه حفید است: ئەمڕۆ کە ئارامگەی ئەم سێ نەوەیەیە. از عید غرض صحبت آن قدوهء سادات: مەبەست لە جێژن بە دیدار گەیشتنی ئەو پێشەنگی ساداتەیە. سردار گروه شرفا (شیخ سعید است): سەرداری گرۆی ئەشراف (شێخ سەعید)ە. صد شکر که مقدم آن یار عزیزان: صد سپاس کە هاتنی ئەو یارە عەزیزانە، هر سال دو عید آمد و امسال سەعید است: هەموو ساڵێ دوو جێژن دێ و ئەمساڵ سێ جێژنە. از سعدی (شیخ سعید) است که امسال – مقراض حوادث سر مویی نبرید است: لە سای بەختەوەریی ئەو (شێخ سەعید)ەوەیە کە ئەمساڵ هەورێنی ڕووداوان سەری

یەك كەسی نەبڕیوە.. شاعیر لە وشەی (سعد) جیناسی هەڵناوە. یەكێكیان بە مانای (سعد) بەختەوەری، دووەمیان بە مانای نێوی شێخ سەعید.. با آل علی (پنجه) زدن پیشهء ما نیست: دەگەڵ بەرەی حەزرەتی عەلیدا پەنجە لێدان پیشەی ئێمە نییە. این واقعه تقدیر خداوند مجید است: ئەم ڕووداوە لە چارەنووسی خواوەندە. نسبت نه كنون است بدین درد (رضا) را: هاوسەروكاریی (ڕەزا) بەم دەردەوە ئی ئەوڕۆ نییە. در روز أزل عاشق و درویش و مرید است: هەر لە ڕۆژی عەزەڵەوە ئاشق و دەروێش و مریدە.

٢٩

سپاسنامەء ناظم بگ متصرف بغداد بمناسبت

فرستادن عبا*

(پیتی) تی

از من بەدوست واسطەء یك صبا بس است
از وی مرا تعارف یك مرحبا بس است
گردن نمی كشم بەطمع چون شتر دراز
درویش را ز پشم شتر یك عبا بس است
پشمی كفایت است ز پوشیدنی مرا
گستردنی بخانەء من بوریا بس است
ما بنده را بەچیز دیگر احتیاج نیست
این دست خط روانه كه كردی بەما بس است
وقتی كه خواجه از سرشفقت غلام را
در نامه یاد كرد همینش عطا بس است
(ناظم) بگم نواخت فرستاده هدیەای
این افتخار بهر من بینوا بس است
هم بنده را نوازش وهم بنده زاده را
او را ز هر دو بنده غرض این دعا بس است
یارب بەحق آل علی عبایش نگاه دار
كین پنج تن شفاعتشان از خدا بس است

غمگین مشو (رضا) اگرت مال و جاه نیست
این خواندنت بنام امام رضا بس است

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)
وەك: ″گر خلق بدانند که من عاشق و مستم
آوازه درست است که من توبه شکستم″

از من بەدوست واسطەء یك صبا بس است: لە لایەن منەوە پەیکێ یەك بای سەبا بەسە. از وی مرا تعارف یك مرحبا بس است: یەك مەرحەبا لەوڕا بۆ یەکتر ناسین بەسە. گردن نمی کشم بطمع چون شتر دراز: بە تەماحەوە وەك وشتر مل درێژ ناکەم. درویش را ز پشم شتر یك عبا بس است: عەبایەك لە کوڵکی وشتر بۆ دەروێش بەسە. پشمی کفایت است ز پوشیدنی مرا: کەچە خورییەك بۆ پۆشاکم بەسە. گستردنی به خانەء من بوریا بس است: بۆماڵی من ڕاخستەنی، بووریا، حەسیری ژاژ بەسە. ما بنده را به چیز دیگر احتیاج نیست: ئێمەی بەندە، پێویستمان بە هیچ شتێکی تر نییە. این دست خط روانه که کردی بەما بس است: ئەم دەسخەتەت کە بۆمە ڕەوانە کرد، بەسە. وقتی که خواجه از سر شفقت غلام را: وەختێ کە خواجە لە ڕووی بەزەیی باوکانەوە خولامان. در نامه یاد کرد همنیش عطا است: بە بیر بێتەوە ئەوە بۆ خۆی بەخششێکە. ناظم بگم نواخت فرستاده هدیەای: نازم بگ نوازشتی کردم، دیارییەکی بۆ ناردووم. این افتخار بهر من بی نوا بەس است: ئەم شانازییە بۆ منی بێ نەوا بەسە. هم بندەرا نوازش و هم بندەزادەرا: بۆ بەندەش و بۆ بەندەزادەش ئەو نوازشتە بەسە. اورا ز هردو بنده غرض این دعا بس است: ئەم دوعایە لە هەردوو بەندەوە، لە جیاتی، بەسە. یارب به حق آل عبایش نگاه دار: خوایە تۆ حەققی بەرەی عەبا، چاوێری بفەرمووە. کین پنج تن شفاعتشان از خدا بس است: کە ئەم پێنج کەسە داوا کردنی شەفاعەتیان لە خوا بۆ گوناهباران بەسە. غمگین مشو (رضا) اگرت مال و جاه نیست: غەمگین مەبە ڕەزا ئەگەر ماڵ و پلەو پایەت نییە. این خواندنت بنام إمام رضا بس است: ئەم بە نێوی ئیمام ڕەزا نێو نرانەت بەسە.

٣٠

در سپاس فرستادن تماکو*

(پیتی) تیّ

ای صورت بەسان خلیفەء ثالث
وی نیکو سیرت و حمیده صفات
نه چو من هست شاعری، نه چو تو
کاتبی در فنون تحریرات
عنبرین ساخته دماغم را
به تماکوی عنبرین نفحات
از گلویم بەسینه هر نفسش
چون فرو میرود ممدّ حیات
وز درون جگر بنای گلو
چون همی برکشم مفرح ذات
دوستان زبانیم هستند
باد یکایك فدای عهد و وفات
این قدر من دعایت می گویم
که خلائق همه کنند دعات

(*) کێش: بەحری خەفیف موسەددەس مەحزووف
(فاعلاتن مفاعلن فعلن)
نموونەم وەدەست نەکەوت.

ای صورت بە سان خلیفەء ثالث: ئەم نیو بەیتە دەبوا لەگەڵ دێڕی دووەمدا هاوقافیە بێ. ئەی شێوە وەك خەلیفەی سێیەم. **وی نیکو سیرت و حمیده صفات**: وەی چاك ئاکار و ڕووشت ستایشتکراو. **نه چو من هست شاعری، نه چو تو**: نەوەك من شاعیرێك هەس نە وەك تۆ. **کاتبی در فنون تحریرات**: نووسیارێك لە هونەرەکانی نووسیندا. **عنبرین ساخته دماغم را**: دەماخی عەنبەر بۆ کردووم. **به تماکوی عنبرین نفحات**: بە تووتنی بەرامە عەنبەر. **از گلویم به سینه هر نفسش – چون فرو می رود ممدّ حیات**:

هەر مژێکی کە لە گەرووم بۆ سینەم دەچتە ژوور، مەدەد و یاریکارێکی ژیانە. وز درون جگر بنای گلو: چون همی برکشم مفرح ذات: کە لە ناخی جگەرمیەوە بۆ لوولەی گەرووی هەڵدەکێشمەوە، فەرەحی بە گیان دەبەخشێ. دوستان زبانیم هستند: دۆستانی سەرزاریم هەن. با یکایك فدای عهد و وفات: هەی یەکە بە یەکەیان سەرلەبەر بە گوریی پەیمان و وەفات بن. این قدر من دعایت می گویم: من هەر ئەوەندەت دوعا بۆ دەکەم. کە خلائق همە کنند دعات: کە سەرلەبەری بوونەوەران بۆتی دەکەن. واتە: هێندەی هەموو مەخلووقاتت دوعا بۆ دەکەم.

۳۱

در تفسير معنی بيت مشهور (بلبلی برگ گلی خوشی رنگ در منقار داشت) گفته است*

(پیتی) تێ

شاه والا وقت طـــالـــع روی در ادبـــار داشت
ایـن دل غـم مـنـزلـم را غـرق در اکـدار داشت
بـر سرورم صد هـزاران کـوه غـصَّه بـار داشت
صاحـبـا در حـالـتـی کین بـنـده غم بسیار داشت
یـادم آمـد از کـلام آن جـنـاب اظـهـار داشت
کرده بودی ز امتحان با شاعران گفت و شگفت
کـز وجـود مـن بـرو در مـنـظـر عـالـم بـرفت
هـیـچ کسی بـر وفـق طـبـع مـن در مـعـنـی نسفت
گفته بودی مقصد حافظ چه بود از آنچه گفت
(بـلـبـلـی بـرگ گـلـی خوش رنگ در منقار داشت)
زان حـبـیب حـیّ و حـق امـداد فـیض سرمـدی
بس تـضـرّع کـردەانـد دربـاب آل احـمـدی
ذات احـمـد را شفـیـع آورده بـر هـر مـقـصدی
نـصف شب غـوّاص گـردیـدم بـه بـحـر ابـجـدی

تـا بـبـیـنـم این صدف آیـا چـه درّ در بـار داشت
زان هـمـه مـردان بـیـامـد صفـوت جـاروی کش
بـر دل آمـد مـعـنـی شیـریـن بسی بـی عـیب و غش
لـوح قـلـبـم را صفـا دادنـد هـمـی آیینه‌وش
بـلـبـلـی بـرگ گـلـی شد سیـصد و پـنـجـاه و شش
بـا حسین و بـا حسن هـم بـا عـلـی مـعـیـار داشت
ایـن چـنین جـاریست عـادات حـکـیـم ذوالمنـن
بـهـر تـرفـیـع هـمـان قـطب رفـیـع ممتـحـن
بـر گـروه اولـیـا بـار و بـلاهـای فتن
بـرگ گـل سبـز است آن دارد نشانـی از حسن
چـونـکـه در روز شهـادت سبـزی رخسار داشت
ایـن نمی بـاشد خـدا نـخـواستـه از زیـن و شین
ایـن نمی بـاشد خـدا دانـد پـی اسرار بین
آنـچـه رفت بـر نسل شاه غـازی بـدر و حـنین
رنگ گـل سرخست آن دارد نشانـی از حسین
چونکه در حین وفاتش سرخی رخسار داشت(۱)
چـونـکـه در عـصر سعـادت قـطب بـرده نـزد گـل
پـیش ازیـن دانستـه حـالت زان شده مـأمـورُ پـل
وز مـعـارف نـوش کـرده از نـبـی نـوشاب مُـل
بـلـبـلـی بـاشد عـلـی کـز فـرقت آن هـر دو گـل
وان دران بـرگ و نـواخـوش نـالـهـای زار داشت
صد هـزاران رحـمت حـق بـاد بـرجـان رضا
بس بـه والـلـه پـیـمـبـر شافـعش روز جـزا
مـن ز ایمان کـرده‌ام از جـان حب مـرتـضی
مـن نـهـانـی گـویـم ایـن تـخـمیس از بـهر رضا
تـا بـدانـنـدش (رضا) ایمان بسی انـوارداشت

....

(١) حال وفاتش: (م)، حين وفاتش: (ت).

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: " باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش

بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش"

شاه والا وقت طالع روی در ادبار داشت: کاتێ شای پایە بڵند ، یەغباڵی ڕووی لە پشت تێکردنی بوو. این دل غم منزلم را غرق در اکدار داشت: ئەم دڵەماڵی خەمەی لە خەمدا نوقم کردم. بر سرورم صد هزاران کوه غصَّه بار داشت: صەدان هەزار کێوی خەمی لەسەر کۆڵی دڵخۆشیم بار کرد. صاحبا در حالتی کین بنده غم بسیار داشت – یادم آمد از کلام آن جناب اظهار داشت: دە حاڵەتێکدا کە بەندە خەمم زۆر بوو، ئەوەم لە قسەی ئەو جەنابەوە بە بیر هاتەوە، کە فەرمووبووی. کرده بودی ز امتحان با شاعران گفت و شگفت: ئەوەی دەگەڵ شاعیرانتدا، بە ئەزموون وتووێژ فەرمووبوو. کز وجود من برو در منظر عالم برفت: وەك بێژی لەم ڕووەوە من لە تابلۆی جیهان سڕابمەوە و نەبم. هیچ کسی بر وفق طبع من درّ معنی نسفت: بەڵام هیچ کەسێ بە پێی مجێزی شاعیرانەی من دوڕی مانای نەسمی.

گفته بودی مقصد حافظ چه بود از آنچه گفت؟ گوتبووت، مەبەستی حافز لەوە، کە گوتوویە، چ بووە؟ بلبلی برگ گلی خوش رنگ در منقار داشت: بولبولێك پەڕە گوڵێکی ڕەنگ خۆشی بە دەندووکەوە بوو. زان حبیب حیُّ و حقّ امداد فیض سرمدی: لەو خۆشەویستە زیندوو و هەقە داوای فەیزی هەتا هەتایی کردن. بس تضرّع کردەاند در باب آل احمدی: لە دەرگای بەرەی پێغەمبەری زۆر پاڕاونەوە. ذات أحمدرا شفیع آورده بر هر مقصدی: بۆ جێبەجێ بوونی هەر نیازێ زاتی پێغەمبەری بە شەفاعەتخواز هێناوەتەوە. نصف شب غوّاص گردیدم بە بحر أبجدی: نیوە شەوێ بووم بە قووتخۆرەوەی نێو دەریای ئەبجەدی. تا ببینم این صدف آیا چه در بار داشت: تا ببینم داخوا ئەم قەپێلکە چیی لە باردا بود. زان همه مردان بیامد صفوت خاروی کیش: لە پوختەی ئەو هەموو دڕو و داڵانەی کە ئەو پیاوانە گردیان کردبووەوە هاتە گۆڕێ. بر دل آمد معنی شیرین بس بی عیب و غشّ: مانایەکی بێ فهێت و خەوش و گرێ و گۆڵ وەسەر سەفحەی دڵ کەوت. لوح قلبم را صفا داد همی

ئایینەوش: هەمور دەپی دڵیان وەك نەینك جەلا دام.
بلبلی برگ گلی شد سیصد و پنجاه و شش: " بولبولێك پەڕە گوڵێكی" بوو بە سێ سەد و پەنجا و شەش. با حسین و با حسن هم با علی معیار داشت: دەگەڵ حوسەین و حەسەن و عەلیدا وەك یەكی لێ هات.. این چونین جاریست عادات حكیم ذو المنن: ئەم داوودەستووری خوایە هەر وا بووە و وەو تەرحە ڕۆیشتگە. بهر ترفیع همان قطب رفیع ممتحن: بۆ تەرفیعی هەمان تەوەرەی بڵندی ئەزموونكەر. بر گروه أولیا بار و بلاهای فتن. بۆ كۆڵی گرۆی وەلییان بار و بەڵای ئاژاوەیە. برگ گل سبز است آن دارد نشانی از حسن: پەڕەی گوڵ كەسكە و نیشانەیەكی لە حەزرەتی حەسەن پێوەیە. چونكه در روز شهادت سبزی رخسار داشت: چونكە لە ڕۆژی شەهیدبوونیدا، ڕەنگی ڕوخساری كەسك بوو. این نمی باشد خدا نخواسته از زین و شین: ئەمەش، خوا نەخواستە، لە چاكە و خراپەیەوە نییە ."زین" بە عەرەبی، بە مانای چاك و "شین" بە مانای خراپە. این همی باشد خدا داند پی اسرار بین: ئەمە دەبێ خودای لە نهێنییان خەوەردار، هەر بۆ خۆی بیزانێ. آنچه رفت بر نسل شاه بدر و حنین: ئەوەی بەسەر نەوەو شای غەزای بەدرو حونەین هاتووە. مەگەر هەر خودا خۆی بیزانێ چۆن بووە. رنگ گل سرخ است آن دارد نیشانی از حسین: ڕەنگی گوڵ سوورە و ئەوە نیشانەیەكی لە حەزرەتی حوسەین پێوەیە. چونكه در حین وفاتش سرخی رخسار داشت: چونكە لە كاتی مردنیدا، ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو. چونكه در عصر سعادت قطب برده نزد گل: چونكە لە سەروبەندی سەرەتای ئیسلامەتیدا، كە بەسەروبەندی بەختەوەری لە قەڵەم دەدرێ، قوتبی بۆ كن گڵ بردووە. پیش ازین دانسته حالت زان شده مأمور پل: هەر لە پێش ئەمەوە لە سەرەنجامەكە ئاگا بووە، لەبەر هەندێ بووە بە بەرپرسی پردی سیراتێ: وز معارف نوش كرده از نبی نوشاب مُل: خۆشاوی شەرابی زانایی و دانایی لە پێغەمبەری ئاخری زەمانێ نۆش فەرمووە. بلبلی باشد علی كز فرقت آن هر دو گل: كەواتە حەزرەتی عەلی بولبولێكە و لە تاو لەو دوو گوڵە هەڵبڕانی، كە حەزرەتی حەسەن و حەزرەتی حوسەینە. واندران برگ و نوا خوش نالهای زار داشت: لەو ئاواز و نەوا خۆشەدا، دەگریا و دەینالاند. "برگ" بە مانای ساز و نەوا و ئاواز هاتووە. صد هزاران رحمت حق باد بر جان (رضا): صەد هەزاران ڕەحمەتی هەق لە گیانی ڕەزا بێ. بس به واللّه پیمبر شافعش روز جزا: تەنیا هەر پەیامبەر لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا، شەفاعەتخوازیەتی. من ز ایمان كردەام از جان حبّ مرتضی: ئەمن بە

دڵ و بە گیان مورتەزام، کە حەزرەتی عەلییە، خۆش ویستووە. من نهانی گویم این نخمیس از بهر رضا: من ئەم پێجینەیەم بە نهێنی لەبەر خاتری ڕەزا گوتووە. تا بدانند (رضا) ایمان بسی أنوار داشت: تا بزانن، کە (رضا) زۆری باوەڕ بەو نوورانە بووە.

٣٢

در وقت شطرنج بازی*

(پیتی) جیم

پس از تشریــفت ای مــیــر سخــن سنــج
مـفـتِّـش بـا مـن از تـو بـاخت شطـرنـج
ز حـدَّت کـف زنـان بـر تـخت مـی کـوفت
مـگـر مـعـنـای شطـرنـج است صدرنـج
بسی دقّـــت نمود و جـــهـــد فـــرمـــود
یك از دنـــبـــال یك بـــردم از او پـــنـــج
سه اوَّل پـــنـــج آخـــر هشت نـــوبت
بـــرو غـــالب شدم چـــون مـــار بـــر گـنـج
چـو مـن مـردی بـەاستـادی در ایـن کـار
نـــبـــاشد در هـــمـــه اسلام و افـــرنـــج
عـــراق و پـــارس و تـــبـــریـــز، صفـــاهـــان
بـــخـــارا و خـــطـــا و بـــلـــخ بـــا گـنـج
نـــبـــاشد چـــون (رضا) شطـــرنـــج بـــازی
نـــه در تـــرك و نـــه در روم و نـــه در زنـــج

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف
(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)
وەك: ״ دلـم در جنبش آمـد بـار دیگر
ندارم کە چە دارد باز در سر״

پس از تشریفت ای میر سخن سنج: ئەی میری لە قسان سرنجدەر، پاش تەشریف

هێنانت. مفتش با من از تو باخت شطرنج: من و پشکێن یاریی شەترەنجمان لێ بردیەوە. زحدَّت کف زنان بر تخت می کوفت: لە تووڕەییيان، دەستی بەسەر مێزدا دەکوتا و دەیگوت. مگر معنای شطرنج است صد رنج: مەگەر مانای شەترەنج، صەد ڕەنجە، صەد ئێش و ئازارە. بسی دقَّت نمود و جهد فرمود: زۆری لێ ورد بووەوە و هەوڵی زۆری فەرموو. یك از دنبال یك بردم از او پنج: یەك لە دو یەك پێنج جارم لێ بردەوە. سە اوَّل پنج آخر هشت نوبت: سێ جاری تریشم لێ بردەوە و پێنج دەستی تری دواییش. برو غالب شدم چون مار بر گنج: وەك بانبانکی سەر خەزێنان بەسەریدا زاڵ بووم. جو من مردی بەاستادی در این کار: وەستایەك وەك من لەم کارەدا. نباشد در همە اسلام و افرنج: لە دنیای ئیسلام و فەرەنگدا. عراق و پارس و تبریز، صفاهان: لە عیراق، فارس، تەورێز و ئەسفەهاندا. بخاراو خطا و بلخ با گنج: لە بوخارا و خەتا و بەلخ و گەنجەدا. نباشد چون (رضا) شطرنج بازی: شەترەنج بازێکی وەکو (ڕەزا). نە در ترك و نە در روم و نە در زنج: نە لە تورکدا، نە لە ڕۆمدا، نە لە ڕۆمدا و نە لە زەنگدا... پیاوی زیرەك لە مانای پشت دێرەکان تێ دەگا.

٣٣

تخمیس غزل مسیح*

(پیتی) جیم

در باغ خیال تو دلم گشت گهر سنج
مهرت بە دلم نقش کشید است چو شطرنج
می گشت شب و روز چو افعی بەسرگنج
(چشم و خط و خال و رخ و ابروی توهر پنج
زیباست برآن عارض نیکوی تو هر پنج)
تا چشم من امروز بدان سیم برافتاد
کز شوق جمالش دل و جان بی خبر افتاد
مرغان صبوحی همە گشتند بە فریاد
(سروو سمن و یاسمن و عرعر و شمشاد
گشتند فدای قد دلجوی تو هر پنج)

در روی زمین نیست بەخوبی چو تو انسان
هـر چـنـد کـه گـفـتـیـم تـوی یـوسف کـنـعـان
زاهـد کـه نـظـر کـرد هـمـی گـفـت بـەقـرآن
(شمس و قمر و مشتری و زهره و کیوان
هستـنـد هـواخـواه سر کـوی تـو هـر پـنـج)
می گفت خوش آن نوحەگری عاشق دلریش
تـا چـنـد نـهـی بر سر هـر گل هـوس خـویش
رحـمـی بـنـمـا بـر مـن مسکین جـفـاکـیش
(پیویسته من عابد و زاهد، شه و درویش
بـوسیـم کف پـای سگ کـوی تـو هـر پـنـج)
خـواهـی کـه بـیـابـی ز ره عشق فـتـوحـی
بـایـد کـه (رضا) نوش کنی جام صبوحی
نـومـیـد مشو از کـرم او چـو نـصوحـی
(عقل و خرد و هوش و دل و جان (مسیحی)
بـربـاد شد از حـلـقـهء گیسوی تـو هـر پـنـج)

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)
وەك: ″ اندوه تو شد وارد کاشـانەام امشب
مهمان عزیز آمده در خانەام امشب″
در باغ خیال تو دلم گشت گهر سنج: دڵم لە باغی خەیاڵدا بوو بە گەوهەر سەرنج. مهرت بە دلم نقش کشیداست چو شطرنج: خۆشەویستیت لە دڵمدا وەکو شەترەنج نەقشی بەستووە. مەبەستی خەتخەتۆکەی سەر تەختەی شەترەنجە.. می گشت شب و روز چو أفعی بە سر گنج: شەوو ڕۆژ وەکو مار، چۆن بەسەر خەزێنەدا پاسەوانی دەکا و دەگەڕێ، ئەمنیش دڵم بەو ڕەنگە بەسەر خۆشەویستیی تۆدا دەگەڕا. (چشم و خط و خال و رخ و ابروی تو هر پنج): چاو و خەت و خاڵ و برۆی تۆ هەر پێنجیان. (زیباست بر آن عارض نیکوی تو هر پنج): بەسەر ئەو روخسارە جوانەتەوە جوانن.

(تا چشم من امروز بدان سیم برافتاد): تا ئەمڕۆ چاوم بەو زیوە کەوت. (کز شوق جمالش دل و جان بی خبر افتاد): کە لە شەوقی جوانیی وی دڵ و گیان بوورایەوە. مرغان صبوحی همە گشتند بە فریاد: تەیروتووی سبەینان سەرلەبەر کەوتنە هاوار. (سرو و سمن و یاسمن و عرعر و شمشاد): سەرو و سەمەن و یاسەمەن و عەرعەر و شمشاد. (گشتند فدای قد دلجوی تو هر پنج): بوون بە گوریی لە دووی بەژن و هەڵوەدای تۆ، هەر پێنجیان. (در روی زمین نیست بە خوبی چو تو انسان): لە ڕووی زەویندا مرۆیەك بەجوانیی تۆ نییە. هر چند کە گفتیم توی یوسف کنعان: هەرچەندی کە گوتمان ئەتۆی یووسفی کەنعان: (زاهد کە نظر کرد همی گفت بە قرآن): پیاوی لە خواترس و لە دنیا دەستبەردار، گوتی بە قورئان. (شمس و قمر و مشتری و زهره و کیوان): ڕۆژ و مانگ و بەرجیس و ئەستێرەی بەیان و زوحەل. (هستند هوا خواه سر کوی تو هر پنج): هەواخوازی گەڕەکی تۆن هەر پێنجیان. (می گفت خوش است نوحەگری عاشق دلریش: ئاشقی دڵ بریندار دەیگوت خوو بە پیشەی گریانەوە گرتن خۆشە. تا چند نهی سر بر هر گل هوس خویش: تا سەری ئاڵهاو ئارەزووی خۆت لەسەر هەر گڵێك دەنێیەوە. رحمی بنما بر من مسکین جفاکیش: بەزەیییەك بە منی هەژاری جەفاکێشەوە بنوێنە. (پیوستە من و عابد و زاهد، شە و درویش): هەمیشە من و پەرستار لە دنیا دەستبەردار و دەروێش. (بوسیم کف پای سگ کوی تو هر پنج): بن پێی سەگی گەڕەکی تۆ ڕادەمووسین هەر پێنج. (خواهی کە بیابی ز رە عشق فتوحی): ئەگەر دەتەوێ فەتحێکت لە ڕێی ئەشقەوە دەست کەوێ. (باید کە (رضا) نوش کنی جام صبوحی): ئەی ڕەزا دەبێ جامی بەیانیان نۆش کەی. (نومید مشو از کرم او چو نصوحی): لە بەخششی ئەو نائومێد مەبە وەك نەسیحەت لە گوێ گرێ، وەك تۆبەکارێ. (عقل و خرد و هوش و دل و جان (مسیحی)): ئەقڵ و ئاوەز و هۆش و دڵ و گیانی (مسیحی). (برباد شد از حلقەء گیسوی تو هر پنج): هەر پێنجیان لە ئاڵقەی گێسووی تۆدا بەرباد بوون. مەسیحی: مەسیحی کاشانی، ڕوکنودین مەسعوود کوڕی نیزامودین عەلی لە شاعیرانی سەروبەندی سەفەویە و باپیرانی لە کاشانەوە بۆ شیراز چوون. ئەم شیعرە ئی وییە: ″گر فلك يك صبحدم با من گران باشد سرش   شام بیرون می روم چون آفتاب از کشورش″ لە بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزوون (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)ە.

٣٤

در مدح حضرت غوث*

(پیتی) خێ

سر نـتـابـد فـلك از بـنـدگی حضرت شیـخ
به میان بسته چو جوزا کمر خدمت شیخ
هـر کـرا دیـدهء دل بــاز شود مــی نـگـرد
طــارم عــرش بــهزیــر قـدم رفـعت شیــخ
وسعت گـوهـر قـدرش صدف دهـر نـداشت
مـگـر ایـن بـود ز دنـیـا سبب رحـلت شیــخ
چون ولایت به اصالت ز ازل خلعت اوست
تـا ابـد مـانـد بـهجـا سلـطنت و شوکت شیـخ
چـون ملك بـاز بـهدرگـاه قـبـولش خـوانـنـد
بـر عـزازیـل گـرافـتـد نـظـر رحـمت شیـخ
شیـر مـردان خـدا شبـلـی و معروف و جنید
پــاسبــانــنــد بــه گــرد حــرمت شیــخ
(لامــعــا) قــصَّهء اغــیــار نشایـد کــه تـرا
بـر زبــان بـگـذرد الا سخـن مـدحت شیـخ

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)
وەك: تـا خبردارم دارم از و بی خبر از خویشتنم
بــاد جــودش زمـــن آوا ز نیابه کــه منم

سر نتابد فلك از بندگی حضرت شیخ: گەردوون سەری بەندەگیی حەزرەتی شێخ ناترازێنێ، سەرپێچی لێ ناکا. به میان بسته ز جوزا کمر خدمت شیخ: لە جەوزا پێشتێندی خزمەتی شێخی بەستووە. جەوزا (ع. الجوزاء): نێوی پشکێکە لە پشکەکانی ئاسمان. بە ئەسڵ نێوی جۆرە مەڕێکی ڕەشە کە تێکەڵ بە سپی بێ. جا لەبەر وەی ئەم جۆرە مـەڕە لـە نـێوان مـێگـەلـە مـەڕی ڕەشدا ئـاشکرا و دیـارە، ئـەم پشکـە لـە نێوان

پشکەکانی تردا زۆر ڕوونترە، بەم نێوەیان نێو ناوە. شکڵیشی لە وێنەی دوو ساوای ڕووت دەچێ کە لە دووی یەکتر دەڕۆن. هر کرا دیدەء دل باز شود می نگرد: هەر کەسێ بینایی چاوی دڵی بکرێتەوە دەنوارێ. طارم عرش به زیر قدم رفعت شیخ: ئاسمانی وەکو هەیوان دەبن پێی شێخدایە. وسعت گوهر قدرش صدف دهر نداشت: سەدەفی زەمانە فرەوانیی گەوهەری قەدر و قیمەتی ویی نەبوو. مگر این بود ز دنیا سبب رحلت شیخ: هەر لەبەر هەندێکەش شێخ لە دنیا کۆچی دوایی کرد. چون ولایت بە أصالت ز أزل خلعت اوست: سەبارەت بەوە کە ویلایەت هەر لە عەزەڵەوە پاداشتی وی بوو. تا ابد ماند به جا سلطنت و شوکت شیخ: هەتا هەتایە فەرمانڕەوایی و شکۆی شێخ لە پاش خۆی مایەوە. چون ملك باز به درگاه قبولش خوانند – بر عزازیل گر افتد نظر رحمت شیخ: ئەگەر شەیتان بەر لوتفی بەزەی شێخ بکەوێ، وەك مەلایەکەت جارێکی تری لە دەرگای لێخۆشبوون قوبوول دەکەنەوە. شیرمردان خدا شبلی و معروف و جنید – پاسبانند بەگرد حرم حرمت شیخ: شێرە پیاوانی خوا، حەزرەتی شبلی و جونەید و مەعرووفی کەرخی، هەموو لە دەوری حەرەمسەرای حورمەتی شێخدا پاسەوانن. (لامعا) قصّەء أغیار نشاید کە ترا – بر زبان بگذرد الاّ سخن مدحت شیخ: (لامیع) ناشێ حیکایەتی غەیر خزمان و خوێشاوەندان، جگە لە باسی پەسنی شێخ، بە سەر زمانتدا بگەڕێ. شیبلی و جونەید: لە پێشترێ باسیان کراوە. بەڕاستی سەرپێچی نەکردنی گەردوون لە بەندەگیی حەزرەتی شێخ، چونکە بە پشتێندی جەوزا پشت ئەستوورە و هەیوانی ئاسمان لە بن پێی بڵندیی وییە و فرەوانیی گەوهەری قەدری شێخ لەوە زۆر فرەوانتر بوو، لە فرەوانیی سەدەفی زەماندا جێی ببێتەوە، بۆیەکا کۆچی فەرموو و ئەگەر چاوێکی بەزەی بەشەیتاندا هاتباوە، سەرلەنوێ بەر لێبووردن دەکەوت و شێرەپیاوانی وەك شیبلی و مەعرووف و جونەید هەموو لە دەوری حەرەمسەرای حورمەتی شێخ پاسەوانن، ئەمانە سەرلەبەر لە قابیلی موبالەغەی شاعیرانەی شێخ ڕەزایە.. بە پێی شەرع هیچیان ڕەوا نییە. چونکە خیلافی ڕاستینە.. ئەدی قورئانی پیرۆز لۆ دەفەرموێ: " والشعُراء یتَّبعهم الغاون (٢٢٤) ألم تر أنَّهم فی کلّ وادٍ یهیمون (٢٢٥) وأنَّهم یقولون ما لا یفعلون (٢٢٦) إلاَّ الَّذین آمنوا وعملوا الصَّالحات وذکروا اللّە کثیراً وانتصروا من بعد ما ظلموا وسیعلم الَّذین ظلموا أیَّ منقلب ینقلبون (٢٢٧) صدق اللّە العظیم... (الشعراء). ڕاستە خەیاڵی شاعیرانە بێ سەرحەد و سنوورە، بەڵام ناشبێ لە یاسایەکانی خۆڕسك و خوا

بەدەربن.. دەنا دەبێ بە درۆ و دەلەسە. هەروەها نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ، زانست ئەگەر ڕێگای بۆ دروستیی خەیاڵ و فەنتازیا خۆش کرد، هەنگین ئەزموون و شتی بەکردەوە، دەبێ ڕێز لە پێشبینیی خەیاڵیش بگرێ.

٣٥

ال علی*

(پیتی) دال

در ماتم آل علی خون همچو دریا می رود
تیغ است بر سر می زند دست است بالا می رود
ازعشق آل بوالحسن این تیغ زن وآن سینەزن
داد و فغان مرد و زن تا عرش اعلا می رود
پیراهن شمع خدا یعنی حسین مجتبی(١)
جانها همی گردد فدا سرها بەیغما می رود
کوتاه کن انکار بدعت مگو این کاررا(٢)
این سوگ آل حیدراست این نەبە بیجا می رود
روی زمین پر همهمە در دست جانبازان قمە
خون از بر و دوش همە از فرق تا پا می رود
من چون ننالم این زمان مرد و ضعیف و ناتوان
کین برق آه عاشقان از سنگ خارا می رود
از ابن سعد بی وفا شامی و شمر پر جفا
بر آل بیت مصطفی چندین تعدًی می رود(٣)
بغداد گردد لالە گون در روز عاشورا بەخون
و ز کاظمین سیل خون تا طاق کسرا می رود(٤)
و ز طاق کسرا سرنگون ریزد بەپای بیستون
و ز بیستون آید بیرون سوی بخارا می رود
خون سیاوش شد هبا در ماتم آل عبا
تا دامن روز جزا تا جیب عقبا می رود

مــن سنّـیـم نــامــم (رضا) کـلب امــام مـرتـضی
درویش عــبــدالــقــادرم راهــم بــەمــولا مـــی رود

....

(١) پیرامن (س).
(٢) ئەم بەیتە لە هێندێ بڵاوکراوەکاندا نەنووسراوە، بە نموونە: (لە شاعران کرد پارسی گوی).
(٣) ال وبیت (س).
(٤) آن سید (س).
(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن سالم
(مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفلن)
وەك: " جرمی ندارم بیش از این کز جان وفا دارم ترا
ور قــصد آزارم کنـــی هرگــز نیـــازارم تــرا"

در ماتم آل علی خون همچو دریا می رود: لە شینی بەرەی عەلیدا، خوێن وەکو دەریا لەبەری دەڕوا. تیغ است بر سر می زند، دست است بالا می رود: هەر تێخە و بەسەردا دەدرێ و دەستە و بەرەو سەروو دەڕوا. از عشق آل بوالحسن، این تیغ زن وان سینە زن: بەشقی بەرەی ئەبولحەسەن، ئەم تێخ وەشێن و ئەو سینەکوت. داد و فغان مرد و زن تا عرش أعلا می رود: هاوار و ناڵەی پیاو و ژن، تا بارەگای بڵندی خوا دەڕوا. پیراهن شمع خدا، یعنی حسین مجتبی: کراسی مۆمی خوا، واتە: حوسەینی هەڵوژێردە. جانها همی گردد فدا، سرها بە یغما می رود: گیان هەموو بە گوریت دەڕۆن و سەر هەموو بە تاراج و تالآن دەڕۆن. کوتاه کن انکاررا، بدعت مگو این کاررا: لە نکوولی کاری دەست هەڵگرە، ئەم کارە بە دەردی هەرزە و لە خواسایی بەدەر مەبە، جیناسی نێوان (انکار) و (این کار) جوانە. این سوگ آل حیدراست، این خون بیجا می رود: ئەمە شین و تازیەی بەرەی حەیدەرە، ئەم خوێنە لە بێ جێ و بە خۆڕایی دەڕوا. روی زمین پر همهمە، در دست جانبازان قمە: ڕووی زەوین پڕ لە مقۆمقۆ، قەمە و نێزە بە دەست گیانبازانەوە. خون از بر و دوش همە، از فرق تا پا می رود: بەرو پشتی هەمووان، لە تۆقی سەرڕا تا بەری پێ خڵتانی خوێنە و لەبەری دەڕوا. من چون ننالم این زمان، مرد ضعیف و ناتوان: ئەمن چۆن نەناڵم، کە پیاوێکی بێ هێز و ناتوانام. کین برق آه عاشقان، از سنگ خارا می رود: کە ئەم لە برووسکەی ئاهی عاشقانە شین و گرین

کار لە بەردی خارا دەکا. بەردی خارا بەردێکی زۆر ڕەقە. از ابن سعد بی وفا، شامی و شمر پر جفا – بر آل بیت مصطفی چندین تعدی می رود: لە دەستی کوڕی سەعدی بێ وەفا و شامی و شمری جەفادەرە، چەندین دەسدرێژیی کراوەتە سەر بەرەی بنەماڵەی پێغەمبەر. بغداد گردد لالە گون، در روز عاشورا بە خون: شاری بەغدایێ، ڕۆژی دەیەمی مانگی موحەڕەم. بە خوێن وەك مێلاقەسوور هەڵدەگەڕێ. وز (کاظمین) آن سیل خون بە (طاق کسرا) می رود: ئەو سێلاوی خوێنە لە کازیمینەوە، بۆ تاقی کیسرا دەڕوا. وز طاق کسرا سرنگون ریزد بە پای بیستوون: خوێن لە تاقی کیسراشەوە، دەمەوڕوو، دەڕژێتە بن بێستوونەوە. وز بیستون آید بیرون، سوی بخارا می رود: لە بێستوونەوەش بەرەو بوخارا دەڕوا. مەبەستی ئەوەیە کە خەڵکی ئەو جێیانە هەموو شین بۆ حەزرەتی حوسەینی شەهید دەکەن. خون سیاوەش شد هبا، در ماتم آل عبا: خوێنی سیاوەش، لە شینی بەرەی عەبادا کە بەرەی ئیمامی عەلییە، بە خۆڕایی چوو. تەشبیهی حەزرەتی حوسەین بە سیاوەش، لەو ڕووەوەیە کە هەرتکان سەربەهایان بە فیڕۆ چوو و هەر نابڕێتەوە... تا دامن روز جزا، تا جیب عقبی می رود: تەنانەت تا داوێنی ڕۆژی لێپرسینەوە و سزادران و بەریکی ڕۆژی قیامەتێ دەڕوا. واتە ئەوە هەر دەمێنێ و لەو دنیا بەسەر دەکرێتەوە و هەقی بزنی بێ شاخ لە بزنی شاخدار دەکرێتەوە. من سنّیم، نامم (رضا) کلب إمام مرتضی: ئەمن سوننی مەزەبم و نێوم ڕەزایە و سەگی ئیمام مورتەزام. درویش عبدالقادرم، راهم بە مولا می رود: دەروێشی شێخ عەبدلقادری گەیلانیم و ڕێگام بۆ خوا دەڕواتەوە. "مەولا" بە ئیمامی "عەلی"یش یا بە هەر خێوێك دەگوترێ. بە بەندەش دەگوترێ. لە وشەی هاودژن.

٣٦

در هجو حاجی مصطفی*

(پیتی) دال

گل اگر یکدم بەکام بلبل شیدا شود

کام دل نگرفتە خاری در میان پیدا شود

مستحقّی را معاشی داد خواهد پادشاه

حاجی می کوشد کە او را مانع اجرا شود(١)

در مـیـان مـالك و رضوان صبـاح روز حشر
از خصوص ریش حاجی مصطفی غوغا شود
بانگ بر رضوان زند مالك كه ای رضوان مهل
ایـن یـهـودی ریش سوی جـنة الـمأوی شود
گـویدش رضوان نـه آخر پیرمرد حاجی است
كـی خدا فـرمـوده حـاجـیرا جـهـنم جـا شود
مـالـكش گـوید فراوان از یـهـودان حـاجـی اند
سالك بـیت الـمـقـدس حـاجـی آنـهـا شود
چون سخن اینجا رسد رضوان بماند بی دلیل
ریش بـر دعـوای مـالك حـجت عـظـمـی شود
پس بـەرغـم انـف رضوان در جـحـیمش افگنند
در میان دوست و دشمن عبرت و رسوا شود
حـاجی بـابـا چارهء ایـن ریش را امـروز كـن
ورنـه فـردا فـتـنـهـا زان ریش تـو بـر پـا شود
بركنش از بیخ و بن نی صد رهش گر بركنی
هـفـتـەای نـگـذشتـه ایـن تـخـم بـلا بـالا شود
چون ترا خواهد بەدوزخ برد این ناپاك ریش
وقـف كـن تـا خـلـق را جـاروب استـنـجـا شود
هاجی همچون (رضا) و حاجی همچون شما
قـرنـهـا بـایـد كـه تـا از لـطـف حـق پـیدا شود

....

(١) حاجی كوشد: (ت . م). اخری:(ت ، م).

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ״ باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش

بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش״

گل اگر یكدم به كام بلبل شیدا شود: ئەگەر گوڵ جارێك بە كامی دڵی بولبولی شەیدا

بێ. کام دل نگرفته خاری در میان پیدا شود: دڵ هێشتا بە کامی خۆ نەگەیشتووە، کەچی دڕکی بۆ پەیدا دەبێ. مستحِّقی را معاشی داد خواهد پادشاه: پادشا بیەوێ مووچەیەك بە شایستەی خۆی بدا. حاجی کوشد کە او را مانع اخری شود: حاجی هەوڵ دەدا، بەرەوبڕی لە مووچەیەك، یا خێرێکی ئەو دنیا بکا. در میان مالك رضوان صباح روز حشر – از خصوص ریش حاجی مصطفی غوغا شود: لە نێوان مالیك کە پاسەوانی بەهەشتە و لە بەهەشتدا دەبێ بە شەڕوهەرا. مالیك هاوار دەکاتە بەهەشت، کە ئەی بەهەشت، مەهێڵە. این یهودی ریش سوی جنَّة المأوی شود: نەکەی بێڵی ئەم ڕیش جوولەکەیە بۆ بەهەشت بچێ. ″شود″: بەمانای ″بچێ″ بە کوردی هاوڕەگن. گویدش رضوان نه أخر پیرمرد حاجی است؟ بەهەشت بە مالیك دەڵێ: ئاخر ئەو پیرەمێردە، چما نە حاجییە؟ کی خدا فرموده حاجی را جهنَّم جا شود؟ کەنگێ خودا فەرموویە دۆزەخ جێی حاجییان بێ؟ مالکش گوید فراوان یهودان حاجی اند: مالیك پێی دەڵێ، خۆ زۆر لە جووان حاجین؟ سالك بیت المقدَّس حاجی آنها شود: ئەوەی دەچێ بۆ بەیتولموقەدەس، دەبێ بە حاجیی وان: چون سخن اینجا رسد مالك بماند بی دلیل: کاتێ قسە دەگاتە ئەوە، ئیدی مالیك هیچی بۆ نامێنێتەوە. ریش بر دعوای مالك حجَّت عظمی شود: ڕیش دەبێتە گەورەترین بەڵگە و بیانوو لە دژی داوخوازی مالیك. پس بە رغم أنف رضوان در جحیش أفکنند: بەڵام بە کوێراییی چاوی بەهەشت دە دۆزەخی داوێن. در میان دوست و دشمن عبرت و رسوا شود: بۆ وەی لە پێش چاوی دۆست و دژمن ڕیسوا بێ و ببێ بە پەندی زەمانە. حاجی بابا چارەء این ریش را امروز کن: باوە حاجی هەر ئەمڕۆکە چارەیەکی ئەم ڕیشە بکە. ورنە فردا فتنها زان ریش تو برپا شود: دەنا سبەینێ هەزار ئاژاوە و هەرا لەو ڕیشەی تۆ دەکەوێتەوە. برکنش از بیخ وبن نی صد رهش گر برکنی: لە بێخ و ڕەگی دەربێرە، نا نا، سەد جاریشی لە ڕەگ و ڕیشە دەربێری. هفته نگذشته این تخم بلا بالا شود: حەوتووێکی پێ ناچێ ئەم تۆوی بەڵایە هەڵدەداتەوە و فراژوو دەبێ. خزمایەتیی ″بلا″ و ″بالا″ دیارە لە هونەری بەدیعدا لە سەرنجی خوێندەی بەڕێز ناترازێ. چون ترا خواهد بە دوزخ برد این ناپاك ریش: لەبەر وەی ئەم ڕیشە ناپاکە، ئاخرییەکەی بۆ دۆزەخت دەبا. وقف کن تا خلق را جاروب استنجا شود: ئەو ڕیشە بکە بە وەقفی خەڵك، تا بیکەن بە گەسکی قوون سڕینەوە. هاجی همچون (رضا) و حاجی همچو شما: فڕاوێژێکی وەکو (ڕەزا) و حاجییەکی وەکو : ئێوە. قرنها باید کە تا از لطف حق پیدا

شود: چەندین چەرخ و زەمانی گەرەکە، تا لە لوتفی خوداوە پەیدا ببێ.

٣٧

خادم سجاده*

(پیتی) دال

مـی خـواره نـیم مـن کـه مرا بـاده بیـارید[١]
مــن ساده پــرستــم، پسری ساده بــیــاریـد
چـنـدان خـوشم از بـچـهء کـون داده نـیـایـد
گـرهست یـکــی بــچــهء نــاگــاده بــیــاریـد
نـی نـی غـلطم بـچهء نـاگاده دراین شهر[٢]
پــیــدا نشود کــودك کــون داده بــیــاریـد
بــا یك کــفــلــی گـرد قـنــاعت نـتـوان کـرد
کـونـرا بـەتـرامـوای و بـەعـرّاده بـیـاریـد[٣]
زان مکتب حربیه که سرچشمهء کون است
چـنـدیـن نـفـر چـابك و بگزاده بـیـاریـد[٤]
آن صبـر نـدارم کـه ز پـایش کـنـم ایـزار[٥]
دامــن بــەکــمــر بــرزده آمــاده بــیــاریـد
گـر زانـکـه فـرسـتـاده فـرسـتـیـده نـیـاورد
از بــهـر مــجــازات فــرسـتــاده بــیــاریـد
مـقـصود هـمـیـن آتش شهـوت بـنشانـم
گـر پـیـر وجـوان گـرنـر و گـر مـاده بـیـاریـد
از طــالــع نـحسم اگـر آن هــم نـدهـد دست
یك پــیــر نــود سالــهء افــتــاده بــیــاریـد
گــر پــیــر نــود سالــه مــیسّر نشود نــیــز
فــرتــوت شده (خــادم سجــاده) بــیــاریـد

---

(١) می خوار: (ت)، می خواره: (م).

(٢) ئەم دێڕە شیعرە و دێڕەکەی پاشەوەی لە چاپی (ت) دانییە.

(٣)بتراسوی: (م)، بتراموای و: (ت).

(٤) چند نفر: (ت)، چندی نفرو: (م).

(٥) أی زار: (م).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف

(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)

وەك: ″ أندوه تو شـد وارد کاشـانـه‌ام امشب

مـهمـان عزیز آمده در خانه‌ام امشب″

می خواره نیم من که مرا باده بیارید: ئەمن خۆ مەی نۆش نیم، کە پیاڵەی مەیم بۆ بێرن. من ساده پرستم، پسری ساده بیارید: من سادەپرستم، بەچەیەکی سادە و لووسم بۆ بێرن. لە ″ساده پرست″دا تەورییەیەك هەس، کە دەکاتە مەیی سادە و هەتیوی سادە. واتە: هەتیوی سادە و مەیی سادە بێرن. چندان خوشم از بچّهء کون داده نیاید: من هێندەم خۆشی لە هەتیوی قووندەر نایە. گر هست یکی بچّهء ناگاده بیارید: ئەگەر هەس، هەتیوێکی نەگایراوم بۆ بێرن. نی نی غلطم، بچهء ناگاده در این شهر: نا نا هەڵەم کرد، هەتیوی نەگایراو لەم شارەدا. پیدا نشود، گاده و ناگاده بیارید: پەیدا نابێ، گایراو نەگایراوم هەموو بۆ بێنن. مەبەستی ئەوەیە جنێو بە خەڵکی کەرکووك بدا، بەم حیسابە بێ، شاری کەرکووك کاری گەنە. با یك کفل گرد قناعت نتوان کرد: بەتەنیا کەفەڵێکی خڕ پیاو داناکەوێ. کو را بە تراموای و بە عرّاده بیارید: قوونان بە تراموای و بە عەڕادە بێنن. تراموای جۆرە شەمەندەفەرێکە لە نێو شارە گەورەکاندا هاتوچۆ دەکا. بۆ نەفەربەری دەکار دەبرێ. عەڕادە: ئامێرێکی شەڕە. زان مکتب حربیه که سرچشمهء کون است: لەو فێرگەی حەربیەیە، کە سەرچاوەی قوونە، چندین نفر چابك بگزاده بیارید: چەند نەفەرێ چاپکی ئەفسەر و بەگ زادە بێنن. آن صبر ندارم که ز پایش کنم إیزار: هێندەم سەبر بە بەرەوە نییە، تا دەرپێیەکەی داکەنم. ایزار بە عەرەبی ″إزار″ە، شاعیر ″ی″ یەکەی لەبەر کێشی شیعرەکە لێ زیاد کردووە. دامن بە کمر بر زده آماده بیارید: ئامادە و تەیار، شاقەلی هەڵکردبێ و بە قوونی ڕووتەوەم لۆ بێنن. مقصود همین آتش شهوت بنشانم: من مەبەستم ئەوەیە ، کە ئاوری شاوەت دامرکێنم. گر پیر و جوان، گر نر و گر ماده بیارید: جا پیر بێ لاو بێ، نێر بێ مێ بێ، بیان هێنن. گر زانکه فرستاده، فرستیده نیاورد: خۆ ئەگەر هات و ئەوەی بۆ هەتیو

هـاوردن ڕەوانـە كریـاگـە، هـەتیوی نـەهـاورد. از بـهر مـجازات فرستـاده بیـارید: بـۆ سزادان، فرستادەكە، ئەوەی بۆ هەتیو هێنان و چووە و نەیهێناوە، ئەوەم ئەڕا بارن، بگایمەی... از طالع نحسم اگر آن هم ندهد دست: ئەگەر لە بێ یەغبالّیم، ئەوەش دەستی نەدا. خۆ ئەگەر پیرێكی نەوەد ساڵەش هەر مەیسەر نەبوو. فەرتوت شده (خادم سجّاده) بیارید: خادیمی سەجادەی فەرتووت و كەنەفتم بۆ بێنن.

٣٨

در ستایش ناظم بگ و شكرانه

ساعتی كه برایش فرستاده*

(پیتی) دال

روزی كـه خـدا خـلـعت هستـی بـه بشر داد
افسوس كـه روزی نـه بـمـقـدار هـنـرداد
تـا داد مـعـاشی فـلـكـم عـمـر بسر شد
وان نـیـز بـصد كشمكش و خـون جگـر داد
گـردون كـه بشیـزی بـهنـرمـنـد فـزون دیـد
هر جا كه خری یافت به خروار گهر داد
دانـا بـه مـثـل هـمـچـو درخـتـیست بـرومـند
صد سنگ بسر خـورد درختـی كـه ثـمـر داد
بـا ایـن هـمـه كـم طـالـعی و تـلـخ مـذاقـی
صد شكـر كـه شعـرم مـزهء قـنـد و شكـر داد
تـنـهـا نـه هـمـین شعر خـوش و گفت شیـرین
المنّة لـلّـه كـه مـرا فـضل دیـگـر داد
ایـن هـم كـرم اوست و گـرنـه مـتـصـرف
از بـهـر چـه نـادیـده مـرا ساعت زرّ داد

(*) كێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەكفووف مەحزووف
(مفعول مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)

وەك: ″ أندوه تو شد وارد كاشـــانەام امشب

مـهمـان عزيز آمده در خـانەام امشب″

روزى كه خدا خلقت هستى بـه بشر داد: ڕۆژێكى كه خوا خەڵاتى بوون و ڕسكانى بـه مرۆ بەخشى. أفسوس كه روزى نه بـه مقدار هنر داد: حەيفى، كه ڕزق و ڕۆزيى بـه پێى هونەر نەدا. تـا دادمعـاشى فلكم عمر بـه سر شد: تـا گەردوون تـا مووچەيەكى دامێ، تەمەنى لێ بـه فيرۆ بەسەر بردم. وان نيز بـه صد كشمكش و خون جگر داد: ئەويش بـه هەزار كێشمەكێش و خوێنى جگەر ڕشتن. گردون كه پشيزى بـه هنرمند فزون ديد: گەردوون كه پوولێكى بـه هونەرمەند زێده ديت. هر جا كه خرى يـافت، بـه خروار گهر داد: لـه هەر جێيەك كەرێكى ديت، بـه خەروار گەوهەرى دايێ. دانـا بـه مثل همچو درختيست برومند: زانـا، بەنموونـه، وەك درەختێكى بـه شكۆ دەچێ. صد سنگ بەسر خورد درختى كه ثمر داد: درەختێ سەد بەردى بەسەر كەوت، ئەوجا ميوەيەكى لێ هەڵوەرى. بـا اين همـه كم طالعى و تلخ مذاقى – صد شكر كه شعرم مزهء قند و شكر داد: وێڕاى ئەم هەموو كەم يەغبـاڵى و چەشكه تـاڵييه، صد سپاس كه شيعرى من تـام و چێژى بـه قەند و شەكردا، يـا تـام و چێژى قەند و شەكرى دا... تنهـا نـه همين شعر خوش و گفتەئ شيرين – المنَّه للّه كه مرا فضل ديگر داد: نـەك تـەنيـا هـەر ئەم شيعره خۆش و گوتـه شيرينـه، سپاس بۆ خوا، بگره فەزڵ و سەربـارێكى تريشى دامێ. اين هم كرم أواست و گر نـه متصرف: ئەوەش هـەر لـه كەرەمى وييه، دەنـا موتەسەڕيف. از بهر چه نـاديده مرا ساعت زرَ داد: لـه پـاى چى نـەديته سەعـاتى زێڕى دامێ؟

مەبەستى ساتێكى زێڕينى قوون گاينى داوەتێ. نـاظم بگ دانـا، كه خداوند توانـا: نـازم بەگى دانـا، كه خوداوەندى توانـا. أورا نـه همين ميمنت و شوكت و فّر داد: نـەك هـەر ئەو هەموو فەڕ و شكۆ و بەرەكەتەى داوەتێ. إدراك فلاطون و جوانمردى حـاتم – مردانگى حيدر و انصـاف عمرا داد: بگره دەرك و زيرەكيى ئيفلاتوون و جوامێريى حـاتەمى تەى و مەردايەتيى ئيمـامى عەلى و ويژدان و ئينسافى ئيمـامى عومەرى داوەتێ: دلخواه ازان گشت كه از نكهت خلقش: دڵخوازيى بـه ڕادەيەك گەيشت كه لـه بەرامەى ڕسكانى. در نـافهء آهوى ختـا مشك تتر داد: كه ميسكى تـەتـەرى بـه نێوكى ئـاسكى وڵاتى خـەتـا و خوتـەن دا. مەبەستى ئەوەيه كه كێرى لـه نێوكى مەمدووح توند كردووه. عزمش جبل قـاف تواند بـه فلك برد: عـەزمى دەتوانێ كێوى قـاف بۆ حـەلـحـەلـەى ئـاسمـان بـەرێ، قدرش صفت آب تواند بـه حجر داد: قـەدر و بـەهـاى دەتوانێ سيفـەتى ئـاو بـه بـەرد

ببەخشێ، واتە: بیکا بە ئاو. در بزم چو شد حاصل و کان را همە بخشید: کە چووە نێو بەزمەوە، هەرچی هەیە و نییە، بەخشیی. در رزم چو شد خون یلان را بە هدر داد: کە چووە نێو ڕەزم و شەڕەوە، خوێنی شێرانی سەرلەبەر بە فیڕۆ دا. واتە زۆر خواردەو دەسبڵاو و ئازا و بوێر و دلێرە. دەریوزەء انوار تواست مهر جهانگیر – از رای منیرت کە خجالت، بە قمر داد: خۆری جیهانگر دەرۆزەکەری ڕای ڕووناکیی تۆیە، بۆیە مانگی لە ڕای ڕووناکت شەرمەسار کرد. مەبەستی ئەوەیە کە مانگ بۆ خۆی ڕووناکی لە ڕۆژ سواڵ دەکا، بەڵام کە دیتی، ڕۆژ خۆی سواڵ لە ڕای درەخشانی مەمدووح دەکا، بە جارێ شەرمەزاربوو.. مهر و غضبت را پی پاداش بد و نیك: بەزەیی و تووڕەییت بۆ پاداشتدانەوەی چاکە و خراپە. از روز أول فاعل مطلق دو أثر داد: هەر لە ڕۆژی عەزەڵەوە، کردگاری لە هەموو بەند و بەندوار ڕەها، دوو نیشانەی دایتێ. این را عمل رفعه و آنرا عمل جرّ: ئەمیان کاری بەرزکردنەوە و ئەویان کاری ڕاکێشان. "رفعە" و "جرّ" دوو مانایان هەس، یەکێکیان "بۆر" کە بە مانای نیشانەی "فاعلییەت"ە لە ئیعرابدا و لە زماندا بە مانای "بڵندکردن"ە، "جرّ"یش بە دوو مانا دێ، "ژێر" کە نیشانەی مەفعوولییەتی غەیرە سەریح و زەرفییەت و ئیزافەیە و "ڕاکێشان" واتە: مانای تەعەددای فیعلەکە بە سەریحی بۆ مەفعوول ناچێ. کەواتا: شاعیر دەتوانێ خۆی لە تۆمەتی قەزف قوتارکا؛ چونکە بە ڕاشکاوی قەزفی مەمدووحی، دە زیمندا فراوێتراوی نەکردووە. آرایش أحکام بدین رفع و جرّ داد: ڕازاندەوەی ئەحکامی ڕەفعە و جەڕەی داوە، مەبەستی دامەزراندن و لابردنی یەکێ وەسەر تەختی دەسەڵات خستن و یەکێ لە کارو دەسەڵات ئێخستنە... یا لاق بڵند کردن و کێر بۆ نێو قوون و ڕاکێشان.. از عمر گرانمایەء خود بهرە نبیند – بدگوی ترا هم کە بە کوی تو گذر داد: ئەو بەدگۆیەی ڕێی دەکەوێتە گەڕەکی تۆ، هەرگیز بەهرە لە تەمەنی گرانمایەی خۆی نەبینێ. آن بە کە دعایت کنم و هرزە نگویم: وا چاکە هەر دوعات بۆ بکەم و قسەی هەرزە و زێدە نەکەم. کین هرزە دو رای بە (رضا) سخت ضرر داد: چونکە ئەم هەرزەگۆییییە دوو ڕێگای زۆر بە زیان و زەرەری سەختی بە (ڕەزا) گەیاند. یا رب بە جهان باد ترا هرچە مرادت: خوایە هەرچی نیاز و مرادەت وە دنیا هەس جێ وە جێ وێ. یا رب ز درت باد بە در هر چە گذر داد: خوایە هەرچی ڕێی خراپە دەگەڵ کردنتدا، لە دەرکەت دەروەدەر وێ.

۳۹

در شکایت از زمانه استخراج از مجلهء نمکدان

خانه پنجم سال ۱۳۱۳*

(پیتی) ریٚ

از دست تـــطـــاول زمـــانـــه
کس نـیـست نـخـورده تـازیـانه
ای بـیـــهـده گـیـر مـردم آزار
نـاهـی زگنـاه و خود گنـهکـار
خـود مـجـرم و فـاعل گـنـاهـی
وز بی گنهان جریمه خواهی
آدم بـــه‌دسیسهء تـــو اغـــوا
نـه‌حـّیـه سبب شد و نـه حـوّا
من سنگ زدم به‌فرق هابیل؟
أی راهنمای صد چو قابیل؟
خود ظالم و از منت شکایت
دانی به چه ماند این حکایت
ماند به حدیث گرك محجوب
یوسف ندریده پیش یعقوب
یـحـیـای نبی ذبیح من بود؟
آنـهـم عـمـل قـبـیـح مـن بـود؟
مـن پـای خـلـیـل را بـبستم؟
دنــدان حــبــیب را شکستــم
مــن دست یــزیــدرا کشانــدم؟
بــر مسنــد عــزّتش نشانــدم؟
مـن کشتـم امـام مـجـتـبـی را؟
مــن بــردم اسیــر کــربــلا را؟

مـن جـامـهء کـعبـه را دریـدم
دم خـــر ویس مـــن بـــریـــدم؟
نـگسستـه رگـی نـخستـه جـانـی
سنـگـی نـزده بـر استـخـوانـی
ای بـــاعث نـــامـــرادی مـــن
شرمـی ز نـکـو نـهـادی مـن
أی چـرخ ستـمـگریت تـا کـی
وی گـرگ شکـم دریت تـا کـی
ای کـاسه سیـاه سفـلـه پـرور
مـیـنـا شکـن دل هـنـرور
ای چـرخ کـه در کـفت اسیـرم
گـــر آوردت خـدا بـگـیـرم
ریش زُحـلت بـرآرم از بـیـخ
بـبـریـده نـهـم بـکـون مـریـغ
انـگشت عـطـاردت بـبـرم
عـمّـامـهء مشتـری ات بـدرم
حـوت و حـملت کـبـاب سازم
ثـــورت مـــزهء شراب سازم
جوزات دهم بخورد خرچنگ
نـاف اسدت بـخـون کـنـم رنگ
هم زهرهء زُهرهات کنم چاك
مـهـرت فکنم چـو ذرّه برخـاك
عـــمـــر سرطـــان تـــو سرآرم
دود از دم عـــقـــربت بـــرآرم
شیـرت بـکشم بـه سمّ قـاتـل
دلـوت فـکـنـم بـچـاه بـابـل

آتش بــزنــم بــه كــهـكشانت
درهــم شكـنـم شكـوه و شانت
نـه خـيـمـه گذارمت نـه خرگـاه
پوستت بكنم چو پوست روباه

....

(*) كێش: بەحری ڕەجەز موسەددەس ئەحەز
(مستفعلن مستفعلن فع لن)
وەك: ″ عمريست است كز عشق تو بيمـارم
شــب تـا ســحـر بـا نــالــه و زارم″

از دست تطاول زمـانـه – كس نيست نخورده تـازيـانـه: لە دەستی دەستدرێژیی ڕۆژگار، كەسێ نییە قامچیی نەخواردبێ، شەقی ویی نەخواردبێ. ای بیهدە گیر مردم آزار: هۆ لـە بـەلاش بـەرۆك گر و ئـازاردەری خـەڵك. نـاهـی ز گـنـاه و خـود گـنـهـكـار: نـە لـە گوناهكاركەر و خۆت گوناهكار. خود مجرم و فـاعل گناهی: خۆت تـاوانبـار و كە چی گوناهكەر. و ز بی گنهان جريمه خواهی: دەتەوێ بێ گناهـان سزا بدەی. آدم بە دسيسەء تو اغوا: حەزرەتی ئـایـەم بە دەسكیسەی تۆ فریودرا. نە حيَّه سبب شد و نە حوّا: نە مـار بوو بە هۆكار و نە دایكە حەوا. من سنگ زدم بە فرق هـابيل؟ چما ئەمن خڕكم بە تەپڵی سەری هـابیلدا دا؟ ای راهنمای صد چو قـابيل: ئەی ڕێنوێنی سەدی وەكو قـابیل. خود ظالم و از منت شكايت: خۆت زۆردار و لە من بە گازنی. دانی بە چە مـاندا اين حكايت؟ دەزانی ئەم حیكایەتە لە چی دەچێ؟ مـاند بەحديث گرگ محجوب: لە قسەی گورگی پێوار و وەشارتی دەچێ. مەبەستی ئەوەیە كە برایەكانی حەزرەتی یووسف بە درۆ گوتیان یووسف گورگ خواردوویە، نە گورگ لە گۆڕێدا هەبوو نە هیچ. يوسف ندريده پيش يعقوب: یوسفی لە پێش یەعقووبدا هەڵنەدڕی. يحيای نبی ذبح من بود؟ ئەمن یەحیا پیغەمبەرم سەر بڕی؟ چما ئەوەش كاری دزێوی من بوو؟ من پای خليل را بستم؟ چما ئەمن پێی خەلیلم بەستەوە؟ دندان حبيب را شكستم؟ ئەمن ددانی پێغەمبەری خۆشەویستم شكاند؟ من دست يزيد را كشاندم؟ ئەمن دەستی یـەزیدم گرت؟ بر مسند عزتش نشاندم؟ لـەسەر تـەختی گـەورەییم دانـا؟ مـەبـەستی یەزیدی خەنیمی ئیمامی حوسەینە. من بردم اسير كربلا را؟ ئەمن دیلی كەربەلایەم برد؟ من جامەء كعبە را دريدم؟ ئەمن كراسی كابەم دڕی؟ دم خر ويس من بريدم؟

کلکی کەری وەیس ئەمن بڕیم؟ گسستە رگی خستە جانی: ڕەگێکم لە گیانێك نەپچڕاند. گیانێکم پێخوست نەکرد. سنگی نزدە بر استخوانی: پەڵێکم بە سوقانێکدا نەکێشا.

ای باعث نامرادی من: ئەی سەوەوکاری نامرادیی من. شرمی ز نیکو نهادی من: ئاخر شەرمێ لە نیاز چاکیی من بکە. ای چرخ ستمگریت تاکی: ئەی چەرخی زۆرداریت تا کەی؟ وی گرگ شکم دریت تا کی؟ وەی گورگ، زگ دڕیت تا کەی؟ ای کاسە سیاە سفلە پرور: ئەی کاسە ڕەشی سپڵە پەروەر. مینا شکن دل هنرور: مینا شکێنی دڵی هونەروەر. ای چرخ کە در کفت اسیرم: ئەی چەرخ کە بە دەستتەوە دیلم. گر آوردت خدا بگیرم: ئەگەر خوا بیکا، بتگرم. ریش زحلت برآرم از بیخ: ڕیشی زوحەلت لەبن هەڵکەنم. ببریدە نهم بە کون مریخ: بیبڕم و لە قوونی مەریخی نێم. انگشت عطاردت ببرم. ئەنگوستی عوتاریدت ببڕم. عمّامەء مشتری بدرم: مێزەری موشتەری بدڕم. حوت و حملت کباب سازم: نەهەنگ و بەرخت بکەم بە کەباب. ثورت مزەء شراب سازم. گات بکەم بە مەزەی شەراب. جوزات دهم بە خور خرچنگ: جەوزات بکەم بە خۆراکی قرژاڵ. ناف اسدت بە خون کنم رنگ. نێوێکی شێرت بە خوین ڕەنگ کەم. هم زهرەء زهرەات کنم چاك: هەم زراوی زوهرەت بتۆقێنم. مهرت فکنم چو ذرّە بر خاك. خۆرت وەك گەرد بە خاك وەرکەم. عمر سرطان تو سرارم: تەمەنی قرژاڵت کۆتایی پێ بێنم. دود ازدم عقربت بر آرم: دووکەڵ لە نێشی دووپشکت دەربێرم. شیرت بکشم بە سم قاتل: شیرت لە ژەهری کوشندە هەڵکێشم. دلوت فکنم بە چاە بابل: دەولکت بخەمە بیری بابلەوە. آتش بزنم بە کهکشانت: ئاور لە کاکێشانت بەردەم. درهم شکنم شکوە و شانت: شان و شکۆت تێك بشکێنم.. نە خیمە گذارمت نە خرگاە: نە خێوەتت بێڵم نە خێوەتگا. پوستت بکنم چو پوست روباە: پێستت بگرووم وەك پێستی ڕێوی.

٤٠

لشکرنامەای بەجناب مرحوم مصطفی ذهنی پاشای بابان بەمناسبت طاقمی شطرنج کە برایش فرستادە*

(پیتی) دال

نامە کز یار مهربان باشد

مایەء عیش جاویدان باشد

کـافـرم گـر پـیـام یـار چـنـیـن
کـمـتـر از وحـی آسمـان بـاشد
نـامـه را چـون بـود ز یـار نشان
بـه زصد رتـبـه و نشان بـاشد
جان کنم بذل نامه‌ای که در آن
نـام آن مـیـر عـالـیشأن بـاشد
مـصطـفـی بگ کـه کلك مشکینش
هـمـچـو طـوطـی شکرفشان بـاشد
شاهـبـاز بـلـنـد تـدبـیـرش
طـائـر اوج کـن فـکـان بـاشد
عـزم اورا ز چشمـهء تـقـدیـر
بـا قـضا طـفـل تـوأمـان بـاشد
قـدر او در مـکـان نـمـی گـنـجد
مـر سراپـردهء لامـکـان بـاشد
وصف مـاهـیـتش تـوانـم گـفت
گرمه و مهر جسم و جان باشد
در قـیـافت جـوان، بـه‌دانش پـیـر
طرفـه پـیـری کـه نـوجـوان بـاشد
دامـن هـمّـتش بـرافشانـد
آن چه در جیب بحر و کان باشد
نـیست فـخـر کـیـانـیـان چـون جم
بـلـکـه فـخـر جـهـانـیـان بـاشد
ای سفر کرده‌ای که فتح و ظفر
در رکـاب تـو هـم عـنـان بـاشد
سفـرت بـه ازان کـه درّ ثـمـیـن
تـا بـدریـا بـود نـهـان بـاشد

دست در گــردن هــدف نــکــنــد
تــیــر، تــا هــمــدم کــمــان بــاشد
شاعــر تــرا بــریــده بــاد زبــان
گـرنـه مـدح تـو بـر زبـان بـاشد
چــه تــفــاوت مــیــان نــاز کــنـد
طبع چون سرکش و روان باشد
درلـغت (کـرد) مـردرا گـویـند[1]
گــر زبــر دست پــهــلــوان بــاشد
مــن نــگــویــم چــو شاعـران دیـگر
کــه چــنــیــن بــاد چــنــان بــاشد
از دعــایت هــمــیــن قــدر گــویــم
که آنچه خواهد دلت همان باشد
هـدیـهات را بـهجـان قـبـول کـنـم
گـرچـه یك ریـزه استـخـوان بـاشد
قـدر شعـر گـرانـبـهـای (رضا)
دانـد آنـکس کـه نـکـتـهدان بـاشد

....

(١) در لغت: (ت. م).

(*) کێش: بەحری خەفیف موسەددەس مەخبوون
(فاعلاتن مفاعلن فع لن)
وەك: ″ مست گشتم ز لــطف دشنــامش
یا رب آن می به است یا جانش″

نامە کز یار مهربان باشد: ئەگەر نامە لە یاری بە بەزەوە بێ. مایەء عشق جاودان باشد: ئەوە دەبێ مایەی ئەشقی هەتا هەتایی. کافرم گر پیام یار چنین: کافرم ئەگەر پەیامی وا: کمتر از وحی آسمان باشد: لە سرووشی ئاسمان کەمتر بێ. نامەرا چون بود ز یار نشان: لەبەر وەی نامە لە یارەوەی نیشان پێیە. بە ز صد رتبە و نیشان باشد: لە صەد پلە و پایە و نیشانەی سەرسنگ چاترە. جان کنم بذل نامەای کە در آن

نام آن میر عالیشان باشد: گیان لە پێناو نامەیەکدا، کە نێوی ئەو میرە پایە بڵندەی تێدا بێ، بەخت دەکەم. مصطفی بگ کە کلك مشکینش – همچو طوطی شکر فشان باشد: مستەفا بەگ کە خامەی میسکبێژی، وەك تووتی شەکەرڕێژە. شاهباز بلند تدبیرش – طائر أوج کن فکان باشد: شابازی بڵند تەگبیری وی، باڵداری پۆپەی هەرچییەکی گوت "ببە، دەبێ" یە.. عزم أورا ز چشمەء تقدیر: عەزمی وی هەر لە سەرچاوەی تەقدیری خواوەندەوە. با قضا طفل توأمان باشد: دەگەڵ قەزادا ساوای جمرانەن..مەبەستی ئەوەیە کە خواوەند هەر لە ڕۆژی عەزەڵەوە عەزم و خوایشتی ویی دەگەڵ چارەنووسدا وەك دوو ساوای جمرانە لێ کردووە. واتە: وای بۆ لە لەوحی مەحفوزدا بۆ تۆمار کردووە، کە هەر خوایشتێکی هەبووە، دەبێ یەکسەر جێبەجێ بکرێ. قدر او در مکان نمی گنجد: قەدر و بەهای هێندە گەورەیە، لە نێو شوێندا جێی نابێتەوە. مر سراپردەء لامکان باشد: مەگەر لە سەراپەردەی ناشوێن (لامکان) لای خوا، کە لە زەمان و مەکان بەدەرە، بگونجێ و جێی ببێتەوە. ئەم مانایەی لە شیعری عیمادودینی نەسیمی خواستوەتەوە، کە دەڵێ:

منده صغار ایکی جهان　　من بو جهانه صغمازم

گوهـر لامکـان مـنم　　کون و مکانه صغمازم

بە کوردییەکەی:

هەردوو جیهان خۆیان خزاندووەتە نێو منەوە

من ناخزێمە نێو ئەم جیهانەوە

گەوهەری بێ شوێن منم

ناخزێمە نێو زەمان و مەکانەوە

بر سراپردەء لامکان باشد: جێگای وی لە سەر سەراپەردەی ناشوێنە.. وصف ماهیَّتش توانم گفت: دەتوانم وەصفی چییەتیی بکەم. گر مەو مهر جسم و جان باشد: ئەگەر مانگ و ڕۆژ لەش و گیان بێ. دیارە گیانی بە ڕۆژ و لەشی بە مانگ چوواندووە.. ئەمە بە بڕوای سۆفییان، واتە دوو شت، یەکێکیان، وەك مانگ کە بە ڕواڵەت خۆ دەنوێنێ و شەوقی ئی خۆی نییە و لە ڕۆژی وەردەگرێ، ئی دووەمیان وەك ڕۆژ، کە بە حەقیقەت هەر ئەو سەرچاوەی تیشکە و هەر خۆی حسێوە. خولاسە هەر چی شتی بەرچاو هەس، ڕواڵەتە و حەقیقەت و نییە و هەمووی لە فەیزی خوای لە هەموو ڕواڵەتێك بەدەرەوە، شەوقی داوەتەوە. مەبەستی وەحدەتی وجوودە. در قیافت جوان،

بە دانش پیر: لە قیافەتدا لاو، بە زانست و دانایی پیر. ئەمەش هەر ئەوە دەگەیەنێ کە شت بە دوو دیمەن خۆی دەنوێنێ: یەکێکیان لە هەرەتی لاویدا و ئەوی تریان لە پیریدا، ئەوەکەی هەرەتی لاوێتی ڕەفتەنی و بێ پایەس و بەرەو زەواڵە و ئەوی تریان، پایەدار و حەقیقەتە و هەر دەمێنێ، کە "قدیم"ە موتڵەقە، خواوەندەکەیە.. دیارە "قدیم" و "حادث" وەك دوو زاراوەی عیلمی کەلام و فەلسەفەی ئایدیالیزم، دوو شتی لێك دووفاقن یەکەمیان ڕاستە و دووەمیان، وەك سێبەر وایە.

طرفە پیری کە نوجوان باشد: بەڵام سەمەرە ئەوەیە کە پیرێك لاو بێ. واتە هێندەی خۆ لە بەندواری دنیای ماددی ڕەها کردووە، شەوقی حەقیقەتی بە هەموو هەرەتێکەوە تێدا درەوشاوەتەوە. واتە: حەقیقەتی خواوەند بە ئاکارێك کە ئاکاری خواوەندە، دەنوێنێ. گر دامن همَّتش برافشاند: ئەگەر ئەوەی لە داوێنی هیممەتیدایە، هەڵڕێژێ. ئەوەی لێ دەرژێ کە لە بەریکی دەریا و گانگادا هەس، نیست فخر کیانیان چون جم. جێی شانازیی وەك جەمشیدی کەیانییان وجوودی نییە. بگرە ئەو جێی شانازیی سەرلەبەری جیهانییانە. ای سفر کردەای کە فتح و ظفر: ئەی سەفەر کردەیەك کە فەتح و سەرکەوتن: دەگەڵ ڕکێفتدا هەمیشە هاوجڵەوە. سفرت بە أزان کە درَ ثمین – تا بە دریا بود نهان باشد: سەفەرەکەت هێندە ناوودەنگی داوەتەوە، لە دوور چاترە کە لە نێو دەریادا بە نهێنی بمێنێتەوە.. شاعیر سەفەری مەمدووحی لە ڕووی ناووبانگەوە بە دوری بن دەریا، کە ئەویش زۆر بە ناووبانگە چوواندووە، بەڵام دورێك کە تا لە بنی دەریادا شاراوە بێ، ئەو لە کوێ و سەفەری بە ناووبانگتری مەمدووح لە کوێ؟!

ئاسمان و ڕێسمانە، ، دست در گردن هدف نکند – تیر تا همدم کمان باشد: تیر دەست لە ملی نیشانە و ئارمان ناتوانێ بکا، تا بە هاودەمی کەوان نەبێ. واتە: هەر نیازێکی بۆ ئامانج گەیشتن هەبێ، تا قودرەت و توانی ویی دەگەڵدا نەبێ، جێبەجێ نابێ. شاعر ترا بریدە باد زبان – شاعیر، ئەگەر پەسن و ستایشی تۆی هەمیشە لەسەر زار نەبێ، زمانی بە بڕین چێ. چە تفاوت میان ناز کند – طبع چون سرکش و روان باشد: چ بیانوو و دەسپێچکی نازکردنی بە دەستەوە دەمێنێ، مجێز و تەبع، کە سەرکێش و ڕەوان بێ. واتە تەبع ناتوانێ هیچ ناز و نووزێك بۆ خۆنەبان کردن، بنوێنێ، هیچ عوزرێکی بە دەسەوە نامێنێ، کە گەوارا و ڕەوانیش بێ. در لغت (کرد) مردرا گویند: لە زماندا (کورد)بە پیاوێك دەگوترێ. گر زبردست و پهلوان باشد: گەر

زەبـەردەست و قـارەمـان بـێ. وشەی کـورد لـە شانـامـەدا بـە "گـرد" نـووسراوە، مـام هـەژاریش، بە مانای بەهێزی لێك داوەتەوە. تورکەکان بە "گور"ی دەڵێن. کوردی زۆر نـاوچـەی کوردەواریش، وا دیـارە، هـەر لـە تورکـەکـەیـان هـەڵگرتووەتـەوە، تـەنـانـەت ئەوەشیان لە بیرچووە، کە بە "باوەگڕگڕ" "باوەگوڕ گوڕ" دەڵێن. من نگویم چو شاعران دیگر: ئەمن وەکو شاعیرانی تر ناڵێم. کە کار ئەوها و ئەوها بێ. از دعایت همین قدر گویم: بۆ دوعا بۆ کردنت هەر هێندە دەڵێم. کە آنچە خواهد دلت آنچنان باشد: کە هەرچی دڵت گەرەکیەسی، وەو تەرحە بێ، واتە خوا بە خوایشتی خۆتت دەگەڵدا بکا. هدیەات را بە جان قبول کنم: دیارییەکەت بە دڵ و گیانەوە قوبووڵ دەکەم. گرچە یك ریزە استخوان باشد: گەرچی ڕێزە سوقانێکیش بێ. قدر شعر گرانبهای (رضا): قەدری گرانبـاییی (رضا): داند آنکس کـە نکتـەدان باشد: ئـەو کـەسەی کە نوکتـەزان بێ، دەیزانێ.

٤١

تخمیس غزل حافظ*

(پیتی) دال

تـعـدّایـی کـە بـا مـن اقـربـا کـرد
نـدیـدم شمـر بـا آل عـبـا کـرد
مـگـر از حـال مـن رمـزی ادا کـرد
(سحر بلبل حکایت با صبا کرد
کـە عشق روی گـل بـا مـاچـهـا کـرد)
ز عـقـوب طـیـنـتـان عـمّ و خـالـم
پـریشان روزگـار و خستـە حـالـم
مـهـیّـا از پـی تـاراج مـالـم
(مـن از بـیـگـانـگـان هـرگـز ننـالـم
کە با من هر چە کرد آن آشنا کرد)
پـر از زاغ و زغـن صحـن گـلستـان
ز شادی کـبك قـاهـا قـاه و خـنـدان

هـــزاران را هـــزاران داخ حـــرمـــان
(بـهـر سو بـلـبـل مسکـیـن در افـغـان
تـنـعّـم درمـیـان بـاد صبـا کـرد)
(رضا) را نفرت است از خرقه پوشان
زعشق و شورها چون دف خروشان
مـن و مـی بـعـد بـزم بـاده نـوشان
(بشارت بـر بـهکـوی مـی فـروشان
کـه حـافـظ تـوبـه از زهـد و ریـا کـرد)

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف
(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)
وەك: ″ز بـاغ عافیـت بویـی نـدارم
که دل گم گشت و دلجویی ندارم″

تعدّایی که با من أقربا کرد: دەسدرێژییەك کە خزم دەگەڵ منیدا کرد. ندیدم شمر با آل عبا کرد: نەمدیت شمر دەگەڵ بەرەی ئیمامی عەلییدا بکا. مگر از حال من رمزی ادا کرد: مەگەر ئەوە نمایەکی دەربارەی سەر زوان. واتە: مەگەر بە ڕەمز و لەمزەوە بیڵێم. یا مەگەر ڕەمزی کە کابرایەکە، ئادای بکا... (سحر بلبل حکایت با صبا کرد – که عشق روی گل با ما چها کرد) بەرەبەیان بولبول حەکایەتی دەگەڵ بای سەبادا کرد، کە ئەشقی ڕووی گوڵ چیی بە مە کرد. ئەگەر ″ماچها″ وەك کوردی بە مانای ″ئێستری ماچە″ بێ، ئەوە مانایەکەی وای لێ دێ، کە خزمەکانی بە پێچەوانەوە، وەك ئێستری ماچەیان دەگەڵدا ڕەفتار کردووە، یا ماچ و مووچیان دەگەڵدا کردووە. ئێستری ماچە بە تۆڕی نامێیە. واللّە أعلم بالصوَّاب.. ز عقرب طینتان عمّ و خالم: کەسانێکی لە کولاژدم ماك و ئەسڵ، مام و خاڵوانەم: پریشان روزگار و خسته حالم: ڕۆژگار پەرێشان حاڵ و باڵ ماندووم. مهیَّا از پی تاراج مالم: هەمیشە بۆ چەپاوڵ کردن و بە تالان و بڕۆبردنی ماڵ و حاڵم ئامادەو تەیارن. (من از بیگانگان هرگز ننالم): من لە بیانییان هەرگیز ناناڵم – کە با من هرچە کردن آن آشنا کرد): ئەوەی دەگەڵ منی کرد، ئاشنا و ڕۆشنا کردیان. پر از زاغ و زغن صحن گلستان: مەیدانی گوڵستان پڕ لە قەلەڕەشکە و دالاشە. ز شادی کبك قاها قاه و خندان: کەو لە خۆشییان قاقایەتی

و دەو بە کەنە. هُزاران و را هزاران داغ حرمان: کەچی هوزاران، بولبولان هەزاران داخی بێ بەشی و مەینەتی دەخۆن. (بە هر سو بلبل مسکین در افغان – تنعُّم در میان باد صبا کرد) کەیفخۆشیش، لەو نێوانەدا، بای سەبا کردی. واتە کێ کردی و کێ خواردی. "تووتنە خەرجی سووتنە مۆدنە ماچی لەب دەکا"... (رضا) را نفرت است از خرقە پوشان: (ڕەزا) نەفرەت لە پەڵاس پۆشان دەکا، خۆشیی لە چارەیان نایە. ز عشق و شور ما چون دف خروشان: لە تاو ئەشقی مە وەك دەف، هاڕەمان دێ. من و می بعد بزم بادە نوشان: من و مەی لە دوای بادە نۆشانەوە. (بشارت بر بە کوی می فروشان – کە حافظ توبە از زهد و ریا کرد): کە حافز لە دنیا دەستبەرداری و دووڕوویی تۆبەی کرد.

٤٢

در تاریخ تعمیر جامع حاجی اغا می گوید*

(پیتی) دال

اگر خواهی سعادت سعیها کن در نیکوکاری
کەیزدان (لیس للانسان الا ماسعی) فرمود
ببر رنج و بیخشان گنج در راه خداوندی
که در پاداش نیکی بندگان را وعدها فرمود
مگو زحمت کشید و ساخت مسجد مصطفی آغا
بگو جنَّت خرید و با خدا بیع و شرا فرمود
جواهر پاش شد طبع (رضا) و گفت تاریخش
(مزیَّن معبدی را مصطفی آغا بنا فرمود)

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: " خدا را داد من بستان ازو ای شحنهء مجلس
که می با دیگری خوردست و بامن سر گران دارد"

اگر خواهی سعادت سعیها کن در نیکوکاری: ئەگەر بەختەوەریت دەوێ، بۆ کاری چاك

تێ کۆشە. کە یزدان (لیس للإنسان إلاّ ما سعی) فرمود: کە یەزدان (مرۆ لەوە کە بۆی تێ دەکۆشێ، چیی دیکەی بۆ نامێنێتەوە)ی فەرمووە. ببر رنج و بیفشان گنج، در راه خداوندی: لە ڕێی خوادا ڕەنج بکێشە و گەنج ببەخشە. کە در پاداش بندگان را وعدها فرمود: چونکە لە پاداشتی بەندەکانی خۆیدا، گفت و بەڵێنی فەرمووە. مگو زحمت کشید و ساخت مسجد مصطفی آغا: مەڵێ مستەفا ئاغا زەحمەتی کێشا و مزگەوتی ڕۆنا. بگو جنَّت خرید و با خدا بیع و شرا فرمود: بڵێ بەهەشتی کڕی و دەگەڵ خوادا سەودا و مامەڵەی فەرموو. دیارە ئەمە نەقیزەیەکی تێدایە. جواهر پاش شد طبع (رضا) و گفت تأریخش: تەبعی (ڕەزا) بوو بە گەواهێر پەخش و مێژووی (مزیَّن معبدی را مصطفی آغا بنا فرمود) گوت: (مستەفا ئاغا پەرستگایەکی ڕازاوەی ڕۆنا).

٤٣

در ستایش مرحوم احمد پاشا ابن سلیمان پاشا طاب ثراه*

(پیتی) ری

هر چند زدم دامن تقوی بەکمر بر
تسبیح بەکف گیرم و مسواك بە بربر
ناگە کفلی نرم تر از پنبەء محلوج
برجست ز دنبال یکی سادە پسر بر
چون دیدم و از شوق دلم در طپش آمد
چون خایەء حلاج بە زیرو بە زبر بر
آبم ز دهان ریزد و جانم بەلب آمد
صد آه جگرسوز برآرم جگر بر
چون افعی سرمازدە از تابش خورشید
بازم زند احلیل پدر سوختە سر بر
دوشنبە بدم معتکف کنج عبادت
آهو کفلی آمد و زد حلقە بدر بر

بـرجستـم و دربــاز نـمـودم چـو مـرا دیـد
ازداعـــیـــهٔ ساده پـــرستـــی بـــه حـــذر بـــر
بـرزد بـمـن از خشم یـکـی بـانگ بـه‌تـهـدید
بـانگـی کـه زنـد ضابـط حـربـی بـه نـفر بر
کـه شیـخ ریـائـی تـو نـه آن شیـخ رضایـی
کـز رنـدی تـو بـود جـهـانـی بـه‌خـطـر بـر
اکـنــون سر تـزویـر فـروهشتـه‌ای عـمـداً
یـعـنـی بـه‌رخ ساده حـرام است نـظـر بـر
مـاهـی بـه‌درآورد یـکـی حـقّـهٔ سیـمـیـن
بـرحـقّـهٔ سیـمـیـنش یـکـی حـقَـه ز بـر بـر
گه روی نشان داد و گهی ساعد و گه ساق
گشتـم نـگـران خـیـره بـدان شعـبـده‌گـر بـر
وان گـاه بـه‌مـن عـطف نظر کرد کـه برخیز
تـیـری بـه‌هـدف بـرزن و تـیـغـی بـه سپر بر
این گفت و یکی شیشهٔ می از جیب در آورد
زان می که شعاعش زند آتش به حجر بر
جـامـی دو سه پـیـمـود ز نـاب مـی صهـبـا
آویـخت بسی خـوشهٔ پـرویـن بـه قـمـر بـر
سودی نـکـنـد مـوعـظـه و ذکـر در آنجا
کـز شوق فـتـد رعشه بـراعـضای ذکـر بـر
افـتـاد نـگـاهـم چـو بدان ساق نـیـگـاریـن
پـیـچـیده دو ساقـم ز هـوس یك بـه دگـر بـر
در عـرصهٔ اعـمـال نـهـالـی بـنشانـدم
شاخش بـه‌قـمـر بـرشد و بـیـخش بـه‌سقر بر
هـوش دار (رضا) هـرزه مـگـو زانـکـه بـد آیـد
بـر طـبـع ولـی نـعـمت فـرخـنـده سیـر بـر

(احمد) لقب آن والی جم جاه که باشد
صد رتبه ز جمشید به اصل و به گهر بر
طهمورث و هوشنگ و کیومرث و سیامك
جمشید کند فخر بدین چار پدر بر
نسبت نتوان کرد بدین جملهء معدود
آباء کرامش که نیاید به شمر بر

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)
وەك: " أندوه تو شد وارد کاشانهام امشب
مهمان عزیزم آمده در خانهام امشب"

هر چند زنم دامن تقوی به کمر بر: هەر چەندی شاقەلی لە خواترسی بە بەر پێشتێندا کەم. تسبیح به کف گیرم و مسواك به بر بر: تەزبیە هەڵگرم و میسواك بە بەر پێشتێندا کەم. ناگه کفلی نرم تر از پنبهء محلوج: لە ناکاو سمتێکی لە لۆکەی هەلاجیکراو نەرمتر. برجسته ز دنبال یکی ساده پسر بر: لە دوای هەتیوێکی سادەوە، سمتێکی زۆپ دەرپەڕیویش. چون دیدم و از شوق دلم درطپش آمد: هەرکە دیتم دڵم لە شەوقان وە تەپە تەپ کەوت. چون خایهء حلاَّج به زیر و به زبر بر: وەك گونی هەلاج کەوتە بەرز و نزم بوونەوە. آبم به دهان ریزد و جانم به لب آمد: ئاوم زایە زار و دڵم وە سەر لێوم کەوت. صد آه جگر سوز برارم ز جگر: صەد ئاهی جگەر سووتم لە ناخی جەرگەوە هێنایە دەر. چون أفعی سرمازده از تابش خورشید: وەك ماری سەرما کەسیرە کردوو لەبەر هەتاوی خۆر. بازم زند احلیل پدر سوخته سر بر: دیسان کێری باو شەوتیم سەری وەدەرهێنا. دوشنبه بودم معتکف کنج عبادت: دووشەمبە لە کونجی خواپەرستیدا بووم. آهو کفلی آمد و زد حلقه به در بر: مامز کەفەڵێك هات و بە ئاڵقەی دەرکە لە دەرکەی دا. برجستم و در باز نمودم چو مرا دید: یەکسەر ڕاپەڕیم و دەرکەم لێ وەکرد: از داعیهء ساده پرستی به حذر بر: لە جاڕدەریی سادەپەرستی پرینگایەوە. بر زد به من از خشم یکی بانگ به تهدید: لە تووڕەییان، بە هەڕەشەوە تێی ڕاخوڕیم. وەك ئەفسەری سەربازی، کە لە نەفەرێك ڕادەخوڕێ. کای شیخ ریائی تو نه آن (شیخ

رضا)یی؟ کز رندی توبوو جهانی به خطر بر؟ که دنیایەك لە تاو ڕەندیت، دە مەترسی کەوتووە. اکنون سر تزویر فروهشتە بە عمداً: نووکە، سەری گزی و فڕوفێڵت بەسزمانانە، داخستووە. یعنی بە رخ سادە حرام است نظر بر: کە گۆیا لە ڕووی سادە نواڕین حەرامە. ماهی بە در آورد یکی حقّەء سیمین: مانگێکی هێنایە دەر، وەك دوڕدانی زیوین. بر حقّەء سیمینش یکی حقّە ز بر بر: دوڕدانێکی زێڕیشی وەسەر دوڕدانی زیوینی تری خستووە. گە روی نشان داد، گهی ساعد گە ساق: جاریٚ ڕوخساری نیشان دا و کاویٚ مەچەك و تاویٚ بەلەك و پووزی. گشتم نگران خیرە بدین شعبدەگر بر: بە جاریٚ نیگەران بووم و لەم شەعبەدەگەر و فڕوفێڵ گێڕە، ورد بوومەوە. وانگاه بە من عطف نظر کرد کە برخبز: ئەوجا ئاوڕی لیٚ وەدام، کە هەڵسە. تیری بە هدف بر زن و تیغی بە سپر بر: تیریٚ لە نیشانە بسرەوێنە و تێخیٚ لە سەنگەر دە. این گفت یکی شیشەمی از جیب برآورد: ئەمەی گوت و شووشەیەکی لە بەریکی دەرهاورد. زان می کە شعاعش زند آتش بە حجر بر: لەو مەیەی کە ئاور لە بەردی بەر دەدا. جامی دو سە پیمود ز ناب می صهبا: دوو سیٚ پیاڵەی لە شەرابی ئاڵی تریٚ نۆشی. آویخت بسی خوشەء پروین بە قمر بر: وشییەکی زۆری لە کۆوە وەسەر مانگ ئێخست. مەبەستی ئەوەیە، سەرو سوورەتی سوور هەڵگەڕا.. پەروین، کە بە کوردی کۆی پیٚ دەگوتریٚ، ڕەنگی بە سووری نامێیە، واتە: وشی، هێشوو، گوڵ، سونبولێکی زۆری، لە کۆوە کە بەشەرابی ڕەنگ ئاڵ تەشبیهـ کردووە، هێنا، ڕەنگ و ڕوخساری مانگی، کە ڕوخساری هەتیوەکەیە، پیٚ سوور کرد. سودی نکند موعظە و ذکر در آنجا: وەعز و زیکر و فیکری خوا: لەوێدا هیچ سوودێکی نەبوو. کز شوق فتد رعشە بر أعضای ذکر بر: لە تاوان پەنا بە خوا، مچوڕکە وە جەستەی کێری حەیتار کەوت.. افتاد نگاهم چو بدان ساق نگارین: هەرکە چاوم بەو پووز و بەلەکە هەر دەتگوت ڕەسم کراوە کەوت، پیچیدە دو ساقم ز هوس یك بە دگر بر: لە کەیفان هەردوو لاقم بە یەکتر ئاڵان. در عرصەء اعمال نهالی بنشاندم: بیٚ ئێوە ناخۆش، نەونەمامێکم دە مەیدانی عەمەلییاتدا دانشتاند. شاخش بە قمر بر شد و بیخش بە سقر بر: لکی کە هەردوو لاقیەتی، بۆ مانگ، کە سەرو سوورەتیەتی بڵند و بێخیشی، کە قوونیەتی، بۆ سەقەر کە ناوەندی دۆزەخە نەوی بوو. مەبەستی لە سەقەر ئاوری تاوی کێریەتی. هوش دار (رضا) هرزە مگو زانکە بد آید – بر طبع ولی نعمت فرخندە سیر بر: (ڕەزا) وریا بە، قسەی قۆڕ مەکە، چونکە بۆ مجێزی وەلی نیعمەتی ڕەوشت و ئاکار پیرۆزی خراپە.

(أحمد) لقب آن والى جم جاه كه باشد: ئەگەر ئەحمەد نازناوی والیی شكۆ وەك شكۆی جەمشید بێ. صدر رتبە ز جمشید بە أصل و بەگهر بر: بە سەد پلە بە ڕەچەڵەك و ماك و نەژاد، لە جەمشید لە پێشترە. طهمورث و هوشنگ، كیومرث و سیامك – جمشید كند فخر بدین چار پدر: تەهمورس و هۆشەنگ و كەیومەرس و سیامەك، ئەم چوار بابە، جەمشید شانازییان پێوە دەكا. نسبت نتوان كرد بدین جملەء معدود: ناتواندرێ ئەو دەگەڵ ئەم كۆمەڵەدا بەراورد بكرێ. آباء كرامش كە نیاید بە شمر بر: بابو و باپیرانی ڕەسەن و نەژاد پاكی، لە ژمارە نایەن.

٤٤

احمد مختار*

(پیتی) رێ

شكستــه بـــاد دو دست فـلك ازيــن كـــردار
بـريـده بـاد دو پـاى سپـهـر ازيـن رفـتـار
دلاورى كــــــه در آهـنـيـن ز جـا كـنـدى
بـــهبـــازوان قـــوى هـــمـــچـــو حـيـدر كـرار
بـــهچشم زخـم حسودان شكستـه شد دستش
بلـى زمـانـه عـجب روبـهى است شير شكار
ولى تو هيچ مخور غم شكسته بسته شود
بـهشاهـراه حـقـيـقت شكسه تـگيست بـكـار
بـراه عشق كـه از مــا و مــن بــپــرهــيـزنـد
ز پـــاى دست بشوى و ز دست دست بـــدار
نـه آخـر فـلك است ايـن فـلك كـه روز (اُحُد)
شكست گـــوهـــر دنـدان أحـــمـــد مــخـتـار
نـــه آخـــر آن فـــلك است روز (صفّـــيـــن)
خـراب كـرد جـهـــان را بـــهكشتن عـمّــار

(*) كێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ

(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لان)

وەك: ″ دلا ز قـيد حـــريفان بــی خرد بـگريز

تو مرغ زيركی از دام ديو و دد بگريز″

شكسته باد دو دست فلك ازين كردار: هەر دوو دەستی گەردوون لەو كردارەی كردی، بشكێ. بريده باد دو پای سپهر ازين رفتار: هەردوو پێی فەلەك لەو ڕەفتارەی نواندی بە برين چێ. دلاوری كه در آهنين ز جا كندی: دلاوەرێك كە دەركەيەكی ئاسنينی لە بن هەڵكەند. به بازوان قوی همچو حيدر كرّار: بە بازووانی بە گورد، وەك حەيدەری كەڕار: مەبەستی ئيمامی عەلييە، كە دەركەی قەڵای خەيبەری لە بنڕا دەرێنا. به چشم زخم حسودان شكسته شد دستش: بە چاوی برينی حەسوودان دەستی شكا. بلی زمانه عجب روبهی است، شير شكار: بەڵێ ڕۆژگار ڕێوييەكی سەير و سەمەرەيە، ئەو شێری ڕاو و شكارە. ولـی تـو هـيـچ مـخـور غم شكسته بسته شود – بـه شاهـراه حقيقت شكستگيست به كار: وەلێ تۆ هيچ خەم مەخۆ، ئەوە بە شاڕێی ڕاستييەوە بەستراوە و كاری بەرەو شكست دەڕوا. به راه عشق كه از ماه و من بپرهيزند: دەبێ لە ڕێی ئەشقدا لە مانگ و من خۆ بپارێزن. زپای دست بشور و ز دست بردار: لە پێيان دەست بشۆ و لە دەست دەستبەردار بە. مەبەستی ئەوەيە كە پياو نابێ گوێ بە دەست و پێيان بدا. نه آخر فلك است، اين فلك كه روز (أحد): ئەدی ئەوە فەلەك نييە، ئەو فەلەكەی كە ڕۆژی (ئوحود). شكست گهر دندان أحمد مختار: گەوهەری ددانی ئەحمەدی موختاری شكاند:؟! نه آخر آن فلك است، اين كه روز (صفّين): ئەدی ئەوە فەلەك نييە، ئەو فەلەكەی كە ڕۆژی (سەفين). خراب كرد جهان را به كشت عمّار؟ بە كوشتنی عەمماری كوڕی ياسر دنيای خرا كر؟

٤٥

بريفكان*

(پيتی) ڕێ

عــزم ديـــار روم چـــو كـــردم ز شهـــرزور

افـتـاد در ديـار بـريـفـكـان مـرا عـبـور

كـوهـی بـلـنـد پـايـه در آن رهـگـذر بـود

بـگـداخـتـه ز تـاب تـجلّـی بـەسان طـور

حـــیـــران شدم ز نشهء آن کـوه پـرشکـوه
پـــرواز کــرد از سرمـــن طــائـــر شعـــور
آواز کــرد نـــاگـــهـــم از غـــیب هـــاتـــفـــی
کـیـن راز بـرتـو لحظـه‌ای دیـگر کـنـد ظـهـور
زان کـــوه نـــیـــکـــبـــخت چـــو بـــالا بـــرآمدم
بـنـمـود چـون رواق فـلك گـنـبـدی ز دور
پـرسیـدم ایـن رواق مـنـوَّر ازان کـیست
بـخ بـخ تـبـارك الـلـه زیـن جـنت و قـصور
مـــانـــنـــد قـــرص انـــور زریـــن آفتاب
مـی تـافـتـی ز بـام و درش لـمعـه لـمعـه نـور
گفـتـنـد ایـن ضریـحـهء قـطـبـی ز اولـیـاست
پـیـمـوده ساقـی از لـبش بـادهء طـهـور
ایـن مـرقـد حـبـیب خـدا (شیـخ نـوریـست)
جسمش به‌خاك خفته و جان رفته در حضور
آیـــنـــد فـــوج فـــوج زبـــهـــر زیـــارتش
از آسمـــان مـــلائـــکـــه در صورت طـیـور
سازد خـدا بـه پـایـهء جـمشیـد بـرتـرش
مـوری اگـر بـه سایـهء قـصرش کـنـد مـرور
یـارب بـه‌جـاه حـرمت ایـن قـطب اولـیـا
(رضـا) بـبـخش کـه فـرمـوده‌ای انـا الـغـفـور
روزی مـکـن درایـن سفـرش رنـج و مـحـنـتـی
بـــاز آورش بـــــه‌شادی و آســایـش و سـرور

....

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون موخەللەع
(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فعول)
نموونەم دەست نەکەوت.

عزم دیار روم چو کردم ز شهرزور: کاتێ ویستم لە شارەزوورەوە بۆ وڵاتی ڕۆم بچم. افتاد در دیار بریفکان مرا عبور: وا ڕێ کەوت بە وڵاتی بریفکاندا تێ پەڕم. کوهی بلند پایە در آن رهگذر بود: چیایەکی پایە بڵند لەسەر ڕێیێم بوو. بگداختە ز تاب تجلّی بە سان طور: وەك کێوی توور توابووەوە. حیران شدم ز نشئەء آن کوه پر شکوە: لە نەشئەی ئەو کێوە پڕ شکۆیە سەرم سوڕما. پرواز کرد از سر من طائر شعور: باڵداری هەست و خوستم لە سەرم پەڕی. کاین راز بر تو لحظەء دیگر کند ظهور: کە ئەم نهێنییەت ترووکەیەکی تر بۆ دەردەکەوێ. زان کوه نیکبخت چو بالا برآمدم: کە لەو کێوە بەخت چاکەوە سەر کەوتم. بنمود چون رواق فلك گنبدی ز دور: گومەزێکی وەکو هەیوانی ڕووناك لە دووڕا بە دیار کەوت.

پرسیدم این رواق منوَّر ازان کیست؟ لێم پرسیم ئەم هەیوانە ڕووناکە ئی کێیە؟ بخ بخ بارك اللە ازین جنَّت و قصور: بەهە بەهە لە گەورەییی خوا و لەم بەهەشت و کۆشك و تالارە؟ مانند قرص انور زرّین آفتاب می تافتی ز بام درش لمعە لمعە نور: ڕووناکی بە چریسکە چریسك لەسەربان و دەرکەوەی دەبریسکایەوە. گفتند این ضریحەء قطب ز اولیا است: گوتیان ئەم ئارامگایە قوتبێکە لە وەلییان. پیمود ساقی از لبش بادەء طهور: ساقی هەر لە عەزەڵەوە پیاڵەی پاکی بە پەیمانە داوەتێ. این مرقد حبیب خدا (شێخ نوریست): ئەمە ئارامگەی خۆشەویستی خوا، (شێخ نووری)یە. جسمش بە خاك خفتە و جان رفتە در حضور: لەشی دە خاکدا نووستووە و گیانی بەرەو حوزووری خودا چووە. آیند فوج فوج ز بهر زیارتش: دەستە دەستە بۆ دیدەینی دێن. از آسمان ملائکە در صورت طیور: مەلائیکەت لە ئاسمانەوە دە شێوەی تەیر و تووان. سازد خدا بە پایەء جمشید برترش: خوا لە سێبەری جەمشیدی بەرزتر کاتەوە. موری اگر بە سایەء قصرش کند مرور: ئەگەر مێرووێك بە لای سێبەری تالاریدا تێ پەڕی. یا رب بە جاه و حرمت این قطب اولیاء: خوایە بە جاهـ و حورمەتی ئەم قوتبی وەلییە. جرم (رضا) ببخش کە فرمودەای انا الغفور: لە تاوانی (ڕەزا) ببوورە، کە خۆت فەرمووتە: هەر من لە گوناهان دەبوورم. روزی مکن دراین سفرش رنج و محنتی: قەت ڕۆژێك لەم سەفەرەیدا تووشی ئازار و مەینەتیی نەهێنی. باز آورش بە شادی و آسایش و سرور: هەروا هەمیشە بە شادی و ئاسایش و کەیف خۆشییەوەی پێ بەسەر بەری.

٤٦

در مدح محمد بگ جاف*

(پیتی) سین

غـرض از هـدیـه نـه درّاست وعـقـیـق و الـمـاس
غــرض الــفت بــود و دوستــی و استــئـنــاس
هــدیــه از جــانب جــانــانــه اگــر زهــر بــود
خـوشتـر آیـد بــهمـن از (فـیـه شفـاء لـلـنـاس)
هـدیـهای آمـده از دوست یـکـی پـوست پـنـیـر
پــوست مــوئـیـن چــو سرو صورت آغـا عـبـاس
بــامــدادان چــو فـرستــادهای از جــانب مـیـر
عسل رانـــیـــه آورد و پـــنـــیـــر بـــلـــبـــاس
گـفـتـم آری چــو مــرا دیـد جـگـر خستــهای
عسلــم کــرد روان پــیــر مسیــحــا انــفــاس[۱]
بـازگـفـتـم بـچـهها مـاش ونـخـود مـی طـلـبند
نـــکـــنـــد شهـــد وعسل چـــارهو درد افـــلاس
شکـر نــعــمت کــنــمت بــنـدهء احسان تـوام
نـیك نـاسم نـه چـو (مـخـمـور افـنـدی) نسنـاس
مــن بــه غـیـر از تــو کسی را نشنــاسم مـخـدوم
تـو جز ایـن بـنـدهء خـود نـیـز کسی را مشنـاس
مــن کــه در بــوتــهء اخــلاص تــو بـگـداخـتـهام
بــهکسان دیـگــرم مــی نــتــوان کــرد قـیــاس
مــن چــو مــخــمــور نــه از جــمــلــهء او بــاشم
کافگند بر سر یك پای دو صد مهره بهطاس
مـنـم آن شاعــر نــادر سخــن و نــادرهگــو
کـه بـههـر شعـر کـنـم تـعـبـیـه صد گـونـه جـنـاس
آن شکم گنده ولب گنده جناب (سکی ویر)[۲]
نــیست از صحــبت او فــائــده جــز وسواس

بـەهـمـە مـردم (رانـیـە) سلامـی زمـن است[3]
جـز بـە ابـراهـیـم افـنـدی پـدر الـخـنـاس
سینە و گردن و پشت و شكم وساق و سرین
گـنـد و نـاپـاك و گـە آلـود و سراپـا انـجـاس
قـاضیـم نـیـز نـپـرسد مـگـر از یـادش رفت
خورش از كشك دو سە سالە و پوشش ز پلاس
خـرا اگـر كسوت زربـفت بـپـوشد پشم است
گـوز بـر ریش چـنـین قـاضی بشمـینـە لـبـاس
جـاسم آغـا كـە دخـانـی نـفـرسـتـاد مـرا
بـە تـو بـخشیـدمش ای داور جـمشیـد اساس
یـوقسە نـامـوسنـی بـن بـیـز گبـی یـرطـار ایدم
قـاچورردم آنـی تـا مـملـكت مـوش و سیـواس
شكـر نـاس ار نـكـنـم شكـر خـدا نـكـنـم[4]
تـو ولـی الـنـعـمـی مـن كـنـمت شكـر و سپـاس

....

(١) علم: (ت).

(٢) (سكیویر) (ت).

(٣) نەتراست (ت).

(٤) ئیشارەتە بۆ فەرموودەی پەیامبەر (د): ″ من لم یشكر الناس لم یشكر اللە″.

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك: ″ هر كە در كـوی خرابات مـرا بـار دهد

بە كمال و كرمش جان من إقرار دهد″

غرض از هدیە نە درّ است و عقیق و الماس: مەبەست لە دیاری، نە دوڕ و نە عەقیق و نە ئەڵماسە. غرض الفت بە دوستی و استئناس: مەبەست هۆگری و خۆشەویستی و دۆستایەتی و هاودەمییە. هدیە از جانب جانا بە اگر زهر بود: دیاری با لە لایەن یاری وەك جانانەوە زەهری هەلاهیلیش بێ. خوشتر آید بە من از (فیە شفاء للناس):

لە (شیفای خەڵکی تێدا هەیە) لە من خۆشتر دێ. هدیەای آمده از دوست یکی پوست پنیر: دیارییەکی پێستی پەنیرم لە دۆستێکەوە بۆ هاتووە. پۆست موئین چو سر و صورت آغا عبَّاس: پێستێکی موویین وەك سەر و سوورەتی عەباس ئاغا. بامدادان چو فرستادەای از جانب میر: کە سبەینانێك پەیکێك لە لایەن میرەوە ناردراو. عسل رانیە آورد و پنیر بلباس: هەنگوینی ڕانیە و پەنیری بڵباسی هێنا. گفتم آری چو مرا دید جگر خستەء هجر: گوتم بەڵێ، کە بە جەرگی ماندووی هیجرانەوەی دیتم. عسلم کرد روانە پیر مسیحا انفاس: پیری هەناسە وەك هەناسەی حەزرەتی مەسیح هەنگوینی بۆ ناردم. باز گفتم بچەها ماش و نخود می طلبند: گوتیشم زارۆکان داوای ماش و نۆك دەکەن. شکر نعمت کنمت بندەء إحسان توام: سپاسی نیعمەتت دەکەم، بەندەی چاکەی تۆم. نیك ناسم نە چو (مخمور أفندی) نسناس: ئەمن چاك ناسم، نەك وەکو (مەخموور ئەفەندی)ی سەگسار: بە هەموو جۆرە مەیموونێکیش هەر نەسناس دەگوترێ. هەروەها بە گۆریللایش دەگوترێ و بە پیاوی بەد و نەگریس و گەمژەش دەگوترێ. من بە غیر از تو کسی نشناسم مخدوم: ئەمن لە تۆ زێتر کەسێکی تر بە گەورە و خزمەت کردن پێویست نازانم. تو جز این بندەء خود نیز کسی را مشناس: ئەتۆش لەم بەندەیەی خۆت زێتر کەسێکی تر مەناسە. من کە در بوتەء إخلاص تو بگداختەام: ئەمن کە لە بۆتەی دڵسۆزیی تۆدا تواومەوە. بە کسان دیگر نتوان کرد قیاس: ناتواندرێ بە کەسێکی تر بپێورێم. من چو مخمور نە از جملەء اوباشم: ئەمن وەکو مەخموور لە بابەتی ئەو نیم. یا لە بابەتی ئەوباش و هەرچی و پەرچی نیم. کافگند بر سر یك پای دو صد مهرە بە طاس: کە دوو سەد مۆرە بە جارێ داوێتە تاسی نەردەوە، مەبەستی ئەوەیە کە وەکو ئەو قومارباز و کەڵەکچی نییە. منم آن شاعر نادر سخن و نادرەگو: منم ئەو شاعیرە قسە دەگمەن و دەگمەن وێژە. کە بەهر شعر کنم تعبیە صد گونە جناس: کە صەد جۆرە جیناس و تەورییە دە شیعران داوێم. آن شکم گندە و لب گندە جناب (سکی ویر): ئەو ورگ ئاوساو و لێو گەنیوە، کە جەنابی (کیر بدە بەرێ) یە. نیست از صحبت أو فائدە جز وسواس: لە هاودەمیی وی هیچ جۆرە سوودێك وەچەنگ ناکەوێ. بە همە مردم رانیە سلامی ز بندە است: لە منەوە سڵاو بۆ هەموو خەڵکی ڕانیە. جز بە ابراهیم أفندی پدر الخنَّاس: جگە لە ئەلخەنناسی باوی ئیبراهیم ئەفەندی. "الخنَّاس" واتە شەیتان. سینە و گردن و پشت وشکم و ساق سرین: سینە و مل و پشت و ورگ و بەلەك و پووز و سمت. گند و ناپاك و گە آلود و سراپا

انجاس: گەنیو و پۆخڵ و گوواوی و سەر تا پا پیس. قاضیم نیز نپرسد مگر از یادش رفت: قازیشم ناپرسێ مەگەر لە بیری کردووە. خورش از کشك دو سە سالە و پوشش ز پلاس: خور و خۆراکی لە کەشکی دوو سێ ساڵە و پۆشاکی لە پەڵاسە. خر اگر کسوت زربفت بپوشد پشم است: کەر ئەگەر بەرگی زێڕ بافت لە بەرکا، پەشمە. پەشم دوو مانای هەس: خوریش و عەیبیش دەگەیەنێ. وا دیارە ئەو قازییە هەمیشە بەرگی خوریی چڵکن و پڵکنی لەبەر کردووە.. گوز بر ریش چنین قاضی پشمینە لباس: تڕ بە ڕیشی قازیی بەرگ پەشمینی وا بێ. جاسم آغا کە دخانی نفرستاد مرا: جاسم ئاغا کە تووتنێکی بۆ نەناردووین. بە تو بخشیدمش ای داور جمشید اساس: هەجوم نەکرد، بە تۆم بەخشی، ئەی داوەری بنیچە جەمشید. یوقسە ناموسنی بن بیز گبی یرطار ایدم: دەنا ئەمن ناموسیم وەکوو شام بێزی دادەدڕی. قاچورردم آنی تا مملکت موش و سیواس: تا وڵاتی منووش و سێواسێم ڕاوەدوو دەنا. شکر ناس ار نکنم شکر خدا را نکنم: ئەگەر سپاسی خەڵك نەکەم، سپاسی خواش ناکەم. تو ولی النعمی من کنمت شکر و سپاس: تۆ وەلی نیعمەتی منی، سپاست دەکەم.

٤٧

در این دیدار (رضا)را*

(پیتی) سین

ز رشحـــەء قـــلـــمت در مشیـــمـــەء قـــرطـــاس
نـتـیـجـەهـاست بـەقـیـمت گرانـتـر از الـمـاس
صحـیـفـە معـجزە پیراست بسکە چون مریم[1]
بـــە بـــرگـــرفـتـــە مـــوالـــیـد عـیسوی انـفـــاس
رسیـــدە کـــار بـــە جـــای تـــرا امـــیـــن فـــیـضـی
کە جبرئیل امین خواندە است ز روی قیاس[2]
هـــزار سال بـــمـــانـــی کـــە ایـــن عـــجب نـــبـــود
بشر نـــیـــنـــد مـــگـــر خـــضر زنـــدە و الـــیـــاس
در ایـــن دیـــار (رضـا) را بـــە هـــرزە عـمـر گذشت
بـــە جـــان رسیـــدە گـنـــاهش بـــە گـردن افـــلاس

(١) (ح).

(٢) ئەم دوو دێڕە لە چاپی (ت).

(*) كێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ

(مفاعيلن فعلاتن مفاعيلن فع لان)

وەك: ″ مـرا هـوای سحرگه پيـام يار آورد

نسيم بوی بهشتی ازان ديار آورد″

ز رشحەء قلمت در مشيمەء قرطاس: لە تەڕاوشی خامە لە ئاوەڵ منداڵی كاغەزاندا. نتيجەها بە قيمت گرانتر از ألماس: بەرهەم و نەتيژەگەلێك، بە بەها لە ئەڵماس گرانتر و بـە بـەهـاتـرە. صحـيفـە معجزە پيراستـە بسكـە چون مـريم: لاپـەڕەيـەكی زۆر جوان ڕازاندووەتەوە وەكو مريەم. بە برگرفتە مواليد عيسوی أنفاس: لە دايكبووی هەناسە وەك هـەناسەی عيسای لە بـاوەش گرتووە. رسيدەكار بەجای تر أمين فيضی: كار بە ئـەندازەيـەك گـەيشتـووە. كـە جـبـرئـيل أمـين خواندەاست زروی قـيـاس: كـە حـەزرەتی جيبريليش بە قياس نێوی هەر بە ″أمين″ هاتووە. هزار سال بمانی كە اين عجب نبود: ئەگەر هـەزار ساڵ بژی و بمێنی، ئەمە كارێكی لە خواسايی بەدەر نييە. بشر نبند مگر خضر زندە و الياس: بە نموونە وەك ئەوەكەی خدری زيندە و ئيلياس وايە، در اين ديار (رضا) را بەهرزە عمر گذشت: بەشێ لە تەمەنی (ڕەزا) لەم وڵاتەدا، بە فيڕۆ بەسەر چووە.

٤٨

درمدح غوث گيلانی*

(پيتی) شين

گلستـانـی كـە خـوانند آستـان غـوث گـيـلانش

زدە فـيض مـقـدَّس خيـمـە در صحـن خـيـابـانش

مـطـاف شيـرمـردان طـريـقت كـعـبـەء كـويش

سرگـردن فـرازان حـقـيـقت گـوی مـيـدانش

غـلام كـمـتـرينش را لقب شد خـواجـەء أحـرار

بـەقـطب العـارفـين مشهور شد طفل دبستـانش

(بـهـای نقشبـندی) خـوشـهچـین خـرمـن جـودش
(شهاب سهروردی) کاسهلیس خوان احسانش
هـزاران (شمس تـبـریـزی) خـراب بـادهء عشقش
هزاران (پیر جامی) جرعه نوش بزم عرفانش
شهـنشاهـان طـفیل و تـاجداران طوق درگردن
خـداونـدان اسیـر و شهـریـاران بـنـد فـرمـانش
(رضا) را هـمَّـتـی شهـبـاز لاهـوت آشیـان یـعنی
بـیـفـکـن اسـتـخوانی و سگ درگـاه خـودخـوانش

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیل مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: ″ شب تاریك و بیم موج و گردابی چنین هایل
کجـا دانـند حـال مـا سبکباران ساحلها″
گلستانی که خوانند آستان غوث گیلانش: گوڵستانێك که هاسانەی غەوسی گەیلانیی پێ دەڵێن. زده فیض مقدَّس خیمه در صحن خیابانش: فەیز، لە خوا هەڵڕژانی پیرۆز، خێوەتی لە مەیدانی شاگامیدا هەڵداوە. مطاف شیر مردان طریقت کعبهء کویش: جێ بۆ دیدەنیی شێری مەردانی تەریقەت. کابەی کۆ و گەڕەکی وییە. سر گردن فرازان حقیقت گوی میدانش: سەری گەردن بڵندانی ڕاستی، گۆی مەیدانی وییە. غلام کمترینش را لقب شد خواجهء احرار: خولامی لە هەموان کەمترینی، نازناوی خواجەی ئازادانی دراوەتێ. بـە قـطب الـعـارفـیـن مشهـور شد طـفـل دبستـانش: مـنداڵـی فـێرگـەی بـە قوتبولعاریفین، بە نەوەی عاریفان بوو بە نامێ و ناودار. شهاب سهروردی خراب بادهء عشقش: شەهابی سوورەوەردی پەرێشانی ئەشقی وییە. هزاران پیر جامی جرعه نوش بزم عرفانش: هەزارانی وەکوو پیری جامی مەی نۆشی بەزمی عیرفانی وییە. شهنشاهان طفیل و تاج داران طوق در گردن: شاهنشایان مشەخۆر و تاجداران مل بە تەوقەوەن. خداوندان اسیر و شهریاران بند فرمانش: خاوەن دەسەڵاتان دیل و خونکار و سوڵتانان دە گەوی فەرمانیدان. (رضا) را همَّتی ای باز لاهوت آشیان یعنی: سا هیممەتێك بۆ (ڕەزا) هۆ بازی هێلانە خواوەندی. بیفکن استخوانی و سگ درگاه خود خوانش: هێسکێکی لۆ باوێ و بە سەگی دەرگای خۆتی وەخوێنە.

٤٩

شیخ*

(پیتی) شین

دو گـز عـمَّـامـه، سەگـز طـیـلسان و یك گـز ریش[١]
دو صد مــریــد روان در رکـــابش از پس و پـــیش
ز بس فـریــفــتـــەء صورتـنـد اهـل جـهـان[٢]
کـــه ادَّعـــای نـــبـــوَّت کـــنـــد رود از پـــیش
چـه سحرهـا چـه فسونـهـا چـه مـکـر و داسـتـانـهـا
کـه دیـدەام مـن ازیـن صوفـیـان کـافـر کـیش
یـــکـــی کـــلاه بـــلـــنـــد بـــەقـــدر قـــامت عـــوج
نـــهـــاده بـــر زبـــر فـــرق نـــامـــبـــارك خـــویش[٣]
کـــه شیـــخ مـــولـــویـــم مسلك وطـــریـــقت مـــا
نی است ودمبك ورقص وسماع وچره وحشیش[٤]
یـکـی گـرفـتـه بـه کـف حـربـەای چـو آلت مــن
کـــه از مشایـــخ رفـــاعـــیـــم زنـــنـــدەء شیش
مشایـخـی کـه جـهـان را بـدیـن دسیسه خـورنـد
چـه آن مشایـــخ و چـــه پشم خـــایـــەء درویش
پـــنـــاه ده تـــو خـــدایـــا (رضا) ز مـــکـــر شیـــخ[٥]
بـەظـاهـری در عـبـادت بـەبـاطـنـی بـنگ کـیش[٦]

....

(١) دو گز عمامه و سه گز و یك گز ریش: (م)، دوگز عمامه، سەگز طیلسان، یەگز ریش: (ت).

(٢) زبس فریفتەء صورتند: (م)، زبس فریفەء صورتند: (ت). اهل جهان همه: (م ، ت).

(٣) برزیر (م).

(٤)... سماع چرس وحشیش (ت)، ... سما اکل حشیش: (م). دومبك: (ت)، دمبك: (م).

(٥) زمکرو ریا: (ت)، زمکر شیخ: (م).

(٦) زعبادت: (ت)، درعبادت: (م).

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن)

وەك: ″ خوشا دلــی کە مدام از پی نظر نرود

بە هر درش کە بخوانند بی خبر نرود″

دو گز عمَّامە، سە گز طیلسان و یك گز ریش: دوو گەز مێزەر و سێ گەز تەیلەسان و گەزێ ڕیش. دو صد مرید روان در رکابش از پس و پیش: دوو سەد مرید لە ڕکێفیدا لەپاش و پێشەوەی. ز بس فریفتەء صورتند أهل جهان همە: خەڵکی دنیا سەرلەبەر فرە فریوخۆری ڕواڵەتن. کە ادعای نبوت کند رود از پیش: کە لافی پێغەمبەرایەتی لێ دەدا و لە پێشەوە دەڕوا. چە سحرها، چە فسونها، چە مکر و داستانها: ج سیحرێلێ، چ فسوونێلێ، چ داستانێلێ. کە دیدەام من ازین صوفیان کافرکیش: کە لەم سۆفیە کافرمەزەبانەم دیتوون. یکی کلاه بلندی بقدر قامت عوج: یەکێ کڵاوێکی درێژی هێندەی بەژنی عووجی کوڕی عەلەق.. نهادە بر زیر فرق نامبارك خویش: بە تیلاکی سەری نامبارەکیینەوە ناوە. کە شیخ مولویم مسلك و طریقت ما: کە شێخی مەولەویم و ڕێ و ڕێبازی ئێمە. نی است و دەمبك و رقص و سماع و چرە و حشیش: نی و دمبك و سەما و گوێ لە ستران گرتن و بەستە چڕاندن و حەشیشەکێشان. یکی گرفتە بە کف حربەای چو آلت من: یەکێ قەمەیەکی وەکو ئامێرەکەی منی بە دەستەوە گرتووە. کە از مشایخ رفاعیم زنندەء شیش: کە لە مەشایخی ریفاعیم و زەرگ لێدەر. مشایخی کە جهان را بدین دسیسە خورند: مشایخێك کە دنیا بەم فڕ و فێڵە دەخۆن. چە آن مشایخ و چە پشم خایەء درویش: چ ئەو مشایخانە و چ گوڵك و مووی گونی دەروێش، هەرتك وەك یەك وان. پناه دە تو خدایا (رضا) ز مکر و ریا: خودایە (ڕەزا) لە مەکر و دووڕوویی. بەظاهری در عبادت باطن بنگ کیش: لە خوداپەرستیی بە ڕواڵەت و لە ژێرەوە بەنگ کێشی بیارێزە.

٥٠

درمدح نقیب الأشراف سید مصطفی کاکە احمد شیخ*

(پیتی) فێ

دست خـیـال ازل خـرقــەء نـامـوس و عـفـاف

خـوش بـریـداست بــەبــالای نـقـیب الاشراف

یعنی نعم الخلف حضرت (کاك احمد شیخ)
آنکه با شیر زند پنجه بەمیدان مصاف
مصطفی نام و چراغ نسب مصطفوی
نطفهء هاشم و نقد کمر عبد مناف
مدّعی گو نزند لاف زهم چشمی او
تکیه بر جای بزرگان نتوان زد به گزاف
بەزیارتگه آباء کرامش چه عجب
سر قدم ساخته آیند ملائك بەطواف
ای ترا بندگی من، نه بامّید طمع
ندهم دست کرم تو بەصد وجه کفاف
امتیاز از دیگران داده خدایت به سه چیز
همّت عالی و دست کرم و طینت صاف
تکیه بر مسند جدّت زن و اندیشه مکن
جز سرانگشت ندامت نگزد اهل خلاف
خصم را تیغ زبان من و شمشیر تو بس
وای ازان روز که آن هر دو براید ز غلاف
بشکافد دم شمشیر تواش مهرهء پشت
بگذرد نوك سنان منش از حقّهء ناف
کمترین جود تو ای زبدهء اولاد حسین
خرج ده سالهء دولت ز دولتخانهء جاف
تا همچو (بنی آکله) با (آل علی)
چرخ دربارهء ارباب هنر بی انصاف
باد اندام عدوّ تو بەسجّیل قضا
(عصف مأکول لایلاف قریش ایلاف)
بندەات شیخ رضا را تو فراموش مکن(۱)
ایکه دربارهء ارباب هنر با انصاف

....

(١) لە دیوانە چاپدراوەکەیدا نییە.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك: ″ هر کە درکـوی خرابـــات مرا بـار دهد

بە کمال و کرمش جان من اقرار دهد″

دست خیَّال أزل خرقەء ناموس و عفاف: دەستی بەرگدرووی هەر بووەی پەڵاسی ناموس و پاکیزەیی: خوش بریده است بەبالای نقیب الأشراف: جوانی بە بەژنی نەقیبی ئەشرافان بڕیوە. یعنی نعم الخلف حضرت (کاك أحمد شیخ): واتە: پاشینەی حەزرەتی (کاك ئەحمەدی شێخ)، کە شایستەی پەسن کردنە. آنکە با شیر زند پنجە بە میدان مصاف: ئەوەی کە لە مەیدانی شەڕدا دەگەڵ شێراندا پەنجە لە پەنجە دەدا. مصطفی نام و چراغ نسب مصطفوی: کە نێوی مستەفایە و چرای ڕەچەڵەکی بەرەی مستەفا. نطفەء هاشم و نقد کمر عبد مناف: نوتفەی هاشم و نەختینەی کەمەری عەبد مـــەنـــاف. مـدَّعـی گـو نـزنـد لاف ز هـم چشمـە ای او: ئـەوەی لاف لـێ دەدا، لافـی هاوسەرچاوەیی ئەو لێ نەدا. تکیە بر جای بزرگان نتوان زد بە گزاف: خۆ بە پلە و پایەی مەزنانەوە هەڵاواسین هەر وا لە خۆڕا ناکرێ و لە توان بەدەرە. بە زیارتگە آباء کرامش چە عجب – سر قدم ساختە آیند ملائك بە طواف: سەیرنییە کە مەلایەکەت سەریان کردووە بە پێ و هاتوون بۆ دیدەنیی زیارەتگای باپیرانی خاوەند کەرەمی. ای ترا بندگی من نە بە آمِّید طمع: ئەی ئەوەی کە بەندەگیی من بۆ تۆ لە ڕووی تەماحەوە نییە. ندهم دست کرم تو بە صد وجە کفاف: ئەمن دەستی دەهەندەی تۆ بە صەد ڕزق و ڕۆزییەکی کە بەشم بکا نادەم. امتیاز از دیگران دادە خدایت بە سە چیز: خواوەند بە سێ شتانی زێدە ئەردەو و فەزڵ لە خەڵکی تر جوێ کردوویەوە. همَّت عالی و دست کرم و طینت صاف: هیممەت بڵندی و دەستی دەهەندەیی و هەشی پاك و خاوێن. تکیە بر مسند جدّت زن و اندیشە مکن: پشت بە پاڵپشتی باپیرەوەت دە و خەمت نەبێ. جز سرانگشت ندامت نگزە أهل خلاف: بەرەی لە ناکۆکی گەڕ لە سەرئەنگوست گەزین بەولاوە چییان بۆ نامێنیتەوە. خصم را تیغ زبان من و شمشیر تو بس: تیغی زمانی من و شمشێری تۆ بۆ دژمن بەسە. وای ازان روز کە هر دو برآیند ز غلاف: وای لەو ڕۆژەی کە ئەم هەردووە لە کالان دەرێن. بشکافد دم شمشیر تواش

مهرەء پشت: مەودای شیری تۆ مۆرەی پشتی بقەڵشێنێ. (ش)ەنە کە بۆ کێشی شیعر پەڕیوەتە پاش وشەی (تو). واتە (پشتش). بگذرد نوك سنان منش از حقًّەء ناف: نووکە نێزەی من لە حوققەدانی نێوکی تێ پەڕێ. (ش)ەکە لەبەر ناچاریی کێشی شیعر خلیسکاوەتە پاش (من)ەوە، واتە: نافش. کمترین جود تو ای زبدەء أولاد حسین: کەمترین کەرەمی تۆ ئەی سەرتۆپی فرزندانی حوسەین. خەرج دە سالەء دولت ز دولتخانەء جاف: خەرجی دە ساڵەی دەوڵەت لە دەوڵەتخانەی جاف: تا همچو بنی آکلە با آل علی: وەکو بەنی ئاکیلە دەگەڵ بەرەی عەلیدا نییە. چرخ دربارەء ارباب هنر بی انصاف: چەرخی گەردوون دەربارەی خاوەن هونەر، بێ وێژدانە. باد اندام عدوّ تو بە سجِّیل قضا: ئەندام دژمنت بەر سیجیلی قەزا کەوێ. (وشەی سیجیل بە مانای تۆپەڵە بەرد و قوڕە). بە عارەی کراوی فارسییە.. (عصف ماکول لایلاف قریشٍ ایلاف): ببێ بەو خاشاکە کە لە سورەتی (لإیلاف)دا نێوی هاتووە.

٥١

شیخین و شیر لا فتی*

(پیتی) فێ

شب چو خیزد کیر من بر دوش می گیرد لحاف
می نخسپد تا سحر چون زاهد اندر اعتکاف
همچو میل پهلوانان دائماً در گردش است
گاه می چسپد بە زانو گاه می چسپد بەناف
مـی رود دائم چو افعی در دل سوراخها
میرود در هر مغار و می خزد در هر شکاف(١)
یعنی گر افتد بە دستم سادەو سیمین سرین
کیر در سوراخ تنگش می سپوزم تا بەناف(٢)

---

(١) میشود در هر شکاف (نوسخە).

(٢) می سپردم: (ت)، در سپوزم (م).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش

بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″

شب چو خیزد کیر من بر دوش می گیرد لحاف: کە شەو ڕادەشکێ کیری من لێفە بە کۆڵـەوە دەگرێ. مـی نـخسبـد تـا سحر چـون زاهـدان در اعـتکـاف: وەك لـە دنـیـا دەستبەرداران چۆن خۆ لە کونجی خەڵوەتدا قەتیس دەکەن و نانوون، ئەویش نانوێ. همچو پهلوانان دائما در گردش است: هەروەکو میلی پاڵەوانان هەمیشە لە گەشت و و گەڕاندایە. گاه می چسبد بە زانو گاه می چسپد بە ناف: جارێ لە چۆکم دەکەوێ و کاوێ خۆی بەنێوکەوە دەچەسپێنێ. می رود دائم چو أفعی در دل سوراخها: هەمیشە وەکو مار دەچێتە کون و کەلێنانەوە. می رود در هر مغار می خزد در هر شکاف: دەچتە هەموو ئەشکەوتێکەوە و دەخزێتە هەموو قەڵشێکەوە. یعنی گر افتد بەدستم سادە و سیمین سرین: واتە ئەگەر لووسێکی سمت زیوینم دەست کەوێ. کیر در سوراخ تنگش می سپوزم تا بە ناف: کێرم لە نێو کونی تەسکیدا تا ناوکی دەبەم.

٥٢

در مدح عبدالله پاشای رواندوز

جد اسماعیل بگ زعیم مشهور*

(پیتی) لام

شاعری گنده طبع همچو جُعل

شعر او چون شعور او مختلّ

رفت پیش حکیم تا دهدش

شربتی از برای دفع علل

مسهلی داد و گفت این دارو

هفت بارت در آورد بەعمل

چون بخورد او چهار بار برید[١]

تاخت پیش حکیم و ساخت جدل

طعنە زد کای حکیم بی تمیز

فرق ناکردە ناقەرا ز جمل

سخــن هــفت و هشت مــی رانـدی
هــفت اکـنـون بـه چـهـار شد بـدل
گـفت الـبـتّـه مـخـالـف خـوردی
کــه بــه دار و ازان رسیــده خــلـل
گـفت چـیـزی نـخوردهام لـیکن[۲]
بـودم انـدر خـیـال شعـر و غـزل
گــفت از شعــر ساخــتــی چـیـزی
گـــفت آری شعـــر مستـــعــجــل
گفت برخوان، چو شعرهـا برخواند
گفت خـنـدان حـكـيم، کـای جَـهِلْ
تـو عــمـل هــفت کــردهای، امــا
سه ز بـــالا، چـــهـــار از اسفـــل
شاعـری چـنـد هست مـی زیـبـنـد
کــاوری ایـن حـدیـثشان بــه مـثـل
نــیك و بــد را ز فــرقــه و شعــرا
نشنــاسد بــهغــیــر مــیـر اجـل
آنـکـه قـائـم مـقـام اربـیـل است
مـــاه مـــلك است و آفتـاب ملل[۳]
دم تـیـغش لـهـیب نـار جـحـیـم
کـف جـودش سحـاب کشت امـل
بـامـنش لـطف گر بـود چـه عجب
رغـــبـت است آفـتـاب را بـه حـمـل
وصف او در سخـن نـمـی گـنجـد
بـه کـه وصفش ادا کـنـم مُـجمـل
تـــا ابـــد آن جـــنـــاب را یـــارب
دستـــگـــیـــری کـن ز لــطــف ازل

(١) چون نخورد (م).

(٢) چون نخورد (م).

(٣) آفتاب: (ت).

(*) کێش: بەحری خەفیف موسەددەس مەخبوون ئەصلەم

(فاعلاتن مفاعلن فع لن)

وەك: ״ تا کی از عشق تو کشم خواری

تا کی از هجر تو کنم زاری״

شاعری گنده طبع همچو جُعل: شاعیرێکی میزاج بۆگەنی وەکو قالۆنچە. شعر او چون شعور او مختلّ: شیعری وەکو هۆشی شیرازەی شێواو. رفت پیش حکیم تا دهدش – شربتی از برای دفع علل: چووە پێش حەکیمێك تا دەرمانێکی بۆ لە کۆڵ کردنەوە ی نەخۆشییەکەی بداتێ. مسهلی داد که این دارو: دەرمانێکی زگچوونی دایێ. گوتی ئەم دەرمانە حەوت جارانت زگ دەچوێنێ. چون بخورد و چهار بار برید: کە خواردی چوار جار ڕیا و ئیدی بڕیی. تاخت پیش حکیم و ساخت جدل – طعنه زد کان حکیم بی تمیز: هەڵی کوتایە پێش حەکیمەکە دەستی بە مشتومڕ و تانووت و ڕەخنە لێ گرتن کرد. فرق ناکرده ناقه را ز جمل: هەی وشتری مێیینگە لە وشتری نێرە جوێ نەکەرەوە. سخن از هفت و هشت می راندی: قسەت لەمەڕ حەوت و هەشتان دەفەرموو. هفت اکنون به چار شد مبدل: ئێستا حەوت بوو بە چوار. گفت البتّه مخالف خوردی: گوتی هەڵبەت بە پێچەوانەوەت خواردووە. که به دارو ازان رسیده خلل: کێ بە دەرمان زیانی گەیشتووەتێ؟ گفت چیزی نخوردەام لیکن: گوتی هیچم نەخواردووە، بەڵام. بودم اندر خیال شعر و غزل: دە خەیاڵی شیعر و غەزەل گوتندا بووم. گفت از شعر ساختی چیزی: گوتی شتێکت لە شیعر هەڵکڕاند؟ گفت آری، سه شعر مستعجل: گوتی بەڵێ، سێ شیعری بە پەلە. گفت بر خوان، چو شعرها برخواند: گوتی دە وەیخوێنە، کە شیعرەکەی وەخوێند. گفت خندان حکیم کای جَهِلْ: حەکیمەکە بە پێکەنینەوە گوتی، هەی لە نەزان نەزانتر. تو عمل هفت کردەای اما: تۆ حەوت جارت زگ چووە بەڵام. سه آز بالا، چهار از آسفل: سێ لە سەرێڕا و چوار لە خوارێ. شاعری چند هست می زیبند: شاعیری فرە هەن کە شایانی ئەوەن. کاوری این حدیثشان به مثل: قسەیان بە نموونە بێنییەوە. نیك و بد را ز فرقهء شعرا، نشناسد به غیر میر آجل: وەلێ جگە لە

عیزرائیل کەس چاك و خراپیان لە گرۆی شاعیران هاوێر ناکا. آنکە قائم مقام اربیل است: ئەوەی کە قایمەقامی هەولێرە. ماه ملك است و آفتاب ملل: مانگی ملك و دەوڵەت و خۆری میللەتانە. دم تیغش لهیب نار جحیم: مەودای تێخی بڵێسەی ئاوری دۆزەخە، کف جودش سحاب کشت أمل: دەست سەخاوەتی هەوری چاندنی هەویایە. وشەی "کشت" بە "گشت"یش نووسراوە. ئەم وشەیە. بە فارسییش هەر هەمان مانای هەس، تەنانەت لە زمانە هیندو – ئەوروپاییەکانیشدا، هەر بەم مانایە هاتووە، وەك، گشتاڵت، بەژەرمەنی و تۆتاڵ بە ئینگلیسی.. تیوریی گشتاڵت لە پەروەرشت ناسیدا، مەشهوورە ئەمە ئەگەر وشەکە "گشت" بێ، بەڵام ئەگەر کشت بێ، ئەوە مانایەکەی ئەوەیە کە دەستی سەخاوەتی هەوری ئاوات چاندنە... واتە هیچی لەدەست نابێتەوە... پێم وایە هەر ئەمەی مەبەستە. با منش گر لگف بود چە عجب: ئەگەر دەگەڵ مندا لوتفی هەبێ سەیر نییە. رغبتست آفتاب را بە حمل: ئەدی نابینی خۆر حەزی لە پشکی کاوڕ هەس؟ مەبەست لە سەر و ساختی خۆر دەگەڵ پشکی کاوڕدا ئەوەیە کە خۆر دە یەکەم مانگی خۆرێدا دەکەوێتە پشکی کاوڕەوە. واتە لە مانگی "فروردین"ە واتە لە ٢١ی مارتدا. یا شاعیر خۆی بە بەرخێکی بەسزمان چوواندووە، بۆ بەزە دادۆشینی مەمدووح. وصف او در سخن نمی گنجد: وەسفی وی لە چوارچێوەی قساندا جێی نابێتەوە. هێندە فرەوان و زۆرە قسە بەبەری تەسکە.. بە کە وصفش أدا کنم مجمل: چاك ئەوەیە وەصفی بە کورتی بکەم؛ چونکە قسە بەشی ناکا. تا أبد آن جناب را یا رب: هەتا هەتایە، خوایە. دستگیری کند لطف أزل: لوتفی ئەزەلییەت، کە خوا هەر خۆیەتی، دەستی بە باڵایەوە بێ.

٥٣

صدر اعظم*

(پیتی) میم

مزن بیهودە از فضل و هنر ای یار همدم دم
کە از فضل و هنر بهتر بود دینار و درهم هم
شود ایام دولت با تو چون پروانە دشمن رم
کند هنگام نکبت از تو چون بیگانە محرم رم

غذا مـی سازد از خـون جگـر هـرجـا هنـرمـنـدیست
نـصیب روبـه دائـم دنـبـهء چـرب است وضیغم غم
بەهرجا شاعری خوش   لهجهء شیرین زبان بینی
بــود اوضـاع او چــون قــوهء گـفــتــار ابـکـم کـم
بـدیـن انـدك هــنـر کـزمـن خـدایش بـاز بستـانـد
فـراوان خـوردهام از دست ایـن دیـر مـطـلسم سم
کـدامین اهــل دانش در جـهــان دیـدی نشنـیـدی
کـه از اشك روان نـبـود بـرویش هـمـچـو شبـنـم نم
مــرا جــز مــرگ نـرهــانـد ز آسیب کـم اوضاعــی
نسازد بـر مـعــاشم چـیـزکـی گـر صدر اعـظـم ضم
پــنــاه مـلـك ومــلـت، صدر دولت، حــضرت عــالـی
که باقدر و جلالش کمتر است از ابن ملجم جم
زبس عـدلش طـریـق راستـی جـویـد عـجب نـبـود
رود از ابروی خوبـان کجی و او راز زلف پرخم خم
نـدانـی گـفت مـدحش ای (رضا) دست دعـا بـردار
الـهــی بــحـرمت بـطـحــاء و آب چشمـــهء زمـــزم
چـو آیین کـلـیـم الـلـه زحـکـمش هـر کـه سر پـیـچد
کند غرقش بود گر فی المثل عیسی ابن مریم یم

....

(*) کێش: بەحری هەزەج مەسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: ″ شب تاریك بیم موج و گردابی چنین هایل
کجا دانند حال ما سبکــباران ساحـلها ″

مزن بیهوده از فضل و هنر ای یار همدم دم: ئەی یاری هاودەم، بێ سوود دەم لە فەزڵ و هونەر مەدە. که از فضل و هنر بهتر بود دینار و درهم هم: چونکە دینار و درهەم لە فەزڵ و هونەر چاترە... شود أیام دولت با تو چون پروانه دشمن رام: دژمن

بە درێژاییی سەڵتەنەتت وەك پەروانە ڕامت بێ. شاعیر پەسنکراوی بە چرا و دژمنی بە پەروانە چوواندووە. واتە پەروانە چۆن ئاشقی ڕووناکییە و لە تاو ئەوین خۆی پێدا دەدا، خوایە دژمنیش ئەوها ڕامت بێ و وەك پەروانە ئاشقت بێ و خۆیت لە بۆ بەخت کا.. دیارە تەڵەبی مەحاڵە.. کند هنگام نکبت از تو چون بیگانه محرم رم: لە کاتی نەهامەتی و گلۆڵە لێژبوونەوەدا، خودا بیانیت لێ بکا بە مەحرەم و ڕامت بێ. غذا می سازد از خون جگر هر جا هنرمندیست: لە هەرکوێیەك هونەرمەندێ هەبێ، لە خوێنی جەرگ خۆراك دروست دەکا. نصیب روبە دائم دنبەء چرب است و ضیغم غم: بەشی ڕێوی هەمیشە دووگی چەورە و بەشی شێر خەم و کەسەرە. بە هر جا شاعری خوش لهجەای شیرن زبان بینی: لە هەر کوێ شاعیرێکی زارپاراوی زوان شیرین دەبینی. بود أوضاع او چون قوّەء گفتار أبکم کم: حاڵی وی وەك وتاری هێز لاڵ بوو، لاڵە. بدین اندك هنر کزمن خدایش باز بستاند – فراوان خوردەام از دست این دیر مطلسم سم: بەم نەختە هونەرەوە دەك خودا بیبڕێ – زۆرم لە دەستی ئەم دنیا تەلیسماوییە ژەهر چەشت. کدامین أهل دانش در جهان دیدی نشیندی – کە از اشك روان نبود بە رویش همچو شبنم نم: کێهە خاوەن زانستێکت لە دنیادا دیت و نەتبیست – کە نمی لە فرمێسکی ڕەوانەوە وەك شەونم و خوناو بە ڕوخسارەوە نەبێ؟ مرا جز مرگ نرهاند ز آسیب کم أوضاعی: لە مەرگ بەولاوە چیی دیکە لە ئازار و گەزەنم ڕەها ناکا. نسازد بر معاشم چیزکی گر صدر أعظم ضم: ئەگەر سەرۆك وەزیران شتێکم بۆ نەهاوێتە سەر مووچەکەم. پناه ملك و ملّت، صدر دولت، حضرت عالی: پەنای مەملەکەت و میللەت، سەردەستەی دەوڵەت، حەزرەت پایە بڵند. کە با قدر و جلالش کمتر از ابن ملجم جم: کە لە چاو قەدر و شکۆی، جەمشید لە کوڕی مولجەم کەمتر. کوڕی مولجەم: ابن ملجم، عبدالرحمن کوڕی ملجم مرادی حمیری، لە خەواریجان و لە ڕێبازی خۆیدا زۆر دەمار ئەستوور بوو. دەگەڵ وەبرەك کوڕی عەبدوڵڵای تەهیمی و عەمری کوڕی بەکری سەعدی لە ماڵی کابە سوێندیان خوارد لە ڕۆژێکی دەستنیشان کراودا عەلیی کوڕی ئەبو تالیب (د . خ.) و موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان و عەمری کوڕی عاسیان کوشت و وایان دەزانی بەم کارە کێشەی نێوان موسڵمانان لە بەین دەبەن. ئیبن ملجم ١٩ی ڕەمەزان، ساڵی ٤٠ك. مانگی، لە کاتی نوێژی سبەینێدا بە ئامانجی خۆ

گەیشت، پاش شەهید بوونی حەزرەتی عەلی (د . خ.) بە سزای خۆی گەیشت. ز بس عدلش طریق راستی جوید عجب نبود: لەبەر زۆر عادڵیی ئەگەر پەیجۆری ڕێگای ڕاستی بوو بێ، سەیر نییە. رود از ابروی خوبان کچی و از زلف پرخم خم: کەچی و خواری لە ڕوخساری جوانان لادەچێ و پێچ و لوول لە زڵفی پڕ پێچ و لوول، گرێ و پێچ و لوول نامێنێ. ئەم جۆرە هونەرە لە بەدیعدا حوسنی تەعلیلی پێ دەگوترێ. خزمایەتیی هەردوو مانایەکە لەوەدایە کە عەداڵەت پەروەری دەبێتە هۆی ئەوە کە کەچی و خواری لە ڕێگای هەقدا هەتا هەتایە هەر نامێنێتەوە، هەروەك ڕوخساری جوانان با کەم و کووڕییەکیشی تێدا بێ، زڵف با پێچ و لوولیشی تێدابێ بەڵام هەر وا نامێنێتەوە، مشتوماڵ دەکرێ و باری جوانیی خۆی دەگرێتەوە. ندانی گفت مدحش ای (رضا) دست دعا بردار: ڕەزا، ئەگەر نازانی پەسنی بدەی، دەستی دوعا بڵند کە. الهی بحرمت بطحاء و آب چشمهء زمزم – چو آیین کلیم اللّه ز حکمش هرکه سر پیچد – کند غرقش بود گر فی المثل عیسی بن مریم یم: بێژە: خوایە، بۆ حورمەتی خاکی مەککە و ئاوی زەمزەم وەکو ئاینی حەزرەتی مووسا هەر کەسێ سەرپێچی لە فەرمانی دەکا دەریا نوقمی کا، هەروەك بە مەسەل دەگوترێ با عیسای کوڕی مریەمیش بێ.

٥٤

قدّ موزون

(پیتی) میم

به گلشن قد موزون ترا تایاد می کردم[١]
خیابان تا خیابان سرو را آزاد می کردم
ندانستم گذار شانه بر زلف تو می افتد
وگرنه تا قیامت خدمت شمشاد می کردم
اگر یك تار مو کم می شد از زلف پریشانت
به زخم شانه ای در ناخن استاد می کردم
بەهر صحرا که می دیدم بدام افتاده آهویی
فدای چشم تو می گفتم و آزاد می کردم

نشستم همچو مجنون بر سر بازار رسوایی
ترا با مدَّعی می دیدم و فریاد می کردم
فریب خویش می دادم که اینك یار می آید
بهر آواز پای خاطر خود شاد می کردم

---

(١) مەلا جەمیلی رۆژبەیانی لە ٩/ ٢/ ١٩٩٢دا ئەم چەند بەیتەی بۆ ناردم، دەڵێ لە کەشکۆڵەکەی بەهائوودین ئەفەندیدا نووسراون و ئی شێخ ڕەزان. خودا کاری راست کا...

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: ″ همه کارم به خودکامی به بدنامی کشید آخر
نهان کی ماند آن رازی کزو سازند محفلها″

به گلشن قدّ موزون ترا نایاد می کردم: بە باخچە و گوڵزاراندا دەگەڕام، تا بە ژنی شووش و ڕێکوپێکی تو وەبیر بێرمەوە. خیابان تا خیابان سر و را آزاد می کردم، شەقام بە ئەقام بە شەقام دەڕۆیشتم، هەرچی دار سەروێکم دەدیت، وازم لێ دێنا. ندانستم گذار شانه بر زلف تو می افتد: نەمزانی کە شانە بە زڵفی تۆدا ڕەت دەبێ. و گرنه تا قیامت خدمت شمشاد می کردم. دەنا تا ڕۆژی قیامەتێ خزمەتی داری شمشادم دەکرد. اگر یك تار موکم می شد از زلف پریشانت: ئەگەر تاڵێ موو لە زڵفی پەرێشانت کەم دەبووەوە. به زخم شانه‌ای در ناخن استاد می کردم: بە برینی شانە دەم کر بە برینی ″موو″ لە نینۆکی ″مشاطه″، وەستای خەت و میل کێشدا. بهر صحرا که می دیدم بدام افتاد آهویی: لە هەر بیابانێکدا مامزێکم دەدیت، بە داوەوە بووگە. فدای چشم تو می گفتم و آزاد می کردم: دەمگوت بە گوریی چاوی تۆ بێ و ئازادم دەکرد. نشستم همچو مجنون بر سر بازار رسوایی: وەك شێت، یا وەك مەجنوونی لەیلا، لە بازاڕی ڕسواییدا دام کوتا. تۆم دەگەڵ موددەعی، خەسم، نە یاردا دەدیت و و هاوارم دەکرد. فریب خویش می دادم که اینك یار می آید: فریوی خۆم دەدا، کە ئەمێستاکە یار دێ. بەهر آواز پای خاطر خود شاید می کردم: بە ترپەی هەر پێیەك دڵی خۆم شاد دەکرد. ئەی ڕەزا ئەگەر ئاواتی عاشق بە هەوڵ و تێکۆشان بوایە، ئەن ئادە بووم هێندەی سەد فەرهاد تێ بکۆشم من پێم وا نییە کە ئەم شیعرە ئی ڕەزا بێ.

٥٥

کی بود یارب*

(پیتی) میم

کـی بـود یـارب طـواف کـعبـه و زمـزم کنـم
بــعــد از ان رو در مــزار سیّــد عــالــم کــنــم
روی خـود در سایـهء پـای رسول اللـه نـهـم
تـا غـبـار مـقـدمش بـر دیـدهء خـود جـا کنم
دست حـــاجت بـــرگشایـــم ازبـــر درگـــهش
ایـن دل مـجـروحـرا مـن زان دوا مرهـم کنـم
یـا رسول اللـه بـحـالـم گـوشهء چشمـی فـن
تـا شوم قربـان تو خودرا خلاص از غم کنم
سرفــــرازا از فــــراق روی تــــو در مــــاتمم
وعدهء وصل (رضا) ده ترك این سودا کنم

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ دو شرط مردان نیست در دل عشق جانان داشتن

پس دل اندر بند وصل و بـند هـجران داشـتن″

کی بود یا رب طواف کعبه و زمزم کنم: کەی بێ خوایە بە دەوری کابە و زەمزەمدا بسوورێمەوە. بعد ازان رو در مزار سیّد عالم کنم: لە پاشان ڕوو لە زیارەتگای گەورەی جیهان کەم. روی خود در سایەء پاك رسول اللّە نهم: ڕووی خۆم بخەمە سایەی پاکی رەسوولولّلا. تا غبار مقدمش بر دیدەء خود جا کنم: تا گەردی جێ پێی لەسەر دیدەم جێ بکەمەوە. دست حاجت بر گشایم از دعا بر درگهش: لە پێش دەرکەی دەستی دواعا بکەمەوە. این دل مجروح را من زان دوا مرهم کنم: ئەم دڵە بریندارە لەو دەرمانە چـارەسەر کـەم. یـا رسول اللّـە بـە حـالـم گـوشەء چشمـی فکن: یـا رەسولـەڵلا گۆشە نیگایەکی چاوم تێ کە. تا شوم قوربان تو خودرا خلاص از غم کنم: تا ببم بە گوریی تۆ و خۆم لە خەم ڕزگار کەم. سرفرازا، از فراق روی تو در ماتمم: ئەی سەرفراز، من

لە جودایی ڕوخساری تۆ لە ماتەمدام. وعدەء وصل (رضا) دە ترك این سودا کنم: بەڵێنی بەیەك گەیشتنم دەبێ، تاکو واز لەم سەودایە بێرم.

٥٦

برای امین فیضی*

(پیتی) نوون

آنـچـنـانم ز هـجـر کـاکـە امین
کـــــە نــــــدانم یساررا ز یمین
آن کـنـد بـخت قـطّ نـبـیـنـم یـارا(١)
تـــا زنم خـــنـــدە بـــر زمـــان و زمین
چـــنـــد ریـــزم بـــیـــاد روی تـــو اشك
چـــنـــد بـــاشم ز دوریت غـــمـــگین
تـــا غـــمـــی را بـــەحـــیـــلـــە چـارە کـنـم
دیـــگـــری سر بـــرآورد زکـــمـــین
مستـــم از جـــام بـــادەء فـــیـــضـت
چـون مسیـحـا ز فـیض روح آمین(٢)
سالــهـــای دراز بـــاقـــی بـــاد
بـــــەسلامت امین مـــــا آمین(٣)

---

(١) کی کند بخت (ج).

(٢) زروح فیض امین (ت).

(٣) خاطرت شادباد امین فیض زانکە دریای دانش و دین است.

(*) کێش: بەحری خەفیف موسەددەس مەخبوون مەحزووف

(فاعلاتن مفاعلن فعلن)

وەك: ˝أی غـمت مـرغ آشیـانـەء دل

زلف و خال تو دام و داندەء دل˝

آنچنانم ز هجر کاکە أمین: لە تاو دووری و لێکجودایی کاکە ئەمین وام بەسەر

هاتووه. که ندانم يساررا زيمين: که چەپ له ڕاست جویێ نەکەمەوە. آن کند بخت قطّ نبينم يار: بەخت کارێکم دەگەڵدا بکا که هەرگيز يار نەبينم. تا زنم خنده بر زمان و زمين: تا به زەمين و زەمان پڕ به دنيا بکەنم. چند ريزم به ياد روی تو اشك – چند باشم ز دوريت غمگين: تا چەند له دووريت هەروا خەمگين بمێنمەوە. چەند فرمێسکێك به يادی ڕووی تۆوە بڕێژم. تا غمی را به حيله چاره کنم: تا خەمێك به فێڵ چارەسەر کەم. ديگری سر بر آورم ز کمين: ئەوجا سەر له بۆسه دەربێنم. مستم از جام بادەء فيضت: له جامی پیاڵەی فەیزت مەستم. چون مسيحا ز فيض روح فيضی أمين: وەك حەزرەتی مەسیح که مەستی ڕۆحی فەیزی خودا بوو.. سالهای دراز باقی باد – به سلامت أمين ما آمين: خوايه ساڵهای ساڵی درێژ ئەمینی ئێمه سەلامەت بێ، آمين.

٥٧

در مدح ناظم بگ*

(پيتی) نوون

بـکـار آرد حـکـيـم مـصلـحت بين
گـهـی داروی تـلـخ و گـاه شيـريـن
بمحـروران نـبـايـد انـگـبين داد
نسازد بـا مـزاج گـرم تسخين
مـيـاور شربت گـلـقـنـد و بـادام
پـی صفـرا مـزاجـان گرچـه زهـر است
بـود (عين الشفـا) حب السلاطين
چـو بـيـنـی خـون فـاسد در دمـاغش
فـرو بـرد قـفـايش نشتـر کين
ز خـيـل شاعـران مـن هـم حکـيـمـم
گـهـی گـويـم نـکـويـانـرا ستـايش
هـمـی خـوانم بـدانـرا لـعن نـفـريـن
بـکـام دوستـان ريـزم تـبـرزد
زنم بـر فـرق بـدخـواهـان تـبـرزيـن

کـــریمان را دهـــانم کـــوزهء شهـد
لـــئـــیـــمـــان را زبــانم تـــیـــغ رویین
مـــعـــاذ الـــلـــه زبـــان آتشینم
(جـعـلـنـاهـا رجـومـا لـلشیـاطین)
ستـــایش راست نـــاظـــم بگ سزاوار
نـــظـــام مـــلك ومـــلت (نـــاصردیـــن)
جـــهـــان مـــحـــتـــاج رایش زانـکـه دارد
دل روشنـــتـــر از جـــام جـــهـــان بین
بـــیـــا روزی تماشا کـــن سواریش
بـــدوش اشقـــر انـــدر خـــانـــهء زیـــن
گـــرفت آوازهء عـــدلش جـــهـــانـــرا
ز مـــــــرز روم تــــــا دروازهء چین
چـــو بـــانگ ساز مـــی آیـد بگوشش
بـــرزم انـــدر خـــروش نـــای زریـــن
کند بـر فـرق مـحتـاجـان گـهر پـاش
ز ابـــر رحـــمت از بـــالا بـــه پـــایین
نـــگـــهـــبـــان سریـــر شهـــریـــاران
بـلـی شهـرا نـگـهـبـان است فـرزیـن
عـروس فـکـر بـکـرم را بـخـواهـد
شبـــی در بـــرکشد تـــاداده کـــابین
ازیـن مـدحـم غـرض خشنودی اوست
بـــود آری دعـــــا از بـــــهـــــر آمین
اگـر خـواهـی بـچشم خـویش بـیـنـی
روان بـــربـــاد صرصر کـــوه تمکین
خـــداونـــدا بـــحـــق نـــور طـــه
خـــداونـــدا بـــجـــاه آل یـــــاسین

بــتــابــد کــوکب جــاه و جــلالش
بــعــالــم تــا بــتــابــد مــاه پــرویــن

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف
(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)
وەك: ″حدیث جـان بجـز جانـان نداند
که جز جانان کسی از جان نداند″

بە کا آرد حکیم مصلحت بین – گهی داروی تلخ و گاه شیرین: بژیشکی مەسلەحەت بین – جارێ دەرمانی تاڵ و جارێ شیرین بەکار دێنێ. بە محروران نباید أنگبین داد: نابێ بە وانەی پلەی گەرمییان بەرز بوویێتەوە هەنگوین بدرێ. پی صفرا مزاجان گر چە زهر است – بود عین الشفا حبُّ السَّلاطین: حەببوسسەلاتین، گەرچی زەهرە بەڵام بۆ ئەوانەی میزاجیان سەفراوییە دەبێتە شفا. چو بینی خون فاسد در دماغش: کە خوێنی تێکچووی لە کەپوویدا دیت. فروبرد در قفایش نشتر کین: نەشتەری ڕکی لە مێشکی بردە ژوور. ز خیل شاعران من هم حکیمم: ئەمنیش لە نێو کۆڕی شاعیراندا بژیشکم. گهی گویم هجا و گاه تحسین: جارێ فڕ داوێم و کاوێ مەدح دەکەم. همی گویم نکویان را ستایش: بەڵام لە بۆ چاکان مەدح دەڵێم. همی خوانم بدان را لعن و نفرین: هەروەها لەعنەت و نەفرینیش لەبەدکاران دەکەم. بکام دوستان ریزم تبرزد: نوقڵی سپی بە مرادی دۆستاندا دەڕێژم. زنم بر فرق بدخواهان تبرزین: تەورزین بە تەپڵی سەری بەدخوایاندا دەدەم. کریمان را دهان کوزء شهد: زارم لە بۆ دەهەندە و دڵاوایان گۆزەی هەنگوینە. لئیمان را زبانم تیغ رویین: زمانم لە بۆ ناکەسبەچە و بەدنژادان تێخی بڕا و ئاسن. وشەی رویین، لە ″روی″ لە ″رودیك″ی پەهلەوی ڕا کەوتووەتەوە. ئەمە فلزێکە بە ڕەنگی مشکی ئاماڵ شین، دەفر و ئامان و ئیربارانی لێ ساز دەکرێن. ژمارەی ئاتۆمیی وی ۳۰ی و کێشی وی ۳۸/ ٦٥. ئەگەر ″رو″ دەگەڵ″مس″دا تێکەڵ کرێ ″برنج″ (توج)ی لێ دێتە گۆڕێ و ئەگەر دەگەڵ ئاسندا تێکەڵ کرێ زوێڵی ناسکی حەڵەبی لێ پەیدا دەبێ. مەرتاڵێکی سەختە. معاذ اللّە زبان آتشینم: پەنا بەخوا زمانی ئاگرینم ئەو ئاتەش پارە ئەستێرانەیە کە شەیتانیان پێ ڕەجم دەکرێن. ستایشراست ناظم بگ سزاوار: نازم بەگ شایانی مەدح و ستایشە. نظام ملك و ملت (ناصردین): پێرۆی مەملەکەت و ئاین لە سای وییەوە

سەرکەوتووە. جهان محتاج رایش زانکه دارد– دل روشن تر از جام جهان بین: جیهان پێویستی بە ڕا و تەگبیری وییە؛ چونکە دڵی لە جامی جیهان بین ڕۆشنتری هەس. بیا رۆزی تماشا کن سواریش: ڕۆژێ وەرە بنواڕە سوارچاکیی وی. بە دوش أشقر اندر خانەء زین: کە لە خانەی زیندا بەسەر پشتی ئەسپی سورخنەوەیە. گرفت آوازەء عدلش جهان را – ز مرز روم تا دروازەء چین: ناووبانگ و ئاوازەی لە کەوشەن و مەرزی ڕۆمەوە تا چین جیهانی گرتەوە. چو بانگ ساز می آید بە گوشش– بەرزم اندر خروش نای زرین – کند بر فرق محتاجان زر پاش: هەرکە دەنگی ساز و موزیکی بەر گوێ دەکەوێ و دەکەوێتە جۆش و خرۆشی ڕەزمەوە – زابر رحمت از بالا بە پایین: زێڕان لە هەوری ڕەحمەتەوە بە سەر سەری موحتاجاندا دەپرژێنێ، هەڵدەدا. نگهبان سریر شهریاران – بلی شه را نگهبان است فرزین: پاسەوانی تەختی پادشایان بۆ شا لە بۆ چاوێری وەك مۆرەی وەزیری شەترەنج وایە. عروسی بکر فکرم را بخواهد – شبی در بر کشم تا دادە کابین: بە ئاواتەوەم بووکی نەسمڕاوی بیرم بیەوێ، شەوێك لە باوەش بگرێ، تا مارەییی لەبۆ دابین کەم. واتە: ئاواتخوازم بووکی نەسمڕاوی بیرم شەوێك لە شەوان دە ئامێز بگرێ، تا مارەییی بدەم. بیرم بەکار کەوێ و خەیاڵم ببزوێ شیعرێکی مەدحی بۆ بڵێم. ازین مدحم غرض خوشنودی اوست: مەبەست لەم مەدحەم دڵخۆشکردنی ئەوە. بود آری دعا از بهر آمین: بەڵێ مەبەست لە دوعا ئامینە، واتە: بەجێبەجێبوونی دوعایە. اگر خواهی بە چشم خویش بینی: ئەگەر دەتەوێ بەچاوی خۆتی ببینی کێوی وەقار و پایەداری لە بەر بای سەختدا ڕەوان و لەسەرەخۆیە. واتە مەمدووح بە هیچ شتێ نابزوێ و تێك ناچێ. خداوندا بە حقّ نور طە: خودایە بە حەققی نووری تاها، کە پێغەمبەری خۆشەویستە. بتابد کوکب و جاە و جلالش – بە عالم تا بتابد ماە و پروین: هەتا مانگ و ئەستێرەی پەروین لە درەوشانەوەدایە. بتابد کوکب وجاە و جلالش: ئەستێرەی جاە و شکۆی بەسەر دنیادا هەر بدرەوشێتەوە.

(۵۸)

در ستایش مغفور له پرنس مصطفی فاضل پاشا بن محمد علی پاشای مصری در هنگامی که ناطر مالیهء دولت عثمانی بود*

(پیتی) نوون

مـرا بـه هـیـچ نـیـاسید ایـن دل مـحـزون
مـگـر بـطـلـعت زیـبـا و قـامت مـوزون
گـهـی بـه پستـهء خـنـدان دلـبـری مـائـل
گـهـی بـه نـرگس فـتّـان شاهـد مـفـتـون
مـن آن قـلـنـدر آزاده مشربم کـه قـلـم
کشیده بـر بـد و نـیـکم جـهـان بـوقـلـمـون
گـر بـه آب شوی خـدایـا جـریـدهء اخـبـار
کـه صرفـه‌ای نـبـرم زیـن فسانـه و افسون
بـه بـزم عشق مـگـو حـدیث مـهـر و وفـا
مـرا بـکـار نـیـایـد قـرال (نـاپـلـیـون)(۱)
مـر ازان چـه کـه پـیـروز گشت بسمـارك(۲)
مرا از ان چه که پامال گشت (ماکماهون)(۳)
کـدام خـار و خسم بـهـره از غـنـائم یـونـان(٤)
کـدام شال نـصیـبـم زغـارت (شالـون)(۵)
بـجـز حـکـایت شیـریـن مـپـرس از (فـرهـاد)
بـجـز فسانـهء (لـیـلـی) مجوی از (مـجـنـون)
مـرا بـدیـن سر شوریـده بـا جـریـده چـه کـار
بـیـار ساقـی گـل چـهـره بـادهء گـلـگـون
مـی‌ای کـه روح رسانـد بـعـالـم وحـدت
مـی‌ای کـه راه نمایـد بـحـضرت بـی چـون
مـی‌ای کـه شبـهـه زدایـد ز رمـز قـال وقـیـل
(مـی‌ای کـه پـرده بـرآرد ز رمـز قـالـوا بـلـی)

مـی‌ای کـه پـرده گشایـد ز بـزم کـن فـیـکـون
مـــی‌ای کـــه گـــر گـــذرد بـــر مشام آبستن
فـتـد بـه مـغـز جنین در مشیمـه شور جنون[٦]
کـــه تـــا بـــیـــاری آن عـنـدلـیب نـاطـقـه‌ام
یـکـی قـصیـده سرایـد چـو گـوهـر مـکـنـون
بمدح نـــاظـــر مـــالـّـیـــه مـصطـفـی پـاشا
مشیـر مـعـدلت آیین و مـرحـمت قـانـون[٧]
هـــنـــروری کـــه بـــه‌دورش ممالك اسلام
چـنـان شده است چـو یـونـان بـعـهد افـلاطون
خـجستـه رای وزیـری کـه ساعـد هـنـرش
بـــبـــزم و رزم چـــو آیـــد زآستین بـیـرون
بـدشمـنـان بـنـمـایـد شجـاعت و قـهـرش[٨]
بـــدوستـــان بـفشانـد خـزانـــهٔ قـــارون[٩]
بـبین بـزیـر رکـابش سمـنـد صاعـقـه‌رو[١٠]
بـــبین بـــدست نـــوالش پـــرنـــد آذرگون
کـه تـا مشاهـده بـیـنـی هـزبـر ثـعـبـان
کـه تـا مـعـایـنـه بـیـنـی جـحـیـم در جـیـحـون
نسیـم گـلشن مـهـرش اگـر و زد نـیسان[١١]
سمـوم آتش قـهـرش اگـر جـهـد کـانـون[١٢]
بـــبـــاغ لالـــهٔ نشکـفـتـه را بـریـزد بـرگ
بـــبـــاغ لالـــهٔ افسرده را بـجـوشد خـون
کـــفش پـــیـــالـــه‌ای از بـــادهٔ کـرم سرشار
دلش سفـیـنـه‌ای از گـنـج مـعـرفت مشحـون
یـکـی فـقـیـر بـود بـا سخـای او مـلـیـار[١٣]
یـکـی پشیـز بـود بـاعـطـای او مـلـیـون
ایـــا بـلـنـد جـنـابـا، وزیـر آصـــف رای
بـــه یمن اخـتـر مسعـود وطـالـع مـیـمـون[١٤]

یــکـــی بـــرای خـــدا تـــیـــغ انـــتـــقـــام بـــکش

بـــخـــواه کـــیـــنـــهء مـــن از زمـــانـــهء وارون

هـــمـــیشه تـــا بـــجـــهـــان خـــلـــق داستـــان دانـــنـــد

بـــعـــدل داد بـــود، عـــمـــر دولـــتت افـــزون(١٥)

....

(١) ئەم ناپلیۆنە ناپلیۆنی سێیەمە کە پاشای فەرەنسا بوو و لە شەڕی ١٨٧٠ داو لەم شەڕەدا بە دیل گیرا. مرا بە چە کار مردم قرال ناپلیون (م)، مرا بە کار نیاید قرال ناپلیون (ت).

(٢) مەشهورترین سیاسی جیهانە، ماوەیێ راوێژیاری سەرەك وەزیرانی ئەڵمانیا بوو. لە سەردەمی ئەودا شەڕی ساڵی ١٨٧٠ جاڕدرا لەم شەڕەدا فەرەنسا شکا.

(٣) ماکماهۆن سەرەك وەزیرانی فەرەنسا و سەرداری لەشکر بوو.

(٤) خاروخسم. (م) خاروخسم: (ت). کدام بهره مرا (ح.).

(٥) شالون: جەنگ گاهی ئەم شەڕەیە.

(٦) فتد بمغز جنیه در مشیمهء شور وخون: (م)، فتد بمغز چنین در مشیمهء.....: (ت).

(٧) ... ئایین مرحمت قانون (ت)... ئایین ومرحمت قانون: (م).

(٨) بنماید: (ت)، نماید: (م).

(٩) بیفشاند: (م)، بفشاند (ت).

(١٠) سمند صاعقەرو: (ت)، سمندر صاعقی: (م).

(١١) اگر جهد نیسان: (م)، اگر وزد نیسان (ت).

(١٢) اگر وزد کانون (م)، اگر جهد کانون (ت).

(١٣) فقیر: (ت)، نقره: (م).

(١٤) اشتر: (م)، اختر: (ت).

(١٥) داد کند: (ت، م).

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ

(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لان)

وەك: ″ دلا ز قـــید حریـــفان بـــی خرد بگـــریز

تو مرنج زیرکی از دام دیو و دد بگریز″

مرا بە هیچ نیاساید این دل محزون: ئەم دڵە خەمگینەی من بە هیچ ئارام نابێ. مگر

بە طلعت زیبا و قامت موزون: مەگەر بە هەڵاتنی ڕوخساری جوانی وەکوو ڕۆژی و بەژنی شووش و ڕێکی وی: گهی بە پستەء خندان دلبری ماهر: جارێ بە لێوی وەکوو بستەی خەندانی دلبەری لە نوازشتدا بە مەهارەت و دەستوبرد: گهی بە نرگس فتَّان شاهد مفتون: جارێ بە چاوی وەك نرگسی ئاژاوە هەڵایسێنی مەحبووبی دڵ بە جوانیی ئاشووب هەڵایسێن. من آن قلندر آزادە مشربم کە قلم – کشیدە بر بد و نیك جهان بوقلمون: کە قەڵەمی بە سەر خراپ و چاکی جیهانی وەك بۆقلەموونداکێشاوە. بە آن شوی خدایا جریدەء أخبار: خودایە ڕۆژنامەی هەواڵان بە ئاو بشۆوە. کە صرفەای نبرم زین فسانە و افسون: چونکە هیچ سوودێك لەم ئەفسانە و پڕوپووچ و ئەفسوون و جادووگەرییە وەرناگرم. بە بزم عشق مگر جز حدیث مهر وفا – مرا بە کار نیاید قرال ناپلیون: ئەمن لە بەزمی ئەویندا لە قسە و باسی میهر و وەفا بەولاوە، قڕاڵ ناپلیۆنم بە کار نایە: مرا ازان چە کە پیروز گشت بسمارك: بە من چی کە بسمارك سەرکەوت. مرا ازان چە کە پامال گشت ماکماهون: بە من چی ماکماهۆن پێخوست بوو. کدام خار وخسم بهرە از غنائم یونان: ئەمن چ پووش و پەڵاشێکم لە تاڵانیی یۆنان بەهرە پێ گەیشت. کدام شال نصیبم غارت شالون: کێهە شاڵم بەرکەوت لە چەپاوڵ و تاڵانیی شالۆن. بە جز حکایت (شیرین) مپرس از (فرهاد): لە داستانی (شیرین) بەولاوە چ لە (فەرهاد) مەپرسە. بە جز فسانەء (لیلی) مجوی از (مجنون): جگە لە ئەفسانەی (لەیلا) هیچ لە (مەجنون) مەپرسە. مرا بدین سر شوریدە با جریدە چە کار: من بەم سەرە هەراسان و ورووژاوە چ کارم بە ڕۆژنامەوە هەس. بیار ساقی گل چهرە بادەء گلگون: مەیگێڕ سا بێرە بادەی سووری گوڵ ڕوخسار. می کە روح رساند بە عالم وحدت: مەی بێنە، کە ڕۆح دەگەیەنێتە جیهانی یەکایەتی. می کە راە نماید بە حضرت بی چون: مەی کە ڕێ بەرەو حەزرەتی بێ چۆن و چییە نیشان دەدا.می کە شبهە زداید ز رمز قال و قیل: مەی کە شوبهە و گومانی نما و چەڵتە چەڵت خاوێن دەکاتەوە. می کە پردە گشاید ز بزم کن فیکون: مەی کە پەردە لە ڕووی ″ببە و دەبێ″ هەڵدەماڵێ. می کە گر گذرد بر مشام آبستن – فتد بە مغز چون در مشیمە شور جنون: مەی کە گەر بێت و بە لووتی ئاوسدا بگەڕێ. شۆڕشی شەیدایی بە گیانی پسدا، لە پسداندا دەکا. کە تا بیاری آن عندلیب ناطقەام: کە بە یارمەتیی ئەو بوڵبوڵە قسەکەرەم. یکی قصیدە سرایم چو گوهر مکنون: چامەیەك بچڕم وەك گەوهەری شاراوە. بە مدح ناظر مالیە مصطفی پاشا: لە مەدحی وەزیری دارایی، مستەفا پاشا.

مشير معدلت آيين مرحمت قانون: ڕاوێژیاری دادی ئایین، بەزەیی یاسا. هنروری كە بە دروش ممالك اسلام – چنان شدە است چو یونان بە عهد افلاتون: هونەروەرێك كە وڵاتانی ئیسلام بەدەوریدا، یۆنان ئاسایی لە سەروبەندی ئەفلاتووندا، خڕبوونەتەوە. خجستە رای وزیری كە ساعد هنرش – ببزم رزم چو آید ز آستین بیرون: وەزیرێكی پیرۆز ڕای كە مەچەكی هونەری لە سەرقۆڵی بۆ نەبەرد و گەڕ و گەڕناسی دەرێنێ. بە دشمنان بنماید شجاعت و قهرش : ئازایەتی و قاری بە دژمنان دەنوێنێ. بە دوستان بفشاند خزانەء قارون: بە دوستاندا گەنجینەی قاروون بڵاو دەكاتەوە. ببین بە زیر ركابش سمندر صاعقەرو: تواشای سەمەندەری بروسكە ئاساكە دە بن ڕكێفیدا. سەمەندەر: سالاماندرا: سمندول: یۆ. Salamandra لا . salamandra، گیانلەبەرێكە دە پلەی دوڕەی كلكدار كە بۆ خۆی تیرەیەكی تایبەتی هێناوەتە گۆڕێ. ئەم گیانلەبەرە بەژنێكی مام نێوەنجی (بە زۆری ٢٥ سانتی مەتر) پۆستێكی ڕەنگ تاڵی پنت زەردی زۆپی هەس.

هێورگای سەمەندەر لە جێگای نمناك و تاریك و لە ئەشكەوتاندایە. خوروخۆراكی لە جڕ و جانەوەر و كرمە. لەشی لە چاو خۆیدا قەڵەوە و كلكێكی تیرۆكانەی دە شێوەی گوستیلك هەس. بێ وەی و گەزەنە، پێستی زوخاوێك دەردەدا تیژە.. ببین بە دست نوالش پرند آذگون: بنواڕە شیری ئاورڕەنگ بەدەستی بەخششیەوە. كە تا مشاهدە بینی هزبر بر ثعبان: هەرچەندی لێ ورد بییەوە، هەر دەڵێی شێرە لە ئەژدیها ڕۆهاتووە. كە تا معاینە بینی جحیم در جیحون: چەندی تواشاكەی، دۆژەهە و لە جەیحووندا. لەم وێنە شیعرییەدا شێخ ڕەزا وێنەی ئۆلیس، پاڵەوانی ناوداری شەڕی تروێ كە لە ڕێی وەگەڕاندا تووشی ڕووداو و كەین و بەینی ناهەموار و سەراسیمەییەكی زۆر دەبێ و هاوسەرە وەفادارەكەی، (پەنلوپ) و فرزەندە پاكزێیەكەی، (تەلماك) چاوەنۆڕی دەبن، وەلێ گرۆیەك لە لەشخوازان، كە پێیان وا دەبێ، ئۆلیس لە ناو چووە و دەیانەوێ ژنەكەی ناچار كەن شوو بە یەكێكی دیكە بكا. ئۆلیس بە دزییەوە و بە نەناسراوی وەدەگەڕێتە زێدی خۆ و تۆڵەی ژنەكەی لە بێ ئابڕووان دەستێنێتەوە. ئەم داستانە هۆمەری نەمر بە نێوی داستانی دێرینی "ئۆدێس"ەوەی بە شێوەیەكی پڕ نێوەرك و شاعیرانە هۆنیوەتەوە. ئەمن پێم وایە ئەم داستانە لە سەروبەندی شێخ ڕەزا و پێش ویش لە نێو شاعیرانی كوردا نێووبانگی ڕۆیشتووە و شتێكیان لێ زانیوە... نسیم گلشن مهرش اگر وزد نیسان: ئەگەر شنەی

گوڵشەنی میهرەبانیی لە مانگی نیساندا هەڵکا. سموم آتش قهرش اگر جهد کانون: ئەگەر ڕەشەبا و زریانی قار و ڕکی لە مانگی کانوودا ببزوێ. دیارە مانگی نیسان مانگی باو بۆران و مانگی کانوونیش، مانگی تۆف و وەیشوومە و سەرما و سۆڵەیە... بە باغ لالەء نشکفتەرا بریزد برگ: گەڵاو وەڵگ بە گۆڵاڵە سوورەی باخی هێشتا چرۆنەکردگ دەبەخشێ و خوێن لە گوڵاڵە سوورەی باخی سیس بووگەوەدا دێتە جۆش. کفش پیالەای از بادەء کرم سرشار: بەری دەستی پیاڵەیە کە لە بەخششت، سەرڕێژ و پڕ. دلش سفینەای از گنج معرفت مشحون: دڵی کەشتییەکە لە گەنجی زانست و دانایی دارماڵ. یکی فقیر بود با سخای او ملیار: یەکێ هەژار بێ بە دڵاوایی وی خاوەن ملیار. یکی بشیز بود با عطای او ملیون: کەم نرخێك بە بەخششتی ئەو دەبێ بەخاوەن ملیۆن، وشەی بشیز بە ڕەچەڵەك پەهلەوییە، واتە کەمترین دراوی سەروبەندی ساسانییان. ایا بلند جنابا وزیرآصف رای: ئەی سەردەرانە بڵند هۆ وەزیری ڕا وەك ڕای ئاسەف. بە یمن اختر مسعود و طالع میمون: بە بەرەکەت بەختەوەر و یەغباڵ پیرۆز. یکی برای خدا تیغ انتقام بکشن: جارێك لە بۆ خوا تێخی تۆڵە هەڵکێشە. بخواە کینەء من از زمانەء وارون: تۆڵەی من لە زەمانەی بەرەواژ بستێنەوە. همیشە تا بە جهان خلق داستان دانند: هەتاهەتایە خەڵك لە جیهاندا بە داستانی بگێڕنەوە. بە عدل داد کند عمر دولتت افزون: تەمەنی دەوڵەتت بە عەداڵەت و داد زێدە بێ.

٥٩

برای یونس خان بانه*

(پیتی) نوون

مــن در ایــن مـمـلـکت روم کــه بــادا ویـران
خـوار و بـدنـام شدم هـمـچـو عـمـر در ایـران
نــه بــه ایـران بـودم جـای اقـامت نـه بـه روم
گشتــەام زیـر فـلك هـمـچـو فـلك سرگـردان
شیـخـم و نـیست مـرا جـایـی بـرو تـکـیـه کـنـم
نــکــنــم تــکــیــه بــر کــرم یــونس خــان

مـــا بـــخـــدمت نــرسيـديـم ولـــی مـــیشنـــویـــم[١]
قـــهـــرمــــان است دریـــن نـــاحـــیـــهء کـــردستـــان

....

(١) له دیوانه له چاپدراوەکەدا نییە.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)
وەك: "باز در زلف بنفشه حرکات افکنند
دهن زرد خجسته به عبیر آکندند"

من درین مملکت روم که بادا ویران: من لەم وڵاتی ڕۆمە هەی وێران بێ. خوار و بدنام شدم همچو عمر در ایران: بە چاوی کەم تەماشاکراو هەروەکو عومەر لە ئێران، بەدناو بووم. نه به ایران بودم جای اقامت نه به روم: نە لە وڵاتی ئێران جێگای مانەوەم هەس نە لە وڵاتی ڕۆم. گشته‌ام زیر فلك همچو فلك سرگردان: لە ژێر گەردووندا وەك گەردوون خۆی، سەرگەردان بووم. واتە دەگەڕێم. شیخم و نیست مرا جای برو تکیه کنم: جێگایەکم نییە کە پشتی پێوە دەم. دیارە "تکیه" و "متکا" بە مانای جێگایەك دێ کە پشتی پێوە بدرێ، شانی لەسەر دابدرێ، شاعیر (تەکیە)ی مەبەستە. نکنم تکیه مگر بر کرم یونس خان: ئەگەر بە کەرەم و دەهەندەییی یونس پشت دانەدەم.

٦٠

امیر المؤمنین*

(پیتی) نوون

آسمـــانش آن چـــنـــاست و زمـــیـــنش آنچنین
چشم عـبـرت بـرگشا و قـدرت حـق را بـبـیـن
گـر چـه از روی زمـیـن مـن مـالك چـیـزی نـیـم
از زمـیـــن تـــا آسمـان (حـمـداً لرب الـعـالـمـین)
کـــاش یك روزم بـــدرگـــاه هـــمـــایـــون ره دهـــنـــد
تـا (حمید خـان) را بگویم: (ای حمیرالمؤمنین)
بـــعـــثت تـــو بـرخـــلاف بـــعـــثت پـــیـــغـــمـــبـر است
(انت مـــا ارسلت الا زحـــمـــه لـــلـــعـــالـــمـــیـــن)

(*) کێش: بەحری رەمەڵ موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: "آن کە نقشی دیگرش جایی مصوَّر می شود

نقش او در چشم ما هر روز خوبتر می شود"

آسمانش آن چناست و زمینش آنچنین: ئاسمانی ئاوهاس و زەوینی وەی تەرحەس. چشم عبرت برگشا و قدرت حق را ببین: چاوی پەند و عیبرەت وەکە و توانستی خودای بەهەق ببینە. گر چە از روی زمین من مالك چیزی نیم: گەرچی من لە رووی زەوین، خاوەنی شتێك نیم. از زمین تا آسمان (حمداً لرب العالمین): هەر لە زەوینەوە، تا هاسمان سپاس بۆ پەروەردگاری جیهانان.

٦١

باب همایون*

(پیتی) نوون

فرج دهن دریده ندار صدای کون

عالیست همچو باب همایون سرای کون

از کس بکار بردنش ابلهی بود

کیری کە آفریده خدایش برای کون

دل در برم چو خایەء حلاج می طپد

از شوق چون بگوش من آید صدای کون

(*) کێش: بەحری رەجەز موسەممەن مەتوی مەخبوون مەقتووع

(مفتعلن مفاعلن مفتعلن فعلن)

نموونەم دەست نەکەوت.

فرج دهن دریده ندارد صدای کون: کوزی زار دادڕاو ئاوازی قوونی نییە. عالیست همچو باب همایون سرای کون: سەرای قوون وەك دەرکەی (بابی عالی) بەرز و بڵندە. از کس بکار بردنش ابلهی بود: کێر گەمژەییيە. کیری کە آفریده خدایش برای کون:

کێرێك لە خوای خۆی بۆ قوونی دروست کردبێ. دل در برم چو خایەء حلاج می طپد: دڵم لە گیانمدا وەکوو گونی هەلاج دەلەرزێ. از شوق چون بگوش من آید صدای کون: کە ئاواز‌ی قوونی بەر گوێ دەکەوێ.

٦٢

در ستایش تحسین پاشا

والی موصل*

(پیتی) واو

شاد از (خشه) بـودیـم هـم أو رفت بـطـاپـو(١)

بـیـهوده گذشت آن هـمـهام سعـی و تـکـاپـو

مـیـکـارم وچـون مـیـدروم کشتـەء خـود را(٢)

در خـرمـنـم آتش زنـد ایـن چـرخ جـفـاجـو

بشکـافت چـو گـنـدم فـلك شعـبـدەبـازم

تـا مشت جـوی گشت مـرا حـاصل ازیـن جـو

(طـاپـوایـلـه ویـردی امـلـم بـاد هـوایـه

خـرمـن کـبـی یـانسون یـورکی نـاظر ویرگـو

دست مـن و دامـان تـو، ای حـضرت والـی

ای واسطـەء رزق گـدایـان دعـا گـو

عـالـی نسبـا سیـرەت و سیـمـای تـو زیبـاست

تـحسیـن لـقـبـا اسم و مسمّـای تـو نـیـکـو

گـر بـنـدەء پـایت قـدمـی هست مـنـم مـن(٣)

ور خـواجـەء صاحب کـرمـی هست تـوی تـو

فـرش است زخـاك قـدمت عـرش سلـیـمـان(٤)

جـویی است ز بـحـر، حـکـمت هـوش ارسطـو(٥)

قـطـرەای بـود از دائـرەء جـود تـو قـاآن(٦)

تـابـی بـود از شعـلـەء قـهـر تـو هـلاکـو

سر پـــنـــجـــهء تـــدبـــيـــر تـــو آرايش مــــلك
بـــى مـــنَّـــت لشكـــر كشيـــد قـــوت بــــازو[٧]
ادراك تـــــو در تسويـــــهء أمـــــر سيــــاسى
بشكــافت بسى مــعــنــى بــاريــكــتــر از مــو[٨]
گــه جـلـوهو گـه شاهـد وحدت بـود ايـن بـاغ
گــــه در صفت ژالــــه و گـــا لالــــهء خـــودرو[٩]
تشريــف بـــيـــاريـــد اگــر از سر اخـــلاص[١٠]
آرد بــــنــــعــــال قـــدمت (شيـــخ رضا) رو[١١]

---

(١) بودم هم رفت: (ت) بودم، خشه هم رفت. (م).
(٢) كيشتهء خودرا: (ت)، كشتهء خودرا: (م).
(٣) گريبندهء پايت قدمى: (ت)، گر بندهء پابت قدمى... ئەم ديڕەكەی پاشەوەی لە چاپی (مەريوانی)دا نييە.
(٤) عرش سليمان: (ت).
(٥) هوش ارسطو: (ت).
(٦) قطره بود: (ت ، م).
(٧) بى منت لشكر قوت بازو: (ت)، بێ منت لشكر كش وقوت بازو (م).
(٨) (باريكتر) نەختێ قورس بخوێنەوە.
(٩) گل ژاله صفت: (م).
(١٠) دالى (بياريد) نەختێ قورس بخوێنەوە.
(١١) آيد بنعال قدمت (شيخ رضا) رو: (ت)، آيد بنعال قدمت (شيخ رضا) زو: (م)
(*) كێش: بەحرى هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەكفووف مەحزووف
(مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن)
وەك: ″ آن را كه خداى از قلم لطف نگارد
شايـد كو براو مشّاطـــه نيـــارد″
شاد از خشه بوديم هم او رفت به طاپو: زۆرم خۆش لەوە هات كە (خوشە) بۆ تاپۆ چوو. بيهوده گذشت آن همه ام سعى و تكاپو: بە بەلاش چوو ئەو هەموو كر و

کۆششەم. می کارم و چون میدروم کشتەء خودرا: دەکێڵم و کاتێ کێڵدراوی خۆم دەدرووومەوە. در خرمنم آتش زند این چرخ جفاجو: ئەم چەرخە هەمیشە جەفا و مەینەتی گەڕە ئاور لە خەرمانم بەردەدا. بشکافت چو گندم فلك شعبدە بازم: گەردوونی فێڵبازم وەکوو گەندمی یەخەدادڕاوی دادڕیم: تا مشت جوی گشت مرا حاصل ازین جو: تا مستێ دەسکەوتم لەم جۆیە وەگیر کەوت. (طاپو ایلە ویردی املم باد هوایە): هەویای بە تاپۆ دام بە بادی هەوا، بە بەلاش. (خرمن گبی یانسون یورگی ناظر ویرگو): سەرپەرشتی باج دڵی وەك خەرمان بسووتێ. دست من و دامن تو ای حضرت والی: دەستی من و داوێنی تۆ ئەی حەزرەتی والی. ای واسطەء رزق گدایان دعاگو: لە پێناوی ڕۆزیی گەدایانی دوعاگۆ: عالی نسبا، سیرت و سیمای تو زیبا است: هۆ ڕەچەڵەك بڵند، ڕەوشت و سەر و سیمای جوان. تحسین لقبا اسم و مسمَّای تو نیکو: نازناو پەسند، نێو و نێوەڕۆك چاك. بندەء پایت قدم هست منم من: ئەگەر بەندەیەکی پابەند و پێ چەسپ هەبێ، منم من.

ور خواجەای صاحب کرمی هست تویی تو: ئەگەر گەورەیەکی خاوەن کەرەم هەبێ تۆی تۆ. فرش است ز خاك قدمت عرش سلیمان: خاکی بەر پێی تۆ ڕایەخی حەزرەتی سولەیمانە. جویی است ز بحر حکمت و هوش ارسطو: حیکمەت و هۆشی ئەرەستوو جۆگەلەیەکە لە دەریا. قطره ای بود ز دائرەء جود تو (قاآن): قائان تنۆکێکە لە جغزی دەهندەییی تۆدا. تابی بود از شعلەء قهر تو (هلاکو): هۆلاکۆ تroوسکەیەکە لە شۆڵەی ڕکی تۆ. سرپنجەء تدبیر تو آرایش ملك: سەرئەنگوستی ڕا و تەکبیری تۆ بەزەکی مڵك و دەوڵەتە. بی منَّت لشکر تو قوّت بازو: بێ میننەت لەشکری تۆ هێزی بازووە. ادراك تو در تسویەء امر سیاسی: فام و تێگەیشتنی تۆ لە یەکلاکردنەوەی کاری سیاسیدا: بشکافت بسی معنی باریکتر از مو: مانای لە موو باریکترت قەڵشاند. گە جلوە و گە شاهد وحدت بود این باغ: ئەم باخە گاهێ تەجەلاو خۆبەدیارخستن و گاهێ گەواهی یەکایەتییە. گە در صفت ژالە لالەء خودرو: گاهێ ژاڵە و گاهێ وەك مێلاقەی خۆڕوواو (لە خۆڕا ڕوواو). تشریف بیارید اگر از سر اخلاص: تەشریف بێرن، ئەگەر لە ڕووی دڵسۆزییەوە. آید بە نعال قدمت شیخ (رضا) رو: شێخ ڕەزا ڕوو بە کاڵەی پێتدا بێرێ.

٦٣

در مدح سلطان عبدالعزیز خان*

(پیتی) هیٔ

کردم بکارنامهء شاهان بسی نگاه[۱]
برهم زدم جریدهء این کهنه کارگاه
از حال خسروان زمان جستم آگهی[۲]
آنان که بوده‌اند خداوند دستگاه
ساسانیان بحکمت و سامانیان بملك[۳]
عباسیان به شوکت و سلجوقیان بجاه[٤]
هرچند که خواستم که بیابم نیافتم[٥]
شاهی بفر و دولت (عبدالعزیز شاه)
چشم سپهرو دیدهء دوران ندیده است
شاهنشهی بدین حشم ولشکر و سپاه
این تخت واین مسند این گنج و این گهر
وین تاج وتخت و این علم و چتر و بارگاه
این لشکر نظام که کرد گوش چرخکر[٦]
از نالهء نفیر بههر شام و صبحگاه
خورشید سایه گستر و جمشید تاجور
دارای بنده پرور و سلطان دین پناه
فخر دول ملاذ ملل و مایهء امل
ظل خدا امام هدی، سایهء إله[۷]
می گفتم از ستایش او شمه‌ای ولی
یارای هر کسی نبود مدح پادشاه
کی دارد احتیاج بتعریف چون منی
بسط جلال شه که زماهیست تابماه
خواهم یکی مساعده از طبع تا دهم[۸]
داد سخن بمدحت دستور پادشاه

صدری کـه گـر تـلافـی وافـی نـمـی شدی[٩]
دولت خـــراب گشتـــی و مـــلـت شدی تـــبـــاه
محمود ندیم پادشه صدری که بر دوش[١٠]
کـردست چـرخ قـامت تـعـظـیـم را دوتـاه
یك یك بـــدست و بـــازوو رای زریـــن بست
هـر رخـنـهای کـه یـافـتـه ببـنـیـاد ملك راه[١١]
دم در کش أی (رضا) کـه نـدارنـد نسبـتـی
دریا و قطره ذرّه و خورشید وکوهو کاه[١٢]

....

(١) شاهنامه (ح) دوارن(خ).
(٢) خسروان جیهان (خ).
(٣) بحکمت (ت).
(٤) بدشت (ت).
(٥) خواستم. بیبام (ت).
(٦) این قوشن ونظام (خ).
(٧) سایهء الله (م).
(٨) مساعد در طبع: (م). مساعده از طبع (ت). مدحت دستور پادشاه (ت).
(٩) محمود ندیم پاشا: (ت)، محمود ندیم پادشهی (م).
(١٠) بدست بازود رأیی زرین: (ت)، بدست باری ره زرین: (م) بدست و بازوی رأی زرین (م . ك).
(١١) هر خندهء که یافت ببنیاد ملك راه: (م)، هر رخنهکه که یافته بنیاد ملك راه: (ت).
(١٢) دریا و قطره بود چو خورشید و کوه وکاه: (م).
(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون ئەهتەم
(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فعول)
وەك: ״ ما را بآب دیده شب و روز ماجراست
زان رهگذر که بر سر کویش چرا آرد״
کردم به کارنامهء شاهان بسی نگاه: زۆرم ڕوانییه کارنامەی شاهان. بر هم زدم

جریدهء این کهنه کارگاه: ڕۆژنامەی ئەم کۆنە کارگایەم بە سەر یەکدیدا دا، هەمووم ئەم دیو و ئەودیو کرد. از حال خسروان زمان جستم آگهی: زانیارییەکەم لە حاڵ و ئەحواڵی پادشایانی زەمانە. پەیجۆر کرد. آنان که بودهاند خداوند دستگاه: ئەوانەی کە خاوەن داوودەزگای سەڵتەنەت و تەخت و تاج بوون. ساسانیان بە حکمت و سامانیان بە ملك: ساسانیان بە ژیری و سامانیان بە ملْك و دەوڵەت. ساسانیان زنجیرەیەك لە شاهەنشایان کە لە ٢٢٤پ.ز هوە تا ٦٥٢ز. لە ئێران فەرمانڕەواییان کرد. وەجاغی بنەماڵەی ساسانی ئەیالەتی فارس بوو. واتە: هەر هەمان سەرزەوینی دێرینەی باشووری ڕۆژاوای ئێران کە نزیکەی پێش دوو هەزار ساڵ زێتر یەکەمین هۆزەکانی نەتەوەی پارس لەوێ دامەزرابوون. تاج و تەختی پادشاییی بە دەستی زنجیرەیەك لە پادشایانی نەتەوەکیی کەوت کە خۆیان بە میراتگری هەخامەنشییان جاڕ دەدا و بە بێبەشکردنی ئەشکانییان لەم مافە تەنیا خۆیان بە خێوی هەق دەزانی. ساسانییەکان پاش ئەوەی کە تاج و تەختیان لە دوای کێشە و هەرایەکی دوور و درێژ، بەدەست هێنا، فەرمانڕەواییەکی نەتەوەکییان دامەزراند، پشتی بە ئاینی زەرتوشتی و شارستانیەتێك ئەستوور بوو، ڕەنگە لە ڕووی ئێرانییەتەوە لە سەراسەری دیرۆکی دوورو درێژی ئێرانییاندا مانەندی نەبووبێ. شەرەفخانی بدلیسی بنەماڵەی خۆیان بە ڕەچەڵەك دەباتەوە سەر ساسانییان، سامانییان، دەچنەوە سەر سامان خودات، لە نەجیوزادانی بەلْخ، کە گەیشتە خزمەتی ئەسەد کوڕی عەبدوڵڵا، فەرمانڕەوای خۆراسان و لە ئاینی زەرتوشتی دەستی هەڵگرت و موسڵمان بوو. سامانییەکان بنەماڵەیەکی ئێرانین و لە خۆراسان و ماوەرای نەهر و بەشێ لە ئێرانی ناوەند، لە ساڵی ٢٦١ك. مانگی. ٨٧٤ز – هوە تا ساڵی ٣٨٩ك. مانگی ٩٩٩ز. فەرمانڕەواییان کرد. عباسیان بە دولەت، سلجوقیان بە جاه: عەبباسییان بە دەوڵەت، سەلجووقییان بە جاه و شکۆ. عەبباسییان: زنجیرەیەك لە فەرمانڕەوایانی عەرەب لە ساڵی ٧٥٠ك. ١٢٥٨ز. هوە لە بەغدا فەرمانڕەوایی کرد و ٣٧ خەلیفەیان لێ کەوتەوە. درۆشمیان ئاڵای ڕەش بوو. کوردێك بە نێوی ئەبو موسلیم خۆراسانییەوە سەرکردایەتی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەی بۆ کردن و زۆر بە نامەردی پاداشتی درایەوە. ئیمپراتۆرییەتی ئیسلام لە سەروبەندی واندا بە چڵەپۆپە گەیشت. ئەمانە بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر عەبباسی کوڕی عەبدولموتتەلیب، مامی پێغەمبەر (د. خ). سەلجووقییان: خانەدانێکی تورك کە لە ساڵی ٤٢٩ك. مانگی. – ١٠٣٧ز. هوە

تا ساڵی ٧٠٠ك. مانگی ١٣٠٠ز. لە ئاسیای ڕۆژاوا فەرمانڕەواییان کرد. هر چند خواستم که بیابم نیافتم – شاهی به فر و دولت (عبدالعزیز شاه) هەرچەندم ویست کە شایەتی بە فەڕ و دەوڵەتی وەکوو (عەبدولعەزیز شا)م بە دەست کەوێ، بەدەستم نەکەوت. چشم سپهر و دیدەء دوران ندیدەاست – شاهنشهی بدین حشم و لشکر و سپە: چاوی ئاسمان و دیدەی زەمانە، شاهەنشایەکی بەم هەیت و هووت و دەبدەبە و سەنسەن و لەشکر و سپایەوە نەدیتووە. این تخت این مسند و این گنج و این گهر: ئەم تەخت و ئەم پاڵپشت و ئەم گەنج و ئەم گەوهەرە. وین تاج تخت این علم و چتر و بارگاه: ئەم تاج و تەخت و ئەم ئاڵاو ئەم سەیوان و بارەگایە. این لشکر و نظام کە کردە گوش چرخکر – از نالەء نفیر بهر شام و صبحگاه: ئەم لەشکرو نیزامە کە لە ناڵەی دەنگ دان هەموو ئێوارە و سبەینانێك بۆ شەڕ، گوێی چەرخ و گەردوونی کەڕ کردووە. خورشید سایە گستر و جمشید تاج و ور: خۆری سێبەر ڕائێخ و جەمشیدی تاجدار. دارای بندە پرورو سلطان دین پناە: دارای بەندەپەروەرو سوڵتانی پەنای ئاین. فخر دول ملاذ ملل مایەء أمل: جێ شانازیی دەوڵەتان و پەنای گەلان، مایەی ئاوات و هەویا. ظل خدا، امام هدا سایەء الە: سێبەری خوا، پێشەوای هیدایەت و ڕێبەدێیی، سایەی خوا. می گفتم از ستایش او شمەای ولی: ژەکێکم لە پەسن و ستایشی وی دەگوت، بەڵام یارای هر کسی نبود مدح پادشاە: پەسنی پادشا لە توانست و یارای هەموو کەسێکدا نییە. کی دارد احتیاج بە تعریف چون منی: کەی ئەو پێویستی بە تاریفی ئی وەکە من هەیە. بسط جلال شه کە ز ماهیست تا بە ماە: شەرح و لێکدانەوەی شەوکەت و شکۆی شا کە لە ماسیڕایە تا مانگ، واتە: ماسی لە کوێ و مانگ لە کوێ. ئاسمان و ڕێسمانە... خواهم یکی مساعدە از طبع تا دهم – داد سخن بە مدحت و دستور پادشاە: یارمەتی لە سەلیقە و تەبع داوا دەکەم بۆ وەی بەخششی گوفتارم بە پەسنت و دەستووری پادشاوەم صدری کە گر تلافی وافی نمی شود – دولت خراب گشتی و ملت شدی تبە: سەدرولئەعزەمێك کە ئەگەر بێت و نەگۆڕێ، هاکا دەوڵەت خرابوو و میللەت لەناو چوو. محمود ندیم پادشه صدر اعظم کە بر دوش – کردە است چرخ قامت تعظیم را دو تاە: مەحموود نەدیم کە سەدرولئەعزەمە، گەردوون بەژنی بە گەورەزانینی لە سەر پشت وەك دوو تای بار یا تەرازوو لێ کردووە. واتە: گەردوون بەرپرسیاریی دەوڵەتی وەك دووتای تەرازوو بە کۆڵیدا داوە، یا وەك دوو تابار بە سەر پشتیدا داوە. لە وێنەی یەکەمدا مەبەست ئەوەیە

کـە کـاروبـار بـە داد و عـەداڵـەتـەوە بـە ڕێوە دەبـا. لـە وێنـەی دووەمـدا، واتـە: بەرپرسیارییەکە وەکو دووتا بار بە کۆڵیەوەیە. دیارە لە ئی دووەمدا نەقیزەیەکەك هەس... یك یك بە دست و بازوت رأی رزین بست – هر رخنە ای یافتە بە بنیاد ملك راه: هەر کونێ کە ڕێی کەوتبێتە بنیاتی موڵك و دەوڵەت، یەکە یەکە بەڕای بەسەنگی تۆیە و دەست و بازووی تۆ گیرا چارەسەر کرا. لێرەشدا هەر نەقیزەیەك هەیە.. دم درکش ای (رضا) کە ندارد – دریا و قطرە ذرّە و خورشید و کوە کاه: چزووی زمان دەرێنە (ڕەزا) چونکە هیچ نیسبەتێك لە نێوان دەریا و تنۆك، گەرد و خۆر و کێووکادا نییە. واتە فەرقەکە وەك فەرقی نێوان ئەمانە وایە.

٦٤

برای خودش*

(پیتی) هێ

چـە کـرامت چـە خـارق عـادە

جـلـق بـهـتـر ز دلـق و سجـادە

سخـن مـن مـفـیـد و مـخـتـصر

بـــابت سادە بـــابت سادە(١)

گر چـە نتـوانـم از زمـیـن خـیـزم

بسکـە هستـم ضعـیـف و افـتـادە

گـر بـگـویـنـد هست در بـغـداد

سادەرویـی لـطـیـف و بـگـزادە

ذرَّە آسا بـمـهـر و دیـدارش

(گـیـدرم بـاشم اوزە (بـغـدادە)

سوی مسجـد دوگـام مـی نـروم

سوی مـیـخـانـە تـنـد و آمادە

مشربم مشرب امین فیضی است

هـردو از هـردو عـالـم آزادە

ای رضا تـا بـهمـرگ رنـدی کـن
ایـــن بـــود دولت خــــداداده

....

(۱) بابت ساده بابت ساده: (ت) بابەت ساده بابت ساده(م).
(*) كێش: بەحری خەفیف موسەد دەس مەخبوون ئەسلەم
(فاعلاتن مفاعلن فع لن)
وەك: ″ آتشی از تو در دهــان دارم
لیك صد مهر بر زبان دارم″

چە كرامت چە خارق عادە: ئەمە چ كەرامەتێكە، چ شتێكی لە دنیا بەدەرە. جلق بهتر ز دلق و سجّادە: دەسپەڕ لە پەڵاس و سەجادە چێترە. سخن من مفید و مختصر: قسەی من بەمانا و كورت و موختەسەرە. بابت ساده بابت ساده: بابەتی ساده دەگەڵ بتی ساده. ″بابت″ بە مانای ″باوك″ یشت دەتوانی لێك بدەیەوە. ″بابت ساده″ لەگەڵ بتی ساده. گرچە نتوانم از زمین خیزم: بسكە هستم ضعیف و افتادە: گەرچی ناتوانم لەسەر زەوین ڕاست بمەوە، چونكە زۆر بێ هێز و پەككەوتەم. گر بنگویند هست در بغداد – سادەرویی لطیف و بگزادە: ئەگەر نەڵێن لە بەغدا – سادەڕوویێكی لەتیف و بەگزادە هەیە. (گیدرم باشم أوزوە بغدادە) بە سەر سەرم بۆ بەغدا دەڕۆم. سوی مسجد دو گام می نروم: بەرەو مزگەوت دوو هەنگاو ناڕۆم. سوی میخانە تند و آمادە: بەڵكو بەرەو میخانە بە پەلە دەڕۆم. مشربم مشرب أمین فیضی است: میزاج و هاودەمیم میزاج و هاودەمیی ئەمین فەیزییە. هەردوو از هر دو عالم آزادە: هەردووكمان لە هەردوو دنیا ئازادەین. ای (رضا) تا بەمرگ رندی كن: ئەی ڕەزا تا مردن ڕەندی بكە، گوێ مەدە دنیایێ. این بود دولت خدادادە: ئەمەیە دەوڵەتی خوا داو.

٦٥

شیخ حسام الدین طویله*

(پیتی) یێ

نــه سر از مـطـلـع گـیـلان بـدر آرد مـاهـی
نــه عـلـم بـركشد از سمت بـخـارا شاهـی

نــه ز رنــدان صبــوحــی زدهء بــزم است
هــای و هــوی، طـربـی، خـنـده‌ای قـاه قـاهــی
نـه ز کـاشان بـه‌بـازار (انـا الـحق) گـویـان[۱]
مست وسرخـوش گـذرد بـاز فـنـا فـی الـلـهی[۲]
نــه بـدامــن چـکـد از دیـده‌ء گـریــان اشکـی
نـه بـه‌کـیـوان جـهـد از سینـه‌ء سوزان آهی[۳]
اوحدی واحمدی، جامی و سریّ و معروفی[٤]
بــایـزیـدی، حسنـی خـواجـه عـبـیـداللـهی
زیــر ایــن گـنـبـد فـیـروزه نـیـابـی امــروز
پــــی حـــق بـــرده ز اسرار خـــدا آگاهی
بــود هــر جـا در فـیض هــمـه را قـفـل زدنـد
الــتــجـا کـار خـرد نـیست بـهـر درگـاهـی
قـرب یــزدان نــتـوان جست زهـر اهــرمـنـی
دست بـیــعت نــتـوان داد بــهــر گـمــراهـی
کـرد هـر مـلـحـدکـی جـامـه‌ء تـقـوی دربـر
کـه مـنـم قـطب جـهـان تـا بـه کـف آرد جـاهـی
فـیض خـواهـی ز مـریـدان (حسام الـدیـن) شو
آنـکــه پــیش کــرمش کـوه کـم است از کــاهــی
چــون نشیـنـد ز پـی خـتـم بـه خـلـوت گـوی
خـیــمــه در وادی وحــدت زده شاهــنشاهــی
آنــکـــه بـــا یك نــظــرش دست دهــد سالك را
قـرب صد سالـه عـبـادت بـه سلـوك مـاهـی
آرد از هــمّــت او دامـــن مـــقـــصود بــدست
دست در دامـن مـقـصود چـو مـن کـوتـاهـی
حـاسدی گـر کـنـد انـکـار کـمـالش چـه عـجب
یــوسفــی را فـگــنــد دست حسد در چــاهــی

چـه غـم زنـد رهـزنـی نـفس گـرت بـدرقـه اوست
پـنـجـه بـا شیـرعـلـی چـون فـگـنـد روبـاهـی
ای مــتــاع دو جــهــان جــائــزهء یك نــگــهت
خـواهـم از چشم (رضا) عـطـف نـگـاهـی گـاهـی
از ثــنــا زود عــنــان بــاز کشیـدم کـه نـداشت
در خــور طــبــع روان قــافـیـه جـولان گــاهــی
تــــا سری هست سر نــــامـــــوران در قـــــدمت
تــا دلــی هست دلت نــائـل هــر دلــخـواهــی
بــوجـودت کـه بـود تـعـبـیـه در جـوهـر جـود
نــرسد رنـــجـــی و عـــارض نشود اکـــراهـــی

---

(١) کاشان (ت).

(٢) پیر (ت).

(٣) جهد (ت).

(٤) اوحدی، سری، احمدی، معروفی: (ت)، اوصدی احمدی جامی سر معروفی: (م).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)
وەك: "در بــرش برگ سمن مـــی بـاید
و ز خطش مشك ختن می بـاید"

نە مـانگێ لە هـەڵاتگەی گێڵانەوە سەر دەردێنێ. نە شایەك ئاڵایەك لە لای بوخاراوە هەڵدەکا. نە ز رندان صبوحی زدهء ألست: نە لە ڕەندانی مەی سبەینان بردووی بەزمی ئەلەست. هـای و هویی، طربی، خندەای قاه قـاهی: نە هـای و هووێەك، نە هـاتنەجۆشێ، نە خەندەیەك قاقای پێکەنینێ هـەس. نە ز کاشان ببازار أنا الحق گویان: نە بە ئەنەلحەق گوتنەوە لە بـازاڕی کاشانەوە. مست و سرخوش گذرد پیر فنا فی اللهی: پیرێکی لە پرتەوی خوادا تواوە بەمەستی و سەرخۆشی بێ ڕابوێرێ. نە بدامن چکد از دیدهء گریان اشکی: نە فرمێسکێ لە دیدەی گریانەوە دەدڵۆپێتە داوێن. نە بە کیوان جهد از سینهء سوزان آهی: نە ئاهێك لە سینەی سۆزانەوە بەرەو کەیوان

دەجمیٚ. أوحدی و احمدی، سرّی معروفی: نە ئەوحەدییەك و ئەحمەدییەك و سەری و مەعرووفیٚ: بایەزیدی و حسنی خواجە عبیداللهی: نەبایەزیدییەك، نە حەسەنییەك، نە خواجە عوبەیدوللاّیێکت. زیر این گنبد فیروزە نیابی امروز: لە ژێر ئەم گومەزە ڕەنگ پیرۆزەیەدا ئەمڕۆ دەست ناکەویٚ. ئەوحەدی: مەبەست ئەوحەدیی کرمانییە، کوڕی ئەبولفەخر نازناو ئەوحەدودین، لە نامێیانی عورەفا و مەشاییخی سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی حەوتەمە. لە سالّی ٦٣٥ ك. دا کۆچی دوایی کردووە. بۆ خۆی لە مریدانی شێخ ڕوکنودین سجاسی بوو و هاودەمیی شێخ موحیەدینی ئیبن عەرەبیش گەیشتووە، ئیبن عەرەبی لە بەشی هەشتەمی فتووحاتی مەککییەدا، حەکایەتێکی، کە خـۆی دەمـاودەم لـە زاری ئـەوحـەدودیـنـی بـیستـووە، گـێڕاوەتـەوە و ئـەمـە لـە نەفەحاتولئونس، لاپەڕە ٦٨٥، لە تەرجەمەی حالّی ئەوحەدودیندا نووسراوە. لە کتێبی ئاسارولبیلاد، دانانی زەکەرییا کوڕی محەمەد کوڕی مەحموودی قەزوینی، لە سالّی ٦٨٢دا کۆچی دوایی کردووە، کورتە شرۆڤەیەکی حالّی تێدا نووسراوە و ئەم دوو بەیتەش لەوێڕا نەقلّ کراوە:

"با دل گفتم خدمت شاهی کم گیر   چون سر ننهادەء کلاهی کم گیر"

"دل گفت مرا از این سخن کمتر گو   کردی و دهی و خانقاهی کم گیر"

"دهخدا" دەلّیٚ: وشەی "ننهادەء" لە ئەسلّی چاپدا "نهادەء" نووسراوە، کە کێشی شیعرەکەی پیٚ لەنگ دەبیٚ. هەروەها "کردی" لە بالّی دواییدا، (ك)ە بە بۆر نووسراوە، ئـەگـەرچـی بـنـەمـالّـەی "کرکبوری"ی نـێوبـراو تـورکـمـان بـوون، بـەلاّم وادیـارە ئەوحەدوددین لەبەر ئەوەی کە زوربەی نیشتەنییانی ئەربل (ئەربیل) و ئەوان دەڤەران کوردن بە کوردی لە قەلّەم داوە. لە کتێبی "الحوادث الجامعة"ی ئیبن فووەتی، لە ڕووداوەکانی سالّی ٧٢٣دا کۆچی دوایی کردووە، باسی هاتووە. بەلاّم پێم وایە ئەم ڕایە ڕاست نییە.. نێوبراو کوردە و خەلّکی هەولێرە..."کرکبوری"یش، "کـورك بـوریك"، (کـلاّو لـووا، تـەپـلـە بـەرگـن)ە. ئـەحـمـەدی: بـەم نـازنـاوە لـە لغتنامەی"دهخدا"دا سیٚ نێوم بەرچاو کەوتن"

(١) یەکیٚ لە شاعیرانی کۆنی عوسمانیی خەلّکی گەرمیان، یا سێواس، کە لە سەروبەندی یيلدرم بایەزید خاندا هۆنراوەیەکی بە نێوی ئەسکەندەرنامە، کە بە نێوی شازادە سلێمانی کوڕی بایەزیدەوەی داناوە، پەسنی تەیمووری کویرەکانیشی داوە و دوعای خێری بۆ کردووە.

(٢) سەمعانی دەڵێ: ئەوەی بەم نیسبەتە نامێیە، ئەبو عیسا ئەلعە بباس، کوڕی ئەحمەد کوڕی مەترووح کوڕی سەڕڕاج کوڕی عەبدوڵڵا ئەزدی، نەحوی، ئەلحەصیبی ئەحمەدیی خەڵکی میسرە و جێی باوەڕ و پایەچەسپ بووە و فەرمایشتەکانی پێغەمبەریان (د . خ) لێوە دەبیست. لە جومادا ئەلئولای ساڵی ٣٥٤دا کۆچی دوایی کردووە.

(٣) ئەحمەدی شافیعی، ئەبولبەقا. المعتقد الإیمانی علی عقیدة الإیمانی الشَّیبانی... سەری: سەریی سەقەتی، ئەبولحەسەن کوری موفلیس (٢٥١ك. مانگی. / ٨٦٥ز.) لە دەستەی لەدنیا دەسبەردارانی گەورەی نامێ، پێشەوای بەرەی تەسەوف بوو. لە هەموو زانستەکاندا گەیشتبووە چڵەپۆچە. بایەزیدی: تەیفوور کوڕی عیسا کوڕی ئادەم کوڕی عیسا کوڕی سرووشان بە نازناوی بوستامیی سوڵتانولعارفین نامێیە. باپیرەی مەجووسی بووە و لەسەر دەستی ئیمام عەلی کوڕی مووسا ئەڕڕیزا موسڵمان بووە و بایەزیدی گەورەی پێ دەگوترێ. کۆچی دوایی لە ساڵی ٢٦١ یا ٢٦٢ی ك. دا بووە. نێو و سەربووروەی ئەم پیاوە مەزنە لە زۆر کتێباندا بە دوور و درێژی نووسراوە. ناسر خوسرەو دەڵێ:

"حسن کجا شد و کو بایزید بسطامی　　امیر ادهم و فرزند آن هنر پرور"

مەبەستی لە "حسن" لەوە دەچێ حەسەنی بەسری و لە هنرپرور، ئیبراهیم بێ. هەروەها سەعدییش لە بۆستان دا دەڵێ:

"شنیدم که وقتی سحرگاه عید　　ز گرمابه آمد برون بایزید"

حەسەن: حەسەنی بەسری کوڕی یار خاوەن کونیەی ئەبو سەعید، یەکێ لە زاهیدانی هەشتەوانەیە. لە ساڵی ٢١ دا لە مەدینە لە دایك بووە و لە ساڵی ١١٠دا لە بەسرە کۆچی دوایی کردووە و ئارامگای لە ڕۆژاوای شەتولعەرەبە. باوی، ئەبولحەسەن یار خەڵکی مەیسانی بەسرە بوو. "تەفسیری قورئان" و "نامیلکەیەك لەمەڕ مەککە" و کتێبی "الخلاص"، ئی وین. خاوەنی کتێبی "بیان الأدیان" بە پێشەوای دەستەی حەسەنییە، لە موعتەزیلەی لە قەڵەم داوە. حەسەنی بەسری لە پێشەوایانی ڕێبازی سۆفیەتییە و زانستی لە ئەنەسی کوڕی مالیك وەرگرتووە و بە خزمەتی ٧٢ کەس لە یارانی بەدر گەیشتووە. زیر این گنبد فیروزه نبابی امروز – پی بە حق بردە ز أسرار خدا آگاهی: لە بن ئەم گومەزە ڕەنگ وەك پیرۆزەیەدا وشیارێکت، کە پەی وە نهێنییەکانی خودا بردبێ، وەچەنگ ناکەوێ. حافز دەڵێ:" جنگ هفتادو دولت همەرا

غدر بنه چون ندیدند حقیقت ره افسانه زدند.

بود هر جا در فیض همه را قفل زدند: دەبێ لە هەموو شوێنێ دەرکەی فەیزی هەمووان کلیل درێ. التجا کار خرد نیست بە هر درگاهی: پەنا وەبەر هەر دەرکەیەك بردن، کاری ئاوەز و ئەقڵ نییە. قرب یزدان نتوان جست ز هر أهرمنی: هەڵپەی لە خوا نزیکبوونەوە لە هەر ئەهریمەنێك دەردەست ناکرێ. دست بیعت نتوان داد بە هر گمراهی – کرد هر ملحد که جامه وتقوا در بر – که منم قطب جهان تا بە کف آرد جهی: دەستی بەیعەت کردن بە هەر گومڕا و مولحیدێکەوە نادرێ کە کراسی لە خوا ترسیی لەبەر کرد و گوتی منم قوتبی جیهان بۆ وەی جاە و شکۆیەك دەردەست کا. فیض خواهی ز مریدان (حسام الدین): ئەتۆ ئەگەر فەیزت دەوێ لە موریدانی حوسامەددینی بخوازە. آن که پیش کرمش کوه کم است از کاهی: ئەو کەسەی کە لە چاو کەرەمیدا کێو لە کا کەمترە. چون نشیند ز پی ختم بە خلوت کوی – خیمە در وادی وحدت زده شاهنشاهی: شاهەنشایێکە ئەوەی کە بۆ خەتم لە خەڵوەتخانەی گەڕەکدا دادەنیشێ. خیمە در وادی وحدت زده شاهنشاهی: خێوەتی لە شیوی تەنیاییدا هەڵداوە و. آنکه با یك نظرش دست دهد سالك راه – قرب صد ساله عبادت بە سلوك ماهی: ئەوەی ڕێبواری ڕێی تەریقەت بە تەوەججوهێکی دەردەستی دەکا – نزیکیی سەد ساڵەی خوداپەرستی بە ڕیازەت و سولووکی تەریقەت، بە مانگێك دەبڕێ. آرد همت او دامن مقصود بدست: – دست در دامن مقصود چو من کوتاهی: یەکێکی وەکو منی دەستکورت بە هیممەتی وی داوێنی مەبەست وەدەست دێنێ. حاسدی گر کند انکار کمالش چه عجب: ئێرەیی بەرێك ئەگەر نکوولی لە کەماڵی بکا سەیر نییە. یوسفی را فگند دست حسد در چاهی: دەستی ئێرەیی یووسفێك لە چاڵ دەهاوێ. چه غم از رهزنی نفس گرت بدرقه أواست – پنجه با شیر علی چون فگند روباهی: چ باك بە ڕێگریی نەفس، گەر ئەو ڕێنما و ڕێبەر بێ – ڕێوییەك چۆن دەتوانێ پەنجە دەگەڵ عەلی شێردا بدا. ای متاع دو جهان جائزه یك نگهت – خواهم از چشم (رضا) عطف نگاهی گاهی: ئەی ئەوەی کە هەرچی کاڵای هەردوو جیهان پاداشتی یەك نیگای تۆیە. جارێك، نیگایەکم لە چاوی ڕەزاوە دەوێ. از ثنا زود عنان باز کشیدم که نداشت – درخور طبع روان قافیه جولانگاهی: لە سەناخوانیت زوو ڕێشمەم کێشایەوە، چونکە مەیدانێکم، کە بە کەڵکی سەلیقەی ڕەوانی قافیە بێ، وەگیر نەکەوت. تا سری هست سر ناموران در قدمت: تا سەرێك هەبێ، سەری ناوداران لە

پێش پێت. تا دلی هست دلت نائل هر دل: تا دڵێك هەبێ، دڵت هەموو دڵخوازێکی وەگیر دەکەوێ. بە وجودت کی بود تعبیه در جوهر جود: ئەو بەزەك و دۆزەکەی یا ئەو ئامادەگی و لێوەشاوەییەی لە وجوودی تۆدا هەیە، کەی لە جەوهەری فەرددا هەیە. نرسد رنجی و عارض نشودا اکراهی: کە ئەگەر بشیەوێ هەبێ هەر وا بەبێ ماندووبوون و ڕەنج و ئازار زۆر لە خۆکردن پێك نایە.

٦٦

در ستایش حفیدان کاك أحمد شیخ و شیخ سعید و شیخ معروف شیخ مصطفی*

(پیتی) یێ

تـوکـز نـبـیـرەء کـاك احـمـدی وآل نـبـی
کـفـایت است ازیـن خـوبـتـر چـه مـی طلبـی
بس است قدر و شرف این قدر که جد شماست
شفـیـع روز قـیـامت، مـحـمـد عـربـی
نـیـا مـحـمَّـد ومـادر بـتـول وحـیـدر بـاب
زهـی سلالـەء طـاهـر (فـدیـتـکم بـأبي)
بـهـر کـجـا کـه نسب نـامـەء شمـا خـوانـند(١)
کـرا رسد کـه کـنـد ادعـای ذو نسبـی(٢)
اگـر بـحـرمت آل نـبـی نـمـی بـودی(٣)
بـه نـیـمـراه بـمـانـدی دعـای نـیـمـه شبـی
اگـر گـذشت نـزاعـی مـیـان مـا چـه عـجب
زمـانـەراست کـز انسان هـزار بـو الـعجبـی(٤)
تـهـی نـبـود زحـکـمت بـخـیـر مـنـر شد
بـخـوان (حـکـایت خـضر نبی و قـتـل صبی)
هـزار سال بـگـویـم اگـر ثـنـای شمـا
سخـن هـنـوز بـود در مـقـام بـی ادبـی

مــــحب آل رسول از گـــنــــه كـــی تـــرسد
(فــقــل لــمــذنــبــه ذنــبــه عــلــی رقــبــی)
بس است عرض خلوص ای (رضا) زبان درکش
بــنـزد آن کـــه بـــود در مـــقـــام (یسمـــع بـــی)
جـنــاب شیــخ سعـید آن حــفـید قـطب جـهـان
کــه یــافــتــه است زجـدش نشان مــنــتــخبــی[٥]
دوم نــبــیــرهء فــرخــنــده (شیــخ مـعـروف) است
بـــه فــضل و دانش او مــعــتــرف ذکــی و غــبــی
سوم سلالـــهء والا گـــهـــر جـــنـــاب نـــقـــیب
کــه شیــر رم کــنــد از وی بــگــاه پــر غـضبــی[٦]
دعـــای ایـــن سه حــفــیــد است ورد روز و شبــم
بـــه لــطـف خـود هــمــه را دست گــیــر یــا ربَّــی

....

(١) هرکجا (خ).
(٢) خود که کند ادعای...(خ).
(٣) اگر بحرمت آل نبی بردار (خ).
(٤) زمانه را ست ازین سان (خ).
(٥) که یافت است (ت).
(٦) سوم نبیرهء(م.).
(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون مەحزووف
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن)
وەك: ″ منم که شهرهء شهرم به عشق ورزیدن
منم کـــه دیده نیالـــودهام به بددیدن″

تو کز نبیرهء کاك احمد (آل نبی): تۆ کە لە نەویرەی کاك ئەحمەدی شێخی و بەرەی پێغەمبەر. کفایت است ازین خوبتر چه می طلبی: لەمە چاترت چ دەوێ؟ بس است قدر و شرف این قدر که جد شما است: ئەوەندە قەدر و شەرەفە بەسە کە کاك ئەحمەد باپیرەتانە. شفیع روز قیامت محمد عربی: محەمەدی عەرەبیش شەفاعەتخوازی

ڕۆژی قیامەتە. نیا محمد و مادر بتول و حیدر باب: باپیرە محەمەد و داك بەتوول و حەیدەر کە ئیمامی عەلییە، دەرگا: دیاردییەکی بۆ قەڵای خەیبەر تێدایە.. زهی سلالەء طاهر (فدیتکم بأبي): ئافەرین بترەژم، بنیچەی پاك و خاوێن (بابمتان بەگوری بێ). بەهر کجا کە نسب نامەء شما خوانند: لە کوێ ڕەچەڵەك نامەی ئێوە وەخوێنن. کرا رسد کە کند ادعای ذو نسبی،:کێ دەیپەرژێتێ لافی خاوەن سەیدایەتی لێ بدا. اگر بە حرمت آل نبی نمی بودی: ئەگەر بە حورمەتی بەرەی پێغەمبەر نەبا: بە نیمراه بماند دعای نیمەشبی: دوعای نیوە شەوێی لە نیوەی ڕێیێ دەمایەوە. اگر گذشت نزاعی میان ما چە عجب: ئەگەر کێشەیەکمان لە نێواندا ڕووی دابێ سەیر نییە. زمانە راست کز انسان هزار بوالعجبی: زەمانە هەزار مام عاجباتیی لە مرۆڕا بە خۆوە دیتووە. تهی نبود ز حکمت بخیر منجر شد: لە حیکمەت خاڵی نییە، کارەکە بە خێر گەڕا.. بخوان حکایت خضر نبی و قتل صبی) حەکایەتی حەزرەتی خدر پێغەمبەر و باسی منداڵە سێوییەکە وەخوێنە. هزار سال بگویم اگر ثنای شما: ئەگەر هزار ساڵ مەتح و پەسنی ئێوە بێژم. سخن هنوز بود در مقام بی ادبی: قسە دەکەوێتە باری بێ ئەدەبییەوە. محب آل رسول از گنە کی ترسد: هەواخواز و ئاشقی بەرەی پەیامبەر کەنگێ لە گوناهـ دەترسی؟ (فقل لمذنبە ذنبە علی رقبی): بەو کەسەی کە گوناهان دەکا، بێژە گوناهی لە ئەستۆ. بس است عرض خلوص ای (رضا) زبان درکش: (ڕەزا) عەرزی دڵسۆزی بەسە ئیدی، زمان وەکو شیری بڕندە دەرکێشە. بە نزد آن کە بود در مقام یسمع بی: لە خزمەت ئەوەی کە گوێ لە قسەم دەگرێ. جناب شیخ سعید آن حفید قطب جهان: جەنابی شێخ سەعید، ئەو نەوەیەی کە تەوەرەی جیهانە. کە یافتە است ز جدش نشان منتخبی: ئەوەی کە لە باپیریەوەی نیشانەی هەڵوژێردەییی دەس کەوتووە. دوم نبیرەء فرخندە (شیخ معروف) است: نەویرەی پیرۆزی (شێخ مەعروف)ە. بە فضل و دانش او معترف زکی و غبی: لە ئەردەو و زێدە زانایی و هونەردا زیرەك و کەودەن ددانی پێدا دەنێن. سوم سلالەء والا گهر جناب نقیب: سێیەم بنیچەی گەوهەر بڵند، جەنابی نەقیب. کە شیر رم کند از وی بە گاهـ پر غضبی: کە لە کاتی پڕ تووڕەییدا شێری لێ دەپرینگێتەوە. دعای این سە حفید است ورد روز و شبم: دوعا بۆ ئەم سێ نەوەیە ویردی سەر زمانی ڕۆژ و شەومە. بە لطف خود همە را دستگیر یا ربی: بە نوازشت و کەرەمی خۆت دەستگیری هەموویان بە.

٦٧

برای امین فیضی*

(پیتی) یێ

الا ای هـــنـــرمـــنـــد یـــار قـــدیـــمـــی
تـــوئـــی خسروانـــرا سزای نـــدیـــمـــی
زحـکـمت بـپـرداخـتـی نـامــهء تـو
بـــــدادی در آن نــامــه داد حـکـیـمـی
هــوای (نسیــمــی) ازان گشتــه نــامش
کــه جــان پــرورانــد هــوای نسیـمــی
بـدانش تــرا هـیــچ هـمـتــا نـدیـدم
مــگــر جــوهــر فــرد و درّ یـتـیـمـی
تـو خـواهـی سفر از یـمـن دورتـر کـن
امـیـن فـیـضـیـا در دل مـن مـقـیـمـی(١)

....

(١) تو در عین انجمن ما مقیمی(م).

(*) کێش: بەحری موتەقاریب موسەددەس

(فعولن فعولن فعولن)

وەك: ″ چە در پاش گردد بە معنی ز بانم

رسد مرحبا از زمـین و زمـانم″

الا ای هنرمند یار قدیمی: هۆ هونەرمەندی یاری دێرین. توی خسروان را سزای ندیمی: هەر تۆ شایانی هاودەمیی پادشایانی. ز حکمت بپرداختی نامەای تو: لە حیکمەت و دانشتت سەربوورە نامەیەك سەرووبەر ناوە. بداد در آن نامە داد حکیمی: لەو نامەیەدا دادی حەکیمیت دا. هوای نسیمی از ان گشتە نامش: شنەبای فێنك یا ″نسیمیی شاعیر″ لەورا نێوی وەرگرتووە. کە جان پروراند هوای نسیمی: چونکە شنەبای فێنك گیان دەپەروەرێنێ. نەسیمی: عیمادوددین نازناو نەسیمی لە ساداتی شیراز و شاعیرانی سەدەی نۆیەم، بە قسەی تەزکەرەی ″روز روشن″ سۆفی مەشرەب و مەلەوانی دەریای تەوحید بووە و قسەگەلێکی پێچەوانەی زاهیری شەرع بە زاردا

دەهات. لەبەر هەندێ بە فەتوای مەلایانی شیراز لە ساڵی ٨٣٧دا لە حەڵەب پێستیان گروو.

٦٨

مناجات از درگاه قاضی الحاجات*

(پیتی) هـێ

ای ریـز خـور خـوان نـوالت مـه و مـاهـی
جـودت چـو وجـودت ابـد و نـامـتـنـاهـی
بـر نـامـهء اعـمـال سیـاهـم قـلـم عـفـو
بـرکش کـه بـدل کـن سفـیـدیـم بسیـاهـی
بـودم مـن اگر بـنـدئـی از خـواجـه گـریـزان
بـاز آمـدم ای بـنـدگـیت عـزّت شاهـی
بـر عـفـو وعـقـوبت نـبـود سود و زیـانت
ایـن هـر دو بـه پـیش تـو مساویست الـهی
بـیـرون شدن از ساحت مـلك تـو مـحـالست
من عبد توام، ملك توم، خواهی نخواهی[1]
ایـن دیدهء گـریـانـم ویـن سینـهء سوزان[2]
بر صدق سخن می دهندم هر دو گواهی
صد بار امید است (رضا) را بەتو هر چند
سر تـا قـدمش غـرق گـنـاه است و مـنـاهـی

....

(١) عبد توام وملك توام: (ت)، عبد توام در ملك توام: (م).
(٢) گریانم و وین: (ت، م).
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)
وەك: ″ اندوه تو شد وارد کاشانەام امشب
مهمان عزیز آمده در خانەام امشب″

ای ریزه خور خوان نوالت مه و ماهی: ئەی بەرماوخۆری سفره و خوانی بەخششت مانگ و ماسی. جودت چو وجودت ابد و نا متناهی: سەخاو بەخششت هەتا هەتا دوایی نەهاتوو. برنامەء اعمال سیاهم قلم عفو – برکش که بدل شود به سفیدیم سیاهی: قەڵەم بەبەرنامەی کردەوە ڕەش و خراپەکانمدا بێنە، تا بە سپی وەگەڕێ. مەبەستی ئەوەیە تۆبەی کردووە و دەستی لە خراپە هەڵگرتووە. بودم من اگر بندەای از خواجه گریزان: ئەگەر منی بەندە لە خواجە هەڵاتووم. باز آمدم ای بندگیت عزّت شاهی: وا دووبارە وەگەڕام ئەی بەندەگیت شاهی. واتە من کۆیلەی لە ئاغای خۆ هەڵاتووم. بر عفو عقوبت نبود سود و زیان: سوود و زیان لە بەخشین و سزادان ناکەوێتەوە، چونکە ئەمانە بە لای تۆوە هەرتك یەك شتن خوایە. بیرون شدن از ساحت ملك تو محال است: لە قەڵەمڕەوی تۆ وەدەرکەوتن کارێکی نەکردەنی و مەحاڵە. عبد توام و ملك توام، خواهی نخواهی: ئەمن هەر بەندەی تۆم و موڵکی تۆم، بتەوێ و نەتەوێ. این دیدهء گریان و این سینهء سوزان: ئەم چارە بە گریانە و ئەم سینە سووتاوە: بر صدق سخن می دهندم هر دو گواهی: هەرتك شایەتی بۆ ڕاستی قسەم دەدەن. صد بار امیداست (رضا) به تو هر چند: (ڕەزا) صەد جار، ئومێدی بە تۆیە هەر چەندی. سر تا قدمش غرق گناه است و مناهی: سەرتاپای نوقمی گوناه و کاری خودا نە لێ کردووە.

٦٩

در مدح کمالی پاشا*

(پیتی) یێ

دلـم از غـصّه پـر و کـیسهام از زر خـالـی

نـه عـطـا از مـتـصرف، نـه کـرم از والـی

نـه زمـالـیـه اعـانت، نـه ز اوقـاف مـدد

نـهز مـابـیـن هـمـایون، نـه ز بـاب عـالـی

قـبـلـهء اهـل کـمـالست کـمـالـی پـاشا

(مـن جـمـیـع الـوزرا، غـیـر کـمـالـی مـالـی)

داعـیـان را نـبـود طـاقت تـأخـیـر مـعـاش

بـنـگـر بـر سر احـوال پـریشان حـالـی

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەمەن مەخبوون ئەصلەم
(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: "صنما مردەء آنــم کە تــو جانــم باشی
می دهم جان کە مگر جان جانم باشی"

دلم از غصَّە پر و کیسەام از زر خالی: دڵم لە خەم و کەسەر پڕ و کیسەم لە زێڕ خاڵی. نە عطا از متصرَّف، نە کرم از والی: نە بەخششت لە موتەسەڕیف و نە کەرەم و سەخا لە والییەوە. نە زمالیە اعانت، نە ز اوقاف مدد: نە لە مالییەوە یارمەتی و نە لە ئەوقافەوە بە دەنگەوە هاتنێك. نە ز مابین همایون، نە ز باب عالی: نە لە مابەینی هومایوونەوە، نە لە بابی عالییەوە. مەبەست لە "مابینی هومایوون" سەلاملغ و تەشریفاتی ڕەسمیی پیرۆزی پادشای دەوڵەتی عوسمانی. بابی عالی: بەو مەڵبەندی بڕیارە ڕەسمییەی، کە تا لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بوو، دەگوترا. قبلەء اهل کمال است کمالی پاشا: کەمالی پاشا ڕووگەی ئەهلی کەماڵە. من جمیع الوزرا غیر کمالی مالی: لە وەزیران لە کەمالی پاشا بەولاوە کەسی ترم نییە. داعیان را نبود طاقت تأخیر معاش: دوعاگۆیان تاب و تاقەتی دواکەوتنی مووچەیان نییە. بنگر بر سر أحوال پریشان حالی: بڕوانە حاڵ و باڵی حاڵ پەرێشانێ.

٧٠

در تاریخ وفات شاکر افندی
مکتوبچی می گوید*

(پیتی) یێ

ایــــام چــو پــــروردەء خـــود را کشد آخر
ای دوســــــت دل آن بــە کــە بــە نـبـنـدی
دیـدی کــەچسان بستــەء فـرمــان اجـل شد
مـکـتـوبـچـی بـغداد بـە آن پـایـە بـلـنـدی
سیــد نسب از سلسلــەء خــواجــەء چــاکـر
معروف بەخوش خلقی و مشهور بە رندی

تـأريـخ مـجـوهـر ز (رضـا) خـواسـتـم و گفت
(شد زيب گـلستـان جـنـان شاكـر افـنـدی)

(*) کێش: بەحری هەزەج ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعيلُ مفاعيلُ فعولن)
وەك: " دردی كه مرا هست به مرهم نفروشم
ور عافيتش صرفه دهی هم نفروشم"
ايام چو پروردهء خود را كشد آخر: ڕۆژگار لەبەر ئەوەی پەروەردەی خۆی دەکوژێتەوە. ای دوست دل آن به كه به أيام نبندی: ئەی دۆست وا چاکە کە دڵ بە ڕۆژگارەوە نەبەستی. ديدی كه چسان بستهء فرمان اجل شد – مكتوبچی بغداد به آن پايه بلندی: دیـدت مـەکـتـوبـچـیـی بـەغـدایـێ چـۆن بـوو بـە دابـەسـتـەی ئـەجـەل. مـەکتـەبچی، یا مەکتووبچی، بەو کارمەندە کە کاروباری ڕەسمیی دائیرەکانی بەڕێوە دەبرد، دەگوترا. سيد نسب از سلسلهء خواجهء چاكر: بەڕەچەڵەك لە نەژادی پێغەمبەر و لە جەلەی خواجەی خزمەتکارە. معروف به خوش خلقی و مشهور به رندی: بە خۆش ئاکاری و زیـرەکـی و وریـایـی نـامـێ. تـاريـخ مـجـوهـر ز (رضـا) خـواسـتـم و گـفت: مـێژووی گەوهەرداریم لە ڕەزا ویست، گوتی: (شد زيب گلستان جنان شاكر أفندی): شاکیر ئەفەندی بوو بە زینەتی گوڵستانی بەهەشتان.

٧١

غوث ثانی*

(پیتی)یێ

مشهـور جـهـان بـه غـوث ثـانـی
شيـخ عـبـدالـرحـمـن طـالـبـانـی(١)
مـحـمـودش جد و احـمـدش بـاب
هـرسه ولـيـنـد قـطب اقـطـاب
مـحـمـود مـريـد پـيـر لاهـور(٢)
هـر چـند بـه زنگـنه است مشهـور؟

در اصل و نسب (گلی) است سوری
از گــلــبــن بــاغ کــاکــه سوری

....

(١) عبدالرحمان طالبانی: (ت ، م).

(٢) مریدی پیری لاهور:(ت).

(*) کێش: بەحری ڕەجەز مورەببەع مورەففەل

(مستفعلاتن مستفعلاتن)

وەك: ″ زاهد چه سازم با چشم و ابرو

آن ناوك افكن این سخت بازو″

مشهور جهان به غوث ثانی: مەلا ئەوڕەحمانی تاڵەبانی بە غەوسی دووەم نێوی ڕۆیشتوو. محمدش جدّ و احمدش باب: محەمەد باپیری و ئەحمەدیش باویەتی. هر سه قطب اقطاب: هەرسێکیان وەلین و تەوەرەی تەوەرانن. محموود مرید پیر لاهور: مەحمود مریدی پیری لاهوورە. هر چند بەزنگنە است مشهور: هەر چەند بە زەنگنە نامێیە. در اصل ونسب (گلی) است: بە ڕەگ و ڕەگەما (گلە). از گلبند باغ کاکه سوری: لە چەپکە گوڵی باغی کاکە سوورییە.

٧٢

جنگ طالبانی و زنگنه با داوده*

(پیتی) هەمەجۆر

از آن سو چــو (داوده) لشکــر کشیــد
از ایــن سو بـجـنـبـیـد (عـبـد الـحـمـیـد)
بــفــرمــود تــا (طــالــبــانــی) گــروه
نشستــنــد بــرخــانــهء زیــن چــو کــوه
بــرانــگــیــخت آن اشقـــــر دیـــــو زاد
چــو رستــم یــکــی سان لشکــر بــداد
جــنــاح از چــپ و راست بــر پــای کـرد
بـــهقــلب انــدرون خــویش را جــای کــرد

گروهی فرستاد بر میمنه
ز گردان گردن کش (زنگنه)
یکی زاندرون در کمین مصاف
گروهی ز فولاد خایان (جاف)
پی چرخ گردون گروهی دیگر
ز چابك سواران سیته به‌سر
به‌دست دگر رزم جویان (گل)
زبردست و زورآور و شیردل
نخستین از (گل) علم بر فراخت
به (تاویر) و (تالاو) و (نیجول) تاخت
ز آن هر دو ده جای (داوده) بود
به مردان جنگی بر آ موده بود
(ممد) نام سالار آن انجمن
که گفتی کسی نیست همتای من
جهان را سزاوار سرعسکری
نژادم ز (خورشید خاور زمین)
منم نسل خاقان و سالار چین
به من راست شد پشت (داود) یان
زبن برکنم بیخ محمودیان
بگفت این دو لشکر به نیجول ماند
خدا صد سواری به تعجیل رساند
رسیدند سر ره گرفتند تنگ
برانگیخت دهمان آمد به‌جنگ
برادرش مدحت پس پشت او
تفنگ سه لوله در مشت او
برآورد چند آتش کارزار

بسی بـرنـیـامـد کـه بـرگشت کـار
جـوانـی زخـویشان او گـنـجـه نـام
هـمـی رانـد بـه تـوسن تـیـزگـام
زونـدش یـکـی کـلـه بـر تـوسنـا
بـغـلـطـیـد بـرخـاك لـرزان تـنـا
دلـیـران گـرفـتـنـد پـیـراهـنش
کـفـن گشت بـر گـنـجـه پـیـراهـنش
برآن خـاك شد پـیـکـر جـان چـاك
یـکـی گـنـج را کـرد بـایـد بـه‌خـاك
تـنـی چـنـد کـه بـودنـد خـویشان او
در آن حـمـلـه گشتـنـد قـربـان او
چـو (داوده) دیـد آتشی تـیزخـیز
هـمـان گـه گـرفـتـنـد راه گـریـز
بـطـاس انـدرون مـهـر انـداخـتـن
تـکـاور سوی قـلـعـهـا تـاخـتـنـد
دبـیـری کـه خـوانـدنـد اورا (امـیـن)
بـر آغـا (مـحـمـد) حملـه بردار کـین
بـر او بـانگ بـرزد کـه سرعسکـرا
مـرو تـا بـدانـی نشان مـرا
مـنـم پـور قـادر زلـیـخـای شیـر
شنـیـدم کـه آغـا در آن گـیـرودار
هـمـی رانـد مـرکب سراسیـمـه وار
فـرومـانـده گـفـتـی بـدست اجـل
چـو مسهـل خـورانش عـمـل بـر عـمـل
عـنـانش زکـف رفـتـه لـرزان چـوبـیـد
امـیـن در پش هـمـچـو دیـو سفـیـد

در ایــن بــود کــارو سرشرا بــبــنــد[1]
چـو جـادوگـران را کـنـنـد حـیـلـه‌بند
بــزیــر زمــیــن کشتــه شد بــاز مــا
بـتـمـثـال آن مـــرد جــــنگ آزما
بــه اسب دیــگــر تــا امــیــن شد سوار
بــزد خــیــمــه آغــا بــصـحــن حـصار
چـــو پـــوشیـــده رویـــان بـــی آبرو
بـکـنـجـی در آن قـلـعـه بـنـهـفت رو
دریـــده شدش پـــردهٔ نـــام و نـــنگ
زنـــام آوری بـــاد مـــانـدش بــه‌چـنگ
بسر بـــرد آن روز بـــا صد هـــراس[2]
در آن قـلـعـه تـا رفت از شب دو پـاس
شبـی تـیـره فـرصت غـنـیمت شمـرد
بـــه‌بـــیـــرون رفت راه دراجـــی سپـــرد
بــه‌دراجـی آمـد جـگـر خستـه بـاز
چـــو دراج بـــرجستـــه از چــنگ بـــاز
چـنـان مـلك و مـالش بـه تـاراج شد
بـــه‌یك بـــازی چـــرخ بـــی تـــاج شد
کسی را کــه بــرداشت پــاشای جــاف
تــوانـد کـنـد بـرنـظـر کـوه قـاف
چـو محـمود پاشا دراین ملك نیست[3]
(دراجـــی) کــدام است (داوده) کــیست
سگ کـــــیست (داوده)ء دودکــــــی
زنـد پـنـجـه بـا جـعـفـر بـرمـکـی
عشایــر هــمــه بــنـدگـان وی انـد
برآوردهٔ دودمـــــان وی انــــد

پس ایـن دودمــان واجب الــحـرمــتـنـد
اگـر راست خــواهــی ولــی نــعـمــتـنـد
یـکــی از دعــا گــوی ایشان (رضـا) است
(رضـا)یــی کــه گــرخشم گــیـرد قــضـا

....

(۱) در این بود ... ... (ت)، درین بود کار و سرشرا ببند: (م).
(۲) بسربر ..... هراس: (ت)، بسر برد آن روز باصد هراس: (م).
(۳) مەحموود پاشا کوڕی محەمەد پاشای جافە.
(*) کێش: بەحری موتەقاریب موسەممەن مەحزووف
(فعولن فعولن فعولن فعول)
وەك: ″ چو آن فتنه از خواب سر بر گرفت
صراحی طلب کرد و ساغر گرفت″

ز سویی چو داوده لشکر کشید: کە هۆزی داوودە لە لایەکەوە لەشکری کرد. ازین سو بجنبید عبدالحمید: لەم لاوە عەبدولحەمید جمیا. بفرمود تا طالبانی گروه: فەرمووی تا دەستەی تاڵەبانی. نشستند بر خانەء زین چو کوه: وەك چیا بە سەر خانەی زینەوە هەڵنیشتن. واتە سواری ئەسپەکانیان بوون و دەتگوت کێون. بر انگیخت آن أشقر دیو زاد: ئەو مارۆ دێو زادە بزووت. چو رستم یکی سان لشکر داد: یەکێك وەك ڕۆستەم لەشکری ریز کرد. جناح از چپ و ڕاست برپای کرد: باڵی لەشکری لە چەپ و ڕاستەوە ئامادە و تەیار کرد. بە قلب اندروون خویش را جای کرد: خۆشی لە پێشەوە، لە ناوەندێ جێی خۆی گرت. گروهی فرستاد بر میمنه: دەستەیەکی هەناردە باڵی چەپ. ز گردان گردن کش زنگنه: لە ئازایانی گەردن بڵندی زەنگەنە. تری زاندرون و در کمین مصاف: یەکێ لە نواوە لە بۆسەی شەڕو هەڵمەتدا. گروهی ز فولاد خایان جاف: دەستەیەك لە گیان پۆڵایانی جاف. پی چرخ گردوون گروه دگر: دەستەیەکی دیکە بۆ چەرخەو سوڕ و گوڕ، ز چابوك سواران سیته بە سر: لە چاپك سوارانی سێتە بەسەر، واتە کوڕانی شۆڕەسوارانی تیرەی هەمەوەند، کە مێزەری فرێتیان بە سەرەوە دەبەست. بە دست دگر رزم جویان (گل): دەستەیەکی تر لە گەڕناسانی گل. زبر دەست و زورآور و شیر دل: زەبردەست و بەهێز و شێردڵ. نخستین از (گل) علم بر فراخت: بۆ یەکەم جار لە گلەوە ئالای هەڵ کرد. (تاویر) و (تالاو) و (نیجول) تاخت: هێرشی کردە سەر

تاوێر و تالاو و نەیجوول. ز آن هر دوو جای داوده بود: لەو دوو شوێنەوەی کە داوودەی پێ دەڵێن. بە مردان جنگی بر آمد و بود: بەرەنگاری پیاوانی شەڕکەر بۆوە. ممد نام سالار آن انجمن – کە گفتی کسی نیست همتای من: مەمەد ناوێك، سەرکردەی دەستەی شەڕکەر، دەیگوت، کەسێ نییە هاوتای من. منم وارث تخت اسکندری: منم میراتگری تەختی ئەسکەندەری مەکەدۆنی. جهان را سزاوار سر عسکری: شایستەی سەر لشکریی جیهانم. نژادم ز خورشید خاور زمین: ڕەچەڵەك و نژادم لە خورشیدی خاوەر زەمینەوە کەوتووەتەوە. منم نسل خاقان سالار چین: منم نەویرەی خاقان و سالاری چین. بە من راست شد پشت داودیان: بە من ڕاست بووەوە پشتی داوودییەکان. ز بن بر کنم بیخ محمودیان: ڕەگ و ڕیشەی مەلا مەحموودی زەنگنە لە بن دێنم. بگفت این دو لشکر بە نیجول ماند: گوتی، ئەم دوو لەشکرە با لە نەیجوول بمێنێتەوە. خدا چند سواری بە تعجیل نارد: خواوەند چەند سوارێکی بە پەلە هەنارد. رسیدند سر رە گرفتند تنگ: گەیشتن، سەری ڕێیان گرت. بر انگیخت دهمان آمد بە جنگ: دەهمان بزووت، هاتە بەر مەیدانی شەڕ. برادرش مدحت پس پشت او: مەدحەتی برای لە پشتیەوە. تفنگ سە لولە در مشت او: تفەنگی سێ لوولەی بە دەستەوە. بر آورد چند آتش کارزار: چەند تەقەیەکی کرد. بسی بر نیامد کە برگشت کار: زۆری نەخایاند، کە کار بە بارێکی دیکەدا وەرگەڕا. جوانی ز خویشان او گنجە نام: لاوێك لە خزمانی وی گەنجە نێو. همە راند بر توسن تیز گام: ئەسپە سەرکەشەکەی تاو دابوو. زوندش یکی کلّە بر توسنا: یەکێك کەللەیەکی لە سەرشەق دا. بغلطید بر خاك لرزان تنا. لەشی بە لەرزە تخێڵی عاردی بوو. دلیران گرفتند پیرامونش: دلێران دەوریان دا. کفن گشت بر گنجە پیراهنش: کراسەکەی بوو بە کفنی. بر آن خاك شد پیکر جان چاك: لەسەر ئەو خاکە بوو بە پەیکەری گیانی شەقکراو. یکی گنجەرا کرد باید بە خاك: دەبووا یەکێ گەنجە بە خاك بسپێرێ. تنی چند کە بودند ز خویشان او: چەند کەسێك کە لە خزمانی وی هەبوون. دران حملە گشتند قربان او: لەو هەڵمەتەدا بە گوریی وی بوون. چو داودە دید آتش تیزخیز: ئەوجا کە داودە ئاوری تێسکەیان دیت. همان گە گرفتند راە گریز: هەر لەو دەم ڕێی هەڵاتنیان وەبەر گرت. بە طاس اندرون مهر انداختن. مۆرەی بەختیان بۆ نێو کاسە هەڵدا. تکاور سوی قلعها تاختند: بە تکان و هەڵمەت هەڵیان کردە سەر قەڵایەکان. دبیری کە خواندند اورا أمین: میرزایەك کە ئەمینیان پێ دەگوت: بر آغا ممد حملە بردار کین:

هەڵمەت هێنی لە مەمەد ئاغا بە کین. بر او بانگ برزد کە سر عسکرا: تێی ڕاخوڕی، هۆ سەرلەشکر. مرو تا بدانی نشان و مرا: تا بزانی ناوونیشانی من. منم پور قادر زلیخای شیر: منم قادر زلێخای شێر. چە قادر زلیخا و چە اردشیر: چ قادر زلێخا و چ ئەردەشێر، واتە فەرقیان نییە. شنیدم کەآغا در این گیرودار: بیستم ئاغا لەو شەڕەدا. همی راند مرکب سراسمەوار: ئەسپی تاو داوە سەرگەردان و سەر لێشێواو. فروماندە گفتی بە دست أجل: هەر دەتگوت بە دەستی ئەجەلەوە داماوە. چو مسهل خورانش عمل بر عمل: وەك دەرمانی ڕەوانی خۆر، عەمەل لەسەر عەمەل. دەی فیرکاند. عناش ز کف رفتە لرزان چو بید: دەستە ڕێشمەی لە دەست ترازاوە وەکوو بیی نێو ئاو هەڵدەرزی.
امین در پسش همچو دیو سفید: ئەمین لە پشتیەوە وەکوو دێوی سپی. در این بود .... (ئەم بەیتە هەر ئەوەندەی هەیە). چو جادوگرانرا کنند حیلە بند: وەك فێڵ لە جادووگەران بکەن. بە زیر زمین کشتە شد بازما: بە تمثال آن مرد جنگ آزما: وەك ئەو مەردە گەڕناسە. بە اسب دیگر تا امین شد سوار: تا ئەمین سواری ئەسپێکی دیکە بوو. بزد خیمە آغا بە صحن حصار: ئاغا خەیمەو خەرگای لە ناو حەوشەی حەسار هەڵدا. چو پوشید روی بی آبرو: کە ڕووی بێ ئابڕووی داپۆشی. بە کنجی در آن قلعە بنهفت رو: خۆی لە کونجێك، لە نێو ئەو قەلایەدا وەشێرد. دریدە شدش پردەی نام و ننگ: پەردەی عەیب و عاری دادڕا. بە سر...... (ئەم بەیتە بەم پنتانە پڕکراوەتەوە) در آن قلعە تا رفت از شب دو پاس: لەو قەلایەدا تا شەو دوو بەتری چوو. شبی تیرە فرصت غنیمت شمرد: شەوێکی تاریك هەلی وەدەست هێنا. بیرون رفت راه دراجی سپرد: وەدەرکەوت، ڕێ سپاری ڕێی دوڕاجی بوو. بە دراجی آمد جگر خستە باز: بە حاڵێکی زۆر پەرێشان و بەبرینداریيەوە گەیشتە دوڕاجی. چو دراج بر جستە از چنگ باز: پۆڕێك لە چەنگی باز ڕاپەڕیبێ. چنان ملك و مالش بە تاراج شد: ماڵ و سامانی بە جۆرێ بە تالان و بڕۆ چوو. بە یك باز پی چرخ دراج شد. بە بازێك بەچەرخە وەدووی باز کەوت. کسی را کە برداشت پاشای جاف: کەسێك پاشای جاف بە باڵیەوە بگرێ. تواند کند بر نظر کوە قاف: دەتوانێ کێوی قاف ڕەچاو کا، کێوی قاف، بگرێتە بەر چاوی خۆی. چو محمود پاشا درین ملك نیست: یەکێکی وەکوو مەحموود پاشای جاف لەم وڵاتەدا نییە و نابێتەوە. دراجی کدامست داودە کیست: دوڕڕاجی کێیە داودە کێیە. دیارە مەحموود پاشا یارمەتیی تاڵەبانیی داوە. سگ کیست (داودە)ء

دودکی: داودەی دوودەکی سەگی کێیە. زند پنجه با جعفر برمکی: پەنجە لەگەڵ جەعفەری بەرمەکیدا بدا. عشایر همه بندەگان تویند: خێڵات سەرلەبەر کۆیلەی تۆن. براوردەء دودمان تویند: پەروەردەی بنەماڵەی تۆن. پس این دودمان واجب الحرمتند: ئەم بنەماڵەیە دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ. اگر راست خواهی ولی نعمتند: ئەگەر ڕاستت گەرەکە خاوەن نیعمەت و پیاوەتین. یکی از دعا گویی ایشان (رضا) است: یەکێ لە دوعاگۆیانی وان (ڕەزا)یە.

٧٣

جنگ کردن زنگنه وهموند*

(پیتی) هەمە جۆر

(هماوند) جمله بەسالار خان(١)

شبیخون نمودند از بازیان

تکاپوی جولان بەسر حد جنگ

در آنجا بهم بر زدند چون پلنگ

پس از حرب و جنگ و جدال کثیر

ز خانچی برآمد یکی نره شیر

فرو آمد از اسب فرزند زال

غفور دلاور تهمتن مثال

تفنگی بەکردار آذر گشسب

برآورد بنهاد بر زین اسب

بەسوراخ جاسوس بردوخت چشم

بەابرو گره برزد از روی خشم

چو انگشت بر پای چقماق زد

توگفتی کە آتش در آفاق زد

چو زد گولله برسینه فتّاحرا

بدست اجل داد مفتاحرا

بـــخـــاك انـدر آورد سر چـنـگـنـه
نـه‌خواب است پـرخـاش بـا زنگنـه
چو دیدند این گونه زخم درشت
سپـاه مـخـالـف نـهـادنـد پشت
گـریـزان زبـیـم سواران خـان
تـبش درتـن ولـزره در استـخـوان
ز جـنـگـاوران روی بـرتـافـتـنـد
پـزی چـنـد بـا خـویش بـرداشتند
تـلـف شد اگـر گـوسفـندی دویست
بسی شد اگـر گـوسفـنـدی دوسیت
بسی دیده برکشته‌ها خون گریست
اگـر گـلـه‌ای چـنـد تـاراج شد
بسی کـلـه بـر نـیـزه‌هـا تـاج شد
دلـیـری شش آتـش در آن کـارزار
شنـیـدم فـرومـانـده اسبش ز کـار
پـیـاده بـر آویـخت بـاسرکشان
تفنگی بـه‌کف داشت آتش فشان
امـیـن حـاجـی آن بـرگـزیـده سوار
نـهـان شد زپـیـچش بـه‌تـاریك غـار
دویـد در پـی او بـه‌غـار انـدرون
ربوده چو گرگ و کشیدش بیرون
به‌خربی سرش را زتن دور کرد
گـرو بـرده از پـهـلـوانـان پـیش
بمردی (ششه) رستم عصر خویش
درآنجا که جولانگه (جاسم) است
چه جای(فتاح)و (عزه)و(رستم) است

هــر آنکـه ببیند جهانبخش را
فــرامش کـنـد رستـم و رخش را
سیــر بــرسر آورد آغـا (کـریم)
بەقلب سپه تاخت بی ترس بیم
پس پشت او تـــا رسیـــــده بسر
شنـیـدم هـمـین گفت بـا او پـدر
تـو کـه آیـدت از دهــان بـوی شیر
کـه گفـتت بـیـایـی بـجـنگ دلـیر
چـنــان پـاسخش داد آن شیـرزاد
که فرزند چنین را ز مادر مباد
کـــه پشت پـدر را بـدشمــن دهـد
همان به که خود را بکشتن دهد
تـو گـویـی (فـرامـرز) مـن بـیـژنـم
بـەهـر جـنگ پشت و پـنـاهت مـنـم

---

(۱) از بهر سازان و خان: (ت)، جمله سالار خان(م).

(*) کێش: بەحری موتەقاریب موسەممەن مەحزووف
(فعولن فعولن فعولن فعول)
وەك: ″ بزرگان ایران پر از داغ و درد
رخان زرد و لبها شده لاز ورد″

هماوند از بهر سازان و خان: هەمەوەند بۆ سازان و خان. نێوی دوو شوێنن. شبیخون نمودند از بازیان: لە بازیانەوە شەوەیخوونیان کرد، شەو لە ناکاو لە دژمنیان هەڵکرد. تکاپوی جولان بە سرحد جنگ: وەرە و برۆی هێرش و هەڵمەت بۆ سەر سنوور دەستی پێ کرد. در آنجا بهم برزدند چون پلنگ: لەوێندەر وەك پڵینگ بە یەکیاندا دا. پس از حرب و جنگ و جدال کثیر: پاش شەڕ و شۆڕێکی زۆر. ز خانچی برآمد یکی نره شیر: نەڕە شێرێك لە خانچییەوە هەڵستا. فرو آمد از اسب فرزند زال: فرزەندی ڕۆستەمی زاڵ لە ئەسپ پیادە بوو. غفور دلاور تهمتن مثال: غەفووری

دلاوەر، لە گوێن توهەمتەن. تفنگی بە کردار آذر گشسب: تفەنگێکی لە کردەی ئازەر گوشەسپ دەرهێنا و لە سەر زینی ئەسپی دانا. وشەی آذر گشسب: (ف.) لە "آذر" بە مانای ئاگر و "گشن"، بە مانای نێر، یا بە خوایشتە. "اسب" بە مانای ئەسپە. ئەسڵەکەی "اذر گشنسب"ە.. یەکێ لە سێ نێوی پیرۆزی پارێزگاری جیهان. نێوی ئاورخانەی وشتاسبە، کە لە بەڵخ بووە. گەنجینەکانی گوشتاسبیش لەوێ بوون ئەسکەندەری مەکەدۆنی تالانی کردوون. هێندێ دەڵێن، کتێبی ئاڤێستا و زەند ئاڤێستاش لەوێندەر بوون. گوشتاسب: بە هەموو ئاورخانەیەکیش دەگوترێ. بە مانای کارەباش هاتووە. نێوی فریشتەیەکیشە کاری ئاوری لە ستۆیە، هەمیشە لە دوڕ ئاوردا دەژی. میر وەیسی دەڵێ:" سە آتش فروزان ببردی بدست چو آذرگشسب و چو خرداد و مهر".

بە سوراخ جاسوس بردوخت چشم: کەسیلە و نیشانەی گرت. بە ابرو گره برزد از روی خشم: لە تووڕەییان کرچ هەڵات و گرێی کەوتە هەنیە. چو انگشت بر چقماق زد: کە پەنجەی بە پەلەپیتکەی تفەنگدا نا. تو گفتی کە آتش در آفاق زد: هەر دەتگوت ئاوری لە دنیایێ بەردا. چو زد گولله بر سینەء فتاح را: کە گوللەیەکی لە سینگی فەتاح دا. بە دست اجل داد مفتاحرا: کلیلی بە دەست ئەجەلەوە دا. دیارە لە نێوان فەتاح و مفتاحدا جیناسێك هەیە. بە خاك اندر آورد سر چنگنە. سەری چنگانەی بە عاردیدا دا. وشەی "چنگنە" بە مانای قەرەج دێ.. ئەم وشەیە لە کتێبی "کردلر" ی د. فرێجی درۆزنانەدا کە بە ئەسڵ ناجی ئیسماعیل پەلستەری ئاڵبانی بە ناوی د. فرێجەوەی داناوە، بە دوورو درێژی باسی لێوە کراوە. بە هەموو زمانە ئەورووپاییەکان هەیە.. وشەی چینگەنە بە ڕەچەڵەك فارسییە. بە خەڵکێك دەگوترێ کە گۆیا لە هندستانەوە کۆچیان کردووە و بە هەموو دنیادا پەرت بوون و وەك ڕەوەند و کۆچەر لە هەموو دنیایێ دەگەڕێن. لە بیرم دێ لە ساڵی ١٩٥٦دا لە ئەستەمبوڵ لە بەی ئۆغڵوو، لە ئاپارتمانێکدا، لە کن پیرەژنێکی ئاڵمانی تەبار ژوورێکم بە کرێ گرتبوو، ڕۆژێکیان لە باڵکۆنی ژووری سەرووترەوەم دانیشتبووم، لە سەرەوە تەق و هۆڕێکی ناخۆش دەهات، نارەحەتی کردبووم. لە شووشەبەندی باڵکۆنەکە نزیك کەوتمەوە، سەرێکم هەڵبڕی، تواشام کرد کرێکارێك لە پانسیۆنەکەی سەرووی منەوە خەریکی پەنجەرە چاکردنەوە بوو... بە دەست سڵاوێکم لێ کرد، سڵاوی ساندمەوە، گوتم کەنگێ لێ دەبیەوە؟ گوتی: زۆری نەماوە. لە کاورام پرسی خەڵکی کوێی؟ گوتی ئیتالیانیم و

خەڵکی فلۆرەنسەم. کاورا بە تورکییەکی ئەستەمبۆڵیی ڕەوان قسەی دەکرد. پرسی: تۆ خەڵکی کوێی؟ گوتم عیراقیم و کوردم. گوتی: جینگەنەی؟ منیش گوتم نەخێر. من کوردم. کوردت نەبیستووە؟ خۆ تورکیا بیست میلیۆن کوردی تێدا دەژی. کابرا گوتی: تورکەکان لە ئەستەمبۆڵ بەم کوردانە چینگەنە دەڵێن.. منیش تێم گەیاند وا نییە و دەبێ ئەو وەك ئەورووپاییەك بە قسەی تورك نەکا. قسە قسە دێنێ. بڕێ قسەی قۆڕ و دژمنانە لەمەڕ کورد لە پێشەکیی کتێبی "کرد"دا کە بە ناو ئی د. فرێجی ئاڵمانییە، نووسراوە... لەم پێشەکییەدا نووسراوە ژمارەی وشەکانی زمانی کوردی لە ٣٢٢ وشەی زێتر کوردی تێدا نییە. لە باسی هۆزی "زەنگنە"دا، زەنگنە بە قەرەج لە قەڵەم دراون.. نە خوب است پرخاش با زنگنە: سەر خستنە سەر زەنگنە باش نییە. چو دیدند این گونە زخم درشت: کە ئەم جۆرە برینە درشتەیان دیت. سپاه مخالف نهادند پشت: سپا پشتیان لە شەڕ کرد. گریزان زبیم سواران خان: بە هەڵاتن لە ترسی سوارانی خان. طپش در لب و لرزە در استخوان: لێو بە تەتەڵە و هێسك بە لەرزە. ز جنگ آوران روی بر تافتند: ڕوویان لە جەنگاوەران هەڵگێڕایەوە، هەڵاتن. پزی چند با خویش برداشتند: چەند پەزێکیان بە گەڵە خۆدا برد. تلف شد اگر گوسفندی دویست: ئەگەر چی دوو صەد مەڕێك لە ناو چوو. بسی دیده بر کشتەها خون گریست: بەڵام زۆر چاو لە وەگەڕانەوەکاندا خوێن گریان. اگر گلەای چند تاراج شد: ئەگەر چەند مێگەلێکیش بە تاڵان چوو. بسی کلە بر نیزها تاج شد: زۆر لە سەر و کەللان بوون بە تانجی سەرە نێزە. دیارە لە نێوان وشەی "گلە"دا جیناس هەس. شاعیر بە ئاوڕدانەوە لە کەللە بە تانج بووی سەرە ڕمی کوژراوان، کەللەیانی بە تانج شوبهاندووە.. تەشبیهێکی جوانە. دلیری شش آتش در این کارزار: دلێرێکی شەش ئاتەشە، واتە ئازا، لەم شەڕەدا. شنیدم فرومانده اسبش ز کار: بیستم ئەسپەکە پەکی کەوتووە، پیاده بر آویخت با سرکشان: بە پیادەیی هەڵی کردە ئازایانی سەرکێش: تفنگی بە دەست داشت آتش فشان: تفەنگێکی بەدەستەوە بوو، ئاور پژێن امین حاجی آن برگزیده سوار: ئەمین حاجی ئەو سوارە هەڵوژێردەیە. نهان شد زپیخش بتاریك غار: لە پڕ لە تاریکیی ئەشکەوتدا ون بوو. دوید پیَ او بە غار اندرون: لە نێو ئەشکەوتەکەدا وەدووی کەوت. ربودە چو گر کشیدش بیرون: وەکوو گورگ ڕفاندی و لە ئەشکەوتی وەدەرهێنا. بە ضربی سرش را ز تن دور کرد: بە یەك لێدان سەری لە کەلەشی دوور ئێخست. بسی چشم بدخواهرا کور کرد: زۆر چاوی بەدخوای کوێر کرد. گرو بردە از پهلوانان پیش:

گریوی له قارەمانانی ئەیام زوو بردەوە. به مردی (ششه) رستم عصر خویش: به مەردیی شەشه، که ڕۆستەمی سەردەمی خۆی بوو. مەبەستی ئەورەحمان شەشەیە که پیاوێکی قارەمانی سەروبەندی خۆی بووە. در آنجا که جولانگه (جاسم) است: لەوێدا که جەولانگای جاسمە. چه جای فتاح و عەزەم و رستم است: جێی فەتاح و عەزەم و ڕۆستەم له کوێ دەبێتەوە.. هر آنکه ببیند جهان بخش را: هەر کەسێ جیهانبەخش ببینێ. فراموش کند رستم و رخش را: ڕۆستەم و ڕەخشی وی له بیر دەکا. مەبەست له ڕەخش: ئەسپەکەی ڕۆستەمە. سپر بر سر آورد (آغا کەریم): کریم ئاغا مەرتاڵی بڵند کرد. به قلب سپه تاخت بی ترس و بیم: بێ ترس و خۆف هەڵی کوتایە سەر سپا. پس پشت او تا رسیده پسر: تا کوڕەکەی له پشتیەوە پێڕا گەیشت. شنیدم همی گفت با او پدر: گوێم لێ بوو بابی پێی گوت: تو که آیدت از دهان بوی شیر: تۆکه بۆنی شیری خاوت له زار دێ. که گفتت بیایی به جنگ دلیر: کێ گوتی بێیە شەڕی دلێرانەوە؟ چنان پاسخش داد آن شیرزاد: ئەو بەچکه شێرە بەو جۆرەی بەرسڤ دایەوە: که فرزند چنین را ز مادر مباد: که فرزندێکی وا قەت له دایك نەبێ. که پشت پدررا به دشمن دهد: پشتی باب به دژمن بدا. همان به که خودرا به کشتن دهد: وا چاکه خۆی به کوشتن بدا. تو گویی فرامرز من بێژەنم: تۆ دەڵێی فەرامەرزی و من بیژەنم. به هر جنگ پشت و پناهت منم: له هەموو شەڕێکدا پشت و پەنات منم.

٧٤

ترجیع بند در نعت سرور کائنات*

(پیتی) هەمەجۆر

ای جـــهـــان آفـریـن ثـنـا گـویت
وی دو عـــالـــم مـــعـــطَّـر از بـــویت
ساکـــنـــان سرادق مـــلـــکـــوت
هـــمـــه قـــربـــان یك سر مـــویت
گـــل زخـــونـــیـــن دلان رخسارت
لالـــــه از هـــــنـــدوان گـــیسویت
لالـــــه در بـــــاغ داغـــدار رخت
سرو مـــــائـــل بـــقـــد دلجویت

سرمه مفتون چشم (مازاغ) است
نافهء دلریش خال هندویت
عارضت (والضحی) خطت (والليل)
(قل هوالله) حرز بازویت
(قاب قوسین) را نمی دانم
جز کمانهای هردو ابرویت
نسخهء کائنات هر چه دروست
شرح رمزی زمصحف رویت
باز گویم غم اسارت خویش
بزبان فصیح لاهویت
عرش کمتر بهای مشت گلی
که بر او آرمیدهٔ پهلویت
روز و شب جبرئیل در پرواز
بی سر و پا همی دود سویت
روضه خوانی کند بنظم در پرواز
همچو درویش بر سر کویت
(کز سرا پردهء مقدس ذات)
بر سراپای انورت صلوات)
ای منادی به کاف و هایا عین
وی منادی (انا النبی بحنین)
جبرئیل امین به امر خدا
وحیت آور کای شه کونین
خیز برنه قدم بهکوی قدم
خیز برکش علم زعلم بعین
به مقامی درآمدی که در او
نه (متی) را مجال بود، نه (این)

(قـــاب قـــوسیـــن کـــان او ادنـــی)
بـیـن مـولـی الـوری وبـیـنك بـیـن)
قسمت مـــی دهـــم بـــه‌جـــان حسن
بسر مـــرتـــضی بـــخـــون حسیـــن
روز وا (أمـــتـــی) کـــه پـــیشروی
بـــه امـیـد شفـــاعت ثـقـلـیـن
کـــن در آن روز یـــا رسول الـــلـــه
نـظری سوی مـن بـه گـوشهء عـیـن
بـــنـــواز و مـــرانـــم از لب شوض
تـــر کـــن از آب کـوپـرم (شفـتـین)
ای بـــکـــویت سعـــادت ابـــدی
وی ز رویت شرافت حـــرمـــیـــن
مـــا از امـر تـو غـافـل و تـو بـه ما
مشفـق و مـهـربـان تـر از ابـویـن
در فـرار ایـن درود مـیـخـوانـم
بـــاز پـرسنـد از تـوام مـلـکـیـن
(کـــز سراپـــردهء مـــقـــدس ذات)
بـــر سراپـــای انـــورت صلـــوات)
خـواجـهء انـبـیـاء وخـتـم رسول
هـــادی خـــلـــق و پـیشوای سبـل
ای همه ممکنات جسم و تو جان
وی هـمـه کـائـنـات خـار و تـوگـل
مـحـرم کـردگـار و مـهـبـط وحـی
مـهـتـرا اصفـیـاء و مـظـهـر کـل
(لـم تـلـد مـثـلـك الـنساء فـتـی
لـم یـجـد شبـهـك الـزمـان رجـل)

صفت شانـــئت هـــو الابــتـــر
لــقب بـــاغــضت زنــيــم و عــتــل
در قـــيــامت چــو ذوالــجــلال تــرا
مـــيــدهــد رخـصت شفــاعت كــل
آيـــد از بـــارگـــاه قـــدس خـــدا
(لك مـــاشئت يـــا نـــيـــى فـــقــل)
فـكـر مــن كـن كـه كـردهام تسبـيـح
در خــرابـــات رهـــن شاهـــد مــل
تــا مـرا چـون تـوى شفـيـع چـه بـاك
ز آتش دوزخ و سلاسل و غـــــل
فـيـل [خـيـل] محـمـودم نمـى ترسم
از دم كـــرنــــا و بــــانگ دهـــل
بــه هــواى تـــو مست و بـــى پــروا
نــعت گـويــان خـرامــان از سر پـل
(كـــز سراپـــردهء مـــقـــدس ذات
بـــر سراپـــاى انـــورت صلـــوات)

....

(*) كێش: بەحری خەفیف موسەددەس مەخبوون مەحزووف
(فاعلاتن مفاعلن فعلن)
اى جهان آفرين ثنا گويت: ئەی جیهان دروستکەر مەتح و سەنا وێژت. وى عالم معطَّر از بـويت: وەی هـەردوو دنـيـا بـه بـۆن و بـەرامـه لـه بـۆنت. ساكـنـان سرادق مـلكـوت: نیشتەنییانی سەراپەردەی مەلایەکەتان. همه قربان يك سر مويت: هەموو بە گوریی یـەك سەری مـوویـەكت. گـل ز خـونـيـن دلان رخسارت: گـوڵ لـە دڵ خـوێـنـاويـيـانـی ڕوخسارت. لاله از هندوان گيسويت: لاله له هندیانی پرچت. لاله در بـا غ داغدار رخت: لاله له باغ داخداری ڕووت. سرو مائل بند دلجويت: سەروی مل لارکەرەوە بەندی یاڵای دڵڕفێنت. سرمه مفتون چشم (مازاغت): كل ئاشقی نیگای ڕاست و ڕەوانت. ″ما زاغ″ له ئايەتی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، کە دەفەرموێ: مازاغ البصر وما طغى. نافه دلريش

خال هندويت: نێوك دڵ بريندارى خاڵى ڕەشى وەك كيژە هنديى ڕەشت. عارضت (والضحى) خطت (والليل): ڕوومەتت وەك هەتاوى چاشتان و برۆت وەك شەوەزەنگ. ديارە لە هەردوو تەشبيهەكەدا، جەمسەر، يەكەميان سپێتيى ڕۆشنايى و دووەميان ڕەشيى تاريكييە.. قل هو اللّە حرز بازويت: ئايەتى قل هو اللّە بازيبەندى بازووت.

قاب قوسين نمى دانم: ئەمن ئەوەندكۆكە مەسافەيەى نێوان كەوان و مشتووى كەوان نازانم. واتە ئەتۆ لە خواوە نزيكترى تا پێغەمبەر.... جزكمان هاى هر دو ابرويت: تەنێ هەر كەوانەكانى هەردوو ئەبرۆت دەزانم. نسخەء كائنات هر چە دروست: نوسخەى جيهان هەرچييەك لەوێدايە. شرح رمزى ز مصحف رويت: شرۆڤەى نمايەكە لە قورئانى ڕووت: شێخ ڕەزا ديارە دياريدى بۆ ئۆلى ″حرووفى″ و ″نوقتەوى″ فەرمووە، كە لايان واسە، قورئانى پيرۆز سەرلەبەر لە ڕوخسارى ئەفراندەى خوا خۆيدا دەتوانى وەخوێنى. باز گويم غم اسارت خويش: با خەمى ئەسارەت بەدبەختيى خۆمت بۆ بگێڕمەوە. بە زبان فصيح لاهويت: بە زمان فەسيحى لاهووتت. عرش كمتر بهاى مشت گلى: عەرش و بارەگاى خوا لە بەهاى مستێ گڵ كەمترە. كە برو آرميده پهلويتك، كە پاڵت لەسەر داوەتەوە. روز و شب جبرئيل در پرواز: ڕۆژ و شەو حەزرەتى جبرائيل لە فڕيندايە. بى سر و پا همى دود سويت: شپرزە وەك سەرو پێى پێوە نەبێ لە دووت هەڵوەدا و سەراسيمە و سەرگەردان. روضەخوانى كند بە نظم در پرواز: لە هەڵفڕيندا ڕەوزەخوێنى بە شيعر هۆنينەوە دەكا. همچو درويش بر سر كويت: هەروەكو دەروێش لەسەر سيلەى گەڕەكت (كز سراپردەء مقدس ذات): كە لە سەراپەردەى پيرۆزى زاتى خواوە. (بر سراپردء انورت صلوات): سڵاوات لە سەراپەردەى ڕووناكترت. اى منادى بە كاف و ها، يا عين: ئەى بە كاف ها، يا عەين بانگكراو. وەى منادى (انا النبي بحنين): وەى بانگ ڕاهێڵ (منم پەيامبەر لە حونەين). شەڕى بەدر و حونەينى مەبەستە. جبرئل امين بە امر خدا: جبرئيلى ئەمين بە فەرمانى خوا. وصيت آورد كاى شە كونين: وەسيەتى هێنا، كە ئەى شاى هەردوو جيهان. خيز بر نە قدم بە كوى قدم: هەڵستە سەر پێيان، بەرەو گەڕەكى هەر هەوە و هەس. بە مقامى درآمدى چو در او: لە پلەيەكەوە سەرت دەرهێناوە. نە (متى) را مجال بود و نە (اين): نە (كەنگێ) بوارى هەس و نە (كوێ). واتە لە وێدا حيسابى زەمان و مەكان، بە پێى حيساباتى سەرزەوى نييە. بەڕاستى ئەم قسەيە لە ڕووى زانستەوە ڕاستە. كات و شوێن شكڵ و شێوەى مادەن. هەموو شتێك درێژا و ئەندازەى ديارىى خۆى و قەوارەى

هەس، واتە دووراییی (بعد) درێژی و پانی و بەرزی، شوێنێکی داگیر کردووە. جگە لەوەش، شت یەکێ نییە و دوو نییە، بە ملیارد و لە ژمارە نەهاتووی هەس. ئەمانە هەریەکە بە جۆرێ دەگەڵ یەکدیدا هەن... لێکدی دوورتر، یا نزیکتر، لێکدی بڵندتر یا نەویتر، لای ڕاستەوە، لای چەپەوە. ئەمەش واتە: ئەمانە سەرلەبەر لە شوێندا هەن و مەحاڵە بەم جۆرە نەبن. دەبێ هەروا بن. دەڵێ هەموو دەزانین، کە سەرلەبەری شتەکانی جیهان، لەوەی پێی دەڵێین مادە، پێك دێن. کەواتە لەمەڕا ئەوە دەکەوێتەوە، کە مادە ناکارێ لە شوێندا نەبێ، بێ شوێن نابێ. جا ئەمەیە وای کردووە، کە شوێن بەم جۆرە تاریف کەن و بناسێنن کە شکڵ و شێوەی مادەیە. ئەوجا هەرچی دیاریدەکانی جیهان هەن، هەمیشە لە بارێکی هەر وادا بووگە و هەر واش ئەوێ و هەر لە عەزەڵەوە تا ئەبەد و هەتا هەتایی و سەرومڕ لە گۆڕان و بزووت و گەشەکردندان. سەرباریش هەرچی دیاریدەکانی دنیا هەس، یەك لە دوو یەك، بەشێوەی دیاری، بە نۆرە پەیدا دەبن. ڕۆژ پاش شەو هەڵدێ، لەق لەق و پەڕەسێلکە لە بەهاردا دێن، لە بەسرە ئاوی شەتولعەرەب دەگەڵ خولی مانگدا بڵند و نەوی دەبێ، نەتەوەگەراییی نوێی ئەم سەردەمە لە پاش گۆڕانی فیوداڵ هات و دێ، شۆڕشی کورد لە ئاکامی گەشەکردنی بیروبڕوای نەتەوایەتی لە مێشکی ڕۆشنبیرانی کورددا پەیدا بوو. بیروبڕوای ڕژێمی سۆسیالیزم لە پاش گەشەکردنی سەرمایەداری هاتە گۆڕێ. ئەتۆ دەبینی یەکێ لە ڕووداوەکان، زووتر و ئەوی تریان درەنگتر دێتە گۆڕێ و هەر هەمووشیان درێژایەکی دیارییان هەیە. ئەم گۆڕان و گەشەکردنە، ئەم بە نۆرە هاتن و یەك لە دوو یەکتری هاتن و درێژایەی ڕووداوان، ڕوودانی لە دەرەوەی چوارچێوەی کاتدا ڕوو بدا. کەواتە: هەرچییەکی لە جیهاندا ڕوو بدا، لە چوارچێوەی کاتدا ڕوودەدا. جا لەوڕا کاتیش شێوەی مادەیە. لەم جیهانەدا ئەوەی بەر هەست بکەوێ لە مادەی بەبزووت بەولاوە چیی دیکە نییە. مایەی بە بزووتیش تا لە چوارچێوەی کات و شوێندا نەبێ، ناکارێ ببزوێ. شوێن ئەو شکڵ و شێوەی هەبوونی مادەییە، کە جێگای هەڵکەوت و ڕەهەند (بعد) و قەوارەی لەشی مادەکە دیاریی دەکا. هەرچی کاتە، ئەوە لایەنێکی تری هەبوون و گەشەکردنی مادە سنوور و کەوشەن دەکێشێ: ئەویش یەك لە دوو یەکتری هاتن و مەودای ئەو گۆڕانانەنن کە بەسەر لەشە مادەکییەکاندا دێن. لەمەڕا ئەوە دەفامرێ کە خەسیەتەکانی شوێن و کاتیش لێکدی جودان، لێکدی ناچن. دەی باشە، ئەدی ئەو خەسیەتانەی کە وەك سێبەر لە شوێن و

کات جودا نابنەوە و ناگۆڕێن؟ شوێن سێ ڕەهەند، دوورایی (بعد)ی هەن. واتە: درێژی و پانی و بڵندی. ئەمانە سەروساختێکی تەواوی شوێنمان بەدەستەوە دەدەن. کەواتە: ئەم سێ ڕەهەند (بعد)ە خەسیەتەکانی هەرە گرینگی شوێنن. هەموو دەزانین گۆڕانی دیاریدەکانی سەرلەبەر لە شوێن، کاتدا بە بەریاندا ڕوودەدەن، لە ڕابردوودڕا بۆ نهۆ و دواڕۆژ، کەچی بە پێچەوانەوەیە. بەڵام خەڵك تەنێ لە چیرۆك و داستانی خەیاڵیدا کاریویانە ئامێری کات دروست بکەن و باڵەکانی کاتژمێر "بەرەواژ" بگەڕێن، واتە مەحاڵە سەرلەبەری پلەکان، بە بەریانی بەرەواژدا دووبارە ببنەوە. ئەوەش واتە: خەسیەتی هەرە گرینگی کات ئەوەیە کە بەرەو پاش وەناگەڕێ. کاتێ کە شت لە شوێندا، جێگایەکی داگیرکردبێ، واتە ئەوە یا ئەورۆ یا سبەی ڕووداوێکە، بە کورتی لە کاتێکدا مومکینە. "لە کوێ" و "کەنگێ" دوو پرسیاری دەگەڵ یەکدیدا هاوپێوەند و چەسپن و کاتی ڕووداو جێگایەکەی لە شوێندا وەسف دەکەن.

بەم پێیە، شوێن و کات دەگەڵ یەکیدا هاوسەروکارییەکی بتەو و توند و تۆڵیان هەس. لێکتر هاوێرکردنیان کارێکی کردەنی نییە. شوێن بە بێ کات بوونی نییە و کاتیش بێ شوێن وجوودی نییە. بەو پێیە کە مادە لە شوێن و کاتدان لێکتری هاوێر ناکرێن و کارێکی مەحاڵە. نەك هەر ئەمە، بگرە لە مادە هاوێرکردنیشیان هەر مەحاڵە. پێش دەسپێکی سەدەی بیستەم ئیسحاق نیوتن (١٦٤٢ – ١٧٢٧) لەو باوەڕەدا بوو، کە کات و شوێن بێ مادده و سەربەخۆ وجوودیان هەیە.. پێی وابوو شوێن وەك سندووقێکی گەورە یا ژوورێکی بێ سەرحەد و بێ دەر و دیوار و سەربان بێ بن میچ و زەوین دەچێ کە وەك شتی تێدا دابندرێ و لێی دەربهێندرێ.. وەك بێژی ئەم جیهانە لە نێو ئەم سندووقە یا ئەو ژوورەدا "داندراوە". نیوتن لەمەڕا وای لێك دایەوە کە شوێن ڕەها (مطلق)ە. واتە وجوودی بە بێ مادده هەیە. سەربەخۆیە. هەروەها بەو پێودانەش نواڕییە کاتیش، کە بوونی بە بێ بوونی مادە هەیە. بەڵێ ئەمە ڕای ماددیەتی میتافیزیك بوو. وەلێ فیزیك زانی مەزنی سەدەی بیستەم ئەلبێرت ئەنیشتاین (١٨٧٩ – ١٩٥٥) کە تیوریی ڕێژەکی (نیسبی)ی داهێنا، کێشەی شوێن و کاتی بە تەرزێکی زۆر جیاواز چارەسەر کرد. ئەنیشتاین، زانستانە، بە دنیای سەلماند، وەك لە مارکس و ئەنگلس بنیاتنێیانی ماددەگەرایی دیالێکتییانە (ماتەریالیزم دیالەکتیك) بنەمایان چەسپاند و گوتیان: شوێن و کات دەگەڵ یەکدیدا وەکو یەکدی هاوسەروکارن و بەبێ خەسیەتەکانی مادە هەبوونیان نییە.

ئەتۆ پێت وایە کات لە نێو مووشەکێکی ئێکجار تیژڕەودا بەهەمان تیژی و خێرایی بەسەر دەچێ کە لەسەر زەوین بەسەر دەچێ. بەڵام لە ڕاستیدا کارەکە بەو جۆرە نییە. ئەگەر خێرایی مووشەکێك هێندەی خێرایی ڕووناکی بێ، هەنگین کات لە نێو مووشەکەکەدا زۆر سستتر، لەسەر ڕووی زەوین بەسەر دەچێ.

ئەتۆ وا بزانە بە مووشەکێك سەفەرێکمان کرد و بڵێ سێ ساڵان بە حەواوە بووین. بەڵام کاتێکی وەدەگەڕێینە سەر زەوین سەرسام دەبین. ٣٦٠ ساڵ لە سەر زەوین بە سەر چووە، چۆن؟ کارێکی سەرسوڕهێنە و لە تەسەورکردن نایە، وەلێ ڕاستیت گەرەکە کارەکە وەی تەرحەس.. کەواتە زەوین کاتێکی هەس و مووشەکەکەش کاتێکی نزیك بە خێرایی ڕووناکی هەس. کات ڕێژەکی (نیسبی)یە و کورتی و درێژیی بە پێی خێرایی بزووتنەوەی مادەیە. تەنێك چەندە لە شوێنێکدا خێراتر بێ، کات لە چاو وی سستتر بە سەر دەچێ. بەڵام شوێن بۆ خۆشی ڕێژەکییە. گریمان شەمەندەفەرێك بە خێرایی ڕووناکی، بەلای شۆسەی ئیزگەیەکدا تێ دەپەڕێ (خێرایی ڕووناکی لە سەعاتێکدا دەگاتە ٣٠٠ هەزار کیلۆ مەتر لە چرکەیەکدا). سەرنشینانی شەمەندەفەرەکە، کە بەو خێراییەی دەبینن، دەنواڕن شۆسەکە تەسك دەبێتەوە، بەڵام ئەوانەی لەسەر شۆسەکە ڕاوەستاون، دەبینن شەمەندەفەرە خێرا وەك تیر دەرپەڕیوەکە تەسك هەڵاتووە. ئەمەش فێڵی چاو نییە، شتێکی ڕاستە و هیچ سێ و دووی لەسەر نییە. بەم پێیە کەواتە "شوێن"یش ڕێژەکی "ئیزافی: نیسبی"یە.

ئایدیالیستانی هاوچەرخ هەوڵ دەدەن ئەم کەشفی زانستەکییە بشێوێنن. دەڵێن، مادامێکی شوێن و کات ڕێژەکین، کەواتە وجوودێکی بابەتەکی لەدەرەوەی زەینی مرۆڤانی نییە. ئەوان کەشفێن نوھ بیر و هزرا ماددەگەراییێ دەربارا جھ و گاڤ نەهەڕفاندینە. سیستێمەکە ژ ئیحداسییات کو مینا فیزیکزانان دبێژن گاڤا خوە هەیی و گاڤا ویژی ڕێژکییە، نیسبییە.. لێ بەلێ بێ ئەو یەکی کو زەینا مرۆڤ هاتبیتە پەیدا بوونێ یا پەیدا نەبوونێ، ئان ژی بەرێ ئەو یەکێ مرۆڤ بێتە پەیدا بوونێ، هەیە، گاڤ ژی ب وی جورەیی هەیە. باشە هە کە گاڤ و جھ بۆنا خوە، جودا ژ زەینا مرۆڤ هەین، چ باکا وان بە بوونا مرۆڤ تونىە، چما مرۆڤ هەمبەرا گاڤ بهوورینا بێ بەزە، دەستە پاچە تونینە؟ بەلێ، مرۆڤ چو دەسەلات بۆنا ڕاوەستاندنا چەرخا گاڤ توننە، لێ ئەو هەمبەرا بهوورینا ژ دەستەلاتا وی بەدەردا، دەستەپاچە نییە. چما مێزە ناکی هەرتشتەکی ژ بۆ جلەڤ کرن ئو ڕامکرنا وی دەست بدت، ئەو دەردەستا خوە

دکـە؟ ئـێمـە چـەنـدی فـێرە کـات دە کـاربـردن بـین، کـارەکـە لـە بـەرژەوەنـدی مـە سەرکەوتووانە تر، کار دەکا. بەنموونە: ئەگەر کورد یەك بگرن، دەتوانن پتر سوود لە کات ببینن و داوا ڕەواکانیان زووتر بچەسپێنن.

قاب قوسین کان أو ادنی – بین مولی الوری وبینك بین: مەبەستی ئەوەیە کە لە خودا زۆر نزیك کەوتووەتەوە. قسمت می دهم به جان حسن: سوێندت بە گیانی حەزرەتی حەسەن دەدەم. به سر مرتضی به خون حسین: بە سەری ئیمامی عەلی، بە خوێنی ئیمام حوسەینت سوێند دەدەم. روز وا (امّتی) که پیشروی: ڕۆژی هاوار بۆ ئۆمەتم، کە لەو ڕۆژەدا پێشڕەوی. به امّید شفاعت ثقلین: بە ئومێدی شەفاعەتی هەردوو دنیّ. کن در آن روز یا رسول اللّه – نظری سوی من به گوش و عین: یا هەناردەی خواوەند لەو ڕۆژەدا چاوی لوتفێکت بە منەوە بێ. بنواز و مران از لب حوض: بملاوێنە و لە گوێ حەوزی کەوسەرم دەرمەکە. تر کن از آب کوثرم (شفتین): لێوانم لە ئاوی کەوسەر تەڕ بفەرموو. ای به کویت سعادت ابدی: ئەی ئەوەی بەختەوەریی هەتا هەتا لە گەڕەکی تۆس. وی ز رویت شرافت حرمین: وەی گەورەیی و شەرافەتی لە حورمەتی ڕووی تۆوەیە. ما ز أمر تو غافل و تو به ما – مشفق و مهربان تر از أبوین: ئێمە لە فەرمایشتی تۆ بێ خەبەر و تۆ بۆ ئێمە بە بەزەتر و میهرەبانتر لە داك و باب. در مزارت این درود می خوانم: لەسەر زیارەتگای پیرۆزت، ئەم درووده دەخوێنم. باز پرسند از توام ملکین: ئەگەر هەردوو مەلایەکەت لە بارەی تۆوەم لێ بپرسن. (کز سراپردەو مقدّس ذات – بر سراپای انورت صلوات): لە سەراپەردەی پیرۆزی زاتی خوداوە – سەڵاوات لە سەراپای لە هەموو ڕووناکتر. خواجه و انبیاو ختم رسل: گەورە و دوا ئاڵقەی پێغەمبەران. هادی خلق و پیشوای سبل: ڕێشاندەری خەڵك و پێشەوای ڕێی ڕاست. ای همه ممکنات جسم و تو جان: ئەی هەموو لە خانەی شیا و وومکیناتدا لەش و تۆ گیان. وی همه کائنات خار و تو گل: وەی هەموو کەون و کائینات دڕك و تۆ گوڵ. محرم کردگار و مهبط وحی: مەحرەمی خوای هەموو شتێك لە توانست لە جێ هاتنە خوارێی سرووش. مهتر اصفیا و مظهر کلّ: وەی هەرە گەورەی لە تلّپە پالاوتە و جێ ڕەنگدانەوەی کوللییات. مەبەستی وەحدەتی وجوودە. لم تلد مثلك النَّساء فتیً: ژنان ڕۆڵەیەکی وەکو تۆ نەزاون. لم یجد شبهك الزَّمان رجل: زەمان پیاوێکی لە وێنەی تۆی نەبووە. دەبوا ″رجلاً″ی گوتبا، بەڵام لەبەر ناچاریی کێش (مەنسووبی بە مەرفووع نووسیوە). صیفەت شانئت هو الأبتر: وەسفی گزارە لێ

کێشت، ئەو بۆ خۆی بێ سەروپایە. لقب باغضت زنیم و عتلّ: "زنیم" بە عەرەبی بە کەسێ دەگوترێ کە لە قەوم زێدە بێ، بەڵام جێ گومان نەبێ. بە: الزَّنمتان"، وەوەی بە هەردوو گوێی مەڕدا شۆڕ دەبنەوە، تەشبیهـ کراوە. ئەوە لە ئایەتی پیرۆزدا هاتووە، کە دەفەرموێ: " عتلّ بعد ذلك زنیم" بە بەندەیەك دەگوترێ، کە خۆی بە قەومەوە هەڵاواسیبێ و بە ڕەچەڵەك لەوان نەبێ. شاعیر دەڵێ:

"فأنت زنیمُ نیط فی آل هاشم   کما نیط خلف الرَّاکب القدح الفرد"

بەیتەکە ئی حەسسانی کوڕی سابیتە، فڕێ ئاوێتووەتە ئەبو سوفیان کوڕی حاریس. کێشەکە لە بەحری تەویلی مەخبوونە (فعولن مفاعلن فعولن مفاعلن).

مانایەکەی بە کوردی:

ئەی بە ڕەچەڵەك ناڕەسەن و بە بەرەی هاشمەوە خۆ هەڵاواس، وەك چۆن کاسەی بەتاڵ بە تەرکی ئەسپەوە هەڵدەواسرێ ئەتۆش بەو جۆرەی. واتە بە لاف و گەزاف و خۆ بە ڕەسەن دەزانی. نازناوی ئەوەی ڕکی لێتە خۆ هەڵاواس و ناڕەسەن و زۆر خۆری بە هەڵپەیە. عوتلّ: زۆر خۆری بە زۆر بە سەر سفرە و خواندا خۆ سەپێن. لە (عەتل)ەوە هاتووە، واتە: بە زۆر لەسەر خوان هەڵپە و پارووی چەور بۆ پێشە خۆ دەر. دەڵێن جارێکیان – ئەگەر بە ڕاستم بیستبێ – مەلای گەورەی بەهەشتی بە یەکێ لە میوانانی بە هەڵپەی بە چەپ و گوپ لەسەر سفرە و خوان دەفەرموێ: " بەعەرەبی" خذ مما یلیك وا تێ مەگە ئالیکە ". در قیامت چو ذو: الجلال ترا / می دهد رخصت شفاعت کل: خودای خاوەن شکۆ لەو دنیا نۆرەی شفاعەتی هەمووانت دەدا. آید از بارگاه قدس خدا – لك ماشئت یا نبی فقل: فەرمایشتی چت ئارەزوو لێیە، ئەی پەیامبەر جێبەجێ دەبێ، بفەرموو لە بارەگای پێروزیی خواوەندەوە دێ. فکر من کن کە کردەام تسبیح: بیر لە من بکەوە، در خرابات رهن شاهد مل کە تەزبیەم لە مەیخانە بە بارمتە داناوە: تا مرا چون تویی شفیع چە باك: هە کە تۆ شفاعەت خوازێ من بی چ باکم هەس. ز آتش دوزخ و سلاسل و غلّ: لە ئاوری دۆژە و کۆت و زنجیر. فیل محمودم و نمی ترسم: فیلی مەحموودم و ناترسم. از دم کرنا و بانگ دهل: لە سلکی کەڕەنا و بانگی دەهۆڵ. بەهوای تو مست و بی پروا: بە ئەشقی تۆ مەست و بێ پەروام. نعت گویان خرامان از پل: ئەوانەی پەسنیان داوی لەسەر پردی سیراتێ لەسەرخۆ و بە لەنجە و لار دەڕۆن. کز سرا پەردەء مقدس ذات: کە لە سەرا پەردەی پیرۆزی زاتی خواوە. (بر سرا پای انورت صلوات): سەڵاوات لە سەراپای بارەگای ڕووناکترت.

مقطّعات

٧٥

دو شير مرد*

(پیتی) ئەلف

در مـيـــان دو شيـرمـرد خـدا
عـــار بـــاشد كسى رسد بــجـزا
شيخ رضا گفت بهر تأريخش
جاى او گشت (جنّة المأوى)

(*) كێشى دوو دێری یەكەم: بەحری خەفیف موسەددەس مەخبوون مەحزووف
(فاعلاتن مفاعلن فعلن)
وەك: "چرخ از من قرار من بستد
تا ز دستم نگـار من بستد"
وەك: كێشى دوو دێڕی دووەم: بەحری خەفیف موسەددەس مەخبوون ئەصلەم
(فاعلاتن مفاعلن فع لن)
"تا كـى از عشـــق تو كـشم خوارى
تـــا كى از هجر تـــو كـنم زارى"
در ميان دو شير مرد خدا: لە نێوان دوو شێری مەردی خوادا. عار باشد كسى رسد به جزا: نەنگ و فەیێتە كەسێ بە سزا بگا. شيخ (رضا) گفت بهر تاريخش: شێخ ڕەزا بۆ مێژووی گوتی جاى او گشت (جنه المأوا): بەهەشت بوو بە جێی وی. دیارە، ئەگەر پیتەكانی (جنّة المأوى) كۆ كەیەوە دەكاتە ١٢٧٣ی كۆچی.

٧٦

نقيب غوث*

(پیتی) ئەلف

چون شد بأمر مظهر رحمن نقيب غوث
تـعـمـيـر آشيـانــەء شهـبـاز كـبـريـا

تـأريخ تـام خواند بگوش (رضـا) سروش
آراستـــنـــد بـــارگـــهـــی شاه اولـــیـــا

....

(*) کێش: بەحری ڕەجەز مەخبوون مەربووع
(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فعل)
وەك: ″ سیل آســت دیـــده و هر کس کــه بگذرد
گر خود دلش ز سنگ بود هم ز جا رود″
چون شد به امر مظهر رحمان نقیب غوث: کاتێ بە فەرمانی جێ شەوقدانەوەی خوا، نەقیبی غەوس. تعمیر شد آشیانهء شهباز کبریا: هێلانەی شابازی خوا ئاوەدان کرایەوە. تاریخ تام خواند بگوش (رضا) سروش: سروش (وەحی) مێژووی تەواوی بە گوێی ڕەزادا خوێند. آراستند بارگه شاه اولیا: بارەگای شای وەلیانییان ڕازاندەوە.

٧٧

سجّاد*

(پیتی) ئەلف

ریـــخت جـــودت آبـروی گـوهــر بـیـجـاده را
ورع و شرع ومعرفت طی کرد هرسه (جاد) را
هــمــچـو سنگ کـعـبـه سربـر آستـانـم تـا ابـد
سر ز سجــده بــرنــدارم شکــر ایــن سجّـــاده را

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صحبت گــل بــــایدش
بر جفای خار هجـران صــبر بلــبل بایدش″
ریخت جودت آبروی گوهر بیجاد را: دەهەندەییت گەوهەری بیجادی ڕشت. ″بیجاد یا بیجاده بەردێکی بە نرخی وەکو یاقووتی سوور وایە.″ ورع و شرع و معرفت طی کرد هر سه جاد را: پارێز و شەرع و خواناسی هەر سێ ڕێگای پەی کرد. همچو سنگ کعبه

سر بر آستانم تا ابد: هەتا هەتایە سەرم لە هاسانەی بەرز و پیرۆزتدایە، وەك بەردی کابە وایە، هەر نابزوێ. سر ز سجده بر ندارم شکر این سجّاد را: لە شوکرانەی ئەم سەجادەدا سەر لە کڕنووش بردن هەڵناگرم.

٧٨

سیّد برزنجه*

(پیتی) ئەلف

شاه حسین را خواب دیدم در ملا
گـفـتـم ای شاه شهـیـد کـربـلا
سیِّـد (بـرزنـجـه) از نسل تـوانـد
(قـال لا والـلـه هـذا مـفـتـری)

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەڵ موسەددەس مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: ″ هر زمان زین سبز گلشن رخت بیرون می برم
عالمـی از عـالم فکـرت به کـف مـی آورم″

شا حسین در خواب دیدم در ملا: شا حوسەینم لە نێو خەڵکدا، دە خەوندا دیت. گفتم ای شاه شهید کربلا. گوتم ئەی شای شەهیدی کەربەلا. سیّد برزنجه از نسل تواند: ساداتی بەرزنجە لە بەرەی تۆن. قال لا واللّه هذا مفتری: گوتی نا وەڵڵا ئەمە بوختانە.

٧٩

ابن ملجم*

(پیتی) ئەلف

نخواهم ملك کیخسرو نجویم مسند جم را
بەنرخ نیم جو نخرم متاع هردو عالم را
نـگردم روز مـحشر عـهد بـاشد داخل جنَّت
بـحـق شاه مـردان تـا نـگـایـم ابـن مـلـجم را

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″ ترا من دوست می دارم ندانم چیست درمانم

نە روی هجر می بینم نە راه وصل می دانم″

نخواهم ملك کیخسرو نجویم مسند جم را: موڵکی کەیخوسرەوم ناوێ، لە تەختی جەمشید ناگەڕێم. بە نرخ نیم جو نخرم متاع هر دو عالم را: سەرلەبەری دارایی دنیا بە نیو دەنکە جۆ ناکڕم. نگردم روز محشر عهد باشد داخل جنَّت: گفت و پەیمان بێ، ڕۆژی حەشر، نەچمە بەهەشتەوە. بە حقّ شاه مردان تا نگایم ابن ملجم را: بە هەقی شای مەروان، تا کوڕی مولجەم نەگێم.

٨٠

ابو جمیل*

(پیتی) ئەلف

قبیل الموت قال ابو جمیل

لزوجته اصبری صبراً جمیلا

فلم تصبر علی الفحشاء یوما

وقد جعلت سبیلیها سبیلا

(*) کێش: بەحری وافیر موسەددەس مەقسوور

(مفاعلتن مفاعلتن فعولن)

نموونەم دەست نەکەوت.

قبیل الموت قال أبو جمیلٍ – لزوجته اصبری صبرا جمیلا: باوی جەمیل نەختۆکەك پێش سەرەمەرگ، بە ژنا خوە گۆت کەمەك سەبر بگرە. فلم تصبر علی الفحشاء یوماً: بەڵانەکێ هیچ ڕۆژەك سەبری نەگرت. وقد جعلت سبیلیها سبیلا: هەردوو ڕێگایەکەی کرد بە یەك ڕێگا، واتە لە هەردوو کونەوەی دەدا.

٨١

تشطیر شعری از حافظ در هجو

محمود پاشای جاف*

(پیتی) ئەلف

مـگـر یـزدان کـنـد کشف کف (مـحـمـود پـاشا) را

که کس نگشود و نگشاید به حکمت این معمَّا را

بـدست کـهـنـه دلـقـی گر ببـیـنـد صورت جـلـقـی

(چنان بربـاید از دستش که ترکان خوان یغمارا)

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: " نگـارا وقـت آن آمد کـه دل با مـهر پیـوندی

که ما را بیش از این طاقت نماندست آرزومندی"

مگر یزدان کند کشف کف محمود پاشا را: مەگەر خوا هەر بۆ خۆی نێو لەپی مەحمود پاشا وەکە. که کس نگشود و نگشاید به حکمت این معمًّارا: چونکە کەس لەو سڕە سەر دەر ناکا، ئەو لەغزە کەس هەڵی نایەنێ. بەدست کهنه دلقی گر ببیند صورت جلقی: ئەگەر شکڵی پووڵە کۆنێك بە دەستی سواڵکەرێکەوە ببینێ. (چنان برباید از دستش چو ترکان خوان یغمارا): وەك چۆن تورکی دڕندە سفرە و خوان تاڵان دەکەن ئەوژی وسایە.

٨٢

عزم سفر*

(پیتی) بێ

یـــار مـــن عـــزم سفـــر بـنـهـاد پـا انـدر رکـاب

خـانـهء زیـن شد مـزیَّـن، خـانـهء مـن شد خراب

خـلـق را خـورشید شام از دیـده غـائب مـیشود

مـن سحـرگـاهـان ز چشمـم گشت غـائب آفتاب

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش

بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″

یار من عزم سفر بنهاد پا اندر رکاب: یاری من نیازی سەفەری هەیە و پێ لە ڕکێف، یا پێی بڵند کرد بۆ تێ خستن. خانەء زین شد مزین، خانەء من شد خراب: خانەی زین ڕازایەوە، خانەی من وێران بوو، خانەی چەك کە کوزە، ڕازایەوە، ″زین″ بە مانای چەکیش هاتووە. دیارە دەکاتە خانەی کێر، کە چەکی شێخە.

هەروەها خانە واتە ئافرەتێك کە ناوی خانەیە، لە داخان شەقی برد، چونکە من فلأنم گا. خلق را خورشید شام از دید غائب میشود: خۆر بۆ خەڵك ئێواران، لە دیدە ئاوا دەبێ. من سحرگاهان ز چشم گشت غائب آفتاب: کە چی من لە بوومەلێڵەدا خۆرم لێ ئاوا بوو. یا خەڵك خورشید خانمی ئێواران، دەست ناکەوێ بیگێن، کەچی من سبەینان ئافتاو خانمم بۆ دابین نابێ بیگێم... واللّه أعلم بالصَّواب.

٨٣

کیر*

(پیتی) تێ

شخصی بکیر گفت که ای سربریده پوست

کون بهتراست یاکس بی مو نیکواست

آهسته سر بلند کرد و آشفته بگفت(١)

(درویش هر کجا که شب آید سرای اوست)

---

(١) کون سفید خوبتر یاکه نیکواست (ت). آهسته سربلند کرد و بجنبید و گفت.

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەتوی مەخبوون مەربووع

(مستفعلن مفاعلن مفتعلن فعل)

وەك: ″ خورشید خاوری کند از شك جامە چاك

گر ماه مهر پرور در قبا رود″

شخصی بە کیر گفت کە ای سر بریدە پوست: یەکێ بە کێری گوت کە ئەی پێست سەربڕاو. کون سفید خوبتر یا کە کس نیکوست: کونی سپی، یا کە کوز چاکە؟ آهستە سر بلند کرد بجنبید گفت: لە سەرەخۆ، سەری بڵند کرد، بزووت، گوتی، (درویش هر کجا کە شب آید سرای اوست): دەروێش کە شەوهات، لە هەر کوێیەك بێ، کۆشکی وییە.

٨٤

بلباس و خوشناو*

(پیتی) تێ

آنچە بلباس بە خوشناو و بە آکو کردەاست
نشنیدم کە بە بغداد (هلاکو) کردە است
گرچە میران خدر بگ نە بە حقّ شد مقتول
کشتنش بە کە بسی غصب تماکو کردەاست

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)
وەك: ″ دو عالم دامن جان درکشم هر صبحدم
پای نومیدی بە دامان درکشم هر صبحدم″

آنچە بلباس بە خوشناو و بە آکو کردە است! ئەوەی بڵباس بە خۆشناو و ئاکۆی کردبێ. نشنیدم کە بە بغداد هلاکو کردە است! نەمبیستووە کە هۆلاکۆ بە بەغدای کردووە. گر چە میران خضر بگ نە بە حقّ شد مقتول: گەرچی میرانی خدر بەگ بە هەق نەکوژرا، یا نەبوو بە جیوە. مەقتوول بە جیوەش دەگوترێ. کشتنش بە کە بس غصب تماکو کردە است: کوشتنی چاکە، چونکە تووتنی هەموو دنیای داگیر کردووە، یا تووتن چاندن لەوەی کە مەنعی کەی چاترە... دیارە بوون بە جیوە، سستایش کردنە، چونکە جیوە دەکرێتە خەنەوە و لە قژ دەگیرێ، واتە: لەسەر سەر دادەندرێ. هەرچی مانای ″غصب″ە، ئەوە وەك سەید شەریفی جورجانی لە ″تعریفات″دا دەفەرموێ، کەسێ ئیسپاتی موقەدیمەی خۆی بکا، تۆ بەر لەو نەفیی دەلیلەکەی ئەو بکەی، یەڵڵای دەکرد ئیسپاتی حوکمی بە بگرە و بەردە، بە زیمنی و ناواخن لێ لازم بێ، یا نا.. خوا بۆ خۆی دەیزانێ.

٨٥

دروغ*

(پیتی) تیّ

پرسیدم از دروغ که مارا بگوی راست
اهل کدام مملکتی، خانه‌ات کجا است
گفتا من و نفاق دو ابلیس زاده‌ایم
در خطّهء عراق که مأوای جد ماست

(*) کێش بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون مەجبووب
(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فعل)
نموونەم دەست نەکەوت.
پرسیدم از دروغ که مارا بگوی راست: لە درۆم پرسی کە ڕاستیم پێ بڵێ. اهل کدام مملکتی تو خانه‌ات کجاست: خەڵکی کێهە وڵاتی، تو ماڵت لە کوێیە؟ گفتا من و نفاق دو ابلیس زاده‌ایم: گوتی من و دووڕوویی، دوو شەیتان زادەین. واتە: هەرتکمان کوڕی شەیتانین. در خطّهء عراق که مأوای جد ماست: لە مەڵبەندی عیراق کە مەنزڵی باپیری مەیە.

٨٦

غوث الثّقلین*

(پیتی) تیّ

این بارگه حضرت غوث الثقلین است(١)
نقد کمر حیدر و نجل حسنین است
مادرش حسینی نسب است و پدر او
ز اولاد حسن، یعنی کریم الابوین است

---

(١) لەسەر قەفەسی مەرقەدی موبارەکی حەزرەتی گەیلانی وە لەسەر هەردوو قاپییەکەیشی نووسراوە.

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعیلُ مقاعیلُ فعولن)
وەك: ″ اندوه تو شد وارد کاشانـــەام امشب
مهمان عزیز آمده در خانەام امشب″
این بارگه حضرت غوث الثَّقلین است: ئەمە بارەگای حەزرەتی غەوسی هەردوو جیهانە. غەوس بە مانای فریارەسە. نقد کمر حیدر و نجل حسنین است: نەختینەی پشتی ئیمامی عەلی و رۆڵەی هەردوو حەسەنە. مەبەستی حەسەن و حوسەینە بە تەغلیب. وەك ″القمران″ لە بۆ خۆریش و مانگیش. مادرش حسینی نسب است پدر او: داکی حوسەینی ڕەچەڵەکە و باوی. ز أولاد حسن یعنی کریم الابوین است: لە کوڕانی حەسەنە، واتە: باویشی و داکیشی شەریف و موکەڕەمن. ز أولاد بە حەزفی هەمزەکەی وەخوێنە.″

٨٧

ابن مفتی بغداد*

(پیتی) دال

زدم بـه کـون (جـمـیـل ابـن مـفـتـی بـغـداد)
کشیـد گـوزی و گـفـتـم بـەروح ابـن زیـاد
کشیـد گـوز دیـگـر چـون فـرو کشیـدم از او
از آن مـزیـد تـعـفُّـن یـزیـدم آمـد یـاد

....

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون مەقسوور
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلان)
وەك: ″ سپیدەم دم کە شدم محرم سرای سرور
شنیدم آیـت توبوا الی اللّە از لب حور″
زدم بە کون جمیل ابن مفتی بغداد: لە قوونی جەمیلی کوڕی مفتی بەغدایەم برد. کشید گوزی و گفتم بە روح ابن زیاد: تڕێکی بەردا و گوتم بەڕۆحی کوڕی زیاد. کشید گوز دیگر چون فرو کشیدم از او: کە جڵەوی کێرم لێ کێشایەوە تڕێکی تری کەندەوە. ازان مزید تعفُّن یزیدم آمد یاد: لەو هەموو بۆگەنییە زۆرە یەزیدم بەبیرهاتەوە. ″زیاد″ و ″مزید″ سەروکاریان دەگەڵ یەکدیدا هەس. جیناسی ناقیسە.

٨٨

این قحبه نه مریم است*

(پیتی) تیٚ

نـــاجـــی چـــو زنش حـــامـــلـــه شد زار گـــریست
گـــفـــتـــار ز سر گـــریـــه کـــه ایـــن واقـــعـــه چـــیست
مـــن پـــیـــرم و کـــیـــر مـــن نـــمـــی جـــنـــبـــد هـــیـــچ
این قحبه نه مریم است و این بچه ز کیست(؟)

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)
وەك: " هرگز نبود سرو به بـالاکه توداری
یامه به صفای رخ زیبا که توداری"

ناجی چو زنش حامله شد زار گریست: تاجی کە ژنەکەی ئاوس بوو، زۆر دەستی بە گریانیٚ کرد. گفتا ز سر گریه که این واقعه چیست: بە گریانەوە گوتی، ئەم ڕووداوە چییە؟ من پیرم، کیر من نمی جنبد هیچ: ئەمن پیرم و کێرم هەرگیز نابزوێ. این قحبه نه مریم است، این بچه ز کیست؟ خۆ ئەم قەحبەیە مریەم نییە، ئەدی ئەم زارۆکە لە کێیە؟

٨٩

به وجود تو بنازد*

(پیتی) دال

چـه عـجب گـر بـوجـود تـو بـنـازد بـغداد
ای وجود تو محیط دوجهان استعداد
گـرو ز مـهـر بـرد ذرّه بـدیـن نـاچـیـزی
اگـر از نـیِّـر اعـظـم بـکـنـد اسـتـمـداد

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەسلەم موسەبەغ

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)

وەك: ″ باز در زلف بنفشە حركات افكندند

دهن زرد خجستە بە عبیر آكندند″

چە عجب گر كە بە وجود تو بلرزد بغداد: چە سەیر نییە ئەگەر بەغدا بە بوونی تۆ بلەرزێ. ای وجود تو محیط دو جهان استمداد: ئەی بوونی تۆ بۆ هەردوو جیهان مەدەدكار. گرو از مهر برد ذّرە بدین ناچیزی: ئەگەر گەرد بەم هیچیەی گرێوی لە خۆر بردەوە. اگر ازنیِّر اعظم بكند استمداد: ئەگەر لە ڕۆژ داوای یارمەتی بكا، گرێو لە تابانی هەرە گەورە دەباتەوە.

٩٠

گر بلرزد بە چە ارزد*

(پیتی) دال

گـویـنـد اگر وطء كنی عرش بـلـرزد(١)

عرشی كە بە یك وطء بلرزد بـە چە ارزد

مـاییم و یكی حجرەء تـاریك كە در وی

صد بـچَّە بگـاییم و یكی خشت نـلـرزد

....

(١) (ئەم چوارینەیە هی عوبەیدی زاكانییە نەك شێخ رەزا (شێخ محمدی خاڵ گۆڤاری كۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی كورد، ساڵی ١٩٨٩)

(*) كێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەكفووف مەحزووف

(مفعولن مفاعیل مفاعیل فعولن)

وەك: ″ ســـالها می گذرد كــز غم او بیمارم

مگر امشب بە عیادت بە سر آید یارم″

گویند اگر وطء كنی عرش بلرزد: دەڵێن پێ لەسەر بارەگای خوا دانێی، دەلەرزێ. یا ئەگەر قوون بگێی، بارەگای خوا دەهەژێ. دیارە وشەی ″وطء″ بۆ قوون گاینیش و كوز گـایـنیش دەگوترێ. بەڵام شێخ ئەوەكەی یەكەمیانی مەبەستە... واللّە اعلم بالصواب. عرش كە بە یك وطء بلرزد بە چە ارزد: بارەگایەك كە بە یەك پێ لە سەردانان بلەرزێ بە كاری چ دێ؟ یا بە گاین وەلەرز كەوێ بەكاری چی دێ؟ ماییم

و یکی حجرەء تاریك كە در وی: هەر ئێمەین و ژوورێکی تاریك، کە لەوێدا. صد بچّە بگاییم و یکی خشت نلرزد: ئەگەر لەوێدا سەد منداڵ بگێین خشتێکی لێ نالەرزێ، دیارە وشەی "وطء" بە دوو مانا هاتووە: یەکێکیان " پێ لە سەر عارد دانان"ە. شاعیر لە هەردوو مانایەکە ئەم هەنگامەیەی دروست کردووە. تەشبیهی ژووری تاریك ئەستەغفیروڵڵا بە بارەگا و سوود لە هەردوو مانای "وطء" وەرگرتن هەر لە شاعیرێکی زەبر دەستی وەك شێخ ڕەزا و عوبەیدی زاکانی دەوەشێتەوە، بەڵام بێ ئەدەبییە.

٩١

رشید پور عمم*

(پیتی) دال

فریاد که در (نصیبینم) کشتند
وز خشم مرا بخون آغشتند
وای ازین مردم بی شرم و حیا
مانند رشید پورعمم پشتند

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەددەس مەتوی
ئەم چوارینەیە ناڕێکوپێکە، تەنیا دێڕی سێیەمم بۆ چووە سەر ئەم کێشە..
(مستفعلن مفتعلن مفتعلن)
فریاد که در (نصیبینم) کشتند: هاوارە! لە نسێبینیان کوشتم. و زخشم مرا بخون آغشتند: لە ڕکان خڵتانی خوێنیان کردم. ای وای ازین مردم بی شرم وحیا: وای لە دەست ئەم خەڵکە بێ شەرم و حەیایە، مانند رشید پور عمم پشتند: وەك ڕەشیدی ئامۆزام پوشتن.

٩٢

دفتردار*

(پیتی) ڕێ

مـی کـنـم هـجـو اگـر لـطـف خدا بـاشد یـار
مـویـی از خـایـهء مـن بـر نـکـنـد دفـتـردار
خایهء همچو جبل دارم و کیری چو منار
هـردو، هـرسه هـمـه در کس زن دفـتـردار

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)
وەك: " در ازل عکـــس می لعل تو در جـــام افتاد
عـــاشق ســـوخته دل در طمع خام افتاد"

می کنم هجو اگر لطف خدا باشد یار: فڕی خۆم داوێم ئەگەر لوتفی خوا یار بێ. مویی از خایهء من بر نکند دفتردار: دەفتەردار موویەك لە گونی من ناتوانێ هەڵبقەنێ. خایهء همچو جبل دارم و کیری چو منار: گونێکی وەکو کێوم هەس و کێرێکی وەکو مـنـاره. هـردو، هـرسه، هـم در کس زن دفـتـردار: هـەروەك هـەسێك لـە کـوزی ژنـی دەفتەردار.

٩٣

قائممقام شهر گلعنبر*

(پیتی) ڕێ

ورق از بـرگ گـل بـایـد مـداد از سودهء عـنـبـر
دوات از نـــافـــهء آهـــو قـلـم از غـمـزهء دلـبـر
یکی زین چار جوهر گر بود ناقص خلل یابد
ستـایشنـامـهء قـائـمـقـام شهر گـلـعـنـبـر

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″همە کارم بە خودکامی بە بدنامی کشید آخر

نهان کی ماند آن رازی کزو سارند محفلها″

ورق از برگ گل باید، مداد از سودءعنبر: دەبێ کاغەز لە گەڵای گوڵ و مەرەکەب لە هاڕاوەی عەنبەر بێ. دوات از نافەء آهو، قلم از غمزء دلبر: مەرەکەب لە نێوکی مامز و خامە لە غەمزەی دلبەر. لە غەمزەی دلبەردا لەتافەتێك هەیە؛ چونکە غەمز بە مانای تێژەنینیش دێ. یکی زین چار جوهر گر بود ناقص خلل یابد: ئەگەر یەکێ لەم چوار جەوهەرە ناتەواو بێ تێك دەچێ. چی؟ ستایشنامە قائممقام شهر گل عنبر: پەسەندنامەی قایمقامی گولعەنبەر لە ناوچەی خورماڵە.

٩٤

خر نر*

(پیتی) ڕێ

بە خر نر برسد شیخ رضا می کندش

هر کرا یافت بەزور و بەرضا می کندش

گرچە در جوف حرم دست دهد مغبچەای

از خدا شرم ندارد بەخدا می کندش

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل مەخبوون مەحزووف

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك: ″هر گە در کوی خرابات ترا بـــار دهد

بە کمال و کرمش جان من اقرار دهد″

بە خر نر برسد شیخ (رضا) می کندش: شێخ ڕەزا بە نێرەکەر بگا پێوەی دەکا، دەیگێ. هر کرا یافت بە زورو بە رضا می کندش: هەر کەسێکی، چ بە زۆر و چ بە خوایشت وەگیر کەوێ، دەیگێ. گر چە از جوف حرم دست دهد مغبچەای: با لە نێو جەرگەی حەرەمیشدا بەچکە موغێك وە دەست کەوێ. ″مغ″ بە ئاخوندی ئاورخانەی زەرتوشتییان دەگوترێ. از خدا شرم ندارد بە خدا می کندش: شەرمی لە خوا نییە بە خوا هەر پێوەی دەکا، دەیگێ.

٩٥

شكم*

(پیتی) عەین

دارم شكمی كه بس حریص است و هلوع
چون طبل صدا می كند الجوع الجوع
در پیشت سرم چنانكه ایستد بەنماز؟
بادش ببرد كلا در وقت ركوع

(*) كێش: بەحری ڕەجەز موسەددەس مەتوی
(مفعول مفاعل مفاعل فعول)
وەك: ″ چل سال پیش رفت كه من لاف می زنم
كز چاكران پیرمغان كمترین منم″

دارم شكمی بس حریص است و هلوع: زگێكم هەس یەكجار چنۆك و بێ ورە. چون طبل صدا می كند الجوع الجوع: وەكو تەپڵ هاوار دەكا برسیەتی برسیەتی. در پشت سرم چنانكه ایستد به نماز: كه له پشت سەرەوە بۆ نوێژ ڕادەوەستێ. بادش ببرد كلاه در وقت ركوع: له وەختی چوونه ڕوكووعێكدا با كڵاوی دەبا.

٩٦

میل پهلوانان*

(پیتی) فێ

شب كه خسبم كیر من بر دوش می گیرد لحاف
می نخسبد تاسحر چون زاهدان از اعتكاف
چو میل پهلوانان دائما درجنبش است
گاه می غلطد بزانو گاه می خسبد بەناف(١)

---

(١) له دیوانەكەیدا نییه (له بەیازێكی قزڵجیم دەست كەوتووە).

(*) كێش: بەحری رەمەڵ مەسوممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش

بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″

شب كە خسبم كیر من بر دوش می گیرد لحاف: شەو كە لە نێو جێدا دەهێوریم كیرم لێفە بە كۆڵەوە دەگرێ. می نخسبد تا سحر چون زاهدان از اعتكاف: تا بەرەبەیان وەك لە دنیا دەسبەرداران لە خۆ بۆ خواپەرستی تەرخان كردن ناسرەوێ. چو میل پهلوانان دائما در جنبش است: هەمیشە وەك میلی پاڵەوانان لە جموجۆڵدایە. گاه می چسپد بزانو گاه می چسبد بە ناف: جارێ بەر ئەژنۆم دەكەوێ، جارێ لە نێو نێوكمدا دەسرەوێ.

٩٧

وحدك لا شريك لك*

(پیتی) كاف

هشت بهشت و شش جهت هفت زمین و نه فلك

جملە تو آفریدەای (وحدك لا شريك لك)

من چیم ای فدای تو دم زنم از ثنای تو

ای همە ما سوای تو در كف قدرت تو یك

(*) كێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون

(مفاعلن مستفعلن مفاعلن مستفعلن)

وەك: ″ هر كە پرست رخ بنما كە این همە

هر كە زمان گویدت بام آ كە این همە″

هشت بهشت و شش جهت، هفت زمین و نه فلك: هەشت بە هەشت و شەش لا، حەوت زەوین و نۆ گەردوون: جملە تو آفریدەای وحدك لا شريك لك: هەموو خۆت ئەفراندووتن، هەر خۆتی و بێ هاوتای. من چیم ای فدای تو دم زنم از پنای تو: من چیم، گوریا تە بم، دەم بژەنمە پەسندانی تۆ. ای همە ماسوای تو در كف قدرت تو یك: ئەی هەموو غەیری تۆ سەرلەبەر لە دەستی توانستی تۆدا یەك.

٩٨

سگ اصحاب کهف*

(پیتی) واو

یار سول الله چه باشد چون سگ اصحاب کهف
داخـل جـنَّـت شوم در زمـرءه اصحــاب کـهـف
او رودر جـنَّـت و مـن در جـهـنَّـم کـی رواست
او سگ اصحاب کهف   و من سگ اصحاب تو

(*) کێش: بەحری ڕەمەڵ موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
یا رسول اللّه چه باشد چون سگ اصحاب کهف: ئەی پەیکی خواوەند چ دەبێ وەکو سەگی یارانی ئەشکەوتی گۆڕین. داخل جنَّت شوم در زمرءه اصحاب تو: دە زیمنی یارانی تۆدا بچمە بەهەشتەوە. او رود در جنَّت و من در جهنم کی رواست: ئەو بچێتە بەهەشت و من بچمە دۆزەخەوە، کەی ڕەوایە. او سگ اصحاب کهف و من سگ اصحاف تو: ئەو سەگی یارانی ئەشکەوت و من سەگی یارانی تۆم.

٩٩

اصطبل خرابات شده*

(پیتی) هێ

تـنـهـا نـه کـتـاب شرع بـر بـاد شده(١)
شهــنـــامـــهء عشق نـــیـــز از یـــاد شده
از خـرقـهپوشان عصر هـر صومعـهای(٢)
اصطــبــل خــرابــات خــر آبـــاد شده

---

(١) بر باد شده: (ت)، بر باد شده: (م).
(٢) از خرقهء نشان: (ت)، از خرمنشان: (م).
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەقسوور مەحبووب

(مفعول مفاعیل مفاعیل فعل)

نموونەم دەست نەکەوت.

تنها نە کتاب شرع بر باد شدە: نەك تەنیا هەر کتێبی شەرع بەرباد بووە. شهنامەء عشق نیز از یاد شدە: شانامەی عەشقیش لە بیر کراوە. از خرقە پوشان عصر هر صومعەای: لە پەلاس لە بەرانی هەر کولبەیەك. اصطبل خرابات خر آباد شدە: تەویلەی مەیخانە بووە بە (کەرئاوا).

١٠٠

اژدها برگشتە*

(پیتی) هێ

حاجی کە ز (صفا) و (مروە) برگشتە

گر مار بودە اژدهایی برگشتە

تنها نە ز خانەءخدا برگشتە

آن خانە خراب از خدایش برگشتە

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەددەس مەخبوون

(مستفعلن مفاعلن مفاعلن)

نموونەم دەست نەکەوت.

حاجی کە ز صفا و مروە برگشتە: حاجی کە لە سەفا و مەروە گەڕاوەتەوە. گر مار بودە اژدهایی برگشتە: ئەگەر مار بوو بە ئەژدیهایەك گەڕاوەتەوە. تنها نە ز خانەء خدا برگشتە: نەك تەنیا لە ماڵی خوای گەڕاوەتەوە. آن خانەء خراب از خدایش برگشتە: ئەو ماڵوێرانە لە خوای خۆی هەڵگەڕاوەتەوە.

١٠١

شاه رسالت*

(پیتی) یێ

زبـان فـارسیـم هست ولـهـجـهء عـربـی
بەصد زبـان دیگر عـاجزم ز نعت نبی
بەقدر علم خدا از خدا صلوات و سلام
بــەروح شاه رسالت، مــحــمــد عـربــی

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون مەقسوور
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن)
وەك: " بە حسن و خلق وفا کس بە یار ما نرسد
ترا در این سخـــن انکـــار کار ما نرسد"
زبـان فـارسیم هست، لهجهء عربی: زمـانی فـارسیم هـەس و زاری عەرەبی. بە صد زبـان دیگری عـاجزم ز نعت نبی: بە سەد زمـانی تر لـە مەتحی پەیامبەر ناتەوانم. بە قدر علم خدا از خدا صلوات و سلام: هێندەی زانستی خوا سەڵاوات و سڵاو لە خواوەت لێ بێ. بر روح شاه رسالت محمد عربی: لە گیانی پاکی شای پەیام، محەمەدی عەرەبی.

١٠٢

عبدالغنی البغدادی*

(پیتی) یێ

مـــــن سرمـــــازده را داد زغـــــم آزادی(١)
خـرقــە و شام ز (عـبـدالـغـنـی الـبـغـدادی)
خرقه یـا خود شفقت نـامه و از جـانب دوست(٢)
کــه نمایــم بــکــدامین یك ازیـــنـــهـــا شادی

---

(١) سرمـازدرا: (ت)، سرمـازدەرا: (م)
(٢) از جانب دوست: (ت)، معطلم: (م).

(*) کێش: بەحری ڕەمەڵ موسەممەن مەخبوون ئەصلەم
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)
وەك: ″ صنما مـــردهء آنــم که تو جــــانم باشی
می دهم جان که مگر جان جهانم باشی″
من سرما زده را داد ز غم آزادی – خرقهء شام. عبدالغنی البغدادی: پەڵاسی وڵاتی شامێم لە لایەن عەبدولغەنی بەغایییەوە لە بۆ هات منی سەرمابردووی رزگار کرد. خرقه یا خود شفقتنامه ای از جانب دوست: پەڵاسێك یاخود بەزەییینامەیەك لەلایەن دۆستەوە. کـه نـایـم بـه کدامین یك از اینـها شادی: نـازانم بـه کێهـەیـانـەوە لـەمـانـە شادمانی دەربڕم.

١٠٣

شیخ علی طویله و شیخ عمر بیاره*

(پیتی) یێ

مکن بهانه که من پیرم علی است جوان
مـــنــم سزای مشیـــخت بـــعـــلَّـت پـــیـــری
بـهـیـچ نـحـو عـمـر صرف از عـلـی نـبـرند
نه همچو وصف حقیقی است عدل تقدیری

....

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون ئەسلەم
(مفاعلن مفاعلن مفاعلن فع لن)
نموونەم دەست نەکەوت.
مکن بهانه که من پیرم عەلی است جوان – منم سزای مشیخت بعلّت پیری: ئەوە مەکە بە بیانوو کە بڵێی من پیرم و عەلی لاوە و بە هۆی ئەوەی کە پیرم شێخایەتی شایانی من بێ. بە هیچ نحو عمر صرف از عەلی نبرز– نە همچو وەصف حقیقی است عدل تەقدیری. بە هیچ قاعیدەیەکی نحو تۆ مەسرووفییەت لە عەلی نابەیەوە؛ چونکە عەدلی تەقدیری هەرگیز وەك وەسفی ڕاستەقانی نییە. مەبەستی ئەوەیە شایستەگیی شێخایەتی بە تەمەن گەورەیی و پیری نییە. شێخ عەلی تەوێڵە لە تۆ بۆ شێخایەتی شایستەترە، چونکە شێخایەتی لە شێخ عەلیدا سیفەتێکی ڕاستەقانییە و لە تۆدا

ناڕاستەوخۆ و تەقدیرییە، وەك فارس دەڵێن: ″شنیدن کی بود مانند دیدن″. لە نەحوی عەرەبیدا نێوی موتەمەککین واتە: ناوی سەر وبۆرو ژێر و تەنوینی سەرۆ و بۆر و ژێر قبووڵکەر، وەك ″ عالم″ دەڵێن: جاء العالمُ، رأیت العالم و مررت بالعالم و جاء عالمٌ و رایت عالمًا و مررت بعالم، کە لە حاڵەتی فاعلیەت و مفعولیەتی ڕاشکاو و مەفعولییەتی ناڕاشکاو و مەعریفە و نەکیرەدا سەر و بۆر و ژێر و تەنوین قوبوڵ دەکا و ئیمکانی ئەو سیفەتەی هەیە و ″منصرف″ یا ″مصروف″ی پێ دەگوترێ. واتە: بە هەموو بارێکدا خورد دەکرێتەوە. نێوی ″غیر المنصرف″ یا ″الممنوع من الصّرف″ یشی، کە تەنێ سەر و بۆر قبووڵ دەکا و هەرگیز تەنوینی ئەو دووە و ژێر و تەنوین قبووڵ ناکا، هەیە، وەك ″جاء عمرُ، رأیت عمر، و مررت بعمر″. نێوی ″عمر″ لە ″عامر″ ڕاگوێزراو (معدول)ە، واتە: سیفەتەکەی تەقدیرییە و دەلالەت لە مانای ″عامر″ کردنی ناڕاستەوخۆ و پلە دووەمە، وەلێ وشەی ″علی″ سیفەتی موشەبەهەی ″علا – یعلو″وە و دەلالەتەکەی لە سەر بڵندایەتی، ڕاستەوخۆیە و بە ″عدل″ ڕاگوێزتن نییە و هەر خۆی بە ئەسڵ مانای بڵندە. کەواتە: مافی شێخایەتی ئەی شێخ عەلیی تەوێڵەیە، نە ئی شێخ عومەری بیارە. وشەی ″مشیخیت″ بە کەسری شین دەخوێندرێتەوە، مەشیەخەتیش و مەشیخەتیش لە لوغەتدا هاتووە. هۆی خورد نەبوونەوەی نێوی عەرەبیش، مەنعی صەرف، نۆ دانەن: عەلەمییەت، مێیەتی، عوجمە (وشەی بیانی) وەسف، تەرکیب، سیغەی مونتەهای کۆیان، کێشی أفعل – فعلاء، کێشی فعلان – فعلی، عەدل (نێوێك لە نێوێکی دیکەوە ڕاگوێزتن).

١٠٤

مطلب همه شەو قلندر*

(بیتی) یێ

ای زر، که مطلب همه شاه و قلندری
دلبند و دلفریب و دلارام و دلبری
از زر عجب مدار فغانم که آدمم
زرگویی بنگر زرکند خر به این خری

(*) کێش: بەحری ڕەجەز مەخبوون مەجبوون

(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فعل)
نموونەم دەست نەکەوت.
ای زر که مطلب همه شاه و قلندری: ئەی زێڕ کە خواستی هەموو شا و دەرۆزەکەرێکی. دلبند و دلفریب و دلارام و دلبری: دڵبەند و دڵخاپێن و دلارام و دڵبەری. از زر عجب مدار فغانم که آدمم: سەیرت بەوە نەیە کە لە دەستی زێڕ هاوار بەدەمم، چونکە منیش ئادەمزادم. زر کند خر بە این خری: تواشای زەڕگۆیەك بکە کە کەر دێنێتە زەڕ، زەڕین. لێرەدا لە نێوان هاواری ئاشقە زێڕ و زەڕەی کەردا خزمایەتییەك هەس.. ″زەڕگۆ″ بە مانای ″زەڕین″یش و ″زەڕوێژ″یش دێ.

١٠٥

قحط الرجال*

(پیتی) یی
شده هـر شیـر زالـی پـور زالـی
عجب حالی عجب (قحط الرجال)
زنـد بـا شیـر شرزه پـنـجـه امـروز
هـمـی هـر روبـەای یـا هـر شغـالـی

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف
(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)
وەك: ″ دلم در جنبش آمد باز در سر
ندانم تا چە دارد باز در سر″
شده هر شیر زالی پور زالی: هەر پیرە شێرێکی فەرتووت و قەڵتاغ بووە بە کوڕی ڕۆستەمی زاڵێك. عجب حالی، عجب قحط الرِّجال: حاڵەتێکی سەیرە، عەجێو پیاو قاتییەکە. زند با شیر شرزه پنجه امروز – همی هر روبەای با هر شغالی: دەبینی هەر ڕێوییەك و هەر چەقەڵێك پەنجە دەگەڵ شێری هاروهاجدا دەدا.

١٠٦

ملا رسول*

(پیتی) یێ

در برابر نشستی غول استی

با جناب ملارسول استی

بادو دستت همی زدم بەزمین(١)

گر بدانستمی کە یك دستی

من خداوند شاعران هستم

تو همانا رسول من هستی(٢)

....

(١) بدودستت (ت).

(٢) ئەم تاکە شیعرە لە دیوانە چاپدراوەکەدا نییە.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەخبوون ئەصلەم

(فاعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: "گر چە هرگز نکنی یاد از من

دل شاد از توو ناشاد از من"

در برابر نشستی غول استی: دەبەرابەردا هەڵنیشتووی هەر دەڵێی غوولی بیابانی. با جناب ملا ویسی: دەگەڵ جەنابی مەلا وەیسیدا. بە دو دستت همی زدم بە زمین: بە هەردوو دەستم لە عاردیت دەدەم. "دوو دەست" بە مانای دوو جار گایین دێ... گر ندانستمی کە یك دستی: ئەگەر بە یەك دەستم نەزانیبای.

١٠٧

بە سر استر منش*

(پیتی) یێ

تو بەسراستر منشی تا نگویند ترا

پدری بر پسری وای چە خری وای چە خری

همە دانند کە پیش تو خر افلاطون است

چون زخود بیخبری وای چەخری وای چە خری

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەخبوون مەحزووف

(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك: ″ روی بنمای که دیـــوانه شدم

رحمتی کز غمت افسانه شدم″

تو به سر استر منشی تا نگویند ترا: تۆ بە سەر هێسترەکیی، نە بادا بێژن، پدری بر پسری، وای چه خری وای چه خری: هەر دەڵێی باو بە زاری هەڵیناویەوە، کوتومت لە خۆی دەچی، ئای چەند کەری، ئای چەند کەری. دیارە ″چە خری″ بە دوو مانا هاتووە. بەڵام ئاگاشت لەوە بێ، کە ئێستر کوڕی، یا کیژی کەرە لە ماین. ئەوجا بۆ خۆت هەڵی بێنە.. همه دانند که پیش تو خر افلاطون است. هەموو دەزانن کە کەر لە چاو تۆدا ئیفلاتوونە. چون ز خود بی خبری وای چه خری چه خری: چونکە لە خۆت بێ خەبەری، ئای چەند کەری، ئای چەند کەری.

١٠٨

حلاّل مشکل*

(پیتی) یێ

زر اگر (تـو اینـچنین) حـلاّل مشکل نیستـی؟(١)

ایـن قـدر شیـریـن بـچشم مـردمـان از چـیستـی

مـدتـی شد کـیسه‌ام را خـالـی از خـود کـرده‌ای

مـــردم از حسرت نمیـــدانم بـــەنـــزد کـــیستـــی

(١) زراگر حلال مشکل (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك:″ باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش

بر جفای خار هــجران صبر بلبل بایدش″

زر اگر اینچنین حلال مشکل نیستی: ئەی زێڕ ئەگەر تۆ ئەوەندە گرفت ڕەوێن نیت. این قدر شیرین به چشم مردمان از چیستی؟ ئەوە لۆ لە پێش چاوی خەڵك هێندە شیرینی،

ئەوە لە چیرا هاتووە؟ مردم از حسرت نمی دانم بە نزد کیستی؟: لە عەزرەتدا مردم، نازانم لە کن کێی؟ مەبەستی ئەوەیە کە لە حیز دەچێ و هەر ڕۆژە لە کن یەکێکە؟

١٠٩

خاندان قادری*

(پیتی) یێ

کهنه رندی چون (رضا) از خاندان قادری
نقشبندی کی شود اسلام آنکه کافری
من همانم شیر نر را در کمند آوردەام
ماده روباها تو خواهی در کمندم آوری

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: ″ شرط مروان نیست در دل عشق جانان داشتن
پس دل اندر بند وصل و بند هجران داشتن″

کهنه رندی چون (رضا) از خاندان قادری: کۆنە ڕەندێ لە بنەماڵەی قادری. نقشبندی کی شود اسلام آنکه کافری؟ نەقشبەندی چۆن دەبێ بە ئیسلام، کە کافرە، یا تا کافری ڕاوەستابێ... من همانم شیر نر را در کمند آوردەام: من ئەو شێرەم کە شێری نێرم بە کەمەند هێناوەتە ڕام. ماده روباها تو خواهی در کمندم آوری: ئەتۆ دەتەوێ دەڵەڕێوییان دە کەمەندم ئێخی؟ لە جیاتی شێخ ڕەزا پووشت بۆ نەقشبەندییان دێنمەوە.

١١٠

سر زلف و جیم*

(پیتی) یێ

کیرم کە سر زلف کند چو جیمی
وقتی کە دهان تنگ کند چون میمی

أی کـیـر هــزار عشوه و صد نــاز کـنـی
از کس چـه کـنـی مـگـر بـدوزی نـیـمـی

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف ئەصلەم
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فع لن)
نموونەم وەچەنگ نەکەوت.
کیرم که سر زلف کند چون جیمی: کێرم کە سەری زلْف دەکا بە جیمێك. وقتی که دهن تنگ کند چون میم: وەختێ کە زاری تەسك دەکاتەوە وەك میمێ. ای کیر هزار عشوه و صد ناز: ئەی کێر هەزار عەیش و عشرەت و سەد ناز، از کس چه کنی مگر بدوزی نیمی؟: چ لە کوز دەکەی مەگەر نیوەی بدوورییەوە؟

١١١

سافل را عادل می کند*

(پیتی) یێ

بەدستم گر فتد مه طلعتی در موقع خالی
دو پایشرا بەگردن درفرازم چون زن والی
هنرمندش نخوانند آنکه عالی را کند سافل
هنرمند آن کسی باشد که سافل را کند عالی

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: ″ همه کارم ز خود کامی به بدنامی کشید آخر
نهان کی ماند آن رازی کزو سازند محفلها″
به دستم گر فتد مه طلعتی در موقع خالی: ئەگەر مانگ ڕوخسارێکم لە شوێنێکی خاڵیدا وەگیر کەوێ. دو پایش را به گردن در فرازم چون زن والی: هەردوو پێی وەکوو ژنی والی، بڵند دەکەم. هنرمندش نخوانند آنکه عالی را کند سافل: ئەوەی سەری بۆ خوارێ بەرێ، بە هونەرمەندی ناخوێننەوە. مانای ڕواڵەتی دیارە، بەڵام

شێخ مەبەستی گاینی ژنی والییە، گەر دەستی کەوێ، هنرمند ان کسی باشد کە سافل را کند عالی: هونەرمەند ئەو کەسەیە نزم بە بڵند بکا، واتە: لاقان بڵند کا. یا ئەوانی پایە نەوی، پایە بڵند کا.

مفردات

١١٢

ایوان کسری*

(پیتی) ئەلف

شکـافــی کــه بـیـنــی در ایـوان کسرا(١)

دهـــانــیست گـویـد: بـقــا نـیست کسرا

....

(١) ڕۆژێ لە مەجلیسی شاعیری عیراقی (معروف الرصافی) باسی ئەم شیعرە دەکرێ، (فتح الله أسعد) لەوێ دەبێ، مەعنای ئەم شیعرەی بۆ بەیان دەکا. (رصافی) زۆر پەسندی دەکا و بۆ ڕۆژی دوایی بەم دوو بەیتە کردی بە عارەبی:

إن هذا الايوان إيوان كسرى   دكَّة الدهر بالخطوب وهدَّه

وهو يحكي انفتاح ثغر نذير   صانـع البـقاء لله وحـده

(*) کێش: بەحری موتەقاریب موسەممەن سالم

(فعولن فعولن فعولن فعولن)

وەك: ″ چو درّ پاشا گردد بە معنی زبانم

رسـد مرحـبا از زمـین و زمــانم″

شکافی کە بینی در ایوان کسرا: قەڵشێك کە لە هەیوانی کیسرادا دەبینی. دهانیست گوید بقا نیست کسرا: زارێکە دەڵێ، مان لەبۆ کەس نییە.

١١٣

سلمان پاك*

(پیتی) ئەلف

در بـرگـرفـتـه پـیـکـر (سلـمـان پـاك) را

فــخــریست زیــن وسیــلــه بــر أفــلاك را

....

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون مەجبووب (مستفعل مفاعلن مستفعل فعل).

نموونەم وەگیر نەکەوت.
در بر گرفته پیکر سلمان پاك را: پەیکەرێك ڕەنگی سەلمانی پاکی لەخۆ گرتووە.
فخریست زین وسیله بر أفلاك را: ئەمە هۆیەکە بۆ ئەوەی شانازیی پێوە بکەن. ئەم دوو بەیتە دەبووا دەگەڵ دوو بەیتەکەی پێشەویدا با، بەڵام لەبەر وەی کە کێشەکەیان جۆرێکی ترە، بەتاکە بەیت لە دیوانەکشدا بە جیا نووسراوە.

١١٤

مستی*

(پیتی) ئەلف

مستی و داعیەء حکمت (هیئت) هیهات!
بـرنـدارنـد بـەیك دست دوتـا خـربـزەرا

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)
وەك: "گر سر صحبت این بی سرو پایت باشد
بر سرو چشم من دلشـــده جایت باشد"
مستی و داعیەء حکمت و هیئت، هیهات: مەستی و لافی زانستی فەلەکیات لێدان؟ بەڵام ئەوە دوورە، مەحاڵە. بر ندارند بە یك دست دو تا خربزەرا: بەیەك دەست دوو شووتی هەڵناگرن.

١١٥

خر عیسی*

(پیتی) ئەلف

مـپـرسـیـد آیت حـــیـــدر ز رهـــبـــان کـــلـــیسارا
خر (عیسی) چە داند درد حال خر (موسی) را(٢)

....

(٢) مخوانید آیت حیدر زرهبان کلیسارا (خ)، دوو دێڕی ئەم چوارینەیە لە دیوانە لە

چاپدراوەکەیدا نییە.

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″ بیم موج و گـــردابی چـــــنین هـایل

کجا دانند حال ما سبکباران ساحلها″

مپرسید آیت حیدر ز رهبان کلیسارا: نیشانەی حەیدەر، ئیمامی عەلی لە ڕەبەنانی کەنیشتان مەپرسن. خر عیسی چە داند درد حال خر موسی را: کەری عیسا چ لە دەردی حاڵی کەری مووسا دەزانێ؟

١١٦

پیر مغان*

(پیتی) ئەلف

رموز عشق عالم سوزرا پیر مغان داند

خبر نبود زحال گور سینا پور سینارا

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″ الا یـــا ایها الســـاقی ادر کأســـاً وناولها

کە عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها″

رموز عشق عالم سوز را پیرمغان داند: نمایەکانی ئەوینی جیهان سووتێن، تەنێ پیری موغانی ئاورخانەکانی دەیانزانێ. خبر نبود ز جان گور سینا پور سینارا: کوڕی سینا ئاگای لە گۆڕی سینا نییە.

١١٧

جنَّة الفردوس*

(پيتى) ئەلف

أرجِّح بـغـداداً وإنِّـى غـريـبـهـا(١)

على جنَّة الفردوس لولا (نقيبها)

....

(١) خشك سخت تر (ت).

(*) كێش: بەحرى تەويل مەخبوون

(فعولن مفاعيلن فعولن مفاعيلن)

وەك: " ادين بـدنى الحبِّ أنى توجهَّت

ركائبه فالحبُّ ديني وأيماني"

أرجِّح بغدادا وإنِّى غريبها.. على جنَّة الفردوس لولا جميلها: ئەمن وێڕاى وەى غەريبم، بەغدام پىٚ لە بەهەشت خۆشترە، بەمەرجىٚ جەميل زەهاويى تێدا نەبىٚ.

لاوێك ئەم بەيتەى كردووە بە پێنج خشتەكييەك، دەڵىٚ:

عجبت لنفسى كيف ضاع نصيبها   من العيش في أرض وإنِّي أديبها

فمن ظلمها إذ بان عني طيبها   أرجِّح بغدادا وإنِّي غريبها

على جنَّة الفردوس لولا جميلها"

١١٨

كون حاجى مصطفى*

(پيتى) ئەلف

بكون (حاجى مصطفى) فروشده است بارها

عمودها، ستونها، چنارها، منارها

....

(*) كێش: بەحرى ڕەجەز موسەممەن مەخبوون

(مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن)

وەك: " گدا كه مدح شەكند بود ز شاه كارها

ز حبّ و مهر و عشق او گرفته دل قرارها"

بە کون حاجی مصطفی فرو شده است بارها – عمودها، ستونها، منارها: بەقوونی حاجی مستەفادا چەندین جار، کاریتەها، ئەستوندەها، منارەهان چوون.

١١٩

بابی سگباب*

(پیتی) بێ

ایمان بە خدا دارم و پیغمبر و اصحاب

نی شیعەء سبابم و نی بابی سکباب

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف

(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)

وەك: ″ اندوه تر شد وارد کاشـــانه ام امشب

مهمان نمریز آمده در خانەام امشب″

ایمان بە خدا دارم و پیغمبر و أصحاب: باوەڕم بە خوا و پێغەمبەر و یارانی هەس. نی شیعەء سبَّابم و نی بابی سگباب: نە شیعەی جنێودەرم و نە بابی سەگبابم: مەبەستی لە بابی یارانی محەمەد عەلیی شیرازیی بەهائییە، کە ماوەیەك لە کوردستان، لە چیای پیرەمەگروون و نزیکی سورداش ژیاوە..

١٢٠

زهاوی زاده*

(پیتی) تێ

(زهاوی زاده) گرچە قائممقائم است

خدای ما عزیز و ذو انتقام است

....

(*) کێش: بەجری هەزەج موسەددەس مەحزووف

(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)

وەك: ″ چنان در قید مهرت پای بندم کە گویی آهوی سر در کمندم.

زهاوی زاده گرچە قائممقام است: زەهاوی زادە گەرچی قایمەقامە. خدای ما عزیز

و ذو انتقام است: خوای مه ئازیز و تۆڵەسێنە.

١٢١

ترك تدبیر*

(پیتی) یێ

نیك و بد چون بەحکم تقدیر است
تــرك تــدبــیــر عین تــدبــیــر است

(*) کێش: بەحری خەفیف موسەددەس مەخبوون ئەسلەم
(فاعلاتن مفاعلن فع لن)
وەك: ″ مست گشتم ز لطف دشـنامش
یـا رب آن می بەاست یـا جانش″

نیك و بد چون به حکم تقدیر است: چاك و خراپ چونکە بە دەست تەقدیری خواوەیە.
ترك تدبیر عین تدبیر است: واز لە تەگبیر هێنان هەر بۆ خۆی تەگبیرە.

١٢٢

تواضع*

(پیتی) تێ

تـــواضـع را زکـــیـــر مـــن بـــیـــامـــوز
زهــر جــا خــون رویــی دیـد بـرخـاست

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف
(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)
وەك: چنان در قید مهـــرت پـای بند
کە گویی آهوی سر در کمندم″

تواضع را ز کیر من بیاموز: تەوازۆ و کەم نەفسی لە کیری منەوە فێر بە. ز هر جا خوب رویی دید برخاست: لە هەر کوێیەك ڕوخسار جوانێکی دیت هەڵستا، واتە: هەمیشە بەکارە.

١٢٣

سادات*

(پیتی) تێ

زهـر جـا جـمـع گشتند اهـل سادات

فـــســـادات فـــســـادات فـــســـادات

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەقسوور

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل)

وەك: ″ خطا کردی بە قول دشمنان گوش

کــە عهد دوستان کرری فراموش″

ز هر جا جمع گشتند اهل سادات: لە هەر کوێ کۆبنەوە بەرەی سادات. فساداتُ فساداتُ فسادات: هەر ساداتنن ساداتنن سادات، یا فەسادن، فەسادن، فەساد.

١٢٤

محمد بگ جاف*

(پیتی) تێ

در خــایــەم آویــخــتــە دو رستــەء پشمـین

گوایی بەمثل ریش محمد بگ جاف است

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف

(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)

وەك: ″آن را کــە خــدا از قلم لطــف نگارد

شاید کە براو زحمت مشّاطە نیارد″

در خایەام آویختە دو رشتەء پشمین: دوو ڕێسراوم لە خوری بە گونەوە هەڵاواسیون. گوایی بە مثل ریش محمد بك جاف است: هەر دەڵێی بە مەسەل ڕدێنی محەمەد بەگی جافـە.. قسەقسە دێنــێ، جـارێکـیـان، حـەمـە سەعـیـد بـەگی بـەهـەشتیـی جـاف بۆی گێڕامەوە: لە یانەی عولوییە، سەعید قەزاز و ڕەشید جەودەتی قسە قوت و گاڵتەچی،

لـەسەر گزیـی کـاغـەزێن، دەبـێ بـە مشتـومڕیـان، حـەمـە سەعید بـەگیش لـەولاوە لـە نزیکیانەوە دادەنیشێ، ڕەشید جەودەت دەڵێ: پیاوی درۆزن سمێڵی ئەو پیاوە بە قنگی. حەمە سەعید بەگ لاوێکی فرە قۆچاخ و بۆشناخ و شۆخ و شەنگ بوو و جووتە سمێڵێکی موزەفەرەدین شا، یا ناسرەدین شاییی پێوە بوو، زۆری لێ دەهات. حەمە سەعید بەگی ڕەحمەتی بە قسەکەی ڕەشید جەودەت زۆر ناڕەحەت دەبێ، خۆت دەزانی جافە... دێتە سەر ڕەشید جەودەت دەڵێ: کاورا، من گوناهم چییە، تۆ سمێڵی من بە قنگی غەنیمەکەتدا دەکەی؟ دەبێ بە مشتومڕیان سەعید قەزازی ڕەحمەتی کارەکە بە فشە گاڵتە سەروبەر دەنێ.

١٢٥

امین فیضی*

(پیتی) تێ

نسبت من بأمین فیضی افندی ازلی است

همچو سنی بعمر، نه چو روافض بعلی است

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك: ″گر مرا خار زند آن گل خنـدان بکشم

ور بش جور کند از بن دندان بکشم″

نسبت من بە امین فیضی أفندی ازلی است: سەروساختی من دەگەڵ ئەمین فەیزیدا هـەر لـە عـەزەڵـەوەیـە. هـمـچـو سنّـی بـە عـمـر نـە چـو روافض بـە علـی است: ئـەم سەروساختییەی من وەك سەروساختی سونی بە حەزرەتی عومەرەوە چۆنە، ئەوهایە، نەك وەکو سەروساختی ڕافزییان بە عەلییەوە.

١٢٦

كركوك و بغداد*

(پیتی) تێ

گر چه جمعیت کرکوك کم از بغداد است

قابلیت نه به تعداد به استعداد است

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)

وەك: "مرد بابد که جفا بیند و منّت دارد

نه بنالد که مرا طاقت بدخویان نیست"

گرچه جمعیت کرکوك کم از بغداداست: گەرچی کۆمەڵگای کەرکوك لە کۆمەڵگای بەغدا کەمترە. قابلیت نه به تعداد، به استعداد است: توانایی بە ژمارە نییە، بەیارایی و بەهرەیە.

١٢٧

نظام العلماء*

(پیتی) تێ

افتخار همه ایران بنظام العلما است

این سخن مظهر تصدیق جمیع حکما است

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەخبوون مەقسوور

(فاعلاتن فعلاتن فعلان)

وەك: "جا نسپاران که ترا می نگرند

چشم بد دور که صاحب نظرند"

افتخار همه ایران به نظام العلمااست: شانازیی هەموو ئێران بە نیزامولعولەماوەیە. این سخن مظهر تصدیق جمیع حکما است: ئەم قسەیە نیشانەی بەڕاست زانینی سەرلەبەری فەیلەسووفانە.

١٢٨

صدای ناقوس*

(پیتی) تیٚ

رسیدەام بدیاری کە هتك ناموس است
بە جای بانگ محمد صدای ناقوس است

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون ئەصلەم
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لن)
وەك: " بیا کە بـــا سر زلف تو کاها دارم
ز عشق روی تو در سر خمارها دارم"
رسیدام بە دیاری کە هتك ناموس است: بە وڵاتیٚ گەیشتووم، کە نامووسی تێدا هەتك کراوە. بە جای بانگ محمد صدای ناقوس است: لە جیاتیی بانگی محەمەد ناقووس لێدانە.

١٢٩

صدر شان پشت است*

(پیتی) تیٚ

شنیدم کە عرب صدر سینە را گویند
رسیدم بە دیاری کە صدرشان پشت است

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون ئەصلەم
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لن)
وەك: " چە شد کە عالــم معنی خراب می بینم
چە شد کە ماه کرم در سحاب می بینم"
شنیدام کە عرب صدر سینەرا گویند: بیستوومە کە عەرەب بە سینە (صدر) دەڵێن. رسیدەام بە دیاری کە صدرشان پشت است: بە وڵاتیٚ گەیشتووم کە سینەیان پشتە. ئەمە ڕواڵەتەکەیەتی، بەڵام ئەگەر (صدر) بەوەی کە لە بنەبانەوە، لە ژوور مەجلیسەوە

دادەنیشێ، صەدرولئەعزەم یا هەر تەڕەماشێ بێ، سەدری پێ دەگوترێ و وشەی "پشت" بە پوشت کە بە حیز و گاندەر دەگوترێ، بخوێنییەوە، هەنگین مانایەکەی وای لێ دێ کە گەورە پیاویان پوشت و حیزە. ڕەنگە مانایەکی تری هەڵبگرێ کە ئەویش ئەگەر "پشت"ە کە بە "پشت" بخوێنییەوە، هەنگین مانایەکەی وای لێ دێ کە لە پاشەوە گاین بێ.

١٣٠

چرخ*

(پیتی) خێ

بـرای (چـرخـی) در زیـر ایـن چـرخ
بسان چــرخ دائــم مــی زنم چــرخ

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەحزووف
(مفاعیلن مفاعیلن فعولن)
وەك: " چنان در قید مهرت پای بندم
که گویی آهوی سر در کمندم"

برای (چرخی) در زیر این چرخ: بۆ (چەرخێ) دە ژێر ئەم چەرخی گەردوونەدا، بە سان چرخ دایم می زنم چرخ: هەروەکو چەرخ، هەمیشە چەرخ و دەورمە. "چەرخ" لێرەدا بە مانای ئەو چەرخەیە کە هەڵماتی تێدا لە ساو دەدرێ و مشتوماڵ دەکرێ. شێخ ڕەزا دیارە چەرخی قوونی مەبەستە.

١٣١

چوب خشك*

(پیتی) دال

بـه پیری بلکه گفتم عشقت از من دست برگیرد
نـدانستـم کـه چـوب خشك آتش سخت تـر گـیـرد

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″مرا در منزل جانان چە امن عیش چون هردم

جرس فریاد مـی دارد کە بر بندیـد محملـها″

بە پیری بلکە گفتم عشقت از من دست بر گیرد: بە پیرێکم گوت بەڵکو ئەشقت یارمەتییەکم بدا. واتە ئەشقم لە کۆڵ کاتەوە. ندانستم کە چوب خوشك آتش سخت تر گیرد: نەمزانی داری هیشك سەختتر ئاور دەگرێ. وا دیارە داوای لە پیرێك کردووە هەتیوبازیی لە کۆڵ کاتەوە، کەچی پیرەکە لەو دوو ئاتەشەتر بووە. یا بۆ خۆی فەرمووی لێ کردووە.

١٣٢

خلیفەء خر*

(پیتی) دال

خلیفە ساختە شیخ (طویلە) چون تو خری

بلـی خلـیفـەء شیـخ (طـویلـە) خـر بـاشد

....

(*) کێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن)

وەك: ″همـی روم سوی معشوق بـا بهار بە هـم

مرا بە این سفراندر چە اندەاست و چە غم″

خلیفە ساختە شیخ (طویلە) چون تو خری: شێخی تەوێڵە کەرێکی وەکو تۆی کردووە بە خەلیفە. بلی خلیفەء شیخ (طویلە) خر باشد: بەڵێ جێنشینی شێخی تەوێڵە دەبێ کەر بێ. وشەی ″طویلە″ بە مانای پشتیر و تەویلەشە... ئەوجا وای لێ دێ کە خەلیفە کەری تەویلەیە.

١٣٣

حشمت سلطان محمود*

(پیتی) دال

مـن حـقـوق نـعـم دولت عـثـمـان را
نفروشم بهمه حشمت سلطان محمود

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)
وەك: " سالها می گذرد کـز غم او بیـمارم
مگر امشب به عبادت به سر آید یارم"

من حقوق نعم دولت عثمانی را – نفروشم به همه حشمت سلطان محمود: ئەمن مافی ناز و نیعمەتی دەوڵەتی عوسمانی، بە هەموو دەبدەبە و سەنسەنەی سوڵتان مەحموود نافرۆشم. مەبەستی سوڵتان مەحموودی سەبوکتەکینی غەزنەوییە. نازانم، لەبەر زۆر بەدادی یا زۆر دڕندەیی بووە، کە کورد دەڵێن، خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە؟ لە جێگەیەکمدا دیتووە نووسراوە " بەهمە حشفەء". حشفە بە سەری کێر دەگوترێ.. خۆ ئەگەر بە "حشم"ی وەخێنین، ئەوە هەنگی، ئاژەڵ و گاوگۆتاڵ دەگرێتەوە.
بەڵام بە مەرجێ "نفروشم" بە می فروشم" وەخوێنی.. وەلێ ئەوەش بزانە شێخ نە پەسنی سوڵتان مەحموود و نە نیعمەتی عوسمانییە، بگرە تیز بە هەرتکانە. دەڵێن سوڵتان مەحموود کێری هەڵنەدەستا و نیعمەتی سوڵتانیش هەر بەشی خۆی و کەنیزەك و خوبزە و چڵکاوخۆرانی خۆی بە هەزار شەڕەشەق دەکرد..

١٣٤

شیخ علی*

(پیتی) دال

أیها الناس بشارت که ولی می آید(١)
آشنـــای أزلـــی (شیــخ عــلــی مــی آید

....

(١) شێخ عەلی برا گەورەی شێخ ڕەزایە زاتێکی عالم و فازڵ و موحتەرەم بووە، باوکی

شێخ حەبیب و شێخ حەسیبە و باپیری دایکی جامیع و ناشیری ئەم دیوانی شێخ ڕەزایە.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەسلەم
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)
وەك "نازنـین عـیب نباشد که کـند نـاز ای دل
او همی سوزدت از عشق تو می ساز ای دل"

أيها النَّاس بشارت کی ولی می آید: موژدە بێ خەڵکینە کەنگێ وەلی دێ. آشنای أزلی شیخ علی می آید. ئاشنای هەر لە عەزەڵەوەم، شێخ عەلی تەشریف تێرێ. "عەلی" و "وەلی" گاڵتەیەکیان تێدایە.. "دەلی" بە زۆر مانا دێ: دۆست، خواناس، خاوەن هەق، ئەمە ئەگەر بە "وەلی"ی وەخوێنین. ئەگەر بە "ولی"ی وەخوێنین و "ی" یەکە بە نیشانەی "نەناس" دانێین، ئەوە ڕەنگە خەرواری مانای هەوێ: بێ ئەدەب، دەم هەراش، هەڵەوەڕ، فش و ناڕوختە، سست و گەمژە، بێ دەستوبرد، پەت پسێن، بێ هەسار، سەرسەری و بێ ڕێوشوێن.. دوور نییە وشەی "ولاخ"، "ولسات"، "وەل بێ"، "وەل بە" هەر لەمە کەوتبێتەوە. (عەلی)ش ئەگەر (ی) یەکە بەنیشانەی یەکایەتی و تەنکیر وەخوێنی، ئەوە بەمانای (عەلوعەلو) عەلی شیش، قەلەموون دێ. بەلام تۆ بێژی شێخ ڕەزا هێندەی ڕك لە شێخ عەلی برا گەورەی بووبێ؟!

١٣٥
مؤذن بـچه*

(پیتی) ڕێ

مــؤذِّن بــچَّــه‌ای در تــکــیــهء مــاست
چــه مــوزون قــامت است الَّـلــه اکـبـر

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەددەس مەقسوور
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل)
وەك: " در آن مجلس که جام عشق نوشند
کجا پند خــردمنـــــــدان نیوشند"

مؤذِّنن بچەای در تکیەء ماست: بەچکە بانگدەرێ لە تەکیەی مە هەس. چە موزون

قامت است اللّه أكبر: وەی کە بەژن و باڵای شووش و ڕێکوپێکە. یا کە قامەتی نوێژ دەبەستێ چەند ڕێکوپێکی دەبەستێ، یا "الله اکبر" چ قامەتێکی ڕێکوپێکە.

١٣٦

کون مخروط*

(پیتی) سین

کـون مـخـروط وفـربـه وملس

مـرده را زنـده مـی کـنـد بـه نـفس

....

(*) کێش: بەحری خەفیف موسەددەس مەخبوون مەخزووف

(فاعلاتن مفاعلن فعلن)

وەك: " گر کنم در سر وفات سری

سهل باشد زبان مختصری"

کون مخروط و فربه و أملس: کونی خڕ و قەڵەو و لووس. مردرا زنده می کند به نفس: مردوو بە هەناسە زیندوو دەکاتەوە. شاعیر هەتیوی کون خڕ و قەڵەو و لووسی بە حەزرەتی عیسا شوبهاندووە، کە بەهەناسەی مبارەکی مردوو زیندوو کردووەتەوە. مەبەستی تڕ و تسێکە لە کاتی قوون گایندا قوون لە تاو کیری ئەستوور بەبای دەدا.

١٣٧

صاحب تاریخ*

(پیتی) سین

از مـن بـگـو بـصـاحب تـاریـخ ایـن بس

گیسو بریده خواهر و مادر ندید کس

....

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فع)

نموونەم دەست نەکەوت

از من بگو به صاحب تأریخ این پس: لە زمانی منەوە بە خاوەن مێژوو بڵێ، بەس.

گیسو بـریـده خـواهـر و مـادر نـدیـد کس: کـەس خـوشك و داك پـرچ بـڕیـاگـی نـەدیت. ئافرەتێ، خراپەیەکی کردبا، سەریان دەتاشی. دیارە مەبەستی ئەوەیە کە کاورا دایکیشی و خوشکیشی لێیان قەومیاگە.. ئەمە ئەگەر هەردوو بە وشەکەی ″بس″ و ″کس″ وەخوێندرێن، بەڵام ئەگەر بە ″پوس″ و ″کوس″ وەخوێندرێن، هەنگین واتە: لەلایەن منەوە بە خاوەن مێژووی ئەم کوڕە بێژە، خوشکی پرچ و بڕیاگ و ئێمە کوزی دوڕمان نەدینگە.

١٣٨

قاب قوسین*

(پیتی) شین

زهـی بـازی کە بـاشد آشیـانش قـاب قوسینش
رقــاب اولــیــا مـنـت پـزیـرد خــاك نـعـلـیـنـش

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: ″مرا در منزل جانان چە أمن عیش چون هر دم
جرس فریاد مـی دارد کـە بربنـدید محـملها″
زهی بازی کە باشد آشیانش قاب قوسینش: ئافەرین بۆ بازێك کە هێندەی دوورایی مشتووی کەوان و کەوان لە خواوە نزیکی، هێلانەی بێ. رقاب اولیا منت پذیرد خاك نعلینش: ملی ئەولیا منەتباریی ئەوە قەبووڵ دەکا، کە خاکی سۆڵەکانی لەسەر بێ. واتە: هێند گەورەیە کە ملی ئەولیا و پیاو چاکان بە منەتبارییەوە خاکی سۆڵەکانی قوبووڵ دەکا.

١٣٩

ناپاك*

(پیتی) کاف

طـرد کـن از در خـود ایـن نــاپــاك
(لا تـری الـکـلب ولا الـکـلب یـراك)

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەخبوون ئەسلەم موسەببەغ

(فاعلاتن فعلاتن فع لان)

وەك: "نــخل أمَّــید ز بـــار افتادست

با غم از چشم بهار افتادست"

طرد کن از در خود این ناپاك: ئەم ناپاکە لە دەرکەی خۆ وەدەرنێ. لاتری الکلب ولا الکلب یراك: نە سەگ ببینی و نە سەگ بتبینێ.

١٤٠

بازوی پیل*

(پیتی) لام

مـرا هست کیـر چـو بـازوی پـیـل

بـکـون چـو سادە رخــان جـمـیـل

(*) کێش: بەحری موتەقاریب موسەممەن مەقسوور

(فعولن فعولن فعولن فعول)

وەك:" ازان پس کە بر گشت ز آن رزمگاه

کــە رستم برو کــرد گیتی سیاە"

مرا هست کیری چو بازوی پیل: کێرێکم هەس، وەك بازووی فیل. بە کون چو سادە رخـان جـمـیـل: بـە قـوونـی داك و خـوشکـی جـەمـیـل زەهـاوی، چـاو سادە و ئـەگـەر سادەڕوخـان کـیـنـایـەت بـێ لـە ژنـان، بـەڵام ئـەگـەر بـە "سادە رخـان و جـمـیـل"ی بخوێنییەوە، ئەوسا دەبێ، بە دەموچاو سادەو جوانان. واللّە اعلم بالصواب.

١٤١

رفیقان ندیم*

(پیتی) میم

غم سبق داش ازل درد و الم، یار و ندیم

عـلَّـت، ذلّـت وقـلَّـت، سە رفـیـقـان قـدیـم

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك :" باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش

بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش"

غم سبق داش ازل درد و ألم، یارو ندیم: هاوخەمی هەر لە عەزەڵ، دەرد و ئازار، یا رو هاودەممن. علّت و ذلت و و قلّت، سە رفیقان قدیم: نەخۆشی و زەلیلی و کەمدەستیش، سێ هاوڕێی دێرینن.

۱٤۲

مقابل به شعر کیفی

به لبانت ریدم*

(پیتی) میم

شاعر چو توی بلب لبانت ریدم

وز فرق سرت تا بدهانت ریدم(۱)

(۱) فراق سرت: ع . م.

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف

(مفعول مفاعیل مفاعیل فع)

نموونەم دەست نەکەوت.

شاعر چو توی به لب لبانت ریدم: لە لێوی لێوانی شاعیری وەکە تۆ ڕیام. وز فرق سرت تا به دهانت ریدم: لە تەوقی سەرەوەت تا نێو زارت ڕیام. ئەم بەیتەی وەڵامی کەیفیی شاعیردا فەرمووە.

١٤٣

جواب كيفى مقابل به شيخ

كست بەكيرم*

(پيتى) ميم

فـرق نـبـود بـەمـيـان فـرق كـيـرم
اى ريدى به كيرم گوزت بەكيرم

(*) كێش: بەحرى هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەكفووف

(مفعول مفاعيل مفاعيل فع)

نموونەم دەست نەكەوت.

فرق نبود به ميان فرق كيرم: فەرق لە نێوان فەرقى كێرمدا نييە. اى ريدى به كيرم گوزت به كيرم: ئەى بە كێرما بڕيت ، ترت بە كێرم. "كس" بە فارسى "كوز" ناگوترێ بەڵام شێخ ڕەزا بە كورديى گوتووە، تا "كس" يش و "گوز"يش بگەيەنێ. ديارە ئەوسا جنێوەكە بەر دوو لا دەكەوێ، خۆشى و.

١٤٤

الامام الاعظم*

(پيتى) ميم

لو كان يعلم أنت من جيرانه(١)
مـن قـبـره فـرَّ الامـام الاعـظـم

(١) شێخ ڕەزا فرِى لەبەرنوێژى مزگەوتى ئيمامى ئەعزەم هاويشتووە، كابرا كۆلكە خوێندەوار و جوببەيەكى ڕەشى لەبەردا بووە.

(*) كێش: بەحرى كامل موسەددەس

(متفاعلن متفاعلن متفاعلن)

نموونەم دەست نەكەوت.

لو كان يعلم انت من جيرانه من قبره فر الإمام الأعظم: ئيمامى ئەعزەم، كە ئەبو حەنيفەيە، دراوسێت بێ، لەبەرت هەڵدێ، مەبەستى كابرايەكى نەخوێندەوارە كە

ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ئیمامی ئەعزەم بووە و جوببە و مێزەرێکی زەلامی لەسەر ناوە.

١٤٥

بز هندستانی*

(پیتی) یێ

تـو کـجـا شعـر کـجـا ای بـز هـنـدستـانـی
بـەزبـان پـدرت گـو کـە (روتـی و پـانـی)(١)

---

(١) (پانی) بە هیندی ئاوە. (ڕووتی) نانە.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەسلەم
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)
وەك: "گر سر صحبت این بی سرو پایت باشد – بر سرو چشم من دلشده جایت باشد"
تو کجا شعر کجا ای بز هندستانی: تۆ لە کوێ شیعر لە کوێ هۆ بزنی هندستانی. بە زیان پدرت گو کە (روتی و پانی): بە زمانی باوت بڵێ کە (ڕووتی و پانی). هەردوو وشەی ڕووتی و پانی بە هیندی، واتە نان و ئاو، بەڵام شاعیر مەبەستی ئەوەیە کە کاورا ڕووتیش و پانیشە.

١٤٦

کردم بەقا آنی*

(پیتی) یێ

بحمداللـه گروهـی از سخن سنجـان ایرانی
بە سعدی پیروی کردند و من کردم بـە قاآنی

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: " همە کارم بە خود کاامی بە بدنامی کشید آخر
نهان کی ماند آن رازی کزو ســازند محفلها"

بحمداللّه گروهی از سخن سنجان ایرانی: سپاس بۆ خوا دەستەیەك لە وەستای قسەی ئێرانی. بە سعدی پیروی کردند و من کردم بە قاآنی: پەیرەویی شێخی سەعدییان کرد، واتە وەك ئەو گۆیا شیعریان هۆنییەوە، ئەمنیش بە قائانییەوەم کرد. دیارە ″کرد″ بە فارسی ″کرد″ و ″ پێوە کردی″ ″ کوردی″ هەرتکان دەگرێتەوە. سنعەتە بەدیعییەکە، لە فارسییەکەیدا بەدیار دەکەوێ

١٤٧

چشم ما*

(پیتی) واو

چشم ما باز است، مویش بال او

می رود هر جا که خواهد مال او

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ خێوی گوڵ ڕۆژێ لە سەیری دەشتودەر

تـــازە پشکـــوتوو گوڵێکی هاتە بەر″

ئەمە شیعری شاعیرێکی ئێرانییە، کە گۆیا شێخ ڕەزا لە مەجلیسی شای ئێراندا بووە و گوێی نەدراوەتێ و شاعیرێکی ئێرانی ئەم تاکەی پێ گوتووە. چشم ما باز است مویش بال او: چاوی ئێمە کراوەیە، یا ″باز″ەو مووەکانی، بژوڵەکانی، باڵی ئەوە. می رود هر جا که خواهد مال او: هەر جێیەکی بوێ، دەڕوا و ماڵی خۆیەتی.

١٤٨

کیر ما*

(پیتی) واو

کـــیـــر مـــا مـــار است و مـــویش یـــال او

می رود در کون شاعر، خایە در دنبال او

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ آمـــنه خاتـــوون مـــحمد آنـــــەسی

اول صدفدن طوغدی اول درً دانەسی″

ئەمە ئی شێخ ڕەزایە لە وەڵامی شیعری شاعیری فارسەکەیە کە پێشتر بـاسمـان کرد.
کیر مـا مـار است و مویش یـال او: کێری مە مـارە و مووەکەی یـاڵیەتی. یـاڵ بەو مووەی
کە بەسەر ملی ئەسپەوەیە، دەگوترێ. می رود در کون شاعر، خایە در دنبال او: بە
قوونی شاعیردا دەچێ و گونیش بە دوویدا دەڕوا.

١٤٩

کون مویین*

(پیتی) کاف

کـون مـویین دو خـاصیّـت دارد

در زدن نـگشاد در کشیـدن پـاك

(*) کێش: بەحری خەفیف موسەددەس مەخبوون ئەسلەم

(فاعلاتن مفاعلن فع لن)

شیعرەکە تێك چووە...

نموونەم دەست نەکەوت.

کون مویین دو خاصیّت دارد: قوونی موویین دوو خەسیەتی هەن. در زدن نگشاد و
در کشیدن پاك: لە تێخستندا قووچاو و لە کێشانەوەدا پاکە.

١٥٠

ممتاز*

(پیتی) یێ

در حضر ممتاز و ممتاز از سفر باز آمدی

اول و آخر (امین فیضی) تو ممتاز آمدی

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: "باغبان گر پنج روزى صحبت گل بايدش

بر جفاى خار هجران صبر بلبل بايدش"

در حضر ممتاز و ممتاز از سفر باز آمدى: لە حوزووردا پلە و پايە جوداواز گەڕايتەوە.

أول آخر امين فيضى تو ممتاز آمدى: هەوەڵ و ئاخر، ئەمين فەيزى تۆ مومتاز هاتيەوە.

١٥١

بضاعتى*

(پيتى) يێ

شد سالها كه از تو نديدم بضاعتى

ممكن نبود تلافى اينها بساعتى

....

(*) كێش: بەحرى ڕەجەز موسەممەن مەخبوون مەجبووب

(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فعل)

نموونەم وەدەست نەكەوت.

شد سالها كه از تو نديدم بضاعتى: ئەوە بوو بە چەندين ساڵ شتێكم لێ وەگير نەكەوتى. ممكن بود تلافى اينها به ساعتى: دەكرێ تۆڵەى ئەمە بە سەعاتێ بۆ كات ژماردن سەعاتێ گاين بكرێتەوە.

واتە: بتگێم.

١٥٢

هر جا شكرى*

(پيتى) يێ

نە تو در پيش مريدان چو شكر شيرينى

بخدا أى پسر شيخ تو هرجا شكرى(١)

....

(١) پسرى: (ع . م).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف

(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)

وەك: ″ اندوه تو شد وارد کاشانــه ام امشب

مهمان عزیز آمده در خانه ام امشب″

نه تو در پیش مریدان چو شکر شیرینی: ئەتۆ نەك هەر وەك شەکر لە پێش چاوی مریدان شیرینی. به خدا ای پسر شیخ تو هرجا شکری: بە خوا ئەی کوڕی شێخ تۆ لە هەموو شوێنێ شەکری، یا هەر جاشەکەری. دیاره هرجا شکری: بە کوردی وەخوێنی، دەبێتە هەر جاشەکەری.

بەشی تورکی

١

موصل واليسى حقندەكى

مدحيەسى*

(پيتى) بێ

والىء عاليجناب اى عالم آرا آفتاب
عالم آرا آفتاب، اى والى عاليجناب
فيضياب اولسم عجب مى لطفكزدن بن دخى
بن دخى اولسم، عجب مى لطفكزدن فيضياب
مستجاب أيلر دعامى حق عاليكزده حق
حق عاليكزده أيلر حق دعامى مستجاب
برجواب احسان ايدرسن چوق تشكر ايلرم
چوق تشكر أيلرم احسان ايدرسن بر جواب
كاميـاب اولسون الهى والى پاشا تا أبد
تا أبد اولسون الهى، والى پاشا كامياب
اجتناب ايتمه (رضا) دن ايله تحصيل رضا
أيله تحصيل رضا ايتمه (رضا) دن اجتناب

....

(*) كێش: ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: ″ هر زمان زين سبز گلشن رخت بيرون مى برم
عالمى از عالم فكرت بـه كف مى آورم″

عاليجناب (ع. عالى الجناب): عالى: بڵند. جناب: دەرگا، هاسانە، سەردەرانە، جێگای نزم. مەبەست مەقام بڵندييە. عالم آرا (ع . ف.): جيهان ڕازێنەوە، دنيا ئارايشت دەر. آفتاب (ف.): خۆر، ڕۆژ. فيضياب (ع . ف.): فيض: سەرڕێژ كردن، پڕبوون. ياب. دۆزەرەوە، گەيشتوو. مەبەست: ئاوەز و هۆش و دڵى مرۆ لە سرووش و ئيلهامى خواوەند پڕبوون. بەڵام لێرەدا، مەبەستى لە لوتف و بەخششى والى پڕبوونە. أولسم: ببم. بن دخى: ئەمنيش. عجب مى: چما سەيرە. لطفكزدن: لە لوتفتان. مستجاب (ع.

المستجاب): بەجیٚ هێندراو. أیلر: دەکا. دوعا (ع. الدعاء): نزا. نزام، دوعای من. بر جواب احسان ایدرسن: ئەگەر وەڵامێك لوتف بفەرموون، زۆرتان سپاس دەکەم. کامیاب (ف.): بە مەبەستی خۆ گەیشتگ، وەکام خۆ دەس ڕەسیگ. تا ابد: هەتا هەتایە. اجتناب (ع. الاجتناب): خۆلادان، خۆبواردن. مانایەکەی: خۆ لە وەدەستهێنانی ڕەزا نەبان مەکە، ڕەزا وەدەست بێرە.

٢

قولجی*

(پیتی) بیٚ

قولجولقله بر صدیقم بویله اولسون بهریاب
یا نعم، یا لا، ثناخوانك (رضا) یه بر جواب
اول صدیقم هرکسه معلومدر اهلیَّتی
حاشا لله لطفك ایتسون اهل اولانی ردّ باب
ردّ باب اولسون دخی رنجیده أولماز خاطرم
پك قلندر مشربم أی داور عالیجناب
اَمر مطلق جناب اکرمکدر داورا
سن بیلورسن هر کیمی أیلرسك ایله انتخاب
عالی شان، عالی نسب، عالی همم، عالی جناب
آصف ثانی ولیّ النِّعمم عبد الوهاب

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەقسوور
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)
وەك: ״ باز بالای تو مارا در بلا خواهد نهاد
دود زلفت آتشی در جان ما خواهد نهاد״
قولجولقله: بە قۆڵچیەتی. بر صدیقم: دۆستێکم. بویله: بەم جۆرە. اولسون: ببیٚ. بهریاب: بەشدار، خاوەن بەهرەو بەش. یا بەڵیٚ. یا لا: یا نا. ثنا خوانك رەزایە: بە ڕەزای پەسندەرت. بر جواب: وەڵامێك. واتە: دۆستێکم بە قۆڵچیەتی، بەم جۆرە ببیٚ بە

خاوەن بەش و پلە و پایە، دە وەڵامێکم بدەوە، یا بە بەڵێ، یا بە نا. أول: ئەو. صدیقم: دۆستەم. هرکسە: لای هەر کەسێ. اهلیتی: یارا و لێوەشاوەیی. معلومدر: ئاشکرایە. حاشا للّە: حاشایەکی خوای. لطفك ایتسون اهل اولانی رد باب: لوتفی دەرکە لە ڕووی شایستە و سزاوار دابێخی. واتە: لوتفی خواوەند هەرگیز دەرکە لە ڕووی سزاوار و خاوەن بەهرە داناخا. رد باب اولسون دخی رنجیدە أولماز خاطرم: ئەگەر دەرکەش دابخا دڵم ناڕەنجێ. پك قلندر مشربم ای داور عالیجناب: چونکە تا بڵێی ئاکارم دەروێشانە و هیچ لە دڵ ناگرم. آمر مطلق جناب أکرمندر داورا: ئەی داوەری پایە بڵند، ئەی هەر خۆت خاوەن فەرمانی حوکمدان، فەرمانی ڕەها و بێ بەندوار، ئەی جەنابی لە بەخشندە و میهرەبانان بەخشندەتر و میهرەبانتر. سن بیلورسن هر کسی ایلرسك ایلە انتخاب: ئەتۆ هەر بۆ خۆت دەزانی، کی هەڵدەبژێری، هەڵبژێرە. عالیشان: شان و شکۆ بڵند. عالی نسب: تەبار و ڕەچەڵەك بڵند. عالی همم: هیممەت بڵند. عالی جناب: هاسانە بڵند. آصف ثانی ولی النعمم عبدالوهاب: ئەی ئاسەفی دووەمی کوڕی بەرخیای وەزیری حەزرەتی سڵێمان، عەبدولوەهاب.

٣
کرکوك نائبی(١)*

(پیتی) تێ

گوردکمی؟ کیمی، نائبی؟ گوردم نیجە بر ذات
اوصافی ندر، شکلی نە دورلو، بزە آکلات
ایتمش می تأهل، حرمی وارمی؟ اما
آرایش آغوش حریفان خرابات
بزدە بیلورز اول جهتی حکمی نصلدر؟
حکم قرەقوش یعنی بلا شاهد و اثبات
إدراکی نە أندازە؟ نە بر جاهل أبتر
نە شرعی بیلور (ارناوط) اوغلی نە نظامات
أندامی صاری، گوزلری گوگ، چهرەسی ابرش
شوم اولدیغنی اورتەیە قویمش بو علامات

یـاشی نـه قـدر؟ الـلیدن اگسیك، نیجـه بیلدن؟
بـــاقـــدم دیشنـــه، دقّـت ایـلـــه حین مـــلاقـــات
عزل اولدی؟ أوەت، واسطەء عزلی کیم اولدی؟
أنــفـــاس مسیــحـــانـــه و اصحـــاب کـــرامـــات
سیّــــــاح اولارق مملـــــکت رومــــی گــــزردم[۲]
قـــاضی او زمـــان أمـــرد ایـدی گـــوزلـری آفات
ثـعلب صاتـارق گیچدی تصادف یـانـاشامدن
ایـتـدی بـکـا بـر گـوشەء چشم ایـلـه مـبـالات
اسلـوب حـکـیـمـانـه ایـلـه بـنـده گـوز ایـتدم
خـــیـــلـــی ارامـــزده جـــریـــان ایـــتـدی اشارات
أنجامـی دیـدم اول بـریـنـی قـاچـه صارتـاسین
پـازار ایدەرك چـیـقـدی یـارم لـیرەیـه فـیات[۳]
ویـردم پـارەیـی نـزد فـقـیـرانـەمـه گـلـدی[٤]
بیچاره چابوق اوقچورینی چوزدی، دیدم یات
مـعـهـودی دایـانـمـادی فـغـانـی گوگـه چیقدی
حـتّـــی ایشیـدوب صیـحـەسنـی أهـل سمـــاوات
یـالـواردی أمـان، یـا گری آل پـارەیـی یـا خود
تـو کـروکـلـه انك بـر آزجـق بـاشنی ایصلات[٥]
سوردم اتمی دیـــکـــلـــــه مـــدم اه و انـــیـــنـــی
(لـیـلانـی) آلان قـــاضیـــه بسدر بـــو مـــکـــافـــات

---

(۱) نائبی کرکوك وەختێ ئەم هەجوەی بیست، گوتی: شێخ ڕەزا منی بە ئەرناووت زانیوە، غایەتی من (لازم)م ئینجا شێخ ڕەزا کە ئەمەی بیست، ئەمەی بۆ هەڵ بەست:

نائبی بن (ارناوط) صاندم مگر سه لاز ایمش
ایتدیگیم هجویەلر (لاز) اولدیغیچون آز ایمش
شکـلـی بـکـزر لازه أمـا ارمـنـیـدن بـوزمـادر
الـغـرض، یـا لاز، یـا ایـواز، یـا پـاپـاز ایمش

(٢) (گیزەردم): (ت).

(٣) ایکی لیرەیە (دیوان).

(٣) (فقیرانمی) (ت).

(٥) (توکرەکلە) (ت). (آزەجك) (ت).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن مەکفووف مەقسوور

(مفعولُ مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل)

وەك: ″ ما رند و خراباتی و دیوانە و مـستیم

پوشیدە چە گوییم همینم کە هستیم″

گوردکمی: دیتت. کیمی؟ کێ؟ نائبی: نائیبەکەی، جێنشینەکەی. گوردم: دیتم نیجە بر ذات: چۆن زاتێك؟ أوصافی ندر، شکلی نە دورلو، بزە آکلات: وەسفی چییە، چۆنە، شکڵی چ جۆرە تێمان گەیەنە. ایتمش می تأهّل، حرمی وارمی؟ وار أمّا: ژنی هێناوە، ژنی هەیە؟ بەڵێ، هەیەتی، بەڵام. بزدە بیلورز أول جهتی، حکمی ناصلار؟: ئێمەش ئەو لایەنەی دەزانین، حوکمی چۆنە؟ ڕستەی (حوکمی چۆنە) بووە بە مەفعوولی یەکەم و دووەمی فیعلی (زانین). حکم قرەقوش، یعنی بلا شاهد و اثبات: حوکمەکەی حوکمی قەرەقۆشە، شایەت و پێ سەلماندنی ناوێ، ادراکی نە اندازە می بر جاهلی ابتر: تێگەیشتنی لە چ ڕادەیەکدایە، نەزانێکی لە هەموو شت دابڕاو. نە شرعی بیلور (ارناوط) أوغلو نە نظامات: ئەو کوڕە ئەرنەووتە نە لە شەرع دەزانێ و نە لە نیزام و قانوون. اندامی صاری، گوزلری گوك، چهرەسی أبرش: ئەندامی لەشی زەرد، چاوەکانی شین، چارەی بەڕش (پەڵە پەڵە). شوم اولدیغنی اورطەیە قویمش بو علامات: ئەم نیشانانە شوومیەتیی خستووەتە گۆڕێ، بە دیاری ئێخستییە. باشی نە قدر؟ اللی دن أکسیك، نیجە؟: تەمەنی چەند دەبێ؟ لە پەنجا کەمترە چۆنت زانی؟ باقدم دیشینە، دقّت ایلە حین ملاقات: لە بە دیدار گەیشتندا بە وردی لە ددانیم نۆڕی. عزل اولدی؟ أوت. واسطەء عزلی کیم أولدی؟ لە سەر کار وەلا ئێخرا. بەلی. بە هۆی لەسەر کار ئێخرانی کێ بوو؟ انفاس مسیحانە و کرامات: دەم و نەفەسی مبارەکی خاوەن کەرامەت و پەرجوو. سیاح أولارق مملکت رومی گزردم: وەك گەڕیدە، لە وڵاتی ڕۆمی دەگەڕام: قاضی او زمان أمرد ایدی گوزلری آفات: قازی، ئەو سەروبەندە لووس و بێ تووك بوو، چاوەکانی بەڵایەك بوو بۆ خۆی. ثعلب صاتارق گیچدی تصادق یاناشامدن: ڕێویی دەفرۆت، ڕێکەوت بە کنمدا تێ پەڕی. ایتدی بکا بر گوشە و چشم

ایله مبالات: بە گۆشەنیگایەکی چاو لوتفێکی دەگەڵم نواند. أسلوب حکیمانه ایله بنده گوز ایتدم: ئوسلووبی حەکیمانە (اسلوب الحكيم): عبارە عن ذكر المهم تعريفا للمتكلم على تركه الأهم كما قال الخضر (ع) حين سلم عليه موسى (ع) إنكارا لسلامه لأن السلام لم يكن معهودا فى تلك الأرض أنى: بأرضك السلام و قال موسى (ع) فى جوابه: أنا موسى كأنه قال موسى أجبت عنال لائق بك وهو أن تستفهم عني لا عن سلامي يا ربى (؟). ئوسلووبی حەکیم لە کن بەلاغەت زانان، ئەتۆ بێ ئەوەی موخاتەب چارەنوێر بی وای تێ گەیینی، بە جۆرێ کە قسەی قسەوێژ بە پێچەوانەی مەبەستیەوە بێ، تا موخاتەب بە ئاگای بێنی کە مانایەکی قسەکە، مەبەستیەتی لەو مانایەی ئەو مەبەستیەتی لەبارترە و دیارە ئەم مانایە دەبی بە رواڵەت بە پێچەوانەی مەبەستەوە بی. دەڵێن: جارێکیان قوبەعسەرایان، کە حەججاجی سەقەفی لێی بە غەزەبدا چووبوو، هێنایە خزمەت، حەججاج پێی گوت: "لا حملتك على الأدهم". مەبەستی حەججاج ئەوە بوو، کە گەفە لە قوبەعسەرا بکا. گوتی: هەر ئێستا کۆت و زنجیرت دەکەم، لە جیاتیی کۆت (قید) وشەی (أدهم)ی بەکارهینا، قوبەعسەراش هەر یەکسەر لە وەڵامی حەججاجدا گوتی: " مثل الأمير يحمل على الأدهم والأشهب" و قوبەعسەرا هەر ئەو وشەی "أدهم"ەی بەگەل "أشهب" ئێخست و گوتی: بەڵێ، هەر وەك ئەمیر یەکێکی بەندەی خۆی سواری بارگین و ئەسپی سپی بفەرمووی. "أدهم" بە ئەسپی رەش ئاماڵ و "أشهب" بە ئەسپی سپی دەگوتری. ئیدی بەمە هەڕەشە و گوڕەشەکەی حەججاجی خستە سیاقی موژدە و بەشارەتەوە و بی ئەوەی حەججاج چاوەنوێری ئەوە بی، وەرامی خۆی دایەوە و مەبەستەکەی حەججاجی رەواندەوە، بەوە کە حەججاج مەبەستی لە "أدهم" قەید و زنجیر بوو، قوبەعسەرا ویستی زەینی حەججاج لە تووڕەیی و ترۆیی وەلا نێ و ساردی کاتەوە. واتە: هەر کەسێ وەکو ئەمیر بێ و دەسەڵاتی عەرش و قورشی بە دەستەوە بی، شیاوی ئەوەیە کە ژێردەستانی خۆی بە بەخششت و چاکە لەگەڵ دەست و پێوەندکا، ئەم مانایەی لە بەرگی رستەی "مثل الأمير يحمل الخ"دا رازاندەوە، حەججاج پاشان گوتی: " أردت به الحديد" ئەمن مەبەستم لە ئەدهەم قەیدو زنجیری ئاسنین بو، قوبەعسەرا یەکسەر گوتی: " الحديد خير من البليد"، زەین رۆشن لە زەین کوێر و نازیرەك چاترە. هۆی تووڕە بوونی حەججاج لە قوبەعسەرا، ئەوە بووە کە رۆژێك لە وەرزی بەرسیلە "قۆرە" پێگەیشتندا، دە کوڕێکی ئەدیباندا، لە باخێکیدا دانیشتبوو، لە

گەرمەی لاقرتێدا نێوی حەججاج هات، قوبەعسەرا بە تەعریز، گوتی: ″ اللهم سود وجهه واقطع عنقه واسقني من دمه″ خوایە رووی رەش کەی، سەری لە ملی جیاکەیەوە، لە خوێنی تێرم کەی. بە رواڵەت مەبەستی بەرسیلەکە بوو، بەلام مەبستی حەججاج بوو. وشەچنەوە ئەم قسەیەیان بە حەججاج گەیاند، حەججاج فەرمانی بە حازرکردنی دا. کە حازر بوو، حەججاج هەڕەشەی لێ کرد، گوتی ″لا حملتك على الأدهم و هتد..″ ئەوجا بنۆڕە فەساحەت و بەلاغەت، کوو هەموو شتی ژیروژوور دەکا. ئافەرین قوبەعسەرا! خیلی آرامزده جریان ایتدی اشارات: چاوەڕاوێکی زۆرمان لە نێواندا رووی دا. أنجامی دیدم؟ أول برینی قاچە صارتارسن؟. گوتم: ئەنجا؟ ئەوە بە چەند دەفرۆشی؟ پازار ایدرك، چیقدی یارم لیرەیە فیات: دەگەڵیدا کەوتمە سەودا و مامەڵە، نرخی بوو بە نیو لیرە. ویردم پارەیی نزد فقیرانەمە گلدی: پارەکەم دایە، هاتە لای هەژارانەمەوە. بیچارە چابوق أوقچورینی چوزدی، دیدم یات: بەسزمانە خێرا دۆخینەکەی ڤەکر، گوتم بنوو. معهودی دایانمادی فغانی گوگە چیقدی: کە کابرای لێ نزیك کەوتەوە، هاواری گەییشتە ئاسمان. حتی ایشیدوب صیحەسنی أهل سماوات: تەنانەت ئەهلی ئاسمانان گوێیان لە هاواری بوو. یالواردی: أمان! یا گری ال پارەیی یاخود: پاڕایەوە، گوتی یا پارەکەم لێ وەرگرەوە، یا. توکروکلە بر ازجق باشنی ایصلات: بە تف کەمیك سەری تەڕ کە. سوردم اتمی دیکلەمدم اه و أنینی: ئەسپم تاو دا، گوێم بە ئاه و ناڵەی نەدا. لیلانی الان قاضیە بسدر بو مکافات: بۆ قوونی قازیی کە جەرەی لەیلانی دەگری بەسیە.

٤

رشوت*

(پیتی) تی

خـبـرك وارمـی؟ آلـنـمش، نـه آلـنـمش؟ رشوت
آلـنـان شی نـه ایمش؟ لـیـره، آلان کـیـم؟ هـیـئت
هـیـئـتك آدی نـدر؟ دائـرەیـی عـدلـیـه در
آنـی ایـجـاد ایـدەنك روحـنـه یـوز بـیك لـعـنت
قـاچ عـدد لـیـره آلـنـمش عـجـبـا؟ یـوز الـلی
لـیـرەء خـالـصه اوستـنـده یـازلمش ضربت

بـيلـمـدن كـيمـلـرايمش لـيره آلانــلـر؟ هــاى هــاى
گــيـدشيــنـدن بــيـلـيــنـور خـائـن ديـن و دولت[١]
بــرى مستـنـطـق افـنـدى، بـرى چـيـنـگـانـه رئـيس
اوبــريــن سويــلــيــهـمــم، سـهويــلــه بــابــانــه رحـمت
يــوزيـنــى (راغب) پشت آلـوب يـوزايگرميسن (أمين)[٢]
اوبـــريـــن سويـــلــديـــگـــم ذات ولـــى الـــنــعــمت
حـــــضرت داور اكــــرم مـــــتـــــصرف پــــاشا
أشگك بــاشنــى طــوت، حــمـزهيــه گـلـدى نــوبت[٣]
حــصّه ويــرمك بــكــا ده لازم ايــدى حــقّ سكـوت
ويـرمـدى، آغـزيمى ظـنّ ايـتـدى قـپـانمش ذمَّـت[٤]
اسمــى دفــتــرده اوزى خــائب و خــاسر بــرى بــن
بــــرى مــــوصلـــده أولان والئ عــــالــــى هـــمَّـــت
عـجـبـا آلــدى قـــومـــانــدان دخــى بــرشى حــاشا
وارمــى دنــيــاده قــومــانــدان گـبـى صاحب عـفَّـت

---

(١) بيليور (م). گيديشنده (م). گيديشندن: (ع).
(٢) يوزينى (راغب) آلوب... (ع). (راغب) پشت: (م).
(٣) ايشگ: (ع).
(٤) آغريمى: (ت).
(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف
(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)
وەك: ″ تا خبر دارم ازو بی خبر از خویشم
با وجودش زمن آواز نیاید که منم″
خبرك وارمی؟ آلنمش، نه آلنمش؟ رشوت: ئاگاداری؟ وەرگیراوه، چ وەرگیراوه؟ بەرتیل. آلنان شی نه ایمیش؟ لیره آلان کیم؟ هیئت: ئەو شتەی وەرگیراوه چییه؟ لیره، لیره وەرگر کێیه؟ دەستە. هیئتك آدی ندر؟ دائیرەیی عدلیەدر: دەستەکه نێوی چییه؟ دائیرەی عەدلییەیە: آنی ایجاد ایدەنك روحنه یوز بیك لعنت: سەد هەزار نەفرین لە

ڕۆحی ئەوەی دروستی کردووە. قاچ عدە لیرە آلنمش عجبا؟ یوز أللی: چەند ژمارە لیرە وەرگیراوە؟ سەدو پەنجا. لیرەء خالصە أوستندە یازلمش ضُرِبتُ: لەسەر لیرەکە لێدراوەکە نووسراوە، واتە بە سکە لێ دراوە. بیلمدك کیملر ایمش لیرە آلانلر؟ های های: نەتزانی ئەوانەی لیرەیان وەرگرتووە کێن″ هەی هەی! گیدیشیندن بیلینوز خائن دین و دولت: بە ڕەفتاریدا دیارە ئەو خائینی دین و دەوڵەتە. بری مستنطق أفندی، برین چینگانە رئیس: یەکێکیان بازپرس ئەفەندی و ئەوی دییان سەرۆکە قەرەجەکەیە. او بری سویلەیەمم، سویلە بابانە رحمت: نێوی ئەوی دییان ناهێنم، بیڵێ ڕەحمەت لە بابت. یوزینی (راغب) پشت آلوب یوزایگرمیسین (امین): سەدی (راغیب)ی پوشت وەری گرتووە، سەد و بیستی (ئەمین). او برین سویلدیگم ذات ولیّ النعمت: ئەوی دیکەیان ئەو زاتەی گوتم وەلی نیعمەتە، خوبزەی وییە. حضرت داور اکرم متصرِّف پاشا حەزرەتی داوەر، موتەسەڕیف پاشا. أشگك باشنی طوت، حمزەیە گلدی نوبت: سەری کەرێ بگرە، نۆرەی هەمزەیە. ویرمدی آغزیمی ظنّ ایتدی قپانمش، ذمَّت؟ نەیدا پێی وابوو زارم داخراوە، دەفتەری زیممەی نەدامێ. اسمی دفتردە أوزی خائب و خاسر بری بن: خۆی نێوی لە دەفتەردا تۆما کراوە، بۆ خۆی نائومێد و منیش دۆڕاو و مایەپووچ. بری موصلدە اولان والی عالی همَّت: یەکێکیان کە وەلیی هیممەت بڵندە لە مووسڵە. عجبا آلدی قوماندان دخی بر شی؟ حاشا! ئاخۆ قوماندانیش شتێکی وەرگرت؟ حاشا. وارمی دنیادە قوماندان گبی صاحب عفَّت؟ ئایە لە دنیادا قوماندانی دەست پاك هەیە؟

٥

عزَّت*

(پیتی) تێ

عــزّت، یــوزیـــنـــی تــیـــغ زبـــانملـــه تـــراش ایت
آب دهـــنـــکـــلـــه دهـــن گـــوتـــنـــی یـــاش ایت(١)
أنـــدن صوکـــریـــات خـــرقـــەمـــی آلـــتـــنـــدە فـــراش ایت
پـــــــارم وار ایسە آل، یـــوقـــیسە سویـــلـــە بـــلاش ایت
گوت سیلمك ایچون طاش آرامە، خایەمی طاش ایت(٢)
اوردقـــچـــە دیـــان، دیمە امـــان شیـــخـــم یـــواش ایت

(١) كوكنى: (م. ع).
(٢) تاش (ع). ((سلمگ). (ت).
(*)كێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەكفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعيلُ مفاعيل فعولن)
وەك: ″ آنرا كه خـــداى از قلم لطـف نـگارد
شايد كه بر او زحمت مشّاطه نيارد″
عزّت يوزينى تيغ زبانمله تراش ايت: عيززەت، سەر و ڕووت بە تيرى زمانم بتاشە. آب دهنكله دهن گوتنى ياش ايت آندن صوكرەيات خرقەمى آلتنده فراش ايت: بە ليكاوى زارت زارى قوونت تەڕكە، لە پاشان بۆم بنوو، پەڵاسەكەى بەرم لە بنت ڕاخە. خيرقە: بەجلى شڕ دەگوترێ. پارم وار ايسه آل، يوقيسه سويله بلاش ايت: ئەگەر پووڵم هەبێ. وەرگرە، نەبێ، جلە شڕەكەم لە بنت ڕاخە. گوت سيلمك إيچون طاش آرامه، خايەمى طاش ايت: بۆ قوون سڕينەوە لە بەرد مەگەڕێ، گونم بكە بە بەردى قوون سڕينەوە. أوردقچە ديان، ديمە امان شيخم يواش ايت: هێندەى تێت دەپەستم بەرگە بگرە، مەڵێ ئامان، شێخەكەم، لەسەرەخۆ.

٦

جميل زاده*

(پيتى) دال

ممكن اولەماز هركس ايچون مجد مؤبد
(قد خصّصه اللّه بعيسى بن محمّد)
بندن صوريكز بن طانيرم آل جميلى
اصحاب مكارم، ولد و عم، أب وجد
تنها نه منم باركش منّت ايشان
(لا عاتق الا وعليه لهم يد)[١]
دربارهء اينها كه كريم ابن كريمند
ببريده زبانى كه بگويد سخن بد

احسانجه وفـا سبـقت ایـدر وعـدهلـرنـدن
آنلـرجـه قـبـاحت گورینور قـول مـجرَّد(۲)
الـطـاف خـداونـد دیـلـرم عـافـیت اوزره
خیلی یشاسون هر بری منصور و مؤَّید(۳)
خـــایـــیـدهء أسلاف دگـل شیـوهء شعـرم
آیین (رضا) در بـو گـبـی سبـکـی مـجدَّد

....

(۱) (لاعاتق الا وعلیه لهم الید) (ت)، (... لهم ید) (م).

(۲) آنلرچه: (ت).

(۳) مقصور و مؤبد (م).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)
وەك: ″ اندوه تو شد وارد کاشانـــەام امشب
مهمان عزیز آمده در خانەام امشب″

ممکن اولەماز هر کس ایچون مجد مؤَید: سەروەریی هەتا هەتایی بۆ هەموو کەسێ نالوی. ″قد خصَّصه اللّه بعیسی بن محمد″: ئەمە خوا بۆ عیسای کوڕی محەممەدی تەرخان کردووه. بندن صوریکز بن طانیرم آل جمیلی: لە من بپرسن، ئەمن بەرەی جەمیل دەناسم یا بەرە جوانان. ″أصحاب مکارم، ولد و عم، اب و جد″: خێوی ئاکاری بڵند، بە ئەولاد و مام و باو و باپیرەوەی. تنها نه منم بارکش منت ایشان: تەنیا هەر من بارکێشی میننەتی وان نیم. ″لا عاتق إلا وعلیه لهمُ ید″: هیچ ئەستۆیەك نییە دەستی چاکەیانی بە سەرەوە نەبێ. دیارهء اینها که کریم ابن کریمند: ئەمانە خێوی کەرەم و ڕۆڵەی خێوی کەرەمن. ببریده وعدهلرندن: وەفا بە چاکەوە لە بە چاکەوە لە بەڵێن بەجێ هێناندا پێشدەستی دەکا. آنلرجه قباحت گورینور قول مجرّد: قسەی ڕووت بە لای وانەوە بە شتێکی خراپ و درێو لە قەڵەم دەدرێ، ألطاف خدادن دیلرم عافیت أوزره – خیلی یشاسون هر بری منصور و مؤّید: لە خواوەند داوا دەکەم، هەمیشە بە لەشساغییەوە، یەکە یەکەیان بژی و هەمیشە سەرکەوتوو و خوا دەست بە باڵەوە گری بێ. خاییدهء اسلاف دگل شیوهء شعرم: تەرزی شیعری من کاوێژ کراوە و جووراوی پێشینان نییە. آیین (رضا) در بو گبی سبك مجدَّد: ئەم جۆرە ڕشتە نوێباوە

ئاینی (ڕەزا)یە. دیارە ڕەزا دوو مانای هەس، یەکێکیان: شێخ رەزا خۆی و ئەوەی دییان، ڕەزامەندییە.

٧

بابان زادە مجید پاشا حقندە

سویلدیگی مدحیە*

(پیتی) ری

مـدنـیَّـت ایـکـنـجـی عـنـقـادر
او دخـــی اسم بـــی مسمَّـــادر
مــدنـــیَّـــت مــکـــارم اخـــلاق
بــذل و احسان وفـضل وتـقـوادر
مـعـرفت گر صقـال اوزاتمق ایسه
بـــز أخـــفش حـــکـیـم و دانـــادر
سر و دستـــاردن عـــبـــارت ایسه
جـحش قـاضیـدە (ابـن سیـنـا) در
صورت مـادەدن کـنـایت ایسه[١]
آدم ابـــلـــیس، حـــیـــە حـــوَّادر[٢]
گر عـبـادت حـجازە گیتمك ایسه
خـر صوفـی دە حـاجی بـابـادر
حسنـــی اوصافـــی اولمیـــان آدم
شکــــل آدمـــدە بـــر مـــقـــوادر
شخص کامل أگر بولنسە بوگون
مـرحـمـتـلـو مـجـیـد پـاشادر
دودمــــان مــــلــــوك بــــابــــانك[٣]
قـــالـــمش بـــر عـــالـــم آرادر[٤]
دست گوهـر فشانی غبطـەء کان
کـــف احسانـــی رشك دریـــادر

دستی اول دسته بگزەمەز که دیدم
حلِّـی مشکـل اولان مـعـمـادر[٥]
منَّـت ایـتمز جهـانی ایتسه نثـار
هــمــتــی تــا او رتــبــه بــالادر
شعـره قــارشی أقـل جــائـزەسی
یـا اوطـوز یـا ایـگـرمـی لـیرادر
جـیبـه گـیرمـز مـحـاسن شیـمـی
مــاه تــابــان کــبــی هــویــدادر
وعــدەء جــود حــاتــمــانــەلــری
رستـــەء انـــتـــظـــار فـــردادر
بــزه اکــرام مــنــعــمــانــه لــری
اسکــیــدن قــالــمــه ارث آبادر
دولـتــی وقـف وثـروتــی مـبـذول
نـعـمـتـی سائـلـیـنـه یـغـمـادر
ساحـەء مـدحـنی مساحـه ایدەن
کـلك تــحــریــر هــرزه پــیـمـادر
بـر فـرو قـالـمش انـفـصالـنـدن
خــاك خــجـلت یـوزنـده پـیـدادر
جــاه واقـــبـــال وعـــزتك بـــرجـــا
اولـــه، تــا کــائــنــات بــرجـادر[٦]
داورا هـــمـــتك دریـــغ ایـــتـــمـــز
مـقـصدك گـر (رضا)ی مـولادر

(١) ئەم بەیتە لە – م) نییە. (صورەتی) (ت).
(٢) (آدم وابلیس) (ت).
(٣) بایندن(م).
(٤) عالمه (ت . م).

(٥) مەبەست مەحمود پاشای جافە کە پێی گوتووە: (مگر یزدان کند کشف محمود پاشارا).

(٦) اول (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەخبوون ئەصلەم

(فاعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: "یار پیــمان شکنم می آید

مژدەء جان بە تنم می آید"

مدنیت ایکنجی عنقادر: شارستانییەت سیمرخی دووەمە. أو دخی اسم بی مسما در: ئەویش نێوی بێ نێوەڕۆکە. مدنیت مکارم أخلاق: شارستانییەت مەکاریمی ڕفتار و ئاکارە. بذل و احسان فضل وتقوادر: دەهندەیی و چاکە و فەزڵ لە خواترسییە. معرفت گر صقّال اوزاتمق ایسە: ئەگەر زانین بە ڕدێن درێژ کردن بێ. بز أخفش حکیم و دانادر: بزنەکەی ئەخفەش فەیلەسووف و دانایە. ئەخفەش زانایەکی نەحو و سەرف زانە. سرو دستاردن عبارت ایسە: ئەگەر زانین بە سەرو مێزەر بێ. جحش قاضیده (ابن سینا) در: جاشولکەی قازیش کوڕی سینایە. صورت مادەدن کینایت ایسە: ئەگەر سوورەت کینایە بێ لە مادە. آدم إبلیس، حیَّە حوَّادر: دەبێ حەزرەتی ئایەم شەیتان بێ و مار حەووا بێ. گر عبادت حجازە گیتمك ایسە: ئەگەر خواپەرستی بە چوونە حیجاز بێ. خر صوفیدە حاجی بابا در: کەری سۆفیش دەبێ باوە حاجی بێ. حسنی اوصافی اولمیان آدم: ئەگەر مرۆ خەسیەت و ئاکاری جوانی نەبێ. شکل آدمده بر مقوَّادر: شکڵی مرۆش دەبێ مقەبا بێ. شخص أگر بولونسە بو گون: ئەگەر ئەمرۆ کەسێکی پێکەڵ و بێ کەموکووڕی هەبێ. مرحمتلو مجید پاشا در: خاوەن بەزە، مەجید پاشایە. دودمان ملوك بابانك: لە بنەچەکەی فەرمانڕەوایانی بابان. قالمیش بر شمس عالم آرادر: مابێتەوە، خۆری جیهان ڕازێنەوەیە. دست گوهەر فشانی غبطەء کان: دەستی گەوهەر پرژێنی وی ئێرەیی کانگایە: کف احسانی، رشك دریادر: بەری دەستی دەهندەیی وی، ئێرەیی دەریایە. واتە: دەریا ئێرەیی پێ دەبا. دستی، أول دەستە بکزمز کە دیدم: دەستی وەك ئەو دەستە ناچێ، کە گوتم. حلّی مشکل أولان معمَّادر: ئەوەی هەڵێنانی سەخت بێ لەغز و موعەممایە: مەبەستی مەحموود پاشای جافە کە وەختی خۆی شاعیر گوتوویە: " مگر یزدان کند کشف کف محمود پاشارا" منَّت ایتمز جهانی ایتسە نثار: منەت بەسەر کەسدا ناکا، ئەگەر سەرلەبەری جیهان بەسەر خەڵکدا بپرژێنێ. همتی تا أو رتبە بالادر: هیممەتی تا ئەو ڕادەیە بڵندە. شعرە قارشی أقل جائزەسی: بەش بە حاڵی ڕێز لە شیعر گرتنی، کەمترین بەخششی. یا

أوطوز یا ایگرمی لیرادر: یا سی لیره، یا بیست لیرەیە. جیبه گیرمز محاسن شیمی: جوانیی ئاکاری پەنا ناگرێ. ماه تابان گبی هویدادر: وەك مانگی تاودار ئاشکرایە. وعدەء جود حاتمانەلری: بەڵێنی دڵاوایی وی. رستەء انتظار فردا در: نێژراوی چاوەنۆڕی سبەینێیە. واتە: هیچی تێدا بەستە نییە. بزه إكرام منعمانەلری – اسکیدن قالمه ارث آبادر: بەخششی نیعمەت بەخشەکانی، هەر لە باو و باپیرانەوەی بۆ مە ماوەتەوە. دولتی وقف و ثروتی مبذول: دەوڵەتی وەقفە و سامانی هێند زۆرە بە بەخشش دەدرێ. نعمتی سائلینه یغمادر: بەخشش و نیعمەتی تاڵان و چەپاوڵی داخوازکارانە. لێرەدا حوسنی بە دووفاقی دەربڕین بەر سرنج دەکەوێ. چونکە تاڵانکردنی سامان و بەخشش ڕادەگەینێ. لە داخوازکار پاوان کرابێ... بەڵام ئەمە دەبێتە هەجو، ئەم بە مانای کەڵك وەرگرتن لە هونەری دووفاقی (نقیض)یە هونەرێکە لە بەلاغەتدا بۆ تەوس دە هەمبەر ماڵی دنیا، کە دەکاتەوە پەسن و ستایشی پەسنداری. ساحەء مدحنی مساحه ایدان – کلك تحریر هرزه پیمادر: بۆ ئەو کەسەی مەیدانی پەسنی پێوانە کردبێ و لە دەهەندەیی گەیشتبێ، نووکی خامەی نووسینی لە قسەی هەرزە و بێ بایەخ بەو لاوە چیید یکە ناپێوێ، واتە هێندە دڵاوا و دەهەندەیە، هەرچەندی مەیدانی بەخششی بۆ پەسنکردن بپێوێ، ناگاتە ئەو سەری. بر فرو قالمش انفصالندن: تەنیا فەروەیەکی لە پاش بەجێ ماوە، ئەویش هیچ تێدا بەستە نییە فڕشە و پەسنیشە. خاك خجلت یوزنده پیدا در: تۆزی شەرمەزاری بە ڕوویەوە دیار و ئاشکرایە. جاه و إقبال و عزّتك بر جا: شكۆ و دوارۆژی خۆشت هەمیشە پایەدار. أوله تا کائنات جر جا در: تا کەون و کائینات پایەدار و بێ بمێنێ. داورا، همتك دریغ ایتمر: ئەی حاکم! هیممەتت درێغی ناکا. ئەگەر مەبەستت (ڕەزا)ی خدا بێ.

٨

سلطان عبدالحمید*

(پیتی) رِیٚ

سریـر سلـطـنت مـلك الـیـمـیـن آل عـثـمـاندر(١)
خـلافت خـانـدان پـرورده‌ء عـبـدالـحـمـیـد خـانـدر
وکــیـــل فـــخـــر عـــالـــم، زبـــده‌ء ذریَّـــت آدم
أمـیـر الـمـؤمـنـیـن، ظلّ خدا، مـحـبـوب یـزدانـدر
بـیـلـنـمـز هـیـئت شاهـانـه‌سی عـکس تـجـلاّدن
مـلـکـدر، یـا مـلك شاه جـهـان، یـا مـاه تـابـانـدر
خــردمـــنـــدان عـــاجـــز، عـــقـــل کـــل قـــاصر(٢)
ره انـدیشه بـاغـلـو قـوه‌ء ادراك حـیـرانـدر(٣)
الـنـده کـاسه‌ء شمس و قـمـر درگـاهـنـه قـارشو
بوکولمش صانکه گردون بر گدای کاسه گرداندر
باصوب ناف زمینه، عرشه چیقمش تخت اجلالی
دگـل بـاد اوزره دوران أیـلـه‌یـن تـخت سلـیـمـانـدر
بـولـنـماز گلشن عـصرنـده غـمدن دیـده‌ء گـریـان
نسیـم رأفـتـنـدن گـل گـبـی بـلـبـلـده خـنـدانـدر
اوگوندن کیم ایشیتمش صیت عدلك چرخ دون پرور
بـنـمـلـه ایـتـدیـگـی جـور و جـفـالـردن پشیـمـانـدر
یـقـه قـورتـارمـق ایسـتـر پـنـجـه‌ء قـانـون عـدلـکـدن
انـکـچون گـاه یـر الـتـنـده گـاه ابـر ایچره پنـهـانـدر
یـنـه چـیـقـمـاز او شاهك عـهـده‌ء مـدح و ثـنـاسندن
(رضا) گـر فـی الـمـثـل فـنّ سخـنـدانـیـده حسّانـدر
هـــمـــیشه تـــا قـــمـــر رونـــق فـــزای طـــارم خـــضرا
هـــمـــیشه تـــا (زحـــل) آرایش ایـــوان کـــیـــوانـــدر
الـهـی بـرقـرار اولسون سریـری عـافـیـت اوزره(٤)
وجـود پـادشاه عـصریمز کـیـم جـود و احسانـدر

....

(١) ملك اليمين (ت).

(٢) خردميدان(ت).

(٣) ادراكه (ت).

(٤) الهی برقرار اولسون عافیت اوزه(ت).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″ تو از هر در که باز آیی بدین خوبیً و زیبایی

دری باشد که از رحمت به روی خلق بگشایی″

سریر سلطنت ملك الیمین آل عثماندر: تەختی فەرمانڕەوایی بەندەی دەستی بەرەی عوسمانییانە. خلافت خاندان پروردەء عبدالحمید خاندر: بنەماڵەی خیلافەت، پەروەردەی عەبدولحەمید خانە. وەکیل فخر عالم، زبدەء ذرًیت آدم: بریکاری جێ شانازیی جیهان، پوختەی نەوە و نەتیژانی ئایەم. أمیر المؤمنین، ظل خدا، محبوب یزداندر: میری خوانـاسان، سێبەری خوا، خۆشەویستی یەزدانە. بیلنمز هیئت شاهانەسی عکس تجلاًدن: وێنەی شاهانەی لە شەوقدانەوەی خۆنواندنیڕا نازاندرێ. واتە: راستینی هیوولای نازاندرێ. ملکدر یا ملك شاه جهان یا ماه تاباندر: یا مەلایەکەتە، یا مەلەکشای جیهان، یا مانگی تابانە. خردمندان عاجر، عقل کل قاصر: ژیرو بەئاوەزان ئەقڵیان تێدا کولە، ئەقڵ و ئاوەزی هەمووان کۆتایە. ره اندیشه باغلو قوەء ادراك حیراندر: رێی ئەندێشە و بیرکردنەوە گیراوە، گوردی دەرککردنی تێدا سەرگەردانە. الـنـده کـاسەء شمس و قـمـر درگـاهـنـه قـارشو: رۆژ و مـانگ کـەوێڵ بەدەستەوە داماو وەکو سواڵکەر وەستاون لە پێش دەرکەی. بوکولمش صانکه گردون بر گدای کاسەگرداندر: گەردوون کوورِ بووەتەوە هەر دەڵێی بۆ دەرۆزە کردن کاسە گیرێگە. کاسەگێڕ: بە کەسێك دەگوترێ بۆ دەرۆزە کاسە و سینی بگێڕێ، شتێکی بدرێتێ. با صوب ناف زمینه، عرشه چیقمش تخت اجلالی: تەختی گەورەییی پێی لە نێوکی زەمین گیر کردووە، بۆ عەرش، بۆ تەختی کردگار بەرز بووەتەوە. دگل باد اوزره دوران ایلیان تخت سلیماندر: ئەوە تەختی حەزرەتی سلێمان نییە بەسەر باوە دەگەڕێ. بولنمز گلشن عصرنده غمدن دیدەء گریان: لە گوڵشەنی سەروبەندی ویدا، چاوی بە گریان لە تاو خەم پەیدا نابێ. وڵات ئاسوودە و ڕەحەتە، کەس نابینی خەم

بخوا و بگریێ. نسیم رافتندن گل گبی بلبلده خنداندر: لە سای شنەبای فێنکی بەزەیەوە بولبولیش، وەك گوڵ خەندانە، دەوبەکەنە. او گوندن کیم ایشیتمیش صیت عدلك چرخ دون پرور: لەوێ ڕۆژێوە گەردوونی ناکەس و چەپرەو بیستوویە. بنمله ایتدیکی جورو جفالردن پشیماندر: لەو جەور و جەفایانە، لەو زوڵم و ڕەفتار وشك و برنگییانەی دەرهەقی کردووم، پەژیوانە، یقە قورتارماق ایستر پنجەء قانون عدلکدن: دەیەوێ خۆی لە دەست داد و عەداڵەتت قوتارکا. واتە زۆر بە داد و عەداڵەتی قانوون خواخوایەتی بەرۆکی لە قانوونی عەداڵەتەکانت ڕزگار کا. آنکچون گاه یر آلتنده، گاه ابر ایچره پنهاندر: هەر لەبەر هەندێیە، کە گاهێ لە بن زەوین، کاوێ لە ژێر پەرەی هەوردا پەنهانە، خۆی وەشێردووە. ینە چیقماز او شاهك عهده مدح و ثناسندن: وێڕای وەش لە عۆدەی پەسن و پێدا هەڵگرتنی وی نایە، دەرۆستی ئەوە نایە. (رضا) گر فی المَثل فنِّ سخندانیده حسّاندر: (رەزا) گەرچی لە هونەری زارپاراویدا، حەسسانی کوڕی سابیتی ئەنسارییە. بەڵام ئەو هەمیشە تا مانگ، ڕەونەق فەزای تارمەی شینە. واتە: تا مانگ شەوق زێدەکەری ئاسمانی هەیوانی سەرداپۆشراوە. هەمیشە تا (زُحَل) آرایش ایوان کەیواندر: هەمیشە تا پشکی زوحەل ئارایشتی گەردوونە. الهی برقرار اولسون سریر عافیت اوزره: خوایە هەمیشە هەر لەسەر تەختی تەندروستی پایەدار بێ. وجود پادشاه عصریمز کیم جود و احساندر: چونکە بوونی پادشای سەردەممان دەهندەیی و سەخاوەتە.

٩

ال جمیل*

(پیتی) ڕێ

سخا کسبی دگل آل جمیلە، ارث آبادر

أك أدنی پایەء همتلری أوج ثریّادر

خصوصا مصطفی، کیم ایده بیلمم وصف ایفاسك(١)

وفا هرچند اکا مخلص بولنمش حقی اوفی در

دگل أوفی أگر اعلادن اعلا برلقب بولسه

جناب (مصطفی) حضرتلری آندنده اعلادر

یـــتشمـــز دامـــن اوصافـــنـــه سرپـــنـــجـــهء فـــكـــرم
نـــهـــال قـــامـــتـــی، اهـــلـّـیـــتـــی اول رتـــبـــه بـــالادر
زلال مشربـــــی الایشی شیـــــرن عـــــذابـــــنـــــده
صانـــورسك الـــلـــه الـــلـــه شربـــتـــی شهـــد مـــصفّـــی در
دری قـارننده صاقلار قورقورسندن هر زمـان دریا[٢]
اگـــر دریـــا كـــفـــی دریـــاسنـــه دیـــرسم تـــعـــدادر[٣]
نـــیـــجـــه دریـــایـــه تشبـــیـــه ایـــلـــه‌یم اول دست احسانـــی
كـــه كـــمـــتـــر بـــخششی عـــالـــیـلـــرك مـــخـــصوص دریـــادر
ایـــدر بـــیك خـــاطـــر پـــژمـــرده‌یـــی بـــر لـــطف ایـــلـــه احـــیـــا
او عـــالـــی قـــدر أگـــر عـــیسی دگـــلسه عـــمٍّ عـــیسی در
(رضـــا) آل جـــمـــیـــلـــی سودیـــگـــنـــده مـــدح ایـــدر یـــوقسه
نـــه حـــاجـــت رایت احسانـــلـــری مـــیـــدانـــده بـــرپـــادر

....

(١) وصفی ایفاسن (ت . م).

(٢) دری قارننده صالار خشیتندن... (ت).

(٣) دیرسه‌م (ت).

(*) كێش: به‌حری هه‌زه‌ج موسه‌ممه‌ن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وه‌ك: "ترا من دوست میدارم ندانم چیست درمـانم
مـرا اندر دلـت جایـی نمی بینم نمی بینم"
سخـا كسبی دگل أمـاً جمیله ارث آبـادر: سه‌خـاوه‌ت بـه‌زۆر، بـه په‌یداكردن نییه، به‌ڵام بۆ جه‌میل میراتی بـاو و باپیرانه، بۆی ماوه‌ته‌وه. أك أدنی پـایـهء همتلری أوج ثریّادر: پایه‌ی هـه‌ره نزمی هیممه‌تیان چڵه‌پۆپه‌ی كۆیه. خصوصـاً مصطفی، كیم ایده بیلمم وصف ایفاسك: بـه تـایبه‌ت، مسته‌فـا، كه نـاتوانم لـه وه‌سفیدا هـه‌قی خۆی بده‌مێ، لـه وه‌سف بـه‌ده‌ره. وفـا هر چند اكا مخلص بولنمش حقّی أوفی در: وه‌فـا هـه‌ر چه‌نده بووه بـه نـازنـاوی، به‌ڵام ئه‌وفـا، بـه وه‌فـاتربووه. دگل أوفی اگر أعلادن أعلا بر لقب بولسه: نه‌ك بـه وه‌فـاتر، بگره ئه‌گه‌ر لـه سه‌رووتره‌وه نـازنـاوێكی بـه‌رزتر هـه‌بێ. جنـاب مصطفی

حضرتلری آندنده أعلادر: جەنابی مستەفا لەوەش بڵندترە. یتشمز دامن أوصافنه سرپنجەء فکرم: سەرپەنجەی بیرم ناگاتە داوێنی ئاکار و خەسیەتەکانی. نهال قامتی، أهلیتی أول رتبه بالادر: نەمامی بەژنی لێوەشاوەیی بە ڕادەیەکی وا بڵندە: (بەپێی ڕستەبەندیی بەیتی یەکەم دەبێ لە پاش بەیتی دووەمەوە بێ.. چونکە مانای بەیتی یەکەم دەبێ بە ئەنجامی بەیتی دووەم) زلال مشرب آلایشی، شیرین عذابندەء: زولالی هاومەشرەبیەتیی، لە ناخی ئازار بەدەستەوە خواردندا. صانورسك اللّه اللّه شربت شهد مصفّی در: هەر دەڵێی شەربەتی هەنگوینی پاڵاوتەیە. دری قارننده صاقلار خشیتندن هر زمان دریا: دەریا لە ترس و سامی وی هەمیشە دوڕ لە نێو زگیدا وەدەشێرێ. اگر دریا کفی دریایه دیرسم تعدّادر: ئەگەر کەفی دەریا بە دەریا بڵێم دەستدرێژییە. نیجە دریایە تشبیە أیلەیم اول دست احسانی: ئەو دەستی دەهندەیییەی چۆن بە دەریا بچوێنم. کە کمتر بخششی عالیلرك مخصوص دریادر: کە کەمتر بەخششە بڵندەکانی، تایبەت بە دەریایەکە بۆ خۆی. ایدر بیك خاطر پژمردەیی بر لطف ایلە إحیا: بە یەك لوتف هەزار دڵی سیس هەڵاتوو دەبووژێنێتەوە. أو عالی قدر اگر عیسی دگلسە عمٍ عیسی در: ئەو پایە بڵندە ئەگەر عیسا نەبێ، مامی عیسایە. (رضا) آل جمیلی سودیگندە مدح ایدر یوقسە: (ڕەزا) بەرەی جەمیل زادەی خۆش دەوێ، بۆیە پەسنیان دەدا، ئەگینا. نە حاجت رایت احسانلری میداندە برپا در: چ پێویست دەکا، خۆ ئاڵای چاکەیان لە گۆڕێدا دەشەکێتەوە.

١٠

سجاده تأریخی*

(پیتی) ڕێ

طـولسون هـمـیشه جـیب هـمـایـون پـادشاه
کیم جود (معن) و (حاتم)ی افسانه یاپدیلر(١)
سجـادەء شریـفـەیـە عـبـدالـحـمـیـد خـان
پك مـنـتـظـم عـمـارت شاهـانـه یـاپـدیـلـر
هـرگـز جـهـانـه گـلـمـدی مـانـنـدی بـرفـلك
هـرکـاری یـاپـدیـلـرسه مـلـوکـانـه یـاپـدیـلـر

تــأريــخـنــی مــطــابــق واقــع دیــدی (رضا)(١)
(سجــادهء پــیـمـغـبـر ایـچـون خــانـه یــاپـدیـلـر)

....

(١) (کیم جور (معنی) (حاتمی) افسانه یایدیلر) (ت).

(٢) (تاریخی...) (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەجەز مەخبوون

(مستفعلن متفعلن مستفعلن فعول)

نموونەم بۆ ئەمە وەگیر نەکەوت.

طولسون هەمیشە جیب همایون پادشاه: خدایە، گیرفانی بە فەڕی پادشا هەمیشە هەر پڕ بێ. کیم جود (معن) و (حاتم)ی أفسانه یاپدیلر: کە سەخاوەتی (مەعن) و (حاتەم)ی کرد بە ئەفسانە. سجَّادەء شریفەیە عبدالحمید خان: بۆ سەججادەی پیرۆز، عەبدولحەمید خان. پك منتظم عمارت شاهانە یاپدیلر: تالارێکی شاهانە و ڕێکوپێکیان ڕۆنا. هرگز جهانە گلمدی ماننده‌ی بر فلك: هەرگیز گەردوونێکی لەو وێنەیە نەهاتە جیهانەوە. هر کاری یاپدیلرسە ملوکانە یاپدیلر: هەر کارێکیان ئەنجام دا، مولووکانەیان ئەنجام دا: تأریخنی مطابق واقع دیدی (رضا): (ڕەزا) مێژووی ڕۆنانی پڕ بە واقیع چۆنە، ئەوهای گوت. سجَّادەء پیغمبر ایچون (خانە یاپدیلر): بۆ سەججادەی پێغەمبەرماڵیان دروست کرد. ئەگەر (خانە یاپدیلر) بە حیسابی ئەبجەد کۆکەینەوە، دەکا ٩١٣ ك – ١٥٠٧ز.

١١

پیغمبر*

(پیتی) ڕێ

خــیــالك شبــچــراغ لــجَّــەء بــحــر حــقــیــقــتــدر
جــمـــالك نـــوربـــخش دیـــدەء أهـــل بـــصیـــرتـــدر
سن اول مـــاه فـــلــك جـــاه شهـــنشاه دوعـــالمسن
در لــطــفــنــده شهــلــر سر نــهــاد بــاب خــدمــتــدر
حــریم روضنـــە یــوز سورمگـه مشتـاق ایکن جـبـریل
قــیــاس ایــلــه بــکــا تــقــبــیــل درگـاهك نــه دولــتــدر

حضوره، حال ما فی البالنی عرض ایلمش، گلمش
(رضا) نك التماسی خاك پایندن شفاعتدر

....

(*) کێش: بەحری هەزەج و موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: ؛ ″مرا مـی بیـنی دم زیـادت می کنی دردم
ترامی بینم و میلم زیادت می شود هر دم″

خیالك شبچراغ لُجەء بحر حقیقتدر: خەیاڵت شەوچرای قووڵایی دەریای ڕاستینە. جمالك نوربخش دیدەء أهل بصیرتدر: جوانیت ڕووناکی بەخشی سۆمای خاوەن ئەقڵ و بە ئەقڵ و بینایە. سن أول ماه فلك جاه شهنشاه دو عالمسك: ئەتۆ ئەو مانگی جێ گەردوون شکۆیەی شاهەنشای دوو جیهانی. در لطفنده شهلر سر نهاد باب خدمتدر: شایان لەبەر دەرگای لوتفت سەرلەبەر دەرکەی خزمەتن. حریم روضنه یوز سورمگه مشتاق ایکن جبریل: حەزرەتی جبرائیل کە بە تاسەی ڕوو بە کاشانە ساوینتەوەیە. قیاس ایله بکا تقبیل درگاهك نه دولتدر: ئەوجا بەراوردی بفەرموو، ئەوە چ دەوڵەتێکە! حضوره حال ما فی البالنی عرض ایلمش، گلمش: حاڵی نێوانمانی عەرزی حوزوور کردووە، هاتووە. (رضا) نك التماس خاك پایندن شفاعتدر: ئەوەی ڕەزا لە خاك و پاتی نیازە، شەفاعەتە. ڕەزا لە خاکی بەر پێت داوای شەفاعەت دەکا.

١٢

سر عسکری مختار بگە(١)*

(پیتی) ڕێ

شفاعتکلە اوقور عرضحالمی خونکار
شفاعت است سزاوار احمد مختار
محال قلب ایدەجك ممکناتی مکتوبە
ایدرسە خامەء معجز طرازنی درکار
تو ابر فضلی و دانش یکی مشاهدە کن
بخاك تیرە چگونە است ابر گهربار

تـــو آفـــتـــاب كـــمـــالـــى و آفـتـاب بـبـين
چـه گـونـه بـرشـيـده ايـن روزهـاى كم مـقدار
تـو سرو گـلشن مـحـدى و سرو سايـه راست
على الـخصوص كه وقت گل است فصل بهار
بـى شاه عـرضى گـدايـى نـمـى رسد بـازى
بـــه جـــور نـــاظـــر اوقـــاف مـــرهـــم دلـــزار
اگـر امـيـد نـبـاشد بـه لـطـف عـالـى را
چـه گونه گفت (رضا) شعرهـاى خوش گفتار

....

(١) (مختار) (ت).

(*) كێش: بەحری موجتەس موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ
(مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لان)
وەك: " مرا هوای سـحرگه پيـام يار آورد
نسيم بوی بهشتی از آن ديار آمد"

شفـاعـتكلـه اوقـور عرضحـالمـى خونكـار: سوڵتـان عـەرزى حـاڵـەكـەم (عـەرزوحـاڵ: ئەسڵەكەی "عەرزی حاڵ"ە.) بە شەفاعەتی تۆوە دەخوێنێتەوە. شفاعت است سزاوار أحـمـد مـخـتـار: شەفـاعـەت هـەر لـە ئـەحـمـەد مـوخـتـار دەوەشێتـەوە. شاعیر لێرەدا تـەلمیـحێكی بۆ حـەزرەتی پێغـەمبـەری نـازدار كردووە.. دیـارە لێكچوونی نێوەكان ئـەوەی بـەبـیـردا هێنـاوە، دەنـا ئـەحـمـەدی موخـتـار، پێغـەمبـەر، لـە كوێ و ئـەحـمـەد موختاری سەرعسكەر لە كوێ؟ محالی قلب ایدەجك ممكناتی مكتوبە: هێندە لە زەبرە، ناكردەنی دەكا بە كردەنی و لەسەر كاغەز نووسراو. ایدرسه خامەء معجز طرازنی دركار: ئەگەر قەڵەمی پەرجوو تەرزی وەكار ئێخی. تو ابر فضلی و دانش يكی مشاهده كن: ئەتۆ هەوری فەزڵی و دانایی، بڕوانە... بخاك تيره چه گونه است ابر گهربـار: هـەوری گەوهـەر بـار بۆ خـاكێكی تـاریك چۆنـە. واتـە: هـەروەكو هـەوری بە دنكە بـارانی وەكوو گەوهـەر، خـاكی ڕەش دەكا بە زەڕو زێوەر، ئـەتۆش هـەژاران و بێ نەوایان بەو جۆرە زیندوو دەكەیەوە.. تو آفتاب كمالی و آفتاب ببين: ئەتۆ خۆری كەماڵی و بنۆڕە خۆر. چه گونه بركشيده اين روزهـای كم مقدار: چۆن چۆنی ڕۆژگاری

کەمبڕ هەوراز هەڵکشاوە و درێژ بووەتەوە. تو سرو گلشن مجدی و سرو سایە راست: ئەتۆ سەروی گوڵشەنی و سەروی سێبەر ڕاست. علی الخصوص کە وقت گل است فصل بهار: بە تایبەت، وەرزی بەهار کاتی گوڵە. اگر امید نباشد بە لطف عالی را: ئەگەر ئومێدێك بە لوتفی عالی نەبێ. چە گونە گفت (رضا) شعرهای خوش گفتار: شێخ ڕەزا چۆنی ئەم شیعرە خۆش و ڕەوانانە دەگوت.

١٣

مفلسك عطسه سنه*

(پیتی) ڕێ

مـفـلسك عـطسه سنـه صیـحـهء نـاگـاه دیـنـور
مـنـعـمك ضرطـه سنـه یـرحـمك الـلـه دیـنـور
عــالــم پــرهــنــره عــقــل کــهــن اصحــابــی
جــاهــل بــیــخــبــره مــرشد آگــاه دیـنــور
یـولـی اگـری گـیـدەنـه زاهـدی پـاکـیـزه گـهـر
سوزی طـوغـری دیـەنـه شاعـری گـمـراه دیـنـور
مــرتشیــنك اوقــونــور مـضبـطـهء تـبـریـەسی
هــر طـرفـدن نـیـجـه بـیك أشهد بـالـلـه دیـنـور
بـر قـوری نـامـی قـازانمقـده (رضـا) فـائـده نـه
استـخـوان ریـزه شطـرنـجـه دخـی شاه دیـنـور

---

(١) ملك الیمین (ت).

(٢) علی الخصوص که وقت گل است فصل بهار (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: "یوسف گم گشته باز آید بکنعان غم مخور

کلبهء أحزان شود روی گلستان غم مخور"

مفلسك عطسه سنه صیحهء ناگاه دینور: بە پژمینی موفلیس، دەنگی ناخۆشی لە ناکاو دەگوترێ.

منعمك عطسه سنه يرحمك اللّه دينور: به ترِی بەخشندە، يرحمك اللّه دەگوترێ. عالم پر هنره عقل كهن أصحابی: بە زانای پڕ هونەر خێوی ئاوەزی كۆن دەگوترێ. جاهل بی خبره مرشد آگاه دينور: بە نەزانی لە دنيا بێ خەبەر ڕێبەری وريا و ئاگا دەگوترێ. يولی أگری گيدەنە زاهد پاكيزە گهر: ئەوەی بەخواری بە ڕێگادا دەڕوا زاهيدی ئەسڵ و ماك خاوێنی پێ دەگوترێ. سوزی طوغری ديەنە شاعری گمراه دينور: ئەوەی قسەی ڕاست بكا شاعيری ڕێونی پێ دەگوترێ. مرتشينك أوقونور مضبطەء تبريەسی: پياوی بەرتيل خۆر مەزبەتە و عەريزەی دەخوێندرێتەوە. هر طرفدن نيجە بيك أشهد باللّە دينور: لە هەموو لاڕا چەندين ئەشەتو بيللای بۆ دەگوترێ. بر قوری نامی قازانمقدە (رضا) فائدە نە: ڕەزا لە نێوێكی وشك و برنگ چ سوود، چە هەڵ دەكرێندرێ؟ استخوان ريزەء شطرنجە دخی شاه دينور: خۆ بە هێسكی ڕيزكراوی شەترەنجيش هەر شا دەگوترێ.. واتە ناوی گەورەو دێی وێران.

١٤

باقەلم كيم ضرر ايلر*

(پيتی) ڕێ

ناموس آرايان كيمسه هجادن حذر ايلر[١]
شاعر ايله خوش گيچنور دفع شر ايلر
تأخير معاشم سكا بر فائده ويرمز
أی باعث رزقم باقەلم كيم ضرر ايلر؟
ارباب كرم اولمە فقط حق شناس اول
وجدانی اولان كيمسه بو راهە گذر ايلر
جاندن اوصانوب طوغريسی ترك ادب إيتدم
معناسنی ويرمگله دگل صرف نظر ايلر
انسان اولان انسانلره حسن نظر ايلر
ميدان حميتده طوروب ترك سر ايلر[٢]

---

(١) (هجادەن) (ت).

(٢) (دوروب) (ت).

(*) كێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەكفووف مەحزووف

(مفعولُ مفاعيلُ مفاعيلُ فعولن)

وەك: ″ آن را كه خداى از قلـم لطف نگـارد

شايد كه بر او زحمت مشَّاطه نيارد″

ناموس آرايان كيمسه هجادن حذر ايلر: ئەوەی لە نامووس بگەڕێ لە فڕ و داشۆران دەپرينگێتەوە.. سڵ دەكا. شاعرلر ايله خوش گيچينور دفع شر ايلر: دەگەڵ شاعيراندا بە خۆشی دەگوزەرێنێ و خۆی لە گەڕ لادەدا. تأخير معاشم سكا بر فائده ويرمز: دواخستنی مووچەكەم هيچ سوودێ بە تۆ نابەخشێ. ای باعث رزقم باقەلم كيم ضررا ايلر: ئەی هۆی ڕۆزی برانم، با ببينين كێ زيان دەكا؟ ارباب كرم اولمه فقط حق شناس أول: مەبە بە خاوەنی بەخشش و دەهەندەيی، تەنێ هەق ناس بە. وجدانی اولان كيمسه بو راهه گذر ايلر: كەسێ ويژدانی هەبێ بەم ڕێگەيەدا تێ دەپەڕێ. جاندان اوصانوب طوغريسی ترك أدب ايتدم: راستيت دەوێ لە گيانی خۆم بێزار بووم، بێ ئەدەبيم كرد. معناسنی ويرمگله دگل صرف نظر ايلر: كار لەوەدا نييە مانايەكەی بە ديار ئێخم، وازم لەوە هێنا. انسان اولان انسانلره حسن نظر ايلر: ئەوەی مرۆ بێ بە چاوی ڕێزەوە لە مرۆ دەنۆڕێ. ميدان حميتده طوروب ترك سر ايلر: لە مەيدانی غيرەتدا دەوەستێ و سەر لە پێناودا بەخت دەكا.

١٥

بهرام پاشانك هجويەسی*

(پيتی) ڕێ

بـو عـجـل سامـريـنك كـيـم آدی بــهـرام پــاشادر

آنك تـصويـری الـلـه ايـچـون جــای تـمــاشادر

هـنــردن، مـعـرفـتـدن، فـهـمـدن، ادراك، دانشدن

تـهـی، خـالـی، مـجـوف، صـانـكـه بـر شكل مقـوَّادر

مـقـوَّا شكـلـنـه بـرشی ديـنـور، امـا بـو عـكـروتـه

نـەوار ديـنسون كـه صورتـدن مـجـرَّد بـر هـيـولادر

قدوم منحست ملزومی ویران ایتدی ایرانی[1]
دگل ایرانه، ایراندن اویانه دفع اولادر
اگر ییلدن ییله ایلر ایسه احبابی بر دعوت[2]
بساط آرای خوان نعمتی زیتونله خورمادر
تورّم ایلمش اشکمبەسی باسور رنجندن
ککرد کچه صانورسن صوت ناقوس نصارادر[3]
نیچون مطران أفندی سومسون (بهرام پاشا)ی
که ناقوس دبردن نغمه پرواز کلیسادر
ید آشاره تسلیم ایلمش أغنام و اعشاری
لوانك حاصلی کاتبلرك بیننده یغمادر
بنم مخدوممی أغنامه مأمور إیتمدی زیرا
بیلوردی لیره بندن حاصل أولماز ایش بداوادر
ندامت حاصل ایتدم شمدی هجو حمزه پاشادن
که بو دیوسه نسبت حمزه أفلاطون دانادر

....

(١) (قدوم نحسنی (ت).

(٢) (اگر ایلدن) (ت).

(٣) (ککزد کچه) (ت).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: " اگر آن ترك شیرازی به دست آرد دل مارا
به خال هندویش بخشم سمرقند و بخارارا"

بو عجل سامرینك کیم آدی بهرام پاشادر: ئەم گوێرەکەی سامیرییە، کە نێوی بەهرام پاشایە. آنك تصویری اللّه ایچون جای تماشا در: وێنەی ئەو، پیاو بۆ خوا بڵێ، جێی تواشاو لێ نوارینە. هنردن، معرفتدن، فهمدن، ادراك و دانشدن – تهی، خالی، مجوَّف، صانکه بر شکل مقوّادر: لە هونەر، لە زانیاری، لە فام، لە تێگەیشتن و دانایی، بەتاڵ و خاڵییە و هەر دەڵێی مقەبایەکە، مقوًا شکلنه بر شیی دینور أما بو عکرته – نه وار

دینسون که صورتدن مجرَّد بر هیولا در: ئەمە شتێکە، بە شکڵە مقەببا دەگوترێ، بەڵام قەی چێکا ئەگەر بەم هەرزەکارە لە لە هیوولا ڕووت و پەتییە بگوترێ؟! مەبەست لە هیوولا (یۆ. ع. Ule): مایەی سەرەتای گەردوون کە هەمیشە هەر جارە ڕەنگێ و هەر کاوە حاڵ و ڕەوشێ دەپۆشێ، گاهـ سپی گاهـ سەوز و سوور، گاهـ مرۆ و جارێ زیندوو و کاوێ مردوو و تاوێ تەڕو گیاوگۆڵ.. بۆ خۆی واحیدێکی سادەیە. ئیبن ڕوشد دەفەرموێ: هیوولا، بریتییە لە تەنیا شتێك، کە هۆی ″کەون″ و ″فساد″ە.. واتە دروستبوون و لەناوچوون... هەر ″بوو″ یەك لەمە خاڵی بێ ″کائن″ و ″فاسد″ نییە... (تهافت التَّهافت ص ١٠٧). ئەمە لە بیروباوەڕی ئیفلاتوونڕا هەڵێنجراوە.. قدوم منحست ملزومی ویران ایتدی ایرانی: پێ و قەدەمی شووم و بەدوومیی هەمیشە لە دوو، ئێرانی وێران کرد. دگل ایرانە، ایراندن او یانە دفع اولادر: نەك هەر لە ئێران بگرە لە ئێرانیش بەولاترەوە ڕەتاندنی لە بابی ئەولایە.. اگر ییلدن ییلە ایلر ایسە احبابی بر دعوت: ئەگەر ساڵە و ساڵ زیافەتێك بۆ خۆشەویستان بکا. بساط آرای خوان نعمتی زیتونلە خورمادر: ژووری سفرە و خوانی نانخواردنی نیعمەتی، بە دەنکە زەیتوون و خورما رازاوەتەوە. تورُّم ایلمش اشکمبەسی باسور رنجندن: ورگی لەتاو دەردی مایەسیری هەڵمساوە. ککرد کچە صانورسك صوت ناقوس نصارادر: هەر کە دەنرکێنێ، هەر دەڵێی زرینگەی زەنگی کەنیشتی مەسیحییانە.. نیچون مطرا نافندی سومسون بهرام پاشایی: مەتران ئەفەندی بۆ چی بەهرام پاشای خۆش نەوێ. کە ناقوسی دبردن نغمە پروازی کلیسادر: مادامێکی زەنگی لە قوونەوە ئاواز پەرت و بڵاوکەرەوەی کەنیشت بێ.. ید اشارە تسلیم ایلمش أغنام و أعشاری: باجی مەڕ و ماڵات و دەیەکی خەراجی بە دەست بەدکارانەوە داوە. لوانك حاصلی کاتبلرك بیننده یغمادر: داهاتی پارێزگا، لە نێوان کاتبەکاندا بووە بە تاڵان و بڕۆ. بنم مخدوممی أغنامە مأمور ایتمدی، زیرا: مەخدوومەکەی، کوڕەکەی منی نەکرد بە کارمەند، چونکە. بیلوردی لیرە بندن حاصل اولماز ایش بداوادر: دەیزانی لیرەی لە من وەگیر ناکەوێ، کار بە بەلاشە... ندامت حاصل ایتدم شمدی هجو حمزە پاشادن: ئیدی ئێستا لە فڕاوێتن و هەجوی حەمزە پاشا پەژیوان بوومەوە. کە بو دیُّوسە نسبت حمزە افلاطون و دانادر: چون حەمزە لە چاو ئەم دەویتە، ئیفلاتوونی دانایە.

١٦

باغدەمی یوقسە داغدەدر*

(پیتی) ڕێ

باغدەمی یوقسە داغدەدر، صولدەمی یوقسا صاغدەدر
هر گیجە بر بوجاقدەدر أنسەسی بر قوجاقدەدر
غائب اولاندە کیم بیلور، جن گبی نردە صاقلانور[1]
هانگی قوناقدە أگلنور، کیملر ایلە یاتا قدەدر
بر الی سبحە گزدیرر بر الی سیك طاشاقدەدر[2]
بو ترس اوغلی گوت ویران، سیك اوزرندە اوطوران
باشین هوایە قالدران صانکە طوروب آیاقدەدر[3]
حامل ایکن جنابتە باشلر اذان و قامتە
بر ایاغی جماعتدە بر ایاغی بولاقدەدر
ایشلیە ایشە باشلادی، قاپدی فرنگی علتی
بوزمادی اسکی عادتی، شیمدیدە ایشلەمەقدەدر
قز گبی اینجە در سوزی، ناز ایلە قالدیرر گوزی
ایپلیك ایلە آلور یوزی، چونکە گوزی یراقدەدر[4]
گر آنی زار و آغلیان گورسن ایناتمە بو یالان
باشی ازیلسەدە یلان، قویروغی طولاماقدەدر[5]

---

(١) نیردە(ت).

(٢) دەشاقدەدر(ت).

(٣) دوروب (ت).

(٤) صانکە گوزی داغدەدر (م).

(٥) دولاماقدەدر (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەتوی مەخبوون
(مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن)

وەك: ″هرچە كنی بكن مكن ترك من ای نگار من

هرچە بری بـبر مبر سنـگدلی بە كـار من″

باغدە می یوقسە داغدەدر، صولدەمی یوقسا صاغدەدر: لە بـاغ یا لە چیایە، لای ڕاستەوە یـا لای چەپەوەیە؟ هر گیجە بر بوجاقدەدر، انسەسی بر قوجاقدەدر: هـەر شەوە لە قوژبنێك و هـەر جارە پـاشی لە بـاوەشێكدایە. غـائب أولاندە كیم بیلور، جنّ گبی نردە صاقلانور: هـەركە ون دەبێ، وەك جندۆكە كەس نـازانێ لە كێندەر خۆ وەدەشێرێ؟ هـانگی قونـاقدە أگلنور، كیملر ایلە یـاتـاقدەدر: لە كێهە دیوەخـان ڕادەبوێرێ، لەگەڵ كێدا لە نێو جێدایە. مسجدە لامپە یـاندیرر، ذكر ایلە خلقی قـاندیرر: چرا لە مزگەوتـان هـەڵدەكا، بە زیكر خەڵك دەخاپێنێ. بر ألی سبحە گزدیرر، بر ألی سیك طـاشـاقدە در: بە دەستێكی تەزبیحات دەكا، دەستێكیشی بە كێر و گونەوەیە. بو ترس أوغلو گوت ویران، سیك أوزرندە اوطوران: ئەم كوڕی گەوادە قووندەرەی لەسەر كێر هـەڵنیشتووە. بـاشی هوایە قـالدران صانكە طوروب أیاقدەدر: سەری بە حەواوەیە، هـەر دەڵێی ڕاوەستـاوە. حـامل ایكن جنـابتە بـاشلر أذان و قـامتە: بە لەشی پیسەوە بـانگ دەدا و قـامەت دەبـەستـێ. بـر أیـاغی بـولاقدەدر: پێیـەكی لـە نـوێژی جـەمـاعـەت و پێیـەكی لـە بـلاّخ (كـانیـاو)وە. ایشلیە ایشە بـاشلادی، قـاپدی فرنگی علّتی: دەگەڵ ژنەكەیدا دەستی بەكار (گـان) كرد، تووشی نەخۆشیی فەرەنگی (سفلس) بوو. بوزمـادی اسكی عادتی، شیمدیدە ایشلەمەقدەدر: خووی كۆنی خۆی تێك نەدا، وێستـاكەش لە درەوشـانەوە و جونبوشدایە، نووكەش هـەر خەریكی كـارە.. قز گبی اینجەدر سوزی، نـاز ایلە قـالدرر گوزی: قسەی وەكوو ئی كیژان نەرم و نیـانە، چـاوی بە نـازەوە هـەڵدێنێ. ایپلیك ایلە ألور یوزی، چونكە گوزی یراقدەدر: دەم و چـاوی بە كشتەك هـەڵدەگرێ، چونكە چـاوی لە چەكە، مەبەستی چەكی كێرە.. گر آنی زار و آغلیـان طورسن اینـانمە بویـالان: ئەگەر بە گریە و زارییەوەت دیت، بـاوەڕی پێ مەكە، ئەمە درۆیە. بـاشی أزیلسەدە ییلان، قویروغی طولامـاقدەدر: مـار سەریشی پـان كرێتەوە، سەری هـەر دەجووڵێتەوە..

١٧

حمزه پاشا*

(پیتی) ڕێ

(حـمـزه پـاشا) ایـلـه غۆغـاده ایکن گلدی بشیر
که بشارت سنه اول خائنی عزل ایتدی مشیر(١)
ساده عـزلـیـلــه قـنــاعت ایـدمــم اول تـرسك
ایــدرم مــرگ مــفــاجــات ایـلــه آنــی تـبشیـر
(شیـخ مـونجوغ) ایـلـه طبـعـی اویـاجقدر زیرا
مــنــجــوغ ایـلـه بـزەنـور کـلّـه و أعـنــاق حـمـیـر

....

(١) خائن (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك: ″گر مرا خار زند آن گل خنـدان بکشم

ور لبش جور کند از بن دندان بکشم″

حمزه پاشا ایله غوغاده ایکن گلدی بشیر: که دەگەڵ هەمزه پاشادا به شەڕ هات، مزگێنیم بۆ هات. که بشارت سکا أول خائنی عزل ایتدی مشیر: که موژدەت لێ بێ، موشیر ئەو غایەنەی لەسەر کار لابرد. ساده عزلیله قناعت ایدەمم إول ترسك: تەنها هەر بە لەسەر کارلادانی دڵم ئاو ناخواتەوە. ایدرم مرگ مفاجات ایله آنی تبشیر: بگره بە مەرگی لە ناکاوی موژدە دەدەمێ. شیخ مونجوغ ایله طبعی اویاجقدر، زیرا: تەبیاتی دەگەڵ شێخ مونجوغدا دەگونجێ، چونکە. مونجوغ ایله بزەنور کله و أعناقی حمیر: سەر و کەللە و ملی کەران بە متومووروو دەڕازێنرێتەوە. وشەی ″مونجوغ″ بە ترکمانیی کەرکووکە، بە تورکیی ئەنەدۆڵێ ″بۆنجوق″ە..

١٨

باش قوماندان*

(پیتی) ڕێ

شراب خون دل صهبای اشك حسرتم واردر
بو ماتم خانهء سینهمده بزم عشرتم واردر
در پیر مغان بگچیلرینك باش قوماندانی
بنم گیم سایهء فقرمده شان و شوكتم واردر
بنی خالی بیلورسك قوهء قدسیهدن جاهل
سگ درگاه غوثم بن دخی بر همتم واردر

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: ″بە می سجّادە رنگین کن گرت پیر مغان گوید
که سالك بی خبر نبود ز راه و رسم منزلها″
شراب خون دل صهبای اشك حسرتم واردر: شەرابی خوێنی دڵ و فرمێسکی تاسە و حەسرەتم هەس. بو ماتم خانهء سینمده بزم عشرتم واردر: لەم پرسەخانەیەی سینەمدا بەزمی ڕابواردنم هەس. در پیر مغانك بگچیلرینك باش قوماندانی: سەرکردەی پاسەوانانی بەر دەرکەی پیری موغان. بنم کیم سایهء فقرمده شان و شوکتم واردر: ئەمنم، کە لە سایەی هەژاریشمدا هەر خێوی شان و شەوکەتم. بنی خالی بیلورسك، قوّهء قوسیەدن جاهل: من بە لە هێزی پیرۆزی خاڵی دەزانی هەی نەزان. سگ درگاه غوثم بن دخی بر همّتم واردر: ئەمن سەگی بەر دەرکەی غەوسی گەیلانیم و منیش هیممەتێکم هەس.

١٩

حضرت گيلانى حقندە*

(پيتى) ڕێ

مـرشد كـامـل مـريـد صادقك سلـطـانـيـدر
هـر نـە امـر ايـتسە اكـا فـرمـان آنك فرمـانيدر
مــنـبـع مـاء الحيـاة مـجمـع البـحرانيدر
خـضر تـوفـيـق هـدايـتـدر لـدنـى كـانـيـدر
طـفـل كش كشتـى شكـنـدر صورت ارشاددە(١)
حـضرت مـوسى ء وقـتك خـواجـەء عـرفـانـيـدر
فـيض لـطـفندن مشامـە نـغمـەء عيسى گلـور(٢)
جـانـدر او هـربـر بـدندە جـانلـرك جـانـانيدر(٣)
امـتـثـال ايـلـە (رضا) امـر جـلـيـل الشانـنـە
امـر و نـهـى مـرشدك مستـرشدك بـرهـانـيـدر(٤)

....

(١) صورە (ت).

(٢) فيچى (ت).

(٣) جاندر هر بر... (ت).

(٤) امر نهى (ت).

(*) كێش: بەحرى ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلن)
وەك: " آن كە نقشى ديگرش جـايى مصوَّر مـى شود
نقش أو در چشم مـا هر روز خوشتر مى شود"

مرشد كامل مريد صادقك سلطانيدر: ڕێبەرى تەواو سوڵتانى مريدى سەرڕاستە. هر نە امر ايتسە آكا فرمان آنك فرمانيدر: فـەرمـانى هـەر شتێكى پـێ بفـەرموێ، فـەرمـان فـەرمـانى ئـەوە. منبـع مـاء الحيـاە مجمـع البـحرانيدر: كـانى ئـاوى ژينى ئـاوەڕۆى دەرياكانە. خضر توفيق هدايتدر، لدنّى كانيدر: خدرى باشارى ڕێنموونى، كانى زانستى خواييە. طفل كش كشتى سكندر صورت ارشاددە: ساواكوژو كەشتى شكێنە.

حضرت شكێن لە رواڵەتی رێنوێنیدا. وقتك خواجەء عرفانیدر: مامۆستای عیرفانی حەزرەتی موسای وەقتە. فیض لطفندن مشامە نغمەء عیسی گلور: بەرامەی ئاوازی حەزرەتی عیسا لە لوتفی وییەوە بۆ کەپوو دێ. جاندر او هر بدند جانلرك جانانیدر: ئەو دە هەموو لەشێکدا گیانی گیانانە. امتثال ایلە (رضا) أمر جلیل الشّأننە: ئەی ڕەزا فەرمانبەرداری فەرمانی شان و شکۆی مەزنی بە. أمر و نهی مرشدك مسترشدك برهانیدر: بکە و مەکەی ڕێبەر بۆ خوا هەبوون بەڵگە و بورهانی مریدە.

٢٠

نقشبندیلر*

(پیتی) ڕێ

گل صد برگ گلزار جناندر نقشبندیلر
غذا گل ستان لا مکاندر نقشبندیلر[١]
هزاران اجویان عشقە بذل ایدرلر زاد ارشادی[٢]
جوانمردان قصر عارفاندر نقشبندیلر
دبستان ادبدە خواجەء خضر لدنّیدن[٣]
سبق خوانان ختم خواجگاندر نقشبندیلر[٤]
حقیقتدە صفای قلبە نائل اولدیلر بونلر
نقوش غیریدین حرز اماندر نقشبندیلر
جمال ذات حقی بولدیلر اعیان كثرتدە
بوصورتدە عیان اندر عیاندر نقشبندیلر
ایدرلر هوش دردم خلوت اندر انجمن دائم
(رضا)یە مركز قطب زماندر نقشبندیلر

---

(١) گلستانی (ت).
(٢) غداجویان (ت).
(٣) لدیندن (ت).
(٤) خواجکان (ت).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: "اگر آن ترك شیرازی بە دست آرد دل مارا

بە خال هندویش بخشم سمرقند و بخارارا"

گل صد برگ گلزار جناندر نقشبندیلر: نەقشبەندییان گوڵی صەد پەڕی گوڵزاری بەهەشتانن. هزاران گل ستان لامکاندر نقشبندیلر: نەقشبەندییان بولبولانی هەزاران گوڵجاڕی بێ شوێنن. واتە: لە خوادا تواونەوە و سیفەتی وییان وەرگرتووە؟ إذا جویان عشقە بذل ایدرلر زاد ارشادی: ئەوان تێشووی ڕێبەری بە هەڵوەدای ئەوین پێشکێش دەکەن. واتە هەر ئەوانن تۆشەی ڕێبەرایەتی، بەوانەی ئاشقە ڕاستینن، پێشکێش دەکەن. دبستان أدبدە خواجەء خضر لدنّیدن – سبق خوانان ختم خواجگاندر نقشبندیلر: هەر ئەوانن لە قوتابخانەی زانستی خواوەنددا، لە لایەن مامۆستای خدری زانستی خواییەوە، پێشەنگ خوێنانی خاتەمی مامۆستایانن: شێخ ڕەزا لەم دوو بەیتەدا بەلاغەت ئاراییەکی زۆر چڕ و پڕ و ئاڵۆزی بە خەرج داوە.. لە "خواجەی خضر لدنّی"دا، نەقشبەندیی بە مامۆستای خدری لەدوننی تەشبیە کردووە، کە وەجهی شەبەهـ، بریتییە لە کاتی پێویستدا فریاکەوتن. دیارە خواوەندی مەبەستە. قەرینەش "خدرە" بەڵام تەشبیهەکە بەرەواژە، ئەمەش بۆ موبالەغەیە.. واتە خوا بە خدر تەشبیهـ کراوە.. وەك نموونەی نامێی بەلاغییان کە دەڵێن "ئەبو حەنیفە وەکوو ئەبو یوسف"ە.. ئەمە لە خەیاڵی شاعیران بە دوور نییە، تەنانەت ئەگەر بکەونە هەڵدێری هەڵەی ئاینیشەوە. وشەی "ختم" بۆنی ئەوەی لێ دێ، کە تەشبیهی نەقشبەندییان بە پێغەمبەر (د . خ) کرابێ.. چونکە تەنێ پێغەمبەری ئیسلام دوا پێغەمبەری جیهانە.. ئەوەشت لەبیر نەچێ (خاتەم) و (خەتم) حقیقیتدە صفای قلبە نائل أولدیلر بونلر: ڕاستیت دەوێ ئەمانە لە بێ خەوشیی دڵ بەرخورداربوون. قسە قسە دێنێ: ڕێگای نەقشبەندی موراقەبە و وەجد و دڵ و دەروون لە دنیا و مافیها خاوێن کردنەوەیە، واتە پتر بە پەرۆشی خواپەرستیی دوروونین، تا بەدەنی، بەڵام بە گوێی شەرعیش دەکەن، هەموو فەرزەکانی ئاین بەجێ دێنن.. دەگەڵ ئەوانەی کە پێیان وایە، عیبادەت تەنێ هەر عیبادەتی دەروونییە، جیاوازن. واتە ئەهلی باتینیش و زاهیریشن.. نقوش غیریدن حرز أماندر نقشبندیلر: نەقشبەندییەکان لە هەڵدێرانی ناخودایی "ڕێو ڕەسمی غەیری خواپەرستی" پەناگای پارێز و ئەمانن... لە شوبهە و

بە لای ناخواییدا هەڵزەلین بە دوورن، ئەوان بۆ لەو هەڵزەلینە بەدووربوون پەناگای ئەمینن؟ جمالی ذات حقُی بولدیلر أعیان کثرتدە: ئەوان لەو باوەڕەدان کە ئەو هەموو زۆرییەی بوونەوەر، شتێکی ڕواڵەتە. ئەوانە سەرلەبەر لە "یەك" لە "وحدەت"دا یەك دەگرنەوە.. واتە بڕوایان بە وەحدەتی وجوود هەس.. باوەڕیان بە فەیز هەس.. جوانیی یەکیەتیی خوا لە زۆردا، لە فرەیی بوونەوەراندا، دەبینن. ئەم بیروباوەڕە، لە کن ئیفلاتوونیش هەر بەو جۆرەیە.. لە کن فیساگۆرییانیش هەر بەو جۆرەیە، چونکە ژمارە "١" بە سەرەتای هەرچی ژمارەیەکی لە دوای "١"وە دێ، لە "١" ڕا، پەیدا دەبێ.. سەرەتای ئیش هەموو یەك بوونە ئەویش... بو صورتدە عیان اندر عیاندر نقشبندیلر: عەیان (ع. العیان، العیانی): شتی بەرچاو و بەرهەست. ئەعیان (ع. الاعیان): شتێك وجودی خارجیی هەبێ، واتە ئەوەی لە پێش مرۆ پەیدا بوون و پاش ویش هەبووبێ، نەك ئەوەی مرۆ لە پاشان بە خەیاڵیا بە هەڵە لە زەینیدا بۆی بچێ. ایدرلر هوش دردم خلوت اندر انجمن دائم: یەکەندەردوو لە خەڵوەتی کۆڕ و مەجلیسدا بە هۆش دێنەوە، بە مانای گوستیلکیش و پایانی هەموو شتان دێ.

٢١

اربیللی کوچك ملا حقندە*

(پیتی) ڕێ

بــو شفــق کــیـم فــلك لــکًــەء دامــانــیــدر
پــایمال ایــتــدیـکــی مـظـومـلـرك قــانــیـدر
آە مــظــلـــوم نسیــم چـــمـــن مــفـــخــرتـــی
دهـــن زخــم جـــگـــر غــنـــچـــەء خــنـدانــیـدر
مـطـلـع جدی، چـراگـاه حـمـل، خـانـەء ثـور[١]
بـرطــاقــم جــانــورك عــرصەء جـولانـیـدر
اوستنە قونمش أسد، صیرتنە بینمش سرطان
روز و شب مـلـعـبـەء عـالـم حـیـوانـیـدر
گـــر بـــو وحشیـــلك ایسە نـــطـــفـــەء آباء
مـــدنـــیت صفت غـــول بـــیـــابـــانـــیـــدر

گیچ بو اقبال جهاندن نه سعادت اومولور
بو بنادك كه ستم اعظم اركانيدر
بر بوقك كوكسنه جوهرلی نشانلر دیكیلور
بر اوصورغانی ایدر پوست نشین ارشاد
صانكی ویس القرنك زبدهء اقرانیدر
(بوالهدی) كلب حلب مخلص عالیسی ایكن
شمدی شیخ الوزرا طرّهء عنوانیدر
اویله محصول زنا، خائن مادر بخطا
رخنه جوی نسب حضرت گیلانیدر[٢]
بو گبی ایشلری چوقدر فلك سفله نواز
ایستهمز هر نه ایسه شیمهء انسانیدر
اصل انسان دیدیگك جوهر نایاب أگر
اولسه أربیلدهكی علاّمهء ربّانیدر
حضرت (حاجی عمرزاده كوچك ملا) كیم
مایهء كسب غنی سایهء احسانیدر[٣]
كیمیا ممكن ایسه حاصل فیض نظری
جام جم وار ایسه آینهء وجدانیدر
(ابن سینا) گبی چوق عالمه حكمت گوسترر
سبق آموختهء مكتب عرفانیدر
نامه پیرای حكم خامهء معجز أثری
چهره پرداز كرم دست زر افشانیدر
مظهر صدق و صفا آینهء ناصیهسی
مطلع شمس و قمر دست گریبانیدر
خرقه پوشان درِ خانگهء ارشادی[٤]
ایریشوب هر بری بر خواجهء خرقانیدر
چونكه تنظیم ثنادك صوره تقدیم دعا
نزد ارباب سخن شرط سخندانیدر

قـالـديـروب درگـه مـولايـه (رضـا) دست نيـاز[٥]
بـر دعـا ايـلـه كـه هـنـگـام دعـا خـوانـيـدر[٦]
مـهـر اقـبـالـى جـهـانگير أولـه تـا مـهـر منـير[٧]
بـــو رواق فـــلـك زيـــنـت ايـــوانـــيـــدر

....

(١) چراگاه (ت).
(٢) رخنه جويى (ت).
(٣) غنا (ت).
(٤) خانقه (ت).
(٥) مولايا (ت).
(٦) هنگام (ت).
(٧) مهر و منير (ت).
(*) كێشك بەحرى رەمەڵ مەخبوون ئەصلەم
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)
وەك: ″گر سر صحبت اين بى سر و پايت باشد
بر سر و چشـم من دلشده جايت باشد″
بوشفق كيم فلگك لكهء دامانيدر: ئەم شەفەقە، سوورايیی ئاسۆی سەر لە ئێوارەی داوێنـی پـەڵـەی گـەردوونـە. پـايمال ايـتـديگی مظلوملرك قـانيدر: كـە خوێنـی ئـەو زۆرلـێكراوانـەيـە كـە پێخوستی كردوون. آه مـظـلـوم نسيم چمـن مفـخرتـی: ئـاهـی زۆرلێكراو؛ شنەی چيمەنی شانازييەتی. دهن زخم جگر غونچهء خندانيدر: زاری برينـی جگـەر خونچـەی خـەندانيـەتی. مـەبـەستی ئـەوەيـە، كـە هـێندە بـە دەنگی زۆر لـێكـراوانـەوە دەچـێ، هـێندەيـان بـۆ بـە پـەرۆشە، هـەناسەی گـەرمـی كـەساسيـان بـە شنەبای فێنك دەزانێ، هێندە ئاشقە پەرۆشی مەزڵوومە، بەدەنگی ناڵە و زارييەوە چوونيان بە فەخر دەزانێ، شانازی بەوەوە دەكا، لەسەر زۆر لێكراو و بەشخوراوان هـەڵـداتـێ و دڵـی پـێ فـێنك دەبـێتـەوە. مـەبـەست لـە زاری بـرينـی جگـەر خـونچـەی خەندانيەتی ئەوەيە، كە هەر ئێش و ئازارێكی لەسەر هەژارانی پێ بگا، نارەحەتی ناكا، بگرە دڵخوشی دەكا، پێ دەكەنێ... شاعير لەم دوو بەيتەدا چەندين (بەيان ئـارايـی)ی كردووە: لێكچواندنی (ئـاهـ)ی زۆرلـێكراو بـە (شنـە) لـە عورفـی بـەيـاندا

(تەشبیهی بەلیغ)ە. (چەمەنی مەفخەرەت) ئیستیعارەیەکی مەکنییەیە.. قەرینەکەی (ئیزافە)یە.. (مەفخەرەت) بە (مێرگ) چوێندرایە. زیکری موشەببەهـ، حەرفی موشەببەهـ بیهی کرایە. هەروەها تەشبیهی (زاری برینی جگەر) بە (غونچە) تەشبیهێکی بەلیغی دیکەیە. بەلیغ واتە: موشەببەهـ و موشەببەهـ بیهی زیکرکرابێ. (غونچەی خندان) ئیستعارەیەکی ئیشتیقاقی خەت تەبەعییە. کرانەوە و پشکتنی جومبد، خونچە بە کەنینیە خەنینەوە ئیستیعارەیەکی ئیشتقاقی خەت تەبەعی خەت موسسەرەحەیە... زیکری موشەببەهـ بیهی و حەزفی موشەببەهـ کرایە مطلع جدی چراگاه حمل، خانەء ثور: جێ هەڵاتنی بزن لەوەرگەی بەرخ، خانەی گا. بیر طاقم جانەورك عرصەء جولانیدر: جەولانگای دەستەیەك درندە و جانەوەرە مەبەست لە (مطلع جدی) ئەفەریقا، یا عەرەبستان، لە (چراگاه حمل) ئەوروپا، یا دەولەتی ئێران. لە خانەی سەور ئاسیا یا عوسمانییە أوستنە قونمش اسد صیرتنە بینمش سرطان: پشکی شێری لەسەر نیشتووەتەوە، پشکی قرژاڵ سواری پشتی بووە. (أسد) ئینگلیز، (سرگان) روسی مەبەستە. روزو شب ملعبەء عالم حیوانیدر: رۆژ و شەو بووە بە یاریگەی جیهانی ئاژەڵ. گر بو وحشیلیك ایسە نطفەء آباء: ئەگەر نوتفەی باوکان ئەم وەحشیگەرییە بێ. مەدەنییەت سیفەت غول بیابانیدر: شارستانییەت ئاکاری غوولی بیابانە. گیچ بو اقبال جهاندن، نە سعادت أومولور: لەم ئیقباڵ و دەوڵەتی جیهانە دەست هەڵگرە. بو بنادك کە ستم أعظم أرکانیدر: بەختەوەرییەك لە بینایەك کە ستەم گەورەترین پایەکانیەتی، چ ئومێد دەکرێ. بیر بوقك گوکسنە جوهرلی نشانلر دیکیلور: نیشانی جەوهەردار بە سینگی گووەکەوە دەچەقێندرێ. کە فلان مملکتك قوجە قوماندانیدر: کە گۆیا قوماندانی زەبەلاحی فلان وڵاتە. بیر آوصور غانی ایدر پوست نشین إرشاد: ترکەنێك دەکا بە پۆستنشینی ڕێبەرایەتی. صانکی ویس القرەنك زبدەء اقرانیدر: وەك بڵێی سەرتۆپی هاووڵانی وەیسولقەرەنییە. وەیسولقەرەنی (ویس القرنی) لە یارانی حەزرەتی عەلی (خ . ل) بوو. ئەم پیاوە پیرۆزە نە تەنێ لە کن حەزرەتی عەلی، بگرە لە کن حەزرەتی عومەر و یارانی گەورەی پەیامبەریش خۆشەویست بوو و زۆریان ڕێز لێ دەنا. هێندە سەروساختی لەگەڵ پەیامبەردا خەستوخۆڵ بوو، کاتێ بیستیەوە پەیامبەر لە شەڕی ئوحوددا ددانی لەدەست داوە، دوو ددانی بەنبرەی پێشەوەی خۆی هەڵکێشا. ئەم مرۆ پیرۆزە تا بڵێی لە خوا ترس و دیندار بوو. کاتێکی بیستیەوە حەزرەتی عەلی لەشکر کێشێیەك بۆ غەزا دەکا، لەگەڵیدا

ڕێك کەوت، چوو بۆ شەڕ و لە جەنگەی شەڕێدا شەهید کرا. ئەم نەقڵەم لە کتێبی ″عارفان ایران″ خوێندووەتەوە، بەڵام لغت نامەی دهخدا، دەڵێ: کوڕی بەتووتە، فەرموویە، وەیسولقەرەنی کوڕی عامیر کوڕی جوز و کوڕی مالیك، لە تیرەی کوڕانی مراد، یەکێ لە دنیادەستبەردارانی پەیڕەوانی پەیامبەر بووە. بۆ خۆی بە بنەچەکە خەڵکی یەمەنە. بە سەروبەندی پەیامبەرڕا نەگەیشتووە. نەبووە بە یارانی عومەری کوڕی خەتاب و لە شەڕی ″صفين″دا دەگەڵ حەزرەتی ئەبوتالیبدا بووە، نەقڵ گێڕان پتر لەسەر ئەو باوەڕەن کە دە هەمان شەڕدا، لە ساڵی ٣٧ ك. دا: ٦٥٧ز دا، کوژراوە. بە پێی قسەی کوڕی بەتووتە ، ئارامگای ویی لە شاری دیمەشق دیدەنی کردووە. (بوالهدی) کلب حلب مخلص عالیسی ایکن: بولهودا، سەگەکەی حەڵەب، کە دڵسۆزی جەنابی عالیی بوو. شیمدی شیخ الوزرا طرەء عنوانیدر: هەنووکە توڕڕەی ناونیشانی شەیخولوزرا، پیری وەزیرانە. اویلە محصول زنا: خائن مادر بخطا: نەویرەی زیناو غایەنی داك بە هەڵەبووی. رخنە جوی حضرت گیلانیدر: لە ڕەخنەگەڕ و گزارە لێ کێشی حەزرەتی گەیلانییە. بو گبی ایشلری چوقدر فلك سفلە نواز: گەردوونی سپڵەلاوێن لەم جۆرە کارە حیزانەی زۆرن. ایستەمز هر نە ایسە شیمەء انسانیدر: هەرچی ئاکاری مرۆیەکییە، نایەوێ. (طبع ناساز جعل را بوی گل درد سراست:) اصل انسان دیدیك جوهر نایاب: ئەگەر ئەو گەوهەرە نایابەی کە ماکی مرۆی پێ بێژی. اولسە اربیلدەکی علامەء ربانیدر: هەبێ، ئەویش زانای گەورەی خواوەندییە. حضرت حاجی عمر زادە کوچك ملا: حەزرەتی عومەر زادە، مەلای گچکە کە. مایەء کسب غنی، سایەء احسانیدر: سایەی دەهەندەیی و چاکەی وی مایەی دەوڵەمەندی وەگیر خستنە. کیمیا مومکن ایسە حاصل فیض نظری: ئەگەر کیمیا کارێکی کردەنی بێ، ئەوە لە سەر شارێی لوتف و چاوێریی ویدایە، جام جم وار ایسە آینەء وجدانیدر: ئەگەر جامی جەم (جەمشید) هەبێ، ئەوە نەینکی ویژدانی وییە. ابن سینا گبی چۆق عالمە حکمت گوسترر: حیکمەت و فەلسەفە بە زۆر زانای وەکو کوڕی سینا نیشان دەدا، سبق آموختەء مکتب عرفانیدر: پێشان فێر بووی فێرگەی عیرفانییە. عرفان: هەویرێکی سەیری لە چەندین فێرگە فەلسەفەییانەی جیهان پێکهاتگە. لە عیرفان (تصوف)دا بیروبڕوای بەرەهمانیان. ڕیواقییان، نەستورییان میهرییان، موسڵمانانی لە خوا ترس، بیر و بۆچوونی ئەفلاتوونییانی نوێباو، تەنانەت شەمەیەك لە ئاینی زەرتوشتیش هەن. عیرفان بە مانای ″میستیك″ یا ″میستیسیزم″،

یا ″گنۆسیسم″، کە بە مانای بە ڕەمز و پێوار، نەپەنی″یە. کە فارس بە ″عرفان″ یان تەرجەمە کردووە. بە گشتی بریتییە لە جیهانبینیی ئاینی تایبەت کە پێوەندیی مرۆ، چ ڕاستەوخۆ و شەخسی و نزیکایەتی (بگرە بە دیدار گەیشتن)ی خوا دەگەیەنێ و پێی وایە لە ڕێی ″شهود″ و ″ ئەزموونی دەروون″ و ″دیدار″ و ″حال″ەوە بە خودا گەیشتن کارێکی لە توانست بەدەر نییە. بەڵام تەسەوف نە لە قورئاندا، نە لە فەرموودەی پێغەمبەردا (د.خ)دا، هیچ بنەمایەکی نییە. ئەوانەی ئایەت و حەدیسی پیغەمبەر بە پێی خوایشتی خۆیان لێك دەدەنەوە، ڕاست ناکەن. تەسەووف لە سەدەکانی ٥، ٦، ٧، ی ك.دا هیندستان و ئێرانەوە، دزەی کردووەتە نێو ئیسلامەوە. نامە پیرای حکم خامە و موعجز أثری: نامە ڕازێنەوەی حوکمی خامەی سروش تەئسیری وی. چهرە پرداز کرم دست زر افشانیدر: ڕوخساری پەرداختکەری کەرەمی دەستی، زێڕ پرژێنی وییە. مظهر صدق و صفا آیینەء ناصیەسی: ئاوێنەی هەنیەی جێ شەوقدانەوەی ڕاستی و بێ خەوشییە. مطلع شمس و قمر دست گریبانیدر: ئەو جێی خۆر و مانگی لێ هەڵدێن، دەست بۆ گیرفان بیەی وییە. ئەگەر وابێ، مانایەکەی وای لێ دێ: خۆر هەڵات و مانگ هەڵات گیرفان و بەریکی وییە. خرقە پوشان در خانەگەء ارشادی: مریدە پەڵاس پۆشەکانی بەر دەرکەی ڕێبەرایەتیی وی. ایریشوب هر بری بر خواچەء خرقانیدر: پێ گەییون و هەر یەکە خواجەیەکی خەرقانییە. خەرقانی: شێخ ئەبولحەسەن عەلی کوڕی جەعفەر کوڕی سەلمانی خەرقانی، یا عەلی کوڕی ئەحمەد کوڕی عاریفی گەورەی سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی، لە ڕوخسارە هێگجار درەخشانەکانی عیرفانی ئێرانییە، کە ئازادانە بیر کردنەوە و خەڵك گەرایی جیهانی و بەرفراوانیی نیگای مرۆڤەکی و بیری بڵندی عیرفانی بە مۆرك و شەقڵی تایبەت و کەم مانەندە. خەرقانی، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی چوارەم و سەرەتایەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە خەرقانی قومس (کومش)، کە ئەوڕۆ ئوستانی سەمنانە، ژیاوە. ئەو لە ساڵی ٣٥١ یا ٣٥٢ی کۆچیدا لە شارۆکەی خەرقانی قومسی سەر بە بوستام (لە سێ فەرسەنگیی باکووری بوستام هەڵکەوتووەو نهۆ سەر بە شارستانی شاروودە لە سەمنان) لە دایك بووە و لە ڕۆژی سێشەمە، دەیەمی مانگی موحەڕرەم (عاشوورا) لە ساڵی ٤٢٥ ك. دا لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا، لە شارۆکەی قەرخاندا، لە دنیای ڕوون سەری نایەوە. خەرقانی شێخ بایەزیدی بوستامیی مەزن، لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا کە شێخ و پێشەنگی حاڵی جەزبە و بیرکردنەوە

و ڕامانی وی بوو، ئەویش وەك عاریفی هاوچەرخی نامێی، شێخ ئەبوسەعید ئەبولخەیر، خیرقەی ئیرشادو تەریقەتی لە شیخ ئەبولعەباس، ئەحمەد کوڕی محەمەد عەبدولکەریم قەسابی عامیری وەرگرتووە. چونکە تنظیم ثنادن صورە تقدیم دعا: چونکە پاش پێشکێش کردنی ستایش و سەنا. نزد ارباب سخن شرط سخندانیدر: لە کن شاعیر و قسە پەروەران، مەرجی قسەزانی و زمان پاراوی شاعیریەتە. قالدیروب درگە مولایە (رضا) دست نیاز – بر دعا ایلە هنگام دعاخوانیدر: ڕەزا دەستی نیاز بۆ دەرکەی خواوەند بڵند کە و دوعایەك بکە، کاتی دوعاخوێنییە. مهر اقبال جهانگیر اولە تا مهر منیر: میهری ئیقبال و دەوڵەتی سەر لەبەری جیهان بگرێتەوە، تا خۆی ڕووناککەرەوە لە گەڕدابێ. بو رواق فلك زینت ایوانیدر: چونکە ئەو، بەزەك و دۆزەکی هەیوانی ئەم ڕیواقی گەردوونەیە.

٢٢

یوزدخی*

(پیتی) زێ

یتمیش سکسان دردیمی درمان ایدە بیلمز
مشکللریمی یوز دخی آسان ایدە بیلمز[١]
یوز اللی ایلە بیتر أما گدی دوران[٢]
یوز اللی قدر لیرەیی احسان ایدە بیلمز
یا دەست تهی گلسە اگر (موسیء عمران)[٣]
ویران اولان تکیەیی عمران ایدە بیلمز

....

(١) مشکلریمی (ت).

(٢) یوز اللی بیتر (ت).

(٣) موسی عمران: (موسایی عمران) اوقونور. (ش)

(*) کێش: بحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)
وەك: ″ اندوە تو شد وارد کاشانەام امشب
مهمان عزیز آمدە در خانەام امشب″

یتمیش سکسان دردیمی درمان ایده بیلمز: حەفتا و هەشتا دەردم دەرمان ناکا. مشکللریمی یوز دخی آسان ایده بیلمز: گرفتەکانم سەدیش ئاسانیان ناکا. یوز اللی ایلە ایش بیتر أما گدی دوران: بە سەدو پەنجا کارەکە مەیسەر دەبی، بەڵام رۆژگاری نامەرد. یوز اللی قدر لیرە بر احسان ایدە بیلمز: ئەوەندەی سەد و پەنجاش ناتوانی چاکەیەك ببەخشی. یا دست تهی گلسه اگر موسی عمران: ئەگەر موسای کوڕی عیمران بەدەستی خالی بی. ویرانە اولان تکیەیی عمران ایدە بیلمز: ناتوانی تەکیەی وێران چاك کاتەوە، تەعمیری کا. هاوئاهەنگیی نێوان (عیمران، بابی مووسا و عیمران بە مانا ئاوەدانکردنەوە) جیناسە.

٢٣

قوماندان فلاطون تدبیر*

(پیتی) شین

طشت زرینی آلوب باشنە دنیایی دولاش(١)

آتکی سور دیەمز کیمسە سکا آتلو یواش

بارك اللە قوماندان فلاطون تدبیر

اختلاسك أوگنە گیچدی نە أل کسدی نە باش

....

(١) دنیای (ت).

(*) کێش: بەحری رەمەل موسەممەن مەخبوون مەقسوور

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان)

وەك: ″ همە کس را تن و اندام جمال است و جوانی

وین همە لطف ندارد تو مـــگر سرو روانی″

طشت زرینی آلوب باشنە دنیایی دولاش: تەشتی زێڕین بە سەر سەرەوە بگرە و دنیا پەی کە. آتنی سور دیەمز کیمسە سکا آتلو یواش: ئەسپی خۆ تاو دە، کەس پیت ناڵێ، هۆ سوارەکە لە سەرەخۆبە. بارك اللّە قوماندان فلاطون تدبیر: بترەژم هۆ سەرکردە، بۆ خۆت و تەگبیری ئەفلاتوونییانەت. اختلاسك أوگنە گیچدی نە أل کسدی نە باش: ڕێی لە دزی و گزی و فزی گرت، نە دەستی بڕی و نە سەر.

٢٤

توفیق بگ میرلوا*

(پیتی) فیّ

نسخـەسی گـلـدی بـکـا سویـلـدیگ مـدح رؤوف
ایچنه بن دخی بر نسنەیی صوقسام دیمه اوف(١)
بـطـن فـضـلـنـده نـهـان نـافـەء حـکـمت آثار
یـنـه چـیـقـدی قـوقـوسی یـعـنـی ریـاح مـألـوف
قـوەء شاعـــرەیـــی شعـــردن آکـــلار عـــارف
مـثـــلاً بـــعـــره ایـلـــه اولـــدی أبـــاعـــر مـعـــروف
ذات والاکـزی مـدح ایـتـمـگـە شایستـه ایـکـن
بـو تـنـزل یـاقـیشیـرمـی سنك ادراکـنـه یـوف(٢)
بـر گـنـیش حـوصلـەوار سنده کـه مـاشااللـه
او گنیش ظرفه صیقار هر نەیی قیلسه مظروف
شربت شعـــر بـــخـــور تـــاکـــه روانت بـــاشد
نشود دفـــع قـــبـــوضیت طـــبـــعت بـــه سفـــوف
بـــو سیـــه اژدره بـــگـــزر قـــلـــم تحریـــرك
کـه آچـوپ آغـزینـی ایسترسه ایدر عـالمی لـوف(٣)
ایش مـــوافـــق گـلـەمـز اولمسه تـوفـیـق رفـیـق
نـیك ویـد جـمـلـەسی تـوفـیـق اوزرنـده مـوقـوف
تـخت یـاپـدیـر ده، چـابـق اول، بـزه گوندر، تـوفـیق
سن دخـی قـاچ غـروشك ایـلـه (رضا)یـه مـصروف

---

(١) صوقارسەم(ت).

(٢) یوف: بوشنه، یوس، بادهوا، بادوا... قاموس ترکی ص ١٥٦٣. ش. سامی.

(٣) آچوب آغزینی (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەڵ موسەممەن ئەصلەم

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فع لن)

وەك: ″هرگز آن دل بنمیرد کە تو جانش باشی

نیك بخت آن کە تو در هر دو جهانش باشی″

نسخەسی گلدی بکا سویلدیگك مدحە رؤوف – ایچنە بن دخی بر نسنەیی صوقسام دیمە اوف: نوسخەی ئەو پەسنە بە بەزەیەی فەرمووتە پێم گەیشت، ئەگەر منیش شتێکی تیْ ئاخنم مەڵیْ ئۆف، بطن فضلندە نهان نافەء حکمت آثار: نێوکی حیکمەت ئاسەوار لە نێو زگی فەزل و هونەریدا وەشارتییە. ینە چیقدی قوقوسی یعنی ریاح مألوف: دیسان بۆنی بای گۆرین هات، واتە بای خواساییی ترِ و تس دیسان هات. قوەء شاعرەیی شعردن آکلار عارف: پیاوی شیعرناس بەهرەی شاعیری لە شیعری شاعیرەوە هەڵدەسەنگێنیْ. مثلا بعرە ایلە اولدی اباعر معروف: بە نموونە وشەی ئەباعر کە کۆی ″بعیر″ە، بەعرە، کە پشکەڵی وشترە، بوو بە ناسراو و نامیْ. مەبەستی ئەوەیە، کە وشتر بە کەرسۆیەکەیدا دەناسییەوە گا بە گۆمدا دەناسییەوە، ئەو کابرایەش بە ترِو تسەکەیدا دەناسرێتەوە، بە قسە قۆڕەکانیدا، کە لە شیعر ناچن، بگرە کە لە ترِو تس دەچن، دەناسرێنەوە. ذات والاکزی مدح ایتمگە شایستە ایکن: لە کاتێکدا شایستەی ئەوەیە پەسنی جەنابی عالیتان بکا. بو تنزل یاقیشرمی سنك ادراکنە یوف: ئەمە هەر وا بە بەلاش و هەرزە بۆ شانی تۆ دەبی، لە شانی تۆ دەوەشێتەوە؟ بر گنیش حوصلە وار سندە ما شاالله: بە راستی جیکلدانەت ماشەللا فرەوانە. او گنیش ظرفە صوقار هر نەیی قلسە مظروف: هەر چییەك بکا بە مەزرووف دەو دەفرە هەراوەی دەپەستی، مەبەستی لە زەرف، قوون و لە مەزرووف، کیرە. دیارە زەرف و مەزرووف، کە بە رواڵەت چامە ستایشەکەیە، کە ئەویش خامەی خۆی تیْ وەرداوە. شربت شعر بخور تا کە روانت باشد: خۆشاوی شیعر وەخۆ، تا زگت رەوان بی، نشود دفع قبوضیت طبعت بە سفوف: قەبزیت بە خوێاوکیش چارەسەر ناکریْ. سفوف: بە دەرمانێك کە بە خویْ وەگیریْ دەگوتریْ. بر سیە أژدرە بکزر قلم تحریرك: خامەت وەك ئەژدیهایەك دەچی. آچوب آغزینی ایسترسە ایدر عالمی لوف: زاری دەکاتەوە، بیەویْ، دنیا هەڵدەلووشی. ایش موافق گلەمز أولمسە توفیق: ئەگەر باشار و سەرکەوتن یار نەبی، کار راست نایە، کار مەیسەر نابی. نیك و بد جملەسی توفیق اوزرندە موقوف: چاك و خراپ هەموو بەسەر سەرکەوتنەوە بەندە. دیارە ″توفیق″ دوو مانای هەس، یەکەمیان بە رواڵەت باشارو سەرکەوتن، دووەمیان، توفیق بەگی میر ئالایە. واتە ئەو هەموو گانکەرە بە سەر جەنابی تۆفیق بەگەوەن.. تخت یاپدیردە، چابوق أول بزە

گوندر توفيق: تەختەکە دروست کەو تۆفیقمان لە بۆ بنێرە. مەبەست، یا باشار و مەدەدمان بۆ بنێرە، یا میرئالای، تۆفیق بەگمان بۆ بنێرە بیگیین... سن دخی قاچ غروش ایله (رضا)یە مصروف: ئەتۆش چەند قرۆشێك بۆ (رەزا) بۆ خەرجی بنێرە. ئەوجا "تۆفیق" دەبیتە مونادایش..

٢٥

أهل عراق*

(پیتی) قاف

معتدل گیتمز هواسی گه صاوقدر گه صیجاق[١]
ناموافقدر مزاجی أهلنه بکزر عراق[٢]
بو عراقك خلقنی (حجاج) اصلاح ایتمدی
هر طرفدن ملتك قانك ایدردی انهراق[٣]
حق تعالی تقسیم ایتمشدر نفاقی اون یره
طقوزك ویرمش عراقك اهلنه بالاتفاق
گیجه گوندوز چالیشر کسبنده بولماز ازدیاد
کیسەسی بوش، قارنی آج، باشی آچیق، یالین ایاق[٤]
مختلف آب و هواسی دردی چوقدر رزقی آز
راحت ایسترسك اگر خاك عراقدن اول اوزاق
زنگینی سکران گبی، مسکینی سرگردان گزر[٥]
باطلی تصدیق ایدرکن حق سوزه ویرمز قولاق
بو عراقك طوپراغنده صوگبی آلتون آقار
صو کنارنده صوسز خلقه صویی اولمش یصاق

---

(١) صاووقدر (ت).

(٢) ناموافقند (ت).

(٣) انهراق (ت.).س

(٤) باش (ت).

(٥) زەنگی (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ هر زمان زین سبز گلشن رخت بیرون می برم

عالمی از عالم فکرت به کف می آورم″

معتدل گیتمز هواسی گه صاوقدر گه صیجاق – نا موافقدر مزاجی أهلنه بگزر عراق: عیراق مجیزی ناسازە، بە خەڵکەکەی دەچی، ئاووهەوای سازگارانە ناڕوا، جاری سارد و کاویژ گەرمە. بو عراقك خلقنی (حجاج) إصلاح ایتمدی: خەڵکی ئەم عیراقە حەججاجی کوری یووسفی سەقەفی چارەسەری نەکرد. هر طرفدن ملتك قانك ایدردی انهراق: لە هەموو لاڕا خوێنی میللەتی دەڕشت. حق تعالی تقسیم ایتمیشدر نفاقی اون برە: خودا دووڕوویی کردووە بە یازدە بەشەوە: طقوزك ویرمیش عراقك اهلنە: نۆی بە خەلکی عیراق بەخشیوە. گیجە گوندوز چالیشیر کسبندە یولماز ازدیاد: شەو و ڕۆژ لە هەڵپەی ژیاندا خەریکە، کەچی هیچی وەگیر ناکەوی. کیسەسی بوش قارنی أج، باشی آچیق، یالین أیاق: کیسکی بەتال، زگی خاڵی، سەری قوت، پێخاوس. مختلف آب و هواسی دردی چوقدر، رزقی آز: ئاووهەوای ناجۆر، دەرد و قوڕبەسەریی زۆر، ڕۆزیی کەم و قوت. راحت ایسترسك اگر خاك عراقدن اول أوزاق: ئەگەر سەرسووکی و ئاسوودەییت گەرەکە، لە عیراق دوور بە. زنگینی سکران گبی، مسکینی سرگردان گزر: دەوڵەمەندی وەك سەرخۆش و دەستەوسانی سەرگەدان دەگەڕێ. باطلی تصدیق ایدرکن حق سوزە ویرمز قولاق: دە کاتێکدا بڕوا بە پڕوپووچ و هەرزە دەکا، گوێ بە قسەی هەق نادا. بو عراقك طوپراغندە صو گبی آلتون آقار: لەم خاکی عیراقەدا، زێڕ وەکو ئاو لەبەری دەڕوا، صو کنارندە صوسز خلقە صویی أولمش یصاق: ئاوی لە گوێی ئاو، لە خەلکەکەی پاوان کراوە.

٢٦

سلطان عبدالحمید خان غازی*

(پیتی) کاف

(قل هوالله احد) حرز سر ماه أفسرك

مست صهبای (ألم نشرح) دل دانشورك

مستشارك عــــقـــل اول هـــمـــدمك (روح الامين)
دستــگـــيــر فــيض أقـدس، (اسم اعــظـم) يـــاورك
تـاج و تـخـتك تـا ابـد مـحـفـوظ (الـلـه الـصمـد)
(آيــة الـكـرسي)   مــدد (انــا فــتـحـنـا) رهـبـرك
ريــــــزه سنگ آستـــانك دره تـــاج الملــوك[١]
قرة   الـــعين سلاطين خـــاكـــپـــاى انـــورك
بــرجــهــان كـفـاره قـارشو، غـمـزهء خـوبـان گـبـى
صف چــكـــوپ آمـــادهء هـــيـجـــا سپـاه صفـدرك
تـــاج و تـــخت دولت يـــونـــان دل عـــاشق گـبـــى
سيــنـــه چـــاك نـــاخـــن سيـــم سمـــنـد عسكـرك
جـوهـر فـردك وجـودى يـوق ديـهن جـاهـل دگـل[٢]
نص قـــاطـــعـدر بـــو دعـوى أوزره نـوك خـنـجـرك
عـرشه آصمـه قـورقـارم عـرشى ده ايـتسون رخـنـه‌دار
جـــوهـــر فـــرد كـــيـــان تـــيـــغ ثـــريـــا جـــوهـــرك
هـــدهـــد شاهـد (سبـــأ) يـــا سايـــهء بـــال هـــمـــا[٣]
يــــا دم بـــــاد صبـــــادر رخش آهـو پـيـكـرك[٤]
جـــانشين فـــخـــر عـــالمسك عـــجب مـــى اولسه‌لـــر
(جم) قولك (كى) بنده (خاقان) كوله (كسرا) چاكرك[٥]
حــى قـــائـــمـلـــه حسابـى بــر گــلــور (عـبـدالحمـيـد)
چـــوق دوام ايـــتسون گـــرگ ذات عـــدالت گستـــرك
مـــرحـــمت كــارا، سلـــيـــمـــان حشمـــتـــا، شاهـــنشهـــا
أى (رضا) لب تشنـــــهء احسان عـــــالـــم پـــرورك
شفـــقت مـــلت نـــوازك صورسه كـــيـــمـــدر بـــو (رضا)
(طـــالـــبـــانـى) (عـــبـدالـرحـمـن) زاده مـورى احـقـرك
مـــهـــر مـــاه اولـدقـچـه رخشان روز و شب، تـابـان اولـه
اوج بـــــرج سلــــطـــــنــــتــــده آفـتـــاب مـنـظـرك

(١) پاره سنك آستانك دره التاج الملوك (ت).

(٢) دیەن (ت).

(٣) هدهد شاهد (سبأو) سایه و بال هما (ت).

(٤) یادەم (ت).

(٥) چاکرن (ت).

(*) کێش: بەحری رەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: " باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدیش

بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش"

قل هو اللّه احد حرز سر ماه أفسرك: سوورەتی قول هووەللاهو ئەحەد، نوشتەی چاوەزاری سەری مانگ تانجت. واتە سەرت وەك تانج وایە. مست صهبای ألم نشرح دل دانشورك: دڵی زانست وەرت مەستی شەرابی ئایەتی "ألم نشرح"ە. شاعیر دوعای خێر بۆ سوڵتان عەبدولحەمید دەکا، دەڵێ ئایەتی "قل هو اللّه" نوشتەی سەرت و دڵی وریا و زانست وەرت بە شەرابی قل هو اللّه مەست بی؛ چونکە ئایەتی ئەم سوورەتە دەڵێ خواوەند سینگی پەیامبەری شەق کرد و لە هەموو خەوش و بەلغێکی خاوێن کردەوە و بە ئەوینی خۆی مەستی کرد. مستشارك عقل أول، همدمك روح الامین: راوێژکارت عەقڵی ئەووەل، هاودەمت حەزرەتی جبرائیل. مەبەست لە "عقل أول" یەکەم ئەقڵ لە دە ئەقڵەکان کە لە فەلسەفەدا باسی کراوە، واتە یەکەم ماکی دنیا پەیدابوون.. دیارە بە پێی فەلسەفەی ئایدیالیستان.. دستگیرك فیض أقدس، (اسم أعظم) یاورك: دەستگیرت فەیزو بەرەکەتی پیرۆزتر و نێوی گەورەتر یاوەرت. مەبەست لە ئیسمی ئەعزەم، نێوی خوا "اللّه" یە. تاج و تختك تا أبد محفوظ (اللّه الصمد): تاج و تەختت هەتا هەتایە دە پەنای ئایەتی "اللّه الصمد"دا بی. "صمد" بە مانای پتەو، مەحکەم دێ. "آیة الكرسي" مدد "إنا فتحنا" رهبرك: ئایەتولکورسی مەدەدکار و ئایەتی إنا فتحنا رێبەرت بی. ریزە سنگ آستانك درەء تاج الملوك: وردە بەردی بەر هاسانەکەت مرواریی تانجی شایانە. قرة العین سلاطین خاکپای انورك: قورەتولعەینی سولتانان خاکی بەری پێی تۆی لە هەموو رووناکییەك رووناکترت. "قرة العین" بە کوردی بە مانای چاورِوونییە. وشەکە لە قر – یقر –وە هاتووە، واتە

چاو فینك بوونەوە. عەرەب کە بە یەکی دەلی قرت عیناك، واتە چاوت فینك. دە قورئاندا دەفەرموێ "لکي تقر عینك" واتە: بۆ وەی چاوت فینك بیتەوە. بر جهان کفارە قارشو، غمزەء خوبان گبی – صف چکوب آمادەء هیجا سپاە صفدرك: سپای درِ بە ریزی لەشکردەرت دە هەمبەری جیهانێکدا لە کافران، وەك غەمزەی جوانانی چاك سانی بەست، ریز بوو، ئامادە و تەیار بوو. تاج و تخت دولت یونان دل عاشق گبی: تاج و تەختی دەولەتی یونان وەك دلی عاشق. سینە چاك ناخن سم سمند عسکرك: سینە سبە بە چنگوڕکی سمی سەمەندی سەربازانت هەڵدراو. سەمەند بە ئەسپێکی زەرد ئامالّ دەبێژرێ. جوهر فردك وجودی سوق دیەن جاهل دگل: ئەوەی کە دەڵێ جەوهەری فەرد نییە وە نەبی نەزان بی. نص قاطعدر بو دعوی اورزە نوك خنجرك: نووکی خەنجەری تۆ بوو ئەم کێشەیە بەڵگەی بێ چەند و چوونە، دەقی بێ گومانە. دەلی فەیلەسووفان لە سەر جەوهەری فەرد، داخوا هەیە یان نییە، هەرایانە و لە کێشەدان، یەك دەڵێ هەیە و یەك دەڵێ نییە. لە پێشترێ باسی ئەوەمان کرد، کە زانست ئەمەی ساغ کردووەتەوە و "جوزئی لایەتەجەززا" ئەفسانەیە و راست نییە، واتە هەموو شتێ بە سەر خۆیدا دابەش دەبی و هەرگیز دوایی نایە.. ئەمەش بە کردەوە، زانستی ئەتۆم ساغی کردووەتەوە دیارە لە دنیای مادەدا. شاعیر ستایشتی سوڵتان دەکا، دەڵێ ئەوەی دەڵێ جەوهەری فەرد نییە، نەزان نییە، چونکە نووکی خەنجەری جەوهەرداری تۆ ئەم کێشەیەی یەکلا کردووەتەوە، کەواتە خەنجەری تۆش جەوهەرە و جەوهەری دیکەش هەیە، جەوهەری فەرد نییە مادامێکی خەنجەری تۆش جەوهەرە، دیارە لە یەك جەوهەر زێتر هەیە و مەفهوومی "حصر" راست نییە و "تعدد" هەیە. فەردایەتی، تاکایەتی نییە تەنێ خوا نەبی.. بەلام شێخ ڕەزا لە پەسنی چکۆڵەیی زاری ماشووقدا، ئەمەی بە پێچەوانەوە گوتووە، لەوێدا دەڵێ زاری ماشووق هێند گچکۆکەیە، بووە بە جوزئی لایەتەجەززا، ئەوەی کە ئیدی بە سەر خۆیدا دابەش نابی... عرشە آصمە قورقارم عرشی دە ایتسون رەخنەدار: خەنجەرت بە عەرشەوە هەڵ مەواسە، دەترسم عەرشیش رەخنەدار کا. جوهر فرد کیان تیغ ثریا جوهرك: جەوهەری فەردی کەیانییان، تیخی کو، جەوهەری تۆن. "هدهد شاهد (سبأ) سایەء بال هما – یا دم باد صبا در رخش آهو پیکرك: پەیوە سلێمانکەی شاجوانی "سەبەء" و باڵی هوما – یا وزەی بای سەبا رەخشی پەیکەر مامزتن. جانشین فخر عالمسك، عجب می اولسەلر. ئەتۆ جێنشینی جێی شانازی جیهانی، چما هیچ سەیر لەوەدا

هەیە. "جم " قورك "کی" بندە "خاقان" کولە" کسرا" چاکرك: جمشید بەندەت، خوسرەو کۆیلەت کیسرا نۆکەرت بن "سبأ" نێوی شارێکە لە عەرەبستانی کۆن، لە وڵاتی یەمەنیٚ کە شای وی بە بەڵقیسا نامیٚ بوو و بە قسەی تەورات بە دیداری پادشای جهودان، سلیمان گەیشتووە و سەروساختی دۆستانەی دەگەڵدا بنیات ناوە و بەپێی قسەی باوی ئیسلام شووی پیٚ کردووە. هدهد "ع. الهدد": پەرەولێکە لە تەرحی بـــاڵسووك " POSSEREOUX ف." دنـــدووك نـــاسك " Tenuirostrف." ەکـان کـە دندووکێکی نووك تیژ و درێژ و خوار و لەشێکی هێندەی سار، سارچە، سرچە، پاساری، چویك و کێشکەی هەیە و گەزەندە خۆرە. بە تەنیا دەژی و لە بەژنی داران هێلانە هەڵدەکۆڵی. تانج کلاوێکی جوانی هەس و وەك باوەشین دەتوانی وەی کاو دای ئێخی. ئەوجا لەبەر هەندیٚ "شەبەسەر"ی پیٚ دەگوتریٚ. وا مەشهوورە کە پەیکی حەزرەتی سلیمان بووە و نامەی لە نێوان حەزرەتی سلیمان و شا بەڵقیسدا پیٚ نێردراوە. هما "پ . همای": بە مانای پیرۆز، فەرخوندەیە. باڵدارێکی راویی رۆژانەیە، لەشێکی تا ئەندازەیەك درشتی هەس. پەڕی سەرەوەی مشکی رەنگ و ئامال سپییە و رەنگی سینگی ئامال زەردی مەیلەو خەنەییە و چەند پەڕێکی بڵندتری بەسەرەوە هەیە و بە هەردوو لایدا شۆڕ دەبنەوە و هیندی پەریش دە بن دندووکیدا هەن و لێی بوون بە نەخش. ئەم پەرەو لە بەستەزمانە هەر چەند بە جۆری راوی ڕۆژانە لە قەلەم دریاگە، بەلام خۆراکی لە هیسك زیتر نییە و هێسکان لە سەر زەوین کۆدەکاتەوە و لە بڵنداوییەوەی بە سەر بەردی چیاکاندا هەڵدەدێرێتە خوار و پاش هورد و خاش بوونی، دەیانخوا. پێشینان ئەم باڵندەیەیان بە مایەی بەختەوەری زانیوە و پێیان وا بووە کە سێبەری بەر هەر کەسیٚ کەویٚ بە خۆشبەختی بەرخوردار دەبی. حی قائمله حیسابی بر گلور "عبدالحمید": عەبدولحەمید حیسابی دەگەڵ "حی قائم"دا کە خوایە، یەك دەردەچیٚ. چوق دوام ایتسون گرك ذات عدالت گسترك. زاتی داد بەربلاوت هەمیشە هەر بەردەوام بی. مرحمت کارا، سلیمان حشمتا، شاهنشها: ئەی کار بەزەیی بە خەڵکدا هاتنەوە، ئەی سلیمان دەبدەبە و سەنسەنە، ئەی شای شایان: ئەی "رضا" لب تشنەء احسان عالم پرورك: ئەی رەزا لێو تینووی چاکە و بەخششتی جیهان پەروەرت. شفقت ملت نوازك صورسه کیمدر بو "رضا" ئەگەر ئەم رەزایە بپرسی بـەزەیـی نـەوازی مـلـتـت کـێـیـە؟ "تـالـبـانـی" عـبـدالـرحـمـن زاد" مـور احـقـرك؟ دەڵێم: عەبدورەحمان زادە نازناو تاڵەبانی، مێرووی لە هەموو کەمینان کمتەر. مهر ماه

اولدقچه، روز و شب، شابان اوله – أوج برج سلطنتده آفتاب منظرك: مانگ و ڕۆژ له گەڕانی خۆری دیمەنت شەو و ڕۆژ لە پشکی فەرمانڕەواییدا، هەمیشە هەر تابان و درەوشاوە بی.

٢٧

حمزه پاشا*

(پیتی) کاف

نشر اولندی تزك تازه گبی بر غزلك
اول تزكدن بیلورم حالی یماندر صقالك(١)
صقلك هر بری جاروب خلایه دونەجك
حمزه بابا بو ایسه زادهء طبع جعلك
گیت سنك عزلك ایچون کیمسه تأسف ایدەمز
تا کوپك وار ایسه کرکوکده سنك چوق بدلك(٢)
بو لوادە املك قالماق ایدی بیللرجه(٣)
گوتنه قویدی فلك رشتهء طول املك
سنی تشییع ایدرم دیدهء گریان ایله آه
دوشمدی دامه اول بچهء آهو کفلك
اوپریم لبلرینی، اشك ندامت توکریم
او لب غنچه دهن، اول پسر لب عسلك
گلیریم بن ده سزکله بینریم آرقه کزه(٤)
بر ایمش مادهلری چونکه جمیلی جملك
عزل عالیکزه ظن ایتمه (رضا) اولدی سبب
سوء کردار و فساد عمللر عملك

---

(١) جاوربی خلایه (ت).
(٢) ... کرکوکده چوقدر بدلك (ت).

(٣) بيلرجه (ت).

(٤) گلردم (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك: " هر كه دو كـوى خرابات مـرا بار دهد

بە كمال و كرمش جان من إقرار دهد"

نشر أولندى تزك تازه گبى بر غزلك: غەزەلێکت وەکوو تەپاڵەی تەڕ بڵاوبووەوە. أول تزكدن بيليورم حالى يماندر صقالك: بەم تەپاڵەیەدا دەزانم ریشت حاڵی پەرێشان. صقالك هر برى جاروب خلايه دونەجك: هەر تەڵێ لە مووی ریشت دەبی بە گەسکی ئاودەستخانە. حمزه بابا بو ايسه زادهء طبع جعلك: هەمزە بابا، بیت و ئەمە بێ مجێزی قالۆنچانەت. كيت سنك عزلك ايچون كيمسه تأسف ايدەمز: بڕۆ حەوت بەرد لە شوێنت، کەس داخت بۆ ناخوا، کەس گونت لۆ لە خم نادا. مەبەستی ئەوەیە کە ئەو شیعرەی حەمزە پاشا بڵاوی کردووەتەوە لەو گووە دەچی، قالۆنچە و کیزك خلی دەدەن. چونکە زۆر هیچ و پووچ و قۆڕە. قسە قسە تێرێ: ئەم قالۆنچە بیلا مانێ گوو خلدەرە، ڕۆژگارانی کۆن، میسرییان پەرستوویانە و لە سەردەمی تەوتەمییەت (دار و دەوەن و جانەوەر و تەیر و توو پەرستن)دا بە سەرچاوەی خێر و بێریان لە قەڵەم داوە؛ چونکە پێیان وابووە ئەو پیساییەی لە چاڵێکدای بۆ توێشەی زستانی وەدەشێری، مایەی بڕشت و بڕستی زەوین بووە و بێ ئەو گووە، کە بۆ زەوین بووە بە پەین، کشتوکاڵ سەرناگرێ. هەکە لە درۆشمی میسریی کۆن ورد بییەوە، دەبینی گۆیەك لە نێوان دوو شاخی قالۆنچەیەکدایە، بەڵام پاشان ئەم خلە گووە بووە بە گۆی ڕۆژ و بۆ خۆت دەزانی تیشکی ڕۆژیش هەر سەروکاری بە کشتوکاڵەوە هەیە. ئەمە یەك. دووەم بۆ شایەتیی ئەم قسەیە، میسرییەکان بە سەدان قالۆنچەیان لە دار و شتی دیکە دروست دەکرد و دەگەڵ مردووانیان، لە گۆڕخانەکانیاندا وەدەشێردن، کە گۆیا نیشانەی ئەوەیە کە مردوو زیندووە و هەروەکوو لە دنیای ڕووندا پێویستی بە هەموو شتێکە، هەروا لە دنیای تاریکستانیشدا پێویستی بە خۆراك و شمەك و هەموو جۆرە کەلوپەلێك هەس... لەبەر هەندێ، هەموو شتێکیان دەگەلدا، لە گۆڕخانەکاندا، بۆ دادەنان. ئەمەش لە هەڵکەندنی گۆڕخانە قووچەکەکانی میسردا، ئاشکرا بە دیارکەوتووە و گومانی تێدا نییە... گيت سنك عزلك ايچون كيمسه تأسف ايدەمز: بڕۆ

ئەستۆت ورد کە، کەس خەم و داخت بۆ ناخوا. تا کوپك وار ایسە کرکوکدە سنك چوق بدلك: تا سەگ لە کەرکووکدا هەبی، جیاتیت زۆرن. بو لوادە أملك قالماق ایدی بیللرحە: بە هەویای ئەوەوە بووی لەم پارێزگایەدا چەندین ساڵ بمینییەوە. گوتنە قویدی فلك رشتەء طول أملك: کەچی رۆژگار سەربەنی هەویای درێژی لە قوونت نا. سنی تشییع ایدریم دیدەء گریان ایلە آه: ئەگەر بە دیدەی گریانەوەت بەرەو گۆڕستان بە ڕێ کەم: دوشمدی دامە أول بچەء آهو کفلك: بە داخەوە سمتی وەك سمتی ئەو مامز بێچووەتم بە داوەوە نەبوو. أوپریم لبلرینی أشك ندامت توکریم: لێوەکانت ماچ دەکەم، فرمێسکی پەشیمانی دەڕێژم. أول لب غنچە دهن، اول پسر لب عسلك: ئەو کورە خونچە لێوەکەت، ئەو لێو هەنگوینەکەت ماچ دەکەم. گلیریم بن دە سزکلە بینرم أرقەکزە: ئەمنیشو دەگەڵ دێم، سواری پشتوو دەبم. ایمش مادەلری چونکە جمیل جملك: چونکە مادەی وشەی "جمیل" و "جمل" یەك شتە. واتە وەك وشتر وای. عزل عالیکزە ظن ایتمە (رضا) أولدی سبب: پێت وا نەبی (رەزا) بوو بە هۆی دەست لە کارکێشانەوەتان، لە کاردەرکردنتان. سوء کردار و فساد عملندر عملك: ئەوە لە خراپیی کردەوە و چەوتیی رەفتارتەوەس.

٢٨

در مدح عبدالله پاشا کە حملە برسر عشیرت میراودلی برد*

(پیتی) کاف

دامـــان دلـــیـــرانـــەء بـــنـــد کـــمـــر ایـــتـــدك
کـــوە و کـــمـــر پشدری زیـــر و زبـــر ایـــتـــدك
کـــاشـانـــەلـــری اوج ثـــریـــا ایـــلـــە هـــمـــدوش
بـــر طـــائـــفـــەء اشراری هـــم آغـــوش یـــر ایـتدك
تـــابـــع اولانـــی یـــرلـــریـــنـــە ایـلـدك اسکـــان
طـاغـی قـالانـی صـاغـە سوروب دربدر ایـتدك
خـیـبـر گـبـی بـر قـلـعـەء آلمق دگــــل آسان
الـلـە ایـچـون ای حـضـرت والـی هـنـر ایـتدك

صف بستــهء جـنگ ایـلـدیـگك عسكـر اوگـنـده
جـولان ایـدەرك مـلـتـه جـانك سپـر ایـتدك[1]
قـیـردك قـوەء طـاغـیـەنك انـفـنـی مـكسور
هــپ آنـلـری مـحـكـوم بـر أدنـی نـفر ایـتدك
بـیـلـدرمك ایـچـون سلـطـنت و شان و شكـوهـی
گـوش فـلك الأطـلسی طـوپ ایـلـه كـرّ ایـتـدك
ایــرانـــی دخـــی ألمق ایــدی مــقــصدك أمــا
انـصافـه یـاقشمـاز دیـو صرف نـظـر ایـتـدك
اسلـوب حـكـیـمـانـه ایشی عـوقـه صالـوردی
تشهـیـر سلاح ایـلـه سوزی مـخـتـصر ایـتدك
عشق اولسون اگر بـویلـه ایسه دوریـه چـیقمق
چشم ظـفـره جـلـوه ویـران بـر سفـر ایـتدك
عـصرك گـیـدیشی مـنـهـج عدل اوزره دگلـدی
فـتـحكلـه آنـی رشك زمـــان عـــمـــر ایـــتـدك
بـر حـمـلـه ایـلـه قـالمادی قـارشنده مـبـارز
أی فـــارس مـــیــدان شجـــاعت نـــەلـــر ایـــتـدك
یـــوز سورمك امـــیـــدنـــده ایـــدم پـــایـــنـــه أمـــا
بـخـتـم بـكـا یـاو اولمادی چـابـوق گذر ایتدك
یـــاخـــود صاقـــنـــمـــق عـــادت ایمش شاه گـدادك
شاعــــردە گـــدادر دیـــو آنـــدن حـــذر ایـــتـدك[2]
یـــا بشقـــه سبب دن طـــولایـــی شیـــخ (رضـا) نك
خـــوش گـــوكـلـــنـــی پـــامـــال سپـــاه كـدر ایـتـدك[3]

---

(١) سبر (ت).

(٢) دواندن (ت).

(٣) خوشلولكی (ت).

(*) كێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەكفووف مەحزووف

(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)

وەك: ″آن را که خدای از قلم لطف نگارد

شاید که بر او زحمت مشّاطه نیارد″

دامان دلیرانەیی بند کمر ایتدك: شاقەڵی دلێرانەت هەڵکرد، مەردانە هاتیە کار. کوه و کمر پشدری زیر و زبر ایتدك: چیا و بەردی پشدەرت ژێر و ژوور کرد. وشەی ″کمر″ بە مانای پشتیش و بەردیش دێ. ئەم کەمەرە کە بە گۆرانییە، لە کوردیی باکوردا بووە بە کەڤر، لە هێندێ ناوچە گەرمیان ″کەور″ یش دەگوترێ. هەروەها ″تەوەن″یش و ″کوچك″یش دەگوترێ. کاشانەلری أوج ثریّا ایلە همدوش – بر طائفەء أشراری هم آغوش یر ایتدك: تیرەیەکی بەدکارت، خانە و کاشانە دەگەڵ لووتکەی کۆدا هاوشانت، هاوباوەشی زەوین کرد. واتە ئەوانەی سەریان لە ئاسمان دەسوی دەگەڵ زەویندا بە یەك کرد. تابع أولانی یرلرینە ایلدك إسکان: ئەوانەی ملیان دا لە جێی خۆت دامەزراندن. طاغی قالانی صاغە سوروب دربدر ایتدك: سەرکێش و کەڵەوەکێشت بەرەو لای ڕاست ڕادان و دەربەدەرت کردن. واتە بۆ ئێرانێت دەرکردن. ئەم چامەیە بە ڕواڵەت ستایشت و پەسنە، بەڵام لە ناوکرۆکدا تەوس و گاڵتە پێکردنە.. چونکە عەبدوڵڵا پاشا لەم شەڕەدا سەر نەکەوت و بە سەرشکاوی و قوون دڕاوی لە شەڕی پشدەرێ وەگەڕا و لە کاریش وەلا نرا. خیبر گبی بر قلعەیی آلمق دگل آسان: گرتنی قەڵایەکی وەك خەیبەر کارێکی هاسان نییە. اللّە ایچون ای حضرت والی هنر ایتدك: پیاو بۆ خوا بڵێ بە ڕاستی هونەرت نواند. صف بستەء جنگ ایلدیك عسکر أوکندە: بەو ڕێز و سان بەستنی شەڕەی لە پێش لەشکرتدا نواند. جولان ایدەرك ملتە جانك سپر ایتدك: گیانت بە تاخت و تاز و لە دژمن هەڵکردنەوە کرد بە سەنگەرو سوپەر. قیردك قوەء طاغیەنك انفنی مکسور: دەماخی هێزی سەرکێش و هارت شکاند. هپ آنلری محکوم بر أدنی نفر ایتدك: ئەمانەت سەرلەبەر کرد بە ژێر دەستەی نەفەرێکی لە هەمووان پلە و پایە نەویتر. بیلدرمك ایچون سلطنت و شان و شکوهی – گوش فلك الأطلسی طوپ ایلە کرّ ایتدك: بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی و شان و شکۆی فەرمانڕەوایی بە دنیا ڕاگەیەنی، گۆی گەردوونی ئەتلەسیت بە گرمەی تۆپ کەڕ کرد. ایرانی دخی آلمق ایدی مقصدك أما: دەت هەویست، ئێرانیش بگری، بەڵام فەرمووت لەگەڵ ویژداندا ناگونجێ، وازت هێنا. اسلوب حکیمانە ایشی عوقە صالوردی: شێوەی حەکیمانە و ئاقڵانە کارەکەی گۆج دەکرد. تشهیر سلاح ایلە سوزی مختصر ایتدك: بە چەك هەڵکێشان قسەکەت کورت و موختەسەر کردەوە. عشق أولسون اگر بویلە ایسە

دوریە چیقمق: ئافەرین، ئەگەر ئەمە کاری پاسەوانی و بۆدەورییە دەرچوون بێ. وشەی ″دوریە″ بە مانای چەرخەی پاسەوانە. زۆر جاری وابووە، عوسمانی بۆ بزواندنی هێزی سەربازی لەشکرێکی بە ناوی دەوریەوە دەنارده سەر کوردستان، سربستان یۆنانستان، چییە؟ وەڵڵا سەرباز ماندوون، با کێشمانێکی خۆیان بدەن و برش هەڵ نەهێنن. تورکی ملهوڕ بە بیانووی ئەمەوە دەکەوتنە وێزەی خەڵکی بەستەزمان، بزنیان لێ دەستاندن، پووڵیان لێ دەستاندن و..... و .... والییبەکانی بەغدا کە بە زۆر، کەنیزێکی ئەرمەنی، یا لاز، یا ئەنجاز، یا بۆسنی، یا هەرسەك، یا ئەڕنەووتیان بە تاڵان دەبرد و دەگەڵ ئەوەکەی ئەوڕۆ، جاشی کەرێك بوون، هەمیشە دەگەڵ سەردارانی کورد بە بڕوبیانوو بوون و گەڕیان پێ گێڕاون و بووە بە شەڕ و هەڵڵا و کوشت و کوشتار، جارێ پشدەر، جارێ بلْباس، جارێ ئاکۆ، جارێ ماکۆ و هتد... لەبەر ئەوە جارێ بە سەرشکاوی و قوون دڕاویی والی و لەشکری والیش شکاوەتەوە... ئەم کارە مێژووییەی عوسمانی بۆ هێندێ هەتیوچەی کۆنە دووڕەگ و سێ ڕەگ و بەرماوەی سەردەمی عوسمانیی گۆڕبەگۆڕ، پاش ئەوەی ئینگلیس بۆ نەوتی کوردستان، عوسمانیی خوێڕووی، لە بەغدا و بەسرا و کوردستان وەدەرنا و بە ناو حوکوومەتی عێراقی دامەزراند، مایەوە. لە شەڕی کوردستاندا کابرایەکی ئەحمەقی گەمژە کە نێوی عەبدوسەلام عارف بوو، کە چەوساوەی پێ پەتیی دەنارده سەر کوردستان دەیگوت ″الجیش العراقی″ بۆ ″نزهة″ دەنێرم... پێی وابوو، شەڕی کوردستان گەشت و گەڕانە... بەڵام هەر بە قووندڕاوی و سەرشکاوی دەگەڕایەوە... تەنانەت چەوساوەی وڵاتی شامیشیان دەو ″نزهە″یەدا تاقی کردەوە، بەڵام ئەو خوێڕووە، بە بنەچەکە بەرماوەی سوریان و ئارام و گاڕان و هارانە، لە چەوساوەی بەغدایێ قووندڕاوتر و سەرشکاوتر دەگەڕانەوە.... چشم ظفره جلوە ویران بر سفر ایتدك: بە ڕاستی سەفەربەرێکی وات کرد چاوی زەفەر و سەرکەوتنت ڕوون کردەوە، عصرك گیدیشی منهج عدل أوره دگلدن: ڕەوت و ڕەفتاری سەردەم و زەمانە لە سەر بەرنامەی داد و عەداڵەت نەبوو. فتحکلە آنی رشك زمان عمر ایتدك: بەم فشە فش و سەرکەوتنەت، ئەم سەفەرەت کرد بە مایەی ئێرەیی و حەسوودییی سەروبەندی ئیمامی عومەر، واتە هێندە سەرکەوتنێکی گەورە و گرانت وەدەست هێنا، زەمانی ئیمامی عومەر بەخیلیی پێ دەبا، بر حملە ایلە قالمادی قارشندە مبارز – ای فارس میدان شجاعت نە لر ایتدك: بەختم بە یار نەبوو هەر زوو تێ پەڕی. یاخود صاقنمق عادت ایمش شاه گدادك: یاخۆ، عادەت وایە شا خۆی لە گەدا و سواڵکەر دەبێ بپارێزێ.

شاعرده گدادر دیو أندن حذر ایتدك: فەرمووت، شاعیریش گەدایە، سڵت لێ کرد و لێی
پرینگایەوە، یا بشقه سببدن طولایی شیخ (رضا) نك: خوش گونلکی پامال سپاه کدر
ایتدك: یا لەبەر هۆی دیکه خۆشی خۆشیی شێخ ڕەزات پێخوستی سپای خەم کرد.

٢٩

مدحیه*

(پیتی) واو

سن أی میرلوا الهام ربانیله ملهم سن(١)
بیلورسن سرّ غیبی عالم أسراره محرم سن(٢)
بو استعداد ایله سردار أکرمدن مکرّم سن
دگل سردار أکرم صدر أعظمدن معظّم سن
گروه اشقیا قارشنده طوفان غضب اما(٣)
(رضا) آسا اولان بیچارەلر حقنده ارحم سن

---

(١) میری لوا (ت).

(٢) سری غیبی (ت).

(٣) گروهی أشقیا (ت).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″ تو از هر در که باز آیی بدین خوبیّ و زیبایی

دری باشد که از رحمت به روی خلق بگشایی″

سن ای میر لوا الهام ربانیله ملهم سن: تۆ ئەی میری لیوا (جەنراڵ)، بە سرووشی خوایی گۆش کراوی. بیلیرسن سرّ غیبی عالم اسراره محرم سن: پەنامی پێوار دەزانی و لە نهێنی و ڕازەکان ئاگا و خەبەرداری. بو استعداد ایله سردار أکرمدن مکرم سن: بەم بەهرەیەوە، لەلایەن سەرداری لە هەمووان بە کەرەمترەوە، کەرەم پێ بەخشراوتری. دگل سردار أکرم صدر أعظمدن معظّم سن: نەك هەر سەرداری ئەکرەم، بگرە لە صەدری ئەعزەم (سەرۆکی وەزیران)یش مەزنتری. گروه أشقیا قارشنده طوفان غضب أمّا: دە بەرابەر دەستەی یاخی و ئەشقیادا باو بۆرانی تووڕەیی و ڕکی.

(رضا) آسا أولان بیچارەلر حقندە أرحم سن: ئەتۆش وەك (ڕەزا) لە بۆ بێچارە و بێ نەوایان، بە بەزەتری.

٣٠

أهل توحيد*

(پیتی) کاف (ن)

دلـی مـرآت شوق کـبـریـادر أهـل تـوحـیدك
شهـودی هـر نـفس ذوق لـقـادر أهـل تـوحیدك
زر خـالص ایـدر قـلب سیـاهـی خـارق عـادە
غـبـار خـاکـپـای کـیـمـیـادر اهـل تـوحیدك
لسان حـالـی حـل طـلسمـات عـجـایـبـدر
مـحـقـق هـر بـری مشکل گشادر أهـل تـوحیدك
دم عـیسی احـوالـی، یـد بـیـضادر اقـوالـی
کـلام جـانـفزا، نـطـقـی شفـادر أهـل تـوحـیدك
یا (ابراهیم ادهم) در یا خود مخدوم اعظم در
(رضا) یـە هـر بـری مـرد خـدادر اهـل توحیدك

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: ″ دلا یاری دگر جستی بدین کار از تو خوشنودم
تو از زاری بیاسودی من از خواری بـیاسودم″

دلی مرآت شوق کبریادر أهل توحیدك: بەرەی خوا بە یەك زانان دڵیان نەینکی شەوقی گەورەیی خوایە. شهودی هر نفس ذوق لقادر أهل توحیدك: بەرەی خوا بەیەك زانان خوا لە یەك پشوودا بۆ بەدیارکەوتنیان زەوقی بە دیدار شادبوونیانە. مەبەست لە ″شهود″ پـەردە لـە نـێواندا نـەمـان و خـوا، چـە بـە دڵ، بـە چـاوی مرۆیـەك کـە لـە بەندوباری دنیا خۆی ڕەها کردبێ، مەبەست ئەوەیە کە موسڵمانی خوا بە ڕاستی و بە زانست بە یەك زان، زەوق لە دیداری خوا وەردەگرێ. ″عرفان″ کۆمەڵێك زاراوەی

تایبەتی هەن: شوهوود، ویسال، وەجد... سۆفی پێی وایە مرۆ بۆ وەی بە شوهوود بگا، دەبێ، بەم هەڵدێرانەدا تێپەڕێ: خواست، ئەشق، لە دنیا دەستبەرداری، خوا بە یەك زانین، سەرسوڕمان، لە خوادا توانەوە... زر خالص ایدر قلب سیاهی خارق عادە: زێڕ بێ خەوش دەکا و دڵی ڕەش لە عادەت بەدەر دەکا. یا دڵی ڕەش وەك زێڕی بێ خەوش لێ دەکا . غبار خاکپای کیمیادر أهل توحیدك: بەرەی خوا بە یەك زان گەردی خاکی پێیان کیمیایە. لسان حالی، حل طلسمات عجایبدر: زمانی حاڵیان، گرێ خاوکەرەوەی تەلەسمە سەرسوڕهێنەکانە. محقق هر بری مشکل گشادر أهل توحیدك: بێ گومان هەر یەکێ لەبەرەی وان گرفت ڕەوێنە. دم عیسی در أحوالی، ید بیضا در أقوالی: ئەحواڵیان، حاڵ لێهاتنیان هەناسەی حەزرەتی عیسایە، قسە و فەرمایشتیان وەك پەرجووی حەزرەتی پەیامبەرە، کە خودا فەرمانی دایێ دەستی پیرۆزی لە بەرکی وەك مانگی سپی دەرێنێ. کلام جانفزا، نطقی، شفادر أهل توحیدك: بەرەی خوا بە یەك زان وتەیان جونبوشی گیان زێدەکار و فەرمایشتیان شیفابەخشە. یا (ابراهیم أدهم) در یاخود مخدوم أعظم در: هەر کێهەیان دەگری، ئیبراهیم ئەدهەمێکە بۆ خۆی، یا مخدوومی مەزنترێکە. مەبەست لە مەخدوومی ئەعزەم: حاجی محەممەدی خەبووشانی، لە مەزنانی عارفانی سەردەمی شا سمایلی سەفەوی لە کەڵە وەلییان پەروەرانی ئەهلی بەیتە، مریدی شێخ محەممەدی لاهیجی و سەید محەممەدی نوربەخش بوو. لە ساڵی ٩٣٨ ك. دا لە خوارزم بەرەو بارەگای سۆمای چاوان باروبنەی پێچایەوە. مەبەست لە ئیبراهیم ئەدهەم: کوڕی مەنسوور، کوڕی بەڵخی، ئیبراهیمی ئەدهەم یەکێ لە مەزنانی دەست لە دنیابەردارانی نیوەی سەدەی دووەمی کۆچی، لە ساڵی ١٦٠ یا ١٦٦دا، لە غەزای بیزەنتییە شەهید بوو. محەمەد کوڕی کوناسە، شاعیری کەرخیی خوشکەزای، کە دە ساڵی (٢٠٧ك.)دا چامەیەکی شیوەنی بۆ گوتووە، لەوێدا دیاردیی بۆ ئەوە کردووە کە گڵکۆی ئیبراهیم لە شاری ڕۆژاوایە؟ خاوەنی (الاغانی) گۆڕی بە (الجدث الغربی) نێو بردووە. بە قسەی بەندوباوی دیکە، ئارامگای وی لە ″سوقین″ یەکێ لە قەڵایەکانی ڕۆمە و دەڵێن شازادەی بەڵخ بووە. ڕۆژێك لە ڕاو و شکارگایەکدا، لە پێوارەوە بانگێك بەر گوێی دەکەوێ، کە ئەی ئیبراهیم، ئایا تۆ بۆ ئەو کارە هاتی؟ بە بەر گوێ کەوتنی ئەم بانگە دڵ و دەروونی بە شوور و پەژارە کەوت و لە ئەسپەکەی پیادە بوو، کراسەکەی خۆی بە یەکێ لە شوانەکانی باوی بەخشی و رووی لە بیابان کرد. دێر زەمانێك کات و ساتی لە چیا و چۆلان بە سەر برد. پاشانەکێ چووە مەککەی شەریف، دراوسێتی

ماڵی خوای کرد و لەوێ بە دیدار و هاودەمیی چەند پیاوچاکێکی وەکوو فەزڵی عەیاز و سوفیانی سەوری گەیشت. بە قەولێ بە خزمەتی ئیمام محەمەدی باقریش (د. خ.) گەیشتووە. سەرەنجام چووە شامێ و تا پایانی تەمەنی لەوێندەر ژیا. ئیبراهیم ئەدهەم کەرامەتی زۆری وەپاڵ دەدرێ و نێوی لە کن تورکان بە نمای پیرۆزییەکی لە خواسایی بەدەر بەربڵاوە. لە کن بەرەی تەریقەت و شاعیرانی سۆفی مەشرەب زۆر زوان زەدە. (رضا)یە هر بری مرد خدادر أهل توحیدك: خوا بە یەك زانان، هەر کێهەیان دەگری، بۆ (ڕەزا) پیاوێکی خوایە.

٣١

حمزە پاشا هجوی*

(پیتی) لام

تیکدی پالان خری ایشتە علی الاستعجال(١)
شرقدن غربە خروج ایلیەجکدر (دجّال)
پایمال ایتدی بوتون ملت اسلامی یازیق
أی مسیحا یرە ایندرمە بو دجّالە مجال
صویدی رشوتلە أگر حمزە بنم طائفەمی
بندە اصلانم آنی هجو ایلە الحرب سجال
متصرف اولور حمزە گبی بر أشك(٢)
هر نە ایتدکسە سن ایتدك بزە زی قحط رجال(٣)

---

(١) پالانی خری (ت).

(٢) ێ یشك (ت).

(٣) هرنە ایتدیکدە ایتدك بزە أی قحط رجال (ت).

(*) کێش: بەحری رەمەل موسەممەن مەقسوور

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)

وەك: " یك دو جامم دی سحرگە اتفاق افتادە بود

وز لب ساقی شرابم در مذاق افتادە بو"

تیکدی پالان خری علی الاستعجال: ئیدی وا کورتانی کەری دروو. شرقدن غربە

خروج ایلیه جکدر دجّال: دەجاڵ پەیدا دەبێ و لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوا دڕەوا. پایمال ایتدی بتون ملت اسلامی یازیق:حەیفێ، سەرلەبەری ئۆمەتی ئیسلامت پێخوست کرد. ای مسیحا یره ایندرمه بو دجّاله مجال: ئەی مەسیحا بوار لەسەر رووی زەوین بەم دەجاڵە مەدە. صویدی رشوتله اگر بنم طائفه می: مادامێکی تیرەکەی رووت کردمەوە. بنده أصلانم آنی هجو ایله الحرب سجال: ئەمنیش شێرم و بە هەجو هەڵی دەکەمێ و شەڕیش مەیدان خوێندن و دەگژ یەکدی ڕاچوونە. متصرّف أولور حمزه گبی بر اشك: کەرێکی وەك حەمزە بە موتەسەڕیف دەبێ؟ هر نه ایتدکسه سن ایتدك بزه ای قحط الرِّجال: هەر چییەکت پێ کردین، کردت، ئەی قاتیی پیاوان.

٣٢

طریق چمچمال*

(پیتی) لام

اشقیا حقنده عاجز ارتکاب ایتمکدەدر
ارکك ایله قانجغك بیننده واقع برمثال
بو دوام ایلرسه ملك و مال هپ الدن گیدر
جان دخی ایتمزسه تخلیص گریبان احتمال
قوش ده گیچمەز کاربانله باد پیمان نیلسون(١)
أشقیادن بله باغلامش طریق چمچمال(٢)
آلمق آلمقده مفوض بشقه برشی بیلمیور
اولمسون بهرام یا آلدیغی أیلق حلال

....

(١) کاربان ایله (ت).

(٢) آشقیادن یله (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش

بر جفای خر هجران بلبل بایدش″

أشقيا حقنده عاجز ارتكاب ايتمكەدر – اركك إيله قانجغك بيننده بر مثال: له بارەی ئەشقیا و یاخییانەوە دەستەپاچەیە و وا دیارە ئەم نەیتوانیوە، فەرق لە نێوان ماکەرێك و پیاوێکدا بکا.. بو دوام ايلرسه ملك و مال هپ الدن گيدر: ئەگەر ئەمە وا بڕوا، هەرچی سەروەت و سامان هەس، لە دەست دەچێ. جان دخی ایتمزسه تخلیص گریبان احتمال – قوش ده گیچمز کاربانله، باد پیمان نیلسون: ئەگەر ڕۆحیش بەرۆکی خۆی لە دەستی قوتار نەکا، باڵندەش ناتوانێ تێ پەڕێ، بای وەعد چ پکا؟ مەبەستی لە بای وادە: بای دەبوورە. زشقیادن بله باغلامش طریق چمچمال: ڕێگای چەمچەماڵ، ڕەشەبای ڕێگر گرتوویە. آلق آلمقده مفوَّض بشقه بر شی بیلمیور – أولمسون بهرام بهرام یا رب آلدیغی آیلق حلال: لە بێنەو وەرگرتن بەولاوە چییدیکە نازانێ، خوایە مووچەکەی پێ حەڵاڵ نەبێ. ″بەهرام″ بە مانای کابراش دێ و بە مانای لە ڕاودا بەختیار و سەرکەوتووش دێ.

٣٣

طبيب عزت بگ*

(پیتی) لام

خستـــهلـــر بـــاشنـــه تـــكـــمـيـــل نـــفسدن أوَّل
گـلسه (عـزت بك) اولـور رجـعـتـه مـجـبـور أجـل
گـلـمـدی عـالمه گـلـمـز دخـی بـر بـويلـه حكيـم
حـكـمـتـنـده أول شفـاخـانـهء استـاد أزل
يـد بـيـضايـی تـداويسنـه لـقـمـان حـيـران
فـكـر (بـقـراط) زبـون، عـقـل (فـلاطـون) مـختـل
حـكـمـت سد سكـنـدر گـبـی مـيـدانـده ايـكـن
رخـنـه ويـرمـز بـدن خستـهيـه يـأجـوج عـلـل
عـزتك وصفـی تـوكـنـمـز چـنـه چـالمق نـه لازوم
سوس (رضا)، چونكه سوزك أحسنی (ماقل ودل)

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: ″ نازنــین عـیب نبـاشد کە کـند نــاز ای دل

او همی سوزدت از عشق تو می ساز ای دل″

خستە لر باشنە تکمیل نفسندن أول – گلسە عزت بگ رولور رجعتە مجبور أجل: ئەگەر عیززەت بەگ پێش دوا هەناسەدان بەسەر نەخۆش ڕا بگا، ئەجەل ناچاری گەڕانەوە دەبێ. واتە: ئەوەندە بژیشکێکی چاکە. گلمدی عالممە گلمز دخی بر بویلە حکیم: بژیشکێکی وا تاوەکوو ئێستا نەهاتووەتە جیهان. حکمتندە اول شفاحانەء استاد أزل: ئەم بژیشکە ڕاستی زانە هەر لە عەزەڵەوە. ید بیضایی تداویسنە لقمان حیران: دەستی پەرجوی چارەسەرکردنی، لوقمانی حەکیمی سەر لێ سووڕماوە. فکر بقراط زبون عقل فلاطون مختل: بیری بوقرات لە هونەری وی زەبوون و داماو و ئەقڵی فەلاتوون شێواوە. حکمت سد سکندری کە میداندە ایکن: تا حیکمەت سەددی سکەندەریی وی لە گۆڕێدا بێ. رخنە ویرمز بدن خستەیە یاجوج علل: یاجووجی نەخۆشی ڕەخنە لە لەشی نەخۆشان ناکا. عزتك و صفی تو کنمز چنە چالمق نەلازوم: ستایش و پەسنی عـیززەت نـابڕێتـەوە، چ پـێویست بـە چـەنـەلێدان دەکا. سوس (رضا) چونکە سوزك أحسنی ما قل و دل: کڕ بە (ڕەزا) چونکە چاترینی قسە ئەوەیە، کە کورت و مانا گەیێن بێ.

٣٤

خرم اودم*

(پیتی) میم

خــرَّم او دم کــە ساکــن دیــر مــغــان ایـدم

هــمــراز جــام، هــمــدم رطـل گــران ایـدم

تــرکــان سروقــامت ایـلــە دست در مــیــان

خـوبـان غـنـچـە لـبـلـە دهـان بـردهـان ایـدم

گــاهــی حــریـف حـلـقـەء رنـدان بـادە نـوش

گــاهـــی انــیس مــجــلس دردکشان ایــدم

مهری(١) نکتـە سنج و خـیـالی(٢) بـذلـە گو

یـاران شوخ مشرب ایـلـه هـم عـنـان ایـدم
سجـاده غـرق بـادهء عـمَّـامـه رهـن مـی
سردفـتـر گـروه خـرابـاتـیـان ایـدم[3]
گـاهـی مـقـیـم خـانـهء خَّـمـار و بـر زمـان[4]
قـارنـچـهلـرلـه مـعـتـکـف کـنـج خـان ایـدم
خـیـلـی زمـانـده حـضـرت دسـتـور کـامـلـك
بـر بـاقـمـهسنـده طـائـر قـدس آشیـان ایـدم
اول بـزم دلـفـریـبـده طـوطـی خـوش ادا
اول انجمـنـده شاعـر مـعـجـز بـیـان ایـدم
دوران کـارزار فـصـاحـتـده بـن دخـی
(نـفـعـی) گـبـی بـرافـعـی آتش زبـان ایـدم
عـمـان ایـکـن کـفـمـده بـولـنـمـازدی بـر صدف
لـقـمـان ایـکـن مـعـطَّـل بـر لـقـمـه نـان ایـدم
عقل و فهم دانش ایله هیج اویمادی زمان[5]
بـردم بـن دخـی گـرچـه فـریـد زمـان ایـدم
تـیـر مشهـدم مـقـام (رضا) دن اوحـال ایـلـه
هـر بـر بـلایـه شاکـر و الحمـد خـوان ایـدم

(١) و (٢) (مهری و خیالی) هەردووکیان لە فوزەڵاو شوعەرای کوردن کە لە ئەستەنبۆڵ سەریان ناوەتەوە. (مهری) کەرکووکی و (خیالی) خەڵقی وڵاتی هەولێر بوون.
(٣) گروهی (ع).
(٤).... خمار و زمان (ع).
(٥) عقل و فهم و دانش ایله او عادی زمان (بردم بر دخی گرچه فرید زمان ایدم) ئەم بەیتە بەم شێوەیە لە چاپی مەریوانیدا نووسراوە و لە چاپی عەلی تاڵەبانیدا نییە. منیش هەر ئەوەندەم پێ کرا ئاوهای ڕاست کەمەوە.
(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون مەحزووف
(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فعل)

نموونەم بۆ ئەمە وەچەنگ نەکەوت.

خرَّم او دم کە ساکن دیر مغان ایدم: ئای لە خۆشیی ئەو دەمەی کە نیشتەنیی پەرستگای ڕۆحانییانی زەرتوشتییان بووم. همراز جام، همدم رطل گران ایدم: هاوڕازی پیاڵە و ڕەتڵی گران بووم. ڕەتڵ (ع. الرَّطل) ١٧٥ درەمە. مەبەستی کووپەی شەرابە. ترکان سرو قامت ایلە دست در میان ایدم: دەگەڵ جوانانی بەژن سەروی وەك جوانانی ترکاندا دەستە و نێوبەژن بووم. خوبان غنچە لبلە دهان بر دهان ایدم: دەگەڵ جوانانی زار خونچاندا زار بە زاراوە بووم. گاهی حریف حلقەء رندان بادە نوش: کاویَ هاوڕێی گرۆی ڕەندانی بادە نۆش. گاهی انیس مجلس درد کشان ایدم: جاریَ هاودەمی کۆڕی تڵیە نۆشان بووم، یا دوردکێشان بووم. مهری نکتە سنج و خیالی بذلە گو – یاران شوخ مشرب ایلە هم عنان ایدم: دەگەڵ ئی وەکوو میهریی نوکتە خۆش و خەیاڵی گاڵتەیی و یارانی مجێز بە گەمە و گاڵتەدا هاوجڵەو بووم. میهری و خەیالی، دوو شاعیری کورد بوون شێخ ڕەزا دەگەڵیاندا، لە ئەستەمبۆڵ هاوسەروساخت بووە. میهری کەرکووکی و خەیالی هەولێری بووە. سجَّادە غرق بادە عمَّامە رهن می: سەججادە نوقمی پیاڵەی شەراب و مێزەر بارمتەی مەی. سردفتر گروە خراباتیان ایدم: سەردەفتەری گرۆی مەیخانەنشینان بووم. مەبەست لە ″خرابات″ هەروەکوو لە پێشترەوەش باسم کردووە بە وێرانە و کەراواش مانای دیَ. گاهی مقیم خانەء خمار بر زمان: گاهیَ نیشتەنیی خاندە طوطی خوش أدا: لەو بەزمی دڵفریوەتدا تووتیی قسە ڕەوان. اول انجمندە شاعر معجز بیان ایدم: لەو ئەنجومەنەدا شاعیری پەرجوو بەیان بووم. دوران کاررزار فصاحتدە بن دخی – نفغی کبی بر أفعی آتش زبان ایدم: لە سەروبەندی هەنگامەی زارپاراوی و قسەڕەوانیدا، وەکوو نەفعیی شاعیر، مارێکی زمان ئاگرین بووم. دیارە لەنێوان ″نفعی″ و ″افعی″ دا جیناسێکی نیوە کەت هەس. عمان ایکن کفمدە بولنمازدی بر صدف: کە دەریای عومان بووم، پووڵێکی هێندی سەدەفێکی بیَ بەهام شك نەدەبرد. لقمان ایکن معطل بر لقمە نان ایدم: کە لوقمانێك بووم، داماوی پارووە نانێك بووم. لوقمان بە زۆر خۆر و چڵێسیش دەگوتریَ. تیر مشهدم مقام (رضا) دن أو حال ایلە – هر بر بلایە شاکرو الحمد خوان ایدم: بە تێریی مەشهەدی مەقامی (ڕەزا) بەو حاڵەشەوە سپاسگوزاری هەموو بالآیەك بووم. مەبەست لە مەشهەدی مەقامی ڕەزا، ئیمام ڕەزایە.

٣٥

كنز راز*

(پیتی) میم

گشت فـضـای عـالـم جـان ایـتـمك ایستـرم
جـان کـمـنـده بـر جـولان ایـتـمك ایستـرم
بـیـرون دلـده بـولمادم آثـار کـنـز راز
چـاك درونـه عـطف عـنـان ایـتمك ایستـرم
درگـاه حضرتـه عرض نـیاز ایلـه‌یم گرك(١)
أسرار مـن لـدنـی بـیـان ایـتـمك ایستـرم
جـاسوس آهـم آلمادی جـانـانـه‌دن سپـر
إشبـو جـهـان نـورد دوران ایتمك ایسترم(٢)
روا دگل حـقـیـقـتـه سن شیـخـه کین (رضا)
بـن جستـجـوی پـیـر مـغـان ایـتمك ایسترم

....

(١) لە چاپی عەلی تاڵەبانی لە جیاتی (ایلەیم گرك) نوختە دانراوە..

(٢) اشك (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فعل)

نموونەم بۆ ئەمە وەچەنگ نەکەوت.

گشت فضای عالم جان ایتمك ایسترم: گەشت و گەڕان کردنی فەزای جیهانم دەوێ. جان کمنده بر جولان ایتمك ایسترم: دەمەوێ لە گیانی کەمەند کراودا تەڕاتێنێ بکەم. بـیرون دلده بولمادم آثـار کنز راز: لـە دەرەوەی دڵدا ئـاسەواری گـەنجینـەی ڕازم نەدیتەوە. چاك درونه عطف عنان ایتمك ایسترم: دەمەوێ جڵەو بە لای دروون دادڕیندا وەرگێڕم. درگاه حضرته عرض نیاز ایلەیم گرك: دەمەوێ لە دەرگای ئەو حەزرەتە عەرزی نیاز بکەم. أسرار من لدّنی بیان ایتمك ایسترم: دەمەوێ نهێنییەکانی زانستە خواییەکان بەیان کەم. جاسوس آهم آلمادی جانانەدن سپر: سیخوڕی ئاە و ناڵەم سەنگەری لە ماشووقی گیان نەگرت. إشبو جهان نورد دوران ایتمك ایسترم:

دەمەوێ گەشتی جیهان گەڕانی زەمان بکەم. روا دگل حقیقتە سن شیخە کین (رضا):
رِك و کین لە شێخ ڕەزا هەڵگرتن ڕەوا نییە. بن جستجوی پیر مغان ایتمك ایسترم:
ئەمن هەڵپەکردنی پیری موغان دەدەم.

٣٦

نعیم*

(پیتی) نوون

بـر نـعـیـم آدلـو صنـم گـلـمش دیـار شامـدن
زن او زن کـیـم بـویـلـه مـحـبـوبـی چیـقـارمش آمدن
آن سسی خوش چالغیجی گلمش خصوصا اکسەسی[١]
چـوق نـفـوسی ایـتـدی اغـوا مـلت إسلامـدن
حـاجـیـلـر گـورسه آنـی دور مـطـاف کـعـبـەدە
بـاش چـیـقـاریـر اژدهـا آسا سیـکـی إحـرامـدن[٢]
دونـدە پـنـهـان ایـلمش سمـتین دونك حـفظی ایچـون
دون دگـل گـردنـدە حـفـظ ایـتـمـز آنـی اقـلامـدن
نـقـرەء سمت و سریـنـی پـارەسز گـیـرمـز ألـە
سن کـە مـفـلس سن (رضا) گـیـچ بـو خـیـال خـامـدن

....

(١) ئەم دوو دێڕە لە چاپی تاڵەبانیدا بە نوختە دانراون. لە چاپی مەریوانیدا هەن.

(٢) (...): (سیکی)یە.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم

(فاعلاتن فعلاتن فعلات فع لن)

وەك: ″صنما مردەء آنم کە تو جانم باشی – می دهم جان کە مگر جانم جهانم باشی″
بر نعیم آدلو صنم گلمش دیار شامدن: بتێکی نعیم ناو لە وڵاتی شامێڕا هاتووە: زن
أو زن کیم بویلە محبوبی چیقارمش آمدن: ژن چ ژن، کێ خۆشەویستی وای لە کوز
هێناوەتە دەر. آن سسی خوش چالقیجی گلمیش خصوصا اکسەسی: ئەو مووزیك ژەنە
دەنگ خۆشە هاتووە، بەتایبەت دوتوەی. چوق نفوسی ایتدی رغوا ملت اسلامدن:

خەڵکێکی زۆری لە بەرەی موسڵمانان لە خشتە برد. حاجیلر گورسە أنی دور مطاف کعبەدە: ئەگەر حاجییان لە دەوری تەوافی کەعبەیدا ببینن. باش چیقارر اژدها أسا سیکی إحرامدن: کێری وەك ئەژدیها لە پۆشاکی ئیحرامەوە دەردێنێ. دوندە پنهان ایلمش سیمین دونك حفظی چون: قوونی زیوینی لە دەرپێدا شاردووەتەوە. دون دگل گردندە حفظ ایتمز آنی آقلامدن: نەك لە دەرپێدا، بگرە بە گەردنیەوەشی ببەستێ لە قەڵەمانی ناتوانێ بپارێزێ. مەبەستی لە "اقلام" کێرە و دیاردییەکیشی بۆ قەڵەم و دوێت تێدایە..

نقرەء سمت و سرینی پارەسز گیرمز ألە: زیوی سمت و سورینی بێ پارە وەگیر ناکەوێ.
سن کە مفلس سن (رضا) گیچ بو خیال خامدن: ئەی ڕەزا، تۆ کە موفلیسی لەم خەیاڵی خاوە واز بێنە.

٣٧

إحدى الرَّاحتين*

(پیتی) نوون

یـا (جـمـیـل) مـارآه سائـل
بـاسطـاً لـلكـفَّ احدى الـراحـتين
عـن نـدى كـفَّـيك يـأسي راحـةُ
كيف لا (واليأس إحدى الراحتين)
فـاز ایـری فـیك خـابت خـصيـتـی
إنَّ حـظـی مـنك حـظُّ الخصيـتين

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەددەس مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: " عشق چون دل سوی جانان می کشد
عـقل را در زیر فـرمان می کـش"

یا (جمیل) ما رآە سائل / باسطاً للکفٍ إحدی الرَّاحتین: ئەی جەمیل تا ئێستا دەرۆزەکەرێ دەستێکی لێ پان نەکردوویتەوە. عن ندی کفیك یأسی راحە – کیف لا والیأس إحدی الرَّاحتین: لە سەخاوەتی دەستت نائومێدیم ئاسوودەییە – چۆن نا، کە

نـائـومـێدی یـەکـێ لـە دوو سەرئـاسوودەیـیـەکـانـە. مـەبـەست لـە یـەکـێ لـە دوو سەرئاسوودەییەکان: بیرنەکردنەوە و لە بیرچوونەوە، یا بە کام گەیشتن و بە مەرام گەیشتنە. فاز أیری فیك، خابت خصیتی: کێرم گرێوی بردەوە، بەڵام گونم دۆڕاندی، إنَّ حظّی منك حظ الخصیتین: بەداخەوە بەشم بوو بە بەشی هەردوو گونان، مەبەستی ئەوەیە کە دەبا هەردوو گونیشی تێ بردبا، بەڵام نەکرا، بێ بەش بوو.

٣٨

بو الهدی*

(پیتی) هێ

کـیـمسه مـغـرور اولمسون دنـیـاده جـاه و مـالـنـه
عبرت آلماق لازم اولدی (بوالهدی) نك حالنه
بـر زمـان صدر وزارت رتبـەسیـیدی نـاگـهـان(١)
چـالـدی بـر تـكـمـە فـلك اول مـفسدك اقـبـالـنـه
رفع اولندی رتبەسی، بیلمم نه اولدی مسندی
بـاب عـالـیـدن سور اولـدی ایـرمـادی امـوالـنـه
نـفـیـنـه چـیـقدی اراده، بـختـی اولدی سرنگون
حـالـی دونـدی بـر دخـی اسكـی حلب حـمـالـنـه
هـرکـیـم ایـلـرسه خـیـانت دولـتـه حـالـی بـودر
دولاشور بـرگـون ایـاغـی دامـن اعـمـالـنـه

....

(١) رتبەسی ایدی (ع).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ˝ ای بە قدّ برکـشیده همـچو سرو غاتفر

ای رخ تو همچون ماه و از وی خوبتر˝

کبمسه مغرور أولمسون دنیاده جاه و مالنه. کەس بە دەسرۆیی و سەروەت و سامانی غەڕرا نەبێ. عبرت آلمق لازم أولدی (بوالهدی) نك حالنه: پەند وەرگرتن لە حاڵی

(بولهودا) بوو بە کارێکی پێویست و ناچارەکی. بر زمان صدر وزارت رتبەسییدی ناگهان: سەردەمانێ پلە و پایەی سەرۆك وەزیری بوو، کەچی لە ناکاو. چالدی بر تکمە فلك أول مفسدك إقبالنە: ڕۆژگار لەقەیەکی لە یەغباڵ و دەوڵەتی ئەو دنیا بە فەساد بەرەدا، دا. رفع أولندی رتبەسی، بیلمم نە أولدی مسندی: لایان برد، بەڵام نازانم پلەی بوو بە چی؟ باب عالیدن سور أولدی ایرمادی أموالنە: لە بابی عالییان وەدەرنا، فریای ماڵ و سامانی نەکەوت. نفینە چیقدی إرادە، بختی أولدی سرنگون: فەرمان بۆ ڕەهەندە کرانی دەرچوو، بەختی ژێرو ژوور بوو. لە جیاتی "بخت"، " تخت"یش دەگونجێ.. حالی دوندی بر دخی أسکی حلب حمّالنە: حاڵی جارێکی دیکە وەگەڕا بە حاڵی حەممالی حەڵەب. هر کیم أیلرسە خیانت دولتە حالی بو در: هەرکەسێ خیانەت لە دەوڵەت بکا ئەمە حاڵیەتی. دولاشور بر گون أیاغی دامن أعمالنە: ڕۆژێ لاقی بە داوێنی کردەوەکانیەوە دەئاڵێ.

٣٩

پاچەچی ابراهیم منیب*

(پیتی) هێ

قرلسون أل آیاغك، قانە باطسون پاچەچی زادە(١)
نیچون ویردك نعیمك نونهال عمرینی بادە
سورن بزم طربدن ساقی و سازندەیی زیرا(٢)
نعیك سز دردسردر نغمەء نی، نشئەء بادە
ستم اندازەدن چیقدی إلهی بردها گوندر
(هلاکوخان) گبی برکافر خونریزی بغدادە
اسامی نامەء عشّاقنی اول سروبالانك
آچوب گوردم یازیلمشدر (رضا)نك اسمی بالادە

(١) قرلسوك (ع).

(٢) سازندەو (ع).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن)

وەك: ″ مرا مى بينى و هر دم زيادت مى كنى دردم

ترا مى بينم و ميلم زيـادت مـى شود هر دم″

قرلسون أل آياغك قـانه بـاطسون پـاچەچى زاده: ئەی سەرو پێ فرۆش، دەست و پێت بشكێن، خڵتـانـى خوێن بن. نيـچـون ويردك نـعيمك نـونـهـال عـمـرينـى بـاده؟ بۆچی تەمەنی نەونەمامی نەعیمت بە با دا؟ سورن بزم طربدن ساقى و سازندەيى زيرا: مەيگێڕو گۆرانی بێژ و موزيك ژەن لە كۆڕی بەزمی ڕابواردن وەدەرنێن، چونكە. نعيم سز دردسردر نـغـمـەء نـى نـەشئـەء بـاده: بـێ نـەعيم، ئـاوازی نـەی و نـەشئـەی پـيـاڵـە سەرێشەيە. ستم اندازەدن چيقدى الهى بر دها گوندر – (هلاكو خان) گبى بر كافر خـونـريـزى بـغـداده: زۆر و سـتـەم لـە ئـەنـدازە دەرچـوو، خـوايـە، كـافـرێكـی وەكـوو هولاكۆخان بۆ بەغدا بنێرە. أسامى نـامەء عشاقنى أول سرو بـالانك – آچوب گوردم يـازلمشدر (رضا)نك اسمى بـالادە: نێونامەی ئەو بەژن سەرو بەژنە وەكرد، نواڕيم نێوی (ڕەزا) لە سەرووی هەمووانەوە نووسراوە. ئەوەيە كە نێوی شێخ ڕەزا لە سەر دەفتەرەوە بۆ ستەم لێكردن نووسراوە.

٤٠

پير مغان*

(پيتی) هێ

عــرض در سعــادتــه وارد كسه اى صبـا
بـر فـاتحه أوقـو پـير مـغـانك مـزارينـه
طوپراق ايچنده سويله يتر ياتماغك شكيب
قـالـق عـودت ايلـه جـانب دار و ديـارينـه
تـاكـى اسير خـاك، بـاشك قـالدر، آچ گوزك
بـاق عـالمك صفـاى بـهـار و نـهـارينـه
ويـرمـز ايسه جـواب يـنـاشدر پـيـالـەيـى
بـر جـرعـه دوك او عـاشق رندك كـنـارينـه

(*) كێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون مەجبووب

(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فعل)
نموونەم بۆ ئەمە وەدەست نەکەوەت.

عرض در سعادتە وارد کسە ای صبا: ئەی بای سەبا ئەگەر گەیشتیە عەرزی دەرگای بەختەوەری. بر فاتحە أوقو پیر مغانك مزارینە: فاتیحایەك بۆ زیارەتگای پیری موغان بخوێنە. طوپراق ایچندە سویلە یتر یاتماغك شکیب: بێژە، ئەی شەکیب، لە نێو خاکدا نووستنت ئیدی بەسە. مەبەستی لە شەکیب، مەولانا محەمەد عەلی، لە شاعیرانی دوایی ئێرانییە. بۆ خۆی شیرازییە، لە سەروبەندی عوسمانیدا، ئەفغانستانی داگیر کرد، پاشان شەهید کراوە. ئەم بەیتە ئی وییە:

"دە عالم را جزای قاتل من دە خدای من
کە بس باشد همین ذوق خونبهای من"

بە کوردییەکەی: خوای من سزای هەر دوو دنیا لە جیاتیی بکوژی من بدە، کە ئیدی بەسە، هەر ئەوەندەیە زەوقی خوێنبەهای من. قالق عودت أیلە جانب دار و دیارینە: ڕابە وەگەڕێ ماڵ و حاڵ و وڵاتت. تا کی أسیر خاك، باشك قالدر، آچ گوزك: تاکەی دیلی خاك بی، سەر هەڵبڕە، چاوت هەڵێنە. باق عالمك صفای بهار و نهارینە: بنۆڕە سافی و بێ گەردیی بەهار و ڕۆژی دنیایێ. ویرمز ایسە جواب یناشدر پیالەیی: ئەگەر بەرسڤی نەدایەوە، شەراب لە لێو نزیك کەوە. بر جرعە دوك أو عاشق رندك کنارینە: قومێکیش برێژە دەوروبەری زیارەتگای ئەو ئاشقە ڕەندە.

٤١

صاچمە سپانی*

(پیتی) هێ

یازدیغك صاچمە سپانی بکا استاد ایتدك
ایتمە توفیق کە لعنت اوقونور مفتریە
سکا وعد ایلدیگم هدیەلری عرض ایتدم
زوجە کز خانمە شاد اولدی دیدی گل بریە
قلدی اظهاری فرح پیشکشمدن أما
متکَایی چویروب سبحەیی ویردی گریە

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلە.

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك ″ تا خبر دارم ازو بی خبر از خویشتنم

با وجودش زمن آواز نیاید کە منم″

یازدیغك صاچمە سپانی بکا استاد ایتدك: ئەو قسە قۆڕو هەرزانەی، بۆت نووسیبووم، لێت کردمن بە سەرمەشقی مامۆستایان. ایتمە توفیق کە لعنت أوقونور مفتریە: مەکە تۆفیق، چون لەحنەت لە پیاوی بوختان هەڵبەست دەکرێ. سکا وعد ایلدیگم هدیەلری عرض ایتدم: ئەو دیارییانەی بەڵێنیانیم دابوویێ. زوجەکز خانمە شاد أولدی دیدی گل بریە: بە خانمی ژنتم دا، شاد و دڵخۆش بوو، گوتی وەرە پێشێ. قلدی إظهار فرح پیشکشمدن أما: دڵخۆشیی لە پێشکێشەکانم دەربڕی، بەڵام. متکایی چویروب سبحەیی ویردی گریە: پاڵپشتەکەی وەرگێڕا، تەزبیەکەی خستە پێشم: واتە پشتی تێ کردم و کوزی خستە پێشم.

٤٢

بغداد*

(پیتی) هێ

گلمدم فسق و فساد ایتمك ایچون بغدادە

برطاقم اهل غرض باشلدیلر افسادە

باشلدم بن دە معایبلرینی تعدادە

قزلری فاحشەدر بچەلری کون دادە(١)

سیکی ویر هر کیمی گوردکسە (زهاوی) زادە(٢)

(١) فاحشدر (ع).

(٢) زهاوی دادە (ع).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم

(فاعلاتن فاعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: ″ نازنین عـــیب نباشد كه كـــند ناز ای دل

او همی سوزدت از عشق و می ساز ای دل″

ئەم تەرزە شیعرە موسەممەتی پێ دەگوترێ. وشەكە بە عەرەبی بۆ خۆی بە مرواریی دە ڕشتە كێشراو دەگوترێ. لە هونەری شیعردا بە بەیتێك دەگوترێ كە بە چوار بەشەوە بكرێ و لە دوای سێ بەشیەوە، شاعیر پابەندی سەجع بێ و لە بەشی چوارەمدا قافییە ڕەچاو كرێ، وەك:

″ربع از دلم پر خون كنم، أطلال را جیحون كنم

خاك دمن گلگــون كنم، از آب چــشم خــویشتن″

گلمدم فسق و فساد ایتمك ایچون بغدادە: بۆ فیسق و فەساد بۆ بەغدایێ نەهاتم. بر طاقم أهل غرض باشلادیلر إفسادە: دەستەیەك لە بە غەرەز و داخ لە دڵ، دەستیان بە فەساد و گێرەشێوێنی كرد. باشلادم بن دە معایبلرینی تعدادە: ئەمنیش دەستم بە عەیب و عار ژماردنیان كرد. قزلری فاحشە در بچەلری كوندادە: كیژیان سۆزانی و كوڕیان قووندەر. سیكی ویر هر كیمی گوردكسە (زهاوی) زادە: هەر كێهەت دیتن، بیدە بەرێ، لەو زەهاوییە قووندەرانە. دادە: بە مانای خوشكیش و ئەوەی دەداش دێ، ″زادە″ بە ″دادە″ وەخوێنی مانایەكی دیكەی لێ هەڵدەزقێتەوە.

٤٣

بغداد حمامی*

(پیتی) هێ

گـیـرمـه بـغـداده أگـر گـلـدك ایسه حـمّـامـه

بـرگـل اندامـی گـوروب، سن ده دوشرسك دامـه

چلـدیـر گـورسه أگر غـلـمـانـلـری شیـخ الاسلام

دولاشر پــایــنــه زنجیـر گـبـی عـمّـامــه

بـــوسەدن رشوت اگـــر وعـــدە آلـورسە، ایـلـر

بــاطـل حـق ایـدر تحریـر شهـادت نــامـه(١)

---

(١) باطل حق ایدر تحریر شهادت نامه (ع).

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: ″گر سر صحبت اين سر و پايت باشد

بر سر و چشم من دلشده جايت باشد″

گيرمه بغداده اگر گلدك ايسه حمامه: ئەگەر هاتيه گەرماو، نەچيه ناو بەغدايێ. بر گل اندامی گوروب، سن ده دوشرسك دامه: دوايی چاوت بە گوڵ ئەندامێك دەكەوێ، وەدووی دەكەوی. چلدير گورسه أگر غلمانلری شيخ الإسلام: ئەگەر شێخولئيسلام خوڵامانی ببينێ. دولاشر پاينه زنجير گبی عمامه. دەنا مێزەرەكەی وەك زنجير بە لاقيەوە دەئاڵێ. بوسەدن رشوت اگر وعد آلورسه، ايلر: ئەگەر ماچان بە بەرتيل وەرگرێ. باطل حق ايدر تحرير شهادت نامه: باتڵ وەكوو هەق دەكا و شايەتنامەی دەداتێ.

٤٤

شكايت نامه*

(پيتی) هێ

قلم آلدم يازەيم شاهه شكايت نامه

دهشت واقعەدن چاتلدی نوك خامه(١)

بريهودی بچّه اسلامی قبول ايتمش ايكن

آغليه آغليه ويرمك نه ديمك حاخامه

زوجەسی طالقەدر، قانی هدر، مالی حلال

گوشەء چشم اهانتله بقان اسلامه

حكم ايدوب كفرينه اصحاب شريعت أما

حضرت قاضی لاری گبی بر علاَّمه(٢)

ايتمسون غيرت اگر حضرت شيخ الاسلام

قالەماز حرمتی پاچاوره قدر عمَّامه

سن ده بو يولده (رضا) مال و سری ايله فدا(٣)

دين اسلامه ياقشمز گبی هنگامه

(رائف)ك سيئاتی گون گبی ميدانه چيقار(٤)

گر شهنشاه دوشرسه ايشی استعلامه

....

(١) چاتلد: (ت).

(٢) لازی: (ت).

(٣) مـال و پوسری: (ت). سر و مـالی: (م).

(٤) جرعەکشی: (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: ″ آز تو با مصلحت خویش نمی پـردازم

همچو پروانه که می سوزم و در پروازم″

قلم آلدم یازەیم شاهە شکایت نامە: دەستم دایە قەڵەم سکاڵانامە بنووسم. دهشت واقعەدن چاتلادی نوك خامە: لە دەهشتەتی ڕووداوەکە نووکی خامە قەڵشا. بر یهودی بچە اسلامی قبول ایتمش ایکن: بەچکە جوویەك کە گۆیا ئیسلامەتیی قوبووڵ کردووە. آغلیە آغلیە ویرمك نە دیمك حاخامە: دەستی بە گریانێ کرد، گوتی ئەی قوون بە حاخام دان یانی چی؟ زوجەسی طالقەدر، قانی هدر، مالی حلال: ژنەکەی بێ تەڵاق، خوێنی بەلاش، ماڵی حەڵاڵ، گوشەء چشم إهانتلە بقان اسلامە: ئەوەی بە گۆشەنیگای چاوی تەوهین لە ئیسلام بنۆڕێ. (رائف)ك سیَّئاتی گون گبی میدانە چیقار – گر شهنشاە دوشرسە ایشی استعلامە: بێت و لە کردەوە خراپەکانی (رائیف) بپێچرێتەوە و شاهەنشا کاری ڕێی کەوێتە جێی هەواڵ پرسین. هەمووی وەك ڕۆژی ڕووناك بە دیار دەکەون. حکم ایدوب کفرینە أصحاب شریعت أما: هەروەها شەریعەت مەداران بە کافری مەحکووم دەکەن. حضرت قاضی لاری گبی بر علامە: ئەگەر زانایەکی وەکوو حەزرەتی قازی لاری، یا حەزرەتی شێخولئیسلام هیممەتێ نەکەن. قالەماز حرمتی پاچاورە قدر عمامە: مێزەر هێندەی پارچە پەڕۆیەك ڕێزی نامێنێ. سندە بو یولدە (رضا) مال و سری ایلە فدا: (ڕەزا) ئەتۆش سەر و ماڵ لەم پێناوەدا بەخت کە. مؤمنك جیینە گیرمز بو گبی هنگامە: هەنگامەی وا دە بەریکی کەسەوە ناچێ.

٤٥

در مدح مهدی چلبی که چرا تجار را چلبی می گویند*

(پیتی) یێ

دوشونوردم نه ایچون تاجره دیرلر چلبی
فارسی در بو لغت، تورکی میدر، یا عربی
بونی کیمدن صورەیم، بحر تفکرده ایکن
گلدی تاج الأدبا قارشومه (مهدی چلبی)
دیدم ای جرعەکش معرفتك شقّ سطیح[١]
وی عراق و عجمك داهیەء بوالعجبی
لقب عالیکزك اصل معناسی ندر
باقدی دوندردی بناگوشەء چشم غضبی
دیدی یاهو چلبی نازك اولان ذاته دنیر
هر فرومایه اولان چاپقنه دینمز چلبی
دیدم: احسنت بو فضل و هنر و معرفته
أی بزم مملکتك مفتخر و منتخبی
گیتمدن مکتبه، تحصیل کمال ایلەمەدن
نرده بولدك بو قدر دانش و علم و ادبی
گورمدی مثلنی أی فاضل یکتا گوزمز
(مصری) گزدم (یمنی)، (شام) و (حجاز) و (حلبی)[٢]
سایەسنده ایدرز حل مسائل، یوقسه
نه بیلور شیخ (رضا) اویله معمیّ لقبی[٣]

---

(١) جرعه کش: (ت).

(٢) گیزدم: (ت). مغربی (ت).

(٣) معما: (ت).

(*) کێش: بەحری رەمەل موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك: ″ هرگزم نقش تو از دل و جان نرود

هر گز آن یاد سرو خرامـان نرود″

دوشونـوردم نـە ایـچـون تـاجرە دیرلـر چلـبـی: بیـرم دەکردەوە داخـۆ بـۆ بـە بـازرگـان چەلەبی دەڵێن؟ فارسی در بو لغت، ترکی میدر، یا عربی؟ ئەم وشەیە فارسییە، تورکییە، یا عەرەبی؟ بونی کیمدن صورەیم، بحر تفکردە ایکن: هەروا لە دەریای بیرکردنەوەدا بووم، گەلۆ، لە کێی بپرسم؟ گلدی تاج الادبا قارشومە (مهدی چلبی): مەهدی چەلەبیم ڕووبەڕوو هات. دیدم ای جرعەکش معرفتك شقّ سطیح: گوتم ئەی کەرتی سەتیح زانست مژت. سەتیح: کوڕی ڕەبیعە، کابرایەك بوو لە کوڕانی زیب (گورگ) لە سەروبەندی جاهیلییەتدا ژیاوە، هەمیشە لەسەر زەوین ڕادەکشا و باسی پێوار و غـەیـبـی دەکرد، تـەنـانـەت دەڵێن، پێشبینیی هـاتـنـی پـەیـامـبـەری کردووە. تـەمـەنـێکـی درێژی بـەسەر برد، بە پێی هێندێ بـەندوبـاو لـە شەوی لـەدایکبوونـی پەیامبەردا مردووە. وی عراق و عجمك داهیەء بوالعجبی: وەی زیرەك و زرنگی عەجایەباتی عیراق و عەجەم. لقبی عالیکزك أصل معناسی نەدر؟ ئەسڵی مانای نازناوی بڵندتان چییە؟ باقدی دوندردی بنا گوشەء چشم غضبی: لێی نواڕیم، ئاوڕی توورەیی لێ دامەوە. دیدی یا هو چلبی نازك أولان ذاتە دنیر: گوتی کاورا، چەلەبی بە پیاوی ناسك دەگوترێ هر فرومایە أولان چاپقنە دینمز چلبی: بە هەر پەست و ئاڵچاخێ چەلەبی ناگوترێ. دیدم احسنت بو فضل و هنر و معرفتە: گوتم بترەژم، بۆ خۆت و هونەر و فەزڵ و داناییت. ای بزم مملکتك مفتخر و منتخبی: هۆ جێ شانازی و هەڵوژێردەی وڵاتی مە. گیتمەدن مکتبە، تحصیل کمال ایلەمەدن: بێ وەی بچیە فێرگە و فەزڵ و کەماڵ وەدەست بێری. نردە بولدن بو قدر دانش و علم و ادبی؟: ئەم حەمکە دانایی و زانست و ئەدەبەت لە کوێ وەگیر کەوت؟ گورمدی مثلنی ای فضل یکتا گورمز: چاومان بە فازیلێکی بێ مانەندی وەکە وی تا ئێستا نەکەوتووە. مصری گزدم یمنی، شام، حجاز و حلبی: وڵاتی میسر، یەمەن، شام و حیجاز و حەڵەب گەڕام، ئی وەکە ویم نەدیت سایەسندە ایدرز حلّ مسائل، یوقسە: ئێمە لە سای وییەوە، مەسئەلان هەڵدێنین، دەنا. نە بیلور شیخ (رضا) أویلە معمّی لقبی: شێخ (ڕەزا) هەڵێنانی نازناوی ئەوها بە موعەمما لە کوێ هەڵدێنێ.

٤٦

رائف پاشا*

(پیتی) یێ

گلور گلمز همان دینی یهودی التزام ایتدی[١]
نه تعظیم شریعت نه دعایات نظام ایتدی
مسلمان اولمش ایکن بر یهودی زادەیی جبراً[٢]
یدی حاخامه تسلیم ایلیوب چوق احترام ایتدی
ایشی بر خائنه واردردی آخر (رائف) جاهل[٣]
که ملت هر طرفدن، خارج و داخل قیام ایتدی
ملوّث ایلدی رشوتله دینی دولتی گویا
جناب داور اکرم سیچوپ ابقای نام ایتدی[٤]
امیر المؤمنین اعدامنه امر ایتسه شایاندر
بو بدطینت که هتك ملت خیر الانام ایتدی
بنای ارتشا چوق یرلری نقصان قالمشدی[٥]
قمو نقصانلری الله ایچون (رائف) تمام ایتدی[٦]
الهی حاکمی شرع شریفی بردوام ایله
نه غیرتله که اول علاّمەیی عالی مقام ایتدی
خصوصاً قهرمان دولت و ملت (امین پاشا)
قوماندان دیانت پیشه خیلی اهتمام ایتدی

(١) گلماز: (ت).
(٢) زادەو: (ت).
(٣) خایند: (ت).
(٤) سەچوپ: (ت).
(٥) نقصاند: (ت).
(٦) محو: (م).
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن)

وەك: ″ اگر آن ترك شيـرازى بە دست آرد دل مـارا

بە خال هندويش بخشم سمرقند و بخـارارا″

گلور گلمز همـان دينى يهودى التزام ايتدى: هـەر هـات و نـەهـات، يـەكسـەر ئـاينى جوهـوودانى گرت. نـە تعظيم شريعت نـە رعـايـات نظام ايتدى: نـە گوێى دايە گـەورەيى و ڕێزى شـەرع و نـە گوێى دايـە نيزام و يـاسـا. مسلمـان أولمش ايكن بر يـهودى زادەيى جبرا: بـەچكە جوويەك كە بـە زۆر موسڵمـان بووە. يد حـاخـامـە تسليم ايليوب چوق احترام ايتدى: بە دەستى حـاخـامـەوە دا و زۆرى ڕێز لىٚ گرت. ايشى بر خـائنـە واردردى آخر (رائف) جاهل – كە ملت هر طرفدن، خـارج و داخل قيـام ايتدى: رائيفى نـەزان كـارەكـەى گـەيـانـدە خـائينێك. كـە ميللت لـە دەرەوە و لـە نـاوەوە سـەريـان هـەڵدا. ملوث أيلدى رشوتلە دين و دولتى گويـا: ئـاين و دەوڵـەتى بـە بـەرتيلخۆرى گلاو كرد. جناب داور اكرم سيچوب إبقـاى نـام ايتدى: جـەنـابى داوەرى ئەكرەم نێوى هـەڵوژێرد و بۆى هـێشتـيـەوە. زمـيـر المؤمـنين اعدامـنـە أمـر ايتسـە شايـاندر: ئـەگـەر خـەليـفـە فـەرمـانى كوشتنى بفـەرمووىٚ، شايـانيـەتى. بو بدطينت كە هتك ملت خير الانـام ايتدى: ئـەم بـەد مـايـەيـە كـە ئـەتكى نـامووسى پێغـەمبـەرى كرد. بنـاى ارتشـا چوق يرلرى نقصـانـدە قـالمشدى: بينـاى بـەرتيل خۆرى زۆر جێگـاى بـە نـاتـەواوى مـابووەوە. قمو نقصـانلرى اللّە ايچون (رائف) تمـام ايتدى: هـەموو نـاتـەواوييـەكـانى، رائيف تـەواوى كردن. الـهى حـاكمى شرع شريفى بر دوام ايلـە: خودايـە، قـازيى شـەرعى شـەريف پـايـەدار و بـەردەوام كە. نـە غيرتلە كە أول علامـەيى عـالى مقـام ايتدى: بـە چ هيمـمـەتێكـەوە ئـەو زانـايـەى بڵند پـايـە كرد. خصوصاً قـهرمـان دولت و ملت (امين پـاشا) : بـە تـايبـەت قـارەمـانى دەوڵـەت و ميللـەت، ئـەمين پـاشـا. قومـاندان ديـانت پيشە خيلى اهتمـام ايتدى: سـەركردەى ئـاين پيشە زۆرى مشوور خوارد.

٤٧

چايچى كل وزير مدحنه*

(پيتى) يىٚ

كـل وزيـرك مـجـمـع خـوبـان اولان چـايـخـانـەسى

جـوهـر روح روانـدر جـرعـەء پـيـمـانـەسى[١]

قـوردیـغـی کـرسیـلـر اوزره خـوب رویـان عـراق[2]
آل یـنـاقـلـر هـر بـری یـاقـوت و مـرجـان دانـەسی
بـویـلـە بـزم دلـفـریـبـی گـورسە شیـخ خـانـقـاە
مـانـع اولمز رقـصنـە واعـظـلـرن افسانـەسی
پـادشاهك جـانـنـە بـر بـنـدەسیـدر (کـل وزیـر)
ایستـەمـز الا (رضا)ی حـضرت شاهـانـەسی
آقچەلر صرف ایتدی شهر آیین ایچون روز جلوس
یـوق ایـکـن بـر آقـچـە بـیت المالـدن مـاهـانـەسی
چـای ایـچـون بـیـکـلـرجـە اجـرت ویـرمیـان آدملرە
مـنت ایـتـمـرز آفـریـن طـبـع جـوانمردانـەسی
ایستـەسە ایـلـر ستـایش ایستـەسە ایـلـر هـجـا[3]
لا ابـالـیـدر (رضا) نك مشرب رنـدانـەسی

....

(١) جرعەو و: (ت).

(٢) کورسیلر: (ت).

(٣) ایسترسە: (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ شرط مـردان نیـست در دل عشـق جانان داشـتن

پش دل انـدر بند وصـل و بند هـجران داشتن″

کل وزیرك مجمع خوبان أولان چایخانەسی: چاخانەکەی وەزیرە کەچەڵ کە بووەتە کۆڕی جوانانی چاك. جوهر روح روان در جرعەء پیمانەسی: کە قومێك و پیاڵەیەکی گەوهەری ڕۆحی ڕەوانە. قوردیغی کرسیلر أوزرە خوب رویان عراق: ئەو کورسییانەی دای مەزراندوون، ڕوخسار جوانانی وای لە سەر دادەنیشن. آل یناقلر هر بری یاقوت و مرجان دانەسی: هەر کێهەیان دەگری دانەی یاقووت و مەرجانێکە بۆ خۆی. بویلە بزم دلفریبی گورسە شیخ خانقاە: شێخی خانەقا بەزمی دلفریوی وا ببینێ. مانع أولمز رقصنە واعظلرن أفسانەسی: پڕوپووچی پەنددادەران ڕێ لە سەمای ناگرن.

پـادشاهك جـانـنـه بـر بـنـدەسیـدر (كـل وزیـرك): وەزیـره كـەچـەڵ بـۆ ڕۆحـی پـادشا بەندەیەكی ئاڵقە لە گوێیە. ایستەمز إلا (رضا)ی حضرت شاهانەسی: لە (ڕەزا)ی حەزرەتی شاهـانەی زێتر نـاوێ. آقچەلر صرف ایتدی شهر آیین ایچون روز جلوس: چەندین پارە و پووڵی بۆ چراخان و شایلۆغانی شارایین خەرج كرد. یوق ایكن بر آقچه بیت المالدن بر مـاهـانەسی: دە كاتێكدا قڕانێكی مووچە لە بەیتولمالدا نییە. چای ایچون بیكلرجه أجرت ویرمیان آدملره – منت ایتمز آفرین طبع جوانمردانەسی: هەرگیز منەت بەسەر چایخۆری پارە نەداودا ناكا، ئافەرین بۆ خۆی و تەبیعەتی جوامێرانەی. ایستەسه ایلر ستایش ایستەسە ایلر هجا – لا ابالیدر (رضا) نك مشرب رندانەسی: تەبیاتی مجێز ڕەندانەی ڕەزا گوێ ناداتێ، بیەوێ ستایشت دەكا و بیەوێ فڕان داوێ.

٤٨

حازم بگ*

(پیتی) یێ

دولـتك أك صادقـی، والـیـلـرك أك احسنـی(١)
ایستــەدك الــلــهـدن، الــلــه گـونـدردی سنـی
پك مـبـارك بـر زمـان بـغـداده تشریـف ایلـدك
ای وزیـر كـاردان، ای عـدل و دادك مـعـدنـی
غــرەء مــاه مــحــرم، سال نــو، فـصل بــهــار
لالـەلـر نـوخـیـز و، گـلـلـر تـازه، والـیـمـز یـبـی(٢)
سن گـبـی بـر آصفك حـزم و ثـبـاتك گورمدم(٣)
دیـكـلـەمـم أفسانـەء (اسفـنـدیـار) و (بـهـمـنـی)
سلٍ سیف ایتمك نه حاجت حسن تدبیرك یتر
قــیــد بــنــد طــاعــتــكـدر اشقـیـانك گـردنـی
مـیـگـذارد از نـهـیـب خـصم اگـر   آتـش شـود
چـارەء پـیـكـان (رستـم) كـی كـنـد رویـیـن تـنـی
تـو هـمـان حـازم بـگـی عـالـی جـنـاب كـه آفتاب
مــیــكــنــد از نــور رأیت اقــتــبــاس روشنــی

عرض شایان بر عبارت بولمدم تبریك ایچون(٤)
خانەء حیرتده عاجز قالمشم عفو ایت بنی

....

(١) أن صادقی: (ت). ان احسنی: (ت).

(٢) گل لر: (ت).

(٣) سن گبی آصفك: (ت) حزم ثباتك: خرم: (ت).

(٤) بولمادم: (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش
برجفای خار هجران صبر بلبل بایدش

دولتك أن صادقی، والیلرك أك أحسنی: سەرڕاستترینی دەوڵەت و چاترینی والییان. ایستەدك اللهدن، اللّه گوندردی سنی: لە خوامان خواست و خوا تۆی نارد. پك مبارك بر زمان بغدادە تشریف ایلدك: لە سەردەمێکی پیرۆزدا تەشریفتان بۆ بەغدا هێنا. ای وزیر کاردان، ای عدل و دادك معدنی: ئەی وەزیری کارزان، ئەی کانی عەدالەت و داد غرّەء ماه سال نو فصل بهار: لە سەرەتای مانگی موحەڕەم، لە ساڵی نوێ بەهاردا .لالەلر نوخیز و گللر تازە والیمز ینی: ڕەبەنۆك تازە هەڵچوو، گوڵووك تەڕ و تازە، والیمان نوێ. سن گبی بر آصفك حزم و ثباتك گورمدم: حەزم و پایە چەسپێکی آصف سیفەتی وەکوو تۆم نەدیت، دیکلەمم أفسانەء اسفندیار و بهمنی: گوێ لە ئەفسانەی ئەسفەندیار و بەهمەن ناگرم. سلّ سیف ایتمك نە حاجت حسن تدبیرك یتر: چ پێویست بە شیر هەڵکێشان دەکا، تەگبیر جوانیت بەسە. قید بند خاتمطا عتکدر اشقیانك گردنی: ملی یاخی و سەرکێش دە بەندی کۆت و زنجیری تۆدایە. میگذارد از نهیب خصم اگر آتش شود: دژمن ئەگەر ئاوریش بێ، دەست لە بەرەنگاربوونەوەت هەڵ دەگرێ. چارەء پیکان (رستم) کی کند رویین تنی: کەی لەش پۆلاینێك چارەی تیری ڕۆستەم دەکا. تو همان حازم بگی عالی جناب کە آفتاب: تۆ هەمان حازیم بەگی ئەی عالی جەناب کە ڕۆژ. می کند از نور رأیت اقتباس روشنی: ڕووناکی لە نووری ڕێی، یا ڕای تۆ وەردەگرێ. عرض شایان بر عبارت بولمدم تبریك ایچون: عیبارەتێکم

که شایانی عەرز کردن بێ نەدیتەوە. خانەء حیرتدە عاجز قالمشم عفوا ایت بنی: لە خانەی سەرسوڕماندا داماوم، بمبەخشە.

٤٩

یوسف پاشا*

(پیتی) یێ

کاشانەء صهبایی سرور ایتدی عراقی
دولدر قدحی (میرلوا) عشقنه ساقی
اول (یوسف) شیرین حرکات عشقنه بزده
شیرین ایدەلم بادەء تلخیلە مذاقی
رفتار حکیمانە ایلە ایلدی پامال
قارنچەء باصماقسزین ارباب نفاقی(١)
آل ویرسە ایدر گیجە ایلە گوندزی تبدیل
واردر او قدر مظالملە مراقی
دون جیبی کسان دامن تقوایە صارلمش
باشندە صاریق صانکە اولوب شیخ عراقی
هر حبّەسی بر قبّە قدر سبحە ألندە
عرّادە ایلە جنبشە گلمز أك اوفاقی(٢)
ای بخت سیاهم نە اولور بن دخی اولسم
(یعقوب) گبی حضرت (یوسف) لە ملاقی
پیغمبر ایکن اولمدی تاب آور هجران
بن نیجە تحمّل ایدەیم بار فراقی
برنامەء تلطیف نوازشلە (رضا) یم
اندیشەء بکرك بدل و مهر صداقی(٣)
باقی اولە قالدقچە جهان عز و شرفلە
قالدقچە جهان عزّ و شرفلە اولە باقی

دونمزسه اگر چرخ و فلك خواهشی اوزره
زیر و زبر اولسون فلكك طاق و رواقی

....

(١) باصمق سزن (ت).

(٢) عراده ایله جنبشه گلمز... آفاقی: (ت).

(٣) بدل و مهر و صداقی: (ت).

(*) كێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەكفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)
وەك: ″ اندوه تو شد وارد كاشانه‌ام امشب
مهمان عزیز آمده در خانه‌ام امشب″

كاشانهء صهبایی سرور ایتدی عراقی: كۆشكی شەرابی عیراقی كرد بە خۆشی و كەیفسازی. دولدر قدحی میر لوا عشقنه ساقی: بەشقی میر لیوا پیاڵەیەك پڕكە مەیگێڕ. أول یوسف شیرین حركات عشقنه بزده – شیرین ایده‌لم بادهء تلخیله مذاقی: بۆ وەی مەش بەشقی ئەو یووسفە شیرین ڕەفتارە، بە پیاڵەی تاڵ چەشكەمان شیرن كەین. رفتار حكیمانه ایله ایلدی پامال – قارنچەیی باصماقسزین أربابی نفاقی: بە كردە و ڕەفتاری ئاقڵانە و حەكیمانە، بێ وەی پێ لە مێرووێەك بندرێ، بەرەی سەرەڕۆو كەڵەوەكێش و ئاژاوەگێڕی پێخوست كرد. أل ویرسه ایدر گیجه گوندزی تبدیل – واردر او قدر ردّ مظالمله مراقی: ئەگەر بۆی بلوێ، زوڵم و زۆر لابردنی زۆر مەراقە، شەو بە ڕۆژ دەگۆڕێ. دون جیبی كسان دامن تقوایه صارلمش: ئەوەی دوێنێ گیرفانی دەبڕی، ئەوڕۆ باوەشی بە خوا ترسیدا كردووە. باشنده صاریق صانكه أولوب شیخ عراقی: مێزەری بەسەرەوە، هەر دەڵێی پیری عیراقییە. هر حبّەسی بر قبّە قدر سبحه ألنده: تەزبییەكی بە دەستەوەیە هەر دانەیەكی هێندەی گومەزێ. عراده ایله جنبشه گلمز أك أوفاقی: چكۆلەترینیان بە چەكی وەك مەنجەنیقیش نابزوێ. ای بخت سیاهم نه أولور بن دخی أولسم – یعقوب گبی حضرت یوسفله ملاقی: ئەی بەختی ڕەشم چ دەقەومێ ئەمنیش، وەكە یەعقووب بە دیداری حەزرەتی یووسف بگەیەنم؟ پیغمبر ایكن أولمدی تاب آور هجران: دە كاتێكدا پێغەمبەر بوو توانی لێك دابڕانی نەبوو. بار نیجه تحمّل ایده‌یم بار فراقی: ئەدی ئەمن چۆن بەرگەی ئاوری جودایی بگرم؟ بر نامهء تلطیف نوازشله (رضا) یم: نامەیەكی لوتفی نەوازشت دەگەڵ كردنمدا

(ڕەزا)م. اندیشەء بکرك بدل و مهر و صداقی: باقی اوله قالدقچە جهان عزّ وشرفله: هەمیشە دەپارێمەوە، هەر بە گەورەیی و شەرەفەوە، تا جیهان بمێنێ و پایەدار بێ. شاعیر هەر هەمان دێڕە شیعری بە بەرەواژ دووپات کردووەتەوە و هەمان مانای هەس. دونمزسە اگر چرخ فلك خواهشی اوزرە: ئەگەر چەرخی فەلەك بە خوایشتی وی نەگەڕێ. زیر و زبر اولسون فلك طاق و رواقی: تاق و ریواقی گەردوون ژێر و ژوور بێ.

٥٠

حاجی حبیب*

(پیتی) یێ

مـــوسم قـــیشده اوچ آیـلـق بـرەء بـریـانـی(١)
قـیزاروب عـارض خـوبـان گـبـی هـر بـریـانـی
بـویـلـە بـر بـرەء نـازك بـو گـبـی مـوسمـدە
جـانب اربـــعـــە سنـــدە یمك الـــوانـــی
أولمدق بـــارکش مـــنت انـــفـــاس مسیـــح(٢)
صانـکـە ایـتـمش بـرەیـە مـائـدەء ربـانـی
ایـلـەمـز بـو گـبـی اطـعـمـە احـیـای وجـود
بـلـکـە هـر لـقـمەسی گوزدن دوشورور لقمانی
خارج حوصلە بر دعوت ایدوب (حاجی حبیب)
نـیـجـە تـعـریـف ایدەیم نـعمت بـی پـایـانی

(١) برە: (ت).
(٢) بارکشی: (ت).
(*) کێش: بەحری ڕەمەل مەخبوون ئەصلەم
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)
وەك: "نازنـین عـیب نباشد کـە کـند نـاز ای دل
أو همی سوزدت از عشق و تو می ساز ای دل"

موسم قیشده أوچ آیلق برهء بریانی – قیزاروب عارض خوبان گبی هر بر یانی: لە وەرزی زستاندا شەکێکی سێ مانگانی بۆ کردین بە بریانی، هەموو لایەکی وەك کوڵمی جوانان سوور بووبووەوە، دیارە وەجهی شەبە لە نێوان کوڵمی سوور و بریانیی سوورکراوەدا، سوورییە و جیناسێکیشیان دە نێواندا هەس... بویلە بر برەء نازك بو گبی موسمدە: شەکێکی وا ناسك لە وەرزێکی وادا. جانب أربعەسندە یمكك ألوانی: خواردنی جۆراو جۆر بە چواردەوریدا داندرابوون. أولمدق بار کش منت انفاس مسیح: – صانکە ایتمش بریە مائدەء ربّانی: چابوو نەبووین بە بارکێشی منەتی هەناسەی حەزرەتی مەسیح، وەك بێژی هەناسەی مەسیح خوانی خواییی بۆ خەڵك و خوا ڕاخستبێ.. جیناسێك لە نێوان ″ برە″ کە شەکە و ″بریە″ هەس. ″برِّیَّە″ بەرییەی مەبەستە کە دەکا خەڵك. ایلەمز می بو گبی اطعمە إحیای وجود: چما خواردنی وا، لەش زیندوو دەکاتەوە. بلکە هر لقمەسی گوزدن دوشورور لقمانی: بگرە پارووێەکی هەرچی پاروو هەن، لەپێش چاو دەبێخی. جیناسێکی ناتەواو لە نێوان ″لقمە″ و ″لقمان″ دا هەس. لێرەدا فێڵێکی شاعیرانەش هەیە، بیری خوێندە لە وشەی لقمان″ دا بۆ ئەوە دەچێ کە لوقمانی حەکیمی مەبەست بێ. بەڵام ئەوە ڕواڵەتەکەیەتی، مەبەست لە ″لقمان″ زۆر خۆرە... خارج حوصلە بر دعوت ایدوب حاجی حبیب: حاجی حەبیب زیافەتێکی لە حەوسەڵە بەدەری کرد. نیجە تعریف ایدەیم نعمت بی پایانی: نیعمەتی بێ پایانی وی چۆن تاریف بکەم.

٥١

سجادەء شریفە*

(پیتی) یێ

سجادەء شریفەیە تقبیل ایدنلرە
بی شبهەدر شفاعت سجّادە صاحبی
زحمت ویردی زائرینە ضیقت مکان
دگمزدی ذیل پاکنە هر عاشقك لبی
تا استلام شهر أول انشا بیوردیلر(١)
عبدالحمیدخان بو مقام مرتّبی(٢)

واردی سمای هفتمه تأریخکز (رضا)
بـیـتـدی طـواف خـانـهء سجـادهء نـبـی

....

(١) ئەم بەیتە لە چاپی (ت)دا نییە.

(٢) مقامی: (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەتوی مەجبووب
(مستفعلن متفعلن مستفعلن فعل)
نموونەم دەست نەکەوت.

سجّادهء شریفه‌یه تقبیل ایدنلره – بی شبهه در شفاعت سجاده صاحبی – زحمت ویردی زائرینه ضیقت مکان: شەفاعەتی خاوەن سەججادە، بۆ ئەوانەی سەججادەی شەریف ماچ دەکەن، بێ گومان یەکاو یەکە، بەڵام تەسك و ترووسکیی شوێنەکە زەحمەت وەبەر زیارەتکەران دەدا. دگمزدی ذیل پاکنه هر عاشقك لبی: پاومانی پاکی لێوی هەر ئاشقێکی وێ نەدەکەوت. وشەی "ذیل" لێرەدا بە رواڵەت بە داوێن و پاومانی جلی شۆڕ، کە گەورە پیاوان لەبەری دەکەن، دەگوترێ، بەڵام شاعیر کلکی خادیمی سەججادەی مەبەستە.. مانایەکەشی ڕوون و ئاشکرایە، پێی ناوێ من بیدرکێنم. تا استلام شهر أوَّل إنشا بیوردیلر: تا یەکەم مانگی ساڵ داهات ئەوجا دەستیان بە بنیاتنانی فەرموو، لێرەدا بەیتێك پەڕیوە، بۆم ساخ نەبووە وە عبدالحمید خان بو مقام مرتَّبی: عەبدولحەمید خان ئەم ئەم مقامە ڕێکوپێکە. واردی سمای هفتمه تأریخکز (رضا): گەیشت ئاسمانی حەوتەم. بیتدی طواف خانهء سجّادهء نبی: تەوافی خانەی سەججادەی پێغەمبەر تەواو بوو.

٥٢

جوهرلی تأریخ*

(پیتی) یێ

پـادشاه آل عـثـمـان یـعـنـی خـان (عبدالحمید)
قـابـل انـکـار دگـل احسان فـوق الـعـادەسی
پـادشاه انـبـیـایـی مس ایـدن سجـادەیـه
گـورمـدی لائـق زیـارتـخـانـهء مـعـتـادەسی[١]

بـــر زيـــارتـــخـــانـــهء شاهـــانـــه انشا قـــيـــلـــديـــلـــر
آسمان دوردوقچه دورسون شاه ايله شهزادەسى
پك گوزل دوشمش (رضا) جوهرلى بو تأريخكز
(امـــجـــد پـــيـــغـــمـــبـــرانك مـــوقـــف سجـــادەسى)

....

(١) گورماد: (ت).

(*) كێش: بەحرى ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: " شرط مردان نيست در دل عشق جانان داشتن

پس دل اندر بند وصل و بند هجران داشتن"

پادشاه آل عثمان يعنى خان عبدالحميد: پادشای بەرەی عوسمان واتە عەبدولحەمید خان. قابلى إنكار دگل إحسان فوق العادەسى: چاکەی لە دنیا بەدەری نکۆڵی لێ ناکرێ، فرە خاوەن چاکەیە. پادشاه أنبيايى مسّ ايدن سجّادەيە – گورمدى لائق زيارتخانهء معتادەسى: ئەو زیارەتگایەی کە تا ئێستا بۆ ئەو سەججادەیەی بەر ئەندامی شای پەیامبەران کەوتووە، شایانی ئەو سەججادەیە نەبوو. بر زيارتخانهء شاهانه إنشا قيلديلر: زیارەتگایەکی شاهانەیان بۆ ڕۆنا. آسمان دوردوقچه دورسون شاه ايله شاهزادەسى: تا ئاسمان بمێنێ، شا و شازادەم هەر بمێنن و پایەدار بن. پك گوزل دوشمش (رضا) جوهرلى بو تأريخكز: (ڕەزا) ئەم مێژووە گەوهەردارەتان زۆر جوان هەڵکەوتووە. (أمجد پيغمبرانك موقف سجادەسى) جێگای سەججادەی سەروەرترینی پەیامبەران.

٥٣

سالكان قادرى*

(پيتى) يێ

سالك مـــلك بـــقـــادر سالـــكـــان قـــادرى
تـــارك كـــوى فـــنـــادر سالـــكـــان قـــادرى
جهد ايدوب علم الهيدن سبق خوان اولديلر
وارثـــان انـــبـــيـــادر سالـــكـــان قـــادرى

جامەء عرفان ایلە تزیین باطن ایتدیلر
ظاهر اهل قبادر سالکان قادری(١)
مجلس اشراقیاندر حلقەء اذکارلری
سر قلبە آشنادر سالکان قادری
ایلمشلر دللرك گنجینەء غیب الغیوب
مخزن سرِّ خدادر سالکان قادری
چوق فنا فی اللهدن سیر الی اللە ایتمکە
رهروان کبریادر سالکان قادری
فیض ارشادیلە تسخیر ایتمەدە طالبلری
گویا معجز نمادر سالکان قادری(٢)
بوستان ذکر جهری ایچرە در نالشلری
بلبل باغ (رضا)در سالکان قادری

....

(١) قیا: (ت).

(٢) (و) ی (گویا) بۆ یارمەتی وەزنی بەیتەکە نەختێ درێژتر بخوێنەوە.

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ باغبان گر پنج روزی گل صحبت بایدش

بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″

سالك ملك بقادر سالکان قادری: ئەوانەی بە ڕێگای تەریقەتی قادریدا دەڕۆن، ڕێبوارانی مڵکی مان و هەتا هەتایین. تارك کوی فنادر سالکان قادری: واز لە موڵکی گەڕەکی نەمان هێن، ڕێبوارانی ڕێگای قادرین، گەڕەکی نەمان بە جێ دێڵن. جهد ایدوب علم الهیدن سبق خوان أولدیلر: لە تێکۆشان لە زانستی خواییدا بوون بە گرێوبەرەوە. وارثان انبیادر سالکان قادری: ڕێبوارانی قادری میراتگرانی پەیامبەرانن. (العلماء ورثة الأنبیاء). جامەء عرفان إیلە تزبین باطن ایتدیلر: بە کراسی عیرفان (بە ڕاستی گەیشتن) دڵ و دەروونیان ڕازاندەوە. ظاهری اهل قبادر سالکان قادری: قادری بە ڕواڵەت ئەهلی کەوان. مجلس إشراقیاندر حلقەء أذکارلری:

کۆڕی زیکریان ئەنجومەنی ئیشراقییانە. مەبەست لە ئیشراقییان واتە بەرەی فەیلەسووفانی حیکمەتی ئیشراقییەت. ئیشراق فەلسەفەیەکە، بە ڕەگەما و پەرگەما لە فەلسەفەی ئیفلاتوون و نوێ ئیفلاتوونیی ناوچەی ئیسکەندەرییە سەری هەڵداوە. زینەووکەرەوە و پەرەپێدەری وی لە ئیلام و ولاتی ئێراندا، شێخ شەهابەددینی سوورەوەردییە. سوورەوەردی سەرباری لە فەلسەفەی ئیفلاتوون و نوێ ئیفلاتوونی سوود وەرگرتن، لە فەلسەفەی باوی ئێرانی، بە تایبەت فەلسەفەی مەیلە و عیرفان، کە لە ئۆلی زەرتوشتیدا باو بووە – سوورەوەردی، خۆی بە ئامیانی خوسرەوانی نێو بردووە – وەرگرتووە . بنەمای ئەم فەلسەفەیە ئەمەیە کە بە "کەشف" و "شوهوود" و " ئیشراق" بە ڕاستی بگەی... سر قلبە آشنادر سالکان قادری: ڕێبوارانی قادری ئاشنای پەنامەکییەکانی دڵن. أیلەمشلر دللرك گنجینەء غیب الغیوب: دلآنیان کردووە بە پێواری پێواران. مخزن سر خدادر سالکان قادری: ڕێبوارانی قادری هەزێنەی پەنامی خوداوەندن. چوق فنا فی اللهدن سر سیر الهی ایتمکە – رهروان کبریادر سالکان قادری: ڕێبوارانی قادری لە ڕێگای لە خوادا توانەوە، مەحف بوونەوەوە، بۆ خوا دیتن، ڕێبوارانی خوایێن. فیض ارشادیلە تسخیر ایتمەدە طالبلری: بە هێنانە ژێربـاری خـوایشتـی زیـارەتکاران بـە سەر شاریـی ڕێبـەدێییـەوە. گویـا معـجز نمـادر سالکان قادری: هەر دەڵێی پەرجوو نوێنی ڕێبوارانی قادرین. بوستان ذکر جهرا ایچرەدر نالشلری: ناڵە و فوغانیان لە نێو بێستانی ئاشکرادایە. مەبەستی ئەوەیە، کە ئۆلی قادری ڕێ و ڕەسمی خوداپەرستییان بە ئاشکراییە، وەك ئۆڵەکانی دیکە پەنامەکی "باطنی" نییە، (بانگی محەممەد وە ئاشکرا خۆشە). بلبل باغ (رضا) در سالکان قادری: ڕێبوارانی قادری بولبولی باغی (ڕەزا)ن.

٥٤

دفتردارك هجوی*

(پیتی) یێ

واجب اولـــدی ایـــدەیـــم درد دلك اظـــهـــاری
یـوقسە دِقّ عـلَّـتـنـە مـنـجـرّ اولـور اضمـاری
صالـی ویـر زنگـنـەلـری یـا گـری ویـر رهـواری
ویـرەمـم بـاد صبـا، اسب صبـا، رفـتـاری(١)

جملـه آفـاقـه دگـیشمـم تـویـونك بـر تـاری
بـری یـوزدن مـتـجـاوز، بـری سویلـر یوز ایمش
بـری انـصافـی بـوراقـمـازده، دیـر طـقـوز ایمش
بری سویلر بو نه چوق رشوت آلور دونگز ایمش
کیمسه بیلمز عددی بن بیلرم اوطوز ایمش[۲]
زنـگـنـه‌لـردن آلـنـان لـیـره‌لـرك مـقـداری
وعدهء تـخلـیـه گـوز فـصلـی یـاکن اولدی شتـا
گـورمـدم بـویـلـه عـجب خـائـن مـادر بـخـطـا
یـاپـدی افسونـلـری، گـوسـتـردی فـنـون شتّـی
آتمـــی آلدی آوانـتـه ایلـه مـجـانـاً، حـتّـی
سزلـرك صرتـنـه‌ده آتمادی بـر عـنـتـاری[۳]
ایشی گـورمکده جبـان، آقـچـه آلمقـده جسور[٤]
نـیـجـه بـیك خـاطـر بـیـچـاره شرنـدن مـکسور
ذات نـحسنده دنائت دیدیگن هـپ مـحصور[٥]
نــه روادر کــه قــومــانـدان سپـاه مـنـصور[٦]
ایـده‌سك پـادشهـم بـویـلـه خـیـانـتـکـاری[۷]
دولت و مـلـتـه اسبـاب زیـانـدر بـو تـرس[۸]
بـلـکـه برفتنهء آشوب جـهـانـدر بـو تـرس[۹]
ایـتسه الـلـهــه یمین عین یـلانـدر بـو تـرس
هــم بـزم قـانمز ضایـع ایـدنـدر بـوتـرس[۱۰]
نـیـجـه قـاندردی جنـایت قـوجـه برخونکاری
گـــر بـــود دائـــرهء گـــردش أیـــام (رضا)
ویـره‌مـز دهـر مـگـر سفـلـه‌یـه انـعـام رضا
یـــارامـــاز عـفت و دولت إیـچـون إقـدام رضا
بـــو ایسه پـــیش روِ لشکـــر اسلام رضا[۱۱]
حـق بـزم اوزره مـظـفّـر ایـده‌جك کـفـاری

نـه بـيـچـمـدر، نـه ايمش يـوزى، نـدر اسطـارى
بـيـچـيـمـنـدن بـيـلـنـير مـلـعـنـتك آثارى[١٢]
ارمـنـيـلـرلـه اويـوب طـوغـرو دگـل افـكـارى
طـانـيـمـز كـيـمسه بـنـم تك او خـيـانـتكـارى[١٣]
ديـكـلـه تـعـريـف ايـدهيـم حـضـرت دفـتـردارى
نـه ارامِـلـه ويـرر پـاره، نـه ايـتـامـه مـعـاش[١٤]
آقـچـهء واحـده آنـدن آلامـاز كـيمسه بـلاش[١٥]
بر تراش پارەسى وير، سوق گوتنه تا بتراش
روحـنـى آلمق ايـچـون أى مـلك الموت يـنـاش
ايـتـلـره طـعـمـه اولـنسون او تـنِ مـردارى[١٦]
بـابـاسى سبـزه صـاتـار، والـدەسى جنگـانـه[١٧]
حـرم مـحـتـرمـى خـادمـهء كـارخـانـه
دخـتـر بـدِسيـرَ جـرعـه كش پـيـمـانـه[١٨]
بـاشى بـر يـانـه دوشر، أل آيـاغـى بـر يـانه
(سوق هـرَّاج) ده گـزر ألـلـرده شلـوارى
حـالـنـه بـاقـمـايـهجـقسك فـقـرانك آترس[١٩]
فـكـريـنـه اويـمـايـه جـقسك وزرانك آترس[٢٠]
بـيـلـمـدك ضربـى يمانـدر شعـرانك آترس
بيلمدك خانهء ييقار (شيخ رضا) نك آترس[٢١]
شررى حـوصلـه، سوزى شهب اشعـارى[٢٢]

---

(١) اسپ صبا: (ت).
(٢) اوگز: (ت).
(٣) سرتنه: (ت).
(٤) گورمگده: (ت).
(٥) ديدگن: (ت).
(٦) نەرەوادر: (ت).

(٧) ایدسك: (ت).

(٨) ملت: (ت).

(٩) فتنەء: (ت).

(١٠) ایراندر: (ت).

(١١) پێش رەو: (ت).

(١٢) بیلنر: (ت).

(١٣) تك: گیی.

(١٤) ارامیلە: (ت).

(١٥) آلامز: (ت).

(١٦) طعنە:(ت).

(١٧) صائر: (ت).

(١٨) بەدسیری: (ت).

(١٩) باقمیەجك: (ت).

(٢٠) اویمیەجقك: (ت).

(٢١) بیلمدن: (ت).

(٢٢) شەرەری: (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: "نازنـــــین عـیب نباشد کـە کـند ناز ای دل

او همی سوزدت از عشق تو می ساز ای دل"

واجب أولدی ایدیم دەرد دلك إظهاری: دەردە دڵ دەربڕین بوو بە کارێکی پێویست و کارد لە سوقان ترازا. یوقسە دق علتنە منحر أولور إضماری: دەنا، لە زگ چەپاندنی سەر دەکێشێتە نەخۆشیی دیق و دەردەباریکە. صالی ویر زنگنەلری یا گری ویر رهواری: زەنگنەکان بەرهەڵدا کە یا ئەسپەکە ڕەهوار کە، بگێڕەوە. ویرەمم باد صبا، اسب صبا رفتاری: ئەسپی وەك ڕەفتار بای سەبا، بە خۆڕایی نادەم. جملە آفاقە دگیشمم تویونك بر تاری: تاڵێ لە تووکی بە هەموو جیهان ناگۆڕمەوە، بری وزدن متجاوز، بری سویلر یوز ایمش: یەکێ دەڵێ ئەم بەرتیلە لە سەد تێ پەڕیوە، یەکێ دەڵێ، نەخێر سەدە. بری أنصافی براقمازدە، دیر طقوز ایمیش: یەکێ واز لە ویژدان

ناهێنیێ و دەڵێ، نەخێر نۆ بووە. بری سویلر بو نە چوق رشوت آلور دونگز ایمیش: یەك دەڵێ، ئەمە بەرتیل چەندە زۆر وەردەگرێ، مەڵێ بەرازە، بەراز بووە. کیمسە بیلمز عددی بن بیلرم أوتوز ایمیش: کەس بە تەواوەتی ژمارەی نازانێ، تمەز سێیە، یا سی بووە، زنگنەلردن آلنان لیرەلرك مقداری: ژمارەی ئەو لیرانەی کە لە زەنگنەکان وەرگیراوە. وعدەء تخلیە گوز فصلی ایکن أولدی شتا: دەکاتێکدا وادەی بۆ گێڕانەوەی ئەسپەکە دەبوا پایز بێ، کەچی بوو بە وەرزی زستان. گورمدم بویلە عجب خائنی مادر بخطا: ئەمن داك بە هەڵە بووی وا سەیرم نەدیتووە. یاپدی أفسونلری گوستردی فنونی شتی: بە جادوو و ئەفسوون کردن جۆران هونەری نواند: آتمی آلدی آوانتە ایلە مًجاناً، حتًی – سیزلرك صرتنەدە آتمادی بر عنتاری: ئەسپەکەی بە بەلاش بردم تەنانەت کراسێکی لەبەر مەیتەرەکە نەکرد. ایشی گورمکدە جبان، آقچە آلمقد جسور: لە کار ڕاپەڕاندندا ترسەنۆك و لە پووڵ وەرگرتندا بوێرو ئازا. نیجە بیك خاطر بیچارە شرندن مکسور: دەڵێ چەندین هەزار بێچارەی لێ شکاوە. ذات نحسندە دناءت دیدگن هپ محصور: ئەو هەمووە نەفس نزمی و ئاڵچاخییەی، تۆ دەیڵێی، لە زاتی نەحس و نەگریسیدا پەنگی خواردووەتەوە. نە روادر کە قوماندان سپاە منصور – ایدەسك پادشهم بویلە خیانت کاری: چە ڕەوای هەقە، پادشام ئەو خیانەتکارە بکەی بە فەرماندەی سپای سەرکەوتوو. دولت و ملتە أسباب زیاندر بو ترس: ئەم دەویتە بۆ دەوڵەت و میللەت مایەی زەرەر و زیانە. بلکە برفتنەء آشوب جهاندر بو ترس: بگرە ئەم دەویتە بشێونەیەکی ئاژاوەگێڕی جیهانە. ایتسە أللهە یمین عین بو ترس: ئەم گەوادە ئەگەر سوێند بە خواش بخوا، دەق درۆیە. هم بزم قانمزی ضایع ایدندر بو ترس: ئەم جاکەشە، هەم خوێنی مەی بە فیڕۆ داوە. نیجە قاندردی جنابت قوجە بر خونکاری؟ ئەم گەمارە چۆن توانی خونکار، سوڵتانێکی وا دڵ نەرم بکا، لە خشتە بەرێ. گر بودر دائرەء گردش أیام (رضا) ویرەمز دهر مگر سفلەیە انعام رضا. ئەگەر چەمەری چەرخی ڕۆژگاری ڕەزامەندی ئەمە بێ، نەدەبوو زەمانە نیعمەتی دڵخۆشی بە سپڵە ببەخشێ. یاراماز عفت و دولت ایچون إقدام رضا: پاك داوێنی و دەست پاکی بۆ دەوڵەت شاقەل لێ هەڵکردن کەڵکی نییە. بو ایسە پیش رو لشکر اسلام رضا: ئەگەر ئەمە بێ پێشڕەوی لەشکری ئیسلام ڕەزا. حق بزم أوزرە مظفر ایدەجك کفاری: هەنگێ خوای بە هەق کافران بە سەر مەدا زاڵ و دەسرۆ دەکا. نە بیچمدر، نە ایمش یوزی، نەدر أسطاری: شڕوشکڵی چۆنە، سەروسوورەتی چلۆنە، ئەسڵ و پشت و ئەستەڕی

چۆنە؟ بیچمندن بیلینر ملعنتك آثاری: نیشانەکانی نەگریسی و مەلعوونیی هەر لە شرو شکڵیدا دیارن، أرمنیلرلە اویوب طوغری دگل أفکاری: دەگەڵ ئەرمەنییاندا ڕێك کەوتووە، بیروبڕوای ڕاست نییە. طانمز کیمسە بنم تك او خیانتکاری: کەس وەکو من ئەو خیانەتکارە ناناسێ. دیگلە تعریف ایدەیم حضرت دفترداری: گوێدێرە، با حەزرەتی دەفتەردارت لە بۆ تاریف کەم. مە أراملە ویرر پارە. نە أیتامە معاش: مووچە نە بێوەژنان دەدا، نە بە سێوییان. آقچەء واحد آندن آلامز کیمسە بلاش: کەس بە خۆڕایی پووڵێکی لێ وەچەنگ ناکەوێ. بر تراش پارەسی ویر، سوق گوتنە تا بە تراش: بە قونیەوە بکە، تا سەرتاشین. روحنی آلمق ایچون ای ملك الموت یناش: ئەی عیزرائیل بۆ ڕۆح کێشانی نزیك بەوە، فریاکەوە . ایتلرە طعمە أولنسون أو تن مرداری: با ئەو لەشە گەمارەی ببێ بە چەشکەی سەگان. باباسی سبزو صاتان، والدەسی جنگانە: بابی سەوزە فرۆش و داکی قەرەچییە. حرم محترمی خادمەء کارخانە: ژنە بەڕێزەکەی قەرەواشی قەحپەخانەیە. دختر بدمسیر جرعە کش پیمانە: کیژە بەدرەوشتەکەی قوم مژی پیاڵەی شەرابە. باشی بر یانە دوشر أل أیاغی بر یانە: کە سەرخۆش دەبێ، دەستی بەلایەکدا و سەری بە لایەکدا دەکەوێ. سوق هەڕاج دە کزر اللردە هپ شلواری: دەرپێیەکەی هەمیشە لە هەراجخانە بە دەستەوە دەگەڕێ، دەستاودەستی پێ دەکرێ. حالنە باقمیەجقسك فقرانك آترس: لە حاڵی هەژاران نانۆڕی هەی تەرەس، هەی دەویت. فکرینە اویمایەجقسك وزرانك آترس: دەگەڵ بیروڕای وەزیراندا ڕێك ناکەوی هەی تەرەس هەی دەویت. بیلمدك ضربی یماندر شعرانك اترس: ئەدی نەتزانی گورزی شاعیران چەند بە زەبرەوە، هەی دەویت؟ بیلمدك خانە ییقار شیخ (رضا) نك آترس – شرری حوصلە، سوزی شهب اشعاری: ئەی نەتزانی پڕیشکی حەوسەڵەیە و قسەی وەك ستێری کشاو، ماڵ وێران دەکا؟

دوردلوكلر

٥٥

استنجا*

(پیتی) ئەلف

نـە رجـا ایلـە مـعـاشم آلـە بـیـلدم نـە هـجـا
چارە یوقدر بو قورمساغە مگر موت فجا
پـارە یـوقـدر آلـەیـم ابـدست ایـچـون بـر ابـریق
واجب اولـدی صـقـلـیـلـە ایـدەیـم استـنـجـا

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)
وەك: ″ هر کە در کوی خرابات مرا بار دهد
بە کمال و کرمش جان إقرار دهد″

نە رجا ایلە معاشم آلە بیلدم نە هجا: نە بە تکا توانیم مووچەکەم وەرگرم، نە بە هەجو و فراوێتن. چارە یوقدر بو قورمساغە مگر موت فجا: لە مەرگی کوتوپڕ بەولاوە، هیچ چارەیەکی دیکە بۆ ئەم دەویتە نییە. پارە یوقدر آلەیم آبدست إیچون بر إبریق: پووڵم بۆ مەسینە کڕینێك بۆ دەسنوێژ وەرگرتن نییە. واجب اولدی صقلیلە ایدەیم استنجا: بوو بە فەرز، کە قوون بە ڕدێنی بسڕمەوە.

٥٦

عبدالقادر*

(پیتی) ڕێ

علـو قـدر عـبـدالـقـادری اوج انـبـیـادن صور
غـبـار خـاك نـعـلـینی رقـاب اولـیـادن صور
او بــاز سرفـرازك آشیـانـی نـردەدر بـیلمم(١)
آنــی بــاالانشیِـن بـارگـاهِ کـبـریـادن صور

(١) نرددر (ت).

(*) كێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″ اگر آن تـرك شیـرازی بـه دسـت آرد دل مـارا

بـه خـال هندویش بخشم سمرقند و بخـارارا″

علو قدر عبد القـادری اوج أنبیـادن صور: بڵندیی پلە و پایەی عەبدولقـادر لە پشکی پەیامبەران بپرسە. غبار خـاك نعلینی رقـاب أولیـادن صور: گەردی خـاكی سۆلەكـانی لە ستۆی وەلییـان بپرسە. أو بـاز سرفرازك آشیـانی نردەدر بیلمم: هێلانەی ئەو بـازە سەرفرازە، لە كن مەی، ئەمن نـازانم، آنی بـالانشین بـارگاه كبریـادن صور: بـارەگـای بـاڵانشینی خواوەندی لە كیبرییا بپرسە.

٥٧

كاظم بگ*

(پیتی) ڕێ

آلـنـجـە خـزنـەء مـالـیـەدن بـیـكـلـرجـە مـثـبـتـدر

بـنـم سعـیـم گـبـی، كـاظـم بـگك وعـدی مـهـدردر

بنی خوشنود ایدر، فردا دیو، وعدلرایلە هرگون[١]

او فـــردادك مـــرادی غـــالـبـــا فـــردای مـــحشردر

(١) فردادیور وعدا پدر هر كون: (ت).

(*) كێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″ ألا یـاأیــهـا السـاقـی أدر كـأسـاً ونــاولـها

متی ما تلق من تهوی دع الدُّنیا وأهملها″

آلـنـجـە خزنـە و مـالـیـەدن....... بـیكلرجـە مثـبـتـدر هـەزاران....... لـە خـەزێـنـەی دارایی

وەردەگرێ. بنم سعیم گبی، کاظم بگك وعدی مهدردر: وادە و بەڵێنی کازم بەگ وەك کرو کۆششتی من، هەمیشە بەر هەڕەشە کەوتووە. بنی خوشنود ایدر فردا دیو، وعدلر ایلە هر گون: دەڵێ، ئەمڕۆ نا سبەی، هەموو ڕۆژێ بەڵێن دەدا. أو فردادك مرادی غالبا فردای محشردر: بە زۆری مەبەستی لە سبەینێیە، ڕۆژی مەحشەرە، ڕۆژی بۆ دادگایی کۆبوونەوەی ڕۆژی قیامەتێیە.

٥٨

شیخ شریف*

(پیتی) ڕێ

ظلم ایدر گرچە بزم شیخ شریفك آدی وار
ظلمە یوقدر میلی اما ظالمە امدادی وار
پارە آلماز اوچدە بردر رسم عادت آلنان
شیخ عالی همتك بر معتدل معتادی وار

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن)
وەك: ″ هر کە صید أو شود با دیگری کارش نباشد
و انکە داغ او گرفت از بندگی عارش شود″

ظلم ایدر گرچە بزم شیخ شریفك آدی وار: ئەو زوڵم دکا کەچی هەر نێوی شێخی مە لە ناو ناوندایە. ایدر گرچە بزم شیخ شریفك آدی وار: ئەو زوڵم دەکا کەچی هەر نێوی شێخی مەلە ناو ناواندایە. ظلمە ظلم یوقدر میلی أما ظالمە إمدادی وار: مەیلی زوڵمی نییە وەلێ یارمەتیی زاڵمان دەدا. پارە آلمار اوچدە بر در رسم عادت آلنان: پارە وەرناگرێ بەڵام بە پێی ڕەسمی باو، ئەوەی وەردەگیرێ، سێ یەکە. شیخ عالی همتك بر معتدل معتادی وار: شێخی هیممەت بڵند خوویەکی ئیعتیدالەوەی هەس، واتە بە ئینسافەوە قوون دەدا.

٥٩

در مدح یوسف پاشا*

(پیتی) شین

طشت زرینـی آلـوب بـاشنـه دنیـایـی طولاش(١)
آتــنــی سور دیــەمــز کــیـمسه سکــا آتــلـو یـواش
بـــارك الـــلـــه قـــومـــانــدان فــلاتــون تــدبــیــر
اختلاسك اوگنه گیچدی، نه أل کسدی نه باش

....

(١) اولوب (م).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەقسوور

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فعلان)

وەك: ″ امشب آن نیست که در خواب رود چشم ندیم

خواب در روضــەء رضـوان نکند اهل نعیم″

طشت زرینی آلوب باشنه دنیایی گزر: تەشتی زێڕین لە سەر سەری دادەنێ و بە دنیادا دەگەڕێ. آتنی سور دیەمز کیمسه سکا آتلو یواش: ئەسپی خۆ تاودە، کەس پێت نایەژێ، سوارەکە لە سەرەخۆبە. واتە: خڕی سەر سووری خۆت باژۆ، کەس پێت ناڵێ هێواش. بارك الله قوماندان فلاتون تدبیر: ئەی بتڕەژم سەرکردەی ئیفلاتوون تەگبیر ڕا. اختلاسك أوگنه گیچدی نه أل کسدی نه باش: بەرەوبڕیی لە ژێرەوە دزیی کرد، نە دەستی بڕی و نە سەر.

٦٠

اسماعیل*

(پیتی) لام

اسم عـالـی ایـلـه عـالـی ایدەمز شخص رذیـل(١)
سکـــا بـــر فـــائـــده ویــرمــز لــقب اسمـــاعــیــل
گـوریـنـور ساختـەدر هـرکـیـم اوزاقدن بـاقسه
مــتــصرف مــی اولــور (عــجـل بـنــی اسرائـیـل)؟

(١) رزيل (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ

(فاعلتن فعلاتن فعلاتن فع لان)

وەك: " دوش وقت سحر از غصّه نجاتم دادند

واندر آن ظلمت شب آب حیاتم دادند"

اسم عالی ایلە ایدەمز شخص رذیل: نێوی بەرز، پیاوی پەست و ئاڵچاخ بەرز ناکاتەوە. سکا بر فائده ویرمز لقب اسماعیل: نازناوی ئیسماعیل هیچ سوودێکت پێ نابەخشێ. گورینور ساختەدر هر کیم أوزاقدن باقسە: هەر کەسێ لە دوورڕا بڕوانێ، بۆی بە دیاردەکەوێ کە ساختەیە. متصرِّف می أولور عجل بنی إسرائیل؟ گوێرەکەی کوڕانی ئیسرائیل بۆ مەتەسەڕیفی دەشێ؟

٦١

یار مهربان*

(پیتی) میم

أی یار مهربان سکا نامهربان دیدم

خلط أیلدم، خطاده بولندم یلان دیدم

منع نگاه شیره ایلر شعاع مهر

بن آسمانه مگر ریسمان دیدم

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون

(مستفعلن مفاعلن مستفعلن فعل)

نموونەم بۆ ئەم شیعرە دەست نەکەوت..

ای یار مهربان سکا نا مهربان دیدم: ئەی یاری بە بەزە، یاری بێ بەزەم پێ گوتی. خلط أیلدم خطاده بولندم: خەڵتم کرد، تووشی هەڵە بووم. منع نگاه شیره ایلر شعاع مهر: تیشکی ڕۆژ، یا تیشکی خۆشەویستی چاو بە شێر دادەخا. بن آسمانه مگر ریسمان دیدم: یا ڕەنگە بە ئاسمانم گوتبێ، ئاسمان و ڕێسمان. واتە: فەرقی تۆ و

خۆشەویستی من وەك ئاسمان و ڕێسمانە. دیارە لێرەدا ئیستیعارەیەكی جوان هەس بۆ جەمعی یەك لە شام و یەك لە حەڵەب.

٦٢

آباء واجدادم

(پیتی) نوون

جـمـلـەء آبـــاء وأجـــدادم امـــام المتـــقین
جـمـلـەء علـم الـیقـیندن واصل علـم الیقین
ترك اولنسە نولەبیش یوز رأس اغنام ینە
بـن كـولـەن شایـان عفـوم یـا أمـیرالمؤمـنین

....

(*) كێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)
وەك: " آن كە نقشی دیگرش جایی مصوَّر می شود
نقش أو در چشم ما هر روز خوبتر می شود"

جملەء آبـاء و اجـدادم إمـام المتَّـقین: سەرلـەبـەری بـاو و بـاپـیرانم پـێشەوای لـە خوداترسانن. جملەء علم الیقیندن واصل علم الیقین: لە بەرەی بە یەقینەوە لە خوا گەیشتن و بە سەرچاوەی یەقین گەیشتوون. بە بڕوای سۆفییانی ئێرانی و كورد، داناییی مەعنەوی سێ جۆرە: ١- علم الیقین (زانستی بێ شك و شوبهە = دۆگما) ٢- عین الیقین (یەقین هر دە زاتی خۆیدا) ٣- حقُّ الیقین (ڕاستی بینین). لە حاڵەتی یەكەمدا مرۆ دەلیلان بە ئیستیدلالی ئەقڵی هەڵدێنجێ. لە حاڵەتی دووەمدا مرۆ لە خۆی بێ خۆ دەبێ و ڕازێكی مەعنەوی دەبینێ و پەنامێكی بۆ ئاشكرا دەبێ. لە حاڵەتی سێیەمدا بە ڕاستی، بە حەقیقەت دەگا و هەر وەكە خۆ چۆنە، بەو تەرزەی دەبینێ. ترك أولنسە نولە بیش یوز رأس أغنام ینە: ئەگەر واز لە پێنج سەد سەر مەڕ بهێندرێ، دیسان چ دەقەومێ؟ بن كولەن شایان عفوم أمیر المؤمنین: ئەزبەنی، شایستەی بەخشینم، هۆ میری باوەرداران.

٦٣

حضرت سلطان*

(پیتی) نوون

دشمنه قارشی کدی، ملته قارشی أصلان
لعنة الله علی حضرت هذا السلطان
لعنة الله علیه وعلی تابعه
وعلی من هو لا یرضی بحکم القرآن

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم موسەببەغ

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)

وەك: " در ازل عکس می لعل تو در جام أفتاد

عاشق سوخته دل در طمع خام افتاد"

دوشمنه قارشی کدی، ملته قارشی أصلان: دە بەرابەر دژمندا کتك و دە بەرابەر میللەتدا شێرە. لعنة اللّه علی حضرت هذا السُّلطان: لەحنەتی خوا لە حەزرەتی ئەو سوڵتانە. لعنة اللّه علیه وعلی تابعه: لەعنەت لە خۆی و پەیڕەوانی. علی من هو لا یرضی بحکم القرآن: هەروەها لەحنەت لەو کەسەی کە بە حوکمی قورئان ڕازی نابێ.

٦٤

حیدر قلعه گشا*

(پیتی) نوون

حیدر قلعه گشا رستم اقلیم ستان
نیرً أعظم، برج الاسد داغستان
بیم بازوی دلیرانەلرندن تیترر
کندیسی خطەء زورادە ایکن (هندستان)

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)

وەك: ″در أزل عكـــس مى تو درجام أفتاد

عاشق سوخته دل درطمع خام أفتاد

حيدر و قعله گشا رستم اقليم ستان: شێرى قەڵا داگيركەر، ڕۆستەمى زابوڵستان. نيرِّ أعـظـم، بـرج الأسد داغستـان: تـابـانـى مـەزنـى پشكـى شێرى داغستـان. بـيم بـازوى دليرانەلرندن تيترر – كنديسى خطَّەء زوراده ايكن هندستان: بۆ خۆى لە بەغدايە و هندستان لە ترسى بازوانى دلێرانەى دەلەرزێ.

٦٥

شامل پاشا*

(پيتى) هێ

اى جـوانمرد جـهـان حـضرت شامـل پـاشا

داور صدر نشين دائـــرەء عـــرفـــانـــده

پـــارەء الـــبسەء خـــضر آغـامـى گوروكز

ايشتـە گلدى، دونـى يرتـيق، دبرى ميدانده

....

(*) كێش: بەحرى ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ باغبان گر پنج روزى صحبت گل بايدش

بر جفاى خار هجران صبر بلبل بايدش″

اى جوانمرد جهان حضرت شامل پاشا: ئەى جوامێرى جيهان، حەزرەتى شاميل پاشا. داورى صدر نشين دائرەء عرفانده: لە دائيرەى عيرفاندا داوەرى سەدرنشينى. پارەء ألبسەء خضر آغامى گوروكز؟ بنۆڕنە شڕيى پۆشاكى خدر ئاغام. ايشته گلدى دونى يرتيق، دبرى ميدانده: دەرپێى دڕاوەو قوونى بە دەرەوەيە.

٦٦

اسماعيل پاشا*

(پيتى) هىٚ

عراقه گلدى اسماعيل پاشا فرط سرعتله(٥)
كه باى فتنـهيه، آينـهء ملكه جلا ويرسون
كلاب أشقيا أطرافك آلدى شاشدى بيچاره
ديدى ياهو نصل بر مملكت الله بلا ويرسون

....

(*) كێش: بەحرى هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن)
وەك: " ألا يا أيها الساقى أدر كأساً وناولها   كه عشق آسان نمود ولى أفتاد مشكلها"
عراقه گلدى إسماعيل پاشا فرط سرعتله: ئيسماعيل زۆر بە پەلە بۆ عيراقىٚ هات. كه پاى فتنەيه آينەء ملكه جلا ويرسون: بۆ وەى پايان، دوايى بە ئاژاوە بێنىٚ و گەشە و شەوق بە ئاوێنەى مڵك و دەوڵەت بدا. كلاب آشقيا أطرافك آلدى شاشدى بيچاره: ياخى و سەركێشانى سەگ و سواڵ گەمارۆيان دا، ئەم بێچارەيە سەرى لىٚ شێوا. ديدى يا هو نصل بر مملكت اللّه بلا ويرسون: گوتى خەڵكينە ئەمە چۆن وڵاتێكە، خوا بەڵاى لىٚ دا. "ياهو" قسەيەكى عەرەبييە، واتە: هۆ، هێيى، كاورا..

٦٧

شيخ سليمان*

(پيتى) هىٚ

تكيه ملك پدرم اولديغى ميدانده ايكن(٦)
دير بنمدر بودله (شيخ سليمان) زاده
راضى اولمازدى سلامتله المدن چيقسون
بوينكى طوق هجادن ايدهيم آزاده

....

(*) كێش: بەحرى ڕەمەل مەخبوون ئەصلەم

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: ″گر سر صحبت این بی سر و پایت باشد

بر سر و چشم من دلشده جایـت باشد″

تکیه ملك پدرم اولدیغی میدانده ایکن: دە کاتێکدا، تەکیە ملّکی بابمە. دیر بنمدر بودلە (شیخ سلیمان) زادە: شێخ سلێمان زادە دەڵێ ئی منە. راضی أولمازدی سلامتلە ألمدن چیقسون – بو ینکی طوق هجادن ایدەیم آزادە: قابیل نەدەبوو، هەروا ورد و باریك لە دەستم قوتاری بێ و لەم کۆتی هەجوە تازەیەی ئازاد کەم.

٦٨

تأریخ*

(پیتی) هێ

مـطبـخ نـار جـحـیـمـە شد رحـل ایـتـدی اوکـیم

لحم خـنـزیـری کـبـاب ایـچـون چکردی مـطبـخـە

نـعش نـاپـاکـی گـورنجە سویـلـدم تـاریـخ تـام

(کاکەیی سید محمد گیردی دوز دوز دوزخە)

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″باغبان گر پنج روزی صحبت گل بایدش

بر جفای خار هجران صبر بلبل بایدش″

مطبخ نار جحیمە شدّ رحل ایتدی أوکیم – لحم خنزیری کباب ایجون چکردی مطبخە: گۆشتی بەرازی بۆ کەباب دەبردە متبەقەوە، چابوو باروبنەی بۆ متبەقی ئاوری دۆزەخ پێچایەوە و تەشریفی فەوت و فەنتەشیر بوو. نعش ناپاکی گورنجە سویلدم تأریخ تام: کە چاوم بە تەرمی ناپاکی کەوت، مێژووی تەواویم نووسی. (کاکەیی سید محمد گیردی دوز دوز دوزخە: سەیید محەممەدی کاکەیی ڕاستەوڕاست چووە دۆزەخەوە.

٦٩

عدالت*

(پیتی) یێ

بـیـچـاره عـدالت کـه یـیـقـلـمشدی بـنـاسی
بـردن ایـچـنـه سیـچدی بـو قـانـون اساسی
قـانـون إلـهـی وار ایـکـن یـعـنـی شریـعت
قـانـون هـذیـانـدر چـه سیـاسی چـه اساسی

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف
(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)
وەك: "دردی که مرا هست به مرهم نفروشم
ور عافیتش صرفه دهی هم نفروشم"
بیچاره عدالت که ییقلمشدی بناسی: ئای بۆ دادی بێچارە، بنیاتی ڕووخاوە. بردن ایچنه سیچدی بو قانون أساسی: خۆ ئەم قانوونی ئەساسی (دەستوور)ە، بە جارێ گووی تێ کرد. قانون الهیوارایکن یعنی شریعت: که یاسا و دەستووری خوایی، واته شەریعەت هذیاندر چه ساسی چه أساسی: قانوون وڕێنەیە، چ سیاسی، چ ئەساسی و هیمەکی. شێخ ڕەزا وێڕای وەی کە دژی هەموو کارێکی دزێوی شەخسی و کۆمەڵەکی بووە، کەچی بڕوای بە لافی گۆڕانی دنیا نەبووە..

٧٠

والی*

(پیتی) یێ

یـاشی یـوزدن مـتـجـاوز نـه ایدر بـر والـی
ایشتـه بـونـدن بـوزولـور مملـکتك احـوالـی
مملکت اصلاحنه بر میتی ایتمش مأمور
آفــریــن قــوهء ادراکــنــه بــاب عــالــی

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: ″ نازنــین عیــب نباشــد کــه کـند نــاز ای دل

أو همی سوزدت از عشق و تو می ساز ای دل″

یاشی یوزدن متجاوز نە ایدر بر والی: والییەك کە تەمەنی لە سەد ساڵ تێپەڕیبێ چیی پێ دەکرێ؟ ایشتە بوندن بوزولور مملکتك أحوالی: جا هەر لەبەر هەندێ باروދۆخی وڵات تێك دەچێ. مملکت إصلاحنه بر میِّتی ایتمش مأمور: لە بۆ وەسەر باری ڕاست ئێخستنی وڵات، مردوویەکی کردووە بە کاربەدەست. آفرین قوَّەء إدراکنه باب عالی: ئافەرین بۆ خۆت گوردی ئاوەزو ئەقڵت، بابی عالی.

٧١

فیضی افندی*

(پیتی) یێ

استــــاد سخـــــن، مـــــیــــر سخـــــنسك

اخلاق معانی دنیلان وارایسه سن سك(١)

ای کــان کـمــالات (أمین فـیـضی) أفـنـدی

مجموعەء خلق (حسن)، خلق (حسین) سك

....

(١) خلاق معالی: (ت).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفووف مەحزووف

(مفعولُ مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن)

وەك: ″ هرگز نبود سرو بە بالا کە تـو داری

یا مە بەصفای رخ زیبا کە تو داری″

أستاد سخن، میر سخنسك: وەستای ئەدەبی، میری قسەڕەوانی و زار پاراوی. **اخلاق معانی دنیلان وارایسه سن سك:** ئەگەر مانا داهێن هەبێ. ئەتۆی. **ای کان کمالات (أمین فیضی) أفندی:** ئەی کانگای هەرچی کەماڵات هەس، فەیزی ئەفەندی. **مجموعەء خلق (حسن)، خُلق (حسین) سك:** کۆمەڵێ لە جوانیی حەزرەتی حەسەن و ڕەوشت و ئاکاری حەزرەتی حوسەینی.

٧٢

حاجی عمر*

(پیتی) یێ

حـجدن گلـوب گیـچندی
تـاریـخ ایـچـون دنـیلدی
بـــاغ جـنـــانـــه ایـنـدی
(حـاجی عمر أفندی)(١)

....

(١) حاجی عمر افندی باوکی عەبدوڵڵا سامی بەگ و مەجید پاشا و مصطفی بەگ، کە بنەماڵەی یەعقووبی مەشهوورن.

(*) کێش: بەحری ڕەجەز مورەبەعی موخەللع

(مستفعلن فعولن)

نموونەم دەست نەکەوت..

حجدن گلوب گیچندی: لە وەگەڕا ئێوە خۆش. تأریخ ایچون دنیلدی: لە بۆ مێژوو گوترا. باغ جنانە ایندی: لە باخی بەهەشتان دابەزی. (حاجی عمر افندی). حاجی عومەر ئەفەندی بابی عەبدوڵڵای صافی بەگ ومەجید پاشا و مستەفا بەگە، کە بە بنەماڵەی یەعقووبی نامێن.

بیرلیکلر

٧٣

کوچك ملا*

(پیتی) ئەلف

سنك تك بر بیوك عالم جهانده وارمیدر؟ کلا

سکا سوء نظردن حفظ ایچون دیرلر کوچك ملا

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″ همه کارم ز خودکامی به بدنامی کشید آخر

نهان کی ماند آن رازی کزو سازند محفلها″

سنك تك بر بیوك عالم جهانده وارمیدر؟ کلاً: زانایەکی وەکی تۆ چما لە جیهاندا هەیە؟ نەخێر. سکا سوء نظردن حفظ ایچون دیرلر کوچك ملا: لەبەر چاوەزار مەلای گچکەت پێ دەڵێن.

٧٤

دینەمیت*

(پیتی) تێ

نــە دیــم حــکــم خــدادر (هــو یــحــیــی ویمیت)

یـوقسە مـقـصودمـی حـاصل ایدر ایدی دینـەمیت(١)

....

(١) ندیمی: (ت). ایدردی: موسەممەن مەخبوون مەحزووف

(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن)

وەك: ″ هرگزم نقش تو از لوح دل و جان من إقرار نرود

هـرگـز از یـاد مــن آن سـرو خـرامــان نـرود″

نە دیم حکم خدادر (هو یحیی ویمیت): چ بلێم، ئەوە حوکمی خوایە، هەر بۆ خۆی زیندووش دەکاتەوە و دەشمرێنێ. یوقسە مقصودصی حاصل ایدر ایدیدی دینەمیت؟ دەنا مردوویەك لە بۆ دین، چ مەرامێکی بەجێ دەهێنا م.

٧٥

یهود اوغلی*

(پیتی) دال

گورسە حاخامی اولور ناصیە فرسای سجود
متصرف نیجە اولمش بو یهود اوغلی یهود

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون مەقسوور
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لان)
وەك: ″ یکدو جامم دە سحرگە اتفاق افتادە بود
وز لب ساقی شرابم در مذاق افتادە بود″
گورسە حاخامی أولور ناصیە فرسای سجود: ئەگەر حاخامی جوهوودان ببینێ، دەبێتە هەنیە لە تاو کڕنووش بردن بڕست لێبڕاوی. واتە هێندەی کڕنووش بۆ دەبا هەنیەی بڕستی لەبەر دەبڕێ. متصرَّف نیجە أولمش بو یهودی أوغلی یهود؟ ئەم جووی کوڕی جووە چۆن بووەتە موتەسەڕیف؟

٧٦

بالق باشدن قوتار*

(پیتی) ڕێ

بو أنواع فسادك باعثی ظن ایتمە والیدر(١)
بالق باشدن قوقار ضرب المثل معلوم عالیدر

---

(١)باعث: (ت).
(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن)

وەك: ″ مرا مى بينى و هر دم زيادت مى كنى دردم

ترا مى بينم و ميلم زيادت مى شود هر دم″

بو أنواع فسادك باعثى ظن ايتمه واليدر: وا مەزانە هۆى ئەم شێواوى و فەسادە والييە بالق باشدن قوقار، ضرب المثل معلوم عاليدر: پەندى پێشينانى ″ماسى لە سەريەوە بۆگەن دەبێ″، مەعلوومى پايەبەرزتانە.

٧٧

دفتردار*

(پيتى) ڕێ

بــو ولايــتــده جــنــابك اولــەلــى دفــتــردار

اولـدى طـبـعك گبـى مـالـيـه امـورى مـردار

....

(*) كێش: بەحرى ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم

(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)

نموونەم دەست نەكەوت.

بو ولايتده جنابك أولەلى دفتردار: لەوێ ڕۆژێوە جەنابتان بوون بە دەفتەردار. أولدى طبعك گبى ماليه أمورى مردار: كاروبارى دارايى وەك تەبيعەتى تۆ، بوو بە شتێكى مرداربووەوەى بۆگەن.

٧٨

بابى عالى*

(پيتى) ڕێ

نسبـتــى يــوق بــاب عــالــيـدن گـلــن والـيـلـره

بويله بر بوق وآلى آنجق باب سفلادن گلير(١)

....

(١) گلر: (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ دوش در وقت سحر از غصّە نجاتم دادند

واندر ظلمت آب حیاتم دادند″

نسبتی یوق باب عالیدن گلن والیلرە – بویلە بر بوق والی آنجق باب سفلادن گلیر: ئەم والییە گووە لە چاو ئەو والییانەی لە بابی عالییەوەیان دەنێرن، ئاسمان و ڕێسمانە، والییەکی وا تەنیا مەگەر لە بابی سوفلاوە بێ. شاعیر لە ″بابی سفلا″ هەڵێکی وەدەست هێناوە، جنێوێکی خەست و خۆڵ بە هەرچی هەمە کارەی خوێڕوو دز و حیزی سەردەمی دەوڵەتی کاوراو نەخۆش بدا، دەڵێ ئەوەی کە لە بابی سوفلاوە، کە قوونە دێ و گووە، لە چاو ئەوانەی کە لە بابی عالییەوە، کە بڵندترین دەزگای دەوڵەتە، چاترە.

٧٩

قادریلر*

(پیتی) ڕێ

گوشەلردە نقشبندیلر گبی صاقلانمایز

قادریلر تکیەسی(١) آصلان گبی میداندەدر(٢)

....

(١) ئەم تەکیەیە کە شێخ ڕەزا باسی کردووە، لە بەغدایە، لە محلەی مەیدانە.

(٢) ارسلان: (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ باغبان زین سبز گلشن رخت بیرون می برم

عالمی از عالم فکرت بە کف می آورم″

گوشەلردە نقشبندیلر گبی صاقلانمایز: ئێمەی سەر بە ئۆلی تەریقەتی قادری وەك نەقشبەندییان لە گۆشەی کولبان خۆ وەناشێرین. قادریلر تکیەسی اصلان گبی میداندەدر: تەکیەی قادری وەك شێر هەمیشە دە مەیداندایە.

٨٠

قانون*

(پیتی) ڕێ

دیانت مضمحل، دولت بوزوق، ملت پریشاندر(١)
سبب تحقیر دین، تأسیس قانون، ترك قرآندر

....

(١) بوزوق(ت).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم
(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)
وەك: " همه کارم ز خودکامی به بدنامی کشید آخر
نهان کی ماند آن رازی کزو سازند محفلها"

دیانت مضمحل، دولت بوزوق، ملت پریشاندر: دیانەت لە ناو چووە، دەوڵەت شێواوە، میللەت پەرێشانە. سبب تحقیر دین، تأسیس قانون، ترك قرآندر: هۆی ئەمە واز لە ئایین هێنان، دامەزراندنی یاسا، پشت لە قورئان کردنە، دیارە مەبەستی لە یاسای چەوت و چەوێڵە.

٨١

وزیران*

(پیتی) ڕێ

کیمیسی چوچقی برکهنه حصیر اوزره فقیران سیکر
کیمیسی سندوس و دیباج وحریر اوزره وزیران سیکر(١)

....

(١) سندسی دیباجی حریر: (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم
(فعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)
وەك: " نازنین عیب نباشد که کند ناز ای دل
أو همی سوزدت از عشق و تو می ساز ای دل"

کیمیسی چوجقی بر کهنه حصیر أوزره فقیران سیکر: هێندێ بەچە لە سەر کۆنە حەسیرێ، هەژاران دەیگێ. کیمیسی سندس و دیباج و حریر أوزره وزیران سیکر: هێندێکیش لە سەر سوندوس و دێباو ئارمووش، وەزیران دەیگێ.

٨٢

مذهَّب*

(پیتی) قاف

خذه منی مفضَّضاً ببصاق
واعطنیه مذهّباً بخراکا

....

(*) کێش: بەحری خەفیف موسەددەس مەقسوور

(فاعلاتن مفاعلن فعلان)

نموونەم دەست نەکەوت.

خذه منّی مفضضاً ببصاق: بە تفی وەردە و لێمی وەرگرە. واعطنیه مذهَباً بخرکا: بە گوو زێڕکفتی کەو وێمی دەوە.

٨٣

جمیل*

(پیتی) لام

سورمەدان مادرك سیكدن یمش ملیونجه میل
کیم بیلورسك هانگی کلبك یاوروسی سك أی (جمیل)(١)

....

(١) سن: (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ شرط مردان نیست در دل عشق جانان داشتن
پس دل اندر بند وصل و بند هجران داشتن″

سورمەدان مادرك سيكدن يمش مليونجە ميل: كلدانى داكت بە مليۆن ميلى لە كێرەوە خواردووە. كيم بيلور سن هانگى كلبك ياوروسى سك زى (جميل): كێ دەزانێ ئەتۆ گوجيلەى كێهە سەيت ئەى جەميل؟ ديارە وشەى "جميل" دوو مانەى هەس.

٨٤

آلت*

(پيتى) لام

مـى او مـى، ساقـى او ساقـى، حـالت او حـالت دگـل
گـوت او گـوت، تـفـرك او تـفـرك، آلـــت او آلت دگـل

....

(*) كێش: بەحرى ڕەمەل موسەممەن مەحزووف
(فاعلاتن فاعلات فاعلات فاعلن)
وەك: " باغبان گر پنج روزى صحبت گل بايدش
بر جـــفاى خـار هجران صـبر بلبل بايدش"
مى اومى، ساقى او ساقى، حالت او حالت دگل: مەى هەر ئەو مەى، مەيگێڕ هەر ئەو مەيگێڕ، بەڵام حاڵەت ئەو حاڵەت نييە. گوت او گوت، تفرك او تفرك آلت او آلت دگل: قوون هەر ئەو قوون، تف هەر ئەو تف، بەڵام ئامێر ئەو ئامێر نييە.

٨٥

ايلر قيام*

(پيتى) ميم

بنده يوقدر كبرو عنوان ويرسه بر اوغلان سلام
بـــنـــدن اول آلـتـم حـضرتـلـرى ايـلـر قـيـام

....

(*) كێش: بەحرى ڕەمەل موسەممەن مەقسوور
(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)
وەك: " من زر گوش او بدزدم حلقە أى ديگر نهان
تانداند چشـــم دشمـــن ور بداند گو بدان"

بنده یوقدر کبر و عنوان ویرسه بر اوغلان سلام: ترزلی و لووتبەرزی لەمندا نییە، کوڕێك سەلامم لێ بکا. بندن اول آلتم حضرتلری ایلر قیام: لە پێش مندا حەزرەتی ئالەتم قیام دەفەرموێ.

٨٦

اعوریت*

(پیتی) نوون

اعوریت سکا بر فیض خدادر یوقسه(١)

زیـر دستـنـده مـلازم وار ایـکـن مـعین

---

(١) فیض: (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەصلەم

(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)

وەك: ″گر سر صحبت این بی سرو پایت باشد

بر سرو چشم من دلـشده جایـت باشد″

اعوریت سکا بر خدادر یوقسه: یەکچاوی بۆ تۆ بەشێکی خودایە، دەنا. زبر دستنده ملازم وار ایکن معیَّن. واتە: ئەگەر یەکێکت هەمیشە دەگەڵدا چاوساغ بێ، دەنا وەك گا وای، چونکە گا چاوی گەورەیە، کورد لە بەیت و بالۆرەدا دەڵێ: ″چاوی دەڵێی چاوە گایە لانکێ و لانکێ...″ مانایەکی دیکەشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە یەکێکت لەگەڵدایە و ئەتۆ بۆ گاین هەمیشە لەبەرچاوی.

٨٧

خر*

(پیتی) هێ

عـالمه عـام اولـدیـغـندن الـتـفـات پـادشاه

خـر دخـی بـرآد قـزانـدی سایـەء شاهـانـەدن

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەقسوور

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلان)

وەك: ″هیچ رنگ عافیت در حیِّز عالم نماند

هیچ بوی خوشدلی با گوهر آدم نماند″

عالمه عام اولدیغندن التفات پادشاه: لوتف و ئاوڕدانەوەی پاشا لەبەر وەی هەمووانیە. خر دخی برآد قزاندی سایەء شاهانەدن: کەریش ناونیشانێکی لەسای شاهانەوە پێ بڕا.

٨٨

مختار افندی*

(پیتی) هێ

مصطفی مختار افندی نائب حاجی قره

خانەسندە آم اوجوز در حقەسی برمانقره

....

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەحزووف

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

وەك: ″ای بە قدّ بر کشیدە همچو سرو غاتفر

ای رخ خوب توهمچون ماه و از ماه خوبتر″

مصطفی مختار افندی نائب حاجی قره: مستەفا ئەفەندی کوێخا بێ و حاجی قەرە گزیری. خانەسندە آم اوجوز در حقەسی بر مانقره: کوز لە ماڵیدا هەرزانە و وەقەی بە پولێکە.

٨٩

ایکی عثمان*

(پیتی) هێ

قالدم متحیر ایکی عثمان آرەسندە

موسی گبی، فرعون ایلە، هامان آرەسندە

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن ئەخرەب مەکفوف مەقسوور

(مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن)
وەك: ″آن راكه خداى از قلم لطف نگارد
شايد كه بر او زحمت مشاگه نيارد″
قالدم متحير ايكى عثمان آرەسندە: لە نێوان دوو عوسماندا سەرم سوورما. موسى گبى، فرعون ايله، هامان آرەسندە: وەكو موسا لە نێوان هامان و فيرعەوندا.

٩٠

انسان كامل*

(پيتى) هێ

انسان كامل آراماق بو زمانەدە(١)
ناموس آراماق گيبيدر قحبەخانەدە

....

(١) بو زماندا: (ت).
(*) كێش: بەحرى ڕەجەز موسەممەن مەتوى مەخبوون مەجبووب
(مستفعلن مفتعلن مفاعلن فعل)
نموونەم دەست نەكەوت
انسان كامل آراماق بو زماندە: لە مرۆى تەواو گەڕام لەم زەمانەيەدا. ناموس آراماق گيبيدر قحبەخانەدە: وەك ئەوەيە لە قەحبەخانە لە نامووس بگەڕێى.

٩١

دده*

(پيتى) هێ

باشندە بر اوزون كلاه قارشومە گلدى بر دده
يادمە گلدى آيت (فى عمد ممدَّدە)

....

(*) كێش: بەحرى ڕەجەز موسەممەن مەخبوون مەتوى
(مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن)

نموونەم دەست نەکەوت.
باشندە بر اوزون کلاە قارشومە گلدی بر ددە: دەدەیەکی کڵاوقووتم بەرەو روو هات. وشەی دەدە لە کن تورکمانی کاکەییش و بەکداشیانیش بە پیری مەزەب دادەنرێ. یادمە گلدی آیت (في عمد ممددة) ئایەتی (في عمد ممددة)م بەبیر هاتەوە. شاعیر لێرەدا عەمودی لەو ئایەتە خواستۆتەوەو دەقوونی دەدەی راکردووە. وشەی دەدە لە بۆ موریدی مەولەویخانەی مەولانای رۆمیش دەکار دەدرێ. ئەم دەروێشانەش کڵاوی درێژ و قوت و قوچ لەسەر دەکەن. مەولەویخانەی رۆمیم لە شاری قۆنیە نامێیە. دەروێشە مەولەوییەکان لەوێ بە ناڵەی شمشاڵ سەما (سەماع)ەوە ئاینی ئەم تەریقەتە بەرێوە دەبەن. لەم ئاینەدا کڵاوی قوت و قووچ لەسەر دەنێن و کراسێکی پاوداوێنی فش و فۆڵ لەبەر دەکەن، لە کاتی سەمادا، کە وەك فرفرۆکە دەخولێنەوە کراسەکەیان بەدەم هەواوە، وەك سەیوانی لێ دێ. بۆ خۆم چوومە سەیریان. ئەم مەقامە سەمای لەسەر دەکەن و مەقامەکە حیجازە و پێی دەڵێن مەولەویخانە. مەقامی فەرح فەزاش ناوبەناو لێ دەدەن.

٩٢

حزب رحمان*

(پیتی) یێ

بحمدالله قاچوردی حزب رحمان حزب شیطانی

چیقاردی بلدەیی کرکوکدك غول بیابانی

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″ امە کارن خود کامی ب بدنامی کشید آخر

نهان کی ماند آن رازی کزو سازند محفلها″

بحمداللّه قاچوردی حزب رحمان حزب شیطانی: سوپاس بۆ خوا حزبی رەحمانی کە ئی خواوەندە، حزبی شەیتانی ڕاونا. چیقاردی بلدەیی کرکوکدك غول بیابانی: غولی بیابانی لە شاری کەرکوکێ ڕاوەدوونا.

٩٣

مأمور خر*

(پیتی) یێ*

جناب حق سزی حفظ ایلسون بر محض شر گلدی(١) اهالی

صاقلاسون مرکبلری مأمور خر گلدی(٢)

....

(١) محچ: (ت).

(٢) مأموری: (ت).

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك:" ألا یا أیها الساقي ادر كأساً وناولها

که عشق آسان نمرد ولی افتاد مشکلها"

جناب حق سزی حفظ ایلسون بر محض شرگلدی: جەنابی خوداوەند کە هەقە، بتانپارێزێ، وا شەڕێکی نەگریس هات. اهالی صاقلاسون مرکبلری مامور خر گلدی: خەڵك با چارەوییەکانیان وەشێرن، کارمەندی کەران هات.

٩٤

نقیب*

(پیتی) یێ

نقیبك نقبنه گیرمش هزاران کیر افغانی

گوتی وارسه دیانسون نسل پاك غوث گیلانی

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: " زعشق ناتمام ما جمال یار مستغنی است

آب و رنگ و خال و خط چه حاجت روی زیبارا"

نقیبك نقبنه گیرمش هزاران کیر افغانی: هەزاران کیری ئەفغانیان بە کونی قوونی

نەقیبی گەیلانیدا چووە. گوتی وارسه دیانسون نسل پاك غوث گیلانی: ئەگەر قوونی هەیە با بەرەی پاکی غەوسی گەیلانی بەرگە بگرێ.

٩٥

ساكن باب عالی*

(پیتی) یێ

عسکریدن یتیشوب بر اوکوز اولمش والی
لعنة الله علی ساکن باب عالی(١)

---

(١) لعنت الله: (ت).

(*) کێش: بەحری ڕەمەل موسەممەن مەخبوون ئەسلەم
(فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فع لن)
وەك: ″ صنما مردەء انم که تو جانم باشی
می دهم جان که مگر جان جهانم باشی″

عسکریدن یتیشوب بر او کوز اولمش والی: والی لەسەر بازیڕا پێگەیشتووە، بووە بە گایەك. لعنة الله علی ساکن باب عالی: نەفرین لە نیشتەنیی بابی عالی. (بابی عالی لە پێشترێ شەرح کراوە)

٩٦

غرلانغج آشیانی*

(پیتی) یێ

عنقا ایچون یاپلمش غرلانغج آشیانی
تعمیر اولندی گویا درگاه طالبانی

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن موخەللەع
(مستفعلن فعلن مستفعلن فعلن)
وەك: ″ ای کامکار سلطان انصاف تو بکیهان
مسعود شهریاری خورشید تاجداری″

عنقا ایچون یاپلمش غرلانغج آشیانی: هێلانەی پەڕەسێلکە لە بۆ سیمرخ دروست کراوە. تعمیر اولندی گویا درگاه طالبانی: گۆیا دەرگای تاڵەبانی چاك کرایەوە. مەبەستی تەکیەی تاڵەبانییە.

٩٧

جیب همایون*

(پیتی) یێ

قارشمز رسم خر محصولنە مالیە مأموری

انی دولت آلور مخصوص در جیب همایونی

....

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: "بدە ساقی می باقی کە در جنت نخواهی یافت

کنار آب رکناباد و گلگشت مصلاّرا"

قارشمز رسمی خر محصولنە مالیە مأموری: کارمەندی دارایی کاری بەسەر باجی دەسکەوتی کەرەوە نییە. انی دولت الور مخصوص در جیب همایونی: ئەوە دەوڵەت وەری دەگرێ ئی تایبەتی گیرفانی همایوونە. (همایون) لە پێشەوە شەرح کراوە.

٩٨

مبارك*

(پیتی) یێ

طاعت ایلە قباحتك ممکن ایکن تدارکی

هم اوقارم تبارکی، هم سیکرم مبارکی

....

(*) کێش: بەحری ڕەجەز موسەممەن مەخبوون

(مستفعلن مفاعلن مستفعلن مفاعلن)

نموونەم دەست نەکەوت.

طاعت ایله قباحتك ممكن تدراكی: ئەگەر خراپەت لە تاعەت و گوێڕایەڵیی خوا لەوانە بێ تێی بێنیەوە. هم اوقارم تبارکی، هم سیکرم مبارکی: هەم سورەتی تەبارك دەخوێنم، هەم موبارەکیش دەگێم. (موبارەك) ناوی کابرایەکە نەوەکانی ماون.

٩٩

آل آلوسی*

(پیتی) یێ

عـراقك خـانـەدان اقـدسیـدر (آل آلوسی)

بو درویشك بوزوقدر عرض و ناموسی(١)

....

(١) ئەمە دەرحەق بە دەروێش ئەفەندیی ئالووسیی فەرمووە.

(*) کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

وەك: ″ من از حسن روز افسون که یوسف داشت دانستم

که عشـق از پردەء عصـمت بیرون ارد زلیخارا″

عراقك خانەدان اقدسیدر (آل آلوسی): بەرەی ئالوسی بنەماڵەی پیرۆزترینی عیراقە...

بـو دوریشك بـوزوقـدر عـرض و نـامـوسی: عـیـرزو نـامـووسی تـێك چـووە و شێواوە.

مەبەستی دەروێش ئەفەندی ئالوسییە.

پاشکۆیەکی چکۆڵە

خوێندەی بەڕێز، ئەگەر بە دوور و درێژی وەدووی هونەری شێخ ڕەزا کەتبام، دەبوا کتێبەکە خۆی لە هەزار ڕووپەڕە دابا، بەڵام وێڕای ویش وام بە لەبار زانی کە لەم پاشکۆیەدا، وەك بەرکوڵێك، دیاردی بۆ هێندێ چامەسەراییی شێخ ڕەزای ″شاعیری چاك″ بکەم و هەروا بە چاو بێ گێڕانێکی خێرا، ئەو وردە هونەرانەی شێخم بۆ گوڵۆژێر کردن، تکام ئەوەیە هێندێکیانم ئەنگاوتبن، هەروەها دەبێ ئەوەش بێژم کە هونەری شیعر هێندەی وردەکاری تێدایە، کە ڕەنگە هەر بڕێکی بەر زانستێك لە زانستەکانی وەك ڕێزمان و مەعان و بەیان و بەدیع و عەرووز و قافیە و ئی دی کەوتبا و هەریەکەیم لە مەزەندەی خۆدا باس کردبا، بەڵام ئەوە دەبوو بە جۆرێ لە زانیاری فرۆتن و خوێندەی بەڕێز شەکەت کردن؛ لەبەر هەندێ، هاتم ئەو پاشکۆیەم لە پاینەوە پێشکێش کردن، ئەوەشم لە بیر نەکرد، کە قافی هاتبێ، ناوبەناو، لەشەرحدا، دیاردیم بۆ هێندێ، لەو شتانە، لە رووی ئەو زانستەوە کردبێ، بە هەویام سوودی لێ وەربگیرێ. با ئەوەشتان عەرز کەم، بەندە کە ئەم دیوانەی شێخ ڕەزام شرۆڤە کردووە، پتر لاوان و خوێندەواری لە کەلەپووری کۆن دوور وەکەتیم ڕەچاو کردوون. نەك مامۆستایانی زۆر شارەزا و لێزان.. تەنانەت ڕەنگە هێندێ شتم نووسین، زۆر ئاشکرابن و بۆ خوێندەواری پڕ و تەژە، لە قەبیلی کار دووبارەکردنەوە بن، وەلێ حەزم کرد شاگردانی فێرگەکان، نەمازا ئەوانی پاژی زمان و ئەدەبیات، لەو جۆرە خۆ پێوە ماندووکرانە ئاگا کەم.

شێخ ڕەزا وەك هەر شاعیرێکی سەروبەندی خۆی، بە هونەری باوی شیعری عەرەبی و فارسی و تورکی گۆشکرای، دە جغزی هونەرکارییەکاندا گینگڵی خواردووە، کە تا ئەورۆکەش، هەر شاعیرێکی، بە ئیستیلاح کلاسیك، ناتوانێ خۆ لەو هونەرکارییانە نەبان کا. ڕاستە ئەورۆ شیعری نوێباو هاتووەتە گۆڕێ، چ لە نێوەرۆك و چ لە شکڵدا، ڕەنگە لە زۆر تەکنیکدا لە شیعری کلاسیك دوور کەوتبێتەوە، بەڵانەکێ پێت وانەبێ ئەو شیعرە نوێباوە هەروا بێ بەندوبارە و بەتایبەت شکڵ و

مۆسیقا. (عەرووز و قافییە)ی نییە، نەخێر، ئەوژی شكڵی خۆی هەس، بەڵام بە مەرجێ شاعیری نوێخواز وەستایانەی دەكاربەرێ... ئەتۆ كە شیعری نیما، فورووغی فەرۆخ زاد، ئەحمەد شاملوو، نادر پوور، نازم حیكمەت، گۆران، شێركۆ بێكەس، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، سەییاب، بەیاتی، دەخوێنییەوە، ئەوانە شكڵی كۆنی شیعریان بە وەستایانە دەكاربردووە.

ئەو پاشكۆیە، هەروەكوو گوتم، بەوكوڵێ، یا بەركوتێكە.. هیوادارم، سەری خوێندەی بەڕێزم زۆر پێوە نەبێشاندبن و چاوپۆشی لە هەڵەكانم بفەرموون.

١- دەكاربردنی ئەلفی بەرهەڵدا:

وەك: ″ ستَّار آنكه هست بە نیرو تهمتنا
ایزد نیافرید چـــو من أهریمنا″

٢- زێدەكردنی پیتێ، یا بزوێنێ لە واژەیەكدا:

وەك: ″ آن صبر ندارم كه ز پایش كنم ایزار دامن به كمر برزده آماده بیارید ″
(إزار، بووە بە ایزار).

٣- بەكاربردنی كێشی نامۆ:

وەك: ″ فــرج دهـــن دریـــده نـدارد صدای كون
عالیست همچو باب همایون سرای كون″

ئەم بەیتە بە پێی لێكدانەوەی بەندە لە بەحری ڕەجەز موسەممەن مەتوی مەخبوون مەقتووعە. بەڵام ئەم جۆرە كێشە لە ڕەجەزدا زۆر باو نییە.

٤- دیاردی بۆ قارەمانانی مێژوویینە:

وەك: ″ مــنم وارث تـــخت (اسكندری)
جهان را ســزاوار سر عسكری
نژادم ز (خورشید خاور) زمین
منم نسل خاقان و سالار چین″

٥- بەكارهێنانی (ی) مەرجەكی:

وەك: ″ اگر شعـــــاع خسرو انجم نبودی ماه را
ماه می گفتم جمال (ناصر الدین شاه) را″

٦- بەكارهێنانی واژەیەك بە دوو یا سێ مانا:

وەك: ″ خواستم لە کوڕی حاجی بەکر کۆنە دووکانێ

بۆ تەجرەبـــە نەیدا بە مـــن و دای بە دیانێ″

دیارە واژەی ″دیان″ بە نووسینی کۆنی کوردی بە ″دەیان″یش دەخوێندرایەوە.

٧- بەکارهێنانی زاراوەکانی زانست:

وەك: ″ (نەتیجە)م مەقسەدە (تالی) و (موقەدەم) شەرتی تەحصیلە

ئەوانەی بۆیە ئیجاد کرد خوا تا ئەم ببێ مەوجوود″

٨- دیاردی بۆ ئایەتی قورئانی پیرۆز و حەدیسی شەریفی پێغەمبەر (د.):

وەك: ″ شکـر ناس ار نکنم شکـر خدارا نکنم

أولی النِّعمی من کنمت شکر و سپاس″

٩- دیاردی بۆ پەندی وەرینان:

وەك: ″ چو بضرب المثل همی گویند

که دعا بـــرای آمـــین است″

١٠- نێوهێنانی پیاوانی ناودار:

وەك: ″ وجود (معن) را زائد شمارد مشرب جودش

ز (حاتم) عارش آید فضله خواند (فضل یحیی) را″

١١- خۆ لە زانیار نەبان کردن (تجاهل العارف):

″پس از تشریفت ای میر سخن سنج

مفتَّش با مـن نو باخت شطرنج

ز حدَّت کف زنان بر تخت می کفت

مگر معنای شطرنج است صدرنج؟″

١٢- هاوئاهەنگکاری:

وەك: ″ خون ســیاوش شد هبا، در ماتم آل عبا

تا دامن روز جزا، تا جیب عقبا می رود″

١٣- داهێنان:

وەك: ″ گویـــند اگر وطء کنـــی عرش بلـــرزد

عرش اگر بە یك وطء بلرزد بە چە ارزد″

١٤- شاکاری دە یەکەم بەیتدا (حسن مطلع):

وەك: ″آسمانش آنچـنان است و زمینش آنچنین
چشم عبرت بر گشا و قدرت حق را ببین″
١٥- ناواخنی ئێسك سووك:
وەك: ″ ز هر جا جمع گشتند أهل سادات
فســادات فسـادات فــســادات″
١٦- پەسنی ڕووبەڕوو:
وەك: ″ ای صورت به ســان خلیفەء ثانی
وی نیكو سیرت و حمیده صفات″
١٧- شتێك به بارێكی مەقبووڵ و جوان پاساودان (حسن التَّعلیل):
وەك: ″ نور ماه از آفــتاب و نور شاه از خویشتن
در حقیقت فرق بسیار است شاه و ماه را
گر نه از خط شعاع مهر بگـــرفتی ضیا
در فلك از شرم رویت کم نمــودی ماه را″
١٨- تەشبیهی تەفزیل:
وەك: ″ چو محمود پاشا در این ملك نیست
دراجـی کدامـست داوده کیـــست؟″
١٩- مانای شاعیرێكی دیكه ده شیعر ئاخنین:
وەك:″ قدر او در مكانی نمی گنجد
مر سراپردەء لامكان باشد″
ئەم مانایه، عیمادوددینی نسیمی و زۆر له شاعیرانی دیكەش فەرموویانه.
٢٠- تەمسیل:
وەك: ″ ز بسكه حیز بود چـــو جسر بغدادش
همیشه آن به زیر است، آدمی بر پشت″
٢١ - پرسیار و وەرام:
وەك: ″ خبرك وارمی؟! آلـنمش، نه آلنمش؟ رشوت
آلنان شی نه ایمش؟ لیره، آلان كیم؟ هیئت″

٢٢- ڕەوشتی داوخوازی کردن:

وەك: ″ دم تیغش لهیب نار جـــحیم
كف جودش سحاب كشت أمـل
بـا منش لطف گر بود چه عجب
رغبت است أفـتـاب را به حمل″

٢٣- زۆر پێوەنان و بەرز فڕی و فرە خەستکردنەوە:

وەك: ″ از یمن مقدمت چه عجب گر رهـا شود
هـاروت بـابلی كه اسـیر است چاه را″

٢٤- تەرجیع بەند:

وەك: عرش كمـــتر بـــهای مـــشت گلی
كـــــه بـــــرو آرمـیـده پـهـلـویت
روز و شب جـبـرئـیـل در پـرواز
بـــی سر و پـــا هـــمـــی دود سویت
روضه خوانی كند به نظم در پرواز
هـــمـــچـــو درویش بـــر سر كـویت
(كـــز سراپـــردەء مـــقـــدَّس ذات
بـــر سرا پـــای انـــورت صلـــوات″

دێری پاشین، دوای هەموو پێنج بەیتێ دووبارە دەبێتەوە.

٢٥- پێنج خشتەکی:

وەك: ″ من اگر روان نسازم به پیمبری صـــبـارا
به جناب صبحی پاشا كه ترحمی خدارا″
ز مقرّبـان خاقان كـــــەشود وسیله مـارا
بملازمان ســلطان برســـاند این دعـارا
كه بشكر پادشـاهی زنظر مـــران گدارا″

٢٦- تێ هەڵکێشکردن:

وەك: ″ تەبعی جەووادو کەریم هەروەکو قائانی دەڵێ
(زر به قنـــطار همی بخشد و اشتر به قطار)

واژەی ″جەواد″ وەك وتمان، هێندێ جار شاعیر پیتێك، بزوێنێك، لە ناچاری زیاد دەكا، وەك واژەی جەوادی بە ″جەوواد″ گوتووە.

٢٧- تێ هەڵكێشانی بەیتێ، دووان، یا زێتر، یا نیوە بەیتێ بە زمانێكی بیانی لە شیعردا:

وەك: ″ لقد اصـــيب حبيـــب القـلب وا أسـفا
وصار بدر ســـما و المـــجد منخـسفا
″دلم بسوخت ز نـا وعدهء مرگ قـادر بگ
برادرت (غفـــراللّـــه ذنــبه وعـــفا)″

٢٨- استدلال:

وەك: بر عفو و عقوبـت نبود سود و زيانت
اين همه بـه پيش تو مساويست الـهی″

٢٩- ايهام:

وەك:″ يـار من عـــزم سفر بنهـــاد پا اندر ركاب
خـانهء زين شد مـــزًين خـانهء من شد خراب
خلق را خورشيد شام از ديده غائب می شود
من سحرگاهـان ز چشمم گشت غائب آفتاب″

٣٠- تەشبیە بۆ ناشیرن كردن:

وەك: ″ از خـــايەام آويخته دو رستـــه پشـــمين
گوای بـه مثل ريش محمد بگ جاف است″

٣١- استهلال:

وەك: ″ بو شفق كيم فلكـك لكًهء دامـانيدر
پـايمـال ايتديگی مظلوملرك قـانيدر″

دیـارە زۆر شتـی دیكـەش هـەن، هـەر هـێنـدەم پـەرژا، بـە سەریـان كـەمـەوە، بمبەخشن.